

# بابەت و نووسراوەکانی
# د. کامەران ئەمین ئاوە

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤ ................ لاپەڕەی: ٥

١- مرۆڤ لە بەرزەکی وتە و کردەوەدا...

٢- بنێشتەخۆشەی "عەقلییەتی سیاسیی"...

٣- ژنکوژیی، شەرەف و ناموس و یاسا لە باشووری کوردستان...

٤- حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بیر و فەرهەنگی خێڵەکیی...

٥- حیزبە سێکۆلارەکانی کوردستان و ئایینەکان...

٦- یادگاری شیرین...

٧- کێشەی کورد و دروشمی سەرەکیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

٨- حیزبی توودەی ئێرانو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا ......... و: سیروان مووساپوور

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ - ٢٠١٦ ...................... لاپەڕەی: ٤٦

٩- دیمانە: دابڕانە بێ پسانەوەکانی "کۆمەڵە و دیموکرات".................................... سازدانی: زاگرۆس پۆست......

١٠- دیمانە: "کۆمەڵە و دیموکرات دەیانەوێ حیزبەکانی دیکە بخەنە پەراوێزەوە"................ سازدانی: رۆژهەڵات نیوز...

١١- گرنگیی بەرەی یەکگرتووی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

١٢- تیرۆری شەوی یەڵدا

١٣- بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە ئێران - ئەرک و دەرفەتەکان...

١٤- دروشمی رووخاندنی حکومەتی تاران و ئێمەی کورد...

١٥- کڵاوێکی شەرعیی بۆ هەڵبژاردن!...

١٦- خەمۆکیی سیاسیی...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ ............... لاپەڕەی: ٨٢


١٧- چل و یەک گەورەتر لە پەنجا و نۆیە...

١٨- کورد و ناتەبایی نەتەوەیی...

١٩- پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و چەند تێبینییەک...

٢٠- چەند سرنجێک بۆسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانیدا...

٢١- بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٢٢- ئۆکتۆبر و کورد

٢٣- کوردی ڕۆژهەڵات و یەکیەتیی سۆڤییەت

٢٤- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کێشەی نەتەوەیی

٢٥- پرسی کورد لە سەربەخۆییەوە بۆ خودموختاری

٢٦- بیری چەپ و پرسی نەتەوەیی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠ هەتا ١٣٥٧ی هەتاوی

٢٧- چەپی کورد و پرسی نەتەوایەتی

٢٨- پێکهێنانی شورای دیموکراسیخوازنی ئێران لە پێناوی چیدا؟...


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨ ............... لاپەڕەی: ١٢١


٢٩- هەڵسەنگاندنی لیبراڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە...

٣٠- سێ بیرۆکەی سەرەکیی لیبراڵەکان...

٣١- سۆسیالیستەکان و دێمۆکراسیی لیبراڵی...

٣٢- کوردستان لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی...

٣٣- کورتە شوێنەوار و خەڵک ناسیی کوردستان...

٣٤- کوردستان لە گەمەی وڵاتە زلهێزەکاندا...

٣٥- گرینگیی ئابووریی کوردستان...

٣٦- هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد(١)...

٣٧- هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد(٢)...

٣٨- هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد (کۆتایی)...

٣٩- (فاتێ ڕەش)ی شێرەژن...
٤٠- نیولیبرالیزم لە ئاوێنەی مێژوودا...
٤١- نیولیبرالیزم لە ئەزموونی زەمەندا...
٤٢- کورد و ناسیۆنالیزم و ئاواتی بەدەوڵەتبوون .......... دیمانە: عەلی بداغی...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩ و ٢٠٢٠................ لاپەڕەی: ١٨٧

٤٣- گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم...
٤٤- پێناسە، مێژوو و ئەزموونەکانی...
٤٥- کورتەیەک سەبارەت بە شێوازەکانی بینای سۆسیالیزم...
٤٦- سۆسیالیزم لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە...
٤٧- سەرکەوتنی سۆسیالیزم تەنیا لە یەک وڵاتدا...
٤٨- ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی...
٤٩- درێژەی ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی...
٥٠- هەڵسەنگاندنی سۆسیالیزم...
٥١- کورد و سۆسیالیزم...
٥٢- کورد لە ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا...
٥٣- دیموکراسی و چەشنەکانی...
٥٤- پێناسە و دیموکراسی لە ڕەوتی مێژوودا...
٥٥- دیموکراسی لە ڕوانگەی فیلسووف و سیاسەتوانەکانەوە...
٥٦- تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی...
٥٧- چەشنەکانی دیموکراسی...

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

---------------------------------------------------------

## مرۆڤ لە بەرزەکی وتە و کردەوەدا.

(مرۆڤ بوونەوەرێکە کە جیهانی خۆی و بوونی خۆی دەخولقێنێ.). "مارکس - دەستنووسەکانی ئابووریی و فەلسەفی".

زۆرجار بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی‌یەکان بایەخ بە وتەکانیان دەدرێ تا ئاکاریان. ئەو ئاکارانە تەنیا ناگەڕێنەوە سەر بۆچوون و هەڵوێستیان سەبارەت بە ڕووداوێکی نێو کۆمەڵگا یان کێشەیەکی سیاسیی، بەڵکوو بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر شێوازی ژیانی ئاساییو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بنەماڵەو دۆستو کەسانیان. هەر وەکو لە نێو کورداندا بە نێوبانگە «قسە هەزارە و یەکی بە کارە».

دەڵێن پاش شۆرشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ زایینیو بە دەسەڵات گەیشتنی بۆڵشویکەکان لە ڕووسیەدا زۆرجار بە بۆنەی ڕێورەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن، کەسێکیان بۆ باسکردن لەسەر ماڤەکانی ژن و ڕێزگرتن لەوان بۆ نێو کوڕ و کۆمەڵەکان دەنارد.

ڕۆژێک وتەبێژێکی بە نیوبانگیان بۆ کارخانەیەک نارد تا لەسەر کەرامەتی ژنو بنەماڵە قسەیان بۆ بکا، ماوەیەک تێپەربوو، هەموو چاوەڕوان بوون، دیتیان مەتەقی لێ‌دەرنایە و ئامادەی قسەکردن نیە. ناوبراو خۆی خافڵاندو بە بەیانویەک وەدەرکەوت و ئیتر نەهاتەوە. لێیان کۆڵییەوە، دیتیان لە ڕیزی ئەوەلی کۆبوونەوەکەدا هاوژینەکەی دانیشتووە. دەرکەوت کابرا بۆخۆی چاکی دەزانی کە ئاکاری خۆیو قسەکانی یەک ناگرنەوە و ژنەکەی دەتوانێ لەوێ بە درۆی خاتەوە، لەو ڕووە وازی لە قسەکردن هێناو و بۆی دەرچوو.
لە نێوان ئەوانەی کە خۆیان بە سیاسی لەقەڵەم دەدەن و جاروبار لاپەرەیەکی زۆر بۆ بەرگریی لە ماڤی مرۆڤ و گەلی کورد ڕەش دەکەنەوە، کەم نین ئەوانەی کە لە ژیانی ئاسایی خۆیان لە هیچ چەشنە ئاکارێکی نەشیاو وەکو توندوتیژیو قسەی پیس و تۆمەتبارکردنی ئەمو ئەو کۆتایی ناکەن، بەڵام تێدەکۆشن لە بەرامبەر کەسانی نامۆ یان ئەوانەی کە شارەزارییان لەسەر نییە، خۆیان وەکو ئینسانێکی باش، باوکێکی مێهرەبان، هاوسەرێکی دڵسۆز و خۆشەویست، هاورێیەکی جێگای متمانەو مرۆڤێکی ئەمرۆیی و مۆدێرن نیشان بدەن، بەڵام بە پێی کاراکتێر، فەرهەنگو کەسایەتی دوولایانەیان لەهەوەڵین کاتدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان دەدەن و بۆ دەوروبەرەکانیان دەردەکەوێ کە ئەمانە «گورگن لە کەوڵی مەڕدا».

بەشێک لەم کەسانە تەنانەت سەرەرای بەسەربردنی ژیانێکی درێژخایەن لە وڵاتە ئوروپاییەکانو دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵگای

پیاوسالار - ئایینی خۆیانیش، بە پێی بەرژوەندی جنسی وەکو «پیاو» و «گەورێ» مالێ، پارێزەری هەر ئەو داب و نەریتی خێلەکی - ئۆلیی وەدواکەوتووەی کۆمەلگایەکن کە بە پێی بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی ئەوێ، هەروەها نەبوونی دەرفەت بۆ ژیانێکی ئازادو ئینسانیی بە ناچار بەجێیان هەیشتووە.

ئەم چەشنە کەسانە لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی تاکو کۆمەلگای بەجێ هێشتووی خۆیان نایانهەوێ کەڵک لە بەشە ئەرێنییەکانی فەرهەنگی رۆژئاوا وەرگرن، لە نێو بنەماڵەی خۆیان و بە تایبەتی لە پێوەندیی لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان وەکو خاوەن ملک هەڵسوکەوت دەکەن.

سەرنج راکێش ئەوەیە کە بەشێک لەوانە کە بە هەڵکەوت یان بە ئاگاییەوە ماوەیەک لایەنگر یان ئەندامی رێکخراوەیەکی سیاسیش بوون یان هەن، جاروبار وانەی ریزگرتن لە ماڤی مرۆڤ بە خەڵکی دیکە دەدەن و دەیانەوێ کاریگەریشیان لەسەر ژیان و داهاتوی گەڵەکەیان بێو هیوای باشو ئینسانی بەم و ئەو دەدەن، کەچی بۆخۆیان بەشێک لە سناریۆ وەداوکەوتووی فیکر و پەروەردەی پیاوسالار - ئایینین و هیچ وانەیەکیان لە ئاڵوگۆرەکانی دونیای ئەمرۆ وەرنەگرتووە و پێیان وایە دەتوانن لە وڵاتێکدا کە یاسا لەوێ سەروەرە بە شیوەیەکی خێلەکیی هەڵسوکەوت بکەن.

ئەو قسەیە دوور لە راستیی نییە کە دەگوترێ «لە ماوەیەکی کەمدا دەکرێ شۆرشێک سەرکەوێ و دەوڵەت و سیستمێکی سیاسی بگۆردرێ، یاخود لەچەندین دەیەدا باری ئابووریش ئاڵوگۆرێکی گەورەی بەسەرداێ، بەڵام بۆ گۆرینی بیر و هزر و فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی بنەرەتی نێوکۆمەڵگا جاروبار پێویستی بە ماوەیەکی درێژ خایەن و تەنانەت چەند سەدە هەیە.».

بێگومان تەنیا نووسین و دەربرینی وتەی زێرین و جوان نیشانی ئەورۆیی بوونی ئینسان نییە، بەڵکوو هاوئاهەنگی نیوان قسە و کردەوە و رێزگرتن لە کەرامەت و گەورەیی ئینسان کە لە بنەماڵەی هەر کەسێکەوە دەستپێدەکا پێوەری کەسایەتی و ئەخلاقی هەر مرۆڤێکی دادپەروەر و ئازادیخوازە. پێویستە ئینسانی بەرپرس بۆ رۆڵگێرانی ئەرێنی لە ژیانی سیاسی - فەرهەنگی و کۆمەلایەتیدا لە پەروەردەکردنی خۆیەوە دەس پێ بکا و بەر لە هەموو شتێک خۆی لە کاریگەریی داب و نەریتی کۆن و دواکەوتوو رزگار کات و پاشان وانەی بەرێوەبردنی ژیانی هاوچەرخ، مرۆڤانە، پێشکەوتوو و بەختەوەرانە بە ئەم و ئەو بدات.

لە ژمارە ٦٤٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کور - رێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## بنێشتەخۆشەی "عەقلییەتی سیاسیی".

(هرکه نامخت از گذشت روزگار، نیز ناموزد ز هیچ آموزگار). "رودەکی".

ئەرکی هێزێکی پێشکەوتنخواز بۆ گەیشتن بە ویستەکانی خۆی لە ڕەوت و خەباتی سیاسیی‌دا بریتیی لەهەڵسەنگاندنی هێزەکانی دژبەر لە کۆمەڵگا، لێکدانەوەی زنجیرە ڕووداوەکانی سیاسی لە ئاستی گشتی و پێوەندیدانی ئۆرگانیکیانبەیەکەوە، ڕوونکردنەوەی دروشمی کورتەخایەن و درێژخایەنو وەگەڕخستنی توانایی بۆ کۆکردنەوەی تەواوی ئەمرازە پێویستەکان بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک و ڕێکخستنیان و ڕێبەریکردنی بزوتنەوە و بەجێگەیاندنی ئەم ویستانە لە کاتی شیاودا.

بەجێبوونی دروشمەکان و هەڵبژاردنی شێوەی چالاکی سیاسی گونجاوبە پێی هەڵومەرجی نێو کۆمەڵگا و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی پێکهاتوو دەتوانن کاریگەریەکی بەرچاویان لە ڕەوتی گەشەسەندنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەدا هەبێ. بێ گومان ڕەوتی خەباتی سیاسی - کۆمەڵایەتی ڕێگایەکی ڕاست،بێ‌لەمپەر و هەمووکات بەرەو پێش نییە،تەنانەت دەتوانێ تووشی پاشەکشە، ڕاوەستان و هەرەس‌هێنانیش بێ. گەلێک فاکتۆری زەینی و بابەتیوەکوو تایبەتمەندیی سیستێمی کۆمەڵایەتی - ئابووریی،چۆنییەتی و چەندایەتی چالاکی هێزە سیاسییەکان و ڕادەی هاوسەنگی یاخود لاسەنگیان لە بەراوەرد لەگەڵ هێزی دەستەڵاتدار و سەرکوتکەر، داب و نەریتی نەتەوەیی،هەلومەرجی ناونەتەوەیی، فاکتۆری جوغرافیایی و هتد... دەتوانن نەخشی جوراوجۆر لەم ڕەوتەدا بگێڕن.

ژیریی هێزێکی سیاسی خۆی لە چۆنییەتی لێکدانەوەی تەواوی ئەو فاکتۆرانە، دوورەپارێزیی لە هەر چەشنە "وولونتاریسم" و هەڵبژاردنی شێوەی دروست و شیاوی خەبات، ناسین و قۆزینەوەی دەرفەتەکان بۆ کۆکردنەوەی هەر چی زۆرتری هێزی خەڵک بۆ لاوازکردن و تەنیاخستنی هێزی دوژمنوودیهێنانی بەرنامەی کورتەخایەن ودرێژخایەنی حیزبەکەی دەنوێنێ.

لێرەدا هەڵبژاردنی شێوەی خەباتی سیاسی (چەکداریی یانمەدەنی) پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دەرفەتەکانی خەبات لە کۆمەڵگادا هەیە؛ لەو کۆمەڵگایانەی کە دەرفەتی دێموکراتیک بۆ چالاکی سیاسی هێزە پێشکەوتنخوازەکان نییە، ڕێگای خەباتی ئاسایی بەربەست کراوە و حیزب و هێزەکان ناتوانن بە شێوەیەکی مەدەنی کارو چالاکی خۆیان بەرێوەبەرن وتەنانەت تووشی ئازار، گیران و لە سێدارەدان دەبن، بەکارهێنانی شێوەکانی بە زەبروزۆری خەبات لە کۆمەڵگادا زۆرتر ڕەنگدەداتەوە و هێزە سیاسییەکان جاروبار تەنانەت بە پێچەوانەی ویستیی خۆیان، بۆ بەرگری لە ماڤی ڕەوای خۆیان دەس بۆ چەکیش دەبەن. واتە شیوەی هەڵسوکەوتی حکومەت و سیستێمی زاڵ کاریگەریی سەرەکی لە شێوەی هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی ئوپۆزیسیۆن هەیە.

بۆ وێنە مێژووی حکومەتی ئیسلامی ئێران پاش شۆرشی ڕیبەندانی ٥٧ی هەتاویشتێک جگە لە سەرکوتکردنی تەواوی هێزە سیاسی و

مەدەنییەکانی ناچەکداریش ـ تەنانەت ئەوانەی کە بەرگرییان لە "نیزام" دەکرد و دەیانویست لە چوارچێوەی "یاسای حیزبەکان" چالاکیان هەبێ نەبوو. گیران و سەرکوتکردنی ئەوانەی کە کاتێک بەشێک لە دەسەڵاتیش بوون و دەیانویست و دەیانەوێ بە چەشنێکی مەدەنی کار و چالاکی خۆیان لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بەرەوپێش بەرن(و پێشتر بەشێک لە بەرەی"خودی" بوون و ئێستا بوونەتە"غیر خودی") نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە شتێک بە ناوی"عەقلییەتی سیاسی" لەواندا نییە و هەوڵدانی بەشێک لە بەرپرسانی سیاسی کورد بۆ دۆزینەوەی ئەم "عەقڵییەتە" و لەم چوارچێوەدا دیتنەوەی ڕێگاچارەیئاشتیخوازانە و مەدەنی چارەسەرپرسی کورد لە بەرپرسانی ئەو حکومەتە. کە لە دروشمدا لەسەر بنەمای "ئومەتی ئیسلامی"و لەڕاستیدا لە سەر قەومییەتی فارس و ئایینی شیعە دامەزراوەو هەر لەسەر ئەم ئەساسە بێ باوەڕە بە ڕەنگاوڕەنگی پێکهاتەی نەتەوەیی لە ئێراندا ـ پتر لە گەمەی سیاسی و لانیکەم لە بیرۆکەیەکی هەرەسهێناودەچێ تا "واقعبینی" سیاسی.

بەداخەوە شێوەی هەڵوێستگرتنیبەشێک لە بەرپرسانی سیاسی کورد لە تاراوگە جاروبار تا ڕادەی پاڕانەوە و لاڵانەوەدادەبەزێ و پێوەندی زۆری بە خەباتی سیاسی هێزێکی نەیار و خەباتکار نامێنێتەوە. پێشنیارەکانی ئەم کەسانە بە کاربەدەستانی ئێرانی بۆ لەبەرچاوگرتنی بەشێک لە ویستەکانی وان دەری دەخەن کە ئەوان لە مێژوو شتێک فێرنەبوون و کۆماری ئیسلامیش بە باشیی ناناسن.ئەوانە کە لە بەرنامەی سیاسی حیزبەکەیاندا باسی دێمۆکراسی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و فیدرالیزم دەکەن، لە لێدوانی سیاسی ڕۆژانە و لە مێدیاکانیاندا لە ژێر پاساوی "بایخدان بە خەباتی مەدەنی" خۆیان تا ئاستی تاقمێکی بچووک و بێئاسۆی مەدەنی (و تەنانەت ناسیاسی) دێننەخوارێ و ناهۆمیدی بە ڕووخانی ئەم ڕژیمە بڵاو دەکەنەوە.

لەکاتێکدا ئەم بەرپرسانە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری دروشمی فیدرالیزم لە ئێران دەزانن وئەمەشلەگەڵ زاتیحکومەتی ئیسلامی هیچ چەشنە تەباییەکی نییە و وەدیهێنانی ئەم داوخوازە پێویستی بە ڕووخانی تەواو و کەماڵی ئەم ڕژیمە لە بنەڕەتدا هەیە، بە پاساوی ئەوەی کە "ئەرکی کورد ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە و توانایيشی نییە بیروخێنێ" لە سەر شاشەی تەلەویزیۆنەکانیاندا بانگهێشتنی بەرپرسانی حکومەتی ئیسلامی بۆ گەیشتن بە "عەقڵییەتی سیاسی" بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکەن!!

ئەگەر ئەوان خۆیان بە حیزبێکی پێشرۆ و ئاڵاهەڵگری دروشمی دیموکراسی و فیدرالیزم بۆ ئێراندەزانن و خۆیان وەکو بەشێک لەئوپۆزیسیۆنی ئێرانی پێناسە دەکەن و لەم باوەڕەن کە پرسی کورد لە ڕاستیدا تەنیا لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵ و دێمۆکراتیک"دا چارەسەر دەکرێ، بێ گومان دەچنە خانەی حیزبە ئوپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی و دەبێ هاوئاهەنگ لەگەڵ وان بۆ ڕووخاندنی ئەم حکومەتە تێبکۆشن. بەڵام ئەگەر تەنیا پێیان وایە پرسی کورد تەنیاکێشەی سەرەکی ئەوانە و پێوەندیی بە پێکهاتنی دەوڵەتێکی فیدراڵ و دێموکراتیک لە ئێران نییە و دەکرێ لە چوارچێوەی حکومەتێکی نادێموکراتیکی وەکوو کۆماری ئیسلامی-حکومەتێک کە تەواوی ماڤە ئاساییەکانی مرۆڤ پێشێلدەکا، چارەسەر دەکرێ و دەتوانن لەگەڵ "شەیتان"یش بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سەر مێزی وتووێژ دانیشن، ئەوە ئیتر لە چوارچێوەی هێزێکی نەیار و ئۆپۆزیسیۆن دێنە دەرێ.

کەچی ئەم کەسانە بە پێی ئەزموونی ٣٤ ساڵەی ڕابردوو دەبێ باش بزانن کە حکومەتی ئیسلامی ئێران نە تەنیا توانایی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا بە چەشنێکی دێموکراتیک نییە، بەڵکو ئامادەی پێدانی ڕێ بۆ کار و چالاکی هیچ هێزێکی بێمەترسیدار و پاڵاوکراوەی خۆشی نییە. سەرەرای تەواوی ئەوانەش ئەگەر ئێمە باوەڕمان بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە لەگەڵ حکومەتی ئەمڕۆی ئێران بێ، دەبینین هەلومەرج و مەرجەکانی پێویست بەو ئەم کارەش لە ئارادا نین کە بریتین لە:

* **یەکەم** لەئارادا بوونی ئوپۆزیسیۆنێکی بەهێز.بە هێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن ببێتە هۆی لەتەنگانەخستنی حکومەت تا ئەو ڕادەیە کەسیستێمی دەسەڵاتبۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی ئامادەی وتووێژ لەگەڵ هێزەکانی دژبەر بێ(وەکو ساڵانی پاش شۆرشی ٥٧ کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هێزی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بە پشتیوانی خەڵکی شارودێ بەشیکی زۆریان لە خاکی کوردستان ئازاد کردبوو).

* **دووهەم** لاواز بوونی دەسەڵات. حکومەت بە هۆی لاوازبوونی بنەماکانی دەستەڵات، پەرەگرتنی گوشاری نێوخۆیی و دەرەکیلەگەڵ دژبەرەکانی دەس بە وتووێژ بکات.

ڕاستییەکانی ئەمرو بەڵام دەیسەلمێنن کە نە هێزەکانی کوردستانی و سەرتاسەری لەو ئاستەدان کە مەترسییەک بۆ حکومەتی ئێران بن و نە ئەم دەوڵەتە ئەوندە لاواز بووە کە لە بەرژوەندی ئەودابێ تا لەگەڵ ئەم حیزب و کەسایەتیانە، ئەویش جیاجیا، لە سەری مێزی وتووێژ دابنیشێ.

جگەلەمەش: ئەمرۆ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچ کام لە حیزبە کوردستانییەکان بە تەنیایی ناتوانن خۆیان وەکوو نوێنەری سەرەکی کوردی ڕۆژهەڵاتپێناسە بکەن. بەم پێیە هەرچەشنە دانیشتن و وتووێژی هێزێکی کوردستانی بە تەنیایی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران ئاکامێکی ئەرێنی بە شوێنەو نابێ. لە لایەکیتریشەوە زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانبە هۆی دابڕان و جیابوونەوەی بەشیکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانیانتووشی قەیرانی ڕێکخراوەیی و فیکریی بوون و جارێ هیچ ئاسۆیەک بۆ یەکگرتنەوەی ئەوان یاخود پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفەراوانی کوردستانی لە نێوان ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دانوسانیان لە سەر چەند خاڵی هاوبەشی نەتەوەیی نابیندرێ.

لەم دۆخەدا پێشکێشانی مەسەلەگەلێک کە ببێتە هۆی هیواداركردنی نابەجێ خەڵکبە کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی وەکو ڕوحانی و هتد... کە بە پێی یاسای ئێرانیش بێ ئیزنی "ولایەتی فەقێ" مافی بریاردانیان نییە، تەنیا ڕۆڵ و نەخشی حیزبە کوردستانییەکان لەبەر چاوی خەڵک سووک و بێڕەنگ دەکات و نیشانگەری بێ دەسەڵاتیی، لاوازیی، بێ کاریگەریی و بێ ئاسۆییانە.

ڕوحانی هەر لە ئەوەڵ ڕۆژەکانی بەسەرکارهاتنی بە ڕاشکاویی رایگەیاند "لە ئێران قەوم و نەتەوەمان نییە، ئەوانەی هەن تەنیا دەستە و تاقمەی فەرهەنگی - زمانین"!! بڵێی بکرێ لە گەڵ ڕوحانییەک کە تەنانەت کورد وەکو گەلێک پێناسە ناکا، ڕێگای گەیشتن

**بە فیدرالیزم بپێوین؟!**

بێگومان هێزێکی کوردی کە بە پێی بەرنامەکەی دەیهەوێ کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بکا، ناتوانێ پێوەندەیی بە حکومەتی ناوەندییەوە نەبێ. مادامیش ئەم حکومەتە سیاسەتەکەیسەرکوتکردنی کورد و بزووتنەوەی کوردە; کوردیش دەبێ هەر بەم چەشنە ئەم سیاستە لەبەرامبەر ئەم حکومەتە بەڕێوەبەرێ، بەتایبەتی ئەوەی کەبە پێی ئەزمونی ٣٤ساڵی ڕابردوو وێچوونی وەدیهاتنی هیچ یەک لە ئامانجەکانی هێزە سیاسیەکانی کوردبە پێی بیر و باوەری سیاسی - ئۆلی کاربەدەستانی ئێران لە چوارچێوەی ئەم ڕژیمەدا نەیەو هەروەتر بەتایبەتی کە هیچ نیوەهەلێکیش بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناو وڵات نابیندرێ کە بتوانن لەم چوارچێوانەدا و بە ئاشتی و وردەوردە ئەم ئامانجانە وەدی بێنن. کە وایە هیچ پاساوێک بۆ ئەوانەی نی‌یە کە لە ئاست بێئەرککردنی خۆ و جارناجار تاشینی شەرعییەتی خەلکیی، ئەرکی خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن لەبیردەچێتەوە.

ئەوانەی کە ئەمرۆ بە شوێن دۆزینەوەی ڕێگای ئاشتی و وتوویژ لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی دەکەون، لەوەدەچێ مێژووی خوێناوی و خۆکوتەنی "نییەتی خەراپی" حکومەتی تارانیان لە ڕیکخستنی وتوویژەکان لەبیر چۆتەوە یان لە پشت گۆیان‌ناوە. جێگای داخە کە بەشێک لە بەرپرسانی هێزەکانی کوردستانیوانەیەکیان لەو هەموو کارەساتە نەگرتوو و دەیانەوەی ئەزمونی بێ ئاکام و تاڵی ڕابردوو دووپات کەنەوە و لە بێ ئاسۆیی خۆیان، خەڵک بەرەو ئەم چەشنە سیاسەتە هەرەس‌هێناوە رابکێشن و ناوی"عەقلییەتی سیاسی" لەسەر دانێن!!کاتێک باس لە "نییەتی خەراپی" کۆماری ئیسلامی لە وتوویژ دەکرێ ئەوە بۆخۆی بۆ مانایەیە کە حکومەتی ئیسلامی بە درێژایی بوونی خۆی، ئەگەر ملی بۆ وتوویژکردنیش دابی نە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەڵکو بۆ بەجێگەیاندنی هەر ئەوە "نییەتە خەراپە و ناپاکانە" بووە و ڕاستییەکانی ژیان سەلماندویانە حکومەتی ئیسلامی ئێران "بالقوە و بالفعل" توانای چارەسەرکردنی پرسی کورد و نەتەوکانی دیکەی ئێرانی نی‌یە و ئەگەر کاتێک ئەم "عەقلییەتە سیاسی‌یە" پێکهات ئەو بەو مانایەیە کە ئیتر پێکهاتەیەک بە ناوی حکومەتی ئیسلامی نەماوە. جابۆیە بنێشتەخۆشکەی "عەقلییەتی سیاسی" کە هەر ڕۆژێ چەند جار حکومەتی ئیسلامی پێ تاوانبار دەکەن و خەڵکی پێ هیوادار دەکەن، تەنیا لە خزمەتی حکومەتی ئیسلامی دایە و بەس."رودەکی" کوتەنی: (هر کە نامخت از گذشت روزگار نیز ناموزدز هیچ آموزگار).

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٤

-----------------------------------------------

## ژنکوژیی، شەرەف و ناموس و یاسا لە باشووری کوردستان.

### بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

شێوەی هەڵسوکەوتی خەڵک و ئەرزشە ئەخلاقی‌یەکانی هەر وڵاتێک پێوەندیی لەگەڵ ئاستی گەشەسەندنی فەرهەنگی کۆمەڵگا، سەروەریی یاسا و پاراستنی ماڤی مرۆڤ بە پێی پرنسیپە گشتیی‌یەکانی جیهانیی هەیە. لە کۆمەڵگایەک کە قانوون لەوێ سەروەر بێ و هەر کردارێک کە لە لایەن قانوونەوە مەنع نەکرابێ و تاوانێکی بۆ دیاری نەکرابێ تاوان نی‌یە. هەرچەندیش لە لایەن ئۆلی و شەریعەتەوە، حەرام یان مەباح لە قەڵەم درابێ. فەرهەنگ بۆخۆی ئاکامی دوایین دەستکەوتەکانی ماددیی‌و مەعنەویی هەر وڵاتێکە. بە پێی ئەم پێناسەیە مەسەڵەی بۆچوونی خەڵک لەگەڵ چەمکی شەرەفو نامووس، خۆشەویستیی و ئەوینو دڵداریی گەنجانی وڵات و بە تایبەت کچەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگ، دابو نەریتی کۆمەڵگا ڕەنگ دەداتەوە.

لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا هەرچەشنە توندوتیژیی دژ بە ژنان و منداڵان بە پێی یاسا سزا دەدرێ و مکانیسمی پێویست بۆ بەرگریی لە گیانی ئەو ژنانەی کە دەستدرێژیان لێکراوە یاخود گیانیان لە مەترسی کوشتن یاخود هەرچەشنە دەستدرێژیی و ئازاری جەستەیی و ڕووحیی دایە، لەبەر چاو گیراوە. ئەم کەسانە نە تەنیا لە لایەن سیستێمی دادوەریی و پۆلیسی وڵات بەڵکوو لە لایەن ڕێکخراوە جوراوجۆرەکانی مەدەنیش پشتیوانی دەکرێن.

بەڵام لە وڵاتێکدا کە دابو نەریتی کۆن و وەدواکەوتوو ئاخەرین قسە دەکا و یاسا بە هۆی باڵادەست نەبوونی لە کۆمەڵگادا لەبەرامبەر توندوتیژیی بە ژنان بێدەنگی پێشە دەکا و بەشێکی بەرچاو لە عاڵمە ئایینی‌یەکان لە مزگەوت و هتد ... لە ورووژاندنی پیاوان بۆ ئەنجامی توندوتیژیی دژی ژنان دەورێکی سەرەکی دەگێڕن، گیانی ژنان بە هۆی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە زۆرتر لە ژێر مەترسیی کوشتن دایە و ڕادەی کوشتنی ژنان و کچان بە پاساوی شەرەف ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادە دایە. زۆرجار بەشێک لە دیاردە نەریینیی‌یەکان بە تێپەرینی کات دەبنە فەرهەنگی زاڵی نێو کۆمەڵگا و وەکو دیاردەیەکی ئاسایی لەبەر چاو دەگیرێن، یەک لەوان کوشتنی کچو ژن لەو وڵاتانەیە کە جارێ فەرهەنگی خێڵەکیی - ئایینیی و پیاوسالار هەیشتا باوە و ڕخنەی لە پێستو گۆشتو خوێنی بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانی کۆمەڵگا کردوە. لەم وڵاتانەدا پشتیوانی شەریعەتو قانوونی دادوەریی و دەستەڵات یاخود بێدەنگی ئەوان سەبارەت بەم چەشنە جەنایەتانە بە جووانیی دەبیندرێ.

ڕەنگدانەوەی بەشێکی زۆر لەم جەنایەتانە لە دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی و گۆڤاری حیزبە سکوڵارەکانیش زۆرتر لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی خەبەر و جاروبار دەربڕینی دڵسۆزییەکی بە تاڵ لە ناوەرۆکو راستیی دایە تا لێکدانەوە و خەسارناسیی ئەم دیاردەیە یاخود پێدانی پێشنیارێکی دروست بۆ لەبەین بردن یان پێشگیری کردن لە سەرهەڵدانی ئەم ئاکارە نائینسانی‌یانە!؟

لە باشووری کوردستان کە پتر لە ٢ دەیەیە حکومەتی نیوە سەربەخۆی کورد پێک هاتووە، رۆژ نییە کە خەبەری دیتنەوەی تەرمی ژنێک یاخود کچو کوڕێکی لاو بە هۆی پاراستنی شەرەفو ناموسی بنەماڵە بڵاو نەبێتەوە. بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە لایەن سایتی وزارەتی ناوخۆی کوردستان و بەریەوبەرایەتیی توندوتیژی دژی ژنان و هتد... بڵاو بوونەوە ڕادەی سکاڵاکان و توندوتیژیی و ژنکوشتن بە بۆنەی پاراستنی شەرەفو ناموس لە لایەن ئەندامەکانی بنەماڵە ساڵ بە ساڵ زیاد دەکا و لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ڕێژەی توندوتیژیی جەستەیی - سێکسیی، کوشتن، خۆکوشتن و ئەشکەنجەی ژنان بە هۆی کێشەی ناموسو خۆشەویستیی لە پانتایی هەرێمی کوردستان پتر لە پێنج هەزار حالەتە. ئەمانە تەنیا بەشێک لەو ئامارانەن کە لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت بڵاو بوونەتەوە، دەنا ڕەهەندی کارەساتەکە زۆر لەمە زۆرترە کە باسی دەکرێ.

بە ڕاستیی چۆن دەکرێ لە وڵاتێکی ئاوا لە چەشنی باشووری کوردستان خەبات لەگەڵ ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە لە کۆمەڵگادا بکردرێ؟ ئێستا کە کورد لەم بەشەی کوردستاندا حکومەت و یاسای خۆی هەیە، بۆ بە چەشنێکی جیددی بەربەرەکانی بۆ پێشگیریی لەم کارەساتانە ناکردرێ و بەشی سەرەکیی بکوژانی ناموسپەرەست بە ڕاحەتیی بێ هەر چەشنە سزایک دەرباز دەبەن؟ بۆچی لە دەزگای بڵاوکردنەوەکانی گشتیی ڕەخنەیەکی جیددی لە یاسا و بێدەنگی و بێ عەمەلیی حکومەت و پارلەمان و پۆلیس و دەزگای دادوەریی ناکردرێ و بایەخێک بە خەسارناسیی فەرهەنگی کۆمەڵگا نادرێ؟ بە ڕاستیی چۆن دەکرێ لە وڵاتێک کە بیرو فەرهەنگی عەشیرەییو ئیسلامیی یەکێک لە هۆیە سەرکییەکانو خولقێنەری ئەم چەشنە جەنایەتانەیە پێشگیری لەم چەشنە کارەساتانە بکردرێ؟

بە باوەری من لێرەدا چەند خاڵی گرینگ دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، یەکەم فەرهەنگی کۆمەڵگایە کە گۆڕینی خاڵ نەرینییەکانی پێویستیی بە کارێکی درێژخایەن لە لایەن دەوڵەت، سیستێمی پەروەردەو دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی و پسپوڕانی کۆمەڵناس هەیە. دووهەم پەسەندکردنی قانوونێکی ئەورۆییو ئینسانیی دژ بەهەر چەشنە توندوتیژیی، دەستدرێژیی، ژنکوژیی، هەروەها جیاکردنەوەی قانوونی شەریعەتو سزای ئیسلامیی لە قانوونی دادوەریی بە پێی مافی مرۆڤە. هەر وەک پێشتر کوترا خاڵی یەکەم نیازی بە کاتێکی زۆر هەیە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر شێوەی بارهێنانی وچەی نوێ لە مەدرەسەکان، هەروەها پەرەپێدانی زانستو فەرهەنگی ئەورۆیی لە کۆمەڵگادا. بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجە دەبێ سیستێمی پەروەدە لە ژێر کاریگەریی ئایینو شەریعەت و دابو نەریتی کۆن و فەرهەنگی خێڵەکیی بێتە دەرێ. لەم ڕەوتەدا بێ گوومان دەزگای بڵاوکردنەوەی گشتیی و بەتایبەتیی تلەویزیۆن دەتوانێ ڕۆلێکی گەورەی بێ و بە پیشاندانی ڕێپۆرتاژو بەرنامەی بە کەڵک دەورێکی باش لە بارهێنان و پەرەسەندنی بیری نوێ و ئەمرۆیی بگێرێ.

خاڵی دووهەم یانی پەسەندکردنو جێبەجێکردنی یاسا بە پێی مافی مرۆڤ لە کوردستانە کە پێویستی بە هەنگاوی خێرا هەیە. ئەرکی ڕوناکبیران، حیزبە سکولارەکانی پێشکەووتوخواز، ڕێکخراوە جوراوجۆرەکانی بەرگریی لە ماڤی مرۆڤ و بە تایبەتی ژنان و مندالانە کە لە هەر چەشنە شێوە و ڕێگایەکی مەدەنیی بۆ گوشار هێنان بە دەوڵەت و پارڵەمانی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی قانوونی شەریعەت لە سیستێمی پەروەردەو دادوەریی و سزادانی سەختی ئەوانەی بکردرێ کە دەستدرێژیی بەدەنییو ڕووحیی لە ژنانو کچان و

منداڵان دەکەن و بە بیانووی پاراستنی شەرەفو ناموس ئاوا بێ بەزەیانە گیانی ئەوان دەگرن.

بۆ ئەوەی کە وڵاتێکی پێشکەوتوومان بێ پێویستە ژن وەک ئەندامێک بە ماڤی بەرامبەرەوە نە تەنیا لە ژیانی ماڵێ بەڵکوو لە ڕەوتی گەشەسەندنی تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگادا نەخش بگێڕێ، ئەمە پێداویستیی بە پێکهێنانی وڵاتێک هەیە کە قانوونێکی سکولار و ئەورۆیی بە پێی ماڤی مرۆڤ لەوێدا سەروەر بێ و ڕێگا بە توندوتیژیی و سووکایەتی کردن بە هیچ تاکێکی کۆمەڵگا نەدا و ژنان بتوانن بە ئازادیی و بە دور لە هێرشی جەستەیی و ڕووحیی کەڵک لە ژیانی خۆیان وەرگرن. بە جێهێنانی ئەم ئەرکە کارێکی هاسان نییە بەڵام کارێکی پێویست و ئینسانییە.

خەڵکی کورد بێ لادانی ئەم دابو نەریتە وەداوکەوتووە ناتوانێ ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی مودێرن و ئەمرۆیی ببڕێ. ئەم ڕاستییە پێویستە وەکو دیاردەیەکی ئەمرۆیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێ بکەوێ کە ژن نە کەرەستەی جینسییە و نە کلفەتی ماڵێ، ژن نە ناوەندی گوناهە و نە هۆی بێ کەرامەت کردنی بنەماڵە، بەڵکوو ژن سەرچاوەی ژیان، هێمنیو خۆشەویستییە. ژن هەر ئەو دایکەیە کە ئێمەی لە باوەشی خۆیدا گەورە کردوە و ڕێگای ژیانی پێ نیشان داوین و بە تەواوی هەستی خۆی گیانو سڵامەتی ئێمەی پاراستووە. ژن سەرچاوەی جووانترین هەستی ئینسانییە کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا لە دڵسۆزیی و خۆشەویستیی دایک و خوشک و ئەوینی هاوسەر و هەست و نازی کچەکانمان ڕەنگ دەداتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٤

---------------------------------------

## حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بیر و فەرهەنگی خێڵەکیی.

تا سەرەتاکانی دەیەی چواری سەدەی ڕابردوو حیزبایەتیی ڕۆڵێکی وەهای لە ژیانی سیاسیی نەتەوەی کورد بە گشتییو کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیی نەبوو. سەرەرای ئەوەی کە پێکهاتنی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان، کۆمەڵەی ژ. کاف و پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدرێژایی ٧ ساڵدا (١٩٤٥ - ١٩٣٨) سەرەتای کاری حیزبایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو تا ڕادەیەک کۆتاییهاتن بە ڕۆڵی تاکەکەس یان سەروک خێڵ لە بزوتنەوەی کورد بوو، بەڵام ئێستاش شوێنەوارو نەخشی فەرهەنگی سەرۆک خێڵ، ئاغاو شێخەکان لەنێو بەشێکی زۆر لە حیزبو ڕێکخراوە بەناو سەردەمییانەدا دەبیندرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا شۆرشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ێ هەتاویی تەنیا ئاڵاهەڵگری شۆرشی کورد لە ئێران بوو. پاش سەرکەوتنی ئەم شۆرشە چەندین حیزب یەک لەوان کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە گۆرەپانی خەباتی

سیاسی‌یەوە. لە ماوەی ئەم سێ - چوار دەیەدا حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە بە هۆی قەیرانی فیکریی‌و ڕێکخراوەیی تووشی زەنجیرەیەک لێکدابڕانو ئینشعاب بوونو لەم سەردەمەدا چەندین حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە بەرهەمی ئەم قەیرانەن. لە پەنای ئەم ڕێکخراوانەدا چەند حیزبو گرووپی سەربەخۆیی‌خوازیش لە تاراوگەدا پێکهاتن کە ئەوانیش هەر لەو ماوە کەمەدا بە چەشنێک تووشی قەیرانی حیزبە کلاسیکەکان بوون.

هۆی زۆربەی ئینشعابەکان زۆرتر مەسەڵەی کورسی‌و دەسەڵات بووە تا جیاوازیی بیروباوەڕ. بۆ وێنە ئەگەر یەک دوو ئینشعاب وەکو جیابوونەوەی "لایەنگرانی کۆنگرەی چوار" لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان دەرکردنو جیابوونەوەی بەشێک لە کادرەکانی ئەم حیزبە بە هۆی پەسەندنەکردنی کورتەباسی ئەمر دوکتور قاسملو یان جیابوونەوەی کوردەکانی لایەنگری مەنسوری حیکمەت لە "حیزبی کمونیستی ئێران - کۆمەڵە" لەسەر بنەمایەکی فیکریی - بەرنامەیی بوو، بە پێچەوانە چ لە حدکاو چ لە کۆمەڵە هۆی زۆربەی جیابوونە یان دەرکردنەکان بە تایبەتیی لەم دوایانەدا بە هۆی بەرژوەندیی تاکەکەس - گرووپ، نەبوونی فەرهەنگو میکانیزمی دێموکراسی لەم حیزبانەو هەوڵ بۆ وەدەسهێنانی کورسیی ڕیبەریی بووە.

شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنی‌تر لەم حیزبانەو میکانیزمی چارەسەرکردنی جیاوازیی نێوڕێکخراوەیی لەچەشنی "یان لەگەڵمی یان وەدەرکەوە یان دەرددەکەم" پاشماوەی ئەو فەرهەنگەیە کە لە خوو خدەی خێڵەکیی بەجێ ماوە. هەروەها دیاردەی "سەرۆک"بوون لە بەشێک لە حیزبە کوردستانی‌یەکان ڕەنگدانەوەی هەر ئەو بیرۆکە خێڵەکی‌یەیە، کە بەتایبەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی گۆرانگاریی لە ئاستی کۆمەڵایەتیی - ئابووریی و سیاسیی - فەرهەنگیی لەمێژە باوی نەماوە.

لە باشوری کوردستان دیاردەی "سەرۆک" پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆڵی کاریسماتیکی سەرۆک عەشیرەکانی بارزانی بووە، لەوەدەچێ بە پێی چوونەسەرەی بەرەبەرەی ئاستی ئاگایی سیاسیی - فەرهەنگیی‌و ئاڵوگۆری ئابوریی - کۆمەلایەتیی لەو بەشەی کوردستانیش مەسعود بارزانی ئاخەرین کەسایەتیی بە هێزی کاریسما بێ کە جارێ دەتوانێ لە گۆرەپانی سیاسیی باشوری کوردستاندا نەخش بگێڕێ. لاساکردنەوەی ئەم چەشنە سیاسەتکردنە کە لە باشوری کوردستان باوە، تەبایی لەگەڵ ئاستیی ئاگایی سیاسیی‌و فەرهەنگیی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە و بە شوێن ئەم بیرۆکەیە کەوتن بەمانای هەڵبژاردنی ڕێگای "ناکجاآباد"ە.

لە بەشێکی دیکە لە حیزبە کوردستانی‌یەکان سکرتێری حیزب بەچەشنێک نەخشی سەرۆک عەشیرە دەگێڕێ، لەزۆربەی کارەکاندا خودموختارەو بە پێی دەسەڵاتی خۆی بەچەشنێکی تاکەکەسیی، ناوچەگەرایی دەکاو بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک هاوفیکری فەرمانبەر ڕۆڵ دەگێڕێ. هەر ئەم ئاکارە دەبێتە هۆی دڵساردبونەوەی بەشێکی زۆر لە کادرەکان، جیابوونەوە یان دەرکردریان بە هۆی دەربڕینی بیری جیاواز. لەم حیزبانەدا مافی ئەندام وەکو تاکەکەس ماناو مەفهومی نییە، هەموو دەبێ فەرمانبەر بنو تەنیا تاقمێک نوخبەو جیاواز کە کاروباری سەرەکیی ڕێکخراوەو بەشی ماڵییان لەدەس دایە دەبێ فەرمانرەوایی بکەن. لە سانترالیسمی بەنێو دێموکراتیک ئەم حیزبانە تەنیا سانترالیسمەکە نەخش دەگێڕێو هەر چەشنە بیرێکی جیاواز یان بوونی فراکسیۆنو پێشنیاری بەرنامەیەکی دیکە وەکو

گوناهێکی گەورە پێناسە دەکرێ. پەروەندە دروستکردن، پیلاندارِشتنو دەرکردنی ئەندامەکانی دێرینە بە بیانووی ویستی کومیتەیەکی حیزبی؟! بە کارێکی ئەساسنامەیی لەقەڵەم دەدرێ.

سەبارەت بە حیزبەکانی دیکەش، بەرەوخۆکێشانی بەشێک لە کادرو ئەندامەکانی حیزبو رێکخراوەیەکیتر بۆئەوان جێگای شانازییەو بە دهۆڵو زورنا پێشوازیی لێ دەکەنو شایی بۆ دەگرن، بەڵام هاوکات هەرچەشنە جیابوونەوە بە خیانەت لەقەڵەم دەدەنو تاوانی لادەر وەپاڵی نارازییەکان دەدەن. ئەوانە تەواوی هێزی خۆیان بۆ خەراپکردنی هاورێکانی پێشوویان کە بە درێژایی چەند دەیە پێکەوە لە ژێر ئاڵای حیزبێکدا خەباتیان کردوە بەکار دەبەنو لەبەکارهێنانی هیچ چەشنە ئەمرازێک بۆ سووککردنی یەکتر کۆتایی ناکەن.

لەهەموو خۆشتر کاتێک لەسەر شاشەی تلەویزیۆن هونەرنمایی دەکەن، دەبن بە مامۆستای دێموکراسییو وانەی دێموکرات بوونو خۆرێکخستن لەگەڵ زانستو فەرهەنگی سیاسیی هاوچەرخ فێری خەڵک دەکەن، بەڵام لەکارو باری نێو رێکخراوەی خۆیان بە پێچەوانەی وتە زێرینەکانیان، بە شێوەی ماکیاولی بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵاتدا لەئەنجامی هیچ کارێکی نارەوا پارێز ناکەن.
تراژێدیی پێکەنیندار لەوەدایە کاتێک ئەم حیزبانە دەستەڵاتیان تەنانەت لە بستێک زەوی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نییە، شەریان لەسەر میراتێکی نادیارە کە جارێ وەدەستیان نەکەوتووە. بڵێی بکرێ ئەم چەشنە سیاسەتە وەکو سیاسەتێکی مودێرنو ئەورۆیی لەقەڵەم بدرێ؟ یان باشتر بڵێن سەرەرای دەستپێکی سەدەی ٢١ی زایینی، شێوەی کاروباری زۆرینەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم سەردەمەدا وەبیرهێنەری هەڵسوکەوتی سەرۆک خێڵەکانی سەدەی نوزدەیە.

سەرچاوە: ماڵپەری ئەمرۆ - رێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## حیزبە سێکۆلارەکانی کوردستان و ئایینەکان.

هەر کۆمەڵگایەک بە پێی بوونی بیروڕاو ئایینی جۆراوجۆر بە چەشنێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو فەرهەنگ و نەریتەی کە دیاریی ئەم باوەڕمەندییانەیە. بەهەر رادەیەک ئەم ئۆلییو ئایینانە دوور لە توندو تیژییو لە ژێرکاریگەریی دەستکەوتەکانی مادییو مەعنەویی هاوچەرخ بن هەر بەو نیسبەتە ژیانی مروڤ ئەورۆییترو جێگا بۆ توندوتیژیی کەمترە.

کوردستان نە تەنیا جێگای بوونو ژیانی کوردە موسلمانەکانی سوننی، شیعە، علی اللهی - یارسانیی، بەهاییو یەهودییە بەڵکوو شوێنی ژیانی ئاسورییو ئەرمەنییەکانیشە. هەر یەک لەم گروپانە بێگومان جێژنو دابو نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە کە پێویستە رێزیان لێبگیرێو ئیزن بە هیچ چەشنە توندوتیژیی لەگەڵ ئەوان نەدرێ. لە چەند دەیەی رابردوودا بە پێی سەرهەڵدانی گرووپە

دەمارگرژەکانی ئیسلامییو یارمەتیی ماڵییو مەعنەویی عەرەبستانی سەعودییو ئێران بە چەشنێک ئیسلامی سیاسیی بە ڕەنگو ڕوویەکی ڕادیکاڵ بۆتە هۆی کارەساتی گەورەو بچووک لە کوردستاندا. لەم ڕەوتەدا بە هۆی جۆراوجۆر حیزبە کوردستانییەکان یان بایەخێکی وەهایان بەم هێزانە نەداوە یاخود بە چەشنێک بێدەنگییان گرتۆتە بەر.

لە لایەکیدیکەوە ئەم حیزبانە کە خۆیان بە سێکولاریش دەزانن بە چەشنێک خۆیان تێکەڵاوی مەسەلە ئایینییەکان کردووە کە لەگەڵ چوارچێوەی بیرو بەرنامەی حیزبەکانیشیان نایەتەوە. بۆ وێنە بەپێی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان موسلمانن، بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی قوربانو مەولوود و... هتد بە چەشنێکی یەکلایانە تەنیا جێژنی موسلمانەکان زەق دەکەنەوەو تەنانەت بەرنامەی ڕادیۆو تلەویزیۆنیان بە خوێندنەوەی قورئان دەستپێدەکا. جاروباریش ئاشەکە ئەوەند سوێرە کە سەرۆک کۆماری ئێراق بە پێشینەی چەپەوە بەبۆنەی جێژنی قوربان پەیامی پیرۆزبایی بۆ تەواوی حیزب کوردستانییەکانو یەک لەوان حیزبی شیوعی کوردستان !!!! دەنێرێ.

لێرە ئەم پرسیارە دێتە پێش، بڵێی ئەرکی حیزبێکی سێکولار بێ کە خۆی تێکەڵاوی مەسایلی ئایینی بکاو پاساوەکەی ڕێزگرتن لە کوردی موسلمان بێ؟ ئەگەر تەنانەت ئەمە بە کارێکی باشیش لەقەڵەم بدرێ، ئەی بۆچی بۆ ئایینەکانی دیکە ئەو ڕێزە دانادرێ؟ ئەگەر قەرار وابێ بە بۆنەی ئەم جێژنانە پیرۆزبایی لە تەواوی دینو ئایینەکان بکردرێ یان لە مانگی موحەرەمدا یادی حوسێنو ٧٢ کوژراوەی دەشتی کەربەلا زیندوکرێتەوە لێرەدا تەکلیفی یەزیدو مەعاویە یاخود عایشە کە بۆ بەشێکی زۆر لە کوردە سوننییەکان جێ ڕێزن چییە؟ بڵێی ئەمانە نەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی حیزبە کوردستانییەکان لە کاروبارێک کە پێوەندی بە کاری ئەوانەوە نییەو ئەگەر زەرەری نەبێ قازانجێکی تێدا نابێ؟

ئەرکی حیزبێکی سێکولار یاخود چەپ نە تەنیا دوورکردنەوەی خۆ لە مەسایلی ئایینی بەڵکوو یاریدەدان بە ڕەوتی پەرەسەندنی زانستو ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگا، هەروەها جیاکردنەوەی ئایینو شەریعەت لە سیاسەت و دەوڵەت لە سیستێمی پەروەردەیە. حیزبێک کە لە بەرنامەکەیدا باس لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سێکولار دەکا، بۆچی دەبێ وەکو حێزبێکی ئایینی لەگەڵ جێژنە ئایینییەکان یاخود کارەساتە مەزهەبییەکان هەڵسوکەوت بکا. ئەم حیزبانە باشترە ئەم کارانە بۆ عولەمای ئایینی، مزگەوت، کلیسا، جەمخانەو کەنیسەکان دانێنو لاپەڕەی گۆڤارەکانیان بە بابەتی زانستیی، کۆمەڵایەتیی - ئابووریی و بەکەڵک پڕ کەنەوە نە پیرۆزبایییو سەرخۆشیی.

لە ژمارە ٦٢٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٤

## یادگاری شیرین.

### بایەخی مەدرەسە و خوێندەواریی لە کۆماری کوردستاندا.

**بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان و ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

بە درێژایی مێژووی کورد، ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوەیە لە دەس چەند دوژمنی نێوخۆیی یەک لەوان نەخوێندەواریی‌و پاشکەوتن لە ڕەوتی گەشەسەندنی عیلم و فەننی هاوچەرخ و کاریگەریی نەرێنیی ئەم کەمایەسی‌یە لە سەر چارەنووسی تاڵی میللەتی کوردیان ناڵاندوە. شاعیران‌و ئەدیبانی کورد لە نووسراوەکان و لە کاتی دەربڕینی هەستی خۆیان سەبارەت بە چارەنووسی ئەم میللەتە زۆرجار باسی کەمایەسی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییان کردووە. بۆ وێنە یەکێک لە ئاواتەکانی مەزنی حاجی قادری کۆیی شاعیری پایەبەرزی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا گەیشتن بە کوردستانێک بوو کە لەوێ‌دا زانست‌و هونەر پەرە بگرێ‌و دادپەروەری‌و یەکسانی زاڵ بێ. بۆ شاعیر بنەبڕکردنی نەخوێندەواریی لە پەنای تەواوکردنی دوژمنایەتی و چەندبەرەکیی نێوان عەشیرەتەکان، یەکگرتوویی نێوان تەواوی قەوم‌و عەشیرەتەکان و ڕۆشنگەری‌و خەباتی چەکداریی یەکێک لە مەرجەکانی گەیشتنی کورد بەم ئاواتە بەرزە بووە. شاعیر لە ژێرکاریگەریی دەستکەوتەکانی ئورووپادا بانگەوازی نەتەوەی کوردی بەم چەشنە بۆ فێربوونی فەن و زانست کردبوو:

«تۆ وەرە فەننێ فێربە چیتە لەوە
گاورە، هیندووە و یاخود جووە
ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە
ساحیبی فەنن و عیلم و عیرفانە»

کاتێک کۆمەڵەی ژ - ک پێک دێ، لە هەوەڵین ژمارەی نیشتمان لە پووشپەری ١٣٢٢ی هەتاوی لە ژێر بابەتێک بە ناوی ‹آمانجی ایمە› باسی «بەرهەڵست و چەلەمەییکی وەکو دوژمنایەتی خوبەخو، دووبەرەکی‌و خۆخوری، پول‌پەرستی‌و بیگانە دۆستی» لەسەر ڕێگای بزوتنەوەی کورد دەکا و ئاماژە بەوەی دەکا کە «تەنیا ریگایەکی کورد ئەبی بەرەو سەربەستی پێیا بروا شەقامی شارستانیتیە». هەر لەو ژمارەیەدا لە شێعرێکی م. م هوشەنگ ئەندامی ژمارە ١٦ی کۆمەڵەدا هاتوە:

«ملتی دی‌چیە ئەگەر کردی تەرەقی علتی؟
بوچی تی‌نافکری؟ کورد آخرئەتوش ملتی؟
شد نفاق تو سبب گر تاکنون در ذلتی
بی‌وەتەن وەک جولەکەی دایم هەتیو و سەر هەژار

اتحادو گەربىی جا لازمە علم و سەواد

چونکە بی علم و هونەر ناکا تەرەقی هیچکار

هیچ کەس ناژی لەویدا بە بی علمو هونەر

ملتی عالم کە دەگرن عالەمیک نیە بی ئەثەر

گەر نەبی علم و هونەر، حەیوانن ئەبنائی بەشەر

مایلی دەشتو دەرو سەحراو و کیو و کیوسار»

هێمن شاعیری پایەبەرزو میلیی کوردیش لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە»یادگاری شیرین»دا بە گلەییەوە ڕوو بە کچی کورد دەکا و دەڵێ:

«لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت

چون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو روو گرتنە

کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش

هەر دەزانی ناوی «ئەستێوڵک» و « دەرخۆنە» و « پنە»

فیری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی

تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرنە

ئەو بە ئاسمانا فڕێ، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر

دەک نەمێنم کاری ئیوەش هەر لە ژوور دانیشتنە»

بێگومان کاتێک لە کۆتایی سەدەی ١٩ و دەستپێکی سەدەی ٢٠ی زایینیدا، کۆمەڵگای پاشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر زوڵم و زۆری دەوڵەتێکی داگیرکەردا بوو کە بۆخۆشی یەکێک لە وڵاتە پاشکەوتەکانی ئەو کاتی جیهان بوو، کورد چۆن دەیتوانی بێ هەبوونی کیان و سەروەریی خۆی بە ئاستێک بگا کە تەنانەت دەرفەتێک لەوڵاتەکەیدا پێک بێ کە منداڵی کورد ڕێگای قوتابخانە بگرێتە بەر و فێری زمانی زگماکییو فەنن و زانستی هاوچەرخ بێ. ئەویش کاتێک بە قەوڵی هێمن لە «دواڕۆژی ڕووناک»دا:

«لە مێژ بوو هەقتی کورد دەخورا بە فیڕۆ

لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ

لە مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا

سەری سەردای کوردی بوو وەکو گۆ

....

**کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی**

**کچی کوردی سەری کربوو وەئەژنۆ**

**ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان**

**نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وادەکەی تۆ؟»**

ئاواتی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورتی یازدەمانگییش بوو بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کورد بە پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕیبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وەدی هات و منداڵی کوردیش توانی بە پێی دەستوور بۆ مەدرەسە بچێ و فێری زمانی زگماکیی و زانستو فەنی هاوچەرخ بێ. هەر لە ژمارەی یەکی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکەوتی ٢٠. ١٠,١٣٢٤ لە ئاگادارییەک کە لە لاپەرەی ٤دا چاپ کرا، ناردنی کچو کوڕی سابڵاغی کرا بە یاسا. لەم ئاگادارییەدا ڕاگەیەندرابوو:

* بە تەواوی ئەهالی خوشەویستی(سابلاغ) رادەگەیندریت - لەسەر ئەمری پیشوای معظم و قەراری(حزبی دیموکراتی) کوردوستان لەوەی بەولاوە پێویستە بو پەرە پیدان و رواجی زمانی کوردی خویندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە لەو (تاریخەوە) تا دە ١٠ - روژی دیکە هەر کەسیک کورو کچی هەبی کە عومری اقتضای خویندن بکا دەبی بی‌نیریتە مەدرەسە ئەلبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕو وەرگیری بە توندترین مجازات تەنبی دەکری. (کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردوستان معاون حزب طەزادە).

هەر لەو ژمارەیەدا باسی کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستانو قەرار بۆ کۆکردنەوەو دابەشکردنی ئەو منداڵانە لە نێو میڵلەت و ناردنیان بۆ مەکتەبی گەلاوێژ دەکرێ کە بە هۆی بێ کەسیی بە سواڵ مشغوڵن. ڕەنگدانەوەی ئەم دەستوور لە هەوەڵین ژومارەی کوردستاندا نیشان دەدات کە ڕێبەرایەتیی کورد تا چ ڕادەیەک هەستی بەم کەمایەسی‌یە لە کۆمەڵگای کوردستان کرد و دڵسۆزانە هەوڵی بۆ کۆکردنەوەی منداڵە هەژارەکانو ناردنیان بۆ مەدرەسەدا، دەرفەتێک کە بە درێژایی سەڵتەنەتی ڕەزاخانو قاجارەکان بۆ منداڵی کورد نەرەخسابوو. پێشەوا قازی محەممەد لە بەشێک لە وتەکانی خۆی کە بە بۆنەی "جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان" لە ژومارەی ١١ی کوردستان ڕێکەوتی ١٧ی ڕیبەندانی ١٣٢٤ بڵاو بۆتەوە زۆر بەوردی زۆڵمو زۆری حکومەتەکانی تاران لە بواری زمان و فەرهەنگی نەتەوە نەفارسەکان شی ئەکاتو بەم چەشنە باسی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەی باش دامەزرانی دەکا:" زمانی زگماکمان کە لەگەل شیری دایک تیکەلی خوین و گوشتی ایمە بووە لە زەمانی دیکتاتوریدا سەخت قەدەغە کرابوو زمانی فارسی بزور تحمیلی ایمە و مندالەکانمان دەکرا و ئەوە پتر سببی پاشکەوتنی کورد بو. لە مدارسدا رسمیتمان پیداو خویندنو تحصیلمان بە سبکو ترتیبی دنیا خستە سەرباری کوردی- چەند مدرسەی کچان و کورانمان کردەوە مەدرسەی شەوانەمان دایر کرد و کتیب بزمانی کوردی ترجمە کران چەند صد کورو کچ و پیاوی گەورە لە مدارسی شەوانە و روژانە بزمانی کوردی دەخوینن لە جیاتی ئەوەی شش حەوت سال خریکی خویندنو فیربونی فارسی بن لە مانگیک و دو مانگدا دەبنە خویندەوار و هەمو شتیک دەخویننەوە و دەنوسن. بو ناساندنی لیاقت ملی و وەدەرخستنی حیات ادبی و فەرهنگی کورد و بو راگەیاندنی هاواری خومان بە گوی

دنیای بشریەتو عدالت محتاجی وسیلەی چاپوبلاو کردنەوە بوین چاپخانەی زور چاک تاسیس کراو دامزرا لە شاری خوماندا بە زمانی خومان بە چاپخانەی خومان گووارو روژنامە دەدرەچی و بیر و فکرو داخوازی ایمە لە دنیادا بلاودەکانەوە." هەروەها لە ژمارەی ٢٥ی کوردستان ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ بە پێی دەستووری پێشەوا بە هۆی پێداویستی‌یەکی زۆر باسی کۆکردنەوەی کتێبەکانی "قرائتخانەی عیسی‌زادە و فەرهەنگ و سازکردنی "کتیبخانەیەکی ملی و عمومی" لە شاری مەهاباد دەکردرێ. لە ڕاستیدا کەمتر ژومارەیەکی کوردستان هەیە کە تێدا بە چەشنێک باسی بایەخی زمانی کوردیی‌و فەنو زانستی هاوچەرخ نەکرابێ.

بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوای ئەمر قازی محەممەد دەرفەتێک بۆ ڕۆڵەی کورد پێکهات تا لەم ماوەیە کورتەدا دەیان تێکۆشەر، شاعیر، نووسەر و ئەدیبی گەورە وەکو حەسەن قزلجی، هێمن، هەژار، ئاوات، حەقیقی،نوری، سەدیق ئەنجیریی، عەزیز یۆسفی، غەنی بلوریان، قاسملوو، گەلاوێژ و هتدی .. لێ‌هەڵکەوێ و ببێتە ئەستێرەیەکی گەش بۆ مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا. دووی ڕیبەندانو دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووح و لەشی بریندراری نەتەوەی کوردی سارێژ کرد و هیوای دوارۆژێکی ڕووناکی خستە دڵی هەر کوردیکەوە. هێمن لەو پەڕەی جوانی‌دا باسی دوارۆژی کوڕ و کچی کورد بە هۆی دامەزرانی سەروەری‌و کیانی کورد لە "یادگاری شیرین"دەکا و دەڵێ:

«کوڕی کورد! هاتەوە دیسان هەلی تۆ
مەوێستە، خۆت مەگنخێنە، مەترسە
....
بڕۆ پێش بێ‌وچان، لێ بخوڕە، باژۆ
نەما داخ و پەژارە و ماتەم و خەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئێمڕۆ
لە شایی ئێمەدا نابینی ئێستا
کچێکی دڵ بە خەم، لاوێکی بێ‌دۆ»

لە ژمارە ٦٢٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٤

-----------------------------------------------

# كێشەی كورد و دروشمی سەرەكیی لە رۆژهەڵاتی كوردستان.

### "گەڵاڵەی مەسەلە"

نووسەری ئەم دێرانە پێشتر لە بابەتێكدا بەناوی "كورتە باسێك لە سەر ڕەمزی سەركەوتنی بیری سەربەخۆییخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان - گەڵاڵەی مەسەلەكە "تـا ڕادەیەك باسی سەربەخۆییو كۆسپەكانی سەر ڕێگای كردووە. لێرەدا وەكو درێژەی ئەو بـابەتە باسی كێشەی كورد لەو بەشەی كوردستانو ڕێگای گەیشتن بە سەروەریو كیانی كورد دەكرێ. ئەركی ئەم بـابەتە وڵامدانەوە بە تەواوی پرسیارەكانی مەسەلەی كورد نییە، بەڵكوو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئاڵۆزی كوردستان هەوڵێكە بۆ ئاڵوگۆری بیرورا و دیتنەوەی ڕێگای چارەسەركردنی كێشەی كورد لە رۆژهەڵاتی كوردستان.

### قۆناخەكانی بزوتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان.

ئەگەر ئێمە ئاورێك لە مێژوو و ڕەوتی بزوتنەوەی كورد لە سەت ساڵی ڕابردوو بدەینەوە، دەبینین بزوتنەوەی ڕزگـاریخوازیی كورد بە پێی هەلومەرجی كوردستان چەند قۆناخێ تێپەركردوە. بۆ وێنە لە زۆربەی بەشە لێكجیاكراوەكـانی كوردستان تـا كـاتی كۆتـاییهـاتن بە شـەری دووهەمی جیهـانیی، دروشـمی یەكگرتنەوەی كوردستـان دروشـمی سـەرەكیی بـووە. لەسـەرەتـادا سـەرۆك عەشیرەكان بە هـۆی وەزعییەتیی ئـابووریی - كۆمەڵایەتیی، سەروەر بـوونی سیستێمی فیوداڵیی، نەبـوونی بـارودۆخی رەخساو، ئاستی نزمی ڕۆشنبیرییو فەرهەنگی حیزبـایەتیی ڕێبەری ئەم بـزوتنەوەیە بـوون. لە ڕاستییدا هەرئەوان بەپێی پێگەی كۆمەڵایەتییـان توانـاییو دەرفەتـی كۆكردنەوەی خەڵـك، پێكهێنـانی هێزی چەكدار، هەروەهـا پیوەنـدییگرتن لەگەڵ دەوڵەتەكـانی دیكەیـان بـۆ وەدەستهێنانی یـارمەتیی وپشتیوانیی لە بزوتنەوەی كورد هەبوو. ئەم قۆناخە دەكرێ وەكو بزوتنەوەی فیوداڵیی - ڕزگاریخوازیی كورد پێناسە بكرێ. پێكهـاتنی حیزبی هیوا، كۆمەڵەی ژ - كاف (حیزبی دیموكراتی كوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قـازی محەمەد)، بەستنی پەیمـانی سێ سنوور و هتد... تا ڕادەیەكی زۆر بزوتنەوەی كوردی خستە ژێر ڕێبەرایەتی بەشێك لە ڕوناكبیرانی ئەو كاتەی كوردستان كە هەستێكی بەهێزی سـەربەخۆییخوازییو یەكگـرتنەوەی تەواوی كوردستـانیان هەبـوو. سـەركوتكردنو ڕوخانـدنی كۆمـاری كوردسـتان هاوكـاتە لەگەڵ كۆتـاییهاتنی ئەم قۆناخە بـۆ مـاوەیەكی درێژخـایەن. بەهێزتربـوونی دەوڵەتە داگیركەرەكـانو پەیمـانی هاوبەشیـان دژ بە بـزوتنەوەی كورد، پشتیوانیی دەوڵەتە زلهێزەكانی جیهان لەوان، لاوازبوونی هێزو كاریگەریی سەرۆك عەشیرەكانو گۆڕانكـاریی بنەمـای ئـابووریی ئەم وڵاتـانە، پەرەسـەندی سیستێمی سەرمایەداریی، كـاریگەریی بیـری چەپـی سەرتاسەرییو هیـوا بە كۆتـاییهێنـان بە زوڵـمو زۆری نەتەوەیی لە وڵاتێكی سوسیالیستییدا خەباتی كوردی رۆژهەڵاتی كوردستانی لە سەرەتـادا خستە قۆناخی خەبـات بۆ مـافی شـاروەندیی، پاشتر خودموختاریی لە چوارچیوەی ئێراندا، هەروەها هەڵبژاردنی ئـامانجی سوسیالیسمو پاشـان سوسیالیسمی دێموكراتیـك. بـاوەر بە چارەسەركردنی ڕاستەقینەی چەوسانەوەی چینایەتییو نەتەوەیی لە یەكێتیی سۆڤییەتییو وڵاتە سوسیالیستەكانی ئوروپـاپی، خەبـاتی كمۆنیسـتەكان وەكـو هێـزی سـەرەكی - پێشـكەوتنخوازی دژ بە زوڵـمو زۆری چینـایەتیو نەتەوەیـی كـاریگەریی زۆری بـۆ ڕاكێشـانی

ڕوناکبیرانی کورد بەرەو ئەم حیزبانە بوو. حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانیی لەو دەورانەی کە جیهان لە نێوان دوو بەرەی سوسیالیستیی‌و کاپیتالیستیی دابەش کرابوو، بەرەی سوسیالیستییان هەڵبژارد. گۆڕانکارییەکانی پاش ڕوخانی یەکێتیی سۆڤییەتیی‌و وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئوروپادا، پێکهاتنی دەیان دەوڵەتی تازەی سەربەخۆ و بێباوەڕیی بە چارەسەربوونی مەسەلەی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەشکردوە، پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی خەبات بۆ سەربەخۆیی تەواو یان گەیشتن بە خودموختاریی سیاسیی- ئابووریی لە چوارچێوەی ئێراقدا بوو، بوو بە هۆی وروژاندنەوەی هەستی سەربەخۆییخوازیی لە نێوان بەشیک لە ڕوناکبیرانی کورد و پێکهاتنی چەندین حیزبو ڕێکخراوەی سەربەخویی‌خوازی کوردی ڕۆژهەڵات لە تاراوگە. لە حیزبگەلێک وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستانیش ئامانجی سوسیالیسم‌و سوسیالیسمی دیموکراتیک جێگای خۆی بە وەدیهێنانی مافی دیاریی‌کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدراڵ- دا، بەڵام لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکی سوسیالیستیی وەکو ئامانجی دوارۆژی ئەم حیزبە هەر لە جێ‌خۆی مایەوە.

لەم سەردەمەدا بە پێی زۆربوونی ڕێژەی حیزبو ڕێکخراوە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات داواکاریی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پانتایەکی بەرفراوانتری لە کۆنفدرالیسمی دێموکراتیک کە سەرەرای قەبەبوونی دروشمەکە، ویستێکە لە ئاستی ماڤی شاروەندیی هەتا خودموختاریی- فیدراڵ‌خوازیی‌و سەربەخۆیی لەخۆی گرتووە. زۆرینەی حیزبو کەسایەتییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بەهۆی هاودەنگیی لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچیوەی ئێرانێکی فیدراڵ‌و دێموکراتیک، دانی دروشمی سەربەخۆیی بە دروشمێکی گونجاو نازانن. دروشمی سەرەکیی چەند حیزبێکی کوردستانیی وەکو پارتی ئازادیی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان‌و پارتی سەربەستیی کوردستان کە لە تاراوگەدا پێکهاتوون سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

سەرەرای ئەوەی کە تەواوی ئەم حیزبانە لەسەر کێشەی کوردو خەبات بۆ وەدیهێنانی ماڤی دیاریی‌کردنی چارەنووسی کورد هاودەنگن‌و لە ڕێگای ئازادیی کوردستان گەلێک قوربانی‌یان داوە بەڵام لەسەر دروشمی ستراتیژیکی خۆیان ناتەبان. حیزبەکانی فیدراڵیی‌خواز یان سەربەخۆیی‌خوازیش نەیانتوانیوە تا ئێستا بەرەی هاوبەش لە نێو هاوبیرانی خۆیان پێکبێنن‌و بە پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی هەوڵ بۆ ماڤی کوردی ڕۆژهەڵات بدەن. جیابوونەوەو لێکدابڕان لە نێو حیزبە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ڕەوتێکی ئاسایی‌و بەرژەوەندی تاکەکەسی، گرووپی ئەم حیزبانە بەرژەوەندیی نەتەوەیی خستووتە پەراوێزەوە. لە لایەکی دیکەوە قەیرانی فیکریی‌و ڕێکخراوەیی، بوونی درێژخایەنی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، کەمایەسیی پێوەندیی ئورگانیک لەگەڵ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێدەسەڵاتیی سیاسیی‌و ڕێکخراوەیی‌یان لە باشوری کوردستان بە بۆنەی پاراستنی بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و هتد... بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی خستۆتە ئاستێکی نزمەوە. پارتە سەربەخۆیی‌خوازەکانیش چ لە باری فیکرییەوەو چ لە ئاستی کاری عەمەلییەوە کاردانەوەیەکی وەهایان نەبووە، تەنیا لە چوارچێوەی دانی دروشمی سەربەخۆیی قەتیس ماونەتەوەو هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لێکدانەوەیەکی وەها لەسەر چۆنییەتی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شێوەی جەماوەریی‌کردنی ئەم دروشمەو خەبات بۆ گەیشتن بە ماڤی سەربەخۆیی کورد بکەن. ئەوانیش سەرەرای ڕەخنەی زۆر لە ناچالاکیی حیزبە کلاسیکەکانی

کورد بۆخۆیان تووشی هەر ئەو قەیرانەن کە حیزبەکانی‌تریان پێ تاوانبار دەکەن. لەم هەلومەرجە سیاسییەدا بلێی کوردو نوێنەرانی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەعامله سیاسییەکانیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی بە نێو فیدراڵیی‌خوازی ئێرانی یاخود تەنانەت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ئێران کە بەشێکیان هەوڵی بۆ دەدەن، دەنگێکی وەها بە هێز بن کە بتوانن مەسەلەی کوردی پێ چارەسەر بکەن؟!

بە پێی بارودۆخو بنەماکانی ماددییو مەعنەوییی کوردستان، دەکرێ شێوەکانی خەبات دژ بە ستەمی نەتەوەیی بەم چەشنە دابەش بکرێن:

* خەبات بۆ ماڤی شاروەندیی و خودموختاریی فەرهەنگیی.
* خەبات بۆ خودموختاریی سیاسیی، ئابووریی لەو وڵاتێکی فیدارڵدا.
* خەبات بۆ سەربەخۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان بە جیاجیا.
* خەبات بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان.

هەڵبژاردنی هەر کام لە خاڵەکانی سەرەوە پێوەندیی هەیە بە:

* ڕادەو ئاستی ئاگایی نەتەوەیی کورد کە وەکو بەشێک لە ژیانو فەرهەنگی کۆمەڵگا پێکهێنەری هەستو سۆزێکی تایبەتیی بۆ کۆتایی‌هێنان بە ستەمی نەتەوەیی‌یە.
* ڕادەی توانایی حیزبەکوردستانیی‌یەکان بۆ جەماوەریی‌کردن، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی خەڵک لە دەوری دروشمەکانیان، بە تایبەتیی لە دەرەوەی بەشی موکریان، لە کرماشانەوە هەتا ئیلام، مێهرانو دێهلۆران کە لەباری ئایینی‌یەوە شیعەن و مێژووی کاری حیزبەکوردستانیی‌یەکان لەوێ گەلێک ئەستەم بووە.
* هاوسەنگیی هێزی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەردا.
* مسۆگەرکردنی پشتیوانیی وڵاتە زلهێزەکانی دونیا لە خەباتی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی هەتا ئاستی جیابوونە، پێکهێنانی کیانو سەروەریی کورد.

لێرەدا بە پێی مەرجەکانی سەرەوە بۆ هەڵبژاردنی دروشمی ستراتێژیکو تاکتیکیی هەر حیزبێک ئەم پرسیارانە دێتە پێش:

* لەنەبوونی حیزب یاخود پێکهاتەیەکی بەهێز کە کاریگەریی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەبێ، چۆن دەکرێ کورد وڵاتە لەیەک‌جیاکراوەکانی یەک بخاتو کوردستانی گەورە و سەربەخۆ پێکبێنێ؟
* کاتێک لەبەشە لەیەک دابراوەکانی کوردستانیش هێزێکی وەها نیی‌یە کە بتوانێ ئەم دروشمە بکاتە گشتییو ڕێبەریی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەدەستەوە بگرێ دانی دروشمی سەربەخۆیی تا چ ڕادەیەک لەگەڵ ڕاستیی‌یەکانی ئەو بەشانە هاوئاهەنگیی هەیە؟

* لەم حاڵەتەدا داخوا بڵێی دروشمی سەرەکیی یەکگرتنەوەی چوار بەشی کوردستان گونجاوبێ؟ یاخود باشترە کوردی هەربەشێکی کوردستان هەوڵ بدا تا ئەو بەشە ئازاد بکاتو پاشان بە پێی هەلومەرجی ناوچەو ئازادکرانی هەر چواربەش، کوردستانی گەورەو سەربەخۆ پێک بێنن؟

* یاخود باشترە کوردەکانی هەر وڵات بە پێی نەبوونی هەلومەرجی پێویست لەو وڵاتانەی کە تێدادەژین، تەنیا بۆ گەیشتن بە ماڤی شارەوەندیو خودموختاریی فەرهەنگیی خەبات بکەن؟ یان ئامانجو دروشمی تاکتیکیو ستراتێژیکییان پێکهێنانی وڵاتێکی فیدراڵ و دێموکراتیک بێ؟

* بڵێی خودموختاریی سیاسیی، ئابووریی لە ئێرانێکی فیدراڵدا وەکو قۆناخێک نەبێتە ڕێخۆشکەری سەربەخۆیی و لەم پێناوەدا باشتر نییە فیدراڵیسم ببێتە دروشمی تاکتیکییو سەربەخۆیی دروشمی ستراتێژیک؟

**ئەگەر بیرۆکەی ماڤی شارەوەندیو خودموختاریی فەرهەنگیی وەلانێین، لەوەدەچێ دوو بۆچوونی سەرەکی لە نێوان ڕوناکبیرانی کورد ببیندرێ:**

* **یەکەم**. لەم سەردەمەدا دروشمی سەرەکیی گەیشتن بە وڵاتێکی فیدراڵە، بەڵام ئەگەر ماڤی کورد لەم چوارچێوەیەدا مسۆگەر نەکرێ، ئەوە ماڤی کوردە داوای جیابوونە بکات. زۆربەی حیزبو ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەم بیرەن، ماڤی چارەنووسی کوردو تەنانەت سەربەخۆیی بە ماڤی کورد دەزانن بەڵام ئێستا بە پێی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەمرۆ دانی ئەم دروشمە بە گونجاوی نازانن. بە پێی بۆچوونێک، بۆ گەیشتن بە سەربەرخۆیی پێویستە بە پێی هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستانو جیهان، لاسەنگیی هێزی کوردو دەوڵەتەکان، بوونی زۆرینەی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، دووربوونیان لە کۆمەڵگای کوردیی، نزمبوونی ئاستی ئاگایی نەتەوەییو بیری سەربەخۆییخوازیی، نزمبوونی ئاستی گەشەسەندنی بنەمای ئابووریو کۆمەلایەتیی - سیاسیی کوردستان، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاواتە دەبێ لە کاناڵی فیدرالیسمەوە بۆی بچین. فیدراڵیسم بە پێی کۆتایی هێنان بە نەخشی ناوەندو بەهێزکردنی ڕۆڵی نەتەوەکان لە کارو باری ژیانی خۆیان، دیاریکردنی سنووری جوغرافیایی - مێژوویی، پێکهێنانی ستروکتوری دەوڵەتی کوردیی دەبێتە ڕێخۆشکەری سەربەخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئەم باوەرە فیدراڵیسم ئەو دەرفەتە پێکدێنی کە کورد پەیتا پەیتا بە خەرجێکی کەمتر ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە ئاواتی دێرینە خۆی - یانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیانو سەروەریی خۆی ببڕێ. بۆ وێنە ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمی ڕوخانی یەکێتی سۆڤییەتن نموونەیەک لەو حاڵەتەن. پێکهاتنی کۆمارەکانی سوسیالیستیی لە یەکێتی سۆڤییەتیی پاش شۆرشی ئوکتۆبر لە ساڵی ۱۹۱۷ی زایینیی بوو بە هۆی بە نەتەوەبوونو پێکهاتنی دەزگاو سیستێمی دەوڵەتیی ئەو گەلانەی کە لە کاتی تێزاردا لە ژێر زۆڵم و زۆری دەوڵەتی ڕوسیەدا بوون. بە ڕوخانی یەکێتی سۆڤییەتی ئەم کۆمارانە بە پێی هەبوونی بنەمای پێویست بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ، هەر کامیان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکهێنا و ڕایانگەیاند.

**لێرەدا چەند پرسیار سەبارەت بەم چەشنە چارەسەرکردنەی کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا دێتە پێش:**

* بڵێی هێزە فیدراڵیی‌خوازەکانی ئێرانیی دابەشکردنی سیستێمی دەسەڵات بە پێی جوغرافیایی - مێژوویی‌یە قەبووڵ بکەن؟

* داخوا ئەم هەموو دانیشتن‌و کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانیی‌یەکان لەگەڵ نوێنەرانی جۆراوجۆری بە ناو دێموکراتو چەپی ئێرانیی تا ئێستا توانیویێتی بیرو رای ئەوان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕابکێشێ؟

* بڵێی بەشوێن ئەم بیرەوە چوون لە حاڵێکدا بواری پێویست لە نێو ئێرانیی‌یەکان بە شێوەیەکی جیددی بۆ قەبووڵی تەنانەت هەبوونی نەتەوەکان (میللەت) لە ئێران نی‌یە و تەواویەت‌خوازی ئێرانی هەر بە چاوی
جیایی‌خواز تەماشای کورد دەکەن، بە فیرۆدانی کات و هێزی کورد نەبێ؟

* کاتێک لە بەرنامەی بەشێک لە حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی خەبات بۆ کومەڵگایەکی سوسیالیستیی یاخود سوسیالیستیی دێموکراتیک وەکو ئامانجی دوارۆژ ئەویش لە وڵاتێکی ئایینیو جیهان سێهەمیی دەکرێ، بۆ نابێ بە ڕاشکاویی باسی ماڤی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی‌و پێکهێنانی کیان‌و سەروەریی لە دوارۆژدا بکرێ؟ بێ‌گومان، بوونی ماڤی جیابوونەوە بە مانای جیابوونەوە نی‌یە بەڵام زەمانەتێکە، ئەگەر دەوڵەتی فیدراڵ ماڤی گەلی کوردی پێشێڵکرد، کوردماڤی خۆیەتی هەتا ڕێگای خۆی بە پێی یاسا لەم دەوڵەتە جیا کاتەوە.

* **دووهەم**: سەربەخۆیی وەکو دروشمی ستراتێژیکیی و تاکتیکیی تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. بەپێی ئەم باوەرە هەر چەشنە بیرێکی فیدراڵیی‌خوازیی دەتوانێ کۆسپێک بێ لە سەر ڕێگای گەیشتن بۆ پێکهێنانی کیانی نەتەوەیی‌و سەربەخۆیی کورد. بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئاستی ناوچەو جیهان لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێکهاتووە کاتی سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونی کورد گەیشتووە و دەبێ داوای سەربەخۆیی بکردرێ. لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە پێش:

* ئێستا پتر لە دوو دەیەیە لە وڵاتی دوو نەتەوەیی ئێراقدا حکومەتی نیوەسەربەخۆی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە. ئەم حکومەتە ستروکتوری دەوڵەتیی‌و هێزی گەورەی پێشمەرگەی هەیە، بەڵام سەرەرای ویستیی زۆرینەی خەڵک بۆچی هەتا ئێستا داوای سەربەخۆیی نەکردوە؟

* لە بەراوەرد لەگەڵ ئەوان، کاتێک کوردی ڕۆژهەڵات کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی دەژی‌و تەنانەت لە بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لە کرماشانەوە بەرەو دێهلۆران) بیرو هزری نەتەوایەتیی، کاریگەریی حیزبە کوردیی‌یەکان، تەنانەت بوونیان لەو بەشانەی کوردستان هەر زۆر ئەستەمە، چۆن دەکرێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازادو سەربەخۆ بکرێ؟

* لە لایەکی دیکەوە بڵێێ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سەرەرای ئەم هەموو دەسەڵاتە داوای سەربەخۆیی ناکا و خۆی هەر بە بەشێک لە ئێراقی فیدراڵ دەزانێ نموونەیەکی باش بێ بۆ کوردی ڕۆژهەڵات بۆ هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی وەکو هەم ستراتێژیی‌و هەم تاکتیک و سەرۆکی هەرێم وەکو ڕەمزی سەرکەوتنی کوردو کۆڵەکەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە چوارپارچەی کوردستان پێناسە بکرێ؟

* بڵێی باشتر نەبێ بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە باسیکرا سەربەخۆیی‌خوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فیدراڵیسم وەکو قۆناخێک بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لەبەرچاو بگرێ‌و نەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ ئەم بیرە؟

**کۆتایی.**

تەواوی ئەم پرسیارانە جێگای باسو لێکدانەوەن، دەکرێ نوێنەرانی جۆراوجۆری کورد سەبارەت بە شێوەی گەیشتن بە ماڤی کورد لە فیدرالیسمەوە هەتا سەربەخۆیی کورد بیروڕای جیاوازیان هەبێ. بەڵام مەسەلەی سەرەکیی ئەوە یە کە ئەوان باوەڕیان بەوە هەبێ کە مەسەلەی کورد تەنیا بە پێکهێنانی سەروەریی و کیانی خۆی چارەسەر دەکرێ و بە ڕاشکاوی پارێزگەری ماڤی نەتەوەی کورد هەتا ئاستی جیابوونەوە بن. لەم قۆناخەدا کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بە پێی بەرژوەندی ئەو بەشەی کوردستان بۆ گەیشتن بە ماڤی ڕەوای خۆی تێبکۆشێ و قۆناخ بە قۆناخ بە پێی هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە ماڤی ڕەوای کورد ببڕێ و سیاسەتی خۆی بە باشوری کوردستانەوە گرێنەدا. سیاسەتی کاربەدەستانی باشور بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان زۆرجار لەگەڵ بەرژوەندی پارچەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبایە. ئەوە ماڤی کوردی باشورە کە بە پێی بەرژوەندیی خۆی سیاسەت بکا، بەڵام ئەم سیاسەتە کاتێک دەکرێ ناوی "نەتەوەیی" لەسەر دانێی کە بەرژوەندی پارچەیەکی دیکەی کوردستان نەخاتە مەترسییەوە، ماڤی ئەوانی دیکەی پێشێل نەکا، یاریدە بە گەشەسەندنی بزاڤی کورد لە چواربەشی کوردستان بدا و نەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێگای ئەوان. بە پێی ئەو بارودۆخەی کە حکومەتی باشوری کوردستان بە تایبەتیی لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەوڵەتی ناوەندی لە بەغدای هەیە، هەروەها بە پێی ستروکتوری حیزبەکانو بیرو سیاسەتیان، پتانسیەڵیان بۆ وەدی هێنانی ئەم ئەرکە نییە، ناتوانن ڕەمزی سەرکەوتنی کوردو کۆڵەکەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە چوارپارچەی کوردستان بن. کوردی ڕۆژهەڵات حیزبو ڕێکخراوەی جوراوجۆری خۆی هەیە و ئەگەر کۆڵەکەیەکیش بۆ ڕزگاریی ئەو نەتەوەیە لەو بەشەی کوردستان پێویست بێ، بێگوومان هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرهەڵدەدات. پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمڕۆ بە پێێ وەزعییەتی خۆیان دانیشتووی باشوری کوردستانن و پاساویان بۆ کێشانەوە لە شەری چەکداریی و هتد ... بەرژەوەندی باشوری کوردستانە، بۆ خەڵکی لێکدەنەوە کە سنووری بەرژوەندی ئەوان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چیدایە و هەتا کەی ئەم ڕەوتە دەتوانێ ئاوا بچێتە پێش؟ ئەویش لەکاتێکدا برادەرانی باشور بەرژەوەندی ئەوانیان لەبەر چاو نییەو قەدریشیان لێناگرن!

**لە ژمارە ٦٢٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٤**

-----------------------------------------

# حیزبی توودەی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا

## ١

**و: سیروان مووساپوور**

## پێشەکییەک بۆ چوونە ناو بابەتی: هەڵوێستی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧

دوای لەسەرکارنەمانی ڕەزاشا، حیزبی توودەی ئێران لە ١٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی دامەزرا. لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتیی محەمەدڕەزاشای پەهلەوی حیزبی توودەی ئێران یەکێک لەو چەند حیزبانە بوو کە بەردەوام بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بۆ گەیشتن بە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران و لە هەمان کاتدا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتەی دەکرد. لە بەرنامەکانی حیزبی توودەی ئێران لە کۆنگرەی یەکەم (١٣٢٣) و کۆنگرەی دووەم کە دوو ساڵ پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٢٧ پێک هات، ئاماژە بە «ئازادیی تەواوی کەمایەتییەکان لە کاروبارە کولتووریی و ئایینییەکان» کراوە(١) و هەروەها لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێران دوای پلینۆمی حەوتەم و کۆنفرانسی یەکگرتن لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە هاوینی ١٣٣٩ی هەتاوی ئاماژە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران کراوە.(٢) لە سەردەمی کۆماری کوردستان، حیزبی توودەی ئێران لەڕاستیدا تاقانە پشتیوانی نێوخۆیی ئەو کۆمارە بوو. ئەم حیزبە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەریی بۆ وێنە لە بواری زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەروەردەکردنی کادر و یارمەتیدان لە چاپکردنی بڵاوکراوەکان و.. بینیوە.

«حیزبی توودەی ئێران لە کۆنگرەی دووەمی خۆیدا خوازیاری پێکهێنانی پێوەندیی نزیکتر لەگەڵ «فیرقە»ی دێموکراتی کوردستان بوو و بە پراکتیزەکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی دووەم، حیزب گوڕ و تینی زیاتری بە تەبلیغات لەبارەی مەسەلەی «قەومی» دا. بەم پێیە دروشمگەلێکی وەک «بژی یەکێتیی خەڵکی ئێران»، «بژی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان»، نەمانی هەر چەشنە سەرکوتێکی نەتەوەیی» و « شتیوانی لە مافی خودموختاریی بۆ کوردستان و ئازەربایجان بکەن» بە لیستی دروشمە خەیابانییەکانی ئەم حیزبەوە زیاد بوو... لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە دەیەمین ساڵی کۆچی دوایی «ئەرانی» دا ڕۆژنامەی سەرەکیی حیزب لە ژمارەی تایبەتیی خۆیدا لەژێر ناونیشانی «شەهیدە گەورەکانی ئێران» نە تەنیا ڕێزی لە سیما بەرچاوەکانی ئازەربایجان بەتایبەت حەیدەرخان، ستارخان و خەیابانی گرتبوو، بەڵکو یادی سەدان خەباتگێڕی کورد و ئازەری کردەوە کە لە ڕاپەڕینی ٢٥ - ١٣٢٤ گیانیان لەدەست دابوو.(٣)

لە سالی ١٣٢٧ دا ڕێبەرایەتیی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەڕێگەی ئاغای سارمەددینی سادق وەزیری یاساناس و ئەندامی حیزبی توودەی ئێران و، ئەمر سدیقی ئەنجیری ئازەر سەرنووسەری بڵاوکراوەی «هاواری نیشتمان» ئۆرگانی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان، پێوەندیی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران گرت و(٤) هاوکاریی ڕێکخراوەیی ئەوان دەست پێدەکا. پێوەندییەکانی حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم قۆناغەدا بەشێوەیەک لێک نزیک و توندوتۆڵ بوو کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان دەچوونە ناوچەکانی جێیچالاکیی حیزبی توودەی ئێران. حیزبی دێموکرانی کوردستانیش بە کردەوە ڕۆڵی ڕێکخراوی ئەیالەتیی حیزبی توودەی لە کوردستان دەگێڕا و شوێنکەوتوو و جێبەجێکاری سیاسەتەکانی ئەو حیزبە لە کوردستان بوو. ئەم پێوەندییە هەتا بەهاری سالی ١٣٣٤ و پچڕانی پێوەندیی کادرەکان و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بەهۆی نفووزی هێزەکانی پۆلیسی ئێران لە ڕێکخستنەکانی حیزبی توودەی ئێران درێژەی کێشا.(٥)

لە ماوەی نێوان سالانی ١٣٣٢ هەتا ڕووداوی شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ی هەتاوی بێجگە لەو هەوراز و نشێوە زۆرانەی کە لە پێوەندییەکانی نێوان دوو حیزبدا هاتە کایەوە، بەشێکی زۆر لە کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا کۆتاییەکانی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەمی زایینی پێوەندییەکی نزیک و توندوتۆڵیان لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران هەبوو و کەڵکیان لە یارمەتییە ماددیی و مەعنەوییەکانی ئەو حیزبە وەردەگرت.

لە مەودای نێوان سالانی ١٩٦٥ هەتا ١٩٧٠ بە یارمەتیی حیزبی توودەی ئێران ٢٦ ژمارەی «کوردستان» بە سەرنووسەریی دوکتور قاسملوو و هاوکاریی کەریم حیسامی، حەسەن قزڵجی، محەمەد موهتەدی، عەلی گەلاوێژ لە ئورووپا بڵاو کرایەوە. لە ڕادیۆ پەیکی ئێران»یش بەرنامەکانی کوردی بڵاو بوونەوە کە تێیاندا باسی مەسەلەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و... دەکرا. لە ڕەوتی شکڵگرتنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی شۆڕشگێری» و دەسپێکردنی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان لە ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ دا، لە دانیشتنی دوکتور ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ نوێنەرانی «کومیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستان» لە نۆی فێورییەی ١٩٦٨ لە بەغدا (٦) ڕێککەوتنێک لەبارەی هاوکاریی ئەم حیزبە و یارمەتییە ماددیی و مەعنەوییەکانی بە بزووتنەوەی چەکدارانە لە کوردستان هاتە کایەوە. بەشێکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی ئەم بەشە لە حیزبی دێموکرات لە خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕێژیم پرچەک و پۆشتەوپەرداخی شا گیانیان لەدەست دا و پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران بەکردەوە لە دەربڕینی هاودەردی و گەیاندنی هەواڵ لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕووداوانە لە بەشی کوردیی «ڕادیۆ پەیکی ئێران»دا کورت بۆوە. لە سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەمی زایینی بە گەڕانەوەی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو بۆ کوردستان و زیندووکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ناوبراو و کادر و ئەندامەکانی دیکەی ئەو حیزبە لە ئێراق کە بەشێکی زۆریان لایەنگری حیزبی توودەی ئێران و ئۆردوگای سۆسیالیستیی بوون، ئەم هیوایە بۆ حیزبی توودەی ئێران دروست بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێتەوە ڕێکخراوی ئەیالەتیی ئەو لە کوردستانی ئێران. بەڵام سیاسەتەکانی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرایەتیی نوێ سەرەڕای ئەوەی خوازیاری پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران و ئۆردوگای سۆسیالیستی و پێکهێنانی

بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی بوون، مەبەستیان بەسەربەخۆ ڕاگرتنی ئەو حیزبە بوو. هەوڵەکانی دۆستانەی ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم زایینی بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران سەرەڕای حەز و مەیلی ئیرەجی ئەسکەندەری سکرتێری ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران بەهۆی کارشکێنییەکنی نورەددینی کیانووری و بە فەرمی نەناسینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبێکی سەربەخۆ لەلایەن ئەو حیزبەوە دەرەنجامێکی نەبوو. بە چوونەدەری دوکتور کیانووری لەدانیشتنێک کە لە جولای ١٩٧٥ (٧) لە بێرلین لەنێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران (ئیرەج ئەسکەندەری، کیانووری و عەلی گەلاوێژ) لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (دوکتور قاسملوو، کەریم حیسامی و حەمەدەمینی سیراجی) پێک هاتبوو، بە کردەوە پێوەندییە دۆستانە و مێژوویەکانی ئەوان تێک چوو. ئاستی ئەو ناکۆکییانە گەیشتە ڕادەیەک کە حیزبی توودەی ئێران لە بەیاننامەیەک کە لە ڕۆژنامەی «مردم» ژمارە ٣٦ . گەلاوێژی ١٣٥٤ . چاپ و بڵاو کرایەوە و چەندین جاریش لە ڕادیۆ پەیکی ئێران خوێندرایەوە، خوازیاری هاتنەدەری خەباتگێڕانی کورد لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و چوونەناو «حیزبی چینی کرێکاری ئێران» بوون. ئەم کارە لەگەڵ دژکردەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ونارەزایەتیی دۆستانە و لۆژیکیانەی ئەوان بەرەوڕوو بۆوە و لە وتارێک لەژێر ناونیشانی «وەڵامی پەیامێک» لە ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) ژمارە ٣٧ . گەلاوێژی ٥٤، وڵامیان دانەوە.(٨) دژایەتیی کیانووری لەگەڵ دوکتور قاسملوو لەم برگە زەمانییەدا کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر پێوەندییەکانی حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی دوای شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ بەجێهێشت. دوکتور کیانووری لە «پرسیار و وەڵام»ی خۆیدا جەختی لەوە کردووە: «حیزبی توودەی ئێران سەرەڕای هەوڵەکانی چەند ساڵەی دوکتۆر قاسملوو هیچکات ئامادەی دانیشتن لەگەڵ ناوبراو بە نێوی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر مێزی وتووێژ نەبووە.»(٩)

## سەرچاوەکان:


١- اسناد و دیدگاەها، حزب توده ایران از آغاز پیدایی تا انقلاب بهمن ١٣٥٧. چاپ اول ١٣٦٠. ص: ٦٦ و ١٤٣.

٢- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٠٣ و ٤١٩.

٣- ایران در بین دو انقلاب، یرواند ابراهامیان، ص ٥١٠ چاپ شانزدهم، نشر نی، تهران ١٣٥٩.

٤- پەنجا ساڵ خەبات، کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، لاپەڕی ٧٧، جەلیل گادانی، چاپی موکریانی، هەولێر.

٥- لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداریی غەنی بلووریان، عەبدولڕەحمان قاسملوو، هاشم ئەقڵوتتولاب، سلێمان موعینی، حەمەدەمین ڕاتبی، عەبدوڵڵای ئیسحاقی، سدیق ئەنجیری و ئەسعەد خودایاری لە بەهاری ١٣٣٤ی هەتاوی - ١٩٥٥ی زایینی لە ماڵی سدیق ئەنجیری لە تاران پێک هات، بە سەرنجدان بە نفووزی پۆلیس لە تەشکیلاتی حیزبی توودەی ئێران، بۆ پێشگرتن لە ئاشکرابوونی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڕیاری پچڕاندنی تەواوی پێوەندییەکانی تەشکیلاتیی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران درا. ئاڵەکۆک، بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریان، لاپەڕە ١٥٥، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧.

٦- بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، بەرگی سێهەم، لاپەڕەی ١٠١، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨.

٧- بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی، بەرگی چوارەم، لاپەڕەی ١٦٢، ستۆکهۆڵم.

٨- لەم وڵامنامەیەدا وێڕای سەرلەنوێ پێداگرتنەوە لەسەر خەبات و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو بە دژی رێژیمی دیکتاتۆریی شا و هەروەها ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکانی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندیی لەگەڵ ئیددیعای پاشگەزبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە بەڵێنی یەکگرتنی تەشکیلاتیی دوو حیزب بۆ نموونە هاتووە:» ئەوەکە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەریتی هاوپێوەندیی و یەکێتیی سیاسیی و تەشکیلاتیی چالاکە تێکۆشەرەکانی وەلا ناوە، تۆمەتێکی بێئینسافانەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی دروست بوونی خۆیەوە، ڕێکخراوێکی سیاسیی سەربەخۆ بووە و هەر لەو کاتەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی لەنێو حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتە ئێرانییەکان و بۆهاوکاریی و هاوپێوەندیی هێزە نیشتمانییە دژە ئیمپریالیستییەکان و دژی ڕێژیمی دیکتاتۆریی شا تێدەکۆشێ.

یەکگرتنی سیاسی و تەشکیلاتی شتێکە و بەشداریی لە بەرەی یەکگرتوو و هاوکاریی نێوان دوو حیزب شتێکی دیکەیە. یەکگرتنی سیاسی و ڕێکخراوەیی کە لەنێوان ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەدەرەوەی وڵات و دوور لە نیشتمان دروست بوو،ناتوانێ ببێتە ئۆلگوو و سەرمەشقێک بۆ حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتەکانی دیکە. یەکگرتوویی سیاسی و ڕێکخراوەیی دوو حیزبی جیاواز کە بەرنامە و پێڕەوی جیاوازیان هەیە بەم ئاسانییە نیە و بە ناردنی پەیام و پێشنیار و بە پێی حەز و ویستی چەند ڕێبەرێک جێبەجێ نابێ. داواکاریی حیزبێک کە خۆی بە حیزبی چینی کرێکار و خاوەن دنیابینی زانستیی دەزانێ لە ڕێکخراوەکانی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبێکی دیکە و پێڕەوی لە بەرنامە و ئامۆژگارییەکانی بە پاراستنی ناوی خۆیەوە، کارێکی نادروست و دوور لە ڕێباز و لێکدانەوەی مارکسیستییە. ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران باش دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی چینێکی دیاریکراو نیە. حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتە کە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازانە بۆ ئێرانێکی دێموکرات و بۆ وەدەسهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، نوێنەرانی هەموو چین و توێژە دێموکراتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە. ئایا حیزبێک کە خۆی بە مارکسیست دەزانێ، دەتوانێ وەها ڕێکخراوێک بەم شێوە و پێکهاتەیەوە لەنێو ڕێکخراوەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە؟ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودەی ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە دەستێوەردان لە کاروبارە نێوخۆییەکانی حیزبێکی دیکە لەگەڵ بنەماکانی مارکسیسم و ڕێبازی سیاسی و ئەخلاقیی حیزبێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز یەک ناگرێتەوە، داوای لە هەموو تێکۆشەرانی کورد کردووە گرووپ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی بەرنامەی سیاسی و ڕێنوێنییەکانی تەشکیلاتی حیزبی توودەی ئێران، دابڕێژنەوە و پێوەندیی لەگەڵ ناوەندی حیزبی توودەی ئێران بگرن.»... ئێمە چالاکیی تەواوی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان لە کوردستانی ئێران بە کارێکی ڕەوا دەزانین بەڵام دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کردەوەیەکی خراپکارانە و نادۆستانە لەقەڵەم دەدەین.  مافی خۆمانە لە ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران بپرسین ئێوە کە خۆتان بە حیزبی چینی کرێکاری ئێران دەزانن، بۆ لە کوردستان بە نێوی حیزبی توودەی ئێران، ڕێکخراوی سیاسیی چینی کرێکاری دروست ناکەن و بۆچی داوا لە ڕێکخراوەکانی حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکرات دەکەن دەست لە حیزبی خۆیان هەڵگرن، بەرنامە و پێڕەوی خۆیان وەلا

بنێن و بێنە نێو حیزبی توودەی ئێران؟ ئایا داواکاریی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران لە خەباتکارانی گەلی کورد بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک ڕێکخراوەکانی حیزبی توودەی ئێران خۆی نیشاندەری ئەم ڕاستیە نیە کە حیزبی ئێمە لەنێو خەڵکی کوردستانی ئێران خۆشەویستە و تێکۆشەوانی گەلی کورد حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە حیزبی پێشڕەوی کوردستانی ئێران دەزانن؟ (سەرچاوەی کوردی)

٩- پرسش و پاسخ، مسائل داخلی و خارجی انقلاب ایران شماره ٩(١٩)،ص ٧٦.

لە ژمارە ٦٣٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

---------------------------------------

## حیزبی توودەی ئێران‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا

(١٣٥٧ - ١٣٦١)

**٢**

### بنەما فکرییەکانی حیزبی توودەی ئێران لە هەڵسووکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێزە نەیارەکانی

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران لە دەرەوەڕا گەڕانەوە و ئەم حیزبە چالاکیی ئاشکرای خۆی دەست پێکردەوە. لەڕاستیدا حیزبی توودەی ئێران کە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ زەربەی توند و قورسی لەباری ڕێکخستنەوە وێکەوتبوو، توانی بۆ یەکەم جار دوای زیاتر لە دوو دەیە دووری لە وڵات چالاکیی ئاشکرا دەست پێبکاتەوە.

سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێران کاریگەرییەکی هەستپێکراو و حاشاهەڵنەگری لەسەر ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین و چارەنووسی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە و چەپی ئێران هەبوو. ڕێبازی زاڵ بەسەر حیزبی توودە دوای شۆڕش و پێوەرەکانی بۆ هەڵبژاردنی هاوپەیمانەکانی، کۆنترین حیزبی چەپ و ئازادیخوازی ئێرانی لە پەنا یەکێک لە سەرەڕۆترین ڕێژیمەکانی سەدەی ناوەڕاست و لە بەرامبەر بەشێکی گەورە لە هێزە چەپ و ئازادیخوازەکانی ئێران دانا. بەپێی وتەکانی ئیرەج ئەسکەندەری لە نامەیەک کە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤییەتی نووسیبوو: "گۆڕینی ڕێباز و ڕێنوێنییەکانی پلێنۆمی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی یەکگرتن لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕە دێموکراتیکەکان بە کردەوە گۆڕانی بەسەردا هاتوە و دوژمنایەتیی هەرچی زیاتر و قووڵتر لەنێوان حیزبی

ئێمە و گشت حیزبە نیشتمانپەروەر و دێموکراتەکانی وەک موجاهیدینی خەلق، حیزبی دێموکراتی کوردستان، لایەنگرانی مووسەددیق (جبهە ملی) و ئەوانی دیکە جێی گرتۆتەوە.(١) هەر ئەمە، گۆڕانکاریی لە ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی هێزە دیار و شاراوە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران و لێکدابڕان و لاوازبوونی هێزە چەپ و دێموکراتەکان و، بەهێزبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتەوە.

بەرگریی حیزبی توودەی ئێران لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی ئیسلامی بۆ نموونە حیزبە کوردستانییەکان، بە سەرنجدان بە بەڵگە بڵاوکراوەکان و هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزب لەو قۆناغەدا دەکرێ بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

- شۆڕشی ئێران بە وتەی لئۆنید برژنێف (٢) "شۆڕشێکی ئاڵۆز و ناڕوون" بوو کە یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی سیمای دژە ئیمپریالیست بوونی ئەو ڕێژیمە بوو. لە سەردەمی شەڕی ساردا بۆ حیزبگەلێکی وەک حیزبی توودەی ئێران "بەربەرەکانی دوو سیستەمی سوسیالیستیی جیهانی بە ناوەندێتیی یەکیەتیی سۆڤییەتی سوسیالیستی و سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی بە ناوەندێتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا" (٣) بابەتێکی سەرەکی قۆناغێکی مێژوویی، دیاریکەری ڕێڕەوی گشتی خەباتیان و پێوەری هەڵسەنگاندنی هێزە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران و جیهان بوو. حیزبی توودەی ئێران بە زەقکردنەوەی هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لەوەی هەڵقوڵاوی واقعییەتەکانی ئەودەم بن، دروستکراوی خۆی بوون، سیاسەتی یەکێتی و ڕەخنەگرتن لە کۆماری ئیسلامی، بە "پشت بەستن بە یەکگرتن و دەربڕینی ڕەخنەکان لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا و بە شێوازێک کە ئەولەوییەتی یەکگرتوویی لەبەرچاو بگرێ"(٤)، گرتەپێش. ئەم جۆرە سیاسەتە بە تێپەڕینی کات و بەپێی ڕیزبەندیی هێزە سیاسییەکان، حیزبی توودەی ئێرانی لە ڕیزی بەرگریکارانی سەرسەختی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دانا "کە بە شێوەیەکی کوێرکوێرانە پێڕەویی و پشتیوانی لە سیاسەتی پاوانخوازانە و بەرتەسک کردنەوەی ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی کۆڕ و کۆبوونەوەی تاقمە ئایینییە بیرتەسکەکان دەکرد و تەئییدی دەکردن" (٥) سیاسەتێک کە سەرەنجام بە هێرشی هێزەکانی ئیسلام و دەستبەسەرکردنی ڕێبەرانی دیار و کادر و ئەندامەکانی، کۆتایی بە چالاکیی نیمچە ئازادی ئەم حیزبە لە ئێراندا هێنا.

- لە ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێرانەوە "شۆڕشی ئێران بە جێگرتن لە زنجیرەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەییە نوێیەکانی گەلانی جیهانی سێیەم"، بە بەشێک لە ڕەوتی شۆڕشی جیهانیی ئەژمار دەکرا کە لە سێ بەشی وڵاتانی سوسیالیستی، بزووتنەوەی کرێکاریی گەشەکردووی سەرمایەداری و بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی دنیای بەرەوگەشەی (جیهانی سێیەم) پێک هاتبوو. ئامانجی هەرسێک بەش، خەبات بەدژی سەرمایەداریی گەورەی جیهانی (ئیمپریالیزم) بە مەبەستی جێگیربووی سیستەمێکی نوێ لەسەر بنەمای دادپەروەریی ئابووری و ئاشتی دەناسێنرا. شۆڕشگێڕبوون (واتە خوازیاری پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی بوون) و دژە ئیمپریالیست بوون (واتە خەباتکردن بەدژی سەرمایەداریی گەورەی جیهانی) لێک دەدرایەوە و ئەمە ماهییەتی هاوبەشی هەر سێ بەشەکە بوو. ئەم شۆڕشانە دەبوایە دوو بابەتی پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسی و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووریی و ڕزگاریی لە وابەستەبوونیان چارەسەر دەکرد".(٦) بە سەرنجدان بەم تیۆرییە، بەکردەوە بابەتەکانی دیکەی کۆمەڵگە وەک دێموکراسی، ئازادیی چاپەمەنیی و حیزبەکان، مەسەلەی نەتەوەیی و... وەپاش گوێ دەدران و دەچوونە ژێر کاریگەریی پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی ڕاوەستاو لەسەر دادپەروەریی ئابووریی و دژە ئیمپریالیست بوونی کۆماری ئیسلامی. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە یەکەمینیان لەگەڵ ماهییەتی چینایەتی

کۆماری ئیسلامی یەکتری نەدەخوێندەوە و گشت سیستەمی ئابووریی وڵات لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریی دەپارێزرا. لەلایەکی ترەوە "دژە ئیمپریالیست بوون"یش، نە وڵاتی لە درێژەدانی ڕێگەی گەشەی سەرمایەداری دوور کردەوە و نە گەیاندە خۆبژێویی ئابووری. بێجگە لەمەش دژە ئیمپریالیست بوون لە زاتی خۆیدا نەیدەتوانی پێوەرێکی عەقڵانی بۆ شۆڕشگێڕبوون و دیموکراتیک بوونی هێزێک یان حاکمییەتێکی سیاسی بێ. چارەنووسی شۆڕشی ئێران لەژێر دەسەڵاتداریێتیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و چارەنووسی وڵاتانێکی وەک سووریە، ئێراق و لیبی و... سەلمێنەری ئەم ڕاستییە و نموونەی بەرچاوی ئەم تیۆرییە شکست هێنراوانە بووە و هەیە.

- حیزبی توودەی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەخنانەی کە لەم حیزبە لەپێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی میللیی مووسەددیق، سیاسەتی بەنەتەوەیی بوونی نەوت و پشتیوانی نەکردن لە بۆرژوازیی نەتەوەیی لە بەرامبەر شادا و بۆرژوازیی کۆمپرادۆر و... دەکرا، بە زەفکردنەوەی تایبەتمەندییە درۆییینەکانی"شۆڕشگێڕی، جەماوەری و دژە ئیمپریالیستی ڕووحانییەتی خەباتکار" و دانانی خومەینی لە پلەی "ڕێبەریی دیموکراسی شۆڕشگێڕی"(٧) بەدوای وەدەسهێنانی متمانە لەنێو هێزەکانی سەر بە ڕێژیمی ئیسلامی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە بەدەسهێنانی کات بۆ کۆکردنەوەی هێز لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و زیندووکردنەوەی ڕێکخراو و ڕێکخستنەکانی خۆی بوو. لە ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێران " ڕێبازی ئیمام خومەینی لە پلەی یەکەمدا دژە ئیمپریالیستی بووە، دوای دوکتۆر موسەددیق ئیمام خومەینی ڕێبەرێکی خاوەن ئیعتباری دیکە بوو کە ئەمجارە لەنێو ڕووحانییەتی شیعە ڕاست ببۆوە".(٨) بە باوەڕی حیزبی توودەی ئێران توێژە مامناوەنجییەکانی شار و دێ هێزە سەرەکییەکانی بزوێنەری شۆڕشی ئێرانیان پێک هێنابوو و ڕوانگەی یەکتاپەرستیی ئایدۆلۆژیای ڕێبەریی دیموکراسی شۆڕشگێڕیی واتە ئیمام خومەینی پێک هێنابوو. بە وتەی ئیحسان تەبەری "حیزبی توودەی ئێران بە هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی ڕوانگەی یەکتاپەرستانە، دەنگی ئەرێنی بە کۆماری ئیسلامی و یاسای بنەڕەتی پەسندکراوی مەجلیسی خیبرەگان دا، چونکە بەپێی ئەزموونی بێحیسابی خۆی دێزانی کۆمۆنیستەکان تەنیا بە تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی خۆیان دەتوانن بۆ تەواوی کۆمەڵگەکە ڕۆڵی ڕچەشکێنی و ڕێکەرەوەیی ببینن".(٩) لە ڕاستای ئەم بیرکردنەوە و سیاسەتە هەڵانەدا، حیزبی توودەی ئێران لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشدا بوو بە ڕێکخراوی پاساودەری کردەوە و بڕیارەکانی دژە دیموکراتیکی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا.

- حیزبی توودەی ئێران بە سەرنجدان بە خستنەڕووی "تیۆریی سەرەکی و ناسەرەکی" و بە سەرەکی دانانی "خەبات بەدژی ئیمپیریالیزم و دەستوپێوەندەکانی بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی سەربەخۆی دیموکراتیک، بەرگری لە شۆڕش و دەوڵەتەکەی"، بە کردەوە مەسەلەی دیموکراسی، ئازادیی و مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێرانی بە شوێنکەوتووی مەسەلەی سەرەکی واتە سەرکەوتنی شۆڕش و کۆماری ئیسلامی دادەنا. لە ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێران لە بەرامبەر ئەم کارە سەرکییە، کارەکانی دیکە لاوەکی بوون و نەدەبوایە لە کاروبارە ناسەرەکی و لاوەکییەکاندا نوقم بین و شتی سەرەکی فیدای لاوەکی بکرێ.

- حیزبی توودەی ئێران بە بەپێوەردانانی بەرگری لە کۆماری ئیسلامی و ئیمام خومەینی وەک سنووری پیرۆزی شۆڕشگێڕ و دژە شۆڕشگیربوون بە کردەوە مۆری "ستوونی پێنجەمی ئەمریکا"، دژە شۆڕش"، گروهەکی چەپ نەما"، "تووری پووچەڵ و " جیرەخۆرانی بەعس و ناتۆ" لە تەواوی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدا و ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە کۆماری ئیسلامی قەت بایەخێکی بەم حیزبە نەدا. ئەم کردەوانە بوونە هۆی گۆشەگیربوون و دوورکەوتنەوەی حیزبی توودەی ئێران لە هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران.

بە وتەی ئیرەج ئەسکەندەری"حیزبی توودە بە پشیتوانی بێ شەرت و مەرج و یەکلایەنەی خۆی نەیتوانی تەنانەت زەڕڕەیەک متمانە، نیازپاکی و لێک تێگەیشتنی کەسانی ناو ڕێبەرایەتی ئێران ڕابکێشێ ... جێبەجێکردنی ڕێکوپێکی ئەم ڕێبازە تا ئەو جێگەیە بەرەوپێش چوو کە "حیزبی چینی کرێکار" لەڕاستیدا بوو بە پاشکۆی سیاسەتە دواکەوتووە ئاینییەکان و چالاکیی جەماوەری و بەتایبەت کار لەنێو کرێکارانیشدا لەچوارچێوەی چالاکییە سینفییەکاندا قەتیس بۆوە".(١٠) حیزبی توودەی ئێران لە بەرگری لە کۆماری ئیسلامی و هێرش بۆسەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی وەپێش دەوڵەتی دەسەڵاتداریش کەوتەوە، کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەتایبەت خەڵکی کورد لەخۆی بەجێهێشت و "تاوبانگی خەمهێنەری پاشکۆی کۆنەپەرستیی مەزهەبی بۆ خۆی دروست کرد".(١١)

**سەرچاوەکان**:


١- نامە ایرج اسکندری بە کمیتە مرکزی حزب کمونیست شوروی اکتبر ١٩٨١

http://xalvat.org/Nashr-eDigaran/451-500/497-Nameh-eEskandari.pdf

٢- لئونید ایلیچ برژنف (١٩٨٢ ـ ١٩٠٦)، دبیرکل حزب کمونیست اتحاد شوروی (١٩٨٢، ١٩٦٤).

٣- دوران تاریخی ما و سمت عمدە مبارزە، احسان طبری، برخی مسائل حاد انقلاب، ص ٥، مجموعە مقالات ١٣٥٨.

٤- دربارە بە اصطلاح خنجر از پشت، احسان طبری، برخی مسائل حاد انقلاب، ص٧٧، مجموعە مقالات، ١٣٥٨.

٥- نامە ایرج اسکندری بە کمیتە مرکزی حزب کمونیست شوروی اکتبر ١٩٨١

٦- برخی مسائل نظری مربوط بە انقلاب ایران، احسان طبری نوشتەهای فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، ص ٢٧٣ ـ ٢٧٢، چاپ دوم ١٣٥٨ انتشارات حزب تودە ایران.

٧. تەبەری لەم پێوەندییەدا دەنووسێ: لە وڵاتی ئێمە شۆڕشێک ڕووی داوە شۆڕشێکە نەتەوەیی و دێموکراتیک. شۆڕشێکە لەژێر ڕێبەرایەتیەکی دێموکراسی شۆڕشگێڕیدا هاتۆتە کایەوە و بایەخێکی بنەڕەتی هەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەو زاراوەیە ئاشنا بین، چونکە بە هەڵە دێموکراسیی شۆڕشگێڕیی لەگەڵ وردەبورژوازی بە هاوسەنگ دادەنرێن. لەحاڵێکدا کە مەسەلەکە وانیە... هێزی سەرەکی بزوێنەری شۆڕشی ئێران توێژە مامناوەنجییەکانی شار و دێ بوون کە نوێنەری سیاسییان دێموکراسیی شۆڕشگێڕییە... سەردەمێک بوو کە حیزبی ئێمە بابەتی "بورژوازیی نەتەوەیی" کە لە بزووتنەوەی بەنەتەوەیی کردنی نەوتدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، نەدەناسی و ئەمڕۆکە کەسانێک بابەتی گرنگی "دێموکراسی شۆڕشگێڕیی" کە لە شۆڕشی ئەمدواییانەدا ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو، ناناسن و ئەمە بنەمای زانستیی هەڵەکانە. (برخی مسائل نظری مربوط بە انقلاب ایران، احسان طبری نوشتەهای فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، ص ٢٧٥ ـ ٢٧٤، چاپ دوم ١٣٥٨ انتشارات حزب تودە ایران.

٨. خط مشی سیاسی است نە نیرنگ، نە مانور. احسان طبری، برخی مسائل حاد انقلاب، ص ٣٧، مجموعە مقالات ١٣٥٨

٩. برخی مسائل نظری مربوط بە انقلاب ایران، احسان طبری نوشتەهای فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، ص٢٧٨، چاپ دوم ١٣٥٨ انتشارات حزب تودە ایران.

١٠. نامە ایرج اسکندری بە کمیتە مرکزی حزب کمونیست شوروی اکتبر .١٩٨١

۱۱. سەرچاوەکەی سەرێ

له ژماره ٦٣٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

---------------------------------------------------

## حیزبی توودەی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران دا

(١٣٦١ - ١٣٥٧)

### ٣

- سیاسەتی حیزبی توودەی ئێران بەکردەوە حاڵەتی پۆپۆلیستی و شوێنکەوتوویی بەخۆوە گرت. حیزبێک کە خۆی بە «حیزبی ڕیزی نوێی چینی کرێکار» دەزانی بەجێگەی پێشڕەوبوون، ڕێکخستن و ڕێنوێنیی توێژە زەحمەتکێشەکان بۆ گرتنەپێشی سیاسەتی دروستی چینایەتی، بوو بە شوێنکەوتووی ڕووداوەکانی ڕۆژی کۆمەڵگە و جەماوەری پشتیوانی کۆماری ئیسلامی کە گۆیا زیاتر لە لەسەدا هەشتای کۆمەڵگەی ئیرانیان پێک هێنابوو(؟) (١) و ناوی «بەشداریی چالاک لە کردەوەکانی گەل»یشی لەسەر ئەم سیاسەتە دانا، لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەگەر جەماوەری خەڵک ڕێگەیەکی هەڵەش لە خەباتدا بگرنەبەر، دەبێ لەگەڵیان بی، بەڵام هەڵەکانیان وەگوێ هەڵێنرێ تەنانەت ئەگەر بە بەهای گیانی کۆمۆنیستەکانیش تەواو بێ. لەم پێناوەدا وەها سیاسەتێک لەلایەن د. کیانووری بە ئاماژەدان بە بەشداریی بۆلشەویکەکان لە خۆپێشاندانە خوێناوییەکانی خەڵکی پێترۆگراد لە ١٩٠٥ پاساو دەدرا.

- حیزب بە ڕاگەیاندنی تیۆری شکست خواردووی ڕێگەی گەشەی ناسەرمایەداری کە لەلایەن بیرمەندانی شوروەوی وەک ئولیانوڤسکی تیۆریزە کرابوو و دابەشکردنی دێموکراتە شۆڕشگێڕەکان بۆ کۆمەڵ و لایەنی بە ئیستلاح خۆشبین، واقیع بین و ڕەشبین، لەگەڵ برایانی ئیسلامی خەریکی ڕاکێشانی ڕێڕەوی شۆڕش بەرەو کۆمەڵگەیەکی تەوحیدیی (سۆسیالیستی) بوو، کارێک کە تا ئەوکات بەپێی ئەزموونی ئێراق و سووریە و ئەلجەزاییر و لیبیا لە مەیدانی واقیعدا تووشی شکست ببوو. وەک دەڵێن تاقیکردنەوەی تاقیکراوە هەڵە بوو. کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بە ماهییەتی دژە دێموکراتیک و دژە کۆمۆنیستییەکەی تەنانەت بەپێی تیۆردارێژییەکانی حیزب، هەلومەرجی پێویستی وەک «ئامادەیی بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی گەل لەگەڵ هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگە، پێکهێنانی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و ئەنجامدانی ڕیفۆرمی بنەڕەتی» بۆ گرتنەپێشی ڕێگەی گەشە ناسەرمایەداری نەبوو. لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی تەنانەت ئامادەی جێبەجێکردنی یاسا پەسندکراوەکانی خۆی وەک یاسای ئیسلاحاتی زەویوزار ناسراو بە بەندەکانی «ج» و «د» شی نەبوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرییەکەی هەرگیز ئامادەی

پێکهێنانی بەرەی هاوبەش لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران تەنانەت لەژێر ڕێبەرایەتیی ئیمامیشدا نەبوو. بە بۆچوونی ڕێبەرایەتیی و دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی کە ئاڵاهەڵگری دروشمی «نە شەرقی و نە غەربی» بوون، جیاوازیی و دژایەتییەکیان لەنێوان ئیستکباری شەرقی بە ڕێبەرایەتی شوورەوی و ئیستکباری غەربی بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا نەبوو. پێڕەوی لە تیۆری «ڕێگەی گەشەی ناسەرمایەداری» و «ڕێبەریی دیموکراسیی شۆڕشگێڕی» لەژێر ڕێبەرایەتیی ئیمام و خۆشبینیی ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕش، بە پێچەوانەی ویستی ئەوان سەرەنجام شکستی شۆڕش، سەرکوت و کوشتاری بەکۆمەڵی جیابیرانی ئێرانی، ژینۆسایدی نەتەوەی کورد و تیرۆری ڕێبەران و کادرەکانی و لەکۆتاییدا قوربانی بوونی ڕێبەران و کادرەکانی حیزبی توودەی ئێران و ڕەتکردنەوەی شوناسی سیاسی و مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ـ کرێکاری وئایدۆلۆژیای مارکسیزم لەژێر ئەشکەنجەکانی دژە مرۆییانەی لێ کەوتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو ڕێبازە باسکراوە، سیاسەتی حیزبی توودەی ئێران لەپێوەندیی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ کۆمەڵە، شکڵی گرت. حیزبی توودەی ئێران بە جەختکردنەوەی بەردەوام لەسەر مافی خودموختاریی کوردەکان و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد، لەگەڵ قووڵبوونەوەی زیاتری ناکۆکییەکانی هێزە سیاسییەکانی کورد و کۆماری ئیسلامی، لە ڕیزی بەرگریی لە کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستا. بەربڵاویی هێرشە سیاسییەکانی حیزبی توودەی ئێران بەتایبەت بۆسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر زیاتر لە ئۆرگان و بڵاوکراوە فەرمیی - دەوڵەتییەکانی ئێران بوو. بە وابەستە نیشاندانی حیزبە کوردییەکان بە دەوڵەتی عێراق، دەنگۆی یارمەتیی ٩ میلیۆن دۆلاریی ناتۆ بە «باندی قاسملوو» و هاندانی بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ جیابوونەوە، بەشێک لەو سیاسەتە بوو. ئەم حیزبە سەرەڕای ئەوەی خۆی لەبەردەم تۆمەتگەلێکی زۆر لەلایەن هێزە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەگری مێژوو و سیاسەتەکانی حیزب بۆ نموونە بەرنامەی وابەستەبوونی بە یەکیەتیی سۆڤیەت و ک.گ.ب و شکایەت لە تۆمەتە بێبنەما و بێبەڵگەکانیان بوو، بێترس خەریکی تۆمەت و بوختان هەڵبەستنی بێبنەما و بێبەڵگە بۆ حیزب و لایەنە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە بوو و ئەوانی بە بەستراوە بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ناتۆ و بەعس لەقەڵەم دەدا. بێشک لە ڕەوتی شەڕی چەکدارانەدا هەر هێزێک پێویستیی بە پشتی جەبهە و دروستکردنی پێوەندیی بۆ دابینکردنی پێداویستییە ماڵییەکانی خۆی دەبێ کە ئەمە بە مانای یاسای وابەستەیی و بەکرێگیراویی نیە. حیزبی توودەی ئێران خۆی بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەهۆی لە تاراوگە بوون و هەبوونی پێوەندیی توندوتۆڵ و نزیک لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی تری سۆسیالیستی یارمەتی ماددیی و مەعنەوی لە «حیزبە براکانی» وەردەگرت. لەلایەکی دیکەوە بە لەنێوچوونی ڕێژیمی بەعسی عێراق و بەڵگە بەدەسکەوتووەکان هەروەک دوکتۆر مەحمود عوسمان سیاسەتمەدار و پەرلەمانتاریستی کوردیش دانی پێداناوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ شانازیی بە مێژووی پرشنگداری خۆیەوە بکا کە سەرەڕای هەبوونی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراق هەرگیز سیاسەتەکانی بەدژی حیزبە کوردستانییەکانی ئێراق یان لە خەتی سیاسەتەکانی ڕێژیمی بەعسدا نەبووە. (٢) ئەم ڕاستییە ڕوونە بێگومان ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ کۆمەڵەش دەگرێتەوە.

- حیزبی توودەی ئێران لە ساڵانی دوای شۆڕش بەکردەوە ڕۆڵێکی گێڕا کە دوور لە سیاسەتی حیزبێکی چەپی دێموکراتیک بە ڕێبازێکی سەربەخۆ بوو. حیزبی توودەی ئێران بێترس، تەواوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە چرکەساتێکدا و بەپێی بەرگریی یان دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لە سەفی شۆڕش یان دژەشۆڕش دادەنا و ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە خۆی شایەتی هەرچی زیاتر کەمبوونەوەی ئازادییەکانی دوای شۆڕش تەنانەت لەپێوەندیی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران و، هاوکات بەهێزبوونی هەرچی زیاتری هێزە سەرەڕۆکان لە ئێراندا بوو. دەبا ئەرکی حیزبی توودەی ئێران نەک خەبات بەدژی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، بەڵکو خەبات بەدژی ڕێژیمی تیرۆر و زەبروزەنگ بووایە، بەڵام سیاسەت دانەرانی ئەوکاتی حیزب، بەرگریی لە کۆماری ئیسلامییان وەک هێڵی سوور بە پێوەری شۆڕش و دژەشۆڕش بوون دانابوو، کارێک کە داوێنی خودی ئەوانیشی گرتەوە و واقعییەتەکانی ڕۆژگار ئەوانیشی کێشایە پشت میلەکانی بەندیخانە و ژێر پەتی سێدارە و هەر وەک شێعرەکەی بێرتۆلت برێشت «کاتێک بۆ گرتنی ئەوان هاتن، ئیتر هیچکەس بۆ بەرگریی ئەوان نەمابۆوە». بەڵێ، خودی ئەوان بوونە قوربانیی پیلانەکانی پاسدارانی ئیسلامێک کە بە وتەی نووسەرانی «نامە مردم» وەک ئەستێرە لە ئاسمانی ئینقلابدا درەوشانەوە! لێرەدا بۆ ئەوەی لە گۆترە قسەمان نەکردبێ، چاوێک بە سیاسەتی حیزب بە پشت بەستن بە ئۆرگانی ڕەسمی حیزب «مردم» و «نامە مردم» و « پرسش و پاسخ». ەکانی دوکتۆر کیانووری، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران دەخشێنینەوە.

- حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندان و گەڕانەوەی ڕێبەرانی لە تاراگەوە دەفتەری خۆی لە زۆربەی شارەکانی ئێران بێجگە لە کوردستان کردنەوە. ئەم حیزبە لە ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ نزیکەی حەوت مانگ دوای شۆڕش، دەسپێکی چالاکیی ئاشکرای خۆی لە کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.(٣) لە ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبەدا وێڕای ئاماژەدان بە مێژووی خەباتی ح.ت.ا و بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد، ڕەخنە لە ئاراستەگۆڕینی ڕێبەرانی حیزب لە پێش و لەدوای شۆڕش گیرابوو. لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو: «بەداخەوە هێندێک لە هاوڕێ کوردەکان هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی چالاکیی لەژێر کاریگەریی لادانی مستەفا بارزانی و دەسوپێوەندە دەرەکییەکانی دیکە ئاراستەیەکی نادروستیان لە سیاسەتی نێوخۆیی و گشتیی گرتۆتەبەر و پشتیان لە پێکهێنانی حیزبێکی سەرانسەری بۆ چینی کرێکاری ئێران کرد و چ لە ساڵانی چالاکیی لە دەرەوەی وڵات و چ دوای ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی محەمەدڕەزاشای پەهلەوی و دەسپێکی چالاکیی ئاشکرا، ڕێگەیەکیان هەڵبژارد کە لە ڕێڕەوە گشتییەکەیدا، جیاوازیی لەگەڵ ئەو ڕێبازە هەبوو و هەیە کە حیزبی  توودەی ئێران لەو سەردەمە و لە ئێستاشدا بە دروستی زانیوە و دەزانێ»(٣)

سەرنەکەوتنی حیزبی توودەی ئێران لە ڕاکێشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی ئەیالەتی ئەو حیزبە لە کوردستان لەگەڵ دیتنی «شوێنپێی دەستوپێوەندە دەرەکییەکان» لەو حیزبەدا و کێشەکانی کوردستان تا کاتی کۆتایی هێنان بە چالاکییەکانی نیوە ئاشکرای ئەو حیزبە لە ڕێبەندانی ١٣٦١ لەلایەن برا پاسدارەکانەوە درێژەی هەبوو.  حیزبی توودەی ئێران لە ڕاگەیاندراوەکان و... خۆیدا بەکردەوە تا ئەو کاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ «لبیک»ی بە پەیامەکەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران نەگوت، ناوێک لەو حیزبە نابا. پێنج ڕۆژ دوای دەرکردنی بەیاننامەی «چالاکیی ئاشکرای حیزبی توودەی

ئێران لە کوردستان» بە ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی بەدژی خەڵکی کورد لە ٢٧ی گەلاوێژ، لەگەڵ بە نایاسایی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن شووڕای ئینقلابی ئیسلامی لە ٢٨ی گەلاوێژ، هەروەها بە»حیزبی شەیتان» (٤) ناوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن خومەینی لە ٢٩ی گەلاوێژی ٥٨ (٥) و هاندانی خەڵک لە دەرەوەی کوردستان بە دانی دروشمی «حیزبی دێموکرات لە خۆڵ و خوێن وەردەدەین» لەشکری ئیسلام لەڕێگەی عەرز و ئاسمانەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان، شار و گوندەکانی کوردستانیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی سوور کرد و بە دەیان کەسی بێتاوانیان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و بۆ نموونە ئەندامانی خودی حیزبی توودەی ئێران ( ئازەرنوش مەهدەویان و حوسێن شیبانی لە ١٨ی گەلاوێژی ٥٨ لە کرماشان (٦) و ناسر سەلیمی (٧) لە ٣١ی گەلاوێژی ٥٨ لە سنە) بە بڕیاری دادگا چەند خولەکیەکانی شۆڕش تیرباران کران. لەلایەکی دیکەوە بە کۆمەڵکوژیی خەڵکی کورد لە ئاوایییەکانی قارنێ، قەلاتان و ئیندرقاش لەژێر ئالای ئیسلام «تل زەعتەر»ی کوردستانیان پێک هێنا. ئەم هێرشە لەگەڵ بەرگریی سێ مانگەی حیزبە کوردستانییەکان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە و هەروەها ڕێکخراوی چریکە فیدایییەکانی گەلی ئێران - تەشکیلاتی کوردستان) و پشتیوانیی خەڵک ڕووبەڕوو بۆوە. دەرهاویشتە و ڕەهەندەکانی ئەم کارەساتە بە ڕادەیەک بوو کە حیزبی توودەی ئێران لە وتارێکدا لەژێر ناوی «لە کوردستان دەبێ دژەشۆڕشی واقیعی بناسرێ» (٨) خوازیاری کۆتایی هێنان بە دادگاکانی شۆڕش لە کوردستان، ئاگربەستی دەسبەجێ و وتووێژ لەگەڵ خەڵکی کوردستان و شۆڕشگێڕانی کورد بوو بەبێ ناوهێنان لەو حیزبانەی ئەو شۆڕشگێڕانەیان تێدا کۆ ببوونەوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە و فیدایییەکان کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم بەرەنگارییەیان پێک هێنابوو، بەڵام حیزبی تودەی ئێران ئامادەی قبوڵکردنی ئەو ڕاستییە ئاشکرایە یان ڕاگەیاندنی لە چاپەمەنی و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا نەبوو، بەڵکوو بەردەوام باسی لە وتووێژ لەگەڵ «خوشک و برا کوردەکان» دەکرد نەک ئەو حیزبانەی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کوردیان دەکرد. پارادۆکسی حیزبی توودەی ئێران لەوەدابوو لەلایەک باسی «خوشک و برا کوردەکان» و خوێنی پێشمەرگەکان و وتووێژ لەگەڵ ئەوانی دەکرد و لەلایەکی دیکەوە ڕوو بەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەیگوت: «ئێمە دەزانین دەژشۆڕش کارەساتی کوردستانی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام ئێوە بۆچی دابینکردنی داخوازییە ڕەواکانی گەلێکی ستەملێکراو بە سەرکوتی دژە شۆڕش دەبەستنەوە؟» (٩)

## سەرچاوەو ڕوونکردنەوەکان:

١- دوکتۆر کیانووری لە یەکێک لە پرسیارو وڵامەکانی پێی وایە کە «لەسەدا هەشتای خەڵکی ئێران پشتیوانی لە ڕێبازی ئیمام خومەینی دەکەن»، پرسش و پاسخ شمارە ٧، اردیبهشت ماه ١٣٥٩، ص ١٨

٢- نورەددین کیانووری لە یەکێک لە پرسیار و وڵامەکانیدا ئاماژە بە بەشداریی بۆلشەویکەکان لە ڕووداوی یەکشەممەی خویناوی پێترۆگراد پیش شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕووسیا دەکا کە « لەلایەن قەشەیەکەوە کە بەهەڵکەوت سەر بە پۆلیسی تەزاری بوو نەک بۆ ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی خەباتی زەحمەتکێشان بەڵکو بۆ ئامادەکردنی پیلانێکی خویناوی بەدژی ئەوان وەرێخرابوو، بۆلشەویکەکانیش سەرەڕای باوەڕ بە هەڵەبوونی ئەم خۆپێشاندانانە، چونکە زۆربەی کرێکارەکانی پێترۆگراد بەدوای قەشەکەوە بوون، بەشدارییان لەم خۆپێشاندانەدا کرد. ناوبراو لەم پێوەندییەدا بەم نموونە مێژوویە دەگاتە ئەو ئەنجامەی: «کەوایە ئەرکی بۆلشەویکەکان چ بوو؟

باشتر بوو لە قەراخ ڕاوەستن و دواتر بڵێن: بینیتان ئێمە گوتمان دەتانکوژن؟ نا. بۆڵشەویکەکان لە تەواوی ئەم خۆپیشاندانانەدا بەشدارییان لەگەڵ خەڵک کرد و لەگەڵ ئەوانیش کوژران... ئەگەر بۆلشەویکەکان بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکاندا نەکردبایە و تەنیا گوتبایان ئێمە ڕێبەرین، وەرن ڕێبەرایەتی ئێمە قبووڵ بکەن، تووشی هەڵەیەکی گەورە ببوون. هەربۆیە ئێمە پێمان وایە کە پیادەکردنی ڕیبەرایەتی یان بەدەسهێنانی تەنیا لە هەلومەرجی بەشداریی چالاک لە خەباتی گەلدا ئیمکانی هەیە. پرسش و پاسخ ٦، بهمن ماه ١٣٥٨، ص ٧.

٣- پێویستە بگوترێ لە هەمان کاتدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وابەستەبوون بە عێراق تۆمەتبار دەکرا، لەگەڵ هێرشی ئەرتەشی عێراق بۆ ئێران لە خەرمانانی ٥٩، ئەم حیزبە بە دەرکردنی ڕاگەیانراوێک ئەم هێرشەی مەحکووم کردو لە حاڵەتی قبووڵکردنی مەرجەکانیان لەلایەن حکوومەتی ئیسلامی، ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریی لە شەڕ بەدژی عێراق ڕاگەیاند. بۆ وێنە لەو بەیاننامەیەدا هاتووە:» ئێمە ئەم هێرشە بۆ سەر وڵاتەکەمان بە هەنگاوێکی پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان دەزانین. ئەگەر ئایەتوڵڵا خومەینی یان سەرۆک کۆمار ٦ ماددەی پێشنیارکراوی ئێمە لەپێوەندیی لەگەڵ خودموختاری قبووڵ بکەن، بە ڕەسمی ڕایبگەیەنێ، هەروەها ئەو هێزانەی کە لە شارەکانی کوردستان بڵاو کراونەوە بۆ پادگانەکان بگەڕێنرێنەوە و جاش و پاسدارە غەریبەکان لە کوردستان بچنەدەرێ، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو عەقڵ و تێگەیشتن لەنێو هێزە دەسەڵاتدارەکاندا زاڵ بێ و پێشنیارەکانمان قبووڵ بکەن، نەتەنیا هێرشە نیزامییەکانی خۆمان بەدژی ئەرتەش و پاسدارەکان ڕادەگرین، بەڵکو شانبەشانی ئەوان بۆ بەرگریی لە سنوورەکانی وڵاتەکەمان گیانی خۆمان فیدا دەکەین». وەها هەڵوێستێک لە پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ گەلانی ئێران، ڕێکخراوە دێموکراتیک و خەباتکار و هێز و کەسایەتییە ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرەکان کە لە ژمارە ٥٩ی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرماوەزی ٥٩دا چاپ کرا، جارێکی دیکە دووپات کراوەتەوە. پەنجا ساڵ خەبات، کورتەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، لاپەڕی ٢٨٤، جەلیل گادانی، چاپی موکریانی، هەولێر.

٤- مردم شماره ٥٢ ـ ٢٢مرداد ٥٨

٥- مردم شماره ٥٢. ٢٢مرداد ١٣٥٨

٦- یەکێک لەو مەیدانانەی کە حیزبە کوردستانییەکان بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد گرتبوویانەبەر، بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بوو. لە یەکەمین هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خیبرەگان دوکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو بەشداریی کرد، توانی دەنگی پێویست بۆ چوونە مەجلیس بەدەست بێنێ. بەڵام بە هێرشی سپای ئیسلام بۆ کوردستان لە گەلاوێژی ٥٨ و «مفسد فی الارض» دانانی دوکتۆر قاسملووو بە «حیزبی شەیتان» ناونانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خومەینییەوە، بەکردەوە یەکێک لە ڕێگاکانی بەشداریی کوردەکانی ئێران بۆ خستنەڕووی مەسەلەی کورد لە مەجلیسو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی، لەوان وەرگیرایەوە. پێویستە بگوترێ لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای میللی کە لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە بەشدارییان کرد. چەند ڕۆژ پێش ئەو هەڵبژاردنە، لەلایەن حکومەتی ئیسلامییەوە، هەڵبژاردن لە شارەکانی سنە، دیواندەرە و کامیاران هەڵوەشایەوە. ئەم هەنگاوە لەگەڵ ناڕەزایەتی خەڵکی کورد ڕووبەڕوو بۆوە. لە مەریوان حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران لەڕێگەی پەیوەندیی گرتن بە بنی سەدر، سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئێران خوازیاری بە فەرمی ناسینی هەڵبژاردنەکانی ئەو شارە بوون.

٧- www.rahe-haghighat.blogfa.com/post/4

٨- مردم، شماره ٥٧ ـ ١٢ مهرماه ٥٨.

٩- کتاب شهیدان حزب توده ایران ص

لە ژمارە ٦٣٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٤

------------------------------------------

## حیزبی توودەی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران دا

(١٣٥٧ - ١٣٦١)

### بەشی چوارەم و کۆتایی

«لبیک»وتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پەیامی ئیمام بۆ خەڵکی کوردستان، پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ هەیئەتی نێردراوی دەوڵەت، پێشنیاری گەلاڵەی جۆراوجۆر لەلایەن هەیئەت و دواتر گەلاڵەی ٦ ماددەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناردنی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دیتنی خومەینی و بنی‌سەدر و هێندێکی دیکە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هەوڵانە بوون کە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد دران. هەوڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران و هەروەها دانی گەلاڵەی جۆراوجۆر بۆ وێنە پێشنیارگەلێک بۆ تەکمیلی گەلاڵەی «خودگەردانیی کوردستان» بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد ڕووبەڕوو بۆوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرنجدان بە شوناسی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی خۆیان نە «بالقوە» و نە «بالفعل» توانایی چارەسەری ئەم مەسەلەیان نەبوو و باوەڕیان بە مافە سیاسییەکانی گەلانی ئێران نەبوو. ئەوان زیاتر لە فکری بەدەستهێنانی کاتی زیاتر بۆ پێکهێنانی دووبەرەکی و لاوازکردنی هێزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە و هێرشی دووبارە بۆ کوردستان لە کاتی گونجاودا بوون. ئیددیعای بنی سەدر، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران، لە بانەمەڕی ئەو ساڵەدا لەسەر ڕازیبوونی دەوڵەت و ڕێبەرایەتیی شۆڕش لەگەڵ گەلاڵەی شەش ماددەیی (پێشنیاری حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە هێندێک گۆڕانکاریی ناسراو و ئاشکرا تێنەپەڕی. بنی سەدر لە وتارەکەی خۆیدا ڕاگەیاندنی ئەم گەلاڵەیەی بە دانانی چەک لەلایەن کوردەکانەوە بەستەوە. حیزبی توودەی ئێران لە زۆربەی ژمارەکانی «نامە مردم» دا خوازیاری کۆتایی هێنان بە «شەڕی براکوژی» لە کوردستان بە بڵاوکردنەوەی گەلاڵەی دەسکاریکراوی شەش ماددەیی لەلایەن دەوڵەت بوو، کارێک کە هەرگیز دەوڵەت جێبەجێی نەکرد. بە سەرنجدان بە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێوەندیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، حیزبی توودەی ئێران

ئەمجارە زیاتر نووکی هێرشەکانی خۆی لە پێوەندیی لەگەڵ تێکهەڵچوونە نوێیەکانی کوردستان لە بانەمەڕی ٥٩ بۆ لای کۆمەڵە ڕادەگرت، ئەوانی بە هاندەری دەسپێکردنەوە و پەرەسەندنی شەڕ دەزانی (١٩) و سەرەڕای ئاماژەگەلێک کە لە «نامە مردم»دا بۆ ڕۆڵی پاڵنەرە شەڕ هەڵایسێنەرەکانی هەر دوو لای دەکرد، کۆمەڵەی وەک فاکتەری سەرەکی و» گروهەکی شەڕفرۆش و دژە شۆڕش» دەناساند کە بە پێڕەوی کردن لە «ئامانجە شەیتانییەکان»ی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئاگری شەڕی لە کوردستان بەرپا کردووە». (٢٠)

هاوکات ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران - لقی کوردستان - و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامی هاوبەشی خۆیان لە سێهەمی جۆزەردانی ٥٩ بۆ «گەلی قارەمانی ئێران و هێزە پێشکەوتنخوازەکان» وێڕای ئاماژە بە ئاگری شەڕی داسەپاو لە کوردستان و ڕۆڵی سەرەکی بەرێوبەرە شەڕهەڵایسێنەرەکان لە دەسەڵاتدا، بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی هێزە دژە ئیمپریالیستەکانی وڵاتەکەمان و پێشگرتن لە شەڕی براکوژی لە کوردستان داوایان لە بەنی سەدر کرد بیروڕا ڕیفۆمخوازییەکەی دەوڵەت سەبارەت بە شەش بنەمای خودموختاریی پێشنیارکراو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاگەیاندنی ئاگربەست و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووریی لەسەر کوردستان بۆ کرانەوەی کەشوهەوای پێویست بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان» بە ڕەسمی ڕابگەیەنێ. حیزبی توودەی ئێران وێڕای بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامە لە ژمارە ٢٤٦ی «نامە مردم» لە ٨ی جۆزەردانی ٥٩دا، لەسەر داوای غەنی بلووریان ڕایگەیاند»لە تاوتوێکردنی ڕیشە و بکەرەکانی سەرلەنوێ هەڵایسانەوەی شەڕی براکووژی لە کوردستان بۆچوونی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ بۆچوونە ڕاگەیاندراوەکانی نێو پەیامە باسکراوەکە وەکیەک نییە». حیزبی توودەی ئێران لەڕاستیدا بە شێوەی «دایی جان ناپلیۆن»انە بەردەوام بەدوای شوێن پێی پیلانی ئیمپریالیزم و دەسوپێوەندەکانی سەر بە ئەو لە مەسەلەکانی کوردستاندا دەگەڕا.

بێشک لە کاتی شەڕە نێوخۆییەکاندا، دەستوپێوەندەکانی سەر بە ڕێژیمی ڕووخاوی شا دەیانتوانی و دەیانویست لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن، بەڵام بوونی وەها کەسانێک زۆر کەم بوو، نەیدەتوانی هۆکاری سەرەکی ئەم ڕووداوانە و نیشاندەری ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان بێ. ئاوڕدانەوەیەکی دووبارە لە پێشهاتەکانی کوردستان دەری دەخا کە سەرەڕای هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران ـ ڕێکخستنی کوردستان ـ و داواکاریی و هەوڵە بەردەوامەکانی حیزبی توودەی ئێران بۆ ڕاگەیاندنی فەرمیی گەڵاڵەی شەش ماددەیی دەسکاریکراو، هەرگیز حاکمییەتی ئێران ئامادەی ڕاگەیاندنی ئەو گەڵاڵەیە نەبوو، درێژەی بە هێرش و کوشتارەکانی لە کوردستان دا. کارێک کە لە کۆتاییدا بوو بە هۆی درێژەکێشانی شەڕ لە کوردستان و کارەسات و ماڵوێرانییەکانی دواتر. لەڕاستیدا ئەمە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بوون کە سەرەڕای دەربڕینە درۆیینەکانی خۆیان خەریکی ئاڵۆزکردن و کێشە سازکردن بۆ کوردستان و سەرکوت و کوشتاری جیابیران بوون. بۆ دەسەڵاتداریتیی بناژۆخوازی ئیسلامیی ئێران بوونی هێزە دێموکرات و جیابیرەکان لە کوردستان و تەشەنەسەندنی ئەم داواکارییە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران نەیدەتوانی شتێکی دڵخواز بێ. چونکە پێکهێنانی حکوومەتە خودموختار یان خۆبەڕێوەبەرەکان، کۆمەڵگە بەرەو دوورکەوتنەوە لە ناوەند و بە کردەوە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی فیدراڵ پاڵ پێوەدەنێ کە ئەمەش دژایەتی لەگەڵ بیرو بۆچوونە ناوەندگەراو دەسەڵاتخوازانەکەی ڕێبەرانی ئیسلامی، کە ئامادەی قبوولکردنی هێزە جیابیرەکان نەبوون، هەبوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەر چەشنە داخوازیی

خودموختاری سەقامگیریی کۆمەڵگەو یەکپارچەیی ئێران و یەکگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی تووشی مەترسی دەکرد. کەواتە تەنیا ڕێگەی چارەسەری وەها کێشەگەلێک، فریودان، پیلانو فێڵاکردن، پێکهێنانی ناکۆکییو دووبەرەکی لەنێو هێزە جیابیرەکانی کۆمەڵگە و سەرکوتی هەرچەشنە هاوارێکی ئازادیخوازانە لە وڵاتدا بوو، کردەوەیەک کە کۆماری ئیسلامی هەرگیز لە بەکارهێنانیدا تەنەخی نەکردووە.

درێژەکێشانی شەڕ لە کوردستان، هێرش و کوشتاری خەڵک لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئیسلامی، بێمتمانەیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە دەوڵەت، بوو بە هۆی توندتربوونی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسیو پێکهاتنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» بە پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران لە ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٥٩. ئەم جیابونەوەیە لە سەردەمێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کەڵکی لە تەواوی شێوازە نامرۆییەکان بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کورد وەردەگرت، بوو بەهۆی لاوازیی ئەم بزووتنەوەیەو لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانیو بە لاڕێدابردنی بەشێکی گەورە لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد و لە کۆتاییدا سەرکوتی خودی ئەوان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە.(٢١) ئەم جیابوونەوەیە لەگەڵ خۆشحاڵیی حیزبی توودەی ئێرانو لە سەرەوەشیدا دوکتۆر کیانووری ڕووبەڕوو بۆوە. دوای ئەم جیابوونەوەیە هەڵسوکەوتەکانی دوژمندارانەی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر توندتر بۆوەو گەیشتە لوتکە، بە شێوەیەک کە «نامە مردم» بووبە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی هێرشو بوختانو تۆمەت بۆ هەڵبەستنی ناڕەوا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. حیزبی توودەی ئێران لە بڵاوکراوەکانیدا وەک «لاتولووت» و «بەکرێگیراوانی بەعس»، «باندی قاسملوو»، «جیرەخۆرانی ناتۆ» و کۆمەڵەی سیاساختە» ناوی دوکتۆر قاسملوو و هەزاران پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی دێنا کە لە بەرامبەر هێرشەکانی هێزە چەکدارو سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەرگرییان لە ئازادییو مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی خۆیان دەکرد. پێوەری هەموو ئەم تۆمەتانەش قورس بوونی پێگەو ئێعتباری حیزبی توودەی ئێران بوو. لێرەدا بە پشت بەستن بە «نامە مردم» ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەو تۆمەتانە دەکەین:

- قاسملوو لەمێژە لەپێوەندیی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ناتۆو بەعسی ئێراق کار بەم پیلانە شومەی دەکا. هۆلەند بە نوێنەرایەتی ناتۆ و بوودجەکەی ٩ میلیۆن دۆلاری بۆ «ئازادیی گەلی کورد» و «دەستەبەربوونی مافەکانی» لە ئیختیار ئەو ناوە. (٢٢) وەها ئیددیعایەک هیچکات نە لەلایەن حیزبی توودەی ئێران و نە لەلایەن دامەزراوە نێوخۆییو دەرەکییەکان نەسەلمێنرا. سەرنجڕاکێش ئەوە کە، دەوڵەتی ئەمریکا بەهۆی هەڵوێستە چەپەکانی دوکتۆر قاسملوو تا پێش تیرۆرکردنی ناوبراو بە دەستی دەسوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیز ئامادە نەبوو ویزای سەفەر بۆ ئەمریکا بدا بە دوکتۆر قاسملوو.
- لە کۆتاییەکانی پووشپەڕی (نزیکەی ٢٨ی مانگی پووشپەڕ) قاسملوو لە شوێنێک بەناوی «قەڵادزێ» دیالۆگ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ «بەختیاری خائین» هەبووە... بێشک قاسملوو ئەم بەکرێگیراوەی بەعسی عێراق، ناتۆ و ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە ڕەزیلانە درۆ لەگەڵ گەلی کورد دەکاو خەنجەری جینایەت لە پشتەسەرییەوە تیژ دەکا، چارەنووسێکی باشتر لە بەختیار و محەمەدڕەزا و ... نابێ. (٢٣)

- بەپێی زانیارییەک کە بە دەستمان گەیشتووە، لە ڕێکەوتی ٢٥ - ٢٠ی بانەمەڕی ٥٩ لە نزیک گوندێک بەناوی هەڵەبجە لە عێراق، لە پەنا ناوچەیەکی سەربازی لە خانوویەکی لە بتوون دروستکراو، شێخ عوسمانی نەقشبەندی، نوێنەری قاسملوو، سدیق کەمانگەر نوێنەری کۆمەڵە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئووەیسیو پالیزبان و ئەشرەف کردووە. (٢٤)

نـاکۆکیی سیاسیی حیزبـی تـوودەی ئێـران لەگەڵ حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـرانو کـۆمەڵە، ئـاڵۆزبوونی بـارودۆخی کـوردە توودەییەکـان لە کوردستان، گرتنو زینـدانی کردنی ئەوان لەلایەن حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە لەلایەک (٢٥) و بەرتەسکبوونەوەی مەیدانی چالاکییە ئاشکراکانی حیزبی توودەی ئێران - تەشکیلاتی کوردستان - و گیرانی ئەندامانی لەلایەن هێزە ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامی، قەدەغەکرانی بڵاوبوونەوەی «نـامە مردم» و... لێکەوتەوە. کوردە توودەییەکـان سەرەڕای بـڕواو ئیمانیـان بە مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـی نەتەوەکـانو چارەسـەری ئاشـتییانەی مەسـەلەی کـورد لە ئێـران، بە سـەرنجدان بە سیاسـەتەکانی حیزبـی تـوودەی ئێـرانو بەرگری لە کۆمـاری ئیسلامیی ئێران، هەرچی زیـاتر لە کـۆمەڵگەدا گۆشەگیربوون، حـاڵەتی «مریشکی بووک و سەرەخۆشی»یان بەخۆوە گرتبوو.

درێژەدانـی سیاسـەتی داکـۆکی لە کۆمـاری ئیسـلامی لەلایەن حیـزب تـا کـاتی هێرشـی سپای پاسداران بـۆ سەر ڕێبەرایەتییەکەی لە ڕێبەندانی ١٣٦١ نە تەنیا کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران دانا، بەڵکو خەسارێکی جیددیی بە ئێعتبارو پرستیژی مێژوویی ئەو حیزبە گەیاندو بەکردەوە بوو بەهۆی شکستی سیاسەتەکانی، گرتن، ئەشکەنجەو ئێعدامی بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی، کادر و ئەندام و لایەنگرەکانی. ژیانی سیاسی بەپێچەوانەی خۆشبینییە گوماناوییەکـانی ڕێبەرایەتـی حیزبـی تـوودەی ئێران سەبارەت بە ڕێبەریی «لێبڕاو و پڕ لە زانـایی و لێزانیـی ئیمـام خومەینی» لەسەریەک نادروستبوونی سیاسـەتەکانی ئەوانـی نیشان دەدا.(٢٦)

ڕێبەریی حیزبی توودەی ئێران لە سالی ٦١ بەسەرنجدان بە ڕاپۆرتگەلێک کە لە سەرچاوە جیاوازەکـانەوە پێی دەگەیشت و سەرەڕای ئەزمـوونی چـوار سـاڵ سـەرکوت و خنکانـدنی دەنگـی هێـزە جیابیرەکـان لە ئێـرانو دانـان بە «ئەگەری سـووڕان بـۆ ڕاسـت» لە دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی، هێرشی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر حیزب و لە ئاکامدا ڕاوەدوونانو گرتنـی کـادرو ئەنـدامانی، هەروا گەشبینـانە لە چاوەڕوانی جێبەجێبوونی «یاسای حیزبەکان» لە ئێران مایەوە، بەکردەوە ئەندامانی حیزبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیو دەسپێکی چالاکیی نهێنی ئامادە نەکردبوو، کەئەمە بوو بەهۆی دروستبوونی خەیاڵاتو گومان لەنێو ئەندامانی حیزب لە پێوەندیی لەگەڵ داهاتووی ڕوونی سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێران دەرهەق بە کۆماری ئیسلامی.

بە شکسـتی سیاسـەتی «یەکگـرتنو ڕەخنەگـرتن» و هێرشـی هێـزە ئەمنییەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی لە دوو قۆنـاغدا (ڕێبەنـدانی ٦١ و بانەمەڕی ٦٢) بۆ سەر ڕێکخراوە حیزبییەکانی لە سەرانسەری ئێران و دەسپێکردنی گرتنو ڕاوەدوونانی ئەنـدامانی، کادرەکـانی حیزبـی تـوودەی ئێـران لە ئێـران بەگشـتیو لە کوردسـتان بەتـایبەتی، دەبـوایە بەدوای سـەرپەنایەکدا بگەڕێـن بـۆ ئەوەی لەلایەن هێـزە

ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ماوەیەک لەوەپێش بە بەشێک لە هێزە دروستو وەفادارەکانی شۆڕش دەهاتنە ئەژمار، تووشی گرتن، ئەشکەنجەو ئێعدام نەبنەوە. (٢٧) لە وەها بارودۆخێکی هەستیاردا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی «ڕادیۆ دەنگی کوردستان» ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی توودەییەکان ڕاگەیاند. ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب لەگەڵ بنەماڵەکانیان بە هیممەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ شوێنە هێمنەکانی کوردستانی عێراق گوێزرانەوە.
بەشێکی زۆر لە ئەندامو کادرەکانی حیزبی توودەی ئێران ـ تەشکیلاتی کوردستان ـ ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەم ـ و ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران زۆرینە (ئەکسەرییەت) - تەشکیلاتی کوردستان ـ لەگەڵ هێرشی هێزەکانی سپای پاسدارانو بە هەڵوشاوە ڕاگەیاندنی حیزبی توودەی ئێرانو پێکهێنانی شانۆی تەلەویزیۆنیی بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران کە لەژێر ئەشکەنجە نامرۆییەکاندا ناچار بە پەشیمانیو ڕەتکردنەوەی حیزبو دنیابینیی مارکسیزم کرابوون، ڕەوانەی کوردستانی ئێراق بوون، لە مەقەڕەکانی حیزبی کۆمونیستی عێراق جێگیربوون. ئەوان زیاتر لە چوار ساڵ لە دژوارترین بارودۆخدا بە هیوای ڕێکخستنەوەی نوێو ئەگەری دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان لە چاوەڕوانیی بڕیارەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێراندا مانەوە. بایەخ نەدانی ڕێبەرانی حیزب بە چارەنووسی ئەم کەسانە، بێکاریگەر بوونی ڕێبەرایەتی کە تێکەڵ بە قووڵبوونەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکان و جیابوونەوە بەردەوامو بێزارکەرەکان لە حیزبی توودەی ئێراندا بوو، بەرەبەرە بوو بە هۆی گەڕانەوەی ئەو کەسانە بۆ ئێران، چوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت یان وڵاتانی ئورووپایی. سەرەنجام نزیک بە تەواوی کادرو ئەندامەکانی ڕێکخراوی ئەیالەتی حیزبی توودەی ئێران - تەشکیلاتی کوردستان - لە دەرەوەی وڵات بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٩ بە فەرمی ڕەخنەیان لە هەڵوێستەکانی ئەو حیزبە لەپێوەندیی لەگەڵ ئێرانو کوردستان گرت، ڕیزی خۆیان لە حیزبی توودەی ئێران جیا کردەوە. لە بەشێک لەو ڕاگەیاندراوەدا کە ڕوو بە خەڵکی بەشەڕەفی ئێرانو نەتەوەی خەباتگێڕی کورد بوو، هاتووە:

«ئێمە ئەندامانی حیزبی توودەی ئێران، چ پێڕەوانی پێشووی کۆنگرەی چوار و چ ئەندامانی کوردی ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کوردستاندا، کە لە سیستمێکی بوروکراتیکو بە دوور لە ڕاستەقینەکانی نوێی ژیان دەژیان و لەژێر کارتێکەردنی سیاسەتو کردەوەی هەڵاوییەکانی حیزبی توودەی ئێراندا بووین، چ بە تێکرایی و چ بە تاک تاک، بە نۆرەی خۆمان، خۆ بە هاوبەش و بەرپرسی هەڵەکانی حیزب لە مەڕ مەسەلەی گشتی شۆڕشی ئێران و بەتایبەتی مەسەلەی کورد دەزانین.»(٢٨) بە دەرکردنی ئەم ڕاگەیاندراوە نەمران غەنی بلوریانو محەمەدئەمین سیراجیش کە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی توودەی ئێران بوون، بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک پشتیوانییان لەم حەرەکەتە نارەزایەتییە کرد و لە حیزبی توودەی ئێران هاتنەدەر. (٢٩) بەم شێوەیە زۆربەی کادرو ئەندامانی ڕێکخراوی ئەیالەتی حیزبی توودەی ئێران ـ کوردستان کە بەزۆری لە دوای شۆڕشی ٥٧ بە باوەڕ بە سۆسیالیزمو هیوادار بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد چووبوونە نێو حیزبی توودەی ئێران، وێڕای ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە هەڵوێستەکانی ڕابردوو، بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە حیزبی توودەی ئێران و ڕێبازە سیاسییەکەی کرد.

## سەرچاوەو ڕوونکردنەوەکان:

١٩- پرسش و پاسخ ٩ (١٩).

٢٠- نامە مردم شمارە ٢١١، ٢٦ فروردین ٥٩

٢١- نامە مردم شمارە ٢٢٥، ١٤ اردیبهشت ٥٩

٢٢- نامە مردم شمارە ٢٢٨، ١٧ اردیبهشت ٥٩.

٢٣- سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چواریش سەرەڕای پشتیوانی ئەوان لە ئینقلاب، پێش بە چالاکییەکانیان لە کوردستان گیرا، ئەندامانیان تووشی ئازار و ڕاوەدونان و تەنانەت گیران و

ئێعدام بوونەوە. ئەمر ناسر خۆشکەلام ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چوار بوو کە لە ساڵی ٦١ گیرا و لە ٤ی بانەمەڕی ٦٢ لە شاری بانە گوللەباران کرا.

٢٤- نامە مردم شمارە ٢٧٨، ١٨ تیر ١٣٥٩

٢٥- نامە مردم شمارە ٣٠٥، ٢٠ مرداد ٥٩

٢٦- نامە مردم شمارە ٣١٥، ٢ شهریور ٥٩

٢٧- بەپێی وتەی حیزبی توودەی ئێران ئەمر مستەفا شاروێرانی و ناسرهاشمی لە ئەندامانی تەشکیلاتی کوردستانی حیزب لەلایەن کۆمەڵە تیرۆر کران.

٢٨- ئیحسان تەبەری لە «کورە آزمون تاریخ» ڕوو بە هێندێک لە کۆمەڵە بە ئیستلاح چەپەکان بە لێبڕاوییەوە دەڵێ:« ژیانی سیاسی نیشانی داوە کە بەپێچەوانەی ڕەشبینی هێندێک لە کوڕ و کۆمەڵە بە ئیستلاح چەپەکان کە پێیان وابوو ئێمە لەژێر ڕێبەرایەتی نوێنەرانی وردە بورژوازییەکی دواکەوتوو داین و هەربۆیە تەنیا بەرەو فاشیزم دەڕۆین (!) بەپێچەوانەی کەسانێک کە لەلایەنی چەپەوە پێشبینیی ئێمەیان لەبارەی لایەنە پێشکەوتووەکانی ڕێبازی سیاسی ئیمام نەدەبینی، ڕووداوەکان بە هەموو هەورازو نشێوییەکانیانەوە، لەسەریەک دروستیی پێشبینییەکانی ئێمەیان دەرخستو ئێستا هیوادارین کە هەر ئەم پێش بینی کردنە دروستانە لە ساڵی داهاتووش نیشان بدا. نوشتەهای فلسفی اجتماعی، جلد دوم ص ٢٨٨، چاپ دوم ١٣٨٥، انتشارات حزب تودە ایران.

٢٩- دوای هێرشی سەرانسەریی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر حیزبی توودە ئێران و گرتنی ئەندامانی تەشکیلاتی کوردستان، ئەمران حەسەن قزڵجی، عەلی گەلاوێژ، ڕەزا شەڵتوکی، مورتەزا باباخانی، کەسرا ئەکبەری کوردستان، حەمید موسس غەفاری، تاهیر ئیمامی پوور و یاروەیسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

٣٠- لێکدابڕان، پێداچوونەوەیەک بە سەرچۆنێتی پێکاتنی پێرەوانی کۆنگرەی چوار، حوسین بەخشی، لاپەرەی ٩١. ٩٠

٣١- سەرچاوەی پێشوو.

لە ژمارە ٦٣٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

------------------------------------------

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ - ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## د. کامەران ئەمین ئاوە*: دابڕانە بێ پسانەوەکانی "کۆمەڵە و دیموکرات" ڕەوتی پێکهێنانی بەرەیان ئاڵۆزتر کردوە.

**سازدانی: زاگرۆس پۆست**

لە ماوەی رابردوو ژمارەیەک هەڵسوڕاوی سیاسیو مەدەنی لە بەیاننامەیەکدا داوایان لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد تا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ. یەکێک لە واژۆکارانی ئەو بەیاننامەیە نووسەر و روناکبیر "د. کامەران ئەمین ئاوە" یە. زاگرۆس پۆست بە پێویستی زانی سەبارەت بە پرسی پێکنەهاتنی بەرەو گرنگی ئەم پرسە ئەم دیمانەیە لەگەڵ د. کامەران ساز بکات.

**زاگرۆس پۆست:** کاریگەرییەکان لە بوون یاخود نەبوونی بەرەیەک بۆ کاری هاوبەشی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بارودۆخی ئێستای کوردستان و ناوچەکە چۆن دەبینیت؟

**د. کامەران:** بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بە خێراییەکی بێ وێنە لە یەک دوو ساڵی ڕابردوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیی پاش هێرشی داعش بۆ باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و بەرەنگاریی بێ وێنەی کوردەکانی ئەو دوو بەشەو هاوکاریی و پشتیوانی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەم ڕەوتەدا کراوە، هەروەها سەرکەوتنی ئەم دواییەی هـا. د. پ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکییە، بە جیهانی بوونی کێشەی کورد و ڕەنگدانەوەی ڕەچاونەکراوی خەباتی گەلی کورد لە میدیاو بیروڕای گشتیی، دەوڵەتەکان و پەرلمانی ئەورووپا و ئەمریکا و بووژانەوەو بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداویستیی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی هێزەکانی سیاسیی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر لە هەر کاتێکی دیکە وەکو ئەرکێکی گرینگ خۆێ دەنوێنێ. ئەگەر ئێمە سەیری کاردانەوەی هێرشی داعش بۆ کوردستان و خۆپیشاندانەکان و پشتیوانی بێ وێنەی ماددی و مەعنەویی کوردەکانی نیوخۆی وڵات لە ئیلامەوە هەتا کوردەکانی دانیشتووی تاران، هەروەها شەپۆڵی بەردەوامی لەسێدارەدانی کوردەکان و خۆپیشاندانی خوێناویی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵی شاری مهاباد و گیانبەختکردنی تەلاج و گیرانی دەیان ڕۆڵەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتیی بکەین، دەبینین هەستو ئاگایی نەتەوەیی لە ئاستێکی فرە بەرزەو پێویستە بۆ بە هێزکردن و پەرەسەندنی

ئەم هەست و جوڵانەوەیە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا هەنگاوی پێویست بۆ پێکهێنانی بەرە یاخود هەرچەشنە هاوپەیمانییەک هەڵێنن و لە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان کە کەمیش نین یەک کەون و هێزەکانیان بخەنە پاڵ یەکتر. بێگوومان پێکهاتنی هەرچەشنە بەرەیەکی بەرفراوان نە تەنیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ئاستی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێ، بەڵکوو دەتوانێ کاردانەوەی ئەرێنیشی لە گشت کوردستان و جیهان ببێ و بە یەکدەنگی و بە هەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەش سەرنجی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا بۆ کێشەی کورد لە ئێران ڕابکێشێ. تا کاتێک هێزەکانی ئێمە ئاوا لەیەک دابڕاو و دوور بن و ئامادەی هاوکاریی پێکەوە نەبن، نابێ چاوەڕێ ئەوەی بین کە نەتەنیا لە ئاستیی جیهانی بەڵکوو لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان و هەڵسوکەوتی ئەوان و و هێزو لایەنەکانی باشور و باکوور کە بە پێێ بەرژەوەندیی خۆیان پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی ئێران هەیە بایەخێکی شیاو و ئەوتۆ بە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن. بە داخەوە ئێمە لەم یەک دوو ساڵی ڕابردوودا زۆرجار شاهیدی سوکایەتیکردنی بەشێک لە ڕێبەرانو میدیای کوردیی لە باشوری کوردستان بە حیزب و جوڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بووین تا ئەو ڕادەیەی کە، کاتێک لە زۆرینەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی کورد بە چەشنێکی جەماوەریی لەسەر شەقامەکان بوون و دەکەوتنە بەر زەبر و هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەری حکومەتی ئیسلامی و سەرەرای تەواوی بەربەستەکانی دەسەڵاتداران و سەرکوتکەرانی حکومەتی تاران یارمەتیی بەرچاویان بۆ قوربانییەکانی شەنگالو کۆبانی کۆدەکردەوە، لە کاتێکدا مانگ نەبووە ئێمە شاهیدی شەپۆلی لەسێدارەدان و گرتنی ڕۆڵەکانی کورد نەبین، لەسەر شاشەی تەلەویزیۆن باسیان لە نەبوونی بزوتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دەکرد. ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە کاریگەرییەکی نەرێنیی لە نێوبیروڕای گشتیی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و دەبێ و ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە یەکگرتوو نین و زۆرتر لەوەی کە سەرقاڵی ڕێکخستنی هێز و توانایی خۆمان بۆ خەباتی دژ بە حکومەتی ئیسلامی ئێران بین، سەرقاڵی تاوانبارکردن یەکترو دابڕان و دوورکەوتنەوە لەیەکترین.

**لێرەدا دەکرێ بەشێک لە کاریگەرییەکانی پێکهێنانی بەرە یەکگرتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم چەشنە گەڵاڵە بکرێ:**

- پێکهێنانی هەرچەشنە بەرەیەک دەبێتە هۆی بە هێزترکردنی هەستی نەتەوایەتیو بەرزکردنەوەی ئاستی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یاریدەدری ماددی و مەعنوویی بە بزوتنەوەی مەدەنییو سیاسیی کوردەکانی نێوخۆی وڵات دەدا.

- پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی ڕاهاتن و کارامەیی حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمە لە کاری هاوبەش، خۆڕێکخستن و ئامادەکردنی ئێمە وەکو هێزێکی یەکگرتوو لەبەرامبەر هەرچەشنە ئاڵوگۆڕی لەنەکاو لە ئێران، هەبوونی هەڵوێستی هاوبەش لە بەرامبەر تاران بۆ وەدی هێنانی ماڤی خۆچارەنووسی کوردو بەرگریی لە هەر چەشنە ناکۆکیی، چەندبەرکیی و تەنانەت شەڕی ناوخۆیی کە دەتوانن هۆی لاوازکردنی بەرەی کورد و بە هێزکردنی هێزەکانی دژبە کورد بن.
- پێکهێنانی بەرە دەبێتە هۆی قورسایەتیی حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەهەر چەشنە ئیئتلاف و هاوپەیمانییەک

لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەتیی لە ڕەوتی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و... هتد.

- پێکهێنانی بەرە پێشگیریی لە سەرکەوتنی پیلانەکانی حکومەتی ئیسلامی بۆ دووبەرەکی خستن لە نێو حیزبەکانی کوردستانی دەکات و کاتێک پێویست بە هەر چەشنە دانیشتن و دانووستانێک لەگەڵ هەر حکومەتێک بۆ وەدی هێنانی ویستەکانی گەلی کورد لە ئێران بێ، کوردی ڕۆژهەلات بە یەکدەنگی و پلاتفۆرمی هاوبەش دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لەم ڕەوتەدا بگێرێ.

- لە ئاستی جیهانیشدا بەرەی یەکگرتووی کوردی ڕۆژهەلات بە پێکهێنانی لۆبی یا هەرچەشنە نوێنەرایەتییەک لە دەرەی وڵات دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو بۆ وەدەسهێنانی پشتیوانی ماددی و مەعنوویی دەوڵەتەکان و بیرو رای گشتیی و... هتد بگێرێ. و... هتد.

**زاگرۆس پۆست**: زاگرۆس پۆست: دروستکردنی بەرە لەناو حیزبەکانی رۆژهەڵات بابەتێکی تازە نیەو سەرەڕای هەوڵو دروشمێکی زۆر تا ئێستا هەر لەچوارچێوەی ئەو دروشمانەدا ماوەتەوەو بەکردار دەرنەهاتووە. هۆکارەکەی لەچیدا دەبینن؟

**د. کامەران**: لەوەدەچێ پێکنەهاتنی بەرە دوو هۆکاری سەرەکیی بێ:

**یەکەم**. نزمبونی فەرهەنگی کاری هاوبەشیی لە نێو هێزەکانی کوردستانی بە تایبەتیی و هێزەکانی ئێرانی بە گشتیی. ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە مێژووی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا بدەینەوە، دەبینین نە تەنیا لە نێو ئێمەی کورددا، بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیشدا فەرهەنگی کاری هاوبەشیی لە نێو هیزە سیاسییەکاندا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. لە سەرەتای دەیەی ٢٠ی هەتاویی سەدەی پێشووە هەتا ئێستا چەند بە نێو بەرەیەکی ئێرانی پێکهاتووە کە زۆرتر لە ئاستی نووسینی ڕێکەوتننامە بووە یان بە هۆی هێژمۆنی لایەنێک، قەتیس ماوەتەوە و ڕەنگدانەوەیەکی بە هێزی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات نەبووە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە "بەرەی یەکگرتووی حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران" لەساڵی ١٣٢٥ی هەتاویی لە نێوان حیزبی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان، فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، حیزبی سوسیالیست و حیزبی جەنگەڵ؛ پێکهاتنی "شورای میللی و مقاومەت" (١٣٦٠ی هەتاویی) کە بە هۆی پاوانخوازیی موجاهیدین زۆرتر لەوەی کە بەرەیەک بێ، ڕێکخراوەی سیاسیی ئەوان لە دەرەوەی وڵات بۆ کارو باری دیپلماسی و هتد... یان بووە، هەروەها "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران"(١٣٨٤ی هەتاویی) و "سازمانی کۆماریخوازەکانی ئێران" (١٣٩٠هەتاویی) بکەین. ئەم حاڵەتە لە نێو حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەوەش لاوازترە. بۆ وێنە"شاندی نوێنەرایەتیی گەلی کورد" (١٣٥٨ی هەتاویی) بە هۆی ناتەبایی هێزەکانی پێکهێنەری نەیتوانی بنەمایەک بۆ نزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بێ. ڕێکەوتنی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"یش(١٣٩١ی هەتاویی) نە تەنیا نەبوو بە بناغەیەک بۆ نزیککردنەوەی هێزەکانی دیکەی سیاسیی کوردستان، بەڵکوو نەیتوانی ئەو ئەرکانەی کە بۆخۆی دیاریی کردبوو بە جێی بێنێ و کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی نووسینی

یەک دوو بەیاننامە و دانیشتن و سەردانی ئەم دوو حیزبە لە بنکەکانی یەکتر قەتیس مایەوە.

**دووهەم**. دابڕانە بێ پسانەوەکانی "کۆمەڵە و دیموکرات" لە دوو سێ دەیەی ڕابردوو و پێکهاتنی چەندین ڕێکخراوە بە ناوی هاوڕێز، دەرکردن و جیابوونەوە و بێ متمانەیی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوانە، ڕەوتی نزیکبوونەوەی هێزەکانی کوردستانی و پێکهێنانی بەرەیان ئاڵۆزتر کردوە. کاتێک ئەم هێزانە لە نێوخۆیاندا تووشی قەیرانی ڕێکخراوەیی و ئیدئۆلۆژیی بن و بەشێکیان نەیانەوێ تەنانەت هەبوون و ناوی یەکتر بە فەرمی پێناسە بکەن، بێگوومان بۆیان ئاسان نییە کە هەنگاوی پێویست بۆ لەیەک نزیکبوونەوە هەڵێنن. لێرەدایە کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی قوربانیی بەرژەوەندیی و پاوانخوازیی حیزبیی یاخود تاکەکەسیی دەبێ. ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئەم ڕەوتە داناوە و دایدەنێ، هەرچەند بەشێک لەم ڕێکخراوانە بە ڕەواڵەت باسی یەکگرتن و هتد .. دەکەن بەڵام لە کردەوەدا بە هۆی ناتەبایی نێوخۆیی بەربەستێکن لە ڕەوتی پێکهاتنی بەرە یان هەر چەشنە هاوپەیمانییەک.

**زاگرۆس پۆست**: ئیئتلاف یان هاوپەیمانی دوو حیزبی ڕۆژهەڵات، بۆ نمونە ئەمەی ئێستا لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستاندا هەیە، چ کاریگەرییەکی نەگەتیڤ یا خود پۆزەتیڤی هەیە؟ ئایا ڕێگاخۆشکەرە بۆ پێکهێنانی بەرە یاکوو لەمپەرێک لەبەردەم دروستکردنی بەرە یان چەترێکی هاوبەش بۆ کاری هاوبەشی حیزبەکان؟

**د. کامەران**: بە داخەوە ئەم ڕێکەوتنە نە تەنیا نەیتوانی ببێتە ڕێخۆشکەرێک بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆر بوو بە هۆی دڕدۆنگی و دوورکردنەوەی زۆرتری هێزەکان لە یەکتر. ئەم ڕێکەوتنە لە لایەن زۆربەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان و تەنانەت دۆستانی ئێرانی خۆشیان پێشوازیی لێنەکرا و کەوتە بەرهێرشی پانئێرانیستەکانی ئێرانی بە بیروباوەڕی جۆراوجۆرەوە، تا ئەو ڕادەیە کە ئەوانیان بە خەیانەت بە بەرژەوەندیی و تەواوەتیی ئەرزیی ئێران و جیاییخوازیش تاوانبارکرد. زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وابوو کە ئەم دوو باڵەی کۆمەڵە و دیموکرات دەیانەوێ ڕوو بە هێزەکانی ئێرانیی خۆیان وەکو نوێنەری سەرەکیی و ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنن و حیزبەکانی دیکە بخەنە پەراوێزەوە. ئەمەش نەیدەتوانی لە لایەن ئەوانەوە پێشوازیی لێ بکرێ. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی فرە حیزبیی بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتیی بە هۆی هەبوونی چەندین ڕێکخراوە بە نێوی کۆمەڵە و دیموکرات لەوەناچێ نە تەنیا هێزەکانی کوردستانی بەڵکوو ئێرانی و کۆمەڵانی خەڵک لەو باوەرە بن کە ئەم دوو حیزبە بە تەنیایی دەتوانن نوێنەری بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بن. ئەم دوو ڕێکخراوەیەوە سەرەرای واژووکردنی ئەم ڕێکەوتنامەیە تا ئێستا کارێکی جیددی هاوبەشیان لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی نەکردوە و زۆرتر سەرقاڵی کێشەکانی نێوخۆیی بوون. لەم حاڵەتەدا لەوەناچێ ئەم ڕێکەوتنە وەکو هەنگاوێکی سەرکەوتوو پێناسە بکرێ یاخود بتوانێ چەترێک بێ بۆ نزیککردنەوەی هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**زاگرۆس پۆست**: وەک ئەزمونی باشوری کوردستان دەڵێت، دروستبوونی بەرە لەم بەشەی کوردستان بەبێ ڕێکەوتنی پارتیو یەکێتی وەک دوو حیزبی سەرەکی باشور دروست نەدەبوو، پێتوایە ئەم ئەزمونە دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دووپات بێتەوە؟ ئەگەر وایە

**ئەو دوو لایەنە کێن؟**

**د. کامەران**: پێش هەموو شتێک ئێمە دەبێ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ باشوری کوردستان لەباری ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگیی و سیاسیی لە ئاستێکی دیکەدایە و سیستێمی خێڵەکی لەمێژە بە مێژوو سپاردراوەو گۆڕەپانی ملمڵانی دوو بنەماڵە یاخود خێڵ نییە، کە وابوو لەوەناچێ کە ئەزموونی باشور بتوانێ وانەیەک بۆ ئێمە لە ڕەوتی پێکهێنانی بەرە بێ. لەلایەکی دیکەوە لەم قۆناخەدا من پێم وانیە ئێمە وەکو باشوری کوردستان دوو حیزبی سەرەکیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم کرد ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە کۆمەڵگایەکی فرە حیزبی و قۆناخی یەک یان دوو حیزبی لەمێژە تێپەرکردووە، لە لایەکی دیکەش ئێمە ئەمرۆ دوو حیزبی دیموکرات و پێنج کۆمەڵەمان هەیە. کام یەک لە دیموکراتەکان یاخود کۆمەڵەکان دەتوانن بیسەلمێنن کە هێزی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن؟ پێوەریان بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە چێیە؟ ئایا بە پێی مێژووی ڕابردوو دەکرێ ڕاستییەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاڵوگۆڕەکانی نیو ئەم دوو حیزبە و سەرهەڵدانی حیزب و ڕێکخراوەکانی مەدەنی - فەرهەنگی دیکە لە نێوخۆو دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشت گوێ بخرێ؟! بەڵام سەرەرای ئەوەش ناکرێ ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین کە هیچ بەرەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ بەشداری دیموکرات و کۆمەڵەکان ناتوانێ پێک بێ یاخود کاریگەریی لە ژیانی سیاسیی گەلی کورد بێ. ئەم دوو ڕەوتە سەرەرای تەواوی ئاڵوگۆڕەکانی سیاسیی و ڕێکخراوەییان لە دوو دەیەی رابردوودا، ئێستاش بەشێکی بە هێز لە بیرو ڕەوانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتن و کاریگەریی چارەنووس سازیان لە داهاتووی ژیانی سیاسیی کورد دەبێ.

**زاگرۆس پۆست**: زاگرۆس پۆست: ڕۆڵ و ئەرکی روناکبیران و هەڵسوڕاوانی سیاسی سەربەخۆ لەم پرسەدا چۆن دەبینن. ئایا ئەو توێژە دەتوانن ڕۆڵی ئەهرومی فشار بگێڕن بۆ پێکێنانی بەرە؟

**د. کامەران**: زۆربەی ڕوناکبیرانو هەڵسوڕاوانی سیاسیی سەربەخۆ، چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە تاراوگەدا بەدڵسۆزیی و بەرپرسایەتییەوە دەروانە ئەم مەسەلەیە. هەر وەکو بۆخۆشتان ئاگادارن لەم دواییانەدا داواکارییەک لە لایەن ٨٠ کەس لە هەڵسوڕاوانی سەربەخۆی سیاسیی - مەدەنیی ئاراستەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا و بە خۆشییەوە ڕەنگدانەوەیەکی باشی کە سەر ماڵپەرەکانی بەشێک لەم حیزبانە بوو و بە چەشنی جوراوجۆر پێشوازیی لێکرا. بەڵام ئەمە هەنگاوێکی سەرەتاییە و پێویستە کەسایەتیە سەربەخۆکان هەوڵی خۆیان بە چەشنی جۆراوجۆر بۆ هاندانی حیزبەکان بۆ پیکهێنانی بەرەو کاری هاوبەش بدەن.

بێگوومان بە هۆی ئەو خاڵانی کە پێشتر باس کران ئەمە کارێکی هاسان نییە، بەڵام بەرپرسایەتی و بەرژەوندیی نەتەوەیی ئەو پێداویستییە دەخاتە بەر تەواوی حیزب و کەسایەتییە سەربەخۆکان. ئەمرۆ بە پێی گەشەسەندنی زانست و تێکنیک; هەبوونی تلەویزیۆنەکانی کوردستانی، تۆری ئینتێرنێت و ماڵپەری جوارجۆر و تۆری فەیسبووک و هتد... پێوندییگرتن لەگەڵ یەکتر زۆر هاسانتر بۆتەوە و دەکرێ بە نووسینی بابەتی جۆراوجۆر، گرتنی سمینار و کۆبوونەوە و بڵاوکردنیان لە سەر تۆری ئینتێرنێت و

تلەویزیۆنەکان گوشار بخرێتە سەر حیزبەکان، بەڵام کاردانەوەی ئەم کارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا چ ڕادەیەک ڕێز لە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و کەسایەتییەکانی دەگرن و بایەخ بە بیروڕای ئەوان دەدەن.

* د. کامەران ئەمین ئاوە: لە ساڵی ١٣٤٢ هەتاویی لە شاری بۆکان لە دایک بووە، تا پلەی دوازدەی لە شارەکانی بۆکان و تەورێز خوێندووە و لە ساڵی ١٣٧٤هەتاویی دیپلۆمی پزیشکیی لە مینسک پایتەختی بلاروس وەرگرتووە. د. کامەران ئێستا لە ئاڵمان کاری پزیشکیی دەکا و پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناوە. هەروەها لە بواری پزیشکیی و سیاسیی - کۆمەڵایەتییدا چەندین کتێب و بابەتی جۆراوجۆری بە کوردیی و فارسیی نووسیوە یاخود وەریگێڕاوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٥

---

## بەربەستەکانی پێکهێنانی بەرە:

"کۆمەڵە و دیموکرات دەیانەوێ حیزبەکانی دیکە بخەنە پەراوێزەوە".

سازدانی: ڕۆژهەڵات نیوز

**ڕۆژهەڵات نیوز:** بەرای بەڕێزتان پێکهێنانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆقوناغی ئیستا تا چەند گرنگە؟

**د. کامەران:** لە مێژە کۆمەڵگای ئێمە پێویستیی بە پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کورد هەیە، بەڵام بە هۆگەلێ جۆراوجۆر وەکو پاوانخوازیی، سەروەریی بەرژەوەندیی تاکە کەسیی و تاکە حیزبیی، قەیرانی سیاسیی و ڕێکخراوەیەیی و لێکدابرانی بێ‌پسانەوەی نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیی، هەروەها نزمبوونی فەرهەنگیی کاری سیاسیی هاوبەش لە چەشنی بەرە، تا ئێستا پێکهاتەیەکی وەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکنەهاتووە و ڕێکخراوەکان نەیانتوانیووە لە دۆر چەند خاڵێک کۆبنەوە و کارێ هاوبەش بکەن. سەرەرای ئەوانەش ئەم پێداویستییە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە:

* ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناخی تاک حیزبی تێپەرکردوە و بە پێی بوونی ڕێکخراوە و بیروڕای جۆراوجۆر هیچ حیزبێک بە تەنیایی ناتوانێ کاریگەریی سەتاوسەتی بۆ وەدی هێنانی ئاوات و ئامانجەکانی کورد واتە ماڤی چارەی خۆنووسین بێ.

* حکومەتی ئیسلامیی ئێران بە پێکهێنانی بەرەی ئاشکار و شاراوە لە تەواوی توانای خۆی بۆ پەراوێزخستنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زەبر لێدان لەوان و لاوازکردنی بزوتنەوەی کورد کەڵک وەردەگرێ، واتە نوێنەرانی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتیش پێویستە لە تەواوی بوارەکاندا هێزو توانای خۆیان وەپاڵ یەک بخەن، بۆ پوچەڵ کردنی پیلانەکانی دوژمنی هاوبەش و بەهێزترکردنی بزوتنەوەی کورد تێبکۆشن.

* ئێمە پێویستییمان بە جیهانی کردنی کێشەی کورد و کۆکردنەوەی هاودەنگیی و پشتیوانیی بیروڕای گشتیی، پەرلەمانی ئەوروپا و ئەمریکاو هتد... هەیە. تا کاتێک ئێمە هاودەنگ نەبین ناتوانین ڕای ئەوان بەرەو خۆمان ڕابکێشین. لە بارودۆخی ئێستادا فاکتۆری دەرەکیی کاریگەرییەکی زۆری لە بە هێزکردن بزوتنەوەکانی نێوخۆیی، هەروەها لە پەراوێزخستنی حکومەتی ئیسلامیی ئێران هەیە.

* پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کود تەنانەت لە ئاستیی نێوخۆیی (کوردستان) دەبێتە هۆی قورسایی و بە هێزترکردنی کوردی ڕۆژهەڵات. لێکدابران و دوورکەوتنی حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمە بۆتە هۆی ئەوەی کە تەنانەت دۆستانی خۆشمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بایەخێکی وەها بە ئێمە نەدەن. هەڵسوکەوتی حیزبەکانی باشوور و باکور لە کاتی ئامادەکاریی بەرەی یەکگرتووی کورد یاخود شێوەی پێوەندیی ئەوان لەگەڵ حکومەتی ئێران و لەبەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاکامی ئەو وەزعەیە کە ئێمە تێدا قەتیس ماوینەتەوە.

**ڕۆژهەڵات نیوز**: هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەلات بەگرنگییەوە باسی بەرە دەکەن، ئەمەش تەنیا قسە بووە وبە شێوەی عەمەلی هەنگاوی بۆ نەنراوە،ئایا ئەمە پاردۆکس نییە لە نیوان قسە وکردەودا؟

**د. کامەران**: ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بە داخەوە سەرەرای ئەوەی کە جاروبار لایەنە سیاسییەکانی ئێمە لە قسەو باسەکانی خۆیان باسی پێکهێنانی بەرە و کاری هاوبەش دەکەن تا ئێستا کارێکی جیددیان لەم ڕەوتەدا نەکردووە. تەنانەت ڕێکەوتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە هۆگەلێک نە تەنیا نەیتوانیوە فاکتۆرێک بۆ کاری هاوبەش و ڕێخۆشکەرێک بۆ کوکردنەوەی لایەکانی دیکەی کوردستانی بێ، بەڵکوو تا ڕادەیەک گومانی لەسەر پاوانخوازیی ئەم دوولایەن زۆرتریش کرد و لە ئاستی هێزەکانی ئێرانیشدا کاردانەوەیەکی ئەرێنیی نەبوو.

**ڕۆژهەڵات نیوز**: ئایا جیابوونەوەی لایەنە سیاسییەکان بەربەستێکی سەرەکی نیە لە پێکهێنانی بەرە وپێکهێنانی دوو بەرە بۆ ڕۆژهەلات؟

**د. کامەران**: ئەوە یەکێک لە کۆسپەکانی پێکهاتنی بەرەیە. کاتێک حیزبە کوردستانییەکان تووشی قەیرانی سیاسیی و تەشکیلاتیی بن و توانایی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوخۆیییان نەبێ، بێگوومان ناتوانن لە ئاستێکی بەرزتر بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی

دیکە هەنگاوی پێویست هەڵێنن. بەشێکی زۆر لەوان هەر بەدەوری خۆیاندا دەخولێنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە هۆی ناکۆکی نێوخۆیی کە بەشێکی زۆرتر لەوەی کە هۆگەلی سیاسیی - بیروباوەڕیی واتە ئیدیۆلۆژیکی بێ هۆی کێشەی تاکەکەسیی و دەسەڵاتی هەیە باشترین کادرەکانی خۆیان لەدەس دەدەن، جا چ بە دەرکردن بێ و چ بە هۆی جیابوونەوەی خودی ئەم کەسانە.

**ڕۆژهەڵات نیوز: تاچەندە لایەنەکان گرنگی بە بەرژەوەندی نەتەوەی ڕۆژهەڵات دەدەن بۆ پێکهێنانی بەرە،یا بەرژەوەندی حزبی زاڵترە؟**

**د. کامەران:** هیچ گوومانێک لەوەی نییە کە تەواوی ئەو هێزانە دڵسۆزی گەلەکەیانن و لەم ڕەوتەدا ئامادەی هەرچەشنە فیداکارییەکن، بەڵام زۆرجار، کاتێک ڕێکخراوەیەک بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە تاراوگە جێگیر دەبێ و پێوەندییەکی راستەوخۆ و ئۆرگانیکی لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگای خۆی نابێ، بە هۆی جۆراوجۆر تووشی قەیرانی سیاسیی - ڕێکخراوەیی نیوخۆیی دەبێ و لە ئاکامدا بەرژەوەندیی تاکەکەسی و حیزبی جێگای بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەگرێتەوە. بەداخەوە ئەم نەخۆشییە لە مێژە داوێنی بەشیک لە حیزب و کەسایەتییەکانی ئێمە گرتۆتەوە و کۆسپێکی گەورە لە پێکهێنانی بەرە یان هەر چەشنە هاوپێمانییەکە.

**ڕۆژهەڵات نیوز: ئایا دەستی دەرەکی کاریگەری نییە لە پیکهێنانی بەرە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**د. کامەران:** من زۆرتر لەوەی کە دەستی دەرەکی لێرەدا وەکو فاکتۆرێک بۆ پێکهێنان یاخود پێکنەهێنانی بەرە لەبەرچاو بگرم(هەرچەند دەتوانێ بێ کاریگەریش نەبێ) هۆی نێوخۆیی گرینگتر دەزانم. دەنا بوون لە تاراوگە و نیازی ئابووریی و پیوەندیی لەگەڵ لایەنەکی دەرەکی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی ئەوان دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی لەم ڕەوتەدا بێ.

**ڕۆژهەڵات نیوز: ئایا ڕێکەوتنی دووقولی کۆمەلە ودیموکرات وبەشدار نکردنی لایەنەکانی دیکە کارێگەری نگەتیڤی نییە لەسەر پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵات؟**

**د. کامەران:** هەروەکو پێشتریش ئاماژەم کرد، بە داخەوە ئەم ڕێکەوتنە نە تەنیا نەیتوانی لە بواری سیاسیی و ڕێکخراوەییدا ببێتە هۆی کارێکی جیددی لە نێوان ئەم دوو هێزە، بەڵکوو تا رادەیەک کاردانەوەیەکی نەرێنیشی بوو. پێشاوپێش دەمەوێ ئاماژە بەم مەسەلەیە بکەم "کە پێکهێنانی هەر ڕێکەوتنێک لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە شتێکی باش و پیرۆزی دەزانم و یەک لەوان ئەم ڕێکەوتنەی نێوان حێزبی دیموکرات کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە". بەڵام ئەم ڕێکەوتنە نەیتوانێ ئەو ئەرکانەی کە لە پێش خۆی دانابوو بە جێی بێنێ. ئێمە لەم ماوەیەدا بێجگە لە چەند دانیشتنێک یاخود نووسینی یەک یان دوو بەیاننامەیەک، شتێکی وەهامان لەوان نەدیووە. لە لایەکی دیکەوە زۆربەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە گوومانەوە سێری ئەم ڕێکەوتنەیان کرد و پێشوازیان لێ نەکرد. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەم مەسەلەیە کە "واهاتە بەرچاو"

کە ئەو دوو باڵەی کۆمەڵە و دیموکرات دەیانەوێ ڕوو بە هێزەکانی ئێرانیی خۆیان وەکو نوێنەری سەرەکیی و ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنن و حیزبەکانی دیکە بخەنە پەراوێزەوە. ئەمەش نەیدەتوانی لە لایەن حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتەوە پێشوازیی لێ بکرێ، هەر چەند لایەن ئێرانییەکانیش کە وادەهاتە بەر چاوو کە دۆستیی ئەم دو بەشەی کۆمەڵە و دیموکرات بن، نە تەنیا پێشوازیان لێ نەکرد بەڵکوو بە هۆی خوو و بیروباوەڕی پانئێرانیستیان هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر و بە جیاییخوازیی تاوانباریان کردن، ئەوەش نیشاندەری ئەم ڕاستییە بوو و هەیە کە هێز پاوانخوازە ئێرانییەکان کە هەموو شتێک لە ڕوانگەی یەکپەتیی ئەرزی ئێرانەوە هەڵدەسەنگێنن لە باشترین حاڵەتدا کورد وەکو"مرزبان سلحشور" بۆ پاراستینی سنوورەکانی ئێران لەبەرچاو دەگرن، هەرچەشنە ویستێک کە لە بەرژوەندیی ئەواندا نەبێ بە جیاییخوازیی پێناسە دەکەن و یەکدەست و یەکدەنگ لەبەرامبەریدا ڕادەوەستن و بەرەیەک لە ڕاستی مەشرووتەخواز و شاپەرەستەکان هەتا چەپە شەرمەزارەکانی دۆنێ و کۆماریخوازەکانی ئەمرۆیی و هتد... دژ بەوان پێک دەهێنن. لێرەشدا ئەم مەسەلەیە پێمان دەسەڵمێنی کە ئێمە پێویستیمان بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان لە هێز وکەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە تا بە یەکدەنگی و هاوپشتی بۆ گەیشتن بە ماڤی خۆیان هەوڵ بدەن. ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە تەمرینی کاری هاوبەش نەکەین و خۆمان بۆ ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێران ئامادە نەکەین بێ گوومان ناتوانین کاریگەریی و ڕۆڵێکی باش و بەکەڵکمان لە ڕەوتی چارەنووسی داهاتووی گەڵەکەمان بێ و هەنگاوی کارا و پێویستی بۆ هەڵێنینەوە.

**ڕۆژهەڵات نیوز**: ئایا کۆمەڵەو دیموکرات وەک دووهیزی سەرەکی ڕۆژهەڵات بەربەستی سەرکی نین لە پێکهێنانی بەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**د. کامەران**: من پێم وایە دەتوانین بە چەشنێکی تر ئەم پرسیارە گەڵاڵە بکەین، بڵێی بێ کۆمەڵە و دیموکراتەکان بکرێ بەرەیەک پێک بێ؟ بە باوەری من نا! کۆمەڵە و دیموکراتەکان بە تەواوی باڵەکانیانەوە سەرەرای لێکدابرانو پێکهاتنی چەندین حیزبی دیکەش ئێستاش هێزی سەرەکی و مێژینەی کوردی ڕۆژهەڵات و کوڵەکەی هەر چەشنە بەرە و هاوپێمانییەکن. بێ ئەوان ناکرێ باسی پێکهێنانی بەرە بکرێ، بەڵام نەبوونی هاودەنگی نێو باڵەکانی کۆمەڵە و دیموکرات و ئامادە نەبوونیان بۆ کاری هاوبەش کۆسپێکی سەرەکیی لەسەر ئەم ڕێگایەدایە. تا کاتێک ئەم لایەنانە بەو قەناعەتە نەگەن کە پێکەوە کاری هاوبەش بکەن، ئێمە هیچ دەسکەوتێکمان نابێ و پێم وانییە بەم ئاسانییە بەرەیەک پێک بێ.

**ڕۆژهەڵات نیوز**: چۆن دەروانە داهاتووی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**د. کامەران**: زۆرجار "ئیجبار مەجبورمان دەکا" کارێک بکەین کە لەوە پێش نەمانکردوە یان پێمان خۆش نەبووە بیکەین. من پێم وایە ئەگەر لۆژیکێک لە ژیانی سیاسیی ئێمەی کورد بێ، ڕاستییەکانی ژیان درەنگ یان زوو ناچارمان دەکا لە دەوری چەند خاڵی هاوبەش کۆ بینەوە و پێکهاتە یان بەرەیەک پێک بێنین. ئەو هاوپێمانییە دەتوانێ لە ئاست چەند حیزب یاخود زۆرتر، هەروەها بە

مەبەستیی جۆراوجۆر بێ. من ناکرێ بڵێم بە تەواویی گەشبینم بەڵام سەرەرای ئەو کەمو کوڕییانە کە باس کرا ڕەشبینیش نیم.

---

* د. کامەران ئەمین ئاوە: لە ساڵی ١٣٤٢ هەتاویی ١٩٦٣ زایینی لە شاری بۆکان لە دایک بووە، تا پلەی دوازدەی لە شارەکانی بۆکان و تەورێز خوێندووە و لە ساڵی ١٩٩٥ی زایینیی = ١٣٧٤هەتاویی دیپلۆمی پزیشکیی لە مینسک پایتەختی روسیەی سپی واتە بلاروس وەرگرتووە. ئێستاش لە ئاڵمان کاری پزیشکیی دەکا و پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناوە. لە بواری پزیشکیی و سیاسیی - کۆمەڵایەتییدا چەندین کتێب و بابەتی جواروجۆری بە کوردیی و فارسیی نووسیوە یاخود تەرجەمەی کردۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات نیوز - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٥

---

## گرنگیی بەرەی یەکگرتووی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

### بۆ بەرە؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٢٤ هەتاویی = ١٩٤٥ی زایینی) تا پێش شۆرشی ٢٢ی رێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویی لە ئێران تەنیا حیزبی سەرەکیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. پاش شۆرش و بە تایبەتیی پاش پێکهاتنی کۆمەڵە بە فەرمی (١٣٥٧ هەتاویی = ١٩٧٨زایینیی) لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیەک بە ناوی "تەشکیلات" (١٣٤٨ هەتاویی = ١٩٦٩ زایینیی) و پاشان پێکهاتنی حیزبی کومۆنیستی ئێران (١٣٦٢ هەتاویی = ١٩٨٣ی زایینیی) و لێکدابرانەکانی نێو ئەم ڕێکخراوەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتیی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، هەروەها درووستبوونی چەند ریکخراوەی دیکە وەکو سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران(١٣٥٩ هەتاویی = ١٩٨٠ی زایینیی) پارتی ئازادی کوردستان(٢٠٠٦ی زایینیی) لەسەر بنەمای ڕێکخراوەیەک بە نێوی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان(١٩٩١ی زایینیی) و... هتد ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناخی تاکەحیزبی تێپەرکردو، بوو بە کۆمەڵگایەکی فرەحیزبی بە بیروڕای جێاوازەوە. بەم پێیە بێ لەبەرچاوگرتنی پانتایی نفووز و کاریگەریی ئەم حیزبانە دەتوانین ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین کە ئەمرۆ هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەک بۆی نییە خۆی بە تەنیا نوێنەری ڕاستەقینەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانێ. بە هۆی پاشەکشەی حیزبە کوردستانییەکان لە دەیەی ٦٠ی هەتاویی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری کوردستان و لێکدابڕانەکانی بێ‌پسانەوەی دوو ڕێکخراوەی کۆمەڵە و دێموکرات، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی ئەم حیزبانە پەرەوازەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوون و ئیتر بە هۆی بێ‌متمانەیی و دڵساردیی، هۆگری وەهایان بۆ هاوکاریی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە نییە، بە پێی بەشێک لە ئەزموونی ژیانی سیاسییان و کەمتر خەمیی و تەنانەت وڵامنەدانەوەی ئەم ڕێکخراوانە بە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و ئەندامانی خۆیان بۆ

یەکگرتنەوە یاخود پێکهێنانی بەرەی هاوبەش هەر چەشنە داواکاری و چالاکییەک لەم پێناوەدا بە شتێکی بێ سوود دەزانن. لەم دوایانەدا سەرەڕای بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی حدک و حدکا بۆ یەکگرتنەوە، بەخۆشییەوە سێ لایەنی "ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە"، "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان" و "کۆمەڵەی شۆرشگێر هێڵی یەکگرتن" لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدان و ئەمە بۆتە مایەی دڵخۆشیی دڵسۆزانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد وهیواداریین لە داهاتوودا ئەم ڕەوتە باڵەکانی دیکەی کۆمەڵەش، هەروەها هەر دوو باڵی حیزبی دێموکراتیش بگرێتەوە. ئەم ڕاستییە، واتە فرە حیزبیبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بێ کاریگەریی تەنیا حیزبێک لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی و سیاسییدا پێمان دەسەلمێنێ کە پێکهاتنی هەرچەشنە بەرە و نزیکبونەوەی ئەم حیزبانە بەیەکتر لە بەرژوەندیی نزیک و درێژخایەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە.

### گرنگیی پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە چیدایە؟

**یەکەم**: کاتێک حکومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ زەبر لێدان لە حیزبەکان و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی ڕۆژهەڵات لە تەواوی یارانی فەرمی و نافەرمی خۆی لە ئاستی جیاوازدا کەڵک وەردەگرێ، بێگوومان هێزەکانی دژبەری حکومەتی ئیسلامیی چ لە ئاستی جیهانیی، چ لە ئاستی سەرتاسەریی واتە ئێران و چ لە ئاستی کوردستاندا پێویستە هێز و توانایی خۆیان بخەنە پاڵیەک و بە پێکهێنانی بەرە یاخود هەرچەشنە هاوپەیمانیی و هاوکارییەک پەرە بە خەباتی خۆیان لە تەواوی بوارەکانی دژ بە حکومەتی ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانیان بدەن.

**دووهەم**: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی گۆڕانکاریی بووە، ڕووداوەکانی عیراق، ئەفغانستان، سووریە، هەروەها بە هێزتربوونی بزووتنەوەی مەدەنی لە تورکیە نیشان دەدات کە ئێرانیش فارس کوتەنی "تافتە جدا بافتە" نییە و درەنگ یان زوو بە هۆی قووڵتربوونی قەیرانی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی تووشی ئاڵوگۆڕی جیددی دەبێ. بێگوومان هێزەکانی کوردستانیش دەبێ بۆ ڕوبەڕوو بوون لەگەڵ هەر چەشنە ڕووداوێکی نەکاو و ڕەچاو نەکراو ئامادە بن تا بتوانن ڕۆلی خۆیان لە ڕەوتی وەدیهێنانی مافی خۆچارەنووسین بەجێ بێنن. هەر لەم ڕەوتەشدا پێکهێنانی بەرە و تەمرینی کاری هاوبەش یاریدەدەری چالاکیی و خەباتی ئەوان لە داهاتوو و تەنانەت پێشگیریی لە گرگرتنی جیاوازیی وچەندبەرەکیی یان شەڕی ناوخۆیی دەبێ.

**سێهەم**: ئەم هێزانە بە یەکبوون دەتوانن لە تەواوی بوارەکاندا هێزێکی "بالقوە و بالفعل" بن، واتە چ لە ڕەوتی بانگەواز و کۆکردنەوەی خەڵکی کورد بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی هێمنانەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداریی یاخود وتووێژ و دانوستان لەگەڵ ئەم حکومەتەدا نەخشێکی گرنگ و بەهێز بگێڕن.

**چوارەم**: ئەم هێزە لە ئاستی کوردستانیشدا بەیەکبوون دەتوانێ قورساییێکی زۆرتری بێ، بۆ وێنە ڕۆڵێکی جیددیتر لە پێکهێنان و داڕشتنی بەرنامە وسیاسەتەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە بێگوومان کاتێک کوردی ڕۆژهەڵات بە حیزب و

كەسایەتییەكانییەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەكانیان كە كەمیش نین، هاودەنگ و هاوتەبا بن، حكوومەتی هەرێم و هێزەكانی دیكەی كوردستانیش كاتێك بیانەوێ سەبارەت بە حیزبەكان و بزووتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و شێوەی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ حكوومەتی ئیسلامیی ئێران هەڵوێست بگرن، لەوەدەچێ پێش هەرچەشنە بڕیاردانێك، فیكرێكی زۆرتر لە سیاسەت و ئاكاری خۆیان ڕوو بە هێزەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بكەنەوە.

**پێنجەم**: لە ئاستی جیهانییدا بەرەیەكی یەكگرتووی كورد دەتوانێ وەكوو كۆی هێزەكانی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی كوردستان باشتر لە دەرفەتەكان بۆ كۆكردنەوەی هاودەنگی، وەدەسهێنانی یارمەتیی ماددیی و مەعنەویی دژ بە حكوومەتی ئیسلامیی ئێران چ لە ئاستی دەوڵەت و پەرلەمانی ئەورووپا و ئەمریكا و چ لە ئاستی بیرو ڕای گشتیی، میدیاكان و حیزبەكانی ڕۆژئاوایی كەڵك وەربگرێ.

**شەشەم**: ئەم بەرەیە بێگوومان كاریگەرییەكی بە هێزی لە گەشەسەندن و پەرەگرتنی بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵك لە كوردستانی ڕۆژهەڵات دەبێ، دەبێتە هۆی دڵگرمی ئەوان و كەسایەتییەكانی دەرەوەی وڵات. ئێمە دەبینین هەر كات حیزبەكانی ئێمە پێكەوە هەڵوێستێكی هاوبەشیان گرتووە، ئەمە لە لایەن خەڵكی كوردەوە بە دڵ و بە گیان پێشوازیی لێكراوە.

ئەمانە تەنیا كورتەیەك لە خاڵە هاندەرەكان بۆ پێكهێنانی بەرەی یەكگرتووی كوردی ڕۆژهەڵاتە. هیواداریین سەرەڕای بیروڕای جیاواز لە نێو حیزب و كەسایەتییەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، پێكهێنانی بەرە یان هەرچەشنە هاوپەیمانییەك ببێتە دروشمێكی سەرەكیی و هەوڵی جیددی بۆ بدرێ. بەشێك لە دۆستان و دڵسۆزان زۆرجار باس لەوە دەكەن كە هەوڵ وهەنگاوەكانی كەسایەتییە سەربەخۆكانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ نزیككردنەوەی ڕێكخراوەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە هۆی زاڵبوونی بەرژەوەندی تاكەكەسی و حیزبی كارێكی بێ سوودە و ئاكامێكی ئەرێنیی نابێ، بێگوومان سەرەڕای درووست بوونی ڕێژەیی ئەم بیرۆكەیە پرسیارێك دێتە پێش، ئەگەر ئەم حیزبانە پێكەوە تەبا بایەن بڵێی پێویست بەم چەشنە هەوڵانە بایە؟ ئێستاكە ئەم حیزبانە پێكەوە تەبا نین و ئەركی مێژوویی خۆیان بە جێ ناهێنن ئایا ئەوە ئەركی سەرشانی كەسایەتییەكان نی‌یە كە هاندەری ئەوان بۆ گەیشتن بە هاودەنگیی و پێداگری ئەم ئەركە مێژووییە و پیرۆزە بن؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێكەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٥

----------------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## تیرۆری شەوی یەڵدا

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە درێژایی مێژووی دەستەڵاتداریی خۆی لە ئێران نیشانی داوە کە بۆ لەنێو بردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی لە هیچ کارێکی نائینسانی کۆتایی ناکات و لە تەواوی ئامرازەکان و یەک لەوان تیرۆر کەڵک وەردەگرێ. هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧وە یەکێک لە هەوەڵین کارەکانی حکوومەتی تازەپێکهاتووی ئێران، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ساواک لە جلوبەرگی تازەی ساواما، هەروەها پێکهێنانی هێزی تیرۆر لە دەرەوەی وڵات و بە تایبەتی کەڵک وەرگرتن لە تێرۆریستە نەئێرانییەکان بووە. لەم رەوتەدا ئێران توانی زۆر بە باشی بە تایبەتی لە عەرەبەکانی لوبنان و فلستین کەڵک وەربگرێ. بەڵام لە باشووری کوردستانیش بە پێی پێگە و نفووزی خۆی لەوانەی کەڵک وەرگرتووە کە لە جلوبەرگی کوردایی‌تی‌دا خزمەت بە نەیارانی نەتەوەکەی خۆیان دەکەن. تیرۆری سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە کوردستانی ئازادکراو نموونەیەکی بەرچاو لەم هەوڵانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانە. تا ئەم دواییانە و هەتا پیلانی سەرنەکەوتووی تیرۆری تێکۆشەری کورد کاک رەزا کەعبی و پووچەڵبوونەوەی تەقاندنەوەی بارگای کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبە کوردستانییەکانی رۆژهەڵات بە چەشنێک ئارخەیان بوون کە بە تایبەتی پاش دادگای میکۆنۆس و تاوانبار ناساندنی حکوومەتی ئێران، وێچوونی کاری تیرۆریستی ئێران وەکو جاران لە کاردا نییە و، ئاوا دێتە بەرچاو کە تا رادەیەکیش لە روانگەی ئەمنییەتی‌یەوە کەمتر خەمی‌یان کردبێ. کەم نەبوون ئەوانەی کە کۆمەڵکوژیی موجاهیدینی خەڵکیان لە لاییبێرتی وەکو زەنگێکی مەترسیدار بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە کرد، بەڵام بەشێک پێیان وابوو باشووری کوردستان جیاوازی لەگەڵ بەشی عەرەبی هەیە و رادەی ئەم مەترسی‌یە لە ئاستێکی نزم دایە. لە لایەکی دیکەشەوە مێژووی دەستەڵاتداریی مەلاکانی ئێران نیشانی داوە ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بە هۆی جۆراوجۆر پاشەکشەیەکی کاتیشیان لە سیاسەتی تیرۆری رۆشنبیران و ئازادیخوازانی ئێرانی و بە تایبەتی کورد کردبێ، قەت لە جەوهەری سیاسەتی تیرۆر و گرتن و لە بەندیخانە خستن و هتد پاشگەز نەبوونەتەوە و تەنیا بە پێی گۆڕانکارییەکانی ناوچە و جیهان شێوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی خۆیان گۆڕیوە. لەم دواییانەدا رەوتی ناردنەوەی بەشێک لە پێشمەرگەکان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و پرۆپاگەندەی میدیایی و هتد، بۆ حکوومەتی ئیسلامی ئەمرێکی نەخوازیار بووە و هەرەشە و گورەشەی فەرماندەکانی سپای پاسداران و میدیاکانی ئێران لێ کەوتۆتەوە. ئەم پیشاندەری ئەم راستییەیە کە حکوومەتی ئیسلامی ترسی لە هێزەکانی کوردی رۆژهەڵات هەیە کە لە باشووری کوردستان جێگیر بوون. لێرەدا پێویستە حیزبێکی کوردستانی کە باس لە زیندووکردنەوەی خەبات چەکداری دەکا یان بە راشکاوی دان بە ناردنی پێشمەرگە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێ شێوەی کار و چالاکیی حیزبەکەی لە دەرەوەی ئێران، هاوئاهەنگ لەگەڵ سیاسەتەکەی بکات و تێبکۆشی بە سەرلەنوێ خۆرێکخستنەوەی رێکخراوەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی رۆژهەڵاتی

کوردستان تا ئەو رادەیەی کە دەکرێ هێزەکانی خۆی لە ژێر مەترسی کارەساتی وەکو شەوی یەڵدا بکێشێتە دەرێ. ئەم رووداوە و پیلانی تیرۆری کاک رەزا کەعبی و بۆمبرێژکردنی بارگای کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کارەساتی شەوی یەڵدا و شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی حدک و دوو کارمەندی ئاسایش، گرتن و کوشتنی خەباتکارانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هتد تەنیا نیشاندەری ئەم راستییەیە کە بوونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کۆسپێکی گەورە بۆ گەیشتنی کوردی رۆژهەڵات بە ئامانجە نەتەوەییەکانیەتی و بێ رووخانی حکوومەتی تیۆکراتیکی تاران و دابین بوونی حکوومەتێکی سکوڵار و باوەڕمەند بە مافی نەتەوەکان لە ئێراندا هیچ ئاسۆیەک بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ئازاد و دیموکراتیک نابیندرێ. لەم رەوتەدا پێویستە حیزبەکان و کەسایەتییەکانی رۆژهەڵات بە دوور لە پاوانخوازی بەرەیەکی هاوبەش دژ بە حکوومەتی ئیسلامی ئێران پێک بێنن تا بتوانن ئەرکی مێژوویی خۆیان باشتر بە جێ بهێنن.

پێرۆز بێ یادی شەهیدانی شەوی یەڵدا و تەواوی تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی نیشتمان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ئێران "ئەرک و دەرفەتەکان"

مێژوو شتێک بێجگە لە چالاکی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی نییە!"

کارل مارکس

### پێشەکی

چارەنووسی سیاسی کورد بە هۆی دابەشکران و سەرلەنوێ دابەشکرانەوەی کوردستان لە دوو قۆناخی مێژوویی واتە شەری چاڵدەڕان (ڕێکەوتی ٢٣ی ئووتی ١٥١٤ی زایینی) و کۆتایی هاتنی شەری یەکەمی جیهانی و قەبووڵی پێمانی تەوابوونی شەر لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە(ڕێکەوتی ٣١ ئوکتۆبری ١٩١٨ی زایینی) گرێدراوە بە چارەنووسی سیاسی ئەو چوار وڵاتەی کە خاکی کوردستانیان بە پانتایی ٥٠٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە دابەشکردوە کە بەراوەرد دەکرێ لەگەڵ کۆی خاکی فەرەنسە و سپانیا. لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایدی شۆڕش و خەباتی بێ پسانەوەی گەلێک بووە کە بۆ ئازادی و ڕزگاری وڵاتەکەی ساتێک ملی نەداوە. بێگومان بزووتنەوەی کورد لە هەر چواربەشیدا بە پێی ڕادەی ئاگایی نەتەوەیی، زاڵبوونی ڕێبەریی سەرۆک عەشیرە یاخود حیزبێکی سیاسی، لەباربوونی بارودۆخی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی، هەروەها بوون لە بازنەی سیاسەتی

نیوجیهانیدا، قۆناخی جۆراوجۆری تێپەرکردوە. سەرەرای تەواوی هەورازو نشێو و گۆڕانگارییە جۆڕاوجۆرەکانی ژیانی سیاسی، بۆ تێکۆشەرانی کورد هەمیشە و لەهەر حاڵەتێکدا ڕزگاری نەتەوەیی چرا و رێنمای خەباتی سیاسی بووە. لەم ڕەوتەدا زۆر جار حیزب و کەسایەتییەکانی کورد بە پێی بیرو هزری جۆراوجۆر خەباتیان کردوە و بزووتنەوەی کورد لە ژێر کاریگەری ئەوان و هاوڕێژەیی هێزەکانی دژبەر و گۆڕانکارییە سیاسییەکان تووشی سەرکەوتنی کاتی یاخود شکان هاتووە، بەڵام سەرەرای هەمووی ئەوانەش، گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین تەوەرەی سەرەکی خەباتی هێزە سەرەکییەکانی کوردستانی پێکهێناوە. لە تەواوی ساڵەکانی پاش رووخاندنی کۆماری کوردستان (١٩٤٦زایینی) و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هاورێیانی، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان مەسەلەی ئێرانی یان کوردستانی بوون، شێوەی خەباتی سیاسی(چەکداری و ئاشتیخوازانە)، پێوەندیی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی، هەروەها هەڵبژاردنی ڕێبازی سیاسی و دروشمی سەرەکی، کاریگەری لە سەر خەباتی گەلی کورد داناوە. پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هەتا ئەم دووایانە، دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان و گرێدانی چارەی کێشە کورد بە بزووتنەوەی سەرتاسەری، هەروەها دەستەڵات لە تاران و هەبوونی دیموکراسی، تەوەرەی سەرەکی بووە.

ئێستاش دروشمی فیدراڵیزم یان بە وتەیەکی دیکە خودموختاری بۆ تەواوی نەتەوکانی ئێران بۆتە دروشمی سەرەکی زۆرینەی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. چەند حیزب و گرووپێکی سەربەخۆیخوازیش لە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێکهاتوون کە بەرنامە، میکانیزم یاخود پرۆژەیەکی ڕوونیان لە پێوەندیی لەگەڵ قۆناخە جۆراوجۆرەکانی خەبات و ڕێکخستنی خەڵکی لە دەوری دروشمی سەربەخۆیی نیە.

**درێژەخایەندنی خەبات و ڕادەی ڕاستبینی سیاسی (١)**

همتم بدرقه راه کن! ای طایر قدس
که دراز است ره مقصد و من نو سفرم

حافظ

بێگومان ڕەوتی خەبات و سەرکەوتنی هێزی پێشکەوتنخواز زۆرجار ماوەیەکی زۆرتر لەوەی کە خەڵک یاخود ئازادیخوازان دەیخوازن، دەخایەنێ، ئەم کاتە ئەگەر بەراوەرد لەگەڵ ماوەی تەمەن و ژیانی مرۆڤ بکرێ گەلێک دوور و درێژ دێتە بەرچاو، بەڵام بۆ هێزێکی سیاسی بەرپرس کاتێک ئەم چەشنە دیاردەیە لە ڕەوتێکی مێژوویی لەبەرچاوبگیرێ، درێژەخایەندنی خەباتی سیاسی نە تەنیا نابێتە هۆی خەمۆکی سیاسی، بەڵکوو دەبێ ببێتە هۆی بەکارهێنانی تەواوی هێزو وزەی حیزب بۆ پەروەردەکردنی کادر و ئەندامەکانی، ئامادەکاریی بۆ کارو چالاکی پێویست لە کاتی گونجاودا، کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتە سیاسییەکان، بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی - سیاسی خەڵک، ڕێکخستنی خەڵک لە نێو ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی حیزب یاخود یاریدەدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنیەکانی نیو ولات، و بەم پێیە بەشداری ئاشکرا و نهێنی لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا و هتد. لەم

پێناوەدا پێویستە حیزبێکی سیاسی دووربینی و تاکتیک و ستراتیژی ڕوونی بۆ خەبات بێ و وەڵامی پرسیارگەلێک بداتەوە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ژیانی سیاسی حیزب و خەڵک لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی خەبات هەیە. زۆرجار دیکتاتۆرەکان بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی سەدان ساڵەی هێزە سەرکوتکەرەکان و بە یارمەتی دوکتورین و پسپۆڕە بەکرێگیراوەکان، بەکارهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی سەرکوت، هەروەها بێئەزموونی و هەڵەی سیاسی و نەبوونی یەکێتی هێزە پێشکەوتنخوازەکان، دەتوانن دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی خۆیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بپارێزن. لەم ڕەوتەدا هێز یاخود بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز ناتوانی بە شێوەیەکی وۆلنتاریستی واتە خۆویست حکوومەتیک بگۆڕێ یان بە ویستەکانی کاتی و درێژخایەنی خۆی بگات. بۆ هەر گۆڕانکارییەکی جیددی لە کۆمەڵگادا پێویست بە بارودۆخی گونجاو، هاوڕێژیی وئەزموونی هێزەکانی دژبەر، توانایی ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوەی سیاسی، فەرهەنگی، پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان، و بە پێی پێداویستی پێکهێنانی هیزی چەکداری، هێرش و پاشەکشەی بە وەخت، پێکهێنانی یەکێتی و بەرەی هاوبەش لەگەڵ هیزەکانی سیاسی دژ بە دەستەڵات، پێکهێنانی پیوەندیی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان و ڕاکێشانی بیرورای جیهانی بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی دژ بە حکوومەتی دیکتاتۆر، بە کار هێنانی دیپلۆماسی بۆ گوشار هێنانی ئابووری و سیاسی ولاتە بیانییەکان بۆسەر حکوومەتی دیکتاتۆرەکان و هتد هەیە. لەم ڕەوتەدا هیزی سیاسی پێویستە لە تەواوی شێوەکانی خەبات بۆ لە پەراوێزخستنی حکوومەتی سەرکوتکەر و دوورکردنەوەی خەڵک لە دەستەڵات کەڵک وەربگرێ. هەر چەشنە بڕیارێکی هەڵە و نەگونجاوی هێزە سیاسییەکان یاریدە بە دەوامی دەستەڵات و درێژەکێشانی ماوەی ژیانی دیکتاتۆر دەدات. لە نەبوونی بارودۆخی بابەتی(ئابژێکتیف) و زەینی(سوبژێکتیف)، بێگومان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێ سیاسی لە دەستەڵات بە زەبرێ ویستی هیزەکانی پێشکەوتنخواز وەدی نایە، بەلام هێزێکی سیاسی بە پێی خوێندنەوەی دروست لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگا، هەڵسەنگاندنی هیزەکانی دژبەر، کۆکردنەوەی و ڕێبەری خەڵک لە دەوری دروشمی گونجاو و دروست، هەروەها بە کار بردنی تەواوی شێوەکانی خەبات دەتوانێ یاریدە بە خێراکردنەوەی ڕەوتی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بدات. لێرەدا پێویستە ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات کە بە چەشنێک بەستراوە بە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی لە ئێرانین، خوێندنەوەی دروستمان لە بارودۆخێ نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی بێ و بتوانین سیاسەتمان بە پێی بەرژەوەندی گەڵەکەمان و لە پێناوی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین داڕێژین.

## کوردی ڕۆژهەڵات و کێشەی ئێرانی بوون

کوردستان وەکو وڵاتی کوردان، وڵاتێک لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا بە درێژایی ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ کیلۆمیتر لە باکوورەوە بەرەو باشوور و نزیکەی هەزار کیلۆمیتر لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات پێکدەهێنێ. بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێک بە ناوی کوردستان، ئەم چەمکە زۆرتر مەفهوومێکی جوغرافیای ئەتنیکی هەیە هەتا دەوڵەتی سیاسی. پاش شەری چاڵدەران پتر لە ١٦٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە خاکی کوردستان کەوتۆتە نێو چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێرانەوە و بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەست دان، کورد پتر لەسەتا ١١ی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک دەهێنێ. ئەمرۆکە بەشێک لە کوردەکان و بە تایبەتی کوردەکانی دەرەوەی وڵات هەستیارییەکی تایبەتیان بە چەمکی ئێرانی بوون هەیە، بەلام ڕاستییەکانی ژیان و سنوورە دەستکردەکان لە دەرەوەی بازنەی ویست و ئارەزوی ئێمە

کار دەکەن. کوردی ڕۆژهەڵات یان نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە پێچەوانەی بۆچوونی شوڤێنیستەکانی تەواوخوازی ئێرانی کە باسی یەک وڵات و یەک نەتەوە دەکەن، تەنیا لە ڕەوانگەی حقووقی و شارۆمەندییەوە وەکو ئێرانی پێناسە دەکرێن، بەڵام لە ڕەوانگەی ئەتنیکییەوە، نەتەوەیەکی جیان کە لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێراندا دەژین، بەم هۆیە ئێران وەکو وڵاتێکی فرەنەتەوەیی پێناسە دەکرێ. لە وڵاتە چەند نەتەوەییەکانی ئوروپا بۆ وێنە سویس و بلژیک یاخود کەنادا، بۆ فەرەنسەوی، ئیتالیایی و ئەلمانییەکان یاخود هۆڵەندییەکانی ئەم وڵاتانە؛ سویسی، بلژیکی یاخود کەنادایی بوون نە حاڵەتێکی ئەتنیکی، بەڵکو ماڤێکی حقووقی و شارۆمەندییە کە دەتوانی لە کاتی تێکچوونی سیستەمی فیدراڵی و کۆنفیدراڵی یان بە شوێن ڕێفراندۆم و جیابوونەی یەکێک لەم نەتەوانە بگۆڕدرێ. بۆ وێنە پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵی ۱۹۹۱ی زایینی، کۆتایی بە شارۆمەندیی و ناسنامە و پێناسەی سۆڤییەتی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە هات. لە ئێرانیش سەرەرای زاڵبوونی سیستەمێکی ناوەندخواز، ئەندامی هەر نەتەوەیەک سەرەرای شارۆمەندی ئەم وڵاتە، پێناسەی ئەتنیکی خۆی هەیە و مافی ئەو نەتەوەیەیە بۆ وەدەسهێنانی ئەم ماڤە پەسەندکراوە جیهانییە کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە پێشێلکراوە، خەبات بکات و بڕیار بۆ بوون یان نەبوون لەم چوارچێوەیەدا بە پێی بەرژەوەندی و ئاستی ئاگایی نەتەوەیی خۆی بدات. سەرەرای ئەوەش تا کاتێک کورد لە نێو ئەم کۆیەدا بێ، چارەنووسی بە شێوەی سیستەمی دەسەڵاتداری لەم وڵاتەدا بەستراوەتەوە و لایەنی شەر و وتووێژی لە هەر حاڵەتێکدا تارانە. لە کاتی ئێستادا بە پێی بوونی حکوومەتێکی تیوکراتیکی ئیسلامی پێویستە ئێمە وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

بڵێی کێشەی کورد لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی بەڵام ناوەندخواز وەکو ئێران [بە پێچەوانەی تورکیە، سووریە و ئێراق کە سەرەرای بوونی ئاسوریی یان تورکمەنەکان، تەنیا دوو نەتەوەی سەرکی لە خۆ دەگرن] بێ هەبوونی دیموکراسی و تێکچوونی سیستەمی ناوەندخواز چارەسەر بکرێ؟

### چارەسەری کێشە کورد لە ڕێگەی وتووێژ: وەهم یان ڕاستبینی!

درختی که تلخش بود گوهرا
اگر چرب و شیرین دهی مرورا
همان میوه تلخت آرد پدید
از او چرب و شیرین نخواهی مزید

ابوشکور بلخی

لە بارودۆخی ئێستا کە سیستەمێکی تیوکراتیکی ئیسلامی لە ئێراندا دەسەڵاتی بە دەستەوەیە، و بە پێی ئایدیۆلۆژیی و یاسای سەرەکی نوێنەرانی خودا کە باوەڕیان بە بوونی نەتەوە و کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا نیە، هەروەها بە پێی ئەزموونی پتر لە ۳۷ ساڵ دەسەڵاتداری حکوومەتی ئیسلامی، ئاسۆیەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد یاخود هەر نەتەوەیەکیتر لە ئێراندا نابیندری. هەر چەشنە هەوڵو تێکۆشانی بەشێک لە ڕێبەرانی کورد بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەسەر میزی وتووێژ نە تەنیا ئاکامێکی ئەرێنی لێ

نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو لە کۆتاییدا بە پێچەوانەی هەر پرینسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی، کوژرانی کەسایەتیێک وەکو نەمر د. قاسملو و عەبدوڵلا قادرئازەری لەسەر میزی وتوویژ لێکەوتۆتەوە. ڕاستییەکانی ژیان نیشانیان داوە کە تیرۆری د. قاسملو نە تەنیا بە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی باری ئەمنییەتی بەڵکوو بە پێی پیلانێکی زۆر حیساب کراو و لە پێناوی بێ سەرکردن یەکێک لە حیزبە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بە قەوڵی نیزامی گەنجەویی اصل بد در خطا خطا نکند. بێگومان "کاتێک، سەرەرای تەواو بە هێزی بوونی دیکتاتۆرەکان، بزووتنەوەیەکی خۆڕاگری تووڕەش (لە کۆمەڵگادا) هەبێ، لەوەدەچێ دیکتاتۆرەکان لە ڕێگەی وتوویژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و لە ژێر ماسکی مسۆگەرکردنی ئاشتی، ئەوان بۆ خۆبەدەستەوەدان بانگهێشتن بکەن. هەرچەند بانگهێشتن بۆ وتوویژ دڵخۆشکەرەش بێتە بەرچاو، بەڵام لەوەدەچێ لە دیوی وتوویژدا مەترسییەکی زۆر لە بۆسەدا بێ".(٢) حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی پەنجاوحەوتی هەتاوی، ئەویش لە بارودۆخی ئەو کاتی ئێران و کوردستاندا و تەنیا بۆ بە هێزکردنی هێزی نیزامی خۆی و دارشتنی پیلان و هێرشی تازە بۆ کوردستان نەبێ، قەت ئاوڕی لە مەسەلەی کورد یاخود هیچ نەتەوەیەکی دیکەی ئێران نەداوەتەوە و هەتا کاتێک ئەم دەستەڵاتە بەم ناوەڕۆکەوە بمێنێتەوە وێچوونی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا نیەو جموجوڵەی تەسکی چەکداری و ناردنەوەی چەند پێشمەرگەیەکیش نابیتە هۆی گوشارهێنانی جیددی بۆ سەر حکوومەتی ئیسلامی ئێران و ڕاکێشانی سەرنجی دیکتاتۆرەکانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. لەم پێوەندییەدا زۆر جار دەبیندرێ وتەکانی د. قاسملو سەبارەت بە شەری چەکداری و مەسەلەی وتوویژکردن لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندی لە لایەن کەسانێک کە خۆیان وەکو هۆگرانی "ڕێبازی قاسملو"! پێناسە دەکەن، بە چەشنێکیتر بەیان دەکرێ و بێپسانەوە ئەم وتەیە دووپات دەکرێتەوە کە مەبەست لە شەری چەکداری نە ڕووخاندنی حکوومەتی تاران بەڵکوو سەرنج ڕاکێشانی کاربەدەستانی ئێران بۆ چارەسەکردنی کێشەی کوردی ئێران لە سەر میزی وتوویژدایە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە د. قاسملو لە لاپەرەی ١٠ و ١١ی "کورتەباسدا بەم چەشنە ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکا و دەبێژێ:"... دەبینین کە تاکتیکی شەڕی چەکداری ئێستامان لەگەڵ شەڕی چەکداری سێ مانگەدا فەرقی هەیە: ئەو کاتە ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی ڕژێم ناچار بە وتوویژ بکەین، بەڵام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی ڕژێم بڕوخێنین، چونکە لەم بڕوایەداین کە هیچ کام لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران، لە چوارچێوەی ڕژێمی خومەینیدا وەدی نایە. واتە دروشمی ئێستای ئێمە: "ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینیە". لەبەرچاو نەگرتنی هەر ئەم وتەیە و دانیشتنی د. قاسملو لەگەڵ تڕۆریستەکانی تاران، بە نرخی گیانی بەرێزیان تەواو بوو. لێرەدا دەکرێ ئەم پرسیار ئاراستەی ئەوانەی بکەین کە پێیان وایە بە شەڕی چەکداری (ئەگەر بتوانین ناردنەوەی چەند پێشمەرگەیەک بۆ نێو وڵات بە شەڕی چەکداری نێو ببەین)، دەتوانن حکوومەتی دەستەڵات ناچار بە وتوویژ بکەن:

لە بەراوەرد لەگەڵ ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی چ شتێک بە تایبەتی پاش تڕۆری د. قاسملو و شەرەفکەندی و تڕۆری سەدان پێشمەرگەی دیموکرات و کۆمەڵە لە باشووری کوردستان و کوشتن و لە سێدارەدانی سەدان ئازادیخوازی کوردی نێو وڵات گۆڕدراوە کە پێمان وابێ لەم ئیمامزادانە وێچوونی مۆجزەیەک بۆ کێشەی کورد هەیە؟!

بڵێی ناوەڕۆکی حکوومەتی ئیسلامی و لاسەنگی هێزەکانی پێشکەوتنخواز و حکوومەتی ئیسلامی ئێران وەها بۆ لای ئێمە شکابێتەوە کە

بتوانین دەسەڵاتدارانی تاران ناچار بە دانیشتن لەسەر میزی وتوویژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەین؟

بڵێی بزووتنەوەی مەدەنی لە ئێران و کوردستاندا هەتا ئەو رادەیە پەرەی گرتبێ کە نوێنەرانێکی ڕاستەقینەی کورد لە نێوخۆی وڵات بتوانن رۆڵی ها. د. پ - مان بۆ بگێرن و ئێمە بە هەبوونی شاخ و شار بتوانین حکوومەتی ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکەین؟

بڵێی بێ گۆرانکاری لە سیستەمی ناوەندخوازی دەسەڵات و یاسای بنەڕەتی ئێران، وێچوونی چارەسەری کێشەی کورد و گۆڕینی سیستەمی ئیداری و سیاسی تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ؟

ئەگەر وێچوونی ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕانە لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامی ئێراندا هەیە، چ بەربەستێک دەبێتە هۆی مانەوەی هۆگرانی ئەم بیرۆکەیە لە تاراوگە و نەگەرانەوەیان بۆ ئێران و دەستپێکی کارو چالاکی سیاسی لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتی ئێراندا؟

### جێگە و پێگەی کورد لە ڕەوتی ڕووخاندنی حکوومەتی تاراندا!

ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕژێمی تاران قەت تەنیا بە هێزی کورد کە سەتا ١٠ هەتا ١١ی حشیمەتی ئێرانی پێکهێناوە ناڕووخێ، بەڵام چارە چی‌یە و پێگە و جێگەی کورد لە بازنەی هێزەکانی دژبەر لە کام بەرەدایە؟ ئایا کورد دەبێ خۆی لە نێوان بەرەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانیدا ببینێتەوە یان چوونکە کێشەی نەتەوەیی هەیە دەتوانێ لە سیستەمێکی نادیموکراتیک و پاشکەوتووی حکوومەتی ئیسلامیدا بە ئاواتەکانی خۆی بگات؟ ئەگەر وایە، بە کام میکانیزم و سیاسەتێک؟، ئەویش لە حاڵەتێکدا کە حکوومەتی تاران ئامادەی پێدانی ئیزنی چالاکی سیاسی بە هێزەکانی مەدەنی و سیاسی خۆشی نیە، و هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانە بە سێدارە، بەندیخانە و ترۆر وڵام دەداتەوە. لەم پێوەندی‌یەدا پێویستە وڵامی ئەم پرسیارانەش بدەینەوە:
بڵێی ئێمەی کورد کە نەمانتوانی لە ساڵەکانی سەرەتای پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧، بە هەبوونی هەزاران پێشمەرگە و پشتیوانی جەماوەری کورد، نەبوونی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە شارەکانی کوردستان، هەروەها سەقامگیر نەبوونی دەسەڵاتی تاران و هەبوونی چالاکی سیاسی هیزەکانی چەپ و دژبەر لە تەواوی ئێراندا، تەنانەت بە یەک خاڵ لە ویستەکانمان بگەین، بتوانین لە بارودۆخی ئێستادا بە بەشێک لە ئامانجەکانمان بگەین؟

بڵێی ئەمە نبێتە هۆی پێکهێنانی ئەو وەهمە کە بۆ وێنە بە بەشداریکردنی خەڵک لە نمایشەکانی هەڵبژاردندا وێچوونی هێنانە بەرباس و چارەسەری کێشەی کورد هەیە یاخود حکوومەتی ئیسلامی ئێران بەم ڕادەیە لە عەقلییەتی سیاسی گەیشتوە کە بێ لەبەر چاوگرتنی ماڤە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە ئێراندا، ئامادەی پێدانی تەنانەت بەشێک لە ماڤەکانی کورد بێ، ئەویش لە کاتێکدا کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ئاوا تووشی قەیرانی رێکخراوەیی و فیکریی بوون؟

بلێی حکوومتی تاران ئەوەندە لاواز و بێ دەستەڵات بووبێ کە بیەوێ بە یەک دوو دانیشتن لەگەڵ جەماعەتێکی دیاریکراو کە بە چراسەوزدان بە حکوومەتی تاران دەیانەوێ پێشەنگی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ هێزەکانی ئەمنی ئێران بن، مافی کورد بدات؟!

بلێی ئەم چەشنە سیاسەتکردنە نەبێتە هۆی پێکهێنانی دوبەرەکی زۆرتر لەماڵی کورد و دڵخۆشترکردنی حکوومەتی تاران؟

بێگومان پێکهاتنی بارودۆخی نوێ وەکو هێرشی هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ بۆ ئێران (وەکو ئێراق)، یان دەستپێکی شەڕی نێو خۆیی(وەکو سووریە) یاخود کودەتای هێزەکانی دژبەری نێو حکوومەت کە بەرژەوەندیان پێکەوە ناتەبا بێ!، یان شۆڕشی جەماوەری دەتوانی لە داهاتودا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی سناریۆیەکی تازە. بەڵام ئێستاکە هیچ کام لەم خاڵانە چ "بالقوە" و چ "بالفعل" بوونی نیە و کوردی ڕۆژهەڵات یاخود گشت بزووتنەوەی دژ بە حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە بارودۆخێک نین کە بەرژەوەندیان تەبایی لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەبارەت بە ئێران بێ، بەم پێیە لەوەناچی کاتی ئەوەی گەیشتبێ بەشێک لە برادەران تووەرەکەی بۆ بدورێنین! تەنانەت لەم حاڵەتەشدا کاتێک حیسابێک لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات دەکرێتەوە کە یەکگرتوو و بە هێز بێ! ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییانەی کە پێشڕۆ و ئاڵاهەڵگری دروشمی فیدراڵیزم بۆ ئێرانن و خۆیان وەکو بەشێک لە ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی پێناسە دەکەن، هەروەها بەم باوەڕەن کە بەشێک لە کێشەکانی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵ و دیمۆکراتیک"دا چارەسەر دەکرێ، بێگومان دەچنە نێو خانەی حیزبە ئوپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی و پێویستە هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوانەی کە باوەڕیان بە کێشەی نەتەوەی و مافی چارەی خۆنووسین هەیە، بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە تێبکۆشن. لەم ڕەوتەدا حیزبێکی سەربەخۆیخوازیش ناتوانێ بێتێکچوونی سیستەمی ئیداری ـ سیاسی ناوندخواز و ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامی بە بەشێک لە ویستەکانی خۆی بگات. بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیش پێویستە بارودۆخی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکرێت، تا خەڵکی بە ئاستێک لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ لەبەرچاوگرتنی دروشمی کاتی یان درێژخایەنیان، بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرە سیاسی و مەدەنییەکاندا، پێویستیان بە بارودۆخێکی ئازاد و دیموکرات هەیە تا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی گەلەکەیان هەبێ. ئەم بارودۆخە بێ ڕووخانی سیستەمی ناوەندخواز لە ئێراندا وەدی نایە. نەیاران و دوژمنانی حکوومەتی ئیسلامی کە خوازیاری ڕووخانی ئەم ڕێژیمە بن، کەم نین، بەڵام جێگە و پێگەی کوردی ڕۆژهەلات لە ڕەوتی ڕووخاندنی حکوومەتی ناوەندخواز و تیوکراتیکی ئێراندا، تەنیا دەتوانێ بەرەیەک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بێ، کە باوەڕیان بە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران، بوونی کێشەی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسین هەیە!

پرینسیپەکانی خەبات!

راست کن لفظ و استوار بگوی

**سره کن راه و پس دلیر بتاز**

**مسعود سعد سلمان**

حیزبێکی سیاسی پێویستە لە درێژایی خەباتی خۆی، بە پێی بارودۆخ، دەرفەتەکانی نێوکۆمەڵگا، توانای و ڕادەی کاریگەری خۆی لە نێو جەماوەری خەڵک، بۆ وەدهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی، هەڵوێست وتاکتیکی شیاو هەڵبژێرێ و لەم ڕەوتەدا بە بەکارهێنانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی ئاشتیخوازانە و مەدەنی هەتا شۆڕش و شەری چەکداری پاشەکشە بە دوژمن بکات. ڕەوتی خەبات، ڕێگەیەکی ساف و بێ لەمپەر نیە و هیچ حیزب و بزووتنەوەیەکیش ناتوانێ چاوەڕێ ئەوی بێ کە لە ماوەیەکی کورتەخایەندا بە ئامانج و ئاواتەکانی بگات. لە کاتی بەسەرکارهاتنی حکوومەتی ئیسلامیەوە هەتا ئێستا هێزەکانی کوردستانی بە پێی هاورێژەیی هێزەکانی خۆیان و دەستەڵاتی ناوەندی لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات وەکو بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧، شەری چەکداری و وتووێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی تاران و هتد کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام بە هۆگەلێکی ڕوون وەکو نەبوونی هاودەنگی و بەرەی یەکگرتووی هێزەکانی کوردستانی، دابڕان و شەری نێوخۆیی، سەرکوتی تەواوی هێزەکانی پێشکەوتنخواز ئێرانی و کوردستانی لە لایەن ڕژێمی ئیسلامیەوە، و هتد لەم ڕەوتەدا بە داخەوە سەرکەوتوو نەبوون و پەیتا پەیتا ناچار بە پاشەکشەی نیزامی و ڕێکخراوەیی هەتا دانیشتنیان لە باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کراون. پاش بە جێ هێشتنی قەندیل و نێشتەجی بوونی دیموکرات و کۆمەڵە لە کۆیە و زرگوێز، پێکهاتنی هەرێمی کوردستان و نەمانی ڕژێمی بەعس وەکو پشتبەرەی شەری دژ بە ئێران، دابڕان و لەت لەتبوونی ئەم حیزبانە و بە هێزتربوونی سیستەمی دەستەلات لە ئێراندا هەروەها قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیی، نەبوونی بەرەیەکی کوردستانی و گوشارەکانی نهێنی و ئاشکرای حیزبە سەرکیەکانی باشووری کوردستان، کێشەی ماڵی و هتد کاریگەریی نەرێنییان لە سەر ئەم حیزبانە وەکو نوێنەرانی فیکری و سیاسی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەلات بووە و هەیە.

ئەمرۆکە هەبوونی هێزی پێشمەرگە زۆرتر حاڵەتێکی هێمایی و سەمبولیکی بۆ حیزبەکان هەیە هەتا هێزێکی کاریگەر لە ڕەوتی خەباتی دژ بە حکوومەتی ئیسلامی ئێران. بێگومان لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی باشوور و نەبوونی پشتی بەرەی شەر، نەبوونی ناوچەی ئازادکراو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و نەبوونی پشتیوانی جەماوەر و کەمبوونی ڕێژەی هێزی پێشمەرگە و بەهێزبوونی هێزەکانی سەرکوتکەری تاران، ڕێگە بەم چەشنە خەباتە بە چەشنی ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە بارودۆخی ئێستادا نادەن. هەورازو نشێوی خەبات و بەکارهێنای شێوە جوراوجۆرەکانی خەبات لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی هیزی خۆیی و دوژمندایە. لە کاتی بە هێزبوونی دوژمن پێویستە هیزی پێشکەوتنخواز بە دوور لە هەر چەشنە کێشەخوازی(٣) بە شێوەی پەیتا پەیتایی چالاکی بکات و هێزەکانی خۆی بپارێزی، بەڵام کاتێک هێزی دوژمن لاوازە، دەبێ کار و چالاکی هێزی پێشکەوتنخواز بچێتە قۆناخێکی رادیکالتروە. دیتنەوەی هاورێژەیی نێوان ئەم دوو حاڵەتە و دارشتنی سیاسەتی دروست و بە دوور لە هەڵەی سیاسی کارێکی هاسان نیە و حیزبێکی بەرپرس دەبێ توانایی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان، وەزعییەتی خۆی و دوژمن، فاکتۆرەکانی لەبار و ناڵەباری نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی بێ، هەتا بتوانێ هێزێکی زۆرتر لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و دوژمن لە پەراوێز بخات، بۆ ئەم مەبەستەش

پێویستە بەرنامە و خوێندنەوەی دروستی لە ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگا بێ و بتوانێ متمانەی خەڵکی بەرەوخۆ ڕابکێشێ. کاتێک دەرفەرتی پێویست بۆ کاری و چالاکی رادیکاڵ نییە، حیزب دەبێ تێبکۆشی لە نێوخۆی وڵات پەرە بە شانەکانی حیزبی بدات و لە ڕێگەی پێکهێنان و یاخود بەشداری لە پێکهێنانی یەکێتی جۆراوجۆرەکانی پیشەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بەشداری لە چالاکیەکانی نێو وڵات بکات. مەبەست و ئامانجی خەباتی مەدەنی نە پێدانی ڕەوایی زۆرتر بە دەستەڵات بەڵکوو لە پەراوێزخستنی هەرچی زۆرتری هێزەکانی دەستەلات و دوورکردنەوەی خەڵک لەوانە. بۆوێنە بەشداری لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکان لە وڵاتێکی سەرەرۆیی(٤) وەکو ئێران و هاندانی خەڵکی بۆ بەشداری لەم چەشنە نمایشانەدا، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە دەبێتە هۆی چالاککردنی خەڵک و بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی، نە تەنیا یاریدە بەم دوو خاڵە نادات، بەڵکوو ئەو وەهمە پێک دێنێ کە دەکرێ لە چوارچێوەی سیستەمێکی بەستراو و کۆنەپەرەستانەدا ئاڵوگۆڕی دیموکراتیک بکردرێ؟! جین شارپ یەکێک لە دوکترینی خەباتی مەدەنی لە کتێبی لە دیکتاتۆریەوە بەرەو دیموکراسی ئاماژە بەم راستیە دەکا: کە" دەنگدان لە ژێر دەستەڵاتی حکوومەتە سەرەرۆییەکاندا ئامرازێکی باش بۆ پیکهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەمایی لە پێکهاتەی سیاسی نیە. بەشێک لە حکوومەتەکانی دیکتاتۆری جارو بار بۆ پاراستنی ڕەواڵەتی دیموکراتیک بوونی خۆیان، هەڵبژاردنیش بەکار دەهێنن (وەکو دەنگدان لە وڵاتەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشوو) بەلام ئەم دەنگدانانە، ڕاپرسییەکی بەستراوەن کە تەنیا بۆ پشتیوانی لێکردنی خەلکی و هەڵبژاردنی یەکێک لە کاندیدە هەڵبژاردەوەکانی دیکتاتۆر، بەکاردەهێندرێ. ئەگەر تەنانەت کاندیدێکی ئۆپۆزیسیۆنیش ئیزنی بەشداری لە هەڵبژاردنی پێبدرێ و هەڵبژێرردرێ (وەکو ئەو حاڵەتەی کە لە ساڵی ١٩٩٠ لە بورمە و لە ساڵی ١٩٩٣ لە نیجێریە ڕوویدا)، ئاکامی هەڵبژاردنەکان بە هاسانی لە لایەن دیکتاتۆرەوە رەت دەکرێتەوە، جارو باریش کاندیدی "سەرکەوتوو" هەرەشە و گوڕەشەی لێ دەکرێت، و تەنانەت لە سێدارەش دەدرێ. دیکتاتۆرەکان هیچ کاتێک بە هاسانی ئیزنی دەنگدان بۆ ئەوانەی نادەن کە بیانەوەی ئەوان لە تەختی پاشایەتی بکێشنەخوارێ"(٥). لە ئێرانیشدا ئێمە ئەزموونی ئەم حاڵەتانەمان هەیە، بۆ وێنە پیلانی گیرانی د. قاسملو پاش دەنگهێنانەوەی لە هەڵبژاردنەکەی مەجلیسی "خبرگان" وەکو نوێنەری خەڵکی ورمێ و لە گەمارۆدانی ماڵی موسوی و کەروبی پاش بزووتنەوەی سەوز. جین شارپ زۆر بە جوانەی ئاماژە بە خاڵێکی سەرنج ڕاکێش، واتە هاوکاری خەڵک وەکو سەرچاوەی هێزی سیاسی دیکتاتۆرەکان دەکا و دەڵی "مەبەستی سەرەکی سادەیە، دیکتاتۆرەکان نیازیان بە هاوکاری ئەو خەڵکە هەیە کە حکوومەتیان بەسەردا دەکەن، هاوکاریەک کە بێ ئەو، ناتوانن سەرچاوەی هێزی سیاسی خۆیان مسۆگەر بکەن و لە جێ خۆی ڕاگرن.

سەرچاوەکانی هێزی سیاسی بریتین لە:

ڕەوایی، پێکهێنانی باوەری گشتی سەبارەت بە یاسایی بوونی حکوومەت و پێبەندی ئاکاریی خەڵک بۆ گوێڕایەڵی لەوان.

سەرچاوەی ئینسانی، ڕێژە و بایەخی کەسان و گروپگەلێک کە فەرمانبەری لە دەستەڵاتداران دەکەن، هاوکاریان دەکەن یاخود یاریدەی بە دەستەڵاتدارەکان دەدەن. و هتد"(٦)

لێرەدایە کە هەڵویستی حیزبێک بۆ هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان یاریدە بە مانەوەی دەستەڵاتی دیکتاتۆر و ڕەوایی زۆرتر بەوان دەداتو زۆرجار وەکو خاڵێکی ڕەش لە ژیانی سیاسی ئەم حیزبانەدا تۆمار دەکرێ. حیزبێکی ئوپۆزیسیۆن لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسی خۆیدا ئەگەر نەرمشی لە کردەویدا بێ، بۆی نیە لە بنەماکاندا سازش بکات و پێویستە کاتێک دەرفەت بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی نیە لە شێوەکانی بێ توندوتیژیی کەڵک وەربگێری کە "تەزیکەی٢٠٠ شێوەی هەتا ئێستا ناسراون. ئەم شێوانە لە سێ دەستەی سەرەکیدا پۆلبەندی کراون: دربڕینی نارەزایەتی و هەڵگرساندن، هاوکاری نەکردن و هێرش کردن. شێوەکانی دربڕینی نارەزایەتیو هەڵگرساندن زۆرتر خۆپیشاندانە سەمبولیکەکانن وەکو ڕێژە ڕۆیشتن، ڕێپێوان و...، هاوکاری نەکردن بە ٣ ژێرگرووپ دابەش دەکرێ (ئەلف) هاوکاری کۆمەڵایەتی نەکردن، (ب) هاوکاری ئابووری نەکردن وەکو تەحریمەکان، مانگرتنەکان (ج) و هاوکاری سیاسی نەکردن. هێرشە بێ توندوتیژییەکان لە ڕێگەی کارو چالاکی ڕەوانی، فیزیکی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی،... هەروەها (پێکهێنانی) دوڵەتە هاوتەریبەکان لە دەستەی ئاخردا جێگیر دەبن.(٧)

### کۆتایی و ئاکامبەندی

"ڕاستیی سەردەکەوێ، بەڵام پێویستی بە یاریدەی جیددی ئێمە هەیە". (ژولیوس فۆچیک)

چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیستەمی ئیداری - سیاسی ئێران هەیە. حکوومەتی ناوەندخواز، نادیموکراتیک و تیوکراتیکی ئیسلامی کە باوەڕی بە بوونی نەتەوە و کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا نیە، بەربەستی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سیستەمی ئەمرۆی ئێراندایە. ئەرکی هێزێکی ئوپۆزیسیۆن لە خەباتی پێشکەوتنخوازانەی خۆی بریتی‌یە لە: دوورکردنەوەی خەڵک لە دەستەڵات، بردنە سەرەوی ورە و متمانە بە خۆیی خەڵک، ڕێکخستن و سازماندانی ئەوان لە ڕێکخراوەنهێنی و ئاشکراکانی نێو کۆمەڵگا، بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و سیاسی، لە پەراوێزخستنی هەرچی زۆرتری حکوومەتی ناوەندی و ئاشکراکردنی جەنایەت و تاوانەکان و ئاکارەکانی نادیموکراتیکی ڕژێم لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات، پێکهێنانی لۆبی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ پەرلەمان، دەوڵەت و ڕاگەیەنە گشتییەکانی وڵاتەکانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکا، هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد و هاوکاری لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە، هەروەها ئەو ڕێکخراوە سەرتاسەریانەیە کە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانی ئێران بە فەرمی دەناسن. پێش شەرتی تەواوی ئەمانەش، ئەوەیە کە حیزبە کوردستانی‌یەکان ماڵی خۆیان ڕێکخەن و لە سەر خاڵە هاوبەشەکانیان ڕێک کەون. بێگومان کاتێک بەرەی کوردستانی پێک بێ، نوێنەرانی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەتوانن بە متمانە و قورسای‌یەکی زۆرتر بکەونە نێو بازنەی کایە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

١- واقع بینی سیاسی Political realism،

٢- از دیکتاتوری به دمکراسی، جین شارپ، مترجم: جادی ، موسسه آلبرت انیشتن، فصل دوم، ص ٢

استبدادی، Despotism.

٣- ماجراجویی، Adventurism.

٤- استبدادی، Despotism.

٥- از دیکتاتوری به دمکراسی، جین شارپ، مترجم : جادی، موسسه آلبرت انیشتن، فصل اول، ص ٦

٦- از دیکتاتوری به دمکراسی، جین شارپ، مترجم: جادی، موسسه آلبرت انیشتن، فصل سوم ٣، ص ٢

٧- سەرچاوەکەی سەرێ، بەشی ٥، لاپەرەی ٢، بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە لاپەرەکانی ٦٣ هەتا ٧١ی ئەم کتێبە لە:
http://www.aeinstein.org/wp-content/uploads/2013/10/Farsi-FDTD.pdf

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠١٦

----------------------------------------------------

## دروشمی رووخاندنی حکومەتی تاران و ئێمەی کورد.

### توێژینەوە: د. کامەران ئەمین ئاوە

یەکێک لەو پرسیارانەی کە لە لایەن بەشێک لە چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات جاروبار دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە، بڵێی دروشمی ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کێشە و مەسەلەی کورد بێ؟ ئایا بە گشتی، هەڵدانی ئەم دروشمە درووستە و دەست و باڵی کورد لە بواری دیپلۆماسی و وتوویژ لە گەڵ تاراندا نابەستێتەوە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستە وڵامی چەند پرسیاری دیکە بدرێتەوە؟

١- بڵێی ئەوەی کە تاران تا ئێستا ئاوڕی لە کێشەی کورد نەداوەتەوە، زۆرتر خەتای سیاسەتی نوێنەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بووبێ، هەتا حکومەتی ناوەندی؟

٢- بڵێی حکومەتی تاران لە نزیک بە ٤ دەیە دەستەڵاتداریی خۆیدا، بە چەشنێکی ڕاستەقینە ئاوڕی لە کێشەی نەتەوەیی لە ئێران و یەک لەوان مەسەلەی کوردی دابێتەوە و ئێمەی کورد لە سەر ڕووخانی تاران وەها سوور بووبین کە پێشنیاری حکوومەتی ناوەندیمان بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە ئێراندا قەبووڵ نەکردبێ؟

٣- بڵێی حکوومەتی تاران بتوانێ و یاخود ئامادەی قەبووڵکردنی ئەم ڕاستییە بێ، کە لە ئێراندا بێجگە لە "ئوممەتی ئیسلامی" پێکهاتە یاخود چەمکێک بە نێوی "گەل" و "نەتەوە" و "کێشەی نەتەوەیی" هەیە؟

٤- بڵێی فارس گوتەنی ئەوە لە "عدم حسن نیت"ی ئێمەی کوردە، کە تاران نایەوێ درگای وتووێژێکی ڕاستەقینە لە گەڵ ئێمە

بکاتەوە و کاتێک حکوومەتی ئێران تەنیا بە مەبەستی کوشتنی ڕێبەرانی کورد وەکو دوکتور قاسملوو یاخود درزخستن لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چرا سەوزێک دەدا و بەشێکیان بۆ وتووێژ!! بانگهێشتن دەکا، ئەوە لە "خێرخوازی" ئەوان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بووبێ و کوژرانی ڕێبەرانیش تەنیا بە هۆی "لەبەرچاو نەگرتنی باری ئەمنییەتی" لە لایەن کوردەکانەوە بێ؟

٥- بڵێی تاران ئامادەی گۆڕینی سیستمی ئیداری، ئەویش تەنیا لە کوردستان وەکو بەشێک لە جوغرافیای سیاسی ئێران بێ و بۆ نوێنەرانی "حکوومەتی الله" لە تاراندا، چاو و برۆی کورد ڕەشتر و جوانتر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بووبێ؟ یان دێموکراسی لە ئێراندا تا ئەو ڕادەیە گەشەی کردبێ(!؟) کە کاتێک مافی "خودموختاری و خودگەردانی"شمان پێ نادات، ئیزنی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات؟

٦- بڵێی حکوومەتی تاران، کە لە چوارچێوەی" یاسای حیزبەکاندا" ئیزنی چالاکی بە هێزەکانی "خۆیی"ش وەکو چاکسازیخوازەکان و حیزبگەلێک وەکو "مشارکت اسلامی" نادات، هەروەها نوێنەران و ئەندامەکانیشیان دەخاتە بەندیخانەوە، ڕێگە بە حیزبە سکۆلارەکانی کوردستان بۆ کار و چالاکی لە چوارچێوەی ئێراندا بدات؟

٧- بڵێی حیزبێکی کوردستانی کە خۆی لە نێو بەرەی سۆسیال دێموکراسی یاخود چەپ و دێموکراتیکدا دەبینێتەوە یان خوازیاری پێکهێنانی کۆماری کوردستان، حکومەتێکی فیدراڵی لە ئێراندایە، بتوانێ بێ قەبووڵکردنی یاسای بنەڕەتی، "ولایت فقیه" و نیزامی تێئوکراتیکی ئێران، کە دژایەتی لە گەڵ تەواوی بناخەکانی دێموکراتیک و مافی مرۆڤ لە جیهاندا هەیە، ئیزنی چالاکی سیاسی بۆ تێکوشان و بەرگری لە مافی نەتەوەیی کورد بە چەشنێکی فەرمی وەربگرێ؟

٨- بڵێی بەرژەوەندیی کورد و حکوومەتی ئیسلامی تەنانەت لە یەک دوو خاڵیشدا تەبا بێ و دەوڵەتی تاران بەو ئاستە لە تێگەیشتنی سیاسی گەیشتبێ، کە تەنانەت لەبەر مسۆگەرکردنی "ئاسایشی نیشتمانیی ئێران؟" ئامادەی
قەبووڵکردنی مافی نەتەوەی کورد بە فەرمی، بێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێت؟

٩- بڵێی بە گشتی، لە نێو سیستمێکی کۆجێیی ئیسلامیی لە چەشنی ئەسناعەشەری، واتە "متمرکز"دا دەرفەتی چارەسەری کێشەی نەتەوەکان هەبێ؟

١٠- بڵێی کاتێک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەدا ئاوا تووشی دابڕان و لێک دووربوونەوە بوون و ئاسۆیەک بۆ پێکهێنانی تەنانەت بەرەیەک بۆ کارێکی هاوبەش نیە، کێشەی کورد، کێشەی حکوومەتی ئیسلامیش بێ، کە بیەوێ ئاوڕی لێ بداتەوە؟

ئەگەر وڵامی زۆربەی پرسیارەکانی سەرەوە ئەرێ بێ، ئەوە بەو مانایەیە کە ئیتر پێکهاتەیەک بە نێوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم ناوەڕۆکەوە نەماوە، ئەگەر وڵامەکە نا بێت، ئەوە بەو مانایەیە کە بوونی حکوومەتی تاران بەربەستێکە بۆ گەیشتنی کورد بە مافەکانی خۆی. جا ئێمە چ دروشمی ڕووخان بدەین یان نەدەین، پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەم ناوەڕۆکەوە، پتانسیەلی

چارەسەریی کێشەی کوردی نیە و بە پێی "فەلسەفەی بوونی" ناتوانێ خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان و گۆڕانی سیستمی ناوەندخواز بۆ نەناوەندی بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

--------------------------------------

## کڵاوێکی شەرعیی بۆ هەڵبژاردن!

- بە بۆنەی دەیەمین گەڕی هەڵبژاردنی (مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران) و (مەجلیسی خبرگان) -

"لە شوێنێک کە ئازادیی نییە، ئەگەر دەنگدان هۆی گۆڕانی شتێک بایە، بێ گومان نەیاندەهێشت ئێوە دەنگ بدەن.".
(مارک توێن).

لە وڵاتێکی دێموکراتیک مافی مەدەنیی کاندیدبوون و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی بوون یەکێک لە ڕەهەندەکانی سەرەکیی دێموکراسیی و مافی شارومەندییەو بەم پێیە تاک بەشداریی لە ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی خۆی دەکا. ئەم مافانە بێجگە لە مافی دەنگدان، لە لایەن حکومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە هەر لەسەرەتای شۆرشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە بەردەوام پێشێلکراوە. ڕێبەرانی حکومەتی"ولایت فقیه" لە کاتی دەستپێکی نمایشەکانی هەڵبژاردندا بۆ مەشرووعییەت دانی زۆرتر بە خۆیان بانگشتنی خەڵکیی‌و تەنانەت دژبەرەکانی نیزامیش بۆ دەنگدان دەکەن. بۆ وێنە "خامنەیی" لە قسەکانی خۆی بۆ خەڵکی قوم باس لە پێداویستیی بەشداریی هەموو، تەنانەت ئەوانەی دەکا کە نیزام و ڕێبەریان قەبووڵ نییە. بە وتەی خامنەیی بەشداریی هەمووان لە هەڵبژاردندا دەبێتە هۆی سەقامگیریی‌و بە هێزبوونی نیزامی ئیسلامیی، مسۆگەرکردنی هێمنایەتیی تەواو، چوونەسەرەوەی جێباوەڕیی و ئابڕوی نەتەوەی ئێران لەمەر چاوی خەڵکی جیهان و گەورەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لای دوژمنانی". لێرەدا ڕێبەری حکومەتی ئیسلامیی ئێران تەنیا باس لە بەشداربوون دەکات، نە ڕێ پێدان بە کاندیدبوونی دژبەرەکان. پاش ڕەتکرانەوەی سەلاحییەتی زۆربەی چاکسازیخوازەکان لە لایەن"شورای نگهبان"ەوە خامنەیی لە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاویی بۆ پاراستن و بەرگریی لە بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە نادێموکراتیکە، لە کۆبونەوەی لەگەڵ بەرێوەبەرانی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی و مەجلیسی "خبرگان" سەبارەت بە بەشداریی دژبەرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران لە هەڵبژاردنی مانگی ڕەشەمەی ئەمساڵدا دەڵێ:" بەندە کووتم ئەو کەسانەی کە نیزامیان قەبووڵ نییە دەنگ بدەن، نە ئەوەی کە کەسانێک بۆ مەجلیس بنێرن کە نیزامیان قەبووڵ نییە".

جێگای سرنجدانە کە زۆربەی ئەوانەی کە "سەلاحییەتیان" ڕەتکراوەتەوە، نە دژبەرانی نیزامی ئیسلامیی ئێران، بەڵکوو بەشێک لە

نیزام یان بە وتەیەکی دیکە چاکسازیخوازەکانن کە باوەڕیان بە تەواویەتیی کۆماری ئیسلامیی و یاسایی بنەڕەتیی ئێران هەیە. ئەوە بۆخۆی پێشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە لە نیزامێکی تیۆکراتیکدا هەڵبژاردن و بەشداریی خەڵکیی وەکو"میزانی مەشروعییەتی نیزامی سیاسیی، پشتیوانیی نەتەوەیی لە ئاستیی نێوخۆییو جێباوەڕییو متمانە پێکردن لە ئاستیی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لەبەرچاو دەگیرێ." لەم چەشنە پێکهاتەیەدا بە پێی ئەزموونی پتر لە سێ دەیە دەستەڵاتداریی ئیسلامییەکان و ۳۲ جار هەڵبژاردن، لەوەناچێ لە کۆماری ئیسلامییدا هەڵبژاردن ڕۆڵێکی وەها لە ژیانی سیاسیی خەڵک و دیاریی کردنی چارەنووسی ئەوان بگێڕێ. ئاڵوگۆڕی جیددی لە سیستێمی سیاسیی هەر وڵاتێک پێداویستیی بە مێکانیسمێک هەیە کە بە چەشنێکی مەدەنیی بتوانێ بواری بەشداریی خەڵک و نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەوان بۆ بڕیاردان پێکبهێنێ. کاتێک لەم حکومەتەدا ڕێو شوێن بە هێزەکانی خۆیی نادرێ، کە بەشێکی زۆریان لە دارشتنو درووستکردنی بنەماکانی ئەم ڕێژیمە ڕۆڵی سەرەکییان بووە، چۆن دەتوانین چاوەڕێ ڕێ پێدان بە هێزەکانی پێشکەوتنخواز بە بیرو باوەڕێکی جیاوازەوە بین؟ بە پێی وتەکانی "حوسێن مەرعەشی ئەندامی شورای بەرزی دارشتنی سیاسەتی چاکسازیخوازەکان، لە ۳۰۰۰ کاندیدای ئەوان بۆ دەهەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران تەنیا ۳۰ کەسیان قەبووڵکراون و لەسەتا ۹۹ی ئەوان لە لایەن لێژنەکانی چاودێرییەوە ڕەتکراونەتەوە" . ئەوە پێشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ناکرێ لە سیستێمێکی نادێموکراتیکی تیۆکراتیکدا چاوەڕوانی هەڵسوکەوتێکی دێموکراتیک لە لایەن نوێنەرانی "وڵایت فقیە" بکردرێ.

### ڕەوایی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران؟

لە ڕێژیمی تیۆکراتیکی ئێراندا بوونی "چاودێریی چاکزانیی" واتە "نظارت استصوابی" ئەمرازی سەرەکیی و قانوونیی بۆ پاراستنی بنەما سەرەکییەکانی حکومەتی ئیسلامیی و "ولایت فقیە"، و پێکهاتەیەکی نادێموکراتیکو دژ بە تەواوی ماڤەکانی مرۆڤ وەکو ماڤی مەدەنیی، سیاسییو کۆمەڵایەتییە. لە نەبوونی ئەم سێ بنەمایەدا ماڤی خەڵک بۆ بەشداریی لە ژیانی سیاسیی - کۆمەڵایەتییان پێشێلدەکرێ و خەڵکی ناتوانن لە ڕێگەی بەشداریی لە هەڵبژاردندا، چەشنی حکومەت و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دەستەڵات، یەک لەوان مەجلیسی دڵخوازی خۆیان پێکبێنن. بە پێی ئەم پێوەرە، بوونی بەربەستێکی نادێموکراتیک وەکو "شورای نگهبان" بۆ ڕەتکردنەوەی ڕەوایی ئەو پێکهاتەیە واتە مەجلیسی شورای ئیسلامیی کە هەڵبژاردنی بۆ دەکرێ، بەسە، بەڵام بێگومان بۆ هۆگرانو دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی، چاکسازیخوازەکان یان ئەوانەی کە بەم باوەڕەن کە بە پێی یاسای بنەڕەتیی ئێران دەکرێ لە چوارچێوەی حکومەتی ئیسلامیی ئێراندا ڕێگەیەک بۆ پاشگەزبوونەوەی هێزی دەستەڵاتدار و دێموکراتیزە کردنی ئەم ڕێژیمە بدۆزرێتەوە، ئەم چەشنە پێکهاتەیە وکو سیستێمێکی قانوونیی دەناسێندرێ و بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا وەکو پێوەری ڕەوایی و کارامەیی ڕێژیمی سیاسیی، سیاسەتدارشتن و جێ پەسەندبوونی کارگێڕانی سیاسیی ئەو ڕێژیمە پێناسە دەکرێ. چۆنییەتیی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەمیشە لەسەر بنەمای خەوشدارکردنی تەواوی پێوەرە دێموکراتیکەکانی پێویست بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد بووە و لەم ڕەوتەدا تەنیا ئەو کەسانەی کە مەترسییەکیان بۆ نیزام نییە و دڵخواز و پەسەندکراوی "ولایت فقیە"، "شورای نگهبان"و ڕێبەریی"سپای پاسداران" بوون و بە درێژایی حکومەتی نوێنەرانی خودا، خزمەتیان بە ڕێژیمی سەرکووت و سێدارە کردوە، ڕەوانەی مەجلیس کراون. ئەرکی سەرەکیی ئەم چەشنە نوێنەرە دەسەمۆکراوانە تەنیا یاریدەدان بە پاراستنی ڕێژیم و نیزامێکە کە لەسەرەتای پێکهاتنییەوە هەتا ئێستا نادێموکراتیک و دژ بە ماڤی مرۆڤ بووە. بە پێی ماددەی ۲۵ی "کنوانسیۆنی نێونەتەوەیی ماڤی مەدەنیی و سیاسیی"، هەر شارومەندێک بێ لەبەر چاوگرتنی ئەو سنوورانەی کە لە بەندی ۲دا هاتووە، بێ هەر چەشنە بەرتەسکردنەوەیەکی نابەجێ، ماڤی کەڵک وەرگرتنی لە دەرفەتەکان بۆ بەشداریی لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی بە

چەشنێکی ڕاستەوخو یاخود لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرەکان، ماڤی دەنگدان و کاندیدبوون لە هەڵبژادنەکانی ڕاستەقینەی دەورەیی لەسەر بنەمای ماڤی دەنگدانی گشتیی، بەرامبەر و نهێنیی هەیە. ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ئەم کنوانسیۆنەی واژوو کردوە، بەڵام دەستەڵاتدارەکانی ئێران بە پێێ یاسای بنەرەتیی ئێران، ماڤی مەدەنیی و سیاسیی شارومەندەکانیان پێشێلکردوتەوە.

**بەشێک لە خاڵە پێشێلکراوەکانی حکومەتی ئیسلامیی لە ڕەوتی هەڵبژاردندا بریتین لە:**

* ڕەوتی لێکدانەوەی سەلاحییەتی کاندیداکان دوو قۆناخ لەخۆی دەگرێ. لە قۆناخی یەکمدا "شورای نگهبان" لە دەستەڵاتی بێ سنووری خۆی بۆ دیاریی کردنی کاندیداکان یان ڕەتکردنەوەی ماڤی بەربژێر بوونیان کەڵک وەردەگرێ و لە قۆناخی دووهەمدا خەڵکی دەبێ دەنگ بەو کەسانەی بدەن کە نە هەڵبژاردەی خۆیان، بەڵکوو دیاریی کراوی شورای نگهبانن. پێوەرەکانی لێکدانەوەی لێهاتوویی کاندیداکان بە پێی ماددەی ٢٨ی یاسای هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران کە لە ساڵی ١٩٩٥ی زاینییدا پەسەندکراوە و پاشان چەندین جار پێداچوونەوەی بەسەردا کراوەتەوە، لە دژایەتیی لەگەڵ ماددەی ٢٥ کنوانسیۆنی نێونەتەوەیی ماڤی مەدەنیی و سیاسییدایە. بە پێێ ئەم ماددەیە"کاندیداکان پێویستە باوەڕ و پابەندیی ڕاستەقینەییان بە ئیسلام و نیزامی پیرۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ"، هەروەها دەبێ وەفاداریی خۆیان بە "یاسای بنەرەتییو ماددەی پێشکەوتنخوازانەی ولایت فقیه" ڕابگەینن. "کاندیداکانی سەرۆک کۆماریی بە پێێ ماددەی ٣٥، بەندی ٦ی مەرجەکانی هەڵبژاردن و کاندیدبوون بۆ سەروک کۆماریی، پیویستە بیسەلمێنن کە باوەڕیان بە بنچینەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و مەزهەبی فەرمی وڵات هەیە" . بەم پێیە ماڤی کاندیدبوونی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران وەکو سونەکان و پێرەوانی ئایینەکانی دیکە یاخود ئاتەیستەکان و هتد.. کە لە چوارچێوەی مەزهەبی "شیعەی اثنی عشری"دا ناگونجێن و باوەڕیان بە "ولایت فقیه" نییە، پێشێلدەکرێ.

* شورای نگهبان بەردەوام لە تەواوی هەڵبژاردنەکاندا سەلاحییەتی زۆرینەی ژنانی بۆ کاندیدبوون لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی و تەواوی ژنە کاندیدەکانی سەروک کۆماریی بە پێی ماددەی ١١٥ یاسای بنەرەتیی ئێران ڕەت کردۆتەوە. بۆ وێنە بە پێی بەیانییەی "کۆمیتەی من کاندید دەبم" سەلاحییەتی پتر لە ٨٠٠٠ هەزار ژن بە پێێ بەندی ١ و ٣ی ماددەی ٢٨ی یاسای هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی بۆ کاندید بوون لە دەهەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ڕەتکراوەتەوە. ئەوەش لە حاڵەتێکدایە کە بە پێێ پابەندیی نێونەتەوەیی کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانیش قەبووڵکراوە، قەرار وابوو تا کۆتایی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاویی لەسەتا ٣٠ی کورسییەکانی مەجلیس بە ژنان بدرێت. سرنج ڕاکێش ئەوەیە، ئەگەر لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاک و تووک ئیزنی کاندید بوون بە ژنان دراوە، بە پێێ ڕاگەیاندراوەکان سەلاحییەتی تەواوی کاندیدە ژنەکانی پارێزگای کرمانشا، سنە، کامیاران و دیواندەرە ڕەتکراوەتەوە.

ئەو چەند نموونەیە نیشان دەدات کە "شورای نگهبان" لە ڕێگەی "نظارت استصوابی" و سەلیقەی باڵیی وسیاسیی، خۆسەرانە توانایی ڕەتکردنەوەی تەواوی کاندیدەکانی هەیە و هیچ دەزگا و سیستێمێکی دەوڵەتیی و مەدەنیی توانایی بەرتەسککردنەوەی پانتایی دەستەڵات و بڕیاردانی ئەوانی نییە.

**"بایکۆت"، "بەشداری" یان "نە بایکۆتی تەواو و نە بەشدارییەکی ئاکتیڤ"**

لە ڕوانگەی بیربێژیەوە، بایکۆت یاخود بەشداری کردن، هەروەها ڕێگەی سێهەم واتە"نە بایکۆتی تەواو و نە بەشدارییەکی ئاکتیڤ"!! لە پێوەندیی لەگەڵ بنەواشەی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنو خوێندنەوەی لە بارودۆخی سیاسیو مەدەنیی ئێران، لاسەنگیی هێزەکانی دژبەر و دەستەڵات، پانتایی کاریگەریی ئەم ڕێکخراوەیە لە نێو خەڵکی ئاسایی و وڵامدانەوەی ئەوان بە ویست و هەڵویستیی حیزبەکانە. لەنەبوونی بارودۆخی پێویست و وڵامەدانەوەی خەڵک بە ویستی حیزبەکان، بایکۆت کردن یان نەکردن، هەروەها هەڵبژاردنی ڕێگەی سێهەم ناتوانێ کاریگەریی لە فەزای دەورەی هەڵبژاردن یان لە گەشەسەندنی ئاگایی نەتەوەیی بێ، لە لایەکی دیکەشەوە کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخ و فەزای دەورەی هەڵبژاردن بە مانای بەشداریی یان پشتیوانیی کردن و هاندانی خەڵک بە دەنگدان نییەو ناکرێ ئەم دوو چەمکە یەکسان بگیرێ. لە بارودۆخێکی ئازاد و لە ڕێگەی پشتیوانیی کردن جەماوەری خەڵک لە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان کە خەبات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکەن، دەرفەت بۆ بە ڕۆژکردنی پرسی کورد لە کۆمەڵگادا پێکدێ و پاشگەزبوونەوەی دەوڵەتی ناوەندیی بەستراوە بە ڕادەی هاوسەنگیی هێزەکانی کوردو دەسەڵاتە. لە نەبوونی ئەم مەرجە، هەر چەشنە بانگەوازێک بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی حکومەتی ئیسلامی یاریدە بە مانەوەو سەقامگیریی زۆرتری دیکتاتۆریی لە ئێران، سەرلەشێواندنو بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی سەبارەت بە حکومەتی تاران دەدا.

سیاسەتی "نە بایکۆت و نە دەنگدان"یش زۆرتر نیشاندەری بنبەستی فیکریو ناتوانیی هۆگرانی ئەم بیرۆکەیە لە لێکدانەوەی ڕاستیییەکانی کۆمەڵگاو بارودۆخی نێو وڵاتە. پێویستە هێزێکی سیاسیی بە هەبوونی هەڵوێستێکی ڕوون، ڕێ پێشاندەری خەڵک بێو بە شوێن خەڵکو ڕووداوەکان نەکەوەێ. کۆماری ئیسلامیی بە پێی ئەزموونی پتر لە سی ساڵ حکومەت کردن لە ئێراندا، نیشانیداوە ئامادەی پاشگەزبوونەوە لە بنەواشەی ئۆلیی و شەرعیی خۆی نییە و بە پێی پێوەرەکانی خۆی نە تەنیا ڕێ بە دژبەرەکانی، بەڵکوو تەنانەت ڕێ بە باڵەکانی نیوخۆیی و چاکسازیی لە سیستێمی دەستەلاتداریی و هتد... نەداوە و نایدات، بێگوومان "بە پێی نادێموکراتیک بوونی گشت سیستێمی دەستەڵاتداریی و هەڵبژاردن لە ئێراندا، کە پێشتریش تا ڕادەیەک ئامارەی پێکرا، ئاسۆیەک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی جیددی لە بارودۆخی کۆماری ئیسلامیی نابیندرێ. لە کاتی سەرۆک کۆماریی "خاتمی"دا کە چاکسازیخوازەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە وەزارەتەکان و مەجلیسی شواری ئیسلامیی ئێران بوو، هەروەها ماوەیەکیش فەزایەکی نیوە ئازادییان بۆ باڵی نێوخۆیی پێک هێنابوو، بە پێی سیستێمی ڕێبەرایەتیی "ولایت فقیه"و"شورای نگهبان" نەیانتوانی ئاڵوگۆڕێک لە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات و بەرتەسککردنەوەی دەستەڵاتی ڕێبەریی و "شورای نگهبان" پێکبێنن. سەرەڕای ئەوەش، ئەوە بۆ مانایە نییە کە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن نابێ لە فەزایەک کە پێکدێ، بە پێی ڕادەی دەستەڵاتی خۆی کەڵک وەرنەگرێ. بۆ کەڵک وەرگرتن لە فەزای دەورەی هەڵبژاردن، هێزێکی دژبەر بە پێی توانایی دەتوانێ لە چەشنە جوراوجۆرەکانی خەبات، یەک لەوان بایکۆت کردن و ڕوونکردنەوەی زۆرتری خەڵک سەبارەت بە ناوەرۆک و ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی، یاریدە بە گەشەسەندنی زۆرتری ئاگایی خەڵکی ئاسایی بدات. ناردنەوەی سەندووقە خاڵییەکان و یاخود کەم بوونەوەی ڕادەی دەنگدان دەتوانی نیشانەی ئاستی بەرزی ئاگایی نەتەوەیی، هەروەها نارەزایەتی خەڵک و ئەمرازێکی گوشار بۆ ڕێژیم بێ.

دەنگنەدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دامەزرانی "کۆماری ئیسلامیی" لە هەڵبژاردنی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاویی و یاسای کۆنە پەرەستانەی بنەرەتیی ئێران لە ١١ و ١٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاویی وەکو خاڵێکی مێژوویی و جێگای شانازیی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە. دابەزینی ڕادەی بەشداریکردن و دەنگدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا پێشاندەری کۆڵنەدانی نەتەوییەکە کە سەرەرای پتر لە سی ساڵ سیاسەتی سەرکووت و سێدارەی حکومەتی ئیسلامیی، لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێران ڕاوەستاوە و کەڵکی لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خۆی گرتووە. بە پێی توێژینەوەیەک بە ناوی" لێکدانەوەی ڕەوتی بەشداریی کردنی شارومەندانی پارێزگای کوردستان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ساڵەکانی ٨٤ - ١٣٧٦"دا کە لە لایەن "ئەنجومەنی ژئۆپۆلیتیکی ئێرانەوە" بڵاو بۆتەوە، ڕاشکاوانە باس لە دابەزینی ڕادەی دەنگدانی خەڵکی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرێ. بە باوەڕی نووسەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە "ئاکاری سیاسیی شارومەندانی پارێزگای کوردستان لە چوارچێوەی بەشداریی کردنیان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی، بە هۆی جیاوازیی قەومیی و ئۆلیی ئەوان لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران، چالاکیی سیاسیی ئەلیتی قەومیی لەم بوارەدا، هەروەها کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی لەسەر خەڵکی ئەم پارێزگایەدا، هەمیشە جێگەی سرنج و بایخێکی تایبەتیی بووە. بەشداریکردنی خەڵکی پارێزگای کوردستان لە سێ دەورەی هەڵبژاردنی ئەم دووایانەی سەرۆک کۆمارییدا (واتە دەورەکانی ٧ تا ٩) پێشاندەری دابەزینی ئاشکرای ڕادەی دەنگدانی خەڵک لە نێوان ئەو دوو دەورەیەدایە، تا ئەو ڕادەیەی کە بەشداریی کردنی خەڵکی پارێزگای کوردستان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ساڵی ١٣٧٦ هەتاویی لە سەتا ٧٩,٤ - وە، بە سەتا ٢٤,٦ لە ساڵی ١٣٨٤ گەیشتووە...." .

بەشداریی کردنی خەڵکی پارێزگای کوردستان لە ٩ دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییدا.

| ڕیز | هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی | ڕێژەی ئەوانەی مەرجی دەنگدانیان بووە | ڕێژەی بەشداریی لە پارێزگای کوردستان | ڕادەی بەشداریی گشتیی لە پارێزگای کوردستان ( لە سەتا ٪ ) |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەورەی هەوەڵ | ٤٦٠٧٧٥ | ٥٩١٠٠ | ١٢،٨٣ |
| ٢ | دەورەی دووهەم | ٤٨٦٩٣١ | ٢١٢٨٨٤ | ٤٣،٧٢ |
| ٣ | دەورەی سێهەم | ٤٨٦٩٣١ | ٢٣٥٩٨٠ | ٤٨،٤٦ |
| ٤ | دەورەی چوارەم | ٥٤٣٧٨٠ | ٢٨٠٤٥١ | ٥١،٥٧ |
| ٥ | دەورەی پێنجەم | ٦٠٧٢٥٦ | ٣٥٦٣٢٢ | ٥٨،٦٨ |
| ٦ | دەورەی شەشەم | ٦٩٤٦٨٧ | ٣٨١٧٩٠ | ٥٤،٩٦ |
| ٧ | دەورەی حەفتەم | ٧٨١٠٤٨ | ٦١٧٣٥١ | ٧٩،٤ |
| ٨ | دەورەی هەشتەم | ٩١٠٣٦٤ | ٤٨٦٥٩٦ | ٥٣،٤٥ |
| ٩ | دەورەی نۆهەم | ١٠٣٢٣٠٦ | ٣٨٥٧٧٦ | ٣٧،٣٧ |
| | لە دوو قۆناخدا | ١٠٣٢٣٠٦ | ٢٥٧٦٤٣ | ٢٤،٦٦ |

ڕادەی بەشداریی خەڵکی شارەکانی پارێزگای کوردستان لە دەورەی نۆهەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی‌دا.

| شارەکان | ڕێژەی ئەوای مەرجی دەنگدانیان بووە | گشتی دەنگەکان | میزانی بەشداریی (لە سەتا ٪) |
|---|---|---|---|
| بانە | ٧٩١٨٦ | ١٣١٠٢ | ١٦.٥٥ |
| بیجار | ٨٩٢٦٥ | ٣٩٨٣٥ | ٤٤.٦٣ |
| دیواندەرە | ٦٢٢٤٥ | ١٢٦٣٠ | ٢٠.٢٩ |
| سرۆئاوا | ٤٤٥٣١ | ٧٤٧٧ | ١٦.٧٩ |
| سەقز | ١٥١٣٣٦ | ٢٤٠٦٧ | ١٥.٩٠ |
| سنە | ٢٨٦٢٨١ | ٥٨٠٦٤ | ٢٠.٢٨ |
| قروە | ١٥٣٢٧٨ | ٦٦١٩٦ | ٤٣.١٩ |
| کامیاران | ٧٦٣٦٣ | ٢٠١٢٤ | ٢٦.٣٥ |
| مەریوان | ٨٩٨٢١ | ١٦١٤٨ | ١٧.٩٨ |

ئەو ئامارانەی کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی مەدەنیی یان کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو بۆنەتەوە بە پێچەوانەی ئەوانەی کە بەردەوام باسی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان دەکەن، پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکی کورد لەو ساڵانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە پێشوازییەکی وەهای لە هەڵبژاردنەکان نەکردوە و تەنانەت "لە دەورەی دووهەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ٢١ی جۆزەردانی ١٣٧٢ هەتاوییدا، "کوردستان" تەنیا پارێزگایەک بوو کە بە تەوایەتیی "نای" بە هاشمی ڕەفسنجانی کووتووە. بەباوەڕی نووسەرانی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجومەنی ژئۆپۆلیتیکی ئێران "زیاد نەکردنی ڕادەی بەشداریی کوردەکان لە بەڕێوبەرایەتیی سیاسیی‌و پێکهاتەی دەستەڵات لە وڵاتدا، هەروەها ترۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی سەرەرای پێشنیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش تەواوبوونی شەری ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق بە نێونجیگەریی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی عێراق بۆ چارەسەریی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد بوو بە هۆی پێکهاتنی زەینییەت و تێگەیشتنێکی نەرێنیی خەڵک لە دەوڵەتی هاشمیی‌و لە ئاکامدا خەڵکی ئەم پارێزگایە بەم چەشنە لە ڕێگەی بەشداریی نەرێنیی لە هەڵبژاردەنەکاندا نارەزایەتیی خۆیان سەبارەت بە وەزعی ئارایی و سیاسەتەکانی دەوڵەت لە ناوچە دەربڕیوە". لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێژەی بەشداریی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامیش بە تایبەتیی لە دەورەی ٧ بەولاوە، ئەم دابەزینە بە جووانی دەبیندرێ. "لە دەورەی حەفتم بە بەراوەرد لەگەڵ دەورەی شەشم ڕادەی دابەزینی بەشداریی کردنی خەڵک لە پارێزگای کوردستان لە سەتا ٧٠ بە ٣٢ و لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە سەتا ٧١ بە ٤٢ بووە. لە دەورەی هەشتمدا، لە تەواوی ئێران، لە ٤٣ میلیۆن و ٨٢٤ هەزار کەس کە مەرجی بەشداریان بووە، تەنیا ٢٢ میلیۆن و٣٥٠ هەزار کەس واتە لە سەتا ٥١ بەشدارییان کردوە. پاش تاران، کەمترین ڕادەی بەشداریی خەڵک لە ئیسفەهان، کوردستان و یەزد و قوم بیندراوە. بە پێی لێکدانەوەکەی نووسەرانی"ڕەوتی بەشداریی کردنی شارومەندانی پارێزگای کوردستان، لە

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی لە ساڵەکانی ٨٤ - ١٣٧٦"ی هەتاویی‌دا دابەزینی ڕادەی بەشداریی کردنی خەڵکی کوردستان پاش دەورەی شەشمی هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامیی لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم خاڵانەدا بووە: پووچکردنەوەی دەنگەکان لە چەندین ناوەندی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی شەشم، ڕووداوەکانی پاش گیرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەم پارێزگایەدا، کاریگەریی حیزبە دژبەرەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات، دڵساردیی لە دەوڵەتی ئیسلاحات، هەست بە سیاسەتی دووچاوەکیانە سەبارەت بە خەڵکی ئەم پارێزگایە، هەروەها نەبوونی کاندیدای خۆشەویست لە دەورەی نۆهەمدا".

## ئاکامبەندیی.

بە پێی ئەزمونی پتر لە ٣٠ساڵ حکومەتی "نوێنەرانی خودا" لە ئێرانو بارودۆخی ئەمڕۆی ئەم وڵاتە، وێچوونی هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک لە ئێراندا نییە. لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بە هێز و کەسایەتییەکی ئازادو دێموکرات، تەنانەت بە زۆرینەی هۆگرانی باوەڕمەند بە "یاسای بنەڕەتی ئێران و چاکسازیی" ئیزنی کاندیدبوون و بەشداریی لە دەستەڵات نادرێ. لە چوارچێوەی سیستێمی "شورای نگهبان، ڕێبەریی و سپای پاسداراندا"هیچ ئاسۆیەک بۆ پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێک لە یاسای ئێراندا نابیندرێ. کەڵک وەرگرتن لە فەزای هەڵبژاردن ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەی بەشداریی کردن خەڵکی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا قەتیس کرێتەوە. هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ بە پێی بنەواشەی سیاسیی و توانایی خۆی، لەو فەزایەی کە لەم دەورەیەدا پێکدێ بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتری ماهییەتو ناوەڕۆکی ڕێژیمی تاران و لە بەین‌بردنی دردۆنگیی خەڵک بەو ڕێژیمە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و سیاسیی خەڵکو بە تایبەتیی وچەی پاش ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویی کەڵک وەربگرێ. ئەو ئامارانەی کە لە لایەن حکومەتی ئیسلامیی ئێران و تویژینەوەی ڕێکخراوەکانی مەدەنیی یاخود زانستیی ئێرانەوە بڵاو بۆنەتەوە پێشاندەرێ ئەم ڕاستییەن کە بە گشتیی لە ئێران و بە تایبەتیی لە کوردستاندا ڕێژەی بەشداریی کردن خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا دابەزیوە و خەڵکی وڵامی بانگشتنی ڕێبەرانی حکومەتی ئیسلامییان نەداوەتەوە. لە چوارچێوەی حکومەتێکی باوەڕمەند بە "امت اسلامی" کە فرە نەتەوەیی بوونی ئێران ڕەتدەکرێتەوە، وێچوونی چارەسەریی پرسی کورد نییە. بۆ کاریگەریی زۆرتر لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی متمانەی بەخۆیی خەڵک و پاشگەزکردنەوەی ڕێژیمی تاران، پێویستە حیزب، ڕێکخراوە و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێکهێنانی بەرە یان هەر چەشنە هاوپێمانیی و هاوکارییک، هێزو توانایی خۆیان بخەنە پاڵیەکو هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران پەرە بە خەباتی دژ بە حکومەتی ئیسلامیی ئێران بدەن.

### سەرچاوە و پەراوێز:

١- ("November 30, 1835 - April 21, 1910- Mark Twain" Samuel Langhorne Clemens).

٢- (همه در انتخابات شرکت کنند؛ حتی کسانیکه نظام را قبول ندارند برای حفظ و اعتبار کشور بیایند، تاریخ انتشار: (١٩ دی ١٣٩٤).

٣- http://www.entekhab.ir/fa/news/246849

٤- http://www.bbc.com/persian/iran/2016/01/160120_l2_iran_election94_khamenei

٥- (مبانی جغرافیایی خاستگاه آرا مردم در هشتمین دوره انتخابات مجلس شورای اسلامی، دکتر زهرا پیشگاهی فرد، سید محمد جواد شوشتری، فصلنامەژئوپلیتیک - سال چهارم، شماره دوم، تابستان ١٣٨٧، ص ١٣٠ - ١٠٩).

(مرعشی: از ٣٠٠٠ کاندیدای اصلاح‌طلب، تنها ٣٠ نفر تایید شده‌اند).

http://www.kaleme.com/1394/10/27/klm-235239

٦- (کنوانسیون بین المللی حقوق مدنی و سیاسی سازمان ملل متحد، مصوبه ٢٦ دسامبر ١٩٦٦ - قطعنامه A ٢٢٠٠ قدرت اجرائی بنابر ماده ٤٩، ٢٣ مارس ١٩٧٦. ترجمه: ن. نوریزاده).

http://hoghoogh.online.fr/article.php3?id_article=110

٧- (قانون انتخابات مجلس شورای اسلامی ایّران، ماده ٢٨). http://www.shora-gc.ir

٨- (متن کامل قانون انتخابات ریاست جمهوري) سەرچاوی سەرێ.

٩- بە پێێ ماددەی ١١٥ یاسای بنەرەتیی ئێران بەربژێری سەرۆک کۆماری دەبێ یەکێک لە "رجالەکانی ئۆلیی و سیاسیی بێ. رجال وشەیەکی عەرەبیی و بە مانای پیاوانە.

١٠- (بیانیه در اعتراض به رد صلاحیت گسترده کاندیداهای زن: بگذارید زنان توانمند در معرض رأی و داوری مردم قرار گیرند)..

http://www.women4parliament.org

١١- (رد صلاحیت گسترده زنان از سوی شورای نگهبان) سەرچاوەی سەرێ.

١٢- (بررسی روند مشارکت شهروندان استان کردستان در انتخابات ریاست جمهوری ٨٤ - ١٣٧٦ ، دکتر مسحود غفاری، بهروز زرین کاویانی، فصلنامه ژئوپلیتیک - سال هفتم شماره اول، بهار ١٣٩٠، ص ١١٠ - ٨٨).

١٣- http://www.ostan-kd.ir/Default.aspx?TabID=133

١٤- (بازخوانی هشت دوره انتخابات مجلس در جمهوری اسلامی، مرتضی کاظمیانروزنامه نگار، ٢٣ دسامبر ٢٠١١ - ٠٢ دی ١٣٩٠).

http://www.bbc.com/persian/iran/2011/12/111221_l39_majlis9th_8-terms.shtml

١٥- (بررسی روند مشارکت شهروندان استان کردستان در انتخابات ریاست جمهوری ٨٤ -١٣٧٦ ، دکتر مسحود غفاری، بهروز زرین کاویانی، فصلنامه ژئوپلیتیک - سال هفتم شماره اول، بهار ١٣٩٠، ص ١١٠-٨٨).

http://www.nnsroj.com/detiles.aspx?id=50354#sthash.S7eXzlmX.dpuf

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠١٦

----------------------------------------------------------

# خەمۆکیی سیاسیی.

**بە بۆنەی دەیەمین گەڕی هەڵبژاردنی "مەجلیسی شوارى ئیسلامیی ئێران"**

**"فاکتەکان هاوئاهەنگ لەگەڵ تیۆریی من نین، وای بە حاڵی فاکتەکان!". (هێگێل).**

حیزبێکی سیاسیی بە پێی ڕادەی پێوەندیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا و لێکدانەوەی لە ئاڵوگۆڕەکانی نێو وڵات، تاکتیکەکانی هەڵدەبژێرێ و هیوادارە سیاسەتەکانی تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای خۆی بێ. گەیشتن بە هەر ئامانجێک لە پێوەندیی لەگەڵ لێکدانەوەی بارودۆخی بابەتیی (ئابژێکتیڤ) و زەینیی (سوبژێکتیڤ) وڵات، لاسەنگیی هێزەکانی دەستەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن لە نێو کۆمەڵگادایە. گرتن یان گۆڕانی تاکتیکی حیزبێکیش هەر لەم پێوەندییەدا جۆراوجۆرەو دەتوانێ دوورکەرەوە(دفعی) یان پەیتا پەیتایی، تێکەڵ بە توندو تیژیی یان ئاشتیخوازانە، هەروەها ئاشکرا یاخود نهێنیی و هتد... بێ. لەم ڕەوتەدا هێزێک دەتوانێ کاریگەریی لە کۆمەڵگادا بێ کە بە پێی هەبوونی شانە حیزبییەکان، کادری لێهاتوو، و توانایی تەبلیغاتی سیاسیی بتوانێ ئەمرازی پێویست بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆی تەیار بکات. لە نەبوونی ئەم مەرجانە بێگومان وتەکان و بڕیارەکانی ئەم حیزبە ناتوانێ ڕەنگدانەوەی لە نێو کۆمەڵگادا بێ.

کاتێک حیزبێک باس لەوە بکات کە خەڵکی گوێ بە قسەیان نادەن و بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوان بە پێێ بارودۆخێ نێو کۆمەڵگا و بەرژوەندیی خۆیان بەشداریی لە هەڵبژاردەکانی کۆماری ئیسلامیی دەکەن، ئەوە نیشاندەری ئەم ڕاستییە تاڵەیە کە نەیانتوانیووە بە هەر هۆیەک بێ، کاریگەرییان لە سەر خەڵکی بێ! بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە، ئەم پرسیارە دێتە پێش:"ڕۆڵی حیزبێکی سیاسیی کە قەرارە پێشەنگی خەڵک بێ و ڕێو شوێن بە خەڵکی نیشان بدا، لە چیدایە؟ ئایا ئەم حیزبانە بە هەڵبژاردنی سیاسەتێکی پۆپۆلیستیی دەبێ بە شوێن ڕووداوەکان کەون؟ یان بێهەڵویست بمێنەوە، و بە ترس و دڵەڕاوەکێ لەوەی کە نەکا تووشی هەڵەیەک بن تەنیا پاش تێپەڕبوونی ڕووداوەکان دەس بە لێکدانەوە و ئاکامبەندیی بکەن؟

لە ڕاستیدا، حیزبێک کاتێک دەتوانی بڕیاری درووست بدات کە لە ڕەوتی دیاریی کردنی دروشمی دوور و نزیک، پاش کۆکردنەوە و پلەبەندیی زانیاریی و فاکتە پێویستەکان بتوانێ پێوەندیی زنجیرە ڕووداوەکانی سیاسیی نە بە چەشنێکی جیا لەیەک، بەڵکوو بە گشتیی بەیەکەوە گرێ بدات و پاش لێکدانەوەی ووردی ئەم فاکتانە و تەیار کردنی تەواوی ئەمرازە پیویستەکان ئەرکی خۆی بۆ دیارییکردن و وەدی هێنانی ئامانجەکانی بخاتە گڕ و خەڵکی بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە کۆکاتەوە. ئەگەر لەم ڕەوتەدا سەرکەوتنی وەدەس هێنا، ئەوە خۆی بۆ ڕۆیشتن بۆ قۆناخێکی سەرتر ئامادە دەکات، بەڵام کاتێک سەرکەوتوو نەبێ، ئەمجار پاش پێداچوونەوەیک لەسەر ڕووداوەکان و دۆزینەوەی هەڵەکان، تێدەکۆشێ ئەو کەمایەسییانە قەربوو بکاتەوە. لێرەدا گرینگ

هاوئاهەنگیی تیۆریی جووڵە و تێکۆشان لەگەڵ فاکتە دیارییکراوەکانە، نە پێچەوانەکەی، دەنا هێگێل" کوتەنیی "وای بە حاڵی ئەو فاکتانەی کە هاوئاهەنگ لەگەڵ تیۆرییەکانی من نەبن".

لەم دوایانەدا بە بۆنەی دەوری تازەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران" لە ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤هەتاویی، گەلێک بیر وباسی جۆراوجۆر هاتۆتە ئاراوە، بەشێک ئەم چەشنە هەڵبژاردنانە بایکۆت دەکەن و بەشێکیش سەرەرای بە گونجاو زانینی هەڵبژاردن و کرانەوەی فەزایەک لەم پێوەندییەدا، جارێ چاوەڕەوانی ڕووداوەکانی ئێران لە یەک مانگ و نیوی داهاتوو دەکەن تا بەڵکوو لە ساتی ئاخردا ئەگەر مەجالێک ما، بتوانن بریارێک بدەن یا نەدەن! بە وتەیەکی دیکە، سەرەرای دێموکراتیک نەبوونی هەڵبژاردن لە ئێران بە درێژایی مێژووی پتر لە سێ دەیە دەستەڵاتداریی حکومەتی ئیسلامیی، بەشداریی خەڵکی بە کارێکی گونجاو دەزانن، و بە پێی ئەوەی کە خەڵکی کورد هەمیشە بە "تەشخیصی" خۆیان بێ لەبەر چاوگرتنی ویستی حیزبەکان چوونە سەر سەندووقی دەنگدان و بەشدارییان کردوە، بایکۆت کردن بە کارێکی شیاو و درووست نازانن!!؟؟ لە لایەکی دیکەشەوە سەرەرای ئەوەی کە بۆخۆیان بە باشیی دەزانن کەس وڵامی بریاری ئەوان ناداتەوە، لە هەڵبژاردەکانی سەرۆک کۆمار و مەجلیسی ئیسلامیی ئێرانیشدا، لە قۆناخێکدا کە ئیتر مەجاڵ بۆ هەڵوێست گرتن نەمابوو، بە دڵگەورەییەوە فەزاکەیان بۆ هەڵوێست گرتنی خەڵکێک هەێشتەوە کە بایخێکیان بە هەڵوێستی ئەم حیزبانە نەداوە!!؟؟

ئەم شێوە بۆچوونانە تەنیا پێشاندەری دژووازییەکی حاشا هەڵنەگر و پاکانە بۆ بێ ئەرک کردنی خۆیان لە ڕەوتی هەڵوێست گرتندایە. هەڵویست گرتنی حیزبێک نە بە پێی بەشداریی خەڵک یان نەکردنیان، گوێدان بە قسەی ئەوان یان نەدانیان، بەڵکوو بە پێی ئەو بنەواشانەیە کە لە پێوەندیی لەگەڵ سیستێمی دەسەڵات و ئامانجەکانی ئەم حیزبە بنەمای سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەوان بە پێی پێرەو وپرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەکەیان پێک دەهێنێ. ئەم چەشنە بۆچوونانە بنەمایەکی پۆپۆلیستیی هەیە کە بە شایدی مێژوو چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی جیهاندا هەرەسی هێنانە، نموونەکەی پشتیوانیی جەماوەریی خەڵکی ئالمان و ئیتالیا لە فاشیسم لە دەیەی ٤٠ی سەدەی ڕابردوو و خەڵکی ئێران لە حکومەتی ئیسلامیی پاش شۆرشی ڕێبەندانی ٥٧ی هەتاویی و پشتیوانی کردنی بەشێک لە هیزە چەپەکانی ئێرانی وەکو "حیزبی تودەی ئێران" و پاشان "سازمانی فیدائیانی اکثریت" لە ڕژیمی ئیسلامیی ئێرانە.

بە باوەری نووسەری ئەم بابەتە، هەڵبژاردنی دروشمەکان و شیوەی سیاسەتی بەشێک لە حیزبەکان نە لە تەبایی لەگەڵ ئاستی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە بە درێژایی دەسەڵاتداریی حکومەتی ئیسلامیی کۆڵی نەداوە و لەم دوایانەشدا چ لە کاتی شەری کۆبانی و هێرشی داعش بۆ کوردستان و چ لە کاتی شهیدکردنی ئەمر فەرزاد و هاورئیان، چ بەردەوام لە ساڵرۆژی ترۆری ئەمرِ دوکتور قاسملو ئاستیی ئاگایی نەتەوەیی خۆی نیشان داوە، بەڵکوو بە پێی بارودۆخی نێوخۆیی و ئابووریی حیزبەکان لە باشوری کوردستان، نەبوونی پێگەیەکی بەهێز و کەمایەسیی کارو چالاکیی جیددی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دابرانەکانی بێپسانەوەی نێوحیزبەکان و دوورکەوتنەوەی بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامەکانی لێهاتوویان، هەروەها بێ کاریگەرییان لە ڕووداوە سیاسییەکانی

کوردستانە.

ئەم خاڵە ئەرێنییانە بۆتە پێوەری پێناسەکردنی ئاستی بزوتنەوەی کورد لە ئێران و هەڵسوکەوت لەگەڵ کاربەدەستانی تاران! ئەم چەشنە هەڵسوکەوت و زەوی و ئاسمان بە یەک گرێدانەوە دەتوانێ تەنیا نێشانەی خەمۆکیی سیاسیی و ناتەوانیی لە هەڵبژاردن دروشمی شیاو و سیاسەتی درووست بێ، کە بە داخەوە چەپ و ڕاست وەکو بنێشتە خۆشەی عەقلییەتی سیاسیی دووپات دەکرێتەوە؟ بێ گوومان ئەرکی حیزبێکی ئوپۆزیسیۆنی لە دەرەوەی وڵات پێویستە جیاوازیی لەگەڵ ڕێکخراوەیەکی مەدەنیی، فەرهەنگیی و سیاسیی لە ئێراندا بێ و نابێ ئەرکی حیزبێکی سیاسی کورد کە خۆی بە بەشێک لە ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی دەزانێ و بە شوێن پێکهێنانی "کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی ئێران"دایە بێتە ئاستی ڕێکخراوەیەکی مەدەنیی و فەرهەنگیی نیو وڵات کە لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیی ئێراندا کار و چالاکیی دەکات، و بەردەوام بە دووپاتکردنەوەی ئەم ڕاستییە کە دەوڵەتی ئیران بە کورد ناڕووخێ پاکانە بۆ بێ دەستەڵاتیی خۆی بکات.

ئەگەر حیزبێک خۆی پێشرۆی خەڵک دەزانێ و ئاڵاهەڵگری دروشمی دیموکراسیی و فیدرالیسم بۆ ئێرانە، بێ گومان دەچێتە خانەی حیزبە ئوپۆزیسیۆنەکانی ئێرانیی و دەبێ هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوان بۆ ڕووخاندنی ئەم حکومەتە تێبکۆشێ، بەڵام ئەگەر تەنیا پێی وایە مەسەلەی کورد مەسەلەی سەرەکی ئەوە و دەتوانێ لەگەڵ شەیتانیش بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە سەر میزی وتووێژ دانیشێ و لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بە ئامانجەکانی بگات، باشترە ڕاشکاوانە لەم ڕەوتەدا هەڵوێست بگرێ و تێبکۆشی ببێتە حیزبێکی قانوونی لە چوارچێوەی ئێرانی ئیسلامیدا. بەڵام لە بیرمان نەچێ ئەگەر حیزبێکی فیدرالیخوازی کورد بتوانی لە ئێراندا کار و چالاکیی سیاسیی بکات، ئەوە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان ناوەرۆکی ئەم حیزبە گۆڕاوە یان دیاردەیەک بە ناوی حکومەتی ئیسلامیی ئێران ئیتر بوونی نەماوە. لە لایەکی دیکەش ئەزموونی پارتی و یەکێتییمان لە کاتی دەستەڵاتداریی سەدام لە بیر نەچێ کە بە جیا کەوتنە معامله لەگەڵ دەستەڵات و چیان بەسەر یەک هێنا و چۆن سەدام لە ڕەوتی سیاسەتەکانی خۆی کەڵکی لەم ئاڵۆزییانە وەرگرت. لێرەدایە ئەم وتە جوانەی خواجە عبداللەی ئەنساریی خۆی بە جووانی دەنوێنێ کە دەڵێ"نرخی هەر کەسێک لە کارەکەیدایە و "آن ارزی کە میورزی".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٦

-------------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧

----------------------------------

### چل و یەک گەورەتر لە پەنجا و نۆیە.

بە پێی ڕاگەیەندراوەکانی حکوومەتی تاران لە ١٢- مین دەوری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی و ٥ مین دەوری هەڵبژاردنی شوراکانی شار و دێ لە ٢٩ ئەیاری ئەمساڵدا، لە یەک میلیۆن و ١٨١ هەزار و ٨٨٣ کوردستانی کە مافی دەنگدانیان بوو، ٦٩٤ هەزار و ٣٧ کەس واتە لەسەتا ٥٩ بەشداریان کرد. پاش تەواو بوون و ڕاگەیاندنی ئەم ئامارە، بەشێک لەوانەی کە دژ بە سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردن بوون، بەشداری خەڵکیان وەکو سەرکەوتن و مایەی شانازی بیرۆکەی خۆیان و شکستهێنانی سیاسەتی بایکۆت پێناسە کرد. ئەم کەسانە بە زەقکردنەوەی ڕێژەی سەتا ٥٩ی بەشداریکەران لەبەرامبەر ڕێژەی سەتا ٤١ی ئەوانەی کە بەشداریان نەکردبوو بەو ئاکامە دەگەن کە سیاسەتی بایکۆتکردن هەڵەیە و پێویست بوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم هەڵوێستەیان نەگرتبا!! ئەگەر ئێمە سرنج بدەینە چەند ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، دەبینین لە باری مێژوویەوە ئەم چل و یەکە گەلێک لە پەنجا و نۆیەکە گرنگتر و پڕبایەخترە! بۆچی؟

١- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مەیدانی ململانێ حکوومەتی دەستەڵاتدار و ئەوانەی کە بایکۆتیان کردبوو بەرامبەر نەبوو، واتە دەستەڵات بە هەبوونی تەواوی دەرفەت و کەرەستەکان دەوری مەیدانگێرانی زۆرتر لەو کەس و حیزبانە بوو کە بە هۆی زاڵبوونی حکوومەتی دیکتاتۆری ئێران و نەبوونی ڕاستەوخۆیان لە ناو خۆی وڵات بانگهێشتنیان بۆ دەنگ نەدان کردبوو!

٢- بەشداری خەڵک لە کۆمەڵگایەکی نادێموکراتیک کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک ئیزنی کاندیدبوونیان نییە ناتوانێ وەکو پێوەرێک بۆ نارەوابوون یاخود هەڵەبوونی بڕیاری بایکۆتکردن لەقەڵەم بدرێ، پێویستە حیزبێکی سیاسی خۆی لە پۆپۆلیسم دوور کاتەوە تا تووشی کارەساتی سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی پاش شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی نەبێتەوە. دووپاتکردنەوەی ئەم سیاسەتە بە جلّ و بەرگی مۆدێرنیسم و بانگەوازی بەشداری لە سیاسەتی "کلان" تەنیا دووپاتکردنەوەی سیاسەتێکی دۆڕاو و هەرەسهێناوە کە دەکرێ وەکو کۆمێدییەکی گاڵتەجاڕانە لەبەر چاو بگیرێ.

٣- هێزێکی سیاسی پێویستە پێوەرێکی دیاریکراوی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان بێ. ئەوانەی کە لایەنگری دەنگدان بوون پێویستە ڕوونی بکەنەوە دەیانویست خەڵکی هانبدەن هەتا دەنگ بە کێ و بە کام بەرنامە بدەن؟ بۆ وێنە پلاتفۆرمی کام یەک لە کاندیدەکانی سەرۆک کۆماریی تەنانەت لە خاڵێکیشدا بێ لە بەرژوەندی کورد و ستراتێژی" نەتەوەیی" ئەوان بووکە تاکتیکی دەنگ نەدان تاوان بێ

و دەنگدانی خەڵک ببێتە مایەی شانازی و بزەی سەر لێوانیان، وەکو بڵێی نوێنەری خوازیار و ڕاستەقینەی ئەوان هەڵبژاردرابێ!!

بڕیاری حیزبێکی سیاسی نە بە پێی بەشداری خەڵک و بەشوێنکەوتوویی لە ڕووداوەکان، بەڵکوو بە پێی هەڵسەنگاندنی بارووددۆخی کۆمەڵگا، دەسەڵات و ئەرکی ڕوونکردنەوە و ئاگاکردنەوەی خەڵکە. ئەگەر پێوەری هەڵسەنگاندن، ڕادەی بەشدارکردنی خەڵکی لە ڕێفراندۆمەکان بێ، دەبێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە دیموکرات و کۆمەڵە کە بە پێچەوانەی زۆرینەی حیزبەکان و خەڵکی ئێران دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی و یاسای بنەرەتی ئێران نەدا تاوانبار لەقەڵەم بدرێن و هەڵوێستی ئەوان بکەوێتە ژێر ڕەخنەیەکی جیددی. هەروەها پێویستە کار و چالاکی ئەوانەی کە لە کاتی سەرهەڵدانی فاشیسم لە ئەڵمان و ئیتالیا بە پێچەوانەی زۆرینەی خەڵک کە بەشوێن هیتلێر و موسولێنی کەوتبوون، دژ بە فاشیسم ڕاوەستان و گەلێک قوربانیان دا وەکو هەڵەیەکی مێژوویی لەبەر چاو بگیرێ! ئەرکی حیزبێکی سیاسیی کەڵک وەرگرتنە لە دەرفەتەکان بۆ پاشگەزکردنەوەی دەسەڵات نەک پاکانە و بانگەوازکردن بۆ بەشداری لە نمایشە مەهەندیسیکراوەکەی ڕێژیمی تاران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٧

---

## کورد و ناتەبایی نەتەوەیی

زۆرجار لە مێژوودا دەرفەتگەلێک بە پێی بارودوخی نێوخۆیی و جیهانی پێک دێ کە شێوەی کەڵکوەرگرتن لەو دەتوانێ چارەنووسی میللەتێک بەرەو ئاکامێکی ئەرێنی یاخود ئەرێنی بگۆڕێ.

نەتەوەی کورد لە درێژایی مێژووی خۆیدا یەکێک لەو نەتەوانەیە لە دنیادا کە بەداخەوە بە هۆگەلی جۆراوجۆر کە زۆرجاریش دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی نێوخۆیی، نەیتوانیوە لەم دەرفەتانە کەڵک وەربگرێ. کاتێک ئاوڕێک لە «ئامانجی کۆمەڵەی ژێکاف» بدەینەوە کە لە یەکەم ژمارەی «نیشتمان» لە پوشپەڕی ١٣٢٢دا بڵاوبۆتەوە، دەبینین باس لە هۆگەلێک دەکا کە ئێستاش پاش تێپەڕبوونی پتر لە حەوت دەیە لە نێوانماندا بە چەشنێکی سەقامگرتوو ماوەتەوە و تەنیا شکڵەکەی لەوەدەچێ بە پێی بارودۆخ گۆڕدرابێ.

لە «ئامانجی ئێمە» روو بە «برای کورد» نووسراوە:

«کومەلەی ژ. ک بە پێچەوانەی بەرهەڵست و قورت و چەڵەمەییکی وەکوو دوژمنایەتیی خوبەخو، دوبەرەکی و خۆخوری، پوڵپەرستی و

بیگانەدوستی کە لەسەر ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردا هەیە بە هەموو هێز و توانای خوی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیابژێت.»*

کاتێک پاش ئەم هەموو ماوەیە کە بەسەر ئەم نووسراوەیەدا تێپەربووە، کە چاو بە بەسەرهاتی خۆمان و هەڵسوکەوتی حیزبەکانی کوردستان دەخشێنین، دەبینین سەرەڕای ئەم هەموو ئاڵوگۆڕەی لە جیهان و ناوچەدا ڕووی داوە، ئێمەی کورد بە باش و خراپەوە هەر لەو ئاستەدا ماوینەتەوە کە «ئامانجی ئێمە» باسی دەکا و بە داخەوە بەو ئاستەی نەگەیشتووین کە وەکوو نەتەوەیەکی یەکگرتوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تەنانەت لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش ڕێککەوین. هەر دەڵێی بۆمان گرینگ نییە کە چۆن دوژمنانمان لە دوبەرەکی و کێشە نیوخۆییەکانمان بۆ تێکشکاندمان کەڵک وەردەگرن!

ئێمەی کورد ئەوەندەی هێز و توانامان بۆ تێکشکاندن و سووکایەتیکردن بە یەکتر دەخەینە گەڕ، ئەوندە ئەم هێزە تەرخانی بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنی هاوبەش ناکەین! تەنیا بەسە، بۆ ساتێک ئاوڕێک لە بارودۆخی باشوور و ڕۆژهەڵات بدەینەوە تا ئاگاداری قووڵایی ئەم کارەساتە بین.

لە ئێستادا تەواوی نەیارانی کورد هەوڵی خۆیان بۆ پێشگرتن لە ڕێفراندۆمی ٢٥ی ئەیلولی ئەمساڵ وەگەڕخستوە، بەڵام نە لایەنگرانی ڕێفراندۆم لە کوردستان و نە ئەوانەی ڕەخنە لە دەستەڵاتدارانی هەرێم دەگرن و ئەوان بە پاوانخواز تاوانبار دەکەن؛ لە هیچ سات و کاتێکدا بۆ سووکایەتیکردن بە یەکتر کۆتایی ناکەن و لەبیریان چۆتەوە کە لەم ئاستە هەستیارەدا کورد پێویستیی بەیەکدەنگی و هاودەنگی هەیە تا بە چەندبەرەکی و هێرشکردنە سەر یەک.

کاتێک بوو کە کورد بۆ گەیشتن بە حوکمی زاتی، واتە خودموختاری تووشی ژێنوساید دەبوو، ئەنفاڵ دەکرا، بە سەدان هەزار کەسی قوربانی دەدا و وڵاتەکەی خاپور دەکرا ئەمەی بە شانازییەوە قەبوول دەکرد و بۆ گەیشتن بە مافی بەرامبەر لەگەڵ نەتەوەی سەردەست خەباتی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە لە ترسی برسێتی و نەگەیشتنی مووچە و تێکچوونی وەزعی ئابووری و لە حاڵێکدا دژایەتیی دەوڵەتە دراوسێیەکان کە لە باری مێژووییەوە دژی کورد بوون و هەن و دەشمێننەوە گەیوەتە ئەوپەڕی خۆی و هەوڵی ڕێگری یان وەدواخستنی ئەم گشتپرسییە دەدەن؛ لایەنە کوردییەکان هەرکامیان ئامادەن بۆ پەراوێزخستن و لاوازکردنی یەکتر، تەواوی پرەنسیپەکان بخەنە ژێرپێ. لێرەدا ئەسڵی مەسەلەکە واتە سەربەخۆیی کوردستان لەبەرامبەر پاوانخوازیی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان خراوتە پەراوێزەوە و کێشە نێوخۆییەکان زەق کراونەوە. تاوانبارکردنی یەکتر بە کوودەتاچی، دیکتاتۆر، مووچەوەرگری وڵاتەکانی دیکە و هتد بۆتە باسی ڕۆژ و ئەوەندەی کە هەوڵ بۆ هێرشکردنە سەریەک لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان دەدرێ بایەخ بەم بڕیارە مێژووییەی کورد لە باشوور نادرێ.

لە نێوان ڕۆژهەڵاتییەکانیش کە پتر لە سێ دەیەیە حیزبەکانیان لە دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیربوون وەزعەکە باشتر نییە و ئەوان ئەوەندەی کە سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانن، یەک لە سەدی توانایی خۆیان بۆ گەیشتن بە هاودەنگییەکی جیددی تەرخان نەکردوە. هیچ کامیان یەکگرتن و پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش ڕەت ناکەنەوە و هاوکات دەیان هۆت بۆ سەرنەگرتنی بەرە بۆ ڕیز دەکەن. ئەم هێزانە ئەوەندەی کە توانای دەرکردن و دوورخستنەوەی ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان هەیە، یەک لە هەزار بە هۆی کێشەی دەسەڵات و پاوانخوازیی شەخسی و قۆڵقۆڵێن و حیزبی توانایی ڕێککەوتنیان لەگەڵ یەک نییە. ئەم وەزعییەتە وایلێکردووین کە تەنانەت هێزەکانی بەشەکانی دیکە کوردستانیش حیسابێکمان لەسەر نەکەن. نموونەکەی شێوەی هەڵسوکەوتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد یان هێزەکانی باشوور لەگەڵ ئێمەی ڕۆژهەڵاتییە کە پاش باکوور گەورەترین بەشی کوردستانی دابەشکراو پێکدێنین. لە ڕاستیدا چارە چییە؟ بڵێی بەم فیکر و بۆچوونانەی کە لە نێو ئێمەدا هەن، شایانی ئەوە بین کە ناوی نەتەوە لەسەر خۆمان دابنێین؟ بڵێی کاتی ئەوە نەگەیشتبێ کە خەسارناسیی بیر و بۆچوونی خۆمان بکەین و پێکەوە و بە دوور لە پاوانخوازیی و خۆبەزلزانین و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی هێز و تواناییمان بۆ گەیشتن بە مافەکانمان وەپاڵ یەک نەخەین؟

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٦.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جووڵای ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و چەند تێبینییەک.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵە، هەروەها دوو بەشی دێموکرات هەوڵی جۆراوجۆریان بۆ دانیشتن، پێکهاتنەوە و درووستکردنەوەی حیزبێکی هاوبەش داوە. نەبوونی متمانە بە یەکتر بەپێی ڕووداوەکانی پێش دابڕان و کێشە ناوخۆییەکانیان، پاوانخوازی و بەرژەوەندی تاکەکەسی و گرووپی کۆسپێکی جیددی لەسەر ئەم ڕێگایە بووە. لەم دوواییانەدا کەمتر باس لە یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکان، بەڵکوو زۆرتر باس لە نزیکبوونەوەی زۆرتری دوو باڵەکەی دێموکرات دەکرێ. ئەندامەکانی ئەم دوو باڵەی دێموکراتیش کە چاوەڕوانی یەکگرتنەوەن، لەسەر تۆرە میدیاییەکان بە هەر خەبەرێکی نوێ خۆشحاڵی خۆیان لە ڕەوتی نزیکبوونەوەی دێموکراتەکان دەردەبڕن. بە داخەوە وادێتە بەرچاو کە تەواوی دانیشتنەکان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە دوور لە چاوی جەماوەی حیزبی روو دەدات و ئەوە ڕێبەرەکانن کە پێکەوە دادەنیشن و بریاری کۆتایی بە باش یان خراپ دەدەن و ئەندامەکان هیچ نەخشێکیان لەم ڕەوتەدا نییە؟! ئەگەر وابێ، ئەمە بۆخۆی لە ناوەڕۆکدا کارەساتە!

ئەگەر قەرار وابێ کە دوو باڵی حیزبێک، کە بە هەر هۆیەک، چ ڕێکخراوەیی و چ بە پێی جیاوازیی بیر و باوەڕ لەیەک جیابوونەتەوە و ئێستا وەکو دوو حیزبی سەربەخۆ کار و چالاکی دەکەن، یەک بگرنەوە، پێویستە لەسەرەتادا خەسارناسییەک بکردرێ

و لەم ڕەوتەدا تەواوی کادر و ئەندامەکان بەشدار بن و بریاردەر تەنیا ڕێبەریی حیزبەکە نەبێ. دەبێ ڕوونکرێتەوە کە هۆی دابڕانەکە چی بوو، هەڵەکە لە کوێدا بووە؟ کام یەک لە هۆیەکانی دابڕان پاش پتر لە دە ساڵ کاری سەربەخۆی ئەم دوو حیزبە، بە دوو فەرهەنگ و دوو هەڵوێست و سیاسەتی جیاوازەوە چارەسەرکراوە؟

کاتی خۆی ڕێبەری حدک بۆ جیابوونەوە گەلێک خاڵی جۆراوجۆری ریز کردبوو، ئێستا کام یەک لەم خاڵانە لە حیزبی بەرامبەردا حەڵبووە کە ڕێخۆشکەرەی یەکگرتنەوەیەکی ئوسووڵی بێ و پێش بە جیابوونەوەی نوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا بگرێتەوە؟ بۆ ئەوەی کە ئەوان بتوانن لە حیزبێکی یەکگرتوودا بە چەشنێکی هەواڵانە کاری هاوبەش بکەن کام میکانیزم لە هەر دوو لاوە پەسەند دەکرێ؟ بڵێی حیزبی یەکگرتوو ڕێگا بە هەبوونی فراکسیۆن و ئاراستەکردنی بەرنامە و پلانی جیاواز و گۆڕانکاری لە ڕێبەری، بێ دابڕانی نوێ بدات؟ ئایا باشتر وانەدەبوو بە درووستکردنی بۆلتێنێک بیرورای کادر و ئەندامەکان و جەماعەتی ڕێبەری بخرێتە بەردەست و بە چەشنێکی دێموکراتانە بەدەنەی حیزبیش بەشداری ئەم ڕەوتە بکات؟ بڵێی باشتر نەبێ لەسەرەتادا ئەم دوو حیزبە بە کار و هەڵوێستی هاوبەش و دەربڕینی بەیاننامە و هتد دەستپێبکەن، کۆمیتەی هاوبەش لە بوارە جۆراوجۆرەکان پێکبێنن، هەوڵ بدەن بەرنامە وپێرەوی هاوبەش ئامادە بکەن و لە داهاتوودا پاش ماوەیەک کاری دوو قۆڵی وەکو دوو حیزبی برا بەرەو پێکهێنانی کۆنگرەیەکی هاوبەش برۆن؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## چەند سرنجێک بۆسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانیدا

لەسەر شێوەی دامەزران و مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی گەلێک کتێب و بابەت لەسەر ئەم ڕووداوە مێژووییە نووسراوە و تیشک خراوەتە سەر گۆشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە بە تایبەتیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتیی.

لێرەدا بە کورتی چەند خاڵی مێژوویی و سەرەکیی ئەم حیزبە گەڵاڵە دەکرێ.

* حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویی لەسەر قەوارە و بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف پێک هات و بووە درێژدەری خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە بە چەشنێکی ئاشکرا، بەڵام بە پاشگەزبوونەوەی کاتی لە چەند خاڵێک هەتا ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان. بە پێی ئەوەی کە پێشەوا قازی محەممەد وەکوو کەسایەتییەکی ئایینی لە کاتی ئەندام بوونی لە کۆمەڵی ژێکاف وەکو تەواوی ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە نهێنییە سوێندی خواردبوو کە بێجگە لە کۆمەڵەی ژێکاف نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێکخراوەیەکی دیکە

و وەفادار بە ڕێگا و خەباتی ئەم حیزبە بمێنێتەوە، ئەستەمە بیر لەوە بکرێتەوە ئامادە بووبێ بە پێچەوانەی سوێندەکەی ڕەفتاری کردبێ. لە لایەکی دیکەشەوە ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی دامەزرانی «کۆمەڵەی ژێکاف»یشە و ئەمە لەوە ناچێ بە هەڵکەوت بووبێ. بەم پێیە دەکرێ ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات نەک ٧٢ بەڵکوو ٧٥ ساڵ لە قەڵەم بدرێ.

* حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرێنەری یەکەمین کۆماری کوردستانە. کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو شانازییەی بە کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەخشی هەتا لە پێکهێنانی یەکەمین دەسەڵاتی کوردستاندا بەشدار بن.

* لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەریی ئەم حیزبە، توانایی ئەوان بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەوەڵین دەرفەت، بێ فەوتاندنی کات بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانە، ئەویش لە کاتێکدا کە ئەم فەرمانە هاوئاهەنگی لەگەڵ هەڵویست و ویستی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، هەروەها دەوڵەتی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان نەبووە. ئەمە نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە بۆ پێشەوا و ڕێبەرانی حیزب سەربەخۆیی ئامانجی سەرەکی بووە و بە پشتبەستن بە خەڵک، لە یەکەمین دەرفەتدا کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاندوە.

* دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو بە بەستێنێک بۆ پێکهاتنی حیزبگەلی هاوچەشن لە بەشەکانی دیکەی کوردستانی دابەشکراودا. بەم پێیە دەکرێ حیزبی دیموکرات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەکو کۆڵەکەی بیر و هزری خەباتێکی هاوچەشن بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لەبەر چاو بگیرێ.

* ستراتێژی حیزبی دیموکرات وەکو درێژەدەری کۆمەڵەی ژێکاف بە پێی بارودۆخ و هاوسەنگی و لاسەنگی هێزەکانی ژوورەکی و دەرەکی و کۆمەڵگای جیهانی دووجەمسەریی، لە سەربەخۆییەوە، هەتا خودموختاری و فیدرالیسمی لە خۆ گرتوە. بەلام سەرنجراکێش ئەوەیە کە لە هەر حاڵەتێکدا بۆ دەستەلاتدارانی تاران وەکو جیاییخواز ناسراوە و بەچەشنی جیاواز سەرکوتی فیزیکی و فیکری و تەبلیغاتی کراوە. کورد بە گشتی بۆ دەستەلاتدارانی ئێرانی و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی باوەڕمەند بە یەکیەتیی ئەرزیی ئێران وەک جیاییخواز چاوی لێکراوە و هەر واش چاوی لێ دەکرێ. بە باوەڕی من لە مێژە کاتی ئەوەی هاتوە دروشمی سەرەکیی حیزبە کوردستانییەکان و یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان مافی چارەنووسی کورد بە شێوەی پێکهێنانی کۆماری سەربەخۆی کوردستان بێ، نەک دێموکراسی بۆ ئێران یان کۆماری کوردستان لە ئێرانی فیدراڵدا. دەکرێ خودموختاری و فیدرالیسم تەنیا وەکو قۆناخێک بۆ گەیشتن بەم ئاواتە لەبەر چاو بگیرێ نەک وەکو ئامانجی سەرەکی. لەم حاڵەتەدا دەکرێ و دەبێ هەوڵ بدرێ سەربەخۆیی نەتەوەیی وەکو دیاردەیەکی بەرچاو بخرێتە نێو مێشک و ڕەوانی تاکی کوردەوە و هەتا ڕۆڵەی کورد بۆ پێکهێنانی کیانێکی نەتەوەیی تێبکۆشێ.

گرێدانی خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ بیری سۆسیالیستی و دادپەروەرانە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دیموکراتە کە لە پرۆگرامەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. حیزب لە ژێر کاریگەریی باڵی چەپ و کاتێک کە پێی وابوو یەکیەتیی سۆڤییەت و بلۆکی

ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لە جیهانی دوو جەمسەریی دەتوانن یاریدەدەری حیزب و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بن بە شوێن راکێشانی ڕای ئەوان بوو. ڕووداوەکانی پاش شۆرشی ڕێبەندانی ٥٧ لە ئێران و ئاوڕنەدانەوەی ئەم وڵاتانە لە کێشەی نەتەوەیی لە کوردستان بوو بە هۆی پێداچوونەوەی حیزب بەم بیرۆکەیە و دیتنەوەی دۆست لە نێوان سوسیال دیموکراتەکان و لە کۆتاییدا بوون بە ئەندامی سوسیال ئەنترناسیۆنالیستەکان. سەرەرای ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی خاوەن ئارمان و ئیدەی سۆسیالیستی بووە، هەمیشە باری نەتەوەییەکەی زاڵتر بووە. حیزبی دیموکرات وەکوو حیزبێکی جەماوەری توانیویەتی بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد بە بیری جیاوازەوە لە دەوری خۆی کۆکاتەوە.

* ژیانی سیاسی ئەم حیزبە پڕە لە هەوراز و نشیو و کارەساتی جۆراوجۆر، چوار کەسی یەکەمی ئەم حیزبە لە لایەن نەیاران و دوژمنانی کوردەوە کوژراون، شتێک کە لە نێو حیزبەکانی دیکەی کوردستانی کەمتر بیندراوە، قازی محەمەد پێشەوای ئەم حیزبە بە دەست کاربەدەستانی حکوومەتی پەهلەوی، ئەحمەد تۆفیق پاش پتر لە ١٠ ساڵ بەرێوبەردنی ئەم حیزبە و کاتێک ئیتر وەکو سکرتێری حیزب نەمابوو لە لایەن بەعسیەکانەوە، پاشان نەمر دکتور قاسملوو و شەرفکەندی لە ڤیەن و بەرلین بە دەستی تێرۆریستەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کران. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگای گەیشتن بە ویست و ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک قوربانی داوە و باشترین ڕۆڵەکانی خۆی پێشکەشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردی کردوە.

* بە داخەوە لە درێژایی خەباتی سیاسی ئەم حیزبە وەکو زۆرینەی حیزبەکانی دیکە دابڕان و جیابوونەوە بە هۆی جۆڕاوجۆر کەم نەبووە. دواین لێکدابڕان، دابەشبوونی ئەو حیزبە بە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ کەوتەوە. لێرەدا جێگای ئەوەی نییە باس لەوەی بکرێ پێکهاتنی حدک تا چ ڕادەیەک وڵامدەری پێداویستییەکانی بزووتنەوەی کورد لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بوو، شتێک کە بێگومان پێویستە بە وردی باسی لێبکرێ، بەڵام ئێستا پاش ماوەی ١٠ ساڵ، جێی خۆشحاڵییە کە پێوەندییەکانی هەر دوو لا تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی کراوەتەوە و باس لە یەکگرتنەوەش دەکرێ.

(لە ژمارەی ٧٠٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------

# بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**(١)**

«کورد بە هەمو هێزی خۆی ئەچریکێنێ ئەڵێ کوردستان ماڵی خۆمە، بە کەسی نادەم؛ و وڵاتی خۆم بۆکەس بەجێ ناهێڵم، لە کوردستان بووم لە کوردستان ژیاوم و ئەژیم، ئەبی هەر لە کوردستان و لە ڕێگای کوردستاندا بمرم»

گۆڤاری نیشتمان ژمارەی یەک، پوشپەری ١٣٢٢

هاتنی بیری چەپ بۆ ئیران لە سەدەی ١٩ی زایینی و بە تایبەتی ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیەدا هاوکات بوو لەگەڵ گەشەسەندنی بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری سۆسیالیستی و سەرهەڵدانی ڕێکخراوەی چەپ و تێڕوانینێکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی زوڵم و زۆری چینایەتی، ودەستهێنانی سەربەخۆیی و وەدەرنانی ئەمپیریالیسمی ئینگلیس لە ئێران. ئەم ڕەوتە کاریگەریی لەسەر کوردیش هەبوو.

لە کاتی دەستەڵاتدارەتیی ڕەزاشادا کورد قەڵاچو کرا، «سەرکوتکردنی شۆڕشی سەردار ڕەشید، سەرۆکی کەڵهۆرەکان لە ساڵی ١٩٢٣؛ شۆڕشی جەعفەر سولتان، سەرۆکی عەشیرەتەکانی هەورامان؛ کوشتنی سمایل ئاغای سمکۆ لە ١٨ی ژوئیەی١٩٣٠؛ سەرکوت و دوورخستنەوەی جەلالیەکان بۆ ئیسفەهان و قەزوین لە ساڵی ١٩٣٦ و کوژرانی پتر لە سەتا ٤٠ی ئەوان لە کاتی ناردنیان بۆ ئەو دوو شارە؛ تیرباران و کوشتاری پتر لە ١٠ هەزار کورد بە دەستوری ژێنراڵ ئەحمەدی؛ هەروەها لە بەندیخانە خستنی زۆرتر لە ٤ هەزار کوردی ڕۆژهەڵات لە دەیەی ١٩٣٠ بە هۆی ڕاپەڕین دژی حکوومەتی پاشایەتیی ڕەزاشا؛ هاوکاری لەگەڵ سپای تورکیە و عێراق بۆ سەرکوتی کوردەکان و گۆڕانی ناوی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێناسەکردنی وەکو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی بەشێک لە سیاسەتەکانی حکوومەتی تاران بۆ سەرکوت و تواندنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێکدانی سنوورەکانی جوغرافیایی و داگیرساندنی ئاگری دووبەرەکی لە نێوان کورد و ئازەری بوو. یەکێک لە شێوەکانی دیکەی حکومەتی ڕەزاخان بۆ سەرکوت و تواندنەوەی خەڵکی کورد سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی کۆچەرایەتی و بە زۆر نیشتەجێکردنی عەشایر و هۆزە نیوەکۆچەر و کۆچەرەکان لە وڵات بوو(...) ئەم تەگبیرە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کۆجێی ئابووری - سیاسی - نیزامی وڵات گێڕا. کۆجێی دژەمیللی و دژە دیموکراتیکی ڕژێمی پەهلەوی کە یەکێک لە هێمانەکانی بەزۆر نیشتەجێکردن(تەختە قاپی یان ئارانشینی) بوو، بە پێی ئەو خسارە قەربوونەکراوانەی کە بۆ جەماوەری زەحمەتکێشی کوردی هەبوو و بوو بە هۆی کوشتن و دوورکردنەوە و لەنێوبردنی پەیتا پەیتای هەزاران کەس لە عەشایر و هۆزەکانی کوردستان و سەدان هەزار سەر ئاژەڵ و چوارپێ و وێرانکردنی ناوچەیەکی بەرین لەم وڵاتە، ڕۆڵێکی وێرانکەری لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا گێڕا.

ئەم چەشنە سیاسەتە لەلایەکەوە هۆی شۆڕشی بەردەوامی کوردەکان بۆ ڕزگاریی نەتەوایەتی و هەوڵ بۆ یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراو بوو و لە لایەکی دیکەوە هۆی ڕووهێنانیان بە وڵاتە دەرەکییەکان وەکو ڕووسیە و ئینگلیس بوو کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر تەواوی ئاڵوگۆڕەکانی نێودەوڵەتیی ئێران بوو و هیچ شا و وزیرێک بێ پشتیوانیی ئەوان کە خاوەنی مڵک و ماڵ و دەوڵەتی ئێران بوون، بە دەستەڵات نەدەگەیشتن. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر ی ١٩١٧ی زایینی، زۆربەی ڕێبەرانی کورد ئەم جار زۆرتر بەو هیوایە بوون تا بەڵکوو دەوڵەتی تازە پێگەیشتووی سۆڤییەت پشتیوانیی ئەوان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەیان بێ.

لەوەدەچێ پێش شۆڕشی ئۆکتۆبر بە پێی ئەوەی کە لە سەرەتای دەیەی هەوەڵی سەدەی نۆزدەی زایینی پێوەندییەکی بەردەوامی بازرگانی لە نێوان شارەکانی سابڵاخ، سنە و کرمانشان لەگەڵ ڕووسیە بووە، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش وەکوو خەڵکی باکووری ئێران و باکووری ئازەربایجان بە چەشنێک ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە و بیری بلشویزم بووبێن.

بلیایف لە کتێبی «وەزعی سیاسیی ئێستای سابڵاخ» دا کە لە ساڵی ١٩٠٩ چاپ و بڵاوبۆتەوە دەنووسێ: سابلاخ یەکێک لە ولایەتە پڕپایەخەکانی کۆبوونەوە و بەشینەوەی هاوردەکانە و لە نێوانی ئەم ناوچەیە و ڕووسیە لە مێژە پێوەندیی ئابووری پێکهاتووە. بەشێک لە بازرگانەکانی ئەم شارە هەر ساڵ بۆ پێشانگاکانی نیژنینووگۆرد دەڕۆن و بەشێکشیان تەنانەت لە مۆسکۆ نوێنەری دایمییان هەیە.» (...)«تەنیا لە ساڵی ١٩١٢ چەند بازرگانی ڕووسی بەرامبەر بە ٢٠٠ هەزار ڕۆبڵ پێستی بەرخیان لە ولایەتی سنە و هەمەدان کڕیوە و بۆ پێشانگای نیژنینووگۆردیان هەناردە کردوە.»

«لە شەڕی یەکەمی جیهانیشدا کە هەریمی موکریان و بە تایبەتی شاری سابڵاخ ببووە گۆڕەپانی شەڕی نێوان دەوڵەتەکانی ڕووسیە و عوسمانیلەوە(لەوەدەچێ) ژمارە کوردێکی سابڵاخی لە ژێر کارتێکردنی ئەفسەرە ڕووسەکانی لایەنگری حیزبی سوسیال دیموکراتی ڕووسیە، خویان بە بلشویک زانیوە و لە شار و گوندەکاندا بۆ ئامانجی خۆیان هەڵسوراون». سەرۆکی ئەم کەسانە حەمە هەتیو لەگەڵ هاوڕێیانی لە شەڕێکی قورس و نابەرامبەر لەگەڵ چەکدارەکانی حکوومەتی ئێراندا کوژرا(وە).

بە پێی بیرەوەرییەکانی تێکۆشەری کورد ئەحمەد تەقی کە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ سمایل ئاغای سمکۆ و شێخ مەحموود هەبوو، سمایل ئاغا بە پێی داوای خالد بەگ جبرنلی بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕووسەکان ئەحمەد تقی بە نوێنەرایەتیی خۆی بۆ کۆنسولخانەی ڕووسیە(سۆڤییەت) لە ورمێ ناردوە تا داوا لە دەوڵەتی سۆڤییەتی بۆ پشتیوانی لە کوردەکانی تورکیە، ئێران و ئێراق بکا، بەڵام بۆ ئەو پێشنیارە وەڵامێکی ئەرێنی وەرناگرێ.

لە کتێبی «بزووتنەوەی میللی کورد»دا کریس کوچرا ئاماژەی بە هەوڵی سمایل ئاغای سمکۆ بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت کردوە: «بە پێی دەنگوباسان، سمکۆ لە کاتێکی زۆر ناڵەباردا کە سۆڤییەت و ئێران پەیماننامەی دۆستییان بەستبوو و یەکیەتیی سۆڤییەت چیدی درێژەی بە یارمەتیدانی «حکوومەتی شۆڕشگێری گیلان (١٩٢٠ - ١٩٢١) نەدەدا، هەوڵی دا تا سەرنجی

سۆڤییەتییەکان بۆ دانی یارمەتی و ئاوڕدانەوە لە کورد ڕاکێشێ، سمکۆ، لە ساڵی ١٩٢٢ بەۆ ئەم مەبەستە نوێنەرێکی بۆ باکۆ نارد، بەڵام «ڕووخانی» کۆماری سۆڤییەتی ئێران»(مەبەست حکوومەتی گیلانە) وەکو ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە کاری سمکۆ پێناسە دەکرێ. لەوەبەدوا شای دادێی ئێران تەواوی هێزی خۆی تەرخانی ئەرکێک کرد کە وەئەستۆی گرتبوو: راکێشانی خێڵەکان بۆ ژێر حوکمی دەوڵەتی ناوەندی، چەککردن و تێکشکاندنی هێزی سەرۆکە نەریتخوازەکان.» بە واتایەکی دیکە چڕکردنی دەسەڵات لە ناوەند، واتە ناوەندکۆیی (تمرکز) ئێران. «لە ڕاستیدا «ناوەندکۆیەک کە پێک هات بریتی بوو لە تاڵانکردنی سامناکی وەرزێران و عەشیرەتەکان، سەرکوتی خوێناویی ئەوان، دەوڵەمەندبوونی «فەرماندەرانی سپا» وەکوو «ئاقا خان» ناسراو بە قەساب و «جان محەممەد خان» جەلادی خێڵەکانی تورکەمن و هتد(...) هەروەها ژنرال ئەحمەدی بکوژی کورد و لۆڕەکان. ناوەندکۆییەک کە بەشێوەیەکی دڕندانە و زۆر ناحەز لە لایەن ڕەزاشا و قەزاقەکانی بەکار گیرا و لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوە ڕزیوکانی فئودالی(خەڵەتاندنی عەشیرەتەکان و قورئان مۆرکردن و ئەماندان و پاشان کوشتاری بە کۆمەلی ئەوان و تالانکردنی ماڵی وەرزێران و ڕەشماڵی خێڵەکان و شێوە نزمەکانی دیکە) بەرێوە چوو.

لەم ڕەوتەدا ئینگلیس بۆ کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ژێر ڕێبەرایەتیی سمایل ئاغای سمکۆ و پشتیوانی و بەهێزکردنی ڕەزاخان نەخشێکی سەرەکی دەگێڕێ. بە وتەی ئێحسان تەبەری «ڕۆڵی ئینگلیس بۆ بە هێزکردنی ڕەزاخان و چڕکردنی دەسەڵاتی ڕەزاخان لە ناوەند و دژی سمایل ئاغای سمکۆ و شێخ خەزعەل دوو سەرۆک عەشیرەتی بەهێز بوو کە مەترسییەکی جیددی بۆ ڕەزاخان بوون. بۆ لەنێوبردنی هەر دووکیان دەستێوەردان و یارمەتیی کارگێرانی ئینگلیس کاری ڕەزاخانی زۆر ئاسان کرد». «ڕەزاخانی سەردارسپە و پاشان ڕەزاشا تا سەرەتای ساڵەکانی ٣٠ سەرقاڵی سەرکوتی عەشیرەتەکانی عەرەب، کورد، لۆر و مەمەسنی و بەختیاری و بەلوچ و هتد (...) بوو و لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی پاشایەتیی خەریکی سەرکوتی بزووتنەوەی خەڵک (ڕاپەرینەکان، مانگرتن و خۆپێشاندان و خۆڕاگری تاکەکەسی) بوو و لەم ڕەوتەدا لە بەکارهێنانی هیچ چەشنە توندوتیژییەک درێغی نەکرد.

(لە ژمارەی ٧٠٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

# بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**(٢)**

## ئۆکتۆبر و کورد

ڕەنگدانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبر و هیوای کورد بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی بە تایبەتی پاش خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی لە نێو ڕووناکبیرانی ئەو کاتە، یەک لەوان پێشەوا قازی محەممەد دەبیندرێ.

هاتنی سپای سۆڤییەت و ئینگلیس لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی واتە ئاگوستی ١٩٤١ زایینی بۆ ئێران، خۆبەدەستەوەدانی سپای شایی لە شەڕێکی سێ ڕۆژەدا، دەسهەڵگرتنی ڕەزاشا لە تاج و تەختی پاشایەتی لە ٢٥ خەرمانان و دوورخستنەوەی ئەو بۆ دورگەی موریس و پاشان ژوهانسبوورگ، هەروەها هەڵاتنی هێزە سەرکوتکەرەکانی شایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ لەنێوچوونی دەسەڵاتی ناوەندی لەو بەشەی کوردستان، کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیە لە لایەن کوردەکانەوە، هەروەها سەرهەڵدانەوەی هیوای دێرینەی یارمەتی ڕووسیە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد. بەم پێیە، «دەستدرێژی سپای سوور بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، لەکردەوەدا بوو بە هۆی گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەشێکی بەرچاو لە باکوور و باشووری کوردستان و چوونەسەرەوەی هەستی لایەنگریی(کوردەکان) لە سۆڤییەت.

لەم پێوەندییەدا عەلی گەلاوێژ لە بابەتێکدا بەم چەشنە باسی دوو کۆبوونەوەی مێژوویی لە ٨ی بەفرانباری ١٣٢٠ و ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٢١ لە بینای ناسراو بە ‹دادگای قازی› و کاریگەریی سۆڤییەت لە سەر بزووتنەوەی کورد دەکا: «لەم کۆبوونەوانەدا کە نوێنەرانی تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان و یەک لەوان نوێنەرانی عەشیرەتەکان بەشدارییان کردبوو، پرسی ژیانی سیاسیی کوردستان لەسەر بنەمایەکی تازە شی کرایەوە. لە کۆبوونەوەی یەکەمدا قازی محەممەد لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی کرد «بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر لە ڕووسیە و دامەزرانی ئەوەڵین دەوڵەتی سۆسیالیستی، خەباتی گەلی کوردیش لە بنەڕەتەوە گۆڕدراو و نووری شۆڕشی ئۆکتۆبر ئاسمانی کوردستانیشی ڕووناک کردەوە. ئیستێعمار[داگیرکەر] هەوڵێکی زۆری داوە تا گەلی ئێمە لەم ڕووناکاییە دوور کاتەوە، بەڵام توانایی وەدیهێنانی ئەم ئامانجەی نەبووە». لە کۆبوونەوەی دووهەمدا بڕیارێک بە ڕای گشتی پەسەندکرا کە لە ڕاستیدا بوو بە ڕێپیشاندەری ژیانی سیاسیی کوردستانی ئەو سەردەمە، هەروەها بەرنامەی کاری هێزە پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەرەکانی گەلی کورد. لەم بڕیارنامەیەدا هاتووە:

١- گەلی کورد بە تێکڕایی یەکیەتیی سۆڤییەت بە پشتیوانی خۆی دەزانێ و بۆ یاریدەدان و هاوکاری لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت لە

شەڕی دژی فاشیستی ئەڵمان ئامادەی هەر چەشنە خەبات و فیداکارییە.

٢- تەواوی عەشیرەتەکان لەم کاتەوە ناکۆکیی خۆیان وەلادەنێن و لەهەر ئاکارێک کە ببێتە هۆی دووبەرەکی خۆ دەپارێزن.
٣- تەواوی بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە قین و بێزاریی خۆیان دژی سەربزێوی و ڕێگری و تاڵانکەری ڕادەگەیەنن.
٤- هیچ کام لە بەشدارانی ئەم کۆبووونەوەیە نابێ بە جیا یان بێ ڕاوێژکردن، پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی تاران بگرن.»

ئەم کاریگەرییە هەروەها لە نووسراوەی ڕووناکبیرانی کۆمەڵە وەکو م. فەرووخ یان بێژەن(مامۆستا زەبیحی) و هتد (...) لە بابەتگەلێک وەکوو «پەلامارەکەی ئەوسالی ئەلەمان لە رووسیا»، «انقلابی گەورەی اوکتوبر لە ٣ ژمارەدا و ئیمە و مەردم» لە نیشتمان بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک دەبیندرێ. تەنانەت لە ژێر وێنەیەکی لێنین کە لە ژمارەی ٦ی نیشتمان بڵاوبۆتەوە ئەم شێعرە نووسراوە:

«باقیە ناووت ئەتو، گەرچی دەمیکە مردووی
نا، لەنین! ماوی هەتا روژی قیامەت زیندووی».

لە کتێبی «دیاردەی کۆمەلەی ژ. ک بو لاوەکانی کورد - ١٣٢٢» لە بەشێک لە نامیلکەی «دیاری مەلا محمدی کویی بو هەلساندنی آغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە خەوی نەفامی» لە هۆنراوەکانی بیژن(مامۆستا زەبیحی) کەڵک وەرگیراوە:

«سەیاحەت کەن بچن بو سووەتەستان
بزانن چون بە خێرائی هەلستان
لە قەومی روس چە ظلمیکی ئەکرد(چار)
هەموی ژەهری ئەخوارد ملت بە ناچار
لە پر (لەنین) هەلستا وەک دلیران
بناغەی ظلمی چاری کرد ویران
بنایْنا دەولەتیکی سۆسیالیست
لەناوی برد بە جاریک ایمپریالیست،
لەناو کومەل بە زوری دەرکرا (خان)
بە تیلا (بەگ) خرایە بەندو زیندان
بە مەحزی هەلکرانی بەیرەقی سوور
لەناو خەلکا نەما فیتنەو شەرو شوور

ئەلەرزیت کاکی(آغا) وەک بنی آو
کە آلای سوور و آلی دیتە بەر چاو
تەماشا کەن لە مەیدانی هەراوشەر
چلون سەربازی سوور، آزاو دلاوەر
شەوو روژ بی ووچان واتی ئەکوشن
لە جەبهەی شەر ئەلەی شەربەت ئەنوشن
بە فەرمانی ستالین: پیاوی شەرکەر
ئەدەن بەربا هەمو نەیروی هیتلەر»

ئەم ڕەوتە هەروەها لە بابەتەکانی «کوردستان» بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئەو سەردەمە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان بەردەوام مایەوە. شێعرەکانی هەژار، هێمن و وردی و نووسراوە سیاسی و مێژووییەکان و هتد (...) پڕن لە هیوا بە یەکیەتیی سۆڤییەت، ستالین و سپای سوور بۆ ڕزگاریی گەلی کورد. بۆ وێنە هەژار لە ڕۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە بۆکان لە بەشێک لەو شێعرەی کە دێخوێنێتەوە دەڵێ:

«ربی نەجاتمانە پەنا بو اتحادی شورەوی
سورمە بو چاوی ایمە خاکوخولی مەسکەوی
ربی(ایستالین) بژی بولاگری مظلومان تا زەمانە خول دەدا و روزدە بەخشی پورتەوی»

مامۆستا هێمن - یش لە شێعری «آوونگی سوور» کە بە بۆنەی ڕۆینی لەشکری سوور لە «مجلس شعرای» تەورێز خوێندیەوە، دەڵێ:

«ئەی لەشکری سوور ئەی اوردووی ظفەر
ایستا کە دەروی لیرە دەچیە دەر
خودات دەگەل بی و ئەوەی بزانە
جێی تو هەمیشە دلی کوردانە
ئەی ئەو فریشتە کوردت کرد آزاد
لە ژێر پەنجەی دیوی استبداد»

تا ئەو کاتە ئەگەر ڕووناکبیری کورد ڕێبازی چەپیشی هەڵبژاردبێ یان پشتیوانی لە حکوومەتی سۆڤێیەتی کردبێ لە ڕاستیدا بەو هیوایە بووە تا لە ژێر چەتری کۆمۆنیسم و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بگا. لە بەشەکانی

دیکەی کوردستانیش کەسایەتی و ڕێکخراوە سەربەخۆییخوازەکانی کورد بۆ ڕاکێشانی سەرنج و یاریدەی یەکیەتیی سۆڤییەت کە بەڵێنی پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازنەی نەتەوە چەوساوەکانی جیهانی دابوو کەوتبوونە گەڕ و پێوەندییان لەگەڵ نوێنەرانی ئەم وڵاتە گرتبوو. بۆ وێنە لە ساڵی ١٩٢٢ زایینی «کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان (ئەرزروم)» بڕیاری دا بە یارمەتی و لە ژێر سەرپەرشتیی سیاسیی ڕووسیەی سۆڤییەتی بە مافی خۆی بگا. سەرهەنگ خالید بەگ جبرنلی سەرۆکی ئەم کۆمیتەیە لە سەرەتای دەستپێکی کۆنفرانسی لۆزاندا لە نامەیەکدا کە بۆ نوێنەری حکومەتی سۆڤییەتی نووسی «(...) دڵسارد لە یاریدەی ڕاستگۆیانەی ئینگلیس بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ. هەروها بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە،

چاوەڕوانی پشتیوانی ڕووسیەی سۆڤییەتییە بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە ژێر سەرپەرشتی ڕووسەکاندا.

کریس کوچراش لە کتێبەکەیدا بەم چەشنە باسی ڕۆڵی سۆڤییەت لە شۆڕشی شێخ سەعید دەکا: «بەڵام بەپێی وتەی ئینگلیسییەکان خالید بەگ جبرنلی پێوندیی لەگەڵ کۆنسولی ڕووس لە ورمێ گرت. بەڵام وڵامی کۆنسولی ڕووس نا بوو (...) ئەم وتەیە ڕاست یان ناڕاست تەنیا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە: شۆڕشی شێخ سەعید لەو پەڕی سەرنجنەدانی هێزەکانی ڕۆژئاوا پەرەی گرت و لەئاکامدا تێک شکا، ئەویش لە حاڵێکدا کە یەکیەتیی سۆڤییەت بە چەشنێکی فەرەسمی لە زمانی: (ڕۆژنامەی) ئیزوئستیا»وە ئەوی وەکو شۆڕشیک لە لایەن هێزەکانی فئودال و دژە شۆڕشی کورد کە بوونەتە ئامرازی دەستی ئینگلیس پێناسە کرد. لە باشووری کوردستانیش شێخ مەحموود مەلیکی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠ ژانویەی ١٩٢٣ ز. لە نامەیەکدا کە بۆ کۆنسولی سۆڤییەت لە تەوریز بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی حکومەتی سۆڤییەت ناردی، ئاماژە بەوە دەکا کە «کاتێک تەواوی جیهان لە ساڵی ١٩١٧دا دەنگی ڕاستەقینەی ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی ئێوەی لە چەنگی چەوسێنەر و جەنایەتکاری بەناوبانگ بیست، تەوای نەتەوە و گەلانی چەوساوەی گۆی زەوی پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد و بە هیوای وەدی هێنانی ویست و ئاواتەکانی خۆیان و بە هیوای گەورەی و پشتیوانی نەتەوەی ڕووس شۆڕشیان کرد (...). تەواوی خەلکی باشووری کوردستان مەیلێکی زۆریان بۆ دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتی شکۆداری سۆڤییەتی هەیە و ئامادەی هەرچەشنە فیداکاری بۆ ئەم دۆستییەن و حازر بە پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی لەوانن. هاوکاتیش بە ڕەسمی ناسینی مافی یاسایی خۆمان وەک شەرتی ئەم دۆستایەتییە پێش دەکێشین». ئەم داواکارییە بێ وڵام مایەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە یەکیەتیی سۆڤییەت کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئارارات (ساڵەکانی١٩٢٧ - ١٩٣١) بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە ڕێبەریی کۆمیتەی نیزامی - سیاسی «خۆیبوون» نەتەنیا پشتیوانییان لەم بزووتنەوەیە نەکرد بەڵکوو هێزی سەرسنووری سۆڤییەت لە ڕەوتی سەرکوتکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا ناڕاستەوخۆ یارمەتیی تورکەکانی دا.»

سەرچاوەکان:


١- اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی و کردستان(سالهای ١٩٤٥ - ١٩١٧)، پروفسور لازاریف، مترجم کامران امێن آوە

٢- یادی از جنبش بهمن «نظری بە پیدایش جنبش دمکراتیک در کردستان ایران» علی گلاویژ. نشریە دنیا، دیماە ١٣٥٦، شمارە ١٠، سال چهارم، دورە سوم

٣- ژمارەی ٦ی نیشتمان، ڕەشەمەی ١٣٢٢، نیشتمان، بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٨

٤- دیاردەی کومەلەی ژ. ک بو لاوەکانی کورد، ١٣٢٢-١٩٤٣ لاپەرەکانی ١٤ و ١٥، پاشکۆی نیشتمان، بلاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک لاپەرەی ٢٠٩ و ٢١٠، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠٠٨

٥- روژنامەی کوردستان، ژمارە: ١، لاپەرەی ٢، پێنج شەممو ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤

٦- رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٤٤، دووشەممو ١٦ بانەمەر ١٣٢٥ لاپەرەی ١

٧- تاریخ کردستان، مولفان لازایف، محوی و دیگران ص ١٨١ - ١٨٢، ترجمه منصور صدقی و کامران امین آوه، چاپ اول ٢٠٠٧، آلمان

٨- جنبش ملی کرد، کریس کوچرا، ترجمه ابراهیم یونسی، ص. ١٠٤ چاپ دوم ١٣٧٧ موسسه انتشارات نگاه، تهران

٩- سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ١٨٦

١٠- اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی و کردستان(سالهای ١٩٤٥ - ١٩١٧)، پروفسور لازاریف، مترجم کامران امین آوه

(لە ژمارەی ٧٠٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### ٣

### کوردی ڕۆژهەڵات و یەکیەتیی سۆڤییەت

لە سەرەتای دەیەی ١٩٤٠دا لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش کۆمەڵەی ژ. ک هەوڵی خۆی دا بەڵکوو بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد سەرنج و پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بەرەو خۆی ڕاکێشێ بەلام یەکیەتیی سۆڤییەت بەپێی ئەم بیرۆکەیە کە سەربەرخۆیی کوردستان لە ژێر سەری ئەمپیریالیسمی ئینگلیس دایە و کۆمەڵەی ژ. ک نوێنەری دەربەگەکانی کوردستان و سەر بە ئینگلیسە، لە هاوکاری یان پشتیوانی لەم هێزە خۆی پاراست و تەواوی فاکت و بەڵگەکان دەیسەلمێنێن کە یەکیەتیی سۆڤیەت نە تەنیا پشتیوانی لە کۆمەڵەی ژ. ک نەکرد بەڵکوو «بەرپرسانی سۆڤییەت لە ئێران، کوردەکانیان لە ئەندامەتیی کۆمەڵەی ژ. ک

دەپرینگاندەوە و تێدەکۆشان چالاکیی ئەم ڕێکخراوەیە بەرتەسک کەنەوە. هەروەها لە یادداشتەکانی هاشمۆڤ، سەرکونسولی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ورمێ لە یەکی ژانویەی ١٩٤٥ سەبارەت بە نەبوونی پێوەندیی دەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک هاتووە: «ئەمن بە چاوی خۆم هەستم کردوە بەبوونی پارتی (ژ - ک) و، زۆربەی خەڵک پارتی (ژ.ک) بە (کۆمەڵە) ناو دەبەن. زۆربەی کوردەکان و پیاوە بەناوبانگەکانیان لایەنگری لە سۆڤیەت دەکەن و کۆمیتەی کوردی (ژ.ک) خەلک دڵنیا دەکا کە لە ئیش و کارەکانی خۆیدا پێوەندی دەکا لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت. بەڵام لە نیوان ئێمە و (ژ.ک)دا هیچ پەیوەندییەک نیە» .

مۆلۆتۆڤ وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتی سۆڤییەت لەگەرماوگەرمیی شەری دووهەمی جیهانیدا ڕق و بێزاری خۆی و دەوڵەتەکەی لە کورد دەردەبڕی و «ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد بە دەرەبەگ» ناو دەبا. یەکیەتیی سۆڤییەت پاش دامەزرانی کۆماری کورستان کە هاوکات بوو لەگەڵ پێکهاتنی حکوومەتی ئازەربایجان سەرەڕای پشتیوانییەکی قورس و قایم لە حکوومەتی پیشەوەری نیسبەت بە کوردستان بە پارێزەوە دەجووڵایەوە و بە شێوەی ڕەسمی قەت پشتیوانی لێ نەکرد، لە باشترین حاڵەتدا وەکو بەشێکی ئازەربایجان سەیری دەکرد.

بە گشتی، بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت کە خوازیاری دوورخستنەوەی خۆی لە هەر چەشنە کێشەیەک لەگەڵ تاران و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بوو، ڕاگەیەندنی کۆماری کوردستان و بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان کارێکی شیاو و پەسەندکراو نەبوو. لە لایەکی دیکەوە، کەسایەتیی سەربەخۆ و ئایینی قازی محەممەد، پێکهاتەی چینایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەوڵەتی «کۆماری کوردستان» کە نوێنەرانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای وەکوو سەرۆک عەشیرە و خاوەن مڵکە گەورە و نێونجیەکان، وەرزێران، کرێکاران، وردەبۆرژوازیی شاری، هەروەها ڕووناکبیرانی ناسراوی کوردی لە خۆ کۆکردبۆوە، هەروەها پراگماتیسم و سیاسەت و هەڵسوکەوتە ڕاستبینانەکەی قازی محەممەد لەبەرامبەر حکومەتی تاران و تەورێز و نوێنەرانی وڵاتەداگیرگەرەکانی ئێران؛ هاوئاهەنگی لەگەڵ ویست و ئامانجەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت نەبوو.

یەکیەتیی سۆڤییەت کە بە پێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی کورت پشتیوانی جیددیی حکوومەتی ئازەربایجان و تا ڕادەیەکی زۆر کەم کوردستان بوو، بە پێی پەرەگرتنی ناکۆکییەکانی سیاسیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و وەرگرتنی سەرەتی(ئیمتیاز) لە حکوومەتی قوام و گوشاری ئینگلس و ئەمریکا، لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی پاشەکشەی کرد لە ئێران و کوردستان و ئازەربایجانی لەبەرامبەر سپای ئێراندا بە تەنیا هێشتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٣٢٥ هەتاوی دەوڵەتی ئێران بە بیانووی بەرگری لە بەرژەوەندی و ئەمنییەتی شارۆمەندەکانی خۆی، نزیک بە ٢٠ گوردان سپای ئێرانی ڕەوانەی ئازەربایجان و کوردستان کرد و هەزاران ڕۆڵەی ئەم دوو نەتەویە بوونە قوربانیی سات و سەودای سیاسی تاران و مۆسکۆ.

ڕێبەرانی سۆڤییەت لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری مۆسکۆ لە دێسامبری ١٩٤٥دا لە لێکدانەوەی کێشەی ئیران خۆیان پاراست و ڕایانگەیاند کە ڕووداوەکانی ئێران لە پەنا سنوورەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێرانە و بەم پێیە دەوڵەتی سۆڤییەت دەست

ناخاتە ئەو بابەتەوە». «لە ڕاستیدا «مۆسکۆ پاڵپشتگەیەکی جێ متمانە نەبوو. هۆی ئەو کارە بەر لەهەر شتێک ئەو داخوازانەی ئیمپراتۆریی ستالین بوو کە لە ڕۆژئاوای ئاسیا بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی کە لە ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئورووپا هەیبوو، پشتیوانیی نیزامی لەپشت نەبوو، هەروەها لە ڕوانگەی ماڤە سیاسی و نێو نەتەوەییەکانەوە، لە یالتا و پۆتسدام (ماڤێک بۆ ئەوان) لە ڕۆژهەڵاتی نزیک وەبەرچاو نەگیرابوو. پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێرشی سپای ئیسلام بۆ کوردستان و ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد، یەکیەتیی سۆڤییەت بە هۆی پیوەندیی دۆستانە لەگەڵ کۆماری دژ بە ئەمپیریالیسمی ئێران، سەرەرای داواکاری حیزبی دیموکراتی کوردستان و نامەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ڕێبەرانی حیزبی کمۆنیستی سۆڤییەت پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد نەکرد. بە باوەڕی خاتون ژیگالینا کوردناسی رووس «ئاوڕنەدانەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ سەر ڕووداوەکانی کوردستان ڕێبەرانی بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی کوردی ناچار کرد تا گۆڕانکاری لە بنەما سەرەتاییەکانی خەباتیان بکەن و لەم پێناوەدا دوکتۆر ع. قاسملوو توانی پێوەندی لەگەڵ حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئورووپا بگرێ کە لە چوارچێوەی بەرنامەی مافی مرۆڤ یارمەتیی ماددی و مەعنەویان بە کوردکانی ئێران دەکرد.»

١- کردستان اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی و کردستان(سالهای ١٩٤٥ - ١٩١٧)، پروفسور لازاریف. مترجم کامران امین آوە.

٢- ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی شورەویدا (١٩٤٥ - ١٩٤٧)، لاپەرەی ١٤، د. ئەفراسیاو هەورامی.

٣- تاریخ، مولفان: لازاریف، محوی، حسرتیان، ژیگالینا. واسیلیەوا. مترجمان: منصور صدقی، کامران امین آوە، ص ٢٢٧، انتشارات فروغ، آلمان، چاپ اول فروردین ١٣٨٦.

٤- لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی دوهێر جێگری کونسوولی ئەمریکا بۆ وەزارتی دەرەوەی ئەمریکا ڕێکەوتی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە پێوەندیی لەگەڵ چاوپێکەوتنی بە پێشەوا قازی محەمەد و پێشوازی ئەو لە دەستەلاتی ئەوان بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموکراسییەکی ڕاستیی دەنووسێ: کاتێک کە ویستم هەستم و بڕۆم، قازی ئیشارەی کرد دانیشم و لەمنی پرسی بۆچی دەوڵەتی ئەمریکا لە دەستەلاتی خۆی بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموکراسییەکی ڕاستیی کەڵک وەرناگرێ(...) پاشان ئەو بە چەشنێکی سەرسووڕێنەر کووتی کوردەکان لە خۆتێهەڵقورتانی ئەمریکا پێشوازی دەکەن. دەوڵەتی ئەمریکا بە هەنگاو هەڵێنانێک کە لە بەرژوەندی کەمینەکانی ئێران بێ، وەج و ڕێزی خۆی دەباتە سەرێ. پاشان کووتی: دەوڵەتی ناوەندی پێشگیری لە پێوەندیی کوردەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە کردووە، بەڵام لەمەوە بەولا خەڵکی کورد دەیانەوێ خۆیان بە جیهانی دەرەوە بناسێنن. دوهێر لە ڕاپۆرتێکی دیکەش لە پازدەی ژانویە، واتە ١٥ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی دیسان ئاماژە بە ئەم مەسەلەیە دەکات و دەنووسێ: کوردەکان لە هۆگریی ئەمریکاییەکان لە کار و باری خۆیان پێشوازی دەکەن. ئەوپەڕی دڵخوازی کوردەکان دێموکراسی لە چەشنی ئەمریکییە، بەڵام بێ یارمەتی و ڕاوێژکاری حکومەتی ئەمریکا ناتوانن بە ئەم ئیدیالە بگەن. دوهێر هەروەها لە ڕاپۆرتێک لە ١١ ئۆکتۆبری ١٩٤٦ کە بۆ جۆرج وی ئالن، باڵوێزی ئەمریکا لە تاران ناردوە، لە پێوەندیی لەگەڵ گوماناوی بوونی بەرپرسانی سۆڤیەت بە قازی محەمەد دەنووسی: بەرپرسانی سۆڤییەت ئیستاکە بە هەڵسوکەوتی قازی محەمەد لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی زۆر گوماناوین و تەواوی ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سۆڤییەتەکان لە پشتگیری خۆیان لە قازی پاشگەز بوونەتەوە و ڕوویان لە زرۆبەگ کردوە.

سەرچاوە: کردها و فرقه دمکرات آدربایجان، گزارش‌های از کنسولگریی آمریکا در تبریز دی ۱۳۲۳، اسفند ۱۳۲۵، مترجم کاوه بیات، تهران.

٥- سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ۲۲۷ - ۲۲۸

٦- اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی و کوردستان(سالهای ۱۹٤٥ - ۱۹۱۷)، پروفسور لازاریف. مترجم کامران امین آوه

٧- ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستی و کێشەی کورد و چەند بەڵگەنامە لە ئارشیڤەکانی سۆڤیەت(٢)، ف. یورتایف (وەرگێرانی: دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی - موسکۆ) گۆڤاری هاوار، بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی گشتیی، ساڵی چوارەم

- ژمارە ١٦، خاکەلێوەی ٢٠٠٤ لاپەرەکانی ٣٣ - ٣٩.

٨- کوردستان معاصر، بخش چهارم: وضعیت کوردستان ایران در حکومت اسلامی، ژیگالینا، ص ٦٣ ترجمه کامران امین آوه، چاپ اول ۱۹۹۹.

(لە ژمارەی ٧٠٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

(٤)

## حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کێشەی نەتەوەیی

سەبارەت بە بۆچوونی کۆمۆنیستەکانی ئێرانیش بۆ مەسەلەی نەتەوەیی پێش ڕووخانی ڕەزاشا، دەتوانین ئاماژە بەم ڕاستییە بکەین کە سەرەڕای ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یەکەمین هێز بوو لە مێژووی ئێراندا کە باوەڕی بە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە چەشنی یەکیەتیی ئازاد و دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران هەبوو تا ئاستی جیابوونەوە، بەڵام هاوکات سەربەخۆییخوازی کوردی بە فیت و سیاسەتی ئینگلیس لە قەڵەم دەدا.

«بیانیەی فرقه کمونیست ایران - ۱۳۰۱» لە بەشی «مەسەلەی میللیەت لە ئێران و خەبات بۆ کۆماری میللی» بەم چەشنە باسی مەسەلەی کورد دەکا: «بەشێک لە کوردەکان لە خاکی ئێران و بەشی دیکەیان لە وڵاتی تورکیەدا دەژین و دروشمی کۆکردنەوەی تەواوی

بەشەکانی کوردستان و یەکگرتنی کوردان لە نێو دەوڵەتێکی یەکگرتووی کورد لە نێو کوردەکاندا بەناوبانگ و سەرنجڕاکێشە. ئەمپیریالیستەکانی ئینگلیس لەم مەسەلەیە کەڵک وەردەگرن و هاوکات بۆ هەڵایساندنی هەست و دەمارگرژی نەتەوەیی لە نێو کوردان، خەباتی ئەوان دژی دەوڵەتی ئێران و تورکیە بەهێز دەکەن. ئینگلیسییەکان دەیانەوێ دەوڵەتێکی کوردی لە ژێر سەرپەرستیی ئینگلیس پێک بێنن، هەر کاتێک ئەم پیلانە ڕەنگی ڕاستی بە خۆیەوە بگرێ ئەو کاتە پێگەی ئەمپیریالیستی ئینگلیس چ لە باری نیزامی یەوە و چ لە باری سیاسی و ئابورییەوە و بە تایبەتی دەرکێشانی نەوتی ئێران قایمتر دەبێ.

ئاوتیس سوڵتانزادە یەکێک لە ڕێبەرانی بەناوبانگی حیزبی کۆمونیستی ئێران لە کتێبی «ئێرانی ئەمڕۆ»دا کە لە ٢١ی ژوئیەی ١٩٢٢ لە مسکۆ بڵاوکرایەوە لە بەشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەم بیرۆکەیە دیسان ئاوا دووپات دەکاتەوە: «جارێ چوار مانگ لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی گیلان و خوراسان تێپەرنەببوو کە حکوومەتی تاران سەرقاڵی ئەو مەسەلەیە بوو کە چۆن کۆتایی بە شۆڕشی کوردەکان بە سەرۆکایەتیی سمکۆ بێنێ کە بە پشتیوانیی جیددیی ئینگلیس داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد.» لە ژێرنووسی هەر ئەو لاپەرەدا بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕستەیە ئاماژە دەکا: ئینگلیس دەیەوێ لە ژێر سەرپەرستیی خۆی کوردستان سەربەخۆ بکا تا لە لایەک ئێران و تورکیە لاواز بکا و لە لایەکی دیکەوە پشتبەرەیەکی بەمتمانە بۆ قازانجی نەوتی نێوان دووچۆمان تەرخان بکا». لە تێزەکانی حەیدەر عەمۆغلی لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران کە سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی - سیاسیی ئێران و تاکتیکی فرقەی کۆمۆنیستی عەداڵەتی ئیران بە واژۆی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی ئێران (عەدالەت) لە ژانویە - مارسی ١٩٢١ دا بڵاوبۆتەوە، باسی مەسەلەی نەتەوەیی ناکرێ.

لە بەرنامەی بەلانیکەمی حیزب لە ئێران ( لقی ئێرانی کۆمینتێرن) بە قەڵەمی حەیدەرخان لە بەندی ٤ی کاروباری سیاسیدا باسی «ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی توودەیی وەک یەکەیەکی دابەشنەکراو» کراوە.

ئەبوالقاسمی لاهووتی، شاعیری شۆڕشگێر و کۆمۆنیستی ئێرانیی بە ڕەچەڵەک کورد لە وتارێک بە ناوی «کورد و کوردستان» کە لە ساڵی ١٩٢٣ لە گۆڤاری «ڕۆژهەڵاتی نوێ» لە مۆسکۆ بڵاوبۆتەوە و لازایف کوردناسی ڕووس وەکوو یەکەمین لێکدانەوەکانی مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە لە قەڵەمی داوە، سەرەرای ئەوەی کە زانیارییەکی بەرچاو سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان و بارودۆخی بزووتنەوەی کورد بە خوێنەر دەدا بەڵام هاوکات بە هۆی لێکدانەوەی مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی کۆمۆنیستێکی ئێرانییەوە دەیەوێ بیسەڵمێنێ کە «ژیانی کوردەواریش بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای ئێرانییەتی کوردان»ە و»مێژوو و زمان و فەرهەنگی کورد و کوردستان بە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبیاتی فارس گرێ دراوە»، هەروەها دەور دەگێرێ لە پێکهێنانی ئەم بیرۆکەیە کە «بیر و باوەڕی جووڵانەوەی کوردایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردی لە لایەن ئینگلیزەوە دروست کراون و سەرانی کورد پیاوی ئینگلیزن و زوو بە زوو هەڵوێستیان دەگۆڕن و هەرجار بە هان و فیتی لایەک دژی دەوڵەتانی نێوچەکە رادەپەڕن. ئەم بوچوونانەی لاهووتی کە لەلایەن کوردێکەوە نووسراون (...) بوونە مۆرێک بۆ نێوچەوانی بزاڤی نەتەوەیی کوردەوە» کە وەک سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو بوو بە بناخەی لێکدانەوەی مەسەلەی کورد لە لایەن» ڕۆژهەڵاتناسانی یەکیەتیی سۆڤێەت و پاشان لە ولاتانی دیکەی بەرەی

بە نێو سۆسیالیستدا و بەرهەمی هەموو فەریکە کۆمۆنیستێکی گەلانی سەردەست و (...)».

سوڵتانزادە ساڵی ١٩٢٧ی زایینی لە بابەتێک بە ناوی» ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیی» جارێکی دیکە ئاماژە بە کێشەی نەتەوەیی و بە تایبەتی عەرەب و کوردەکان دەکا و دەنووسێ:» لە لایەن کارگێرەکانی ئینگلیسەوە چالاکییەکی بەرین و بەرنامەڕێژیکراو لە نێو کورد و عەرەبەکاندا وەرێ کەوتووە(...) بەشێک لە کوردەکان لە ناوچەی ئێران و بەشێکیشیان لە تورکیە دەژین. بیرۆکەی یەکگرتنی ئەم دوو بەشەی کوردستان لە چوارچێوەی حکوومەتێکی نەتەوەیی لە نێوکوردەکاندا لایەنگەرێکی زۆری هەیە. ئەمپیریالیسمی ئینگلیس لەم بارودۆخە کەڵکی خۆی وەردەگرێ هەتا شوینیسمی کوردەکان گڕ بگرێ و لە خەباتی ئەوان دژ بە دەوڵەتەکانی ئێران وتورکیە پشتگیری بکا، ئینگلیسییەکان دەیانەوێ حکوومەتێکی کورد لە ژێر سەرپەرەستیی خۆیان پێک بێنن. ئەگەر ئەم پیلانە سەرکەوێ، کەڵکوەرگرتنیان لە چاڵە نەوتەکانی نێوان دوو چۆمان مسۆگەرتر دەبێ. یانی دەوڵەتی «ئازادی کوردستان» پاڵپشتێکی تەواو بۆ ئەوان دەبێ. کاتێک دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ویستەکانی دەوڵەتی ئینگلیس دژایەتی نەکا، ئینگلیس تینی ئاگری ناڕەزایەتیی نەتەوەیی کەم دەکاتەوە، بەڵام هەر «شای شایەکان» هەوڵ بدا لەبەرامبەر ئینگلیس تەگبیر و ئیرادەیەکی سەربەخۆ پیشان بدا لە نێو عەرەب و کوردەکاندا نائارامی و شۆڕش دەس پێ دەکا. بەم پێیە ئەمپیریالیستی ئینگلیس لە مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێران کەڵک وەردەگرێ هەتا هەوساری دەوڵەتی ئیستای ئێران لە دەستی خۆیدا ڕابگرێ.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ ئەرکێکی جیددی ڕووبەروو بۆتەوە، ئەوەش ڕفاندنی ئەم کارتە پربایەخە لە دەستی ئینگلیسەکانە. ئەم ویستەش کاتێک مسۆگەر دەبێ کە حیزب شێلگیرانە ڕێگای لێنینی هەڵبژێرێ. کۆنگرەی حیزب ئەمەی پەسەند کرد کە حیزب سەرلەنوێ ڕێگەی چارەسەرکردنی هاوبەشی تەواوی حیزبە کۆمۆنیستەکان واتە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان هەتا ئاستی جیابوونەوەی تەواو هەلبژێرێ. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێویستە تێبکۆشێ بچێتە نێو تەواوی ئەو ڕێکخراوە نەتەوەییانەی کرێکار و جوتیارە دیموکراتەکان لە خۆدەگرن و ئەم کەسانە بە پێی ویستی نەتەوەیی یان شۆڕشگێرانە ڕیک بخا.»

سوڵتانزادە سەرەرای دانانی بەم ڕاستییە کە کوردەکانی ئێران و عوسمانی خوازیاری یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراون، بە دووپاتکردنەوەی ئەم بیرۆکە بێبنەمایە کە شۆڕشی کوردان فیتی ئینگلیسییەکانە، نێوەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد چەواشە دەکا و هەتا ئاستی کارتی کایەی ئیمپریالیسمی ئینگلیس دژ بە دەوڵەتی ئێران دەیهێنێتە خوارێ، هاوکاتیش دەیەوێ کۆمۆنیستەکان دزە بکەنە نێو ڕێکخراوە کوردییەکان و ڕێبەریی ئەم بزووتنەوەیە بگرنە دەست، ئەویش لە وڵاتێکدا کە عەشیرە بنەمای پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ و بێجگە لە کرماشان ئەم حیزبە لە هیچ جێگەیەکی کوردستان، بوونی نەبوو.

ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە نێوان دوو کۆنگرەی هەوەڵ(١٩٢٢ی زایینی) و کۆنگرەی دووهەم(١٩٢٧ی زایینی) خوێندنەوەیەکی دروستی لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی جیهان و بە تایبەتی سیاسەتی ئینگلیس کە خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتە بە هێز و یەکگرتووەکان لە سنووری یەکێتی سۆڤییەت بوو، نەبوو. لە لایەکی دیکەشەوە پاش ڕووخانی حکوومەتی قاجار ئەم حیزبە لە

هەڵسەنگاندنی ڕەزاخان و پاشان ڕەزاشا تووشی هەڵەی سیاسی بوو و کودەتای ڕەزاخانی دژ بە قاجار وەکوو «ڕووخانی حکوومەتی بۆرژوازی و سەرەتایەکی تازە لە مێژووی ئێرانی ئەمرۆ» و سیاسەتەکانی ڕەزاخانی وەکو سیاسەتێکی میللی پێناسە کرد. لەم قۆناخەدا بۆچوونی حیزبی کۆمۆنیست هاوئاهەنگی لەگەڵ سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە پێوەندیی لەگەڵ ڕەزاخان بوو. یەکێتی سۆڤییەت لە کۆتایی ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی پەیتا پەیتا پێشوازی لە بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕەزاخان دەکرد و پێی وابوو ڕەزاخان ڕێبەری بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز و میللییە و دەتوانێ ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەستەڵاتی ئینگلیس لە ئێران.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هاودەنگ لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران هێرشی سیاسی ئێران دژ بە شێخ خەزعەل و تێکشکاندنی ئەم سەرۆک عەشیرەیەی وەکوو دژانی سیاسەتی ئینگلیس پێناسە کرد و لە گۆڤارەکانی ئەو کات وەکو «نصیحت» بە قەسیدەی» من ڕەزا و تۆ ڕەزا و میللەتی ئێران ڕەزا» پێشوازییان لێکرد. سۆسیالیستەکانی مەجلیسی ئێرانیش بە ڕێبەری سولەیمان میرزا ئەسکەندەری هەر ئەم سیاسەتەیان گرتە بەر.

بێجگە لە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان ئەم چەشنە بۆچوون و سیاسەتە لە نووسراوەکانی دەوڵەتی سەرکوتکەری پەهلەوی و لێکدانەوەی کەسایەتییەکانی بەناو ڕۆشنبیری ئەو کاتەی ئێرانیش وەکو ئەحمەد کەسرەوی و بەهار بە جوانی دەبیندرێ. هەمووی ئەوان بە ڕوانگەی جیاواز بە هۆی پاراستنی چوارچێوەی یەکپارچەیی وڵاتی ئێران بەم خاڵە هاوبەشە دەگەن کە بیری سەربەخۆییخوازی پیلانی بێگانەیە یان کوردەکان ئاژاوەچی و شەڕفرۆشن. کەسرەوی لە کتێبی مێژووی ١٨ ساڵەی ئازەربایجان بەم چەشنە باسی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی کوردەکان دەکا: «کوردەکان هەر کات دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتووە دەستیان بە نافەرمانی لەگەڵ دەوڵەت کردوە. بڕای ئەو جەعفەر ئاغایە و محەمەد ئاغای باوکی، کاتی خۆی زۆر جار نافەرمانییان کردوە، بەڵام سمکۆ لەم زەمانەدا سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەویست و لە ڕێگای ئەم ئاواتە دەستی بە خۆسازکردن کرد. یەکێک لەو تۆوی ئاژاوەگێری و زیانکارییە کە ئوروپاییەکان لە خۆرهەڵات چاندیان، ئەوە ئاواتی سەربەخۆییە. کارگێرەکانی ئەوان چەندین ساڵە دەگەڕێن و چوونە نێو کوردەکان، ئەرمەنییەکان و تورکەمەنەکان و ئاسۆرییەکان و بەختیارییەکان و هتد (...) و ئەم تۆویەیان لە دڵی ئەواندا چاندوە.

هەروەها مەلیکالشعورای بەهار سیاسەتڤان و شاعیری بە ناوبانگی ئێرانی، دۆستی زۆر نزیکی حەیدەرخان کە کاتی حکوومەتی ڕەزاشا چەند ساڵیش لە بەندیخانە بووە و تا ڕادەیەک لایەنگری یەکیەتیی سۆڤییەت بوو لە کتێبی «کورتە باسی مێژووی حیزب سیاسییەکانی ئێران - لەناوچوونی قاجار» گرتنی قەڵای چەهریق پەناگای سمایل ئاغای کورد ناسراو بە سیمتقو بە پیلانی سەرتیپ ئەمانەاللا میرزای جەهانبانی وەک یەکێک لە گرینگترین کارەکانی دەوڵەتی ڕەزاشا لە قەڵەم دەدا و شێخ عوبەیدوڵلا، حەمزە ئاغای مەنگوڕ و سمایل ئاغای سمکۆ وەک «ئەشرار»(ئاژاوەچی، شەرفرۆش) ناو دەبا کە لە سەردەمی کەوانەراوە کاریان ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی ئێران بووە.

١- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کۆنگرەی یەکی خۆی لە ١ی گەلاویژی ١٢٩٩(٢٣ ژوئنی ١٩٢٠) لە بەندەر ئەنزەلی باسی» ماڤی خودموختاریی تەواوی نەتەوەکان لە چوارچێوەی یەکێتی ئێران» دەکا. (بڕوانە حزب کمونیست ایران/ شوروی/ گیلان، پروفسور سپهر ذبیح.) بەڵام لە کۆنگرەی ٢ لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٧دا بەم چەشنە ئاماژە بە مەسەلەی نەتەوەیی لە ئیران دەکا:» ئێران ولاتێکی فرەنەتەوەییە و پێویستە زەحمەتکێشانی ئەم وڵاتە سەرنجێکی تایبەتی بەم مەسەلەیە بدەن.... حیزب لایەنگری ئازادی کەمینەکانی نەتەوەیی تا ئاستی جیابوونەوەیە. صفحاتی چند از جنبش کارگری و کمونیستی ایران در دوران اول سلطنت رضا شاه( ١٩٢٢ - ١٩٣٣) اردشیر آوانسیان، سال ١٣٥٨، لاپەرەی ٣٩

٢- http://iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-2%20sanad_fergheye_komonist.pdf

٣- بیانیه فرقه کمونیست ایران (١٣٠١) ص ٦٩-٦٦

٤- ایران معاصر، آ. سلطانزده، مسکو ١٩٢٢، ص ٩٧

٥- حیدرخان عمواوغلی، اسماعیل رائێن، چاپ سوم ٢٥٣٥ ص: ٣٧١ - ٣٨٦

٦- کورد و کوردستان، لاهووتی، وەرگێرانی لە ڕووسییەوە دوکتور جەبار قادر: ١٩٩٨، سەرچاوە:لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێری کورد، پاشکۆی دووهەم. لاپەرەی ١٩٧ - نووسینی ئەنوەر سوڵتانی سلێمانی، بنکەی ژین ٢٠٠٦

٧- پێشەکی دوکتور جەبار قادر بۆ کورد و کوردستان - لاهووتی، سەرچاوەی سەرێ لاپەرەکانی ١٩٣ - ١٩٢

٨- دومین کنگره حزب کمونیست ایران، سلطانزاده، سناد تاریخی جنبش کارگری، سوسیال دمکراسی و کمونیستی ایران، جلد چهارم، انتسارات مزدک، ص ١١٩، ترجمه از آلمانی م. شین.

٩- سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەی ٣٨

١٠- سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەی ٣١

١١- تاریخ هیجده ساله آذربایجان، بازمانده تاریخ مشروطه ایران، بخش چهارم ص ٨٣٠چاپ دهم ١٣٧١، انتشارات امیر کبیر.

١٢- تاریخ مختصر احزاب سیاسی ایران - انقراض قاجار، بەرگی یەکەم، ملک الشعرای بهار، ص ٢٦٥ - ٢٦٦ انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٥٧

(لە ژمارەی ٧١٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---------------------------------------------

# (بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**(٥)**

## پرسی کورد لە سەربەخۆییەوە بۆ خودموختاری

کاتێک ئاوڕ لە مێژوو و ڕەوتی بزووتنەوەی کورد لە سەت ساڵی ڕابردوودا دەدەینەوە، دەبینین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە پێی هەلومەرجی کوردستان چەند قۆناخێ تێپەر کردوە. بۆ وێنە لە زۆربەی بەشە لێکجیاکراوەکانی کوردستان تا کاتی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان دروشمی سەرەکی بووە. لەسەرەتادا سەرۆک عەشیرەکان بە هۆی وەزعییەتی ئابووری - کۆمەڵایەتی، سەروەربوونی سیستەمی فئودالی، نەبوونی بارودۆخی ڕەخساو، ئاست نزمیی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی حیزبایەتی، ڕێبەری ئەم بزووتنەوەیە بوون. لە ڕاستیدا هەر ئەوان بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتییان توانایی و دەرفەتی کۆکردنەوەی خەڵک، پێکهێنانی هێزی چەکدار، هەروەها پیوەندیگرتن لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەیان بۆ وەدەستهێنانی یارمەتی وپشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد هەبوو. ئەم قۆناخە دەکرێ وەکوو بزووتنەوەی فئودالی - ڕزگاریخوازیی کورد پێناسە بکرێ. پێکهاتنی حیزبی ڕزگاریخوازی کوردستان، حیزبی هیوا، کۆمەڵەی ژ - کاف (و پاشان حیزبی دیموکراتی کوردستان) تا ڕادەیەکی زۆر بزووتنەوەی کوردی خستە ژێر ڕێبەرایەتیی بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە هەستێکی بەهێزی سەربەخۆییخوازی و یەکگرتنەوەی تەواوی کوردستانیان هەبوو.

پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ - ک و درێژەی چالاکیی ئەو ڕێکخراوەیە لە ژێر عینوانی تازەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو سەردەمە و دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری کوردستان سەرلوتکەی ئەم بزووتنەوەیە بوو و بۆ هەوەڵین کەڕەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد کەوتۆتە دەست ڕووناکبیری ئەو کاتە و حیزبی شیاوی خۆی بۆ خوڵقاوە. لە نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن لەمبتۆن (Ann Lambton) سەبارەت بە بارودۆخی ئەو کات و هەستی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوا نووسراوە: "ناوچە ڕووسیەکان لە دەرەوەی تەورێزەوە تا میاندواو و مەهاباد، بە شار و گوندەوە پڕ بوون لە چەکداری تەیاری کورد. من هیچ جەندەرمە یان پۆلیسی ئێرانم چاو پێنەکەوت. لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردی ناوچە قسەم کرد، هەموویان لە ناخی دڵەوە لە سەربەخۆیی کوردستان دەدوان. یەکیان بازرگانێک بوو لە میاندواو کە ئەستەم دەبیندرا سوودێکی ڕاستەوخۆی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا وەچنگ بکەوێ (بەڵام) دەیگوت کوردستانی سەربەخۆ، هەرچەندە هەژاریش بێ و قوربانیی لە پێناودا درابێ، دیسان لە بارودۆخی ئێستا هەر باشتر دەبێ. (...) لە مەهاباد قازی محەممەد کە کوردێکی خەڵکی ناوچەکە و برای نوێنەری مەڵبەندەکەیە (لە مەجلیسی شۆرای میللیی ئێران) وادیارە سەرۆکی خاوەن دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بێ. من وا هەستم کرد کە لە نزیکەوە پێوەندیی لەگەڵ ڕووسەکان هەبێ و هەرچییەکی لەدەست بێ، بۆ بنەبڕکردنی نفووزی کاربەدەستە ئێرانییەکان درێغی ناکات (...) ڕۆژنامەیەکی کوردی

(مەبەست دەبێ نیشتمان بێ- کە دەگوتری بە نهێنی بڵاو دەبێتەوە، قازی محەممەد لە چاپی دەدا و بەشداری تێدا هەیە. ڕۆژنامە کە بە گوێرەی قسەی ئەو، پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکا و لەوە دەچێ وتاری لە سەر کۆمۆنیزمیشی تێدا بنوسرێ. لە ڕاپۆرتی سێر ر. بوللارد(باڵوێزی بریتانیا لە ئێران) لە ژێر عینوانی "لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، ٢٩ی سیپتامبری ١٩٤٤ "سەبارەت بە کوردستان ئاوا نووسراوە:" ئێمە، نیشانەمان لە لایەن "ئەتاشەی چاپەمەنی" باڵوێزخانەی ئەعلا حەزرەت(شای بریتانیا)وە بە دەستەوەیە، کە کوردی ناوچەی رووس لە ئێران، بە ئاشکرا چەکیان هەڵگرتووە و لە سەربەخۆیی دەدوێن.(...) سەبارەت بە مەهابادیش ڕاستە و وا دیارە قازی محەممەد، مەرکەزی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بێ لە کوردستان".

کۆمەڵەی ژ - ک لە هەوەڵین ژمارەی نیشتمان لە پوشپەری ١٣٢٢ دا بەم چەشنە باس لە "ئامانجی ایمە" دەکا:

"... کومەلەی ژ. ک (...). بە هەمو هیزو توانای خوی تیئەکوشیت تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژیردەستی لە ئەستوی نەتەوەی کورد دامالی و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ایستا کوردستانیکی گەورەو ریک و پیک بینیتە بەرهەم کە هەمو کوردیک بە سەربەستی تیابژیت."

چالاکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەوامی ئەم ڕێبازە بوو. پێویستە ئاماژە بەم ڕاستیییەش بکردرێ پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێی بارودۆخ و لاسەنگیی هێزەکانی دەرەکی و ژوورەکی و بە چەشنێکی پراگماتیستی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی کردوە. بۆ وێنە پێشەوا قازی محەممەد لە "گفتوگو" لەگەڵ "خاوەنانی چەند ڕۆژنامەی تاران" کە لە ژمارەکانی یەک و دووی کوردستان لە ٢٠ و ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە کەمتر لە دوو حەوتوو پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو بۆتەوە لە وڵامی ئەم پرسیارە کە:

"* لە تاران دەلین کوردان بەرەهبەری جەنابت جوی بونەوە و استقلالی کوردستانیان دەوی; آیا راستە؟"

ئاوا وڵام دەداتەوە:

"خیر راست نیە؛ لەبەر ئەوەی ایمە لەدەولەتی ایران اجرای قانونی اساسیمان دەوی‌و دەمانەوی بە خودموختاری لە ژیر بەیداغی ایراندا بژین; و خودموختاریشمان وەگیر کەوتووە."

هەر لەم وتووێژە دا لە وڵامی پرسیاری سەبارەت بە "مەرامی فرقەی دیموکراتی کوردوستان" پێشەوا وڵام دەداتەوە:

"میللتی کورد لە ایراندا لە هەلسوراندن و پیکهینانی کارو باری جیگای خود آزاد بی و لە سنوری دەولەتی ایراندا بژی."

بەڵام پاشان بە پێی شیاوبوونی بارودۆخ، ڕێبەریی حیزبی دیموكراتی كوردستان لە دووی ڕێبەندان دامەزراندنی كۆماری كوردستان ڕادەگەیەنی. لەم پێوەندییەدا پێشەوا قازی محەممەد لە "نطقی" خۆی كە لە ژمارەی ١٠، ڕێكەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ و ژمارەی ١١ لە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە "كوردستان" وەكوو بڵاوكەرەوەی بیری ئەم حیزبە لە ژێر سەردێری "جیژنی سەربەخۆیی و استقلالی كوردستان" بڵاو بۆتەوە، وێرای ئاماژە بە مێژووی كوردستان و كۆبوونەوەی كوردان لە ژێر "عنوانی حزب دیموكراتی كوردستان" باسی وەدەستهێنانی "استقلال و آزادی كورد" بە هۆی پێكهاتنی كۆماری كوردستان دەكا و دەڵێ:

(...) "ملتی كورد هەزاران سد و بەرهەلستی سخت و سهندی لەریدابو دەستەودایرەی دیكتاتوری بیووچان كارشكینی ایمەیان دەكرد و لە هیچ نامردیەک رانەدەستان اختلافاتی عشایر بو داخلیش ئشكالیكی گەورە بو بو ایمە اما ئەوانە هیچكامیكیان نەیانتوانی پیش بە ایمە بەگرن بە دلیكی بەهیز پایەداریمان كرد و ادامەمان بفعالیتی خوماندانا تا استقلال و آزادی نەتەوەی كوردمان بدست هینا."

پێشەوا قازی محەممەد نزیكەی دوو مانگ پاش چوونەدەرەی سپای سوور لە ئێران و گۆڕانی بارودۆخی نیوخۆیی و دەرەكی بە پێی وەزعییەتی تازەی سیاسی ئێران لە "نطقی" خۆی لە ڕۆژی ٣١ بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بەرامبەر تەواوی سەران و سەركردە و ژنراڵەكانی كۆمار، كە لە ژمارەی ٥٠ی كوردستان بە كوردی و لە ژمارەی ٥١ بە فارسی بڵاو بۆتەوە، وێرای باسێكی دوور و درێژ لە پێوەندی لەگەڵ زوڵم و زۆریی پەهلەوییەكان و سەرەڕای ئەوەی كە "ئاماژە بە سەربەخۆیی تام و تەمامی" كورد دەكا، هاوكات ئاماژە بەمەش دەكا ئەگەر ئازادی لە سەرتاسەری وڵاتدا دابین بێ هیچ بەربەستێك بۆ ژیانێكی برایانە لە چوارچێوەی ئێراندا نابینێ. لە ئەسڵدا ئەگەر سەرنجی قسەكانی بدەین بە پێی ئەو نموونانەی كە دیهێنێتەوە دەتوانین باس لەوە بكەین كە پێشەوا قازی محەممەد وەكوو یەكەم كەسایەتی لە مێژووی كوردستاندا بە چەشنێك باس لە وڵاتێكی فیدراڵ دەكا. پێشەوا لە بەشێك لە "نطقی" خۆی ئاوا دەبێژێ:

... ئەگەر بیتو آزادی لە ایران دا بەرقەراربی چە مانعیک هەیە ئەوەی لە ایرانیدا دەژین تیكرادەستی برایەتی بدەن بە یەكتری. بزانن شوروی چل پەنجا ملتن عدالت كردونیە برا امریكا چلو چەند جمهوری سویس دوو سیێكن یەک روحو گیان پیكەوە دەژین...

بەرەبەرە پاش دانوستانی یەكیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ حكوومەتی قەوام، پاشگەزبوونەوەی حكوومەتی ئازەربایجان لە ژێر گوشاری مۆسكۆ و خۆهەڵوەشاندنەوەی ئەم حكوومەتە پاش دانوستانی یەكلایەنەی لەگەڵ دەوڵەتی قەوام بێ ئەوەی كە ڕێبەریی كۆماری كوردستان ئاگاداركرابێتەوە، گۆڕانی "مەجلیسی میللی بۆ ئەنجومەنی ئەیالەتی" و دەستەكانی فیدایی بۆ "سازمان نگهبان"، هەروەها ئامادەی بوون بۆ پێدانی دەسەڵات و ڕێبەری سپای میلیی ئازەربایجان بە دەوڵەتی قەوام و دەستپێكی پێدانی تەواوی دەسهاتی خۆیان بە خەزانەی بانكی میلیی ئێران، ڕێبەرانی كۆماری كوردستان هەست بە بێ پشتیوان مانەوەی خۆیان لە ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێراندا دەكەن و هەوڵ بۆ دانوستان لەگەڵ حكوومەتی تاران دەدەن، كارێك كە ئاكامێكی ئەرێنی بە شوێنەوە نەبوو و لە كۆتاییدا قەوام هیچ یەک لە بەڵێنەكانی خۆی بە جێ نەهێنا و سپای ئێران بزووتنەوەی كوردیشی سەركوت كرد.

پاشەکەشەی حکومەتی ئازەربایجان و بە شوێن ئەودا کۆماری کوردستان و بەرەنگارنەبوونەوەیان لەبەرامبەر سپای ئێران، کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئازەربایجان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد و گرتن و دوورکردنەوەی ئازادیخوازنی کوردستانی بە شوێنەوە بوو. بە داخەوە لە بەرامبەر ئەم کارەساتە گەورەیەدا ئازەربایجان و کوردستان لە ئاستی ژوورەکی و دەرەکیدا بێ پشتیوان مانەوە. دوکتۆر ڕەحیمی قازی بەم چەشنە ئاماژە بە هۆی دەرەکیی تێکشکانی ئەم بزووتنەوەیە دەکا و دەڵێ:" هۆیەکی دیکەی دەرەوەی تێکشکان و سەرنەکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە ئەمە بوو، کە لە لایەن هێزە پێشکەوتووەکانی دەرەوە پشتیوانی ئەوتۆی، کە پێویست بوو لێ نەکرا، وە یا باشتر بڵێین بە چاوێکی تەسک و بێ گرینگی تەماشای دەکرا. لە ڕاستەقینەدا سەردەمێک لە لایەن یەکیەتیی سوڤیەتەوە ئەم بزووتنەوەیە وەک بزووتنەوەیەکی نێو بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجانی ئێران تەماشای دەکرا و وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیان دانەدەنا. تاوانی ئەمەش بێ شک لە سەر شانی ڕیزەیەک لە سەرۆکەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجان بوو. چونکە ئەمان بیروباوەڕێکی وایان بڵاو دەکردەوە، کە چون بە گوێرەی دابەشکردنی ئینیزیباتی ئێران، کە ڕەزا شا کاتی خۆی کردبووی، مەڵبەندی مەهاباد، بۆکان و شنو و نەغەدە و دەوروبەری ورمێ و خوی و شاپور و میاندووئاو خراونەتە سەر ئازەربایجان دەبێ بزووتنەوەی دیموکراتی کوردانیش لەم جێگەیانە لە نێو بزووتنەوەی دیموکراتیکی ئازەربایجاندا بێ و سەربەخۆ نەبێت. چاکتر بڵێین بە گوێرەی ئەم بیروباوەڕە دەبوایە کوردەکان خودموختاری وەدەست بخەن لە نێو ئازەربایجاندا، کە ئەویش لە هەمان کاتدا دەیویست خودموختاری وەچەنگ بخات لە نێو ئێراندا. ئەم بیروباوەڕە بە داخەوە ماوەیەکی زۆر حوکمانی کرد و تەنانەت کاتێک کە نێوان نوێنەرانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان و دەوڵەتی ئێراندا وتوویژ بەڕێوە بردرا و پەیمان بەسترا، ئەم بەشەی کوردستان وەک مەڵبەندێکی نێو ئازەربایجان داندرا، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو." بە باوەڕی د. ڕەحیمی قازی "نەبوونی ناوچەی یەکیەتی و خەباتی بەیەکەوەی هێزە دیموکراتیکەکانی ئێران هۆیەکی دیکەی تێکشکانی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتیی کورد بوو... و حیزبی توودەی ئێران وەک حیزبێکی پێشکەوتوو و بەهێزی مارکسیستی، کە لە تەواوی ئێران ڕێکخراوەکانی بە پان و بەرینی لە تێکۆشاندا دابوون ئەرکی خۆی لە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازەربایجان و کوردوستان بە جێی نەگەیاند و لە مەڵبەندەکانی کرماشان و قەسر و شاەئاباد سەرەرای هەبوونی ڕێکخراوەیەکی بە هێز هیچ پشتیوانییەکی بە هێزی لە جووڵانەوەی مەهاباد لەو مەڵبەندانەی کوردستان پێک نەهێنا.

د. ڕەحیمی قازی ئاماژە بەم ڕاستییەش دەکا: "نابێ ئەمەش لە بیر بەرین، کە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی، کە لە وڵاتێکی زۆر نەتەوەیی وەک ئێران مەسەلەیەکی زۆر گەورە و گرینگی شۆڕشە، حیزبی توودە هەڵەیەکی زۆری کرد. هەر ئەوەندە بەسە، کە بوێژرێت لە بەرنامەی حیزبی توودەدا مەسەلەی نەتەوایەتی دانەندرابوو." د. ڕەحیمی قازی باس لەمەش دەکا کە تەنیا پاش پێکهاتنەکەی لەمەڕ یەکبوونی حیزب حیزبی توودە و حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی و لە ژێر کاریگەریی هێزە دیموکراتیکەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا مەسەلەی نەتەوایەتی بە چەشنی مارکسیستی - لینینی لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا گونجاندرا.

سەرکوتکردن و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی کۆتاییهاتن بە دۆزی

سەربەخۆییخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و دەستپێکی گرتن و کوشتن و دوورخستنەوەی ئازادیخوازانی کورد بوو. مامۆستا هێمن لە پێوەندی لەگەڵ ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهید بوونی پێشەوا قازی محەمەد هەستی خۆی لە "ڕۆژگاری ڕەش" دا ئاوا دەردەبڕێ:

ئەو ساڵ جێژنەمان تاڵە دوژمنی زاڵم زاڵە
لاو جێیان سیاچاڵە دەستی دۆیان بەتاڵە
(...)وە پاش کەوت خەباتمان داگیراوە وڵاتمان
تێپەڕی ڕۆژی هاتمان ڕووخا کۆشکی ئاواتمان
(...) بووینەوە دیل و یەخسیر وڵاتمان کرا داگیر
ڕاوکەر بوونەوە نێچیر یووسف خرانە ناو بیر
(...) دەستیان کرد بەڕەشبگیر ناپارێزن جوان و پیر
دێ زرەی کۆت و زنجیر هەر لێمان دەسوون شمشیر
(...) سواریان کردن پیادە جامیان کردن بێ بادە
داریان کردن ئامادە شەهید کران "بەگزادە"
لە سەقز و لە بۆکان شین و شەپۆڕە و گریان
تێکۆشەر لە دار دران قارەمان لەناو بران
لە چوارچرای مەهاباد لە کانگای بیری ئازاد
دەستی ڕەشی ئیستیبداد چەقاندی داری بێداد
لە کاتی نیوەشەوا لە جەنگەی شیرن خەوا
کرا کاری ناڕەوا لە دار درا پێشەوا
ڕۆڵەی وەفاداری کورد پێشەوای ئارام و ورد
بۆ کورد ژیا، بۆ کورد مرد گیانی فیدای گەلی کرد(...)

پاش ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێیانی پەیتا پەیتا دروشمی سەرەکیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بەهێزتربوونی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و پەیمانی هاوبەشیان دژ بە بزووتنەوەی کورد، پشتیوانی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان لەوان، لاوازبوونی هێز و کاریگەری سەرۆک عەشیرەکان و گۆڕانکاریی بنەمای ئابووری ئەم وڵاتانە، پەرەسەندی سیستەمی سەرمایەداری، کاریگەری بیری چەپی سەرتاسەری و هیوا بە کۆتاییهێنان بە زوڵم و زۆری نەتەوەیی لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە سەرەتادا خستە قۆناخی خەبات بۆ مافی شارۆمەندی، پاشتر خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا، هەروەها هەڵبژاردنی ئامانجی سۆسیالیسم و پاشان سۆسیالیسمی دیموکراتیک. باوەڕ بە چارەسەرکردنی

ڕاستەقینەی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوەیی لە یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئورووپاپی، خەباتی کۆمۆنیستەکان وەکو هێزی سەرەکی - پێشکەوتنخوازی دژ بە زوڵم و زۆری چینایەتی و نەتەوەیی کاریگەریی زۆری بۆ ڕاکێشانی ڕووناکبیرانی کورد بەرەو ئەم حیزبانە بوو. حیزبە سەرەکییەکانی کوردستانی لەو دەورانەی کە جیهان لە نێوان دوو بەرەی سۆسیالیستی و کاپیتالیستی دابەش کرابوو، بەرەی "سۆسیالیستی"یان هەڵبژارد.

**سەرچاوەکان:**


١) Fo371/401173/13978 نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن. ک. س. لەمبتۆن. ئاتاشە(ڕاسپێراوی) چاپەمەنی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران ١٣ی سیپتەمبەری ١٩٤٤، پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕووس. سەرچاوە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا(وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) لاپەرەی ٦٧، ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥

٢) سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەی ٧١

٣) بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد ١٩٤١ - ١٩٤٧، لاپەرەکانی ٣٦٦ - ٣٦٣، ڕەحیمی قازی. دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٢

٤) سەرچاوەی سەرێ، لاپەرەکانی ٣٧٤ - ٣٧٢


(لە ژمارەی ٧١١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------------

## بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### بیری چەپ و پرسی نەتەوەیی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠ هەتا ١٣٥٧ی هەتاوی

**٦**

پاش ڕووخانی دەوڵەتی ڕەزاشا، حیزبی توودەی ئێران وەکو جێگرەوەی حیزبی کۆمونیستی ئیران لە ١٠ی ڕەزبەری ١٣٢٠ دامەزرا. لە بەرنامەکانی حیزبی توودەی ئێران لە ٢ کۆنگرەی یەک (١٠ گەلاوێژی ١٣٢٣) و بە تایبەتی کۆنگرەی ٢ دا کە دوو ساڵ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلیی ئازەربایجان لە ٥ی بانەمەڕی ١٣٢٧ پێکهات، لە بەندی ١٠ی بەشی خەباتی سیاسیدا تەنیا

باسی» ئازادیی تەواو بۆ کەمایەتییەکان لە کاروباری فەرهەنگی و ئاییینی خۆیان»دا(١) دەکرێ و باسێک سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی لێنینی لە گۆڕێدا نیە. هەروەها لە پلینۆمەکانی ١ هەتا ٦ی حیزبی توودەی ئێران لە کۆی سەنەد و بەڵگەکانی حیزبی توودەی ئێران کە لە ساڵی ١٣٦٠دا بڵاو بۆتەوە، هیچ باسێک لەپرسی میللی لە ئیران وەبەرچاو ناکەوێ، بەڵام لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێران پاش پلنۆمی ٧ و کۆنفرانسی یەکگرتن لەگەڵ فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە هاوینی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بەشی «بریارنامەی پلینۆمی ٧ (گەورە) کۆمیتە ناوەندی حیزبی توودەی ئێران سەبارەت بە مەسەلەی یەکگرتویی ڕێبەری و سازمانی حیزبی چینی کریکار لە ئێران» لە بەندی ٤دا ئاماژە بە «بایەخ و هەستیاریی مەسەلەی میللی لە ئێران» دەکا و بە چەشنێکی ڕەسمی لە بەرنامەی خۆی، لە بەشی مەسەلەی میلیدا باسی «مافی کامیلی چارەنووسی گەلەکانی دانیشتووی ئێران» دەکا.(٢)لە درێژایی تەواوی ئەو ساڵانە کە بەسەر هەوەڵین بەیانییەی فرقەی کۆمۆنیستی ئێران تێپەر بووە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی چەپی ئێرانی لە پرۆگرامی خۆیاندا باسی یەکیەتیی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و جاروبار مافی جیابوونەوە دەکەن بە هۆی بڕوامەندییان بە تەواوهتیی خاکی ئێران، یەکیەتیی چینی کریکار و دامەزراندنی سۆسیالیسم لە ئێراندا ئەم مەسەلەیە تەنیا لە سەر لاپەرەی پرۆگرامەکەیاندا ماوەتەوەو کێشەی «میللی»یان وەکو پاشکۆی کێشەی چینایەتی پێناسە کردوە. سەرەڕای ئەوەش کە «خەبات بۆ یەکگرتنەوەی وڵاتە دابڕاوەکانی میللی»(٣) وەکوو چەشنێک لە خەباتی دژی ستەمی میللی پێناسە دەکەن، کاتێک ئەمباسە بە ئێران دەگا، بەپێی ئەم قسەیەی لێنین کە» بەرژەوەندی سۆسیالیسم سەرتر لە بەرژەوەندی و قازانجی میللەتەکان بۆ چارەنووسی خۆیانە»(٤) لە ڕوانگەی حیزبێکی سەرتاسەری چەپەوە، خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی وڵاتێک، یانی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی وڵاتی ئێرانن. تەنانەت کاتی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانە کوردیش نیشانەی ناسیۆنالیست و وەدواکەتوویی لێدەدەن. بۆ وێنە دوکتور گەلاوێژ یەکێک لە کادرە کوردەکانی حیزبی توودەی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەم چەشنە باسی کۆمەڵەی (ژ - ک) دەکا: ئەم حیزبە لە ژێر دروشمی دژی فاشیستی، دژی فئودالی و خەباتی دژی کۆنەپەرەستی لە ماوەیەکی کورتدا نفووز و وەج و ڕێزێکی بێ وێنەی لە نێو خەڵکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێری کوردستان وەدەست هێنا(٥) (بەڵام) «دروشمی سەرەکیی کۆمەڵە وەکوو «کوردستانی گەورە» هۆی دوورکردنەوەی خەباتی گەلی کورد لە ڕاستییەکان، بەهێزکردنی دوژمن و لاوازکردنی گەلی کورد بوو.(٦)

دوکتۆر ڕەحیم قازیش لە تێزی خوێندنی بۆ وەرگرتنی دەرەجەی دوکتۆریی زانستی مێژوو لە ساڵی ١٩٧١ لە باکۆ دروشمی وێکخستنی تەواوی بەشەکانی لەتلەتکراوی کوردستان لە لایەن کۆمەڵەی ژ، ک بە هەڵە دەزانێ و دەڵێ: ئاشکرایە کە ئەمە ئامانجی تەواوی گەلی کودە بە تێکڕایی و، ئامانجی دواڕۆژی جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردە؛ بەڵام لە زرووف و سەردەمی کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا(تەنانەت ئێستاش) خەبات بەڕێوەبردن لەژێر ئەم دروشمەدا بە ئەنجامێکی پێویست و باش نەدەگەیشت.(٧)

دوکتۆر قاسملووش کە نزیک بە سی ساڵ ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو، تەنانەت کاتێک لەم حیزبە جیادەبێتەوە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەگێڕێ، بەبیری چەپێکی ئێرانییەوە مەسەلەی سەربەخۆیی کۆمەڵەی ژ - ک لێکدەداوەتەوە و لە «چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا، کۆمەڵەی ژ. ک بە ڕێکخراوێکی ناسیونالیست و داخراو ناو دەبا کە بۆ «کوردایەتی پرووت» هەوڵی دەدا و نەیتوانی «خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی هەمووی ئێران»

لێگگرێ بدا.(٨) لە لایەکی دیکەوە دوکتۆر قاسملو ووەک دوکترینی خودموختاری سەرەتا لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پاشان کۆنگرەکانی حیزب و بە تایبەتی لە بابەتێک بە ناوی «باسیک لە سەر دروشمی بنەرەتیی حیزب» لە ساڵی ١٣٦٤دا بە پێی نەبوونی بارودۆخ و هەلومەرجی پێویست بۆ هێنانە بەرباسی دروشمی سەربەخۆیی یان فیدرالیزم، «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» وەکو دروستترین دروشم لە قەڵەم دەدا و، لە باشترین شێوەدا تیوریزەی دەکا و ئەم دروشمە وەک بەرهەمی «لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ» ناودەبا. دوکتۆر قاسملو لەبارەی هێنانی دیموکراسی بۆ ئێران پێش خودموختاری بۆ کوردستان دەڵێ:»(...) دێمۆکراسیمان لە پێشەوە داناوە هۆی ئەوەیە کە هەم پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە کە گشتیترە، بەرینترە لە کوردستان و هەم هاتوینە سەر ئەم بڕوایە کە بەبێ دێمۆکراسیی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختاریشمان دەستکەوێ، ئەو خۆدموختارییە زامنێکی دیکەی نیە (...). ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان موخالیفی هەموو شێوە دیکتاتۆرییەکین کەوابوو بۆ ئێمە دێمۆکراسی وەک حیزبێکی دیموکرات هەدەفە. حیزبێکی دیموکراتین بۆ ئازادی یان بۆ ئازادی هەموو گەلانی ئێران تێدەکۆشین». دوکتۆر قاسملو لەو بەشەدا کە باسی چەشنەکانی جێبەجێ کردنی مافی چارەنووس دەکا، سەبارەت بە خودموختاری کە شکڵی هەڵبژاردەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی مافی کورد لەو سەردەمەیە، ئاوا دەبێژێ: «شکڵی سێهەم؛ دیاریکردنی چارەنووس بە شیوەی خودموختارییە. خودموختاری وەختێک دێتە گۆڕێ کە بە گشتی ئەو گەلە نەیهەوێ جودا بێتەوە، یانی واز لە سەربەخۆیی بێنێ. نەشی هەوێ یان بارودۆخی وڵات بۆ فیدراڵی لەبار نەبێ.»(٩)

## چەپ و مەسەلەی نەتەوەیی پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاوی

پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاوی لە ئێران و ڕاگەیاندنی ڕەسمیی هاتنە مەیدانی سازمانێکی تازەی کوردستانی وەکوو «شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - کۆمەڵە» لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیر و کەسایەتیی کورد لە ڕیزیدا دەستیان بە کار و تێکۆشانی سیاسی کرد، بە هۆی نەبوونی کۆنسێپتێکی نەتەوەیی و گرێدانی بەرژەوەندیی کورد لەگەڵ خەباتی چینایەتی لە کوردستان و ئێراندا گۆڕانکارییەک لە ڕەوتی بزووتنەوەی کورد پێک نەهات و دروشمی خودموختاری هەر وەکوو دروشمی سەرەکیی کورد مایەوە.

«کۆمەڵە» خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو «بزووتنەوەی مقاومەتی کورد» کە بەشێک لە خەباتی شۆڕشگێرانە - دیموکراتیکی ئێران و سەنگەری سەقامگرتوویی دیفاع لە دیموکراسی لە ئێرانە، پێناسە دەکا. «کۆمەڵە» سەرەڕای دەربڕینی باوەری خۆی بە «مافی چارەنووس تا ئاستی جیابوونەوە»، خودموختاریی بە ویستی تایبەتمەندی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی لە قەڵەمدا، و وەکو بەشێک لە «پرولیتاریای ئاگای ئێران» هاوکات خۆی بە «نوێنەر و بەرەنگاری قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان» پێناسە کرد، بەم باوەڕە بوو کە لە نێو بزووتنەوەی میللی - دیموکراتیکی ئەو کاتی کوردستان، خەباتی چینایەتی لە نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا لە جەریانە و پەرەی گرتووە،»(١٠) هەر بەم پێیە، کۆمەڵە لە بڕیارنامەیەکدا کە لە جەنگەی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات وەک سازمانی کوردستانی حیزبی کمۆنیستیی ئێران بڵاویکردوە، حیزبی دیموکرات بە«حیزبێکی

بـورژوازی لە بـزووتنەوەی میللـی کوردسـتان»(١١) نـاو دەبـا. کۆمەڵە سـەرەڕای ئەوەی کە زۆریـنەی کـادر و ئەنـدامەکانی کـورد بوونـو گۆڕەپانی خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام بە پێی ئایدۆلۆژیا و بیرو هزری سیاسییەوە حیزبێکی تەواو چەپی ئێرانی بوو کە لە کاتی دامەزرانییەوە بۆ پێکهێنانی «حیزبی چینی کرێکاری ئێران»(١٢) و «خەبات لە پێناوی شۆڕشی دیموکراتی بە ڕێبەریی چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی»(١٣) تێکۆشا و چارەسەری مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران گرێدا. لەم پێناوەدا کۆمەڵە بە ڕوونی لە وتارێکدا ئاماژەی کرد:» (...) ئێمە بۆ گەلی کورد تەوزیح دەدەین کە لە ئێرانێکدا کە هی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری وڵات بێ، مافی نەتەوایەتی بە باشترین شێوە بەدی دێ. ئێمە بە زەحمەتکێشانی کوردستان دەڵێن کە ئازادیی ڕاستەقینەی ئەوان و ڕزگارییان لە نەبوونی و چەوسانەوە و زوڵم و زۆر، بەهاوپەیوەندیی لەگەڵ چینی کرێکاری ئێران تەئمین دەبێ».(١٤)

بەم چەشنە، حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە و هێزەکانی چەپی سەرتاسەری بە تایبەتی حیزبی توودەی ئێران و سازمانی فیدائیانی ئەکسەریەت (زۆرینە) لە ڕاستیدا لە سەقامگرتنی ئەم دروشمە لە «ڕەوانی کۆمەڵگادا» دەوری سەرەکییان گێرا و خودموختاری وەک باشترین ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد ڕەخنەی کردە نێو مێشکی رووناکبیری کوردەوە.

**سەرچاوەکان:**


١) اسناد و دیدگاەها، حزب توده ایران از آغاز پیدایی تا انقلاب بهمن ١٣٥٧، چاپ اول ١٣٦٠. ص: ٦٦ و ١٤٣

٢) سەرچاوەی سەرەوە لاپەرەی ٤٠٣ و ٤١٩.

٣) کۆی نووسراەکانی لێنین، بەرگی ٢٣، لاپەرەی ١٩٨، وەرگیراو لە «در بـاره ملت ومسله ملی، احسـان طبری، مردم، ارگـام مرکزی حزب توده ایران، دورەهفتم، سال اول، شماره ٥٣، پنجشنبه ٢٥ مرداد ماه ١٣٥٨.

٤) سەرچاوەیسەرێ.

٥)«یک نقطه تحول بزرگ در تاریخ خلق کرد»، ع. گلاویژ، دنیا شماره ٩ - آذرماه ١٣٥٤.

٦) یادی از جنبش دوم بهمن "نظری به پیدایش جنبش دموکراتیک در کردستان ایران" ع. گلاویژ، نشریه سیاسی تئوریک «دنیا»، دی ماه ١٣٥٦، شماره ١٠، سال چهارم دوره سوم، هەروەها بروانە بابەتێکی رزا شەلتوکیلە: نشریه سیاسی تئوریک «دنیا»، دی ماه ١٣٥٨، شماره ٦، باز نشر.

٧) بـزووتنەوەی ڕزگـاریی نەتەوایەتیی گەلـی کـورد و قـازی محەمەد ١٩٤١ - ١٩٤٧، لاپەرەی ١٣٤ رەحیمـی قـازی. دەزگـای چـاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٢.

٨) کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی د. عبدالرحمن قاسملو، لاپەرەی ١٥ - ١٦.

٩) تاقگەی هەقیقەت ١، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی، باسێک لە سەر دروشمی بنەرەتیی حیزب، ١٣٦٤، لاپەرەکانی ٢٨٧ - .٢٨٥

١٠) پیشرو، ارگان تئوریک سیاسی، قطعنامەهای مصوب کنفرانس اخیر کۆمەلە، جنبش مقاومت خلق کرد و مسئله ملی در کردستان. ٧ و

٨. شماره ٢ ضميمه ٢) ١٤ مهر ٦٠)
١١)اطلاعيه پايانی سومين پلنوم كميته مركزی كومه‌له، قطعنامه نشست وسيع كميته مركزی كومه‌له در باره جنگ جاری ميان حزب دمكرات و كومه‌له، ص. ٥ تير ماه ١٣٦٤
١٢) بررسی انتقادی تجربه حزب كمونيست ايران، گۆڤاری «افق سوسياليسم» شماره ٤
١٣) پێشرەوی ژمارە ٢ ئورگانی تیئوریک - سیاسیی کۆمەڵە، ١٣٦٠ی هەتاویی، وتاری لە کۆنگرەی یەکەمەوە بۆ کونگرەی دووهەم
١٤) پاشکۆی پێشرەوی کوردی، ژمارە ٢، ٥ی خەرمانانی ١٣٦٠، وتاری کۆمەڵە و مەسەلەی نەتەواویەتی لە کوردستان

(لە ژمارەی ٧١٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---------------------------------------

# بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## چەپی کورد و پرسی نەتەوایەتی

**(٧)**

بێگومان لە نێو هەر کۆمەڵگەیەکدا بە پێی بوونی چین و توێژی جۆراوجۆر، حیزب و ڕێکخراوەی ڕەنگاوڕەنگ بە بیر و کردەوەی جیاوازەوە دروست دەبێ. لێرەدا بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی مێژوویی کوردستان کە لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە، ئەم پرسیارە دێتە پێش کە ئەرکی سەرەکیی حیزبێکی کوردستانی بە هەر بیر و باوەڕێکەوە چیە و کام ڕێباز کورد بە کیان و سەروەریی خۆی نزیک دەکاتەوە. بڵێی ئەرک و پرۆگرامی حیزبێکی کوردستانی یەک لەوان چەپ لە وڵاتێکی داگیرکراو و کوڵۆنیکراودا هاوئاهەنگی لەگەڵ حیزبێکی سەرتاسەری یان حێزبێک هەبێ کە نەتەوەکەی کێشەی میلیی نیە و بە دەوڵەت و کیانی خۆی گەیشتووە؟ بڵێی بە لەبەر چاوگرتنی بیر و باوەڕی هێزە سەرکییەکانی ئێرانی سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی بە گشتی و کێشەی کورد بە تایبەتی کە تەنانەت مافی کورد لە چوارچێوەی تەسکی خودموختاریشدا بە ڕەوا نابینن و لەهەر حاڵەتێکدا مۆڕی جیاییخوازی لە نێوچاوانی هەرە کوردێک دەدەن، بە شوێن چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا تەنیا بە هەدەردانی هێز و توانایی کورد و بە فیرۆدانی کات و دەرفەتەکانی مێژوویی نەبێ؟ ئایا بە لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە کورد وەکو نەتەوەیەک، واتە بە تەواوی چین و توێژەکانییەوە دەچەوسێتەوە، بڵێی تەنانەت ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی فیدراڵیشدا بە ئازادی بگا، کێشەی نەتەوەیی

ئەو چارەسەر بکریّ؟ بلّێی نەتەوەیەک کە بە کۆمەڵ لە تەواوی بوارەکانی ژیانیدا لە ژێر زوڵمو زۆری نەتەوایەتیو ڕەگەزپەرەستیی سەقامگرتوودایە، بە گەیشتن بە مافی شارۆمەندیی لە ئێراندا لەم کێشە مێژووییە ڕزگاری بێ؟ ئایا لە کوردستاندا ئەرکی سەرەکیی حیزبەکان دەبێ تەنیا لەچوارچێوەی بەرگری لە مافی چین و توێژەکان و گەیشتن بە مافی مرۆڤ قەتیس بمێنێتەوە؟

کاتێک وڵامی ئەم پرسیارانە نەرێنی بێ، پێویستە تێکۆشەری کورد لە هەنگاوی هەوڵدا هەوڵی ڕزگاربوونی خۆی لەم بارودۆخە بدا و بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی تێبکۆشێ و ڕووی سەرەکیی بزووتنەوەی کورد بەرەو ڕەوتی مێژوویی خۆی بگەڕێنەتەوە و لەوە زۆرتر نەبێتە پاشکۆی بیری ئێرانچییەتی بە چەپ و ڕاستی ئەو بیرە داگیرکەرە.

کاتێک ئەم ڕاستییە کە مەسەلەی کوردستان وەکوو وڵاتێکی داگیرکراو نە لە بوون لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانە، بەڵکوو بە پێچەوانە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد چارە دەکرێ ببێتە نێوەرۆکی فیکریی ئەم چەشنە حیزبانە، ئەو کات خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت و کیانی نەتەوەیی دەبێتە ستراتێژیی سەرەکی ئەوان و لە پێناوی ئەم ئامانجەدا تاکتیکەکانی کاتیی بە پێی بارودۆخ و پارسەنگی هێزەکان، ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، ڕێکخستن و کۆکردنەوەی کۆمەڵی خەڵک لە دەوری ئەو دروشمانەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە پێناوی گەیشتن بە ئاواتی مێژووییان نزیک دەکاتەوە، تەنزیم دەکرێ و ستراتێژیی کورد فیدای تاکتیکی کاتی ناکرێ. بەم پێیە پێویستە هێزی چەپیش نە تەنیا بۆ وەدیهێنانی حەقی زەحمەتکێشی چەوساوەی کورد تێبکۆشێ، بەڵکوو ئەم ڕاستییەش لەبەر چاو بگرێ کە زەحمەتکێشی کورد و تەواوی چین و توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیە مەسەلەیەکی زۆر گرینگی دیکەیان بە ناوی «مەسەلەی نەتەوەیی»هەیە و بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، مەسەلەی چینایەتییان چارەسەر ناکرێ و پێویستە کورد ماڵی و کیانی خۆی دروست بکا تا بتوانێ لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دیموکرات و نزامێکی دادپەروەر خەبات بکا. ئەوە بەو مانایەیە کە بوار و سروشتی خەباتی سەرەکیی بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی هەوەڵدا ڕزگاریخوازانەیە، پێویستە لە بەرەیەکدا تەواوی چین و توێژی کورد بە هەر بیر و باوەڕێکەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان تێبکۆشن.

بێگومان هەڵبژاردنی تاکتیکی دروست بۆ گەیشتن بە ئامانج واتە ستراتێژی پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کوردستان، وڵاتەداگیرکەرەکان و سیاسەتی گشتی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان هەیە.

ئەمڕۆکە ئەگەر بیرۆکەی مافی شارۆمەندی و خودموختاری فەرهەنگی وەلانێین، لەوەدەچێ لە بارودۆخی ئێستادا دوو بۆچوونی سەرەکی لە نێوان ڕووناکبیرانی کورد لە پێوەندیی لەگەڵ شێوەی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببیندرێ:

**یەکەم**: لەم سەردەمەدا دروشمی سەرەکی گەیشتن بە وڵاتێکی فیدراڵە، بەڵام ئەگەر مافی کورد لەم چوارچێوەیەدا مسۆگەر نەکرێ، ئەوە مافی کوردە داوای جیابوونە بکا. زۆربەی حیزب و ئەو کەسانەی کە هۆگری ئەم بیرەن، مافی چارەنووسی کوردو تەنانەت

سەربەخۆیی بە مافی کورد دەزانن بەڵام ئێستا بە پێی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەمرۆ دانی ئەم دروشمە بە گونجاو نازانن. بە پێی بۆچوونێک، بۆ گەیشتن بە سەربەرخۆیی پێویستە بە پێی هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان و جیهان، لاسەنگی هێزی کوردو دەوڵەتەکان، بوونی زۆرینەی ئەم حیزبانە لە تاراوگە، دوور بوونیان لە کۆمەڵگای کوردی، نزمبوونی ئاستی ئاگایی نەتەوەییو بیری سەربەخۆییخوازی، نزمبوونی ئاستی گەشەسەندنی بنەمای ئابووریو کۆمەڵایەتی - سیاسی کوردستان، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاواتە دەبێ لە کاناڵی فیدراڵیزمەوە بۆی بچین. فیدراڵیزم بە پێی کۆتاییهێنان بە نەخشی ناوەند و بەهێزکردنی ڕۆڵی نەتەوەکان لە کاروباری ژیانی خۆیان، دیاریکردنی سنووری جوغرافیای - مێژوویی و پێکهێنانی ستروکتوری دەوڵەتی کوردی دەبێتە ڕێخۆشکەری سەربەخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەپێی ئەم باوەڕە فیدراڵیزم ئەو دەرفەتە پێکدێنێ کە کورد پەیتا پەیتا بە خەرجێکی کەمتر ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە ئاواتی دێرینە خۆی یانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیانو سەروەری خۆی ببڕێ. بۆ وێنە ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمی ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەتن نموونەیەک لەو حاڵەتەن. پێکهاتنی کۆمارەکانی سۆسیالیستی لە یەکیەتیی سۆڤییەتی پاش شۆڕشی ئوکتۆبر لەساڵی ١٩١٧ی زایینی بوو بە هۆی بە نەتەوەبوونو پێکهاتنی دەزگا و سیستەمی دەوڵەتی ئەو گەلانەی کە لە کاتی تێزاردا لە ژێر زۆڵم و زۆری دەوڵەتی ڕووسیەدا بوون. بە ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت، ئەم کۆمارانە بە پێی هەبوونی بنەمای پێویست بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ، هەر کامیان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێکهێنا و ڕایانگەیاند.

**دووهەم**: سەربەخۆیی وەکو دروشمی ستراتێژیکی و تاکتیکی تەنیا ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. بەپێی ئەم باوەڕە هەر چەشنە بیرێکی فیدراڵیخوازی دەتوانێ کۆسپێک بێ لە سەر ڕێگای گەیشتن بۆ پێکهێنانی کیانی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کورد. بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئاستی ناوچەو جیهان لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێکهاتووە کاتی سەربەخۆیی و بە دەوڵەت بوونی کورد گەیشتووە و دەبێ داوای سەربەخۆیی بکردرێ. ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و بەرەی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپاو سەرهەڵدانی چەندین وڵاتی تازەو سەربەخۆ، ڕووخانی دەوڵەتی بەعسی سۆسیالیستی ئێراق و پێکهاتنی دەوڵەتی نیوەسەربەخۆی باشووری کوردستان، پێکهاتنی دەوڵەتی دیموکراتیکی تەیمور و باشووری سودان، ویستی سەربەخۆیی لە کاتالۆنیای ئیسپانیا و فەیرانی نەتەوەیی بلژیک لە ئورووپای یەکگرتوودا، هەروەها فەبوڵی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی سکاتلەند لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە، نزیکبوونەوەی پەیتا پەیتای فەلستین بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو هتد... کۆمەڵگای جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕێکی گەورەو سەرنجڕاکێش کردوە و پێویستە کوردیش لەم ڕەوتە وەپاش نەکەوێ و هەوڵ بۆ سەربەخۆیی و ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ ئەم مەسەلەیە بدا.(١)

تەواوی ئەم خاڵانەی سەرەوە جێگای باس و لێکدانەوەن، دەکرێ نوێنەرانی جۆراوجۆری کورد سەبارەت بە شێوەی گەیشتن بە مافی کورد لە فیدراڵیزمەوە هەتا سەربەخۆیی بیروڕای جیاوازیان هەبێ. بەڵام مەسەلەی سەرەکی ئەویە کە ئەوان باوەڕیان بەوە هەبێ کە پرسی کورد تەنیا بە پێکهێنانی سەروەریو کیانی خۆی چارەسەر دەکرێو بە ڕاشکاوی پارێزگەری مافی نەتەوەی کورد هەتا ئاستی جیابوونەوە بن. لەم قۆناخەدا کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە بە پێی بەرژەوەندیی ئەو بەشەی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆی تێبکۆشێ و قۆناخ بە قۆناخ بە پێی هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگای خۆی بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای کورد ببڕێ و سیاسەتی

خۆی بە بەشێکی دیکەی کوردستان گرێ نەدا.»(٢)

هێگێل(٣) (فەیلەسۆفی ئەڵمانی) دەڵێ: «تا ئێستا هیچ کەس، هیچ کات شتێک لە مێژوو فێر نەبووە». ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوە لەم ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە مێژوو مرۆڤ فێری چەند وانەیەکی بەکەڵک و ژیرانە دەکا و پێویستە ئینسان لە مێژوو دەرس وەربگرێ، ئەنجامە بەکەڵکەکانی دەرکێشی و بەلانیکەم هەڵەی پێشینیان دووپات نەکاتەوە. لێرەدا خەتاکار دەرسەکانی مێژوو نییە، بەڵکوو نەبوونی بڕشت و لێهاتوویی بۆ فێربوونی ئەم وانانەیە.»(٤)تەواوی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی دوو سەدەی ڕابردوو نیشانیداوە کە نەبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کورد و کوڵۆنیبوونی کوردستان هۆی سەرەکی تەواوی ئەم بەسەرهاتە تاڵانەی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنییە کە لە سەدەی ٢١یشدا لە مافە ڕەواکانی خۆی بێبەش کراوە و ئەم نوقسانە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای گەشەسەندنی کورد لە تەواوی بوارەکانی ژیانی ئەمڕۆییدایە. کورد بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی مێژینەی خۆی تەنیا و تەنیا ڕێگایەکی لە پێشە، ئەویش خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و کیان و سەروەریی خۆیەتی. میللەتی کورد بێ سەربەخۆیی، هیچ کاتێک بە هێمنی و ئاواتەکانی خۆی ناگا و ڕۆڵەی کورد وەک دیل و ژێردەستی نەتەوەی زاڵ دەمێنێتەوە. ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو نیشانیداوە کە تەواوی گۆڕانکارییەکانی جیهانی و ناوچە هەلومەرج ودەرفەتی پێویستی بۆ گەیشتن بەم ماڤەی پێک هێناوە و کورد تەنیا لە ڕێگای یەکیەتی و خەباتی ژیرانە چ لە ئاستی کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و چ لە ئاستی جیهانیدا دەتوانێ بەم ئاواتە پیرۆزە یانی «سەربەخۆیی کوردستان» بگا.

**سەرچاوەکان**:


١) کورتەباسێک لەسەر ڕەمزی سەرکەوتن، بیری سەربەخۆییخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کامران ئەمێن ئاوە

٢) کێشەی کورد و درووشمی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەلاڵەی مەسەڵە، کامران ئەمێن ئاوە

٣) Georg Wilhelm Friedrich Hegel ( 27. August 1770 in Stuttgart; 14)November 1831 in Berlin

٤) تاریخ کردستان، مولفان لازایف، محوی و دیگران. نتیجەگیریی ص ٣٠٨ ترجمه منصور صدقی و کامران امین آوه، چاپ اول ٢٠٠٧، آلمان.


(لە ژمارەی ٧١٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

-------------------------------------------------------

## پێکهێنانی شورای دیموکراسیخوازنی ئێران لە پێناوی چیدا؟

### دەرفەت یان پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی؟

ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی واتە ١٨ - ١١ - ٢٠١٧ی زایینی لە شاری کۆڵنی ئەڵمان بە میوانداری حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی ئێران، هەروەها چەند حیزبی نەتەوەیی و سەرانسەری وەکوبەرەی دێموکراتیکی ئێران دەستپێکی کاری "شوڕای دێمۆکراسیخوازانی ئێران" وەکو مزگێنیپێکهاتنی ئەلترناتیڤێکی بەهێز لەبەرانبەر حکوومەتی ئیسلامی ئێران لە٨ خاڵدا ڕاگەیەنرا. بێگومانئەلترناتیڤ بوون دەگەڕێتەوە سەر قورسایی و نفووزی جەماوەریی ئەو ڕێکخراوانە لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی نێو وڵاتیاننەک ڕیزکردنی دروشم و نیوی حیزبەکان. بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو، چەندین بەرەی وەک شوڕای میللی و بەرگری ئێران بە سەرۆکایەتی ڕێکخراوەی موجاهیدینی ئێران (کە تەنانەت سەرەک کۆمار و کابینەی تێدادیاریکراوە)، کۆماریخوازان وکۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێکهاتوون.

هەر کام لەوانەئیدیعایئەلترناتیڤ بوونیان بووە و هەیە! بەڵام حکومەتی ئیسلامی هەر لە جێی خۆیەتی و چالاکی ئەم ڕێکخراوانەش نەک سەرنجی خەڵکی ئێران، بەڵکوو هێزە پرژوبڵاوەکانی دەرەوەی وڵاتیشی بەرەو خۆ ڕانەکێشاوە تەنانەتنەیانتوانیوە هیچ چەشنە ڕێکخستن و جوڵانەوەیەکی بە هێزلە نێوخۆی وڵاتوەرێبخەن. بەم پێیە بڵێیشوڕای دێمۆکراسیخوازانی ئێرانبتوانێ قەرەبووی سەرکەوتوو نەبوونی بەرەکانی پێشتر بکاتەوە و ببێتەئەلترناتیڤکی جێمتمانە بۆ تەواوی خەلکی ئێران؟ ئەویش لە حاڵێکدا کە زۆرینەی دامەزرێنەرانی ئەم شوڕایە هاوکات ئەندام و دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالیشن!

بڵێی ئەم ڕێکخراوانەی کە ئەم شوڕایەیان پێکهێناوە بتوانن ئیدیعای نوێنەرایەتی نەک تەواوی ئێران بەڵکوو بەشێ ئەتنیکی خۆشیان بکەن؟ بۆ وێنە ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان دەتوانن خۆیان وەکو تەنیانوێنەر و ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە بکەن، ئەویش لە کاتێکدا قەوارەی کۆمەڵگای کوردستان لە بەراورد لەگەڵ سەرەتای شۆڕشی ٥٧ی هەتاوی ئێران، گەلێک گۆڕاوە و بۆتە کۆمەڵگایەکی فرە حیزبی و تەنانەت چوار کۆمەڵە و دوو حیزبی دێموکراتیش بە هۆی دابڕانی ئەندامەکانیانەوەپێکهاتوون؟ بێگومان هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەکی کوردستانی و سەرانسەری بە تەنیایی ناتوانێ ئەم ئیدیعایە بکات و ئەگەریش بیکات بە دوور لە ڕاستی، و تەنیا پرۆپاگەندەیەکی بێ کەڵک و بێ سوود و سەمەرە دەبێت.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ بڕیارنامەی شوڕای دێمۆکراسیخوازەکانی ئێران دەکرێ ئاماژە بکرێت کە خاڵی ٦ و ٧ی بڕیارنامەکە لە هیچ حاڵەتێکدا تەبایی لەگەڵ بەرژەوەندی درێژخایەن و پرنسیپی خەباتی هێزێکی نەتەوەیی، بە تایبەتی کوردانیە.

لە خاڵی ٦ لە پێوەندی لەگەڵ زمانی فارسیدا هاتووە:

"کەڵک وەرگرتن لە زمانی فارسی وەکو زمانی سەرانسەری و پێوەندی لە نێوان تەواوی زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵات وێرای بە فەرمی ناسینی زمانی میللیەتەکان لە ئاستی وڵات و ناوچەکانی.".

هەڵبژاردنی زمانی فارسی وەکو زمانی فەرمی یان سەرانسەری لە وڵاتێک بە ناوی ئێران نەک بە ویست و هەڵبژاردنێکی ئازاد لە لایەن نەتەوەکانی ئێران بەڵکوو بە هۆی داسپاندنی ئیرادەی شوینیستەکانی ئێرانی لە پێناویدامەزراندنی "یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زمان" بووە، ئەمەش دژایەتی لەگەڵ تەواوی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤدا هەیە. بەم پێیە پیویست نەبوو لە بڕیارنامەیەکی وەهادا کە زۆربەی ئەندام و دامەزرێنەرانی لە نەتەوەکانی نافارسن هەر لە ئێستاوە و بێ گشتپرسی و بیرو ڕای خەڵک لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و فیدراڵدا زمانێکی فەرمی دیاری بکەن! پیویست بوو نوێنەرانی حدک لانیکەم پابەند بە پەسەندکراوی کۆنگرەکەی ١٦ی خۆیان لە پیوەندی لەگەڵ زمانی ڕەسمی لە فەسڵی چوارەم، خاڵی دووی ماددەی دەهەمبوایەن کە دەڵێ:

"ئەو زمان یا زمانە ڕەسمییانەی بۆ نامەنووسین و پێوەندییە ئیدارییەکانی نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵ بەکار دەبرێن و هەروەها سیاسەتی زمانی لە ئاستی دەوڵەتی فیدراڵدا بە ڕێککەوتنی گشتیی پێکهاتەکانی نێوفێدراسیۆن بڕیاری لەسەر دەدرێ.".

لە خراپترین حاڵەتیشدا دەکرا ئەم بڕیارە دابنێن بۆ سەردەمی پاش رووخانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران. بێگومان دەکرێ لە داهاتوودا لە ئەزموونی وڵاتەکانی فرە نەتەوەیی فیدراڵ کەڵک وەربگیری،بۆ وێنە خەڵکی هەر ئەیالەتێکی فیدراڵ بێجگە لە زمانی زگماکی خۆیان فێری یەکێک لە زمانەکانی دیکەی ئێران بن، هەروەهاکەسێک کە بۆ کار و ژیان بۆ ناوچەیەکی دیکە ئێران دەچێ فێری زمانی فەرمی ئەو وڵاتە بێ و هتد ...!نابێ لەبیربچێتەوە کە گەشەکردنی زمانی فارسی بە حیسابی وەپاشخستن و لەناوبردنی زمان و فەرهەنگی گەلانی نافارس لە ئێران بەڕێوەچووە.بە درێژایی دەستەڵاتداری پەهلەوی و مەلاکانی ئێران، نووسەر و شاعیرانی نافارس بە ئیجبار فێری زمانی فارسی بوون و زۆرتر خزمەتیان بە زمانی نەتەوەی چەوسێنەر و داگیرکەر کردوە هەتا زمان و فەرهەنگی نەتەوی خۆیان. منداڵی کورد لە ڕۆژی هەوەڵی مەدرەسەوە مەجبور بە فێربوونی زمانی بێگانە بووە و ئەمە لەباری ڕەوانییەوە کاریگەریەکی نەرێنی لە ژیانی منداڵی و سەردەمی دواتریدا بووە. بێ هۆ نییە کە زۆرینەی خەڵکانی نافارس توانای نووسین و خوێندنیان بە زمانی زگماکی نییە و نەیانتوانیوە بە زمانی خۆیان بخوێنن و پەرە بە گەشەکردنی زمانەکەیان بدەن.

لە خاڵی ٧ هاتووە:

"باوەڕ بە پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی و یەکپارچەیی وڵاتی ئێران و پابەندبوون بە بنچینەی بەرامبەری و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی میللییەتەکان و گرووپە ئەتنیکییەکانی ئێران.".

ئەم خاڵە دژایەتی لەگەڵ بنەواشەی(پرنسیب) مافی چارەنووسی گەلان هەتا ئاستی جیایی و پێکەوەژیانی دڵخوازانەینەتەوەکانلە چوارچێوەی وڵاتێکدا هەیە. چ پێویست دەکات ئێمەی کورد کە بڕوامان بە مافی چارەی خۆنووسین و پێکهێنانی کۆماری کوردستان هەتا ماڤی جیابوونەوە هەیە، بۆ دڵخۆشی هێزە سەرانسەرییەکان لە ئێستاوە پابەندیی خۆمان بە پاراستنی سنوورەکانی ئێران بسەلمێنین و بەڵێنیمانەوە وەک"مرزداران غیور و دلیر" ئێرانبدەین!

هەتا کەی بەشێک لە حیزبە کوردییەکان بۆ کار و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناکوردەکان دەبێ پرنسیبی گشتی خەبات و تەنانەت خاڵەکانی بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەکانی خۆشیان پێشێل بکەن؟ بۆ نابێ هەر لە ئێستاوە لەسەر مافەکانی خۆمان سوور بین و بە پێی جاڕی ماڤی مرۆڤ ڕاشکاوانە باس لە مافی چارەی خۆنووسینهەتا ئاستی جیایی بکەین؟ بێ گومان هەبوونی ئەم مافە بەو مانایە نییە کە ئیستا کورد دەیەوێ جیا بێتەوە، بەڵام پێویستە ئەم خاڵە گرنگە وەکو مافێکی ئینسانی و نەتەوەیی لە هەموو ڕێکەوتنێک لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکان بە ڕەسمییەت بناسێنرێت. حیزبێکی کوردستانی پێویستە لە ڕوانگەی بەرگری لە ماڤی نەتەوەوییەوە بچێتە بازنەی مامله لەگەڵ هێزەکانی دیکەوە، دەنا چ جیاوازیەک لە نێوان حیزبێکی کوردستانی و سەرانسەریداهەیە!

بێجگە لە سەرانسەری ناساندن زمانی فارسی و پابەندی بە تەمامییەتی ئەرزی ئێران، خاڵەکانی بڕیارنامەی شوڕای دێموکراسیخوازانی ئێران لە بەراورد لەگەڵ ویستی بەشێکی بەرچاو لە حیزبە سەرانسەرییەکان یاخود کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی، فیدراڵ شتێکی وەها تازە و سەرنجراکێشی تێدانییە و هەروکو پێشتر ئاماژەپێیکرا،بە پێچەوانەی بەرنامەی خودی ئەم حیزبانەشە! بۆ وێنە لە بەرنامەی پەسندکراوی حدک لە کۆنگرەی شازدەدا باس لە"وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ و یەکیەتی داخوازانە و دادپەروەرانەی نێوان نەتەوەکانی ئێران" دەکرێت نەک باوەڕ بە پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەیی خاکی ئێران(بڕوانە خاڵی١ تا ٣، ماددەی یەکەم: ئامانج و پرەنسیپە بنەرەتییەکان).

مافی دیاریکردنی چارەنووس و یەکیەتی داخوازانە بەمانای ڕێژەیی بوونی سنوورەکانی ئێرانە و ئەم مافە بە کورد دەدات ئەگەر پێویست بێت بە پێی ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤ و ڕای خەڵکی خۆی،جیابێتەوە و کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێک بێنێ.

هەروەها، لە فەسڵی دووهەمی ئامانج و ستراتیژیکۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کوردستان لە بزووتنەوەی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆهەمی کۆمەڵە، پووشپەڕ - گەلاوێژی ١٣٨٠، ماددەی شەشدا هاتووە:

"..... ئێمە بە پێی جیهان بینی و بەرنامەی سۆسیالیستیی خۆمان، مافی هەموو میللەتانی دانیشتووی ئێران بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، یانی ئازادی ئەو نەتەوانە لە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆدا بە ڕەسمی دەناسین. لە هەمان کاتدا ئێمە خوازیاری یەکگرتنی ئازادانە و برایانەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران لە پێکهاتەیەکی سیاسیی فیدراتیڤ داین و لەسەر ئەو

بڕوایەین کە ئەم یەکگرتنە بە قازانجی دیمۆکراسی و بە قازانجی جەماوەری زەحمەتکێشە".

ئەم بۆچوونەی کۆمەڵە تەبایی لەگەڵ دەقی واژۆکراو لە شورای دیمۆکراسیخوازانی ئێران نییە. نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە واژۆکردنی ئەم بڕیارنامەیە نەک هەر دەستکەوتێکی وەهایان بۆ گەلی کورد لە ڕێککەوتنیان لەگەڵ هێزەکانی بێ ناو و نیشانی سەرانسەری و ناوچەیی دەستەبەر نەکردوە بەڵکوو بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەکانی خۆیشیان پێشێلکردوە.

لەکۆتاییدا، پێویستە باس لە خاڵی دووهەمیش بکرێت کە جەخت لە "تێپەڕینی ئاشتیخوازنە لە کۆماری ئیسلامی بە پێی خەباتی دیمۆکراتیکی شارستانیانە" لە ئێران دەکات. بێگومان هیچ حیزب و نەتەوەیەک پێیناخۆش نییە بتوانێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەستەڵات بگۆڕێت.کەمتر دەستەڵاتدارێکیش هەیە کە بە خۆشی و ڕزامەندی خۆیحکوومەتڕادەستی ئۆپۆزیسیۆن بکات.هێزێکی سیاسی سەرەرای ئەوەی کە هەوڵی خۆی دەدات لە تەواوی شێوەکانی شارستانیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵک وەربگرێت هاوکات خۆیشی ئامادە دەکات لە ڕۆژی پێویستدا لە شێوەکانی دیکەی خەبات وەکو شەری چەکدارانە کەڵک وەربگرێت. حیزبێکی سیاسی بە پێی بارودۆخ و گۆڕانکاریی و لاسەنگی هێز، شێوەی خەباتی خۆی هەڵدەبژێرێت و خۆی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس ناهێڵێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران باوەریان بە خاڵی دووهەمی ئەم بڕیارنامەیە هەیە، جێی خۆیەتی تێبکۆشن هەرچی زووتر خۆیان لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی - نیزامی دەرباز بکەن و ببنە هێزێکی سیاسی - مەدەنی!

بریا حیزبە کوردستانییەکانمان، کە ئاوا لەبەرامبەر ڕێکخراوەکانی سەرانسەری و هتدی ناکورددا پاشەکشە لە بەرنامەکانی پەسەندکراوی کۆنگرەکانیان دەکەن، بیانتوانیایە بە دوور لە پاوانخوازیی و بەرژەوەندی تاکەکەسی و ...، لەسەر چەند خاڵێکیش پێکەوە ڕیکەوتبان و سەرەتا بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی بەرەو پیری هاوکاری و دانوستان لەگەڵ هێزەکانی سەرانسەری و ناکورد ڕۆیشتبان. کورد دەڵێ: "تا ماڵ گەرەکی بێ لە مزگەوت حەرامە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

--------------------------------------------

# هەڵسەنگاندنی لیبراڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە

## ١

## پێشەکی

بە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و بلۆکی خۆرهەڵاتی سۆسیالیستی لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، لە بەرامبەر هێزی چەپ گەلێک پرسیاری جیددی سەبارەت بە سۆسیالیسم و هۆی سەرنەکەوتنی لەم وڵاتانە، زاڵبوونی سەرمایەداری بەسەر چەندین قەیرانی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، گەشەسەندنی سیستەمی خزمەتگوزاری بە تایبەتی لە وڵاتە ئورووپاییەکان و هتد هاتە پێش و داهاتووی سۆسیالیسم کەوتە ژێر ڕەخنەی توندی لیبراڵەکان و تەواوی هێزە دژ چەپەکانی جیهانی. ئەوان بە پێداگری لەسەر ئەم خاڵە کە ڕووخانی وڵاتە سۆسیالیستییەکان بە مانای سەرنەکەوتنی بیر و هزری سۆسیالیستی بە یەکجاری و سەرکەوتنی بیری لیبراڵییە، بەم ئاکامبەندییە گەیشتوون کە مێژووی بەکارهێنانی چەمکی سۆسیالیسم بە یەکجاری کۆتایی پێ هاتووە. بەم پێیە پێویستە ئاوڕێک لە مێژوو و بیری لیبراڵیزم بدەینەوە تا ببینین تا چ ڕادەیەک لیبراڵیزم توانیویەتی وەڵامدەری ویستی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بێ و بتوانێ خۆی وەکوو بەدیلێکی بەهێز بۆ سۆسیالیسم پێناسە بکا؟ سۆسیالیستەکان بە گشتی و کوردی سۆسیالیست بە تایبەتی لە ڕەوتی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و چینایەتی لە کوردستاندا پێویستە چ هەڵوێستێکی لە بەرامبەر بە دیمۆکراسی بۆرژوای یان لیبراڵی بێ؟

### هەڵسەنگاندنی لیبراڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە

مێژووی سەرهەڵدانی لیبراڵیزم دەگەڕێتەوە سەدەی ١٧ی زایینی کە هاوکاتە لەگەڵ نەمانی پێوەندیی فئوداڵی و پێکهاتنی کۆمەڵگەی تازەپێگەیشتووی سەرمایەداری. پرۆتێستانە ڕادیکاڵەکان هەوەڵین لیبراڵەکان بوون کە بە ناوی بەرگری لە ئازادیی تاک لە بەرامبەر پلە و پایەی ئائایینی و ئۆلی ڕاوستان و لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە خەڵکی ئاسایی توانایی داوەرییان سەبارەت بە کاروباری دەوڵەت و هەڵبژاردنی ڕێگەی گەیشتنیان بە ڕزگاری هەتاهەتایی هەیە. هەر لەو کاتەوە لیبراڵەکان بوون بە ڕێبەری بەشێک لەو بزووتنەوانەی کە ئامانجیان ڕزگاریی تاک لە هەلومەرجی دژوار و ئاستەمی سیاسی، ئۆلی، ئابووری و هتد بوو. بە باوەڕی هێرۆلد

لاسکی «لیبراڵیزم بیرۆکەیەک بوو کە چینی مامناوەندیی نوێ بە یارمەتیی ئەو بە دەستەڵاتی سیاسی گەیشت». لیبراڵیزم بە تەواویەتی بە شۆرشی جیهانی سەرمایەدارییەوە گرێ دراوە، لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە بەرگری لە مافی کۆکردنەوەی دارایی خۆیی دەکەن و تا کۆتایی سەدەی نۆزدە دژ بە دەستەڵاتی ئەریستۆکراتەکان بوون. وەک لاسکی باسی دەکا: «ئەم ئایدۆلۆژییە ناچار لە ئاکامی ئەو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیانە پێکهات کە پێوەندییان پێیەوە بوو».

چەمکی لیبراڵ تا سەرەتای سەدەی ١٩ زۆرتر لە چوارچێوەی ئازادبیرکردنەوە و سازاندا خۆی نیشان دەدا، بەڵام لەوە بەولاوە وشەی «لیبراڵیزم» لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و بزووتنەوکاندا بەکار هێندرا. سەرەڕای ئەوەی کە مێژووی لیبراڵیزم تا ڕادەیەکی زۆر مێژووی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئازادی لە بەرامبەر حکوومەتی سەرەڕۆ، وشکەڕۆی ئایینی، مافە ناڕەواکانی ئابووری و بێبەشبوونی نادیموکراتیکی تاک لە مافی دەنگدان بە هۆی سەرمایەداریی سەربزێوە، خوێندنەوەی لیبراڵەکان لە ئازادی لە درێژایی مێژوودا یەکسان نەبووە و لە نێوان خوێندنەوەی پارێزکارەکان و سۆسیالیستەکاندا لە نەوەساندا ماوەتەوە. لیبراڵە سەرەتاییەکان لە خەباتی دژ بە حکوومەتی سەرەڕۆ و ماڤە تایبەتمەندییەکانی ئەریستۆکراتەکان دەیانویست چوارچێوە و سنووری دەستەڵاتی دەوڵەت کەم کەنەوە و پاشگەزیان بکەنەوە. ئەوان لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە ئازادیی تاک بەستراوە بە بەهرەمەندبوون لە بەشێک لە ئازادییە مەدەنییەکان بە دوور لە دەستێوەردانی دەوڵەت وەکوو ئازادیی کۆکردنەوەی سامان و دارایی و مافی دەربڕینی بیروڕا و پێڕەوی کردن لە بانگی ویژدان لە کارو باری ئایینییە. بە واتایەکی دی ئازادی یانی نەبوونی کۆسپی جۆراوجۆرە و کۆمەڵێک (**Collective**) کاتێک ئازادە کە هەر کەس بتوانێ بە کەمترین دەستێوەردانی خەڵکی دیکە یان دەستەڵاتی گشتی، خاوەن دەسەڵاتی خۆی و «دارایی»یەکانی(بە وتەی جان لاک) بێ. ئەم چەشنە ئازادییە کە وەکوو «ئازادیی نەرێنی» پێناسە دەکرێ و بیرمەندەکانی کلاسیکی لیبراڵیزم وەکو جان‌لاک، بێنژامین کۆنستانت و جان ستوارتمیل تیۆریزەیان کردوە، پاکانە بۆ دوکترینی دەوڵەتی لانیکەم دەکا. بە باوەڕی «ئایزا بێرلین» مەبەست لە ئازادیی نەرێنی ئەو بارودۆخەیە کە تێدا ویچوونی گەشەکردنی تاک بێ‌خورتی دەرەکی هەبێ. لەوەدەچێ خورتی دەرەکی لە لایەن مرۆڤێک، ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی یان حکوومەتەکان و تەنانەت ئایدۆلۆژیای زاڵ بەسەر کۆمەڵگە یان تاکدا بێ. بەم پێیە ئازادیی نەرێنی هەمیشە وەکوو کارێکی ئازادیخوازانە لەقەڵەم دراوە و دەکرێ وەکو ئازادی لە دەستەڵاتی دەرەکی پێناسە بکرێ. ئیمانوێل کانت ئازادیی نەرێنی وەکو سەربەخۆیی و ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە بەستراوەیی پێناسە دەکا. لەم پێوەندییەدا مارتین هایدیگێ پرسیار دەکا: سەربەخۆیی لە چی ناوی ئازادی بە خۆ دەگرێ؟ بە وتەیەکی دیکە ئەم سەربەخۆییە چۆن دیاری دەکرێ؟ لە ئازادی نەرێنیدا گورگ و مەڕ هەر دوو مافێکی بەرامبەریان هەیە و ناکرێ گۆڕانکارییەک لە کوژرانی مەڕ بە دەستی گورگ بکردرێ. یەکێک لە لاوازە سەرکییەکانی چەمکی «ئازادی نەرێنی» مانای نەبوونی بەرتەسکی واتە «نەبوونی کۆسپە». بەتەواویەتی دەرهێنانی بەشێک لە بوارەکان، بۆ وێنە چوارچێوەی خاوەندارێتی لە بڕیارە گشتییەکان، نە تەنیا نابێتە هۆی پەرەسەندنی ئازادیی تاک و لەنێو بردنی کۆسپەکان، بەڵکوو تەنیا جێگای کۆسپەکان دەگۆڕێ و لەنێوی نابا. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە پێشگیریی ڕەهای لیبراڵیزمی زێدەخواز لە مافی خاوەندارێتی بکرێ. بە پیرۆز زانینی مافی خاوەندارێتی بڕیاردەری بۆ خاوەندارێتی لە چوارچێوەی بڕیارە گشتییەکان دەردێنێ و کۆسپێکی تازە بۆ گەیشتن بە سامان و دارایی و سەرچاوە ئاراییەکان بۆ ئەو کەسانەی پێک دەهێنێ کە خاوەندار نین. ئازادیی نەرێنی بە باوەڕێک نە تەنیا چەمکێکی وورد نیە بەڵکوو چەشنە ئوستوورەیەکی

شیاوی تێگەیشتنە کە ڕەخنەگرتن لەو کارێکی هاسانە. بۆ تێگەیشتن لەم پرسە دەکرێ لە بۆچوونێکی ژیربیێژانەی ساکار کەڵک وەربگیرێ کە هانز کێلزێن یەکێک لە فیلۆسۆفە قانوونناسەکانی هاوچەرخ شی کردۆتەوە و لە ڕوانگەی ژیربیێژیەوە گەلێک وردە. بە پێی ئەم بۆچوونە هەر چەشنە مافێکی قانوونی و هەر ئیزندانێک، بەرامبەر بە یەک ئەرک یان کۆسپێک بۆ کەسانێکی دیکەیە. «دەستوور و ڕێسا کاتێک ئیزن و ماف[بە کەسێک] دەدا کە ئەرک، کار و خزمەتێکی دیاریکراو بەسەر کەسانێکی دیکەدا داسپێنێ». هەر چەشنە ڕێسا یان قانوونێک بۆ کارو چالاکی ئازادانەی تاک دەبێتە هۆی پێکهاتنی بەربەست و کۆسپێکی نوێ. بە قسەی ئایزا بێرلین نووسەری ناودار و بیرمەندی لیبراڵ بۆ ئەو کەسانەی کە لایەنگری لە ئازادیی نەرێنی دەکەن «گرینگ ئەوە نیە چ کەسێک ئەمر دەکا، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە لە چ بوارێکدا (بێ دەستتێوەردانی خەڵکی دیکە) دەسەڵاتدارم». بەم مانایە، لیبراڵە سەرەتاییەکان بە ڕواڵەت پێڕەوی ئەو بیرە پارێزکارانە بوون کە «ئازادی لە کۆمەڵگەیەکدا گەشە دەکا کە خەڵکەکەی خاوەنی ئازادی کەسبوکارێک بن کە ڕادەی داسەپانی بەرتەسکییەکان لە بەرامبەر بەرزەفڕیی تاک لە ئاستێکی زۆر نزمدا بێ.»

لە بەرامبەر «ئازادی نەرێنی» باس لە ئازادیی ئەرێنی دەکرێ، وەک نۆربێرتو بۆبییۆ مافناسی ئیتالیایی باسی دەکا، ئەم چەشنە ئازادییە بە مانای «توانایی ملنەدان بە یاساکان بێجگە لەوانەیە کە من خۆم پابەند بە ڕێزگرتنیان دەزانم». لە لایەکی دیکەش ئازادی ئەرێنی بە مانای ڕادەی بەشداریی تاک لە دەستەڵاتی گشتی و دیاریکردنی بڕیار و یاساکانی دەربەستیهێنەر بۆ هەمووانە. بە باوەڕی ئایزیا بێرلین مەبەست لە ئازادیی ئەرێنی ناسین و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی ئارایی بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانە. لە چوارچێوەی ئازادیی ئەرێنیدا بۆ بەرتەسککردنی کۆسپەکان، پێویست بە ڕەوشت و قانوونگەلێک بۆ بەرتەسککردن یاخود ڕێ پێ نەدان بە کوشتنی مەڕ بە دەستی گورگە. لە ڕوانگەیەکەوە کارل مارکس وەکو بیردارێژی ئازادی ئەرێنی پێناسە دەکرێ، ئەستەڤانۆ پێترۆچیانی فیلۆسۆف سیاسەتمەداری ئیتالیایی پێی وایە مارکس لە چەمکی لیبراڵی مۆدێرنی ئازادی وەکوو نرخێک (ئەرزش) دەست پێدەکا تا پیشان بدا کە چۆن لە کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی بۆرژوازیدا حاشا لەم نرخە کراوە و خەیانەتی پێکراوە. مارکس نیشان دەدا کە وەدیهاتنی بە بەهرە و تەواوی ئازادیی تاکەکان پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی بنەماکانی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگە یانی دابەشکردنی خاوەندارێتی و دەزگاکانی دەوڵەتی هەیە. مارکس نە بەپێی چەمکەگەلێک وەکوو بەرامبەری و دادپەروەری ڕەخنە لە پێوەندییە ئاراییەکان دەگرێ، بەڵکوو بەردەوام ڕەخنەی ئەو لە ئاستێک لە پێوەندییە ئاراییەکان بووە کە بە باوەڕی ئەو ئازادیی تاکی پێشێل کراوەتەوە.

مارکس لە کتێبی بنەماڵەی پیرۆزدا دەنووسێ: «ئازادیی مرۆڤ نە بە پێی توانایی نەرێنی پارێزکردن لەم یان ئەو(شت)، بەڵکوو بە پێی توانایی ئەرێنی بایەخدان بە تاکیەتی تایبەتمەند بە خۆیەتی».

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەشێکی زۆر لە لیبراڵەکان کە لیبراڵی پێشکەوتوو یان نوێیان پێ دەگوترا بەو ڕاستییە گەیشتن کە نابەرامبەری زەقی سەرمایەداری خوازیاری ڕکەبەری، تێکدەری ئازادیی خەڵکێکە کە هەوڵدانیان بۆ زیندوومانەوە کات و ساتێکی وەهایان بۆ کەڵکوەرگرتن لە توانایی خۆیان ناهێڵێتەوە. ئەوان بە مەبەستی هێنانەخوارەوەی ئاستی بێکاری و بەرزکردنەوەی مووچە،

بوون بە لایەنگری دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری، هەروەها پێداگرییان لەسەر دەرمان و مافەکانی خۆشبژێویی دیکە بۆ هەمووان دەکرد. ئەم لیبرالانە هەر چەند لە پێوەندیی لەگەڵ وەلانانی باوەڕی پێشینییانی خۆیان بە سەرمایەداری سەربزێو و بێزار لە نابەرامبەرییەکانی زەقی ئابووری بازاڕ، هاوبیری سۆسیالیستەکان بوون، بەڵام هاوکات ئامادەی وەلانانی تەواوی فەرزکراوەکانی پێشینییانی خۆیان، یەک لەوان ئەوەیکە «سیستەمی ئابوری لەسەر بنەمای پێشبڕکێ، کاتێک دادپەروەرانەیە کە مووچە بە پێی لێهاتوویی تاک دابەش بکرێ» نەبوون.

بە باوەڕی ئەوان «لە کۆمەڵگەیەکی لیبراڵیدا بە هۆی ئەوەی کە ئازادی لە بنەڕەتەوە، ئازادیی پێشکەوتن و پاشکەوتنیش لە خۆ دەگرێ و لیبراڵەکان ناتوانن لە مەر بەرژوەندی تاکێک کە بە شێنەیی دەڕوا بەرژوەندی تاکێک بەرتەسک بکەنەوە کە بەخێرایی دەڕوا ، ناتوانێ بەرامبەرخواز بێ». بەم پێیە دەبینین لیبراڵە نوێیەکان هاوکات لەگەڵ پارێزکارەکان ئازادی وەکو مافی خەڵک بۆ هەوڵدان بۆ وەدەسهێنانی سامان و دارایی پێناسە دەکەن و هاوکات وەکو سۆسیالیستەکانیش پێیان وایە ئازادی لە نێودەچێ مەگەر ئەوەی کە هەر کەس توانایی دەست پێڕاگەیشتنی بە دەرفەتەکانی ژیان بێ.

جان ڕۆڵز فەیلەسۆفی ئەمریکی و یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی سەر بە ڕشتەی لیبراڵیزمی کۆمەڵایەتی کە خوازیاری «پێڕەوی بەرامبەری لە ئازادییە»، پێرەوی بنەواشەیەکی گەڵاڵەکراو لە چەشنێکی بەرتەسکە. ئەو بەکارهێنانی ئەم بنەواشەیە تەنیا «لەسەر بنەمای ئاستی لانیکەمی داهات» بە شیاوی ڕێزگرتن دەزانێ. هەڵبەت ئەم بۆچوونە لانیکەم لە جیهانی سێهەم (کە زۆرترین بەشی گۆی زەوی لە خۆدەگرێ) جێبروا نیە، تەنانەت ئەگەر مانای ڕواڵەتی ئەم بنەواشە بەرتەسکەی ڕۆڵزیش لەبەرچاو بگرین، بە باشی دەبینین کە سەروەری ئازادی بەسەر بەرامبەریدا لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری و بەتایبەتی ئەمریکادا، دەچێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە لەم وڵاتانەدا «چوونەسەرەوەی ڕێژەی هەژاران «حاشاهەڵنەگرە و ڕێژەی ناوچە هەژارنشینەکان و تەنانەت هەڵەخۆرەکان بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفسۆر لاری براون لە زانستگای هاروارد و سەرۆکی «گرووپی زەبری پزیشکەکانی دژ بە برسێتی» سەقامگیریشە. لێرەدا بە باوەڕی مارکس (پێش ئەویش فریدریش هێگێل) لە ئاستی لانیکەمی داهات نە تەنیا سەروەری ئازادی لەبەراوەرد لەگەڵ بەرامبەری لەرزۆکە و لێک هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکوو لەم حاڵەتەدا ئازادی بوونی دەرەکیشی نابێ، بە وتەیەکی دیکە «دابینکردنی ئازادی لە مسۆگەرکردنی لانیکەمی بەرامبەری جیاناکرێتەوە».

مارکس و ئینگێلس لە هەوەڵین ژمارەی گۆڤاری کۆمۆنیست (١٨٤٧) سەبارەت بە پێوەندیی ئازادیی تاک، بەرامبەری و پێکهاتنی بارودۆخی پێویست بۆ گەشەسەندنی ئەم ئازادییە، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پێیان وایە دامەزرێنەرانی بیری کۆمۆنیزم بایخێکیان بە ئازادیی تاک لە بەرامبەر بە یەکسانی و بەرامبەری نەداوە، نووسیویانە: «ئێمە لەو چەشنە کۆمۆنیستانە نین کە دەیانەوێ ئازادی تاک لەنێو ببەن و جیهان بکەنە سەربازخانەیەکی مەزن یان کارگایەکی زەبەلاحئاسا. بێگومان هەن ئەو کۆمۆنیستانەی کە خاوەندارێتی خۆیی کۆسپێک لەسەر ڕێگەی هاوئاهەنگییەکی تەواو دەزانن و بە ویژدانێکی ڕاحەت حاشا لە پێناسەکردنی خاوەندارێتی خۆیی دەکەن و پێیان خۆشە بە یەکجاری لە جیهاندا بیسڕنەوە، بەڵام ئێمە مەیلێکمان بە گۆڕینی ئازادیی لەگەڵ یەکسانیدا نیە.

ئێمە بەم باوڕە گەیشتووین ئازادی لە هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا بە ئەندازەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی کۆیی پێکدێ، دەستەبەرناکرێ». هەروەها بە باوەڕی مارکس «خۆدانەدەسەوە مەترسییەکی کوشندە بۆهەر بوونەوەرێکە، بەم پێیە نەبوونی ئازادی مەترسییەکی بە ڕاستی کوشندە بۆ مرۆڤە». ئازادی مارکسی بێگومان لایەنی بنەڕەتی ئازادی دیمۆکراتیک لەخۆدەگرێ و بەم پێیە ئازادی بریتییە لە چاودێریی کۆی خەڵک بەسەر بارودۆخی ژیانی هاوبەشیاندا.

مارکس لە کاپیتاڵدا دەنووسێ: «کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بە چەشنێکی عەقلانی ئاڵوگۆڕی ئۆرگانیکی تایبەتمەندیی خۆیان لەگەڵ سروشت ڕێکوپێک دەکەن، ئەوان بە جێگەی ئەوەی کە لە ڕێگەی ئەم دانووستانەوە وەکوو هێزێکی کوێر ببزوێندرێن، بە چەشنێکی هاوبەش (ئەم دانووستانە) کۆنترۆڵ دەکەن» یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی بیری مارکس، پێداویستیی ئازادی بە تێپەربوون لە پێوەندییەکانی تێکەڵ بە توندوتیژی و زۆرداری، هەروەها پێشبڕکێی نێوان تاکەکان بە قازانجی پێوەندیی لە چەشنی هاوباری(تعاونی) و کۆمەڵە. مارکس لە کتێبی ئایدۆلۆژی ئاڵمانیدا دەنووسێ «بەم پێیە تەنیا لە کۆمەڵ دایە کە ئازادی خۆیی مسۆگەر دەبێ». لە ئازادی مارکسیدا چەند خاڵی بنەڕەتی وەکوو» گەشەکردنی مرۆڤ، بڕشت و توانایی تایبەتمەندییەکانی مرۆیی (لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگەکانی ڕابردوودا گەشەسەندنی بەشێک بە حیسابی زیان و زەرەر بۆ بەشێکی دیکە تەواو دەبوو) ڕۆڵی ناوەندی و سەرەکییان هەیە. بە باوەڕی مارکس «گەشەسەندنی ئازادانەی هەر کەس مەرجی گەشەسەندنی هەمووانە».

(لە ژمارەی ٧١٧ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٨

-------------------------------------------

## سێ بیرۆکەی سەرەکیی لیبراڵەکان

**٢**

### دژوازیی بیری ئازادی لیبراڵی

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە دژوازییەکی حاشاهەڵنەگر لە بیری لیبراڵیستی بکرێ کە کەمتر باسی کراوە. زۆربەی فیلۆسۆفە لیبراڵەکان یەک لەوان جان لاک کاتێک باسی ئازادی و مافی تاکیان کردوە، زۆرتر مەبەستیان سپی پێستەکان بووە و لایەنگرییان لە کۆیلەداری کردوە. لاک بۆخۆی یەکێک بوو لە خاوەنبەشەکانی شێرکەتی پاشایی ئەفریقایی کە ڕێکخەری بازرگانی و کرین و فرۆشی کۆیلەکان

بوو. لاک خاوەنداریتی کۆیلە و ئەسپی وەرزێرانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ئاسیا بە پێی ئەو مافەی کە لە ڕەوتی کرین و فرۆشی ڕێکوپێک وەدەستیان هێنابوو وەکوو شتێکی سروشتی و ئاسایی پێناسە دەکا، تەنانەت لە مێژووی دەریاوانیدا سەبارەت بە بازرگانی لەگەڵ وڵاتە ژێردەسەڵاتەکانی ئەفریقایی دەنووسێ «ئەو شتومەکانەی کە لەم وڵاتانە وەدەست دەکەون بریتین لە زێر، ئاجی فیل و کۆیلەکان».

ئەگەر دەبینین لاک کۆیلەی ڕەش پێست لە چوارچێوەی چەمکی «شتومەک» ڕادەبەندی دەکا، سەدەیەک دواتر ئیدمۆند بێرک (نووسەری خۆشەویستی هایک) کرێکاری کشتوکاڵ یان کرێکاری مزبەر لە چوارچێوەی چەمکی ئەمرازی وێژەر ڕادەبەندی دەکا، و بە پێی ڕادەبەندییەکی کلاسیک، ئەوان لەگەڵ گا- ئەمرازی نیوەوێژەر و کێڵ- ئەمرازی بێدەنگ بەراوەرد دەکا. پەرەسەندنی کۆیلەداری هاوکاتە لەگەڵ بزووتنەوەی بەهێزی بیر و هەنگاوگەلێک، کە لەسەدەی شازدە هەتا هەژدە لە ڕێگەی سێ شۆڕشی مەزن لە هۆڵەند، بریتانیا و ئەمریکادا پێکهێنەری مێژووی ئەمرۆیی واتە مۆدێرن بوون. ئەمریکا لە ساڵی ١٧٠٠ی زایینی ٣٣٠ هەزار کۆیلەی بوو، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٨٠٠ی زایینی بە ٣ میلیۆن گەیشت و لە سەدەی نۆزدەدا هەتا دووقات زۆری کرد. هەڵوەشاندنی کۆیلەداری لە وڵاتە بندەستەکانی هۆڵەند لە ساڵی ١٨٦٣ زایینی سەری گرت. بریتانیا لە نێوەڕاستی سەدەی هەژدە ٩٠٠ هەزار کۆیلەی بوو. دوکترینی لیبراڵ بە چەشنێکی دوولایەنە لەدایک بووە و قەت ئەم دوولایەنەبوونەی وەلانەناوە. پەیامی ئاورینی لیبراڵەکان کە لە ژێرکاریگەریی ئایدۆلۆژی ئاڵمانی تەنیا بۆ ئازادیی خۆیی شارومەندەکانی سپی پێست، دەرەبەگ و خاوەندار و ئاغاکان، بێ هەرچەشنە گریمانەیەک بە زمانی ئینگلیزی هەمبەر کرابوو، هەروەها حاشاکردن لە زوڵم و زۆرێک کە نەتەنیا بە ڕەنگ پێستەکانی وڵاتە ژێردەستەکان، بەڵکوو سەبارەت بە خەڵکی «وەحشی» ئیرلەند یا سوورپێستەکانی ئەمریکیش دەکرا، لە مێژوونووسیی لیبراڵەکاندا بە تەواویەتی شاراوە ماوەتەوە، هەروەها لە بیربردراتەوە کە چۆن بەگزادەکانی دیموکرات و بە نێوبانگی لیبراڵ یەک لەوان «توکویکل»ی فەرەنسی بە هاسانی لە نوسراوەیەکی خۆیدا پاکانە بۆ کۆمەڵکوژی سوورپێستەکان دەکا و دەبێژێ «ئاوا دێتە بەرچاو کە ویستی خودایی بۆ نیشتەجێکردنی سوورپێستەکان لە ناوچەیەکی پڕبەرەکەتی جیهانی نوێدا، تەنیا بۆ کەڵکوەرگرتنیان بۆ ماوەیەکی کورتەخایەن بووە، واتە ئەوان تەنیا بۆماوەیەکی کاتیی لێرە ژیاون. ئەم زرێبارانەی ئامادە بۆ بازرگانی و سەنعەت، بەم چۆمە قووڵانەوە، ئەم دۆڵە هەتاهەتاییەی میسیسیپی، ئەم پارزەوینە(قاڕڕە)گەورەیە وەکوو بێشکەیەکی خاڵی بۆ نەتەوەیەکی گەورە پێک هاتووە».

هەروەها «گروسیوس» یەکێک لە باوکەکانی دوکترینی لیبراڵ لە سەدەی ١٧ی زایینی، کۆیلەتی بە شتێکی شەرعی پێناسە دەکا و بە پێی ڕێنوێنییەکانی ئەرەستوو دەنووسێ «خەڵکێک هەن کە بۆ خزمەتگوزاری لە دایک دەبن». ئەو دانیشتوانی وڵاتانی ژێردەسەڵاتی هۆڵەند وەکوو «حەیوانی وەحشی» ناودەبا و ئایینەکەیان وەکو»شۆڕشێکی دژ بە خودا» پێناسە دەکا و شیاوی بێبەزەییانەترین «سزای تاوانبارانیان» دەزانێ. ئەمە نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە ئەمە لە هیچ حاڵەتێکدا بە مانای لادان یان هەڵەی کاتی لیبراڵەکان نیە، بەڵکوو ئەمە پیشاندەری بیرو هزری ڕەگەزپەرەستانەی ئەو لیبراڵانەیە و سەرچاوەی لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی ئەوان لە چەمکی مرۆڤ و ئازادی و بەرامبەری مرۆڤ گرتوە. بێ هۆ نیە کە هایک ئابووریناس و لیبراڵی ئینگلیزیی بە ڕەچەڵەک

ئوتریشی ڕەخنە لە گونجاندنی» مانای «ئازادی لە پێوەندیی لەگەڵ پێداویستی» لە ڕیزی «مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری» ڕاگەیەنراوی جیهانی مافی مرۆڤ، پەسەندکراوی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی دەگرێ کە لەلایەن ئانا «ئەلینۆر ڕۆزوێلت»ەوە گەڵاڵە و تیۆریزە کرابوو.

### سێ بیرۆکەی سەرەکی لیبراڵەکان

١) بازاڕ وەکوو نوێنەری عەقڵانییەتی ئابووری لە دەرەوەی هەر چەشنە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە(بە واتایەکی دی بێ بازاڕ، تەنیا بێسەرەوبەرەیی دەبیندرێ). بە پێچەوانەی ئەم بیرۆکەیە، ئەوە بازاڕ نیە کە دەبێتە هۆی عەقڵانیکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکوو ئەمە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە چۆنیەتی کاری بازاڕ دیاری دەکا. سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر نەتوانێ پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکا، ناتوانێ عەقڵانی بێ. بێکاری، جەمسەریکردنی ڕەوتی پەرەسەندنی جیهانی و لە نێوبردنی ژینگە، هێمای ناعەقڵانیبوونی دامودەزگایەکە کە دەکرێ وەکوو «سەرمایەداری بە ڕاستی ئارایی» پێناسە بکردرێ. ئەم دیاردە نەرێنییانە، بە چەشنێکی پەتی و سادە، بەرهەمی پێویستی (حاشالێنەکراوی) بازاڕن. عەقڵانییەتی بازاڕ، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی ناعەقڵانییەتی دامودەزگەی کۆمەڵایەتی.

٢) درگایەکی تەواو کراوە بۆ دامودەزگای جیهانی، مەرجی هەرچەشنە پەرەسەندنێکە (بە واتەیەکی دی، یان بازرگانی ئازاد یاخود چاولێقووچاندن لە هەر چەشنە پەرەسەندنێک). ئەم بیرۆکەیە کە «پەرەسەندن» بەستراوە بە بارودۆخی نیوخۆیی، تایبەتمەند بە هەر کۆمەڵگەیەکە و تێکەڵاوبوون لە ئابووری جیهانی فاکتەرێکی ئەرێنییە، بەو مەرجەی کە بزانین چۆن لەو دەرفەتانەی کە پێکی دەهێنێ کەڵک وەربگرین، بنەمای ئەم گریمانەیە. ئەم بیرۆکەیە نە تەنیا لەگەڵ مێژووی ٥ سەدە پەرەسەندنی سەرمایەداری یانی جەمسەریکردنێکی بێوچان دژایەتی هەیە، بەڵکوو لە ڕوانگەی زانستیشەوە دروست نیە. ئەم «بازاڕە جیهانییە» کە باسی لێ دەکرێ، وەکو گیانێکی بێسەر، بەستراوە بە شتومەک و سەرمایەوەیە. سەرەڕای کۆچکردنی نێونەتەوەیی هیچ کاتێک باسێک لە بازاڕی کاری جیهانی نەکراوە و بۆ داهاتووش جارێ هیچ ئاسۆیەک بۆ پێکهاتنی ئەم بازاڕە نابیندرێ. بیرۆکەی ئابووری لیبراڵی بۆخۆی دەیسەلمێنێ کە جووڵەی فاکتەرێکی بژاردە، کاتێک جوغرافیای سیاسی و سروشتی دوو هۆکاری دیکەی (واتە کار و سەرچاوە سروشتییەکانی) قەتیس کردۆتەوە، ناتوانێ بێتە هۆی پێکهاتنی توانایی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی جیهانی یەکسان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی هاوتا. لە بارودۆخێکی وەهادا، یاسای جیهانی نرخ تەنیا دەتوانێ ببێتە هۆی بەدیهاتن و سەرلەنوێ بەدیهێنانەوەی جەمسەریبوون. لەم ڕوانگەیەوە، تێکەڵبوون لە دامودەزگای جیهانیدا لەباری سروشتییەوە نەشیاوە و ڕۆژبەڕۆژیش نەشیاوتر دەبێ. بەڕاستی ئەگەر لەسەدەی نۆزدەدا چەن دەیەیەک پێویست بوو تا ئەڵمان بە ئاستی بریتانیا بگا، ئێستا وڵاتێک وەکوو بەرازیل بۆ گەیشتن بە ئاستی ئەمریکا پێویستی بە چ ماوەیەکی زەمەنی هەیە؟ بێگومان شکڵ و نێوەرۆکی جەمسەریبوون لە درێژایی زەمەندا تووشی گۆڕانکاری بووە. لە شۆڕشی پیشەیی تا شەڕی دووهەمی جیهانیی لە نێوان وڵاتە سەنعەتییەکان و ناسەنعەتییەکان جیاوازی دەبیندرا. سەنعەتیبوونی جیهانی سێهەم نابێتە هۆی گومانکردن لە سروشتی جەمسەریبوون، بەڵکوو دەبێتە هۆی دانانی نیشانەی پرسیار لەبەرامبەر چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئەم جەمسەرییە. مکانیزمی جەمسەریکردنی نوێ لەسەر شکڵە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتداریی

دامەزراوە: ماڵی (شکڵە تازەکانی سەرمایەی ماڵی جیهانی)، تێکنۆلۆژیک (لە پێوەندیی لەگەڵ شۆڕشی زانستی و فەننی نوێ)، فەرهەنگی (لە ژێر کاریگەری و ڕەخنەی پەرەگرتووی ئامرازی پێوەندییە گشتییەکان)، و سپایی. لەم بوارەدا «ئەو وڵاتانەی کە بە تازەیی سەنعەتی بوون»(ئێن ئی سییەکان) نیوەپەراوێزیی نین تا لە ڕەوتی بوون بە ناوەندە تازەکان بن، بەڵکوو وڵاتە پەراوێزییەکانی داهاتوون. لە بەرامبەردا، ئەو وڵاتانەی کە وەکوو جیهانی چوارەم باسیان لێدەکرێ، وڵاتگەلێکی بە ڕاستی پەراوێزیی نین، بەڵکوو وڵاتگەلێکن، کە پەرەسەندنی شکڵە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری بۆتە هۆی وێرانبوونیان. بارودۆخی مەترسیداری جیهانی چوارەم ئاکامی «خۆپارێزیی» ئەوان لە تێکەڵبوون لە ڕەوتی دابەشکردنی نێونەتەوەیی کار و هەنگاوگەلێکی «هەرەسهێناو» بۆ پساندنی پێوەندییەکان نەبووە. لەڕاستیدا، جیهانی چوارەم کە وەکو شتێکی تازە باسی لێدەکرێ، دیاردەیەکی نوێ نیە، بەپێچەوانە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەتاهەتایی و پێویستی پەرەسەندنی سەرمایەدارییە. ناوچەی کاری کۆیلەکان لە قاڕەی ئەمریکا لە سەردەمی سەوداکاری (مێرکانتیلیسم) وەکو باکوری ڕۆژهەلاتی بەرازیل و دوورگەکانی هێندی ڕۆژئاوایی (یەک لەوان هائیتی) نموونەیەکی ڕوونی ئەم دیاردە تەشەنە کراوەیەیە. ڕۆژگارێک ئەم ناوچانە وەکوو ناوچەگەلێکی بەختەوەر و ئاوەدان بە ئەژمار دەهاتن و دڵی جیهانی پەراوێزیی ئەو کاتە بوون، بەڵام دواتر پێکهاتە تازەکانی پەرەسەندنی سەرمایەداری ئەوانی خستە پەراوێزەوە و ئەمرۆکە ئەوان لە ڕیزی خەمبزوێنترین بەشە نەعلەتکراوەکانی جیهانی سێهەمن. وڵاتەکانی جیهانی چوارەم کە ئەم دامودەزگایە ئەوانی وەلا ناوە، ناتوانن بە پێی ئەم پێناسەیە کێشەکانی خۆیان لە ڕێگەی سیاسەتی دەرگای کراوە چارەسەر بکەن. سیاسەتەکانی ئاریکاری یەکیەتیی ئورووپاش بۆ وێنە لەگەڵ ئەفریقای باشووری چۆنگە هیچ کاتێک شتێکی جیا لە سیاسەتی داگیرکاری نوێ نەبووە و زیندانیبوونی ئەم پارزەوینەی لە بارودۆخی «پێش سەنعەتیدا» هەتاهەتایی کردوە، هەروەها ڕێکخستنی لیبراڵی یەکیەتیی ئورووپاش کە داخوازی ڕێکەوتنامەکانی کۆتتۆنۆ (Contonou 2000)و شەریکە ئابوورییەکانی ناوچەییە(APER)، ئەم گۆڕانکارییە ناشیاوەی بە گوژمتر کردوە. لە ڕوانگەی گەڵە جۆراوجۆرەکانی گوێ زەوییەوە یەکبوونی سەرتاسەری دامودەزگای جیهانی لە ژێر دەسەڵاتی بازاڕدا کارێکی شیاو نیە و قازانجی بۆ ئەو وڵاتانە نەبووە و نابێ.

٣) دیمۆکراسی بەرامبەر لەگەڵ سەرمایەدارییە.(بە واتایەکی دی، بێ سەرمایەداری هیچ چەشنە دیمۆکراسییەک بوونی نیە.) لە ڕاستیدا، دیمۆکراسی بە مانای حکوومەتی خەڵکی، واتە جەماوەری خەڵکی ئاسایی پێناسە کرابوو. لەم ڕوانگەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر مانایەکی چینایەتی هەبوو: یانی دەستەڵاتی نزمترین و هاوکات گەورەترین چینی(کۆمەڵگە)، هەر بەم هۆیەش خوێندەوار و دەوڵەمەندەکان، هەروەها ئەوانەی کە بایەخیان بە ژیانی شارنشینی دەدا، هەراسیان لە دیمۆکراسی بوو و وەلایان دەنا. دیموکراسیی وەکوو بۆچوونێکی یەکسانیخواز لە سەدەی ٥ی پێش زایین لە لایەن ئەفلاتوونەوە (پلاتۆ) هەروەها هەر بەو ڕاشکاوییەش لە سەدەی حەڤدەی پاش زایین لە لایەن «کرامۆڵەوە» وەلانرا، تەنانەت هاوپەیمانە چەپخوازەکانی کرامۆڵ لەشەری نێوخۆیی ئینگلیس، واتە ئەو یەکسانیخوازانەی کە لەسەر کێشەی مافی دەنگدان لێی جیاببونەوە، دیمۆکراسیان قەبووڵ نەکرد و وەلایان نا. ئەوان تەنانەت بیریان لەمەش نەکردەوە کە مافی دەنگدان بە دوو لە سێی خەڵکی وڵاتێک بدەن کە مزبەر یان مووچەوەرگر بوون. بە باوەڕی یەکسانیخوازەکان ئەم کەسانە بە هۆی بەستراوە بوونیان بە کەسانێکی دی مافی بەشدارییان لە کار و باری سیاسیدا نەبوو. تەنانەت جان ستوارت میل بانگەشەکاری بە نێوبانگی لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدە کە بایەخێکی تایبەتی بە ڕۆڵی جەماوەر و خەلکی ئاسایی

دەدا، چوارچێوە و سیستەمێکی بۆ مافی دەنگدان پێشنیار کرد کە چینی زەحمەتکێش نەتوانێ ببێتە زۆرینەیەکی پرکاریگەر. دێمۆکراسیی بورژوایی لە ئورووپا، لە چەشنی سەرەتایی خۆیدا، لە شارە ئازادەکان(کە دامودەزگای هاوپیشەیی و شورای شارداریی‌یەکان تا ڕادەیەک دەسەڵاتی فیۆدالەکانیان بەرتەسک کردبووە و تەنانەت لە بەرامبەر پاپیشدا ڕادەوەستان و سنگی خۆیان وەپێش دەنا)، سەرچاوەی گرتووە. بۆرژوازی لەم بوارەدا توانی پێوەندیی خۆی لەگەڵ خەڵکی بە هێز بکات و پاشان ئەوان بە شوێن خۆیدا ڕابکێشێ تا لە ئاکامدا بتوانێ دەسەڵات لە دەستی فئۆداڵەکان دەربێنێ. دێمۆکراسی بۆرژوای دەستکەوتێکی گەورە بوو کە توانی «مافی بەرامبەر» و ئازادی خۆیی دابین بکات، بەڵام نەیتوانی بەرامبەری پێکبێنێ بە واتەیەک «مافی بەرامبەر» بێ بەرامبەری.

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا، بزووتنەوەی کرێکاری توانی دێمۆکراسی سیاسی بەسەر بۆرژوازیدا داسەپێنێ و مافی کۆمەڵایەتی وەدەست بهێنێ، بەڵام ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی سازان و قەبووڵی بەرێوەبردنی ئابووری کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دامودەزگای سەرمایەداریدا بوو، شتێک کە بۆخۆشی بەهۆی جەمسەریبوونی جیهان و بە قازانجی ناوەندە سەنعتیی‌یەکان سەری گرت. بەم پێیە، دێمۆکراسی ڕۆژئاوایی بەسراوە بە دەسەڵاتداری سیاسیی‌یە، لە حاڵێکدا بەرێوەبردنی ژیانی ئابووری هێشتا لەسەر بنەمای بنەواشەی نادیموکراتیکی خاوەنداریتی خۆیی و کێبەرکێی دایە. شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە خۆیدا پێویستی بە دێمۆکراسی نیە، بەڵکوو سروشتی سەرکوتکەرانەی ئەو لە ئابووری شاراوە و لە خۆبێگانەبوونی ئابووری دایە. ڕاستیی‌یەکانی ژیان پیشانیان داوە کە بەرتەسککردنی دێمۆکراسی لە چوارچێوەی بەشێک لە ئازادیی‌یەکاندا، بێ لەنێو بردنی ڕەوتی چەوسانەوەی ئینسانەکان و داگیرکەری وڵاتەکان، ناتوانێ بە چەشنێکی بنچینەیی ئەم کێشەیە چارەسەر بکا، بە واتەیەکی دیکە دێمۆکراسی سیاسی بێ دێمۆکراسی ئابوریی وتەیەکی بێمانایە.

(لە ژمارەی ٧١٨ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

----------------------------------------

## هەڵسەنگاندنی لیبراڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستیی‌یەوە

### ٣

#### سۆسیالیستەکان و دێمۆکراسیی لیبراڵی

بە پێی لێکدانەوەکانی سەرەوە ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئایا هێزێکی سۆسیالیست لە وڵاتێکدا کە تەنانەت دێمۆکراسی و ئازادیی لیبراڵیش بوونی نیە، نابێ تا گەیشتن بە سۆسیالیسم، بۆ وەدەسهێنانی دێمۆکراسی تێ بکۆشێ و دروشمی کاتی و درێژخایەنی تەنیا

لە چوارچێوەی گەیشتن بە سۆسیالیسمدا قەتیس بمێنێتەوە؟ بێگومان پێش هەموو شتێک پێویستە ئێمە بە چەشنێکی میکانیکی کۆمەڵگەی خۆمان لەگەڵ ئورووپا بەراوەرد نەکەین، ئەو شتانەی کە ساڵیانی ساڵە لە ئورووپادا بۆتە بەشێک لە ژیانی ئاسایی خەڵک، بۆ ئەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆریی ئۆلی و ئائۆلییان تێدا زاڵە، بۆتە ئاواتێکی مەزن و جاروبار تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵدا دەگونجێ. لەم وڵاتانەدا خەبات بۆ وەدەستهێنانی دێمۆکراسیی بۆرژوایی بەشێک لە ئەرکەکانی چەپ و بزووتنەوەی کرێکارییە و پێویستە دێمۆکراسی بورژوای وەکوو دەرفەت و بەربواری پەرەسەندنی دێمۆکراسی بە قۆناخێکی بەرزتر و مسۆگەرکردنی یەکگرتوویی تەواوی ویستە دێمۆکراتییەکان لە بواری پێوەندیی نێوان جنسەکان، ڕەگەزەکان، کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی و فەرهەنگی و دیموکراتیزە کردنی ئابووری، پاراستنی ژینگە و بەربەرەکانی لەگەڵ بیرۆکراسی دەزگا دەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ.

ژیان و خەباتی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دروشمی هەموو یان هیچدا ناگونجێ و ئەمە تەنیا لە تاقیکردنەوەکانی فیزیۆلۆژیدا باوی هەیە. دێمۆکراسی بورژوای بە تایبەتی لە وڵاتێک وەکوو ئێران و کوردستان و هتد بواری دروستکردنی ئەنجومەن و یەکیەتیی پیشەیی و هونەری، ڕێکخراوەی بەرگری لە مافی ژنان و منداڵان، بەشداری و دەنگدانی خەڵک لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە، خەباتی پارڵەمانی، ئازادی دەربڕینی بیروڕا لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە و هتد، کورتکردنەوەی دەسەڵاتی مزگەوت و هێزە ئایینییەکان لە دادوەری و کاروباری ژیانی ئاسایی خەڵک، پێکهێنانی چوارچێوەی قانوونی دژ بە توندوتیژی لەگەڵ ژنان و منداڵان و تەنانەت بواری پێویست بۆ وەدیهێنانی مافی ڕێژەیی نەتەوەکان (بۆ وێنە بە پێی دروستبوونی وڵاتێکی فێدراڵ یان نەناوەندی) و هتد... پێک دەهێنێ. تەواوی ئەمانە یاریدە دەدا بەجێگیربوون و خۆڕاهێنانی دێمۆکراسی و ئازادی لە کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی گشتیی خەڵک لە تەواوی بوارەکانی ژیان و یەک لەوان ئاگایی نەتەوەیی. دێمۆکراسی بورژوای بە بەراوەرد لەگەڵ سیستەمی زاڵی ئایینی لە ئێران، کە کۆمەڵگەی کردۆتە زیندانێکی گەورە و هەرچەشنە بانگێکی ئازادی بە بەندیخانە، ئەشکەنجە و کوشتن وڵام دەداتەوە قۆناخێکی گەورە و ئەرێنییە.

## کورد و دێمۆکراسیی لیبراڵی

حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێ لەبەرچاوگرتنی دروشمی کاتی یان درێژخایەنی (فیدراڵی، کۆنفیدراڵی یاخود سەربەخۆیی) بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرە سیاسیی و مەدەنییەکاندا پێویستیان بە بارودۆخێکی ئازاد و دیموکرات هەیە تا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی گەڵەکەیاندا هەبێ. چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی کورد واتە سەربەخۆیی ڕێگەیەکی ساف و بێ لەمپەر نیە و لە کورتەخایەندا وەدی نایە. پێویستە بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکرێ تا خەڵکی بە ئاستێک لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش باکوور گەورەترین بەشی کوردستان بە پێ پانتایی وڵات، ڕێژەی دانیشتوان، ڕەنگاوڕەنگی ئایین و زاراوەی

زمان، هەروەها ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و یەکنەبوونی پێشینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لە ورمێوە تا دیهلۆرانە، هەروەها تێکەڵاوبوونی سنووری جوغرافیایی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نەتەوە دراوسێیەکان، بە تایبەتی ئازەرییەکان یەکێک لە کێشەکانی شایانی بیرکردنەوەیە. ئەم راستییە ئەمەمان پێ دەسەلمێنێ کە هەڵبژاردنی دروشمی شیاو، شێوەی خەبات و چالاکی هێزێکی پێشکەوتنخواز بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پێویستە هاوئاهەنگی لەگەڵ بارودۆخی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی هەبێ تا بتوانێ بیروڕای گشتی و پشتیوانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەرەو خۆی رابکێشێ. کێشەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە چەشنێکی خۆویستانە چارەسەر ناکرێ و پێویستە هێزێکی بەرپرس قۆناخ بە قۆناخ ئەم رێگایە ببڕێ. قبووڵی ئەم راستییانە بە مانای پاشگەزبوونەوە لە ئامانجی درێژخایەن واتە سەربەخۆیی نیە. کێشەی نەتەوەیی کورد تەنیا کاتێک بە یەکجاری چارەسەر دەکرێ کە کورد دەوڵەت و کیانی خۆی ببێ، ئەم مەسەلەیەش پێویستە لە پرۆگرامی حیزبێکی سۆسیالیست لە کوردستاندا رەنگدانەوەی هەبێ. ئەرکی کوردی سۆسیالیست، گرێدانی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتییە بەیەکەوە، هەروەها بەرگریکردنە لە مافی چارەی خۆنووسینی کورد تا ئاستی جیایی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە نەتەوەی کوردە کە بڕیاری ئاخری خۆی دەدا، هەر ئەو جۆرەی کە خەڵکی سکاتڵەند بە پێی بەرژوەندیی خۆی ئازادانە دەنگی بە مانەوە لە بریتانیادا دا، کوردیش دەتوانێ لە وڵاتێکی ئازاد، بە پێی بەرژوەندیی خۆی دەنگ بە مان یان نەمان لەو وڵاتانەدا بدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کردوە، بەڵام نەبوونی ئازادی، دێمۆکراسی و میکانیزمی قانوونی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی نەتەوەیی، هەروەها درێژەپێدانی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی ناوەندی، تەنیا دەبێتەوە هۆی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە و رادیکاڵیزەبوونی هەر چی زۆرتری بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد.

**سەرچاوەکان:**


١- مقدمەای بر ایدئولوژی‌های سیاسی « اثری از مجموع آثار «رابرت اکلشال»، «ریچارد جی»، «وینسنت گیگن»، «ایین مکنزی»، «ریک ویلفورد» و «مایکل کنی»، ترجمه محمد قائد، تهران ١٣٨٥، نشر مرکز.

٢- سه چهرەی دموکراسی، سی. بی. مک فرسن، ترجمه مجید مددی، نشر دیگر، ١٣٨٢، تهران.

٣- آیندەی سوسیالیسم، (مجموعەی مقالات)، ترجمەی ناصر زرافشان، تهران ١٣٨٠، نشر آگاه.

٤- سه مفهوم درباره آزادی: لیبرالی، دموکراتیک و سوسیالیستی، استفانو پتروچیانی، برگردان: ب . کیوان،.

٥- مسئله آزادی از دیدگاه مارکس: رابطه دیالکتیکی آزادی مثبت و منفی، استفانو پتروچیانی، برگردان: ب. کیوان.

٦- برابری و مسئله های آن، دومنیکو لوسوردو، برگردان : ب. کیوان

٧- مفهوم عمومی انسان در سنت لیبرالی و سۆسیالیستی، دومنیکو لوسوردو، برگردان: ب. کیوان،

٨- «حقوق بشر» و «حقوق شهروند»: دیالکتیک جدید برابری و آزادی، اتین بالیبار، برگردان: ب. کیوان.

٩- تناسخ دیالکتیک برابری به عقیده مارکس، برنارد شاوانس، برگردان: ب. کیوان،

١٠- آیا آزادی و برابری با هم سازگارند؟ ژ. آ. کوهن، برگردان: ب. کیوان،

١١- علاقه به آزادی، توجیه بردەداری، سه نظر در مورد لیبرالیسم، لوسین سو، ترجمه باقر جهانبانی، لوموند دیپلوماتیک فارسی ژوئن ٢٠١٣

١٢- دموکراسی و سیر تکامل تاریخی آن، احسان طبری، نوشتەهای فلسفی و اجتماعی جلد دوم، انتشارات حزب توده ایران، چاپ دوم ١٣٨٦.

١٣- سه مفهوم آزادی، اسفندیار طبری، خرمگس نشریه فلسفی و اجتماعی، شماره ٢، مارچ ٢٠١٤، اسفند ١٣٩٢.

١٤- سوسیالیسم و لیبرالیسم: همسوئی‌ها و ناهمسازی‌ها، گفت وگو با سعید رهنما، نشریه خبری سیاسی الکترونیک ایران امروز ٢٠١٤.

(لە ژمارەی ٧١٩ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

------------------------------------------------

## کوردستان لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

### ١

**(کورتە شوێنەوار و خەڵک ناسیی کوردستان)**

گەلی کورد وەک یەکێک لە کۆنترین گەلانی جیهان بە ئەژمار دێ. ڕەوتی پێکهاتنی قەومیی کورد(١) لە باکووری میزۆپۆتۆمیا (دوو چۆمان) ڕووی داوە. مێژووی کورد وەک یەکێک لەکۆنترین گەلانی جیهان دەگەڕێتەوە ساڵەکانی پێش زایین. یەکەمین بەڵگە مێژوویییەکان دەربارەی کورد لە ئاسەواری ئاسۆرییەکانی هەزارەی سێهەمی پێش زاییندا دیتراونەتەوە. کوردستان شوێنی هەوەڵین ئاسەوارەکانی شارستانییەتی سەرەتایی پێش زایینە. دۆزراوەکانی کرماشان سەڵمێنەری بوونی ئینسان لە سەردەمی پالیۆلیتیک لە ڕایەڵی ئێرانە.(٢) هەوەڵین بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ کە لە ئەشکەوت و حەشارگەکانی چیای زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیتراونەتەوە لەباری مێژوویییەوە دەگەڕێنەوە بۆ نێوەڕاستەکانی سەردەمی پالیۆلیتیک یان سەردەمی ماوستێریەن(٣) لە دەوروبەری ١٠٠ هەزار ساڵی پێش زایین.

بە پێی ئەو کەندوکۆژانەی لە ساڵانی (١٩٤٩ و ١٩٥١ی ز) لە ئەشکەوتەکانی بێستوون و تمتمە (لە دۆڵی نازلوو لە باکووری گۆمی ورمێ) لە لایەن گرووپێکی شوێنەوارناس بە سەرپەرستیی زانای ئەمریکایی پرۆفیسۆر کارلتۆن کوون(٤) کراوە، ئاسەواری ئینسانی

سەردەمی پالیۆلیتیک لەم شوێنانەدا دۆزراونەتەوە. دیتنەوەی دانە گەنم و ئامرازی تیژی لە بەرد دروستکراو، هەروەها ئاشی سەرەتایی لە گوندەکانی «ئاسیاو» و «تەپەی سەرا» لە نزیکی کرماشان پێشاندەری کشتوکاڵ و ژیانی گوندیی لە هەزارەکانی هەشتەم و نۆهەمی پێش زایینە. هەروەها لە ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس، هەوەڵین ژیار لەسەر بنەمای کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ژیانی گوندی پێک هاتوە، ئەم گۆڕانە لە شێوازی ژیان لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایین لە کوردستان و ئاسیای بچووک لە لایەن شوێنەوارناسەکانەوە سەلمێندراوە. دۆزینەوەی قەڵای جەرمۆ(٥) لە لایەن رابێرت جان برێیدوود(٦) مرۆڤ و شوێنەوارناسی ئەمریکایی لە ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک لە باشووری کوردستان باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ژیانی نیشتەجێیی و گوندیی لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایین لەم ناوچەیە دایە. لە ناوچەکانی» پشت کێوی» لوڕستان و «دەشتی ئەیوان»یش لە باکووری ئیلام، ئاواییەک دیتراوەتە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٣٠٠ یان ٢٢٠٠ی پێش زایین.

کوردستان وەکوو وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هیچ نەخشەیەکی جیهانیدا تۆمار نەکراوە و زۆرتر مانا و مەفهوومێکی ئەتنۆگرافیکی(٧) هەیە. کوردستان لە بەشی ناوەندیی ڕۆژئاوای ئاسیا کەوتۆتە نێوان ٣٤ - ٤٠ پلەی پانایی باکووری و ٣٨ - ٤٨ پلەی درێژایی ڕۆژهەڵاتی. درێژایی کوردستان لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات نزیکەی هەزار کیلۆمیتر و لە باکورەوە بۆ باشوور لە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ کیلۆمێترە. بە گشتی پانتایی کوردستان نزیکەی ٤٥٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە (٢٠٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە تورکیە، پتر لە ١٦٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە ئێران و نزیکەی ٧٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە عێراق، هەروەها ١٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە سووریە).(٨) کوردستان تا ڕادەیەک شکڵی چەماوە یان کەوانەیی هەیە. لای دەرپەڕیوی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتە، واتە شوێنێکە کە پاڵی بە ناوچەکانی باشووری قەفقازەوە داوە.(٩)

دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستان بە وردی، بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کارێکی هاسان نیە و تەنیا دەکرێ باس لە سنوورە ڕێژەییەکانی کوردستان بکرێ. سنوورە مێژوویی و قەومییەکانی کوردستان، هێڵەکانی سنوور و کەشەونی کوردستان لە سەدەی نێوەڕاست لە لایەن بیرمەند و مێژووناسی کورد میرشەرەف خانی بەدلیسییەوە لە ساڵی ١٥٩٦ی ز دا بەم چەشنە دیاری کراون: «سنوور و کەوشەنی وڵاتی کوردان - کە ناوی کورردستانە - لە سەر لێواری دەریای هورمزەوە - کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە - دەست پێدەکا و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێ هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە و مەرعش دەبڕێتەوە. وڵاتی فارس و عێراقی عەجەم، ئازەربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە و ئەرمەنستانی گەورە، دەکەونە لای باکووڕی ئەو خەتەوە. عێراقی عەرەب و مووسڵ و دیاربەکر دەبنە باشووڕی ئەم سنوورە. سەرەڕای ئەوەش هۆز و تیرە زۆر و زەوەندەکانی کورد لەو پەڕی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتەوە دایانگرتوە و تێیدا بڵاو بوونەتەوە و ئەو سەریان گەیوەتە ئەو پەڕی مەڵبەندی خۆرنشین».(١٠)

کوردەکان بەشێکی بەرچاو لە ڕێژەی دانیشتووانی ڕۆژئاوای ئاسیایان پێک هێناوە. لەبەر نەبوونی سەرچاوە و سەرژمێرییەکی زانستی ناکرێ ڕێژەی کوردەکان لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ی ز. بە وردی حیساب بکرێ. بە پێی بەراوردی کتێبی»زەرد»ی فەڕانسە (ڕێکەوتی ١٨٩٢ی ز) ڕێژەی دانیشتووانی کوردستانی عوسمانی ٣,١٢,٨٧٩ کەس بووە، بە باوەڕی شێخ مەردۆخ

ئەگەر کوردەکانی ئێرانیشی لێ زیاد بکەین ئەم ژمارەیە بە نیزیکەی ٥ میلیۆن دەگا(١١) (یرواند ئابراهامیان لە کتێبی «ئێران لە نێوان دوو شۆڕش»دا باس لە ڕێژەی ٨٠٠ هەزار کوردی ئێران لە ساڵی ١٨٥٠ی زدا دەکا).(١٢)

لە کۆتاییەکانی دەیەی سێهەمی سەدەی بیستەمدا ڕێژەی تەواوی کوردەکان ٧,٥ میلیۆن بووە. لەوە دەچێ ڕێژەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی دەیەی دووهەمی سەدەی ٢٠، بێ لەبەرچاوگرتنی لۆڕ و بەختیارییەکان وەکوو خزمی ئەتنیکیی ئەوان، یەک و نیو هەتا ٢ میلیۆن بووبێ.(١٣)

**پەراوێزەکان**:

١) Ethnogenesis

٢) Paleolithic یەکەمین قۆناغی سەردەمی بەرد - دەستپێکی دروووستکردنی ئامرازی بەردی بە دەست ئینسان.

٣) Mousterian سەردەمی ماوستێریەن لە نیوان ساڵەکانی ١٦٠ هەزار هەتا ٤٠ هەزاری پێش زایینە.

٤) Carlton Coon

٥) Jarmo

٦) Robert John Braidwood

٧) Ethnographic خەڵک ناسی، ڕەگەزناسی، لە ڕوانگەی نیشانە و تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزییەوە.

٨) لازاریف، محوی و... کردستان معاصر، ص ١٥ - ١٤ترجمه کامران امین آوه، چاپ دوم، نشر روشنگری، آلمان ٢٠١٧.

٩) ن. ز. مۆساکی، کوردستان: سامان و سیاسەت، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ١٢، ئەنستیتووی ڕۆژهەڵاتناسی، مۆسکۆ ٢٠٠٥.

١٠) میرشەرەف خانی بدلیسی، شەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان، لاپەڕەی٢٢ - ٢١ وەرگێرانی مامۆستا هەژار، چاپی هەشتەم. پەخشانگای پاییز، تاران ١٣٩٣.

١١) شیخ محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کرد و کردستان و توابع یا تاریخ مردوخ، جلد اول، عده نفوس کردستان ص ٥٨، چاپ دوم، ١٣٥١.

١٢) یرواند آبراهامیان، ایران در بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، جدول شماره ١، ساختار قومی ایران ص ١٦، نشر نی، چاپ شانزدهم، تهران ١٣٨٩.

١٣) لازاریف و... تاریخ کردستان صص، ١٧١ و ١٧٢، مسکو ١٩٩٩، ترجمه فارسی، منصور صدقی و کامران امین آوه، انتشارات فروغ، کلن، آلمان ١٣٨٦.

(لە ژمارەی ٧٢٣ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

## کوردستان لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

## ٢

### کوردستان لە گەمەی وڵاتە زلهێزەکاندا

لە کۆتایی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩ی زایینیدا، ڕۆژئاوای ئاسیا پاش چەندین سەدە شەڕ و دژبەریی ئێران و عوسمانی، تووشی گۆڕانێکی خێرا هات. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیک، هەر وەها نیشتمانی کوردان بوو بە مەیدانی ململانێی زلهێزە جیهانییەکان وەکوو ڕووسیە، ئینگلیس و فەڕانسە، و پاشان ئوتریش (نەمسا) و ئەڵمان کە بە هۆی لاوازبوونی تورکەکان خەریکی مامەڵەکردن لەسەر خاکی عوسمانی بوون. بۆ وێنە فەڕانسە دەستی بەسەر باکووری ئەفریقادا، بریتانیا بەسەر ڕۆژهەڵاتی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی مدیترانەدا و ئوتریش و ئیتالیاش دەستیان بە سەر باڵکان و ناوچەی دەریای سووردا گرت. شەڕەکانی ڕووسیە - عوسمانی و ڕووسیە - ئێران لە دەیەی ١٨٢٠ی زایینیدا بوون بە هۆی پێوەستبوونی گورجستان، باکووری ئازەربایجان و ڕۆژهەڵاتی ئەرمەنستان بە ڕووسیە و نیزیکبوونەوەی سنووری ئەم وڵاتە لە کوردستان و کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناراستەخۆی مۆسکۆ لە سەردەمی تزاردا، هەروەها باڵشویکەکان پاش بە دەسەڵاتگەیشتنیان لە ئۆکتۆبری ١٩١٧ی زایینی لە ژیانی سیاسی و چارەنووسی دواتری کورداندا.

لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینیدا کوردستان بەگشتی هاتە نێو گۆڕەپانی ململانێ و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە و ئینگلیسەوە. هەتا کۆتایی ئەم سەدەیە، سەرەڕای گۆڕانی بارودۆخی نێونەتەوەیی لەم ناوچەیەدا، بەستێنێکی باش بۆ گەشەسەندنی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی کورد پێک هاتبوو؛ بەڵام ڕکەبەریی وڵاتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیە لەسەر کوردستان، هەروەها بەرژەوەندییان لە مانەوەی دەسەڵاتی تاران و ئەستەنبووڵێکی لاواز و دەستەمۆدا، بووە بەربەستێکی جیددی لەبەر دەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بارودۆخی ناوچە تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی هات، ترسی ڕووسیە و بریتانیا و فەڕانسە لە ئەڵمان کە بە هۆی گەشەکردنی خێرای هێزی سەربازی و ئابووریی تێ دەکۆشا جێ پێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هێزتر بکا، بوو بە هۆی نزیکبوونەوەی ئەم کۆنە ڕەقیبانە، هەروەها دابەزینی هەستیاریی لەندەن و پاریس لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران و عوسمانی کە بۆ پێشگیریی لە دەستدرێژیی ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگرت. گرێبەستی ئینگلیس و ڕووسیە لە ٣١ی ئاگوستی ١٩٠٧ی ز لە پێوەندی لەگەڵ ئێران، ئەفغانستان و «تەبەت»دا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی ئەم سیاسەتە بوو. بەپێی ئەم گرێبەستە تەواوی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای ئێران واتە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە ناوچەی ژێر نفووزی ڕووسیە، و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیس. ئەڵمان کە پشتیوانی عوسمانی بوو تێ دەکۆشا تەواوی ئەو وڵاتە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و پەرە بە نفووزی خۆی لە ئێراندا بدا.

وا دەهاتە بەرچاو کە گۆڕانی بارودۆخی نێونەتەوەیی و هەوڵی وڵاتە زلهێزەکان بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان و بەتایبەتی عوسمانی و ئێران، هەروەها پشتگیریی ئەوان لە گەلی کورد ڕێخۆشکەری سەرکەوتنی کوردان و پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بێ، تا ئەو ڕادەیە کە بەشێک لە ڕێبەرانی کورد وەکوو عبدورەزاق بەدرخان لە سەردەمی تزار و خالید بەگ جوبرانلی(١) لە دەورانی باڵشویکەکاندا دەیانەویست لە ژێر سێبەری ڕووسیەدا کوردستانێکی سەربەخۆ پێک بێنن، بەڵام ڕووسیە و تەواوی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان تەنیا بە پێی پێگە و وەزعییەتی ستراتێژیکیی کوردستان لە ناوچەکانی ئاناتۆڵی، باشووری قەفقاز، ئێران و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، دەیانەویست لە پێناوی سیاسەتە داگیرکەرانە و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کەڵکی لێوەربگرن، دەنا قەت پاڵپشتێکی ڕاستەقینە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبوون.

بەم پێیە لە کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاست و دەستپێکی چەرخی نوێدا، کوردستان شوێن و پێگەیەکی تایبەتیی لە پێوەندییەکانی عوسمانی و ئێران، هەروەها ڕووسیە و وڵاتانی ڕۆژئاواییدا هەبوو، کە تەواوی هێزی خۆیان خستبووە گەڕ هەتا هێژێمۆنیی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نیزیک واتە شوێنێک کە کوردستان نەخشێکی ستراتێژیک و ناوەندیی تێدا هەبوو، مسۆگەر بکەن.

یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاگوستی ١٩١٤ی ز لە نێوان ئوتریش -ئەڵمان و بەرەی ئینگلیس، فەرانسە و ڕووسیەدا، دابەشکردنی وڵاتە کۆڵۆنییەکان (داگیرکراوەکان) بوو.

شەڕی یەکەمی جیهانی (ئاگوستی ١٩١٤ - نوامبری ١٩١٨ز) وەکوو گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم، بوو بە هۆی زیانێکی گەورەی ماڵی و گیانی لە ئاستی جیهاندا. لەم شەڕەدا ٧٣ میلیۆن و ٥١٥ هەزار هێزی نیزامی بەشدارییان کرد[٦٠ میلیۆنی ئورووپایی بوون(٢)]، ئاکامەکەی ١٠ میلیۆن کوژراو، ٢٠ میلیۆن برینداو و سەقەتکراو(٣)، هەروەها مردنی ١٠ میلیۆن بە هۆی نەخۆشی پەتایی(٤) و برسییەتی، و نوقمبوونی شەش هەزار کەشتیی بازرگانی بە بارەکانیانەوە بووە.(٥) لە کوردستانیش ئەم شەڕە گەلی کوردی بە گشتی تووشی زیان و ئازارێکی زۆری ماددی و ئینسانی کرد. شەڕی یەکەمی جیهانی لە کوردستان هۆکاری قاتوقڕی و مردن بە هۆی برسییەتی، نەخۆشی، تاڵان و وێرانکردنی شار و گوندەکان بوو. گۆڤاری «رعد» ڕێکەوتی ٢٢ی نوامبری ١٩١٧ی ز لەم پێوەندییەدا باس لە نەبوونی نان و دانەوێڵە و مردنی ڕۆژانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی برسییەتییەوە دەکا. مەک داول لە کتێبی «مێژووی هاوچەرخی کورد»دا باس لە هەژاری و داماویی و برسییەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئێران بە هۆی وێرانکردنی دێهاتی ئەم ناوچەیە لە لایەن سپای ڕووس و تورک و تەنانەت وێرانکردنی بەیەکجاری سابلاغ بە دەست ڕووسەکانەوە دەکا. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٧ی زایینیدا بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی دەوروبەری سابلاغ و سلێمانی بە هۆی برسییەتی گیانیان لەدەست دا. «لە ساڵەکانی شەڕدا پتر لە نیوەی خەڵکی ورمێ تێداچوون و ژمارەی دانیشتووانی لە ١٥٠ هەزار کەسەوە گەیشتە ٦٥ هەزار.»(٦) ڕێژەی دانیشتووانی شاری سلێمانی لە ٢٠ هەزار کەسەوە لە نزیکەی نوامبری ١٩١٨دا هاتە سەر ٢٥٠٠ کەس. بە وتەیەک هەموو بەیانییەک تەرمی مردووەکانیان لە بازاڕ کۆ دەکردەوە و لە بەشێک لە ماڵەکان خەڵک منداڵە مردووەکانیان دەخوارد. خێڵی برادۆستیش کە لە سەرەتای شەڕدا هەزار بنەماڵە دەبوو، لە کاتی ئاوبراودا تەنیا ١٥٧ بنەماڵەی لێ مابۆوە، هەروەها لە سی و چەند گوندی

ئەم خێڵە لە بەشی ڕەواندز هیچ کەس نەمابۆوە. بە پێی ئەوەی کە پانتاییەکی بەرچاو لە خاکی کوردستان گۆڕەپانی شەڕی هێزەکانی بەشداری شەڕ بوو، زۆربەی خاکی کوردستان، لە بایەزیدی باکوورەوە هەتا خانەقین لە باشوور، و لە ڕۆژئاوا هەتا ئەرزنجان و مووش بە تەواوی وێران کران».(٧)

لە باکووری کوردستانیش لە درێژایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا نزیک بە ٧٠٠ هەزار کورد لە نیشتمانی خۆیان دوور خرانەوە، نزیک بە نیوەی ئەم کەسانە لە ڕێگادا بە هۆی برسییەتی و نەخۆشی گیانیان لەدەست دا. [مێژووناسی کورد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی کورتە مێژووی کورد و کوردستان، بەرگی یەکەمدا باس لە دوورخستنەوەی ٧٠ هەزار کەس دەکا(٨) بەڵام بەشێک لە سەرچاوە ڕووسییەکان، هەروەها جاناتان ڕەندڵ(٩) باس لە ٧٠٠ هەزار کەس دەکەن] بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەیەکجاری لە کورد بەتاڵ کرابوون. لەوە دەچێ لە شەڕەکانی نێوخۆی عوسمانیدا نزیک بە ٤٠٠ هەزار کورد کوژرابن.(١٠)

شەڕی یەکەمی جیهانی بوو بە هۆی تێکچوونی وەزعییەتی ئابووریی - بەرهەمهێنان و پێوەندییە بازرگانیەکانی کوردستان. بۆ وێنە لە ساڵەکانی ١٩١٦ - ١٩١٥ لە گومرکی کرماشانەوە بایی ١٩ میلیۆن قران تەنراوی جۆراوجۆر و ٥ میلیۆن قەند هاوردە کرابوو، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩١٨ - ١٩١٧ هەتا ١ میلیۆن قران کەمی کرد.(١١)

بەگشتی لە سەرەتای نوامبری ١٩١٤ی زایینیدا بە پێوستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بە یەکیەتیی ئەڵمان - ئوتریش، مەجارستان و بوڵغارستان، هەروەها هێرش و داگیرکردنی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران لە لایەن بەشدارانی ئەم شەڕەوە [سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنیی ئێران لە لایەن ئەحمەدشای قاجارەوە]، هەر دوو بەشی کوردستان کران بە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی دوو بەرەی شەڕ. ڕووسیە لە باکوورەوە؛ عوسمانی بە پشتیوانیی ئەڵمان لە ڕۆژئاوا و ئینگلیسیش لە باشووری ئێرانەوە سنوورەکانی ئەم وڵاتەیان تێپەڕاند. لەم کاتەدا هەوڵی وڵاتە بیانییەکان لە کوردستان تەنیا کەڵکوەرگرتن لە هێزەکانی کورد لە پێناوی بەرژەوەندیی کاتییان لەم شەڕەدا بوو.

لە سەرەتای شەڕەکەدا عەشایری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر پشتیوانییان لە عوسمانی دەکرد، بەڵام پاشەکشەی عوسمانی و پێشڕەویی ڕووسیە لە بەرەکانی شەڕ بوو بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی ئەم ناوچەیە و نزیکبوونەوە و دەستپێکی پێوەندیی سەرۆک عەشیرە، بەگ، دەرەبەگ و شێخ و ئاغاکانی کوردستان لەگەڵ ڕووسەکان. ڕووسەکان کە هەتا ساڵی ١٩١٧ی ز تەواوی ڕۆژهەڵات و بەشێکی گەورە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیان داگیر کردبوو، دەیانەویست جێ پێی خۆیان لە کوردستان بە هێزتر بکەن و لە کوردەکان دژ بە تورکەکانی عوسمانی، ئینگلیس و سیخوڕەکانی ئەڵمان کەڵک وەربگرن.

١٧ی ژوئەنی ١٩١٧ی ز لە دەوروبەری کرماشان یەکەمین کۆنگرەی عەشایری کورد لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک هات. لەم کۆنگرەیەدا ڕێبەرانی کورد خوازیاری دۆستایەتیی کورد و ڕووس و هاوکاریی دوولایەنە بوون. لە کۆنگرەی دواتر لە ٤ی سپتامبری هەر

ئەو ساڵەدا لە شاری سنە، ٢٧ سەرۆک عەشیرەی کورد لەگەڵ ژەنراڵ «باراتۆف» ڕێککەوتننامەی ڕووس و کوردیان واژۆ کرد. لە باشووری کوردستانیش ڕێبەرە بە ناوبانگەکانی کورد وەکوو سەید عەبدوڵڵا، سەید تەها و شێخ مەحموودی حەفید بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی ڕووسەکان پێوەندییان بە نوێنەرانی دەوڵەتی و فەرماندەی سپای ڕووسیە لە ئێران و عێراق گرتبوو.
بەڵام شۆڕشی سۆسیالیستیی ڕووسیە لە ئۆکتۆبری هەر ئەو ساڵەدا بوو بە هۆی گەڕانەوەی سوپای ڕووس بۆ ڕووسیە و گۆڕانی بنەڕەتی لە بارودۆخی سیاسی و نیزامیی کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەر، بە تایبەتی ئاڵۆزترکردنی وەزعییەتی کورد و هەڕەشەی جیددیی تورکەکان لە ناوچە کوردییەکاندا.

سوپای تورک پاش ئەوەی ڕووسەکان لە ئاوریلی ١٩١٨ز دا باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیان چۆڵ کرد، هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستان و ئازەربایجانی ئێران و پاشان بەرەو سنوورەکانی قەفقاز پێشڕەوییان کرد. تورکەکان لە ١٤ی ژوئەنی ١٩١٨دا تەورێزیان داگیر کرد و لەمانگی ئاگوستی هەر ئەوساڵەدا تەواوی ئازەربایجانی ئێران و ناوچەکانی باشووری کوردستانی ئێران (باکووری گۆمی ورمێ)یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. بەم پێیە لە نێوەڕاستەکانی ساڵی ١٩١٨دا سەرانسەری باکووری ڕۆژئاوای ئێران بەسەر دوو ناوچەدا دابەش کرابوو. تورکەکان بەشی ڕۆژئاوا و ئینگلیسییەکان بەشی ڕۆژهەڵاتیان لەژێر دەستدا بوو و هەر دوو لا هەوڵیان دەدا پشتیوانیی عەشایری کورد و ئازەری وەدەست بێنن و وا بنوێنن کە هێزی ڕزگارکەری کوردستانن، بەڵام ئەم هەوڵ و بانگەشەکردنانە تەنیا بۆ کەڵکوەرگرتن لە کوردەکان بۆ دەرکردنی هێزی ڕەقیب لە کوردستان و دابینکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران و میزۆپۆتۆمیا (دووچۆمان) بوو. پاش خۆبەدەستەوەدانی عوسمانی، بە پێی گرێبەستی ئاشتی مودرۆس(١٢) لە ٣٠ی ئوکتۆبری ١٩١٨ی ز هەروەها دەوڵەتی ئەڵمان ١٢ ڕۆژ پاشتر، شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێ هات. لە کۆتایی ئەم ساڵەدا ئینگلیسییەکان بە گرتنی شاری مووسڵ تەواوی باشووری کوردستانیان خستە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی خۆیانەوە.

تەواو بوونی شەڕ کۆتایی بە ژیانی سیاسیی ئیمپڕاتووریی عوسمانی هێنا کە سێ قاڕڕەی ئاسیا، ئەفریقا و ئوورووپای بە یەکەوە لکاندبوو. بە وتەی جواهر لەعل نەهرۆ «ئەم ئیمپڕاتوورییە لە حاڵەتی «بەڵای خودایی ئوروویپا» هاتە دەر و بوو بە «پیاوی نەخۆشی ئورووپا»».

ئەم شەڕە نەک سوودێکی بۆ کوردستان لە ڕەوتی پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کوردی نەبوو، بەڵکوو بوو بە هۆی زەرەر و زیانێکی بەرچاوی ماددی و مرۆڤیی بۆ خەڵکی کوردستان. بە پێی ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ لە سپتامبری ساڵی ١٩١٦ دا (مارک سایکس نوێنەری ئینگلیس و فرانسوا ژۆرژ پیکۆ نوێنەری فەڕانسە) پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، بەشی عوسمانیی کوردستانیان لە نێوان ٣ وڵاتی عێراق و سووریە و تورکیەدا دابەش کرد. بەشی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان چووە نێو پێکهاتەی تورکیە؛ باشوور بۆ نێو عێراق کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئینگلیسدا بوو، هەروەها باشووری ڕۆژئاوا بۆ نێو سووریە کە سەر بە فەڕانسە بوو. گۆڕانی جوغرافیای سیاسیی کوردستان بوو بە هۆی چوونی بەشی عەرەبیی کوردستان واتە سووریە و عێراق بۆ نێو گۆڕەپانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان. بەم پێیە دابەشکردنی ئیمپڕاتووریی عوسمانی بە پێی سیناریۆی وڵاتە زلهێزەکان و هاوسەنگیی ئەوان لە ئاستی

جیهان و ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کە بەشی بەرچاوی خاکی کوردستانیشی لەخۆ دەگرت، بارودۆخی کوردستان و ڕەوتی خەباتی کوردی لە بازنەی ٣ وڵاتی تازە پێکهاتوو ئاڵۆزتر و سەختتر و چارەنووسی ئەم نەتەوەیەی تاڵتر و ناخۆشتر کرد. لەوە بەولا کورد دەبوو بۆ مافی چارەنووسی خۆی لەگەڵ چوار وڵاتی داگیرکەر خەبات بکا کە هەرکامیان لە کردەوەدا سەر بە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوون.

**پەراوێزەکان:**

١) لە ساڵی ١٩٢٢ زایینی «کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان (ئەرزروم)» بریاری دا بە یارمەتی و لە ژێر سەرپەرستی سیاسی ڕووسیەی سۆڤییەتی بە مافی خۆی بگا. سەرهەنگ خالد بەگ جوبرانلی سەرۆکی ئەم کۆمیتەیە لە سەرەتای دەستپێکی کۆنفرانسی لۆزاندا لە نامەیەکدا کە بۆ نوێنەری حکوومەتی سۆڤییەتی نووسی «(...) دڵسارده لە یاریدەی ڕاستگۆیانەی ئینگلیس بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ. هەروها بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، چاوەڕوانی پشتیوانی ڕووسیەی سۆڤییەتییە بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ لە ژێر سەرپەرستی ڕووسەکاندا.

٢) World War I, https://en.wikipedia.org

٣) Handicapped سەقەت، پەککەوتە، کەمئەندام، عەیبدار.

٤) Epidemic

٥) ئەنسکلۆپیدیای مێژووی سۆڤییەتی، بەرگی ١٠، لاپەڕەی ١٠٠١ - ١٠٠٠، مۆسکۆ،١٩٦٧.

٦) او. ای. ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران(ساڵەکانی ١٩٤٧ - ١٩١٨) لاپەڕەی ٢٤، دەزگای زانست، مۆسکۆ، ١٩٨٨.

٧) دیوید مک داول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، انقلاب، ناسیونالیسم و جنگ، ص ٢٠٤ - ٢٠٢، چاپ دوم، پاییز ١٣٨٣ تهران.

٨) محمد امین زکی بیگ، زبده تاریخ کرد و کردستان، جلد اول، ص ١٩١ ترجمه یدالله روشن اردلان، نشر توس ١٣٨١، تهران.

٩) جاناتان رندل، با این رسوایی چه بخشایشی، ص ٢٥، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات پانیذ. ١٣٧٩ تهران، هەروەها لازاریف و... تاریخ کردستان، ص ١٦١، ترجمه م. صدقی، ک. امین آوه، انتشارات فروغ، کلن، آلمان ٢٠٠٧.

١٠) ج. رندل، با این رسوایی چه بخشایشی ص ٢٥.

١١) علی گلاویژ، مناسبات ارضی در کردستان (فروپاشی نظام عشیرەای) چاپ اول، ص ٦٨، انتشارات روزبه ١٣٦١، تهران

١٢) Mudros

(لە ژمارەی ٧٢٤ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

# کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

## ٣

### (گرینگیی ئابووریی کوردستان)

فاکتەری نەوت گرینگییەکی زۆری بە وەزعی ژێئوپۆلیتیکی کوردستان داوە. باشووری کوردستان هاوکات لەگەڵ خوزستانی ئێران هەتا نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم ناوەندی سەرەکیی دەرهێنانی نەوت بوو.

سێر گادفری ڕۆلێس درایڤر، ڕۆژهەڵاتناسی بریتانیایی لە بابەتێکدا بە ناوی «بەرهەمی سروشتی و پیشەسازیی باکووری کوردستان» بەم چەشنە باس لە نەوتی کوردستان دەکا: «مەعدەنەکانی چیاکانی زاگرۆس خاوەنی گرینگایەتی زۆرن، لەبەر ئەوەی چاڵی ناوداری نەوتیان تێدا هەڵکەوتوە و رسووباتی خوێی بەرد و بەردی ئاهەکیان لێیە. شوێنە خاوەن نەوتەکانی ئێران بە باشی دەکشێنە نێو ڕۆژئاوای شاری مووسڵ، و بەناو بەردەئاهەکی قیرین و کانیاوە سولفورییەکانی لێوار دێجلەدا دەڕۆن و تا مەندەلی - ئەو شوێنەی وا لە ساڵی ١٨٧٤دا مایسنێر (Meissner) باسی چاڵە نەوتەکانی کردوە - دەکشێنە خوارەوە. لە ساڵی ١٨٩٢دا ٣٠ چاڵە نەوت لە هەمان ئەو شوێنەدا هەبووە کە نەوتی لێ هەڵێنجراوە و بە باری وشتر براوەتە بەغدا. گرینگایەتی ئەو پشتێنە نەوتە لەو ڕاستییە دایە، کە کەوتۆتە نزیک شیوەکانی چۆمی دیجلە، بە درێژایی ئەو هێڵە ئاسنەی کە بەبێ هیچ گومانێک دەگاتەوە هێڵی ئاسنی نێوان ئاسیای بچووک و بەغدا.(١)

پێش کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەی زایینی بەشێک لە کارناسە ڕۆژئاواییەکان بە چەشنێکی جیددی خەریکی کەندوکۆژ لە مەیدانە نەوتییەکانی بابەگوڕگوڕ بوون کە هێشتا کەڵکیان لێ وەرنەگیرابوو. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی «ژان ژاک دو مۆرگان»ی(٢) فەڕانسەیی لە ساڵی ١٢٧١ی هەتاویدا پانتایی شوێنی پاشەکەوتکردنی نەوتی ژێرزەوی لە کوردستان نزیکەی ٣٠٠ کیلۆمێتر و لە درێژایی ناوچەکانی کەرکووک هەتا خانەقین و کێوەکانی کوێخای پشت قەسری شیرین بووە. لە ساڵی ١٩٠٣ی ز دا ئەستەنبووڵ مافی دەرهێنان و کەڵکوەرگرتن لە مەیدانە نەوتییەکانی ناوچەی ناوبراو و پاش ساڵێک ئی مووسڵیشی دا بە ئەڵمان. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، سەرەڕای کێشە و دوژمنایەتیی دێرینەی کۆمپانییە نەوتییەکانی ئینگلیس و ئەڵمان، ئەم دوو وڵاتە ساڵی ١٩١١ی ز پێکەوە شیرکەتێکی هاوبەش بە ناوی «کۆمپانیای نەوتیی تورک» یان بۆ دەرهێنانی نەوتی مووسڵ دامەزراند.(٣)

بێجگە لە نەوت، کوردستان بازاڕێکی باش بۆ فرۆشتنی شتوومەکی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، و بە تایبەتی ئینگلیس، ڕووس و ئەڵمان

وەکوو پارچە، قەند، قاپ وقاچاغ، نەوت، شەمچە و لەم چەشنە کەلوپەلانە بوو. ئەم هاوردانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانی شێوەی ژیان و پەرەسەندنی پێوەندیی شتوومەک - پارەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبووە. ئاژەڵداری هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە گرنگترین چالاکیی ئابووری لە کوردستان بوو، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەملاوە ئەم وڵاتە بوو بە بەرهەمهێنەری دوو بەرهەمی پارەساز واتە لۆکە و تووتن. نیوەی دووهەمی سەدەی ١٩ی ز لە ژێر کاریگەریی نفووزی سەرمایەی بیانیدا، لە کوردستانیش کشتوکاڵ بە زیانی بەرتەسککردنەوەی ئاژەڵداری پەرەیگرت و ئاڵوگۆڕی پەیتاپەیتای پێکهاتەی ئابووریی گوندی بوو بە هۆی زێدەبەرهەمهێنانی گەنم، برینج و تەنانەت قامیشی شەکر، لۆکە و دانەوێڵە.

لە کۆتایی سەدەی ١٩دا مەڕ و ماڵاتی شارەکانی ئەستەنبووڵ، دیمەشق، حەڵەب و بەیرووت لە کوردستانەوە مسۆگەر دەکرا و یەک و نیو میلیۆن سەر مەڕ بۆ فرۆشتن تەنیا بۆ شاری قوستەنتەنییە(ئەستەنبووڵ) نێردرابوو.(٤)

درایڤەریش باس لە لەوەڕاندن و بەخێوکردنی مەڕو بزنی زۆر یاخود ئەسپ و ماڵاتی دیکە لە پارێزگای دیاربەکر و وان دەکا، لەوەدەچێ لە ساڵی ١٩٠٦دا تەنیا لە پارێزگای واندا زیاد لە ٣ ملیۆن مەڕ بەخێوکرابێ، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە، ئەو ژمارەیە زۆر لەکەمی داوە. بازرگان لە ئەستەنبووڵ، سووریە و میسرەوە بەهاران بۆ کرینی مەڕ و ماڵات بۆ ئەم دو پارێزگایە هاتوون. هەروەها هەر لەو دو پارێزگایەوە بەڕە و قاڵی لە ڕێگای کەنداوی فارسەوە بۆ ئورووپا هەنارده کراوە.(٥)

ساڵی ١٨٦٩ی ز. هیندییەکان لە ڕێگای بەغداوە بۆ کۆکردنەوەی بەنگ (شاینە، شادانە) هاتوونە ویلایەتی بانە.(٦) لە نیوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە پەرەسەندنی بازرگانی بۆتە هۆی گەشەکردنی خێرای شارەکانی سابڵاغ، کرماشان و کەرکووک وەکوو ناوەندی گرینگی بازرگانی لە کوردستان. شاری دیاربەکر بە هۆی نەخشی بەرچاوی لە بازرگانیی نێوان کوردستان و ئازەربایجانی ئێران، هەروەها وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئورووپا وەک «ئەستەنبووڵی ڤانی» پێناسە کراوە.(٧)

کرماشان یەکێک لە ڕێگاکانی پێوەندیی ئێران و ڕووسیە لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکان، هەروەها هەناردەکردنی خورمای وڵاتە عەرەبییەکان بۆ ڕووسیە بووە. ساڵی ١٨٨٩ی ز. لە کرماشانەوە بایی ٤ هەزار لیرە فەڕش، ٣٠ هەزار لیرە مەڕ، ٢ هەزار لیرە خوری، ٣٠ هەزار لیرە ڕۆن، ٣٧٧ هەزار لیرە دانەوێڵەی جۆراوجۆر و مازگ (مازوو)، کشمیش و کەتیرە و تووتن و هتد هەناردەی دەرەوەی کوردستان کراوە. مۆرگان لە ساڵی١٨٩١ی زدا باس لە کشتوکاڵی تریاک لە ویلایەتی کرماشان و دامەزراندنی کارخانەی تریاک لە لایەن عەرەبێکەوە دەکا کە تریاکی بۆ هیندوستان هەناردەی کردوە(٨). لە مەریوانەوە ساڵانە بەلانی کەمەوە هەزار بار (هەر بار نزیکەی ٨ پووت) تووتن هەناردەی سلێمانی کراوە. مەریوان هەروەها لەسەدا ٢٥ی تووتنی تەواوی ئێرانی مسۆگەر کردوە.(٩)

ساڵی ١٩٠٤ز. لە شاری مەراغە لقەکانی دوو شیرکەتی ڕووسی بە ناوی «نادێژدا» و «ڕۆسکۆیە ئۆبشستور» وشکەباری ئازەربایجان و ناوچە کوردنشینەکانیان هەناردەی ڕووسیە کردوە. لەو کاتەدا، لە سەدا ٩٩ی هاوردە و هەناردەی ویلایەتی ورمێ بە دەست

هاونیشتمانەکانی ڕووسیەی تزاری بووە. بە وتەی بلیایف لە کتێبی «وەزعی سیاسیی ئێستای سابڵاغ - ١٩٠٩»، ئەم شارە یەکێک لە ویلایەتە گرینگەکانی کۆکردنەوە و بەشینەوەی هاوردەکان بۆ ڕووسیە بووە، تەنانەت بەشێک لە بازرگانەکانی ئەم شارە هەموو ساڵێک چوونە پێشانگاکانی نیژنی نووگۆرد و بەشێکشیان لە مۆسکۆ نوێنەری دایمیـیان هەبووە.» (...).(١٠) لەسەرەتای سەدەی ٢٠ی زدا پێوەندییە سەرەکییەکانی بازرگانیی دەرەکیی ویلایەتی سابلاغ لە ڕێگای هەمەدان و مووسڵەوە پەرەی ئەساندوە. هەرچەند لەوکاتەدا ڕێژەی دانیشتووانی شاری سابلاغ پتر لە ٣٠ هەزار کەس نەبووە، بەڵام بازاڕ و مەیدانە گەورەکانی ئەم شارە باس لە بازرگانییەکی بەرچاویان لەم شارەدا کردوە.(١١) لە ڕووسیەوە قەند و قاپ و قاچاغ و ئاسنەواڵە، لە بورسای عوسمانییەوە هاورێشمی چنراو یان نەتەنراو و نیوە هەوریشیمییەکان؛ لە مووسڵەوە چنراوە سووکەکان؛ لە مەنچسترەوە فاستۆنییە جۆراوجۆرەکان و لە هەمەدانەوە جاو و خام هاوردەی ئەم شارە کراوە. بازرگانێکی سابلاغی بە ناوی غەفور لەبەرامبەر هەناردەکردنی پێستە بۆ ڕووسیە، بایی ٢٥ هەزار ڕوبڵ تەنراوی جۆراوجۆری هاوردەی ئەم شارە کردوە.(١٢) بە گشتی وا بەراورد دەکرێ کە لەم ساڵانەدا بایی یەک و نیو میلیۆن تمەن لە سابڵاغەوە بەرهەمی کشتوکاڵ هەناردە کرابی. عەلی ئەسغەر شەمیم هەمەدانی لە کتێبی کوردستاندا باس لە هەناردەکردنی پێستەی ڕێوی، سمۆرەی ئاویی، سەگی ئاوی، گورگ و بە تایبەتی دەڵەک یان ئاس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ بازاڕەکانی ئورووپا و ئەمریکا و فرۆشتنیان بە قیمەتێکی زۆر گران دەکا (٢٠ تا ٣٠ تمەن بۆ هەرپێستەیەکی دەڵەک). لەوە دەچێ شوێنی ژیانی دەڵەک یان ئاس تەنیا کوردستان بووبێ.(١٣)

ساڵی ١٩١٢ی ز چەند بازرگانی ڕووسی بایی ٢٠٠ هەزار ڕوبڵ پێستەی بەرخیان لە ویلایەتی سنە و هەمەدان کڕیوە و ناردوویانەتە پێشانگای نیژنی‌نووگۆرد. بەهاری ساڵی ١٩١٣ی ز ئەڵمانییەکانیش خەریکی بازرگانی لە باکووری کوردستان بوون. دوو ئەڵمانی بە ناوی «گراڤ ڤن ویستراپ» و «ئەرنست لانگە» بە ڕێبەریی ئەڵمانییەکی دیکە بە ناوی «نیمان» و بەشداریی شیرکەتێکی ئوتریشی (نەمسایی) بە ناوی هۆنگ «بنکەی فەننیی ئەڵمان»یان لە ورمێ دامەزراندوە، ئامانجی سەرەکیی ئەوان قۆرخکردنی بازاڕی ئەم ناوچەیە،و هەروەها ڕەخنەکردن لە نێو عەشایری کورد و دەستگرتن بەسەر ئابووریی و بەرهەمی ئاژەڵداری ئەواندا بووە.

لە سابڵاغیش نوێنەرایەتیی دوو شیرکەتی ئەڵمانی بە ناوی «موسیگ» و «شۆنمان» خەریکی کڕین و هەناردەکردنی خوری بوون.(١٤) شاری شنۆش پێش دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی ناوەندێکی گەورەی خوری کڕین لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە بووە، لەوێوە خورییان بۆ دروستکردنی ڕایەخ بۆ کارخانەیەک لە تەورێز دەنارد کە بۆخۆیان دایانمەزراندبوو. (١٥) لە ڕکەبەری لەگەڵ ئەواندا، سەرمایەدارە ڕووسییەکانیش بۆ شێواندنی کاری شیرکەتە ئەڵمانییەکان پەرەیان بە کار و چالاکیی خۆیان لە کوردستاندا داوە و ساڵی ١٩١٤ی ز لە زۆربەی ناوچە گرینگەکانی کوردستان بنکەی کڕینی خورییان دامەزراندوە. بێجگە لە ڕووسیە و ئەڵمان، سەرمایەدارەکانی وڵاتانی دیکەش وەکوو فەڕانسە خەریکی کار و چالاکیی بازرگانی لە کوردستان بوون. بۆ وێنە لە ئاوریلی ساڵی ١٩١٣ی زدا سێ فەرانسەوی بۆ دیتنەوەی نەوت و ئاڵتون بۆ سابڵاغ هاتوون، بەڵام دەستکەوتێکیان نەبووە. لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەزعەکە هەر وا بووە. لە سێپتامبری ساڵی ١٩٠٣زدا نوێنەرایەتیی شیرکەتی بەرهەمهێنانی قوماشە لۆکەییەکانی «کارل شیبلێر» کە ناوەندەکەی لە شاری لۆدز بوو، لکی خۆی لە کرماشان کردۆتەوە. بەرژەوەندیی ئابووری هۆی سەرنجڕاکێشانی سیاسیی

دەوڵەتە بیانییەکانە. شابەندەرخانە (کۆنسولگەری)ی ڕووسیە لە ساڵی ١٨٧٩زدا لە دیاربەکر و لە ٦ی دیسامبری ١٩٠٣ی زدا لە کرماشان دەستی بەکار کرد، شابەندەرخانەکانی عوسمانی و بریتانیاش زۆر پێشتر لە ڕووسەکان لە کرماشان دەستیان بە کار کردبوو.

شتوومەکی ئینگلیسی لەم ناوچانەدا خوازیارێکی زۆری هەبووە. بە پێی ڕاپۆرتی «دلگۆپۆلۆڤ» دیپلۆماتی تزاری، کەلوپەلە ئینگلیسییەکان نەک هەر بازاڕی کرماشان بەڵکوو بازاڕی هەمەدانیشیان پڕ کردبوو و سەرانسەری کوردستان بە شتوومەکی ئینگلیسی ژیاون.(١٦) بەگشتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا هاوردەکردنی شتوومەکی ئینگلیسی بۆ تەواوی ئێران بە کوردستانیشەوە ٤ هەتا ٥ کەڕەت زۆرتر لە هەناردەکردن بۆ ئینگلیس بووە. هاوردەی شتوومەکی سەنعەتی لە ئینگلیس و وڵاتە بیانییەکانی دیکە، بوو بە هۆی داخرانی کارخانە و فابریکەکانی ئێران و لەنێوچوونی پیشەی خۆماڵی و دەستی، و بە تایبەتی سەنعەتی جۆلایی.(١٧)

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پتر لە بیست کارگەی نەریتی و نیشتمانی (میللی) لە ئێران بە یەکجاری داخران. ئەو کاسبکارانە کە کارەکەیان لە دەست دابوو، هەروەها سەنعەتکارانی ئەو کارگە و مانۆفاکتۆرانە کە نسکۆیان هێنابوو، لەگەڵ وەرزێرە فەقیر و مایەپووتەکان سپایەکی گەورەی بێکاریان پێک هێنابوو کە تەنانەت هیچ ئامرازێکیان بۆ درێژەدانی ژیان نەبووە. دەیان هەزار کەس لەم بێکارانە بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە مردن و برسییەتی کۆچیان بۆ ڕووسیە و ناوچەکانی باشووری قەفقاز و بەحری خەزەر کردوە. لە کۆتایی دەیەی هەوەڵی سەدەی بیستەمدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ساڵێکدا چوونە ڕووسیە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس بووە.(١٨)

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا «ئابووریی نەتەوەیی» کوردستانیش بە هۆی نەبوونی توانای ململانێ لەگەڵ هاوردە بیانییەکان، لە زۆربەی بوارەکاندا تووشی قەیران هاتوە، بەو ڕادەیەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا هەزاران کورد بۆ دابینکردنی بژێو و کارکردن، کۆچیان بۆ ئەستەنبووڵ کردوە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم بارودۆخەدا کۆچیان بۆ ئەم شارە کردبوو بە تەواوی لەبەر دەستدا نیە بەڵام بە باوەڕی «زینۆفیۆف» شابەندەر (کۆنسول)ی ڕووسیە لە ساڵی ١٩٠٩ی زدا ژمارەی ئەو کوردانە نابێ کەمتر لە ٣٠ هەزار کەس بووبێ.(١٩)

ئەڵمانییەکانیش وێڕای کڕینی خوری و هاوردەکردنی ڕەنگە دەستکردەکان (وەکوو ئانیلین و هتد) هەوڵیان دەدا کاریگەرییەکی زۆرتریان لەسەر ڕەوتی سیاسیی ئەم ناوچەیە هەبێ، بەو ڕادەیە کە پاش شابەندەربوونی «شۆنمان» لە ساڵی ١٩١٥ی زدا دەستیان بە کۆکردنەوە و پێکهێنانی هێزی چەکدار لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کردوە. هەروەها ئەڵمان کە پێگەی ئابووری و نیزامی و سیاسیی خۆی لە عوسمانی بە هێزتر کردبوو، هەوڵی خۆی داوە بۆ کۆکردنەوە و ورووژاندنی کوردەکان دژ بە ڕووس و ئەرمەنییەکان، سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هاوکات گوشاری بۆ ئەستەنبووڵ هێناوە هەتا هەڵوێستێکی توندتری بەرامبەر بە کوردەکان هەبێ و بزووتنەوەی ئەوان سەرکوت بکا.

ئەڵمان و توركەكان لە ساڵانی دەیەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا هەوڵێكی زۆریان بۆ لاوازكردنی پێگەی سیاسی و نیزامیی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و ئازەربایجاندا، تەنانەت لە كاتی شەڕی یەكەمی جیهانیدا توركەكان پاش هێرش بۆ خاكی ئێران و داگیركردنی ورمێ، سابڵاغ و تەورێز و هتد، لە كرماشان پاش دامەزراندنی حكوومەتی كاتیی «میللی»، ڕەزا قوڵی خانی نظام‌السلطنەیان كە فیئۆداڵێكی گەورە و حاكمی لۆڕستان بوو، وەك سەرۆكی ئەم حكوومەتە دەستنیشان كرد. ئەم دەوڵەتە كە بە بەشداریی ڕێبەرانی حیزبی دێموكراتی ئێران و میانەڕۆكان (اعتدالیون) پێك هاتبوو، باڵوێزەكانی خۆی ناردبووە بێرلین و ئەستەنبووڵ. ئەڵمان بەو هیوایە بوو كە وێڕای یارمەتی بۆ پێكهێنانی ئەم دەوڵەتە، بتوانێ دواتر ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بەڵام پەیتاپەیتا بە هۆی خۆتێهەڵقوڵاندنی لە ڕادەبەدەری فەرماندەری سوپای تورك - ئەڵمان لە كاروباری ئەم حكوومەتەدا، دوبەرەكی كەوتە نێوان دەوڵەتی نظام‌السلطنە و سولەیمان میرزا، ڕێبەری حیزبی دێموكرات. پێشڕەویی هێزەكانی ڕووس بە فەرماندەیی ژەنڕاڵ باراتۆف بەرەو ڕۆژئاوای ئێران لە مانگی مەی ١٩١٦ی دا بوو بە هۆی دەربازبوونی ڕێبەرانی حیزبی دێموكرات و لایەنگرانی و بەشێك لە ژاندارمەكانی دەوڵەتی میللی بۆ خاكی عوسمانی و هەڵوەشانەوەی ئەم حیزبانە.(٢٠)

**پەراوێزەكان**:

١- درایڤر و كورد، كۆمەڵەی پێنج وتار، لاپەڕەی ١٣١ - ١٣٠، وەرگێران ئەنوەری سوڵتانی، بنكەی ژین سلێمانی ٢٠٠٥.

٢- Jacques Jean Marie de Morgan

٣- كەمال مەزهەر ئەحمەد، كوردستان لە سالەكانی شەڕی یەكەمی جیهانیدا، كۆری زانیاریی، لاپەڕەی ٤ - ٣، بەغداد ١٩٧٥.

٤- لرچ، پژوهش در باره كردهای ایرانی و كلدانیهای اسلاف آنها، كتاب اول - پتربورگ - ١٨٥٦ - ص ٢٤(روسی)
وەرگیراو لە كتێبی مناسبات ارضی در كردستان(فروپاشی نظام عشیرەای)، ص ٥٧.

٥- درایڤر و كورد، كۆمەڵەی پێنج وتار، لاپەڕەی ١٢٨، چاپ اول ١٣٦٩.

٦- منشآت فرهاد میرزا معتمدالدوله، تصحیّح غلامرضا طباطبایی ص ١٧٥، شركت چاپ و انتشارات علمی تهران.

٧- خورشید افندی، سیاحت نامه صص ٢٧١- ٢٧٠ وەرگیراو لە كتێبی مناسبات ارضی در كردستان، ص ٥٧.

٨- مورگان، ماموریت علمی ص ١١٧، ٩١ وەرگیراو لە كتێبی ع. گلاویژ، مناسبات ارضی در كردستان ص ٥٩.

٩- مناسبات ارضی در كردستان، ص ٦٨.

١٠- سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٦٢.

١١- سفرنامه در باره شهرهای ایرانی مراغه، میاندواب و ساوجبلاغ، مجموعه اسبناد حوزه نظامی قفقاز - شماره ١٨ - ١٧ی دسامبر ١٩٠٦- تفلیس ص ٤١ (روسی) وەرگیراو لە كتێبی مناسبات ارضی در كردستان. ص ٦٥.

١٢- سەرچاوەت سەرێ لاپەڕەی ٦٥.

١٣- علی اصغر شمیم همدانی، كتاب كردستان ص ٨١، مطبعه امید، تبریز ١٣١٢.

١٤- ع. گلاویژ، مناسبات ارضی در كردستان، ص ٦٣ - ٦٢.

١٥- م. س. لازاریف، کوردستان و کێشیی کورد، وەرگیراو لە کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆری زانیاریی، لاپەڕەی ١١ بەغداد ١٩٧٥.
١٦- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٦٤.
١٧- ا.آ گرانتوسکی و... تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ص ٣٤٦ ترجمه کیخسرو کشاورزی، دانشگاه دولتی مسکو ١٩٧٧.
١٨- م. س. ایوانف، تاریخ نوین ایران، ص ١٤، ترجمه هوشنگ تیزابی، ح. قائم پناه، تهران، سلوج، ١٣٥٦.
١٩- ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی کورد، مێژوو و نوێخوازی، لاپەرەی ٨٢.
٢٠- ا.آ گرانتوسکی و... تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ص ٤١٤.

(لە ژمارەی ٧٢٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

---

## کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

### هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد

### ٤

بزووتنەوەی کورد تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم زۆرتر لە ژێر ڕێبەریی سەرۆک عەشیرەکان بووە و بەگشتی تا کاتێک میرەکانی کوردستان لەسەر بنەمای سیستمی عەشیرەیی باوکسالار - فیئۆداڵی دەیان حکوومەتی بە هێزی خۆجێییان هەبووە، هەستیان بە ستەمی نەتەوایەتی بە مانای ئەمڕۆیی نەکردوە. ئەم حکوومەتانە بە کورد و ناکوردەوە لە ئێران بە تەواوی سەربەخۆ یان نیوەسەربەخۆ بوون. سەرۆک عەشیرەکانی قەشقایی، بەختیاری، کورد، لوڕ و بەلووچ سەربەخۆییەکی بە تەواوی مانایان هەبووە. ئەوان لەو ناوچانە کە عەشیرەکەیان کۆچی بۆ کردوون، وەکوو سەرۆک هۆزێکی سەربەخۆ دەسەلاتێکی تەواویان هەبووە، تەنانەت زۆرجار دەسەلاتی شای ئێرانیشیان لەم ناوچانە بە فەڕمی نەناسیوە.(١) بۆ وێنە بە ڕواڵەت شا توانیویەتی سەرخێڵی قەشقایی دیاری بکا، بەڵام چوارچێوەی هەڵبژاردنی بەستراوە بە هەڵوێستی بنەماڵە بە ناوبانگەکانی خێڵەکەیانەوە، هەروەها بۆچوونی ئەم بنەماڵانە دەربارەی سەرۆکەکەوە بووە. دەوڵەت یان هاوڕای ئەم دیاریکردنانە بووە یان نەیتوانیوە دژایەتییان لەگەڵ بکا».(٢) لۆردجۆرج کەرزن، سیاسەتوانی ئینگلیسی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەردانی ئێرانی کردبوو، لەم پێوەندییەدا دەنووسێ: «شا لە زۆربەی

ناوچەکاندا مەجبوور بوو پارێزگارەکان لە بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکانی هەر ئەو ناوچەیە هەڵبژێرێ»،(٣) بە وتەی سێر جان مالکێلم، مێژووناس و سیاسەتوانی سکاتلەندی، «ئەشرافییەتی بە میراتماو، لە گەورە پیاوانی خێڵەکان پێک هاتبوو، وەکوو شتێکی باو کەسێک لە نێوان گەورە ماڵەکان هەڵدەبژێردرا، ناسناوی «ئێلخان»یان پێ دەبەخشی.(٤) ئێلخانەکان لە خێڵەکانیاندا سوڵتانێکی بە تەواوی مانا بوون و بێ دەستێوەردانی هێزێکی دەرەکی حکوومەتیان دەکرد، یاساکانی خۆیان بەڕێوە دەبرد و بۆخۆیان ماڵیاتیان کۆ دەکردەوە. ئەمانە بە ڕواڵەت فەرمانبەری حکوومەتی ناوەندی بوون و جاروبار ئەم فەرمانبەرییەیان بە شێوەی ناردنی کەمێک پارە بۆ خەزێنەی دەوڵەت پیشان دەدا».

جیمز مۆریە، دیپلۆمات و نووسەری ئینگلیسی لەم پێوەندییەدا تەنانەت باس لەوە دەکا کە تورکمەنەکان ئەوپەڕەکەی چەند ئەسپێکیان بۆ دەربار دەنارد و شاش لەبەرئەوەی بیانوویەک بۆ دوژمنایەتیکردنی ئەوان بەدەستەوە نەدا، بە چەشنێک بۆی قەرەبوو دەکردنەوە.(٥)

سەعید نەفیسی لە کتێبی خۆیدا بە ناوی «مێژووی هاوچەرخی ئێران» دەربارەی کوردستان لە سەردەمی قاجاردا دەنووسی: «کوردستان پاش کەریم خانی زەند بە یەکجاری لە حکوومەتی ناوەندی جیا ببۆوە و هۆزەکانی کورد وەکوو هەورامانی و مەریوانی و گەڵباغی و کولیایی نەک بەردەوام پێکەوە کێشە و شەڕیان هەبوو و پەیڕەوییان لە حکوومەتی ناوەندی نەدەکرد و کاربەدەستانی حکوومەتیان بۆ نێوخۆیان ڕێگا نەدەدا، بەڵکوو هێرشیان بۆ سەر درواسێیەکانیش دەبرد و دەوڵەتی ئێران ناچار دەبوو جاروبار هێزێک بۆ دوورخستنەوەی ئەوان بنێرێ، بەوحاڵەش وێڕای تەواوی ئەم هەوڵانە نەیدەتوانی ئەوان (کوردەکان) بخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە».(٦) بە وتەی ویکتۆر برار، زانای فەڕانسەیی، ئێرانی سەردەمی قاجار «نە میللەت بوو و نە دەوڵەت».(٧)

پێبەپێی پەرەسەندنی خاوەندارێی خۆیی و سیستمی شتوومەک - پارەیی، سیستمی کۆن بەرەو کۆتایی دەچوو، دەسەڵاتی ناوەندییش بە هێزتر و حکوومەتە خۆجێییەکان ناپتەو و خۆڕانەگرتر دەبوون. بە وتەی پاتریسیا کرۆن، لێکۆڵەر، نووسەر، ڕۆژهەڵاتناس و مێژووناسی دانمارکی «خێڵ بێ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتیی پێکهاتەکەی هەمیشە دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕەت کردۆتەوە، چونکە قەبووڵی حکوومەت لە لایەن خێڵەوە بە مانای کۆتایی هاتنی حکوومەتی خۆیانە».(٨)

یەکجێکردنی دەسەڵات و لەنێوبردنی حکوومەتی خێڵەکان سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بوو. لەم ڕەوتەدا دەسەڵاتە خۆجێییەکان توانای بەرەنگاربوونەوەیان بەرامبەر بە سیاسەتی یەکجێکردن نەبوو. هەڵوەشاندنەوەی پەیتاپەیتای کۆمەڵگای باوکسالار_فیئۆداڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەهامەتیی هەزاران وەرزێر بە هۆی باجی دەوڵەتی و گوشاری ملکانە (داهاتانە)، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتە خۆجێییەکان بە پێی یاسای پێکهێنانی ئەیالەت - ویلایەتەکان و ڕێسای کار (سەرماوەزی ١٢٨٦ی هەتاوی)(٩) لە کاروباری نێوخۆیی وەکوو زەوتکردنی مافی پەسەندکردنی یاسای نوێ، دیاریکردنی ماڵیاتی دەوڵەتی و باجی خۆجێیی، دەستتێوەردانی کاروباری دادوەری، هەروەها یاساخکردنی ناڕاشکاوی خۆتێهەڵقوتاندنیان لە کاروباری سپایی، و پاشان پەیتاپەیتا بێدەسەڵاتکردن و

لە نێوبردنیان، دانانی خەڵکی ناکورد بۆ بەرپرسایەتی لە کاروباری کوردستان (بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی ئێران کە بەرپرسان، خەڵکی هەر ئەو ناوچەیە بوون)، بەگشتی جیاوازیدانان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیدا بوو بە هۆی شکڵگرتنی ستەمی نەتەوایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرەنگاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی «نەتەوەیی» لە کوردستان.

سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی گەلی کورد وێڕای کاریگەری نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندیی بە هۆکارە نێوخۆییەکانەوە بووە. کوردستان لە قۆناغی ناوبراودا سەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی ڕاپەڕینی گەلی کورد بە ڕێبەریی سەرۆک عەشیرەکان دژ بە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی بووە، بە هۆی نەبوونی یەکێتی و تەبایی نەتەوەیی، شکڵ نەگرتنی ناسیونالیزمی کوردی، نەبوونی سەرۆک یان فیدراسیۆنێکی بە هێزی عەشیرەیی کە بتوانێ تەواوی عەشیرە و خێڵەکانی کوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە ژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە، هەروەها لەبەر فاکتەری جوغرافیایی و پانتایی بەرچاوی خاکی کوردستان کە بەربەستێک بۆ پێوەندی لە نێوان ناوچەکانی کوردستان بووە، نەیتوانیوە بە ئاکامی دڵخوازی خۆی واتە پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کورد بگا.

کوردستان لە کۆتایی سەدەی ١٨وە هەتا سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ مەیدانی ململانێی دوو وڵاتی داگیرکەری عوسمانی و ئێران و زێدەخوازی و دەستدرێژیی ڕووسیە، بریتانیا، فەڕانسە و ئەڵمان بوو. کورد زۆر جار بێ ئەوەی دەستکەوتێکی هەبووبێ تەنیا وەکوو لەشکر و شەرکەر دژ بە دەوڵەتەکان یاخود میرەکانی خۆیی کەلکی لێ وەرگیراوە و بۆتە قوربانیی سیاسەتەکانی ئەم وڵاتانە. هاوکات دژبەری و شەڕی میرەکان و سەرۆک عەشیرەکان، کوردستانی کردۆتە گۆڕەپانی کێشە و تێکهەڵچوون و دەمەقاڵە و شەڕی نێوخۆیی، بابەتێک کە هەمیشە بە قازانجی دوژمنانی کورد و زیانی خودی کورد تەواو بووە. بۆ وێنە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩دا میرنشینی بادینان لە باکووری مووسڵ کە سەر بە شانشینی بەغدا بوو، ناوەندی کێشە و شەڕی بەردەوامی نێوخۆیی بووە، دەسەڵاتدارەکانی بەغدا و مووسڵ بۆ کۆنترۆڵی میرنشینی بادینان کەڵکیان لەم بابەتە وەرگرتوە.

لە کۆتایی سەدەی ١٨ و دەستپێکی سەدەی نۆزدەدا میرنشینی سۆران بەردەوام تووشی شەڕ و کێشەی نێوخۆیی بووە، یان عەباس میرزا لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ بۆ هێنانە ژێرفەرمانی مستەفاپاشا - میری هەکاری - کە پێشتر لە شەڕی ساڵی ١٨١٠دا شکستی لێ خواردبوو، کەڵکی لە عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنوور وەرگرتوە. کۆتایی مانگی ئاگوستی ساڵی ١٨٣٦ی ز، میر محەممەد (میرە کۆرە) حاکمی سۆران پاش ٢٣ ساڵ شەڕ دژ بە تورک و ڕەقیبە نێوخۆییەکانی و پەرەپێدانێکی بەرچاو بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە تەواوی کوردستانی عوسمانی و ئێران، و لە کاتێکدا کە گەورەترین مەترسیی بۆ دوژمنانی کورد لە پێوەندیی لەگەڵ پەرەپێدانی هەستی سەربەخۆییخوازیی کورد لە تەواوی کوردستان بووە، بە هۆی کێشە و ناکۆکیی نێوخۆیی، خەیانەتی «مەلای خەتێ» کە فتوای دا هەرکەس دژ بە سوڵتان شەڕ بکا کافرە، هەروەها کردنەوەی ڕێگای ڕەواندوز لەلایەن خۆفرۆشەکانی نێوخۆیی بۆ تورکەکان، شکستی خوارد و خۆی بە دەستەوە دا.

ئەم سیناریۆیە جارێکی دیکەش بۆ بەدرخان، میری بۆتان لە هاوینی ساڵی ١٨٦٨ دا بە هۆی خەیانەتی برازاکەی خۆی واتە یەزدانشێر دووپات بۆوە. لە کۆتایی ساڵەکانی ٣٠ی سەدەی نۆزدەدا بەدرخان بەگ توانی پاش پێکهێنانی دۆستایەتییەکی باش لەگەڵ

کۆنە ڕەقیبەکانی لە بۆتان و هەکاری و هتد «یەکیەتیی پیرۆز» لە نێوان بەشێکی بەرچاو لە میر و عەشیرەتەکانی کوردستان تەنانەت ئەردەڵانیش پێک بێنێ، ئەمە بە یەکەمین یەکیەتیی سیاسیی کورد لە مێژووی کورددا دادەنرێ. دۆستایەتیی بەدرخان لەگەڵ ئەرمەنی و ئاسۆرییەکان ڕۆڵێکی باشی لە ڕاکێشانی سەرنجی رووسیە بۆ کێشەی کورددا هەبوو. بەدرخان بە پێی دەسەڵاتی خۆی تەنانەت سککەشی لێ دا و لەسەر ئەو سککانەدا نووسرابوو «بەدرخان میری بۆتان». بەدرخان بە دیاریکردنی شاری جزیرە وەکوو پایتەختی خۆی و شەکاوەکردنی ئاڵای کوردستان، سەربەخۆیی ڕاگەیاند. زۆربەی ڕێبەرانی کورد پشتیوانییان لە بەدرخان کرد، بەڵام دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لە بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان و بە تایبەتی بریتانیادا کە بە پێی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆی پشتیوانیی لە ئەستەنبووڵ دەکرد، نەبوو. ئینگلیزییەکان نەخشێکی خراپیان لە پێکهێنانی نائارامی لە میرنشینی بۆتان و سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان کەمایەتیی گاور (خاچپەرستەکان) و کوردی موسوڵمان و شەڕی کورد و ئاسۆری و کوژرانی هەزاران کەسدا گێڕا.

بەهاری ١٨٤٧، ئەستەنبووڵ دەستی بە خۆتەیارکردن بۆ گرتنەوەی کوردستان کرد و هەرچەند لە هێرشی هەوەڵدا سوپای تورک شکستی خوارد، بەڵام هاوکاریی «یەزدانشێر» و کردنەوەی یەکێک لە بەرەکانی شەڕ بۆ دوژمن، بوو بە هۆی شکستی بەدرخان و گیرانی بە دەستی تورکەکان لە ٢٠ی ژوئەنی ١٨٦٨ دا. سەرکەوتنی تورکەکان بوو بە هۆی بێدەسەڵاتبوون یان کوژران و لەنێوچوونی بەشێک لە میر، شێخ و بەگەکانی کورد. جارێکی دیکەش لاسەنگیی هێزە دژبەرەکان، نەبوونی یەکیەتیی و کێشەی نیوخۆیی، خەیانەت و کاریگەریی نەرێنی بریتانیا بوون بە هۆی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی کورد لە بۆتان، هەکاری و بەشەکانی دیکەی باشووری ڕۆژئاوای کوردستان.

**پەراوێزەکان**:

١- ا.آ گرانتوسکی و... ص ٣١١.

٢- یرواند آبراهامیان، تاریخ مدرن ایران ص ٥١، ترجمه محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، چاپ چهارم ، تهران ١٣٨٩.

٣- وەرگیراو لە کتێبی ،مقالاتی در جامعەشناسی سیاسی ایران، یرواند آبراهامیان، مترجم سهیلا ترابی فارسان ص ٤٣٦.

٤- وەرگیراو لە کتێبی، مقالاتی در جامعەشناسی سیاسی ایران ص ١٧.

٥- وەرگیراو لە کتێبی، مقالاتی در جامعەشناسی سیاسی ایران، ص ١٨.

٦- سعید نفیسی، تاریخ معاصر ایران، ص ٢٧، سال ١٣٤٥.

٧- سعید نفیسی، تاریخ معاصر ایران، لاپەڕەی ١١.

٨- ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی کورد، مێژوو و نوێخوازی، لاپەڕەی ٢٨.

٩- ئێران لە سەرەتاکانی سەردەمی قاجاردا لە نێوان ٥ حکوومەت (حکمرانی)دا دابەش کرابوو کە بریتیی بوون لە: ١) ئازەربایجان، هەمەدان و زەنجان.

٢) ئەیالەتەکانی کوردستان، کرماشان، سەرحەدی عێراقین و لۆرستان.

٣) فارس، بەندەر و دورگەکانی کەنداوی فارس، کهگیلویە، بەختیاری و خوزستان.

٤) خوراسان و سیستان

٥) کرمان و بەلوچستان. بەڵام لە ساڵی ١٢٨٦ی هەتاویدا، ئێران بە پێی یاسای پێکهێنانی ئەیالەت و ویلایەتەکان و رێسا (دستورالعمل)ی کار لە نێوان چوار ئەیالەتی ئازەربایجان، خوراسان، فارس، «کرمان و بەلووچستان» و ١٢ ولایەتی ئەسترئاباد، مازندەران، گێلان، زەنجان، کوردستان، لۆڕستان، کرماشان، هەمەدان، ئیسفەهان، یەزد، عێراق خوزستان و دارالخلافەی تاران دابەش کرا. هەر ئەیالەتێک لە چەند ویلایەت و هەر
ویلایەتێک لە چەند بلۆک پێک هاتبوو. هەر بلۆکێک کۆی چەندین گوند بوو لە لایەن ناوەندێکەوە ئیدارە دەکرا.

(لە ژمارەی ٧٢٦ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

### ٥

### هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد

گوشار و زوڵم و زۆریی بێ پسانەوەی تورکەکان، هەوڵی سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران لە ساڵەکانی ٤٠ هەتا ٦٠ی سەدەی ١٩دا، بۆ نۆژەنکردنەوەی دەوڵەت و سیستمی سیاسی - ئیداریی ئەم وڵاتانە، کۆچێخوازیی حکوومەتەکانی ناوەندی، چوونەسەرەوەی ماڵیات، نیوەکۆڵۆنیبوونی عوسمانی و ئێران، هەروەها چەوساندنەوە و سەرهەڵدانی فەرهەنگێکی نامۆ، بوون بە هۆی نارەزایەتیی بەربەرینی خەڵکی کوردستان. لاوازبوونی تورکەکان بە هۆی شەڕی کریمە و دابەزینی توانای سیاسی و سوپایی تورکەکان لە کوردستان وێڕای کەڵکوەرگرتنی ڕووس لە دوژمنایەتیی کوردەکان لەگەڵ ناوەند و پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی میلان، زیلان و هتد، بەستێنێکی باشی بۆ شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد پێک هێنا. لەم بارودۆخەدا یەزدانشێر، برازای بەدرخان بەگ کە سەرەڕای هاوکاری لەگەڵ تورکەکان حکوومەتی کوردستانی بەنەسیب نەببوو، لە بارودۆخی پێکهاتوو کەڵکی وەرگرت و بۆ ڕزگارکردنی خاکی کوردستان گەورەترین شۆڕشی لە دیسامبری ١٨٥٤ دا لە بۆتان و هەکاری وەڕێ خست. ئەم ڕاپەڕینە پانتاییەکی بەرچاوی لە باکوورەوە هەتا ڕۆژئاوای کوردستان بە خۆیەوە گرت، تەنانەت ئاسۆری، ئەرمەنی و یۆنانییەکانیش پەیوەست

بە کورد بوون. ئەم ڕاپەڕینە وەکوو تێپەڕینی بزووتنەوەی جیاییخوازانەی کورد بۆ ڕووداوێکی بە ڕاستی نەتەوەیی لە مێژووی کورددا تۆمار دەکرێ.
ڕاپەرینی یەزدانشێر بە هۆی فاکتەری دەرەکی و نـاوەکی وەکـوو هاوکـارینەکردنی ڕووسیە، نەبـوونی بەرنـامەی سیاسی، تەیـارنەبوونی نیزامی - سپایی، وروژانـدنی بەشێک لە ڕێبەرانـی کـورد بە فیتی بریتانیـا بـۆ دژایەتـی لەگەڵ شـۆڕش، و لە کۆتاییـدا فریوخـواردنی یەزدانشێر لە ئینگلسییەکان، شکستی خوارد. یەزدانشێر کە بە تـەزمینی شـابەندەری بریتانیـا لە مووسڵ بـۆ دیـدار و دانوسـتان لەگەڵ نوێنەرانی تورک چووبوو، کۆتایی مانگی مارسی ١٨٥٥ لە کاتی وتووێژدا قۆڵبەست و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەستەنبووڵ کرا.

ڕاپەرینـی یەزدانشێر کۆتـایی بە کێشـەی کـورد نەهێنـا. پـاییزی سـاڵی ١٨٧٨ ڕاپەڕیـن لە نـاوچەی بـدلیس، مووش و وان، هەروەهـا هەکاری و بۆتـان بە ڕێبەریی عوسمان و حوسێن بەگ، کوڕانی بەدرخان دەستی پێکرد.
ئەوان لە ماوەیەکی کەمدا توانییان بەشێکی گەورە لە باشوور و باشووری ڕۆژئـاوای کوردستان ئـازاد بکەن. عوسمان بەگ خـۆی وەکـوو ئەمیـری سـەربەخۆی ئەم ناوچـانە ڕاگەیانـد. هەرچەنـد ئەم بـزووتنەوەیەش لە لایەن تورکەکـانەوە سـەرکوت کـرا، بەڵام سـاڵی ١٨٨٠ شۆڕشێکی دیکە بە ڕێبەریـی شـێخ عوبەیـدوڵڵای نەهـری کە ڕێـبەری تەریقەتـی نەقشـبەندیی کوردەکـانی عوسـمانی و تـا ڕادەیەکـی بەرچاویش ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دەستی پێکرد.

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری توانی بە پێی پێگە و نفووزی خۆی ببێتە هۆی یەکگرتوویی سیاسی لە نێوان ناوچەکـانی بۆتـان و هەکـاری لە ئیمپراتووریی عوسمانی، هەتا موکریان لە ئێرانی قاجاردا. بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کورددا لە نێوەڕاستەکانی ژووئیەی ١٨٨٠دا یەکەمین کۆنگرەی ڕێبەرانی کورد لە شەمزینان پێک هـات. ناسـەقامگیریی ڕۆژهەڵاتـی ئانـاتۆڵی بە هـۆی شـەڕی ڕووس و عوسـمانی ساڵانی ١٨٧٨ - ١٨٧٧ و سەرکوت و لەنێوبردنی میرنشینەکانی نیوەسەربەخۆی کورد لەلایەن عوسمانییەکانەوە، بـارودۆخی پێویسـتی بۆ سەرهەڵدانی ڕێبەرییەکی نوێی سیاسی پێک هێنابوو؛ ڕێبەرێک کە دەیەویست مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد مسۆگەڕ بکـا. بە وتەی «لۆرد جۆرج کەرزن» لەم بارودۆخەدا شێخ عوبەیدوڵلا کە بە هۆی کەسایەتیی پیرۆزی خۆی ناوبانگێکی زۆری هەبوو، بەزوویـی توانی خۆی بە پلەی ڕێبەرێکی نەتەوەیی بگەیەنێ».(١) ترۆتێر»(٢) سەرکۆنسوولی بریتانیا لە ئەرزەڕۆم، شێخ وەکوو پڕنفووزترین ڕێبەری کورد لە تەواوی کوردسـتان نـاو دەبـا کە کـاریگەری و دەسـەڵاتی لە سوڵتانیش زۆرتـرە.(٣) ئامـانجی شێخ، ڕزگـاریی نەتەوەی کورد لە ژێردەستیی عوسمانی و دامەزراندنی حکوومەتێکە کە پانتـایی دەسـەڵاتەکەی بە پلەی یەکەم لە باشووری وان هەتـا بـاکووری مووسڵ بێ و لە قۆناخی دواییدا تەواوی کوردستان بگرێتەوە.(٤)

بۆ زۆربەی کاربەدەستانی وڵاتە زلهێزەکان ڕوون بوو کە شێخ عوبەیـدوڵلا بـۆ پێکهێنـانی یەکڕیزیـی کـورد و دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سەربەخۆ تێ دەکۆشێ. تەنانەت خودی شێخ عوبەیدوڵڵاش لە نامەیەکدا بۆ توێژەری ئینگلیسی، «کۆچران»(٥) دەنووسێ: « نەتەوەی کورد لە پتر لە ٥٠٠ هەزار بنەماڵە پێک هاتوە و ئەمە(کورد) گەلێکی جیاوازە. ئەوان ئایین، یاسا و داب و ڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە».(٦) شێخ عوبەیـدوڵلا لەسـەر ئەو بـاوەڕە بـوو کە وڵاتە ئورووپاییەکـان بەرامبەر بە بـێ یاسـایی لە ڕۆژهەڵاتـی ئانـاتۆڵی

پێویستە لە بزووتنەوەی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پشتیوانی بکەن. لەم پێوەندییەشدا پێداگری دەکرد کە کوردەکان بۆ سەقامگیرکردنی یاسا، نەزم و دادپەروەری دەیانەوێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، لەم حاڵەتەدا ئەوان هەر ئەو مافەیان دەبێ کە نەتەوەکانی دیکە هەیانە. هەروەها «شێخ عوبەیدیللا لە نامەیەکدا بۆ «ئیقبالولدەولە»، حاکمی ورمێ دەنووسی، «ئامانجی سەرەکی ئەو و هاوڕێیانی، دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ کێشەی کوردەکانە... شیاوترین ڕێگاچارە بۆ پرسی کورد، یەکیەتیی و سەربەخۆیی ئەوانە».(٧)

شۆڕشی کورد بە پێی ئەوەی کە سوپای ئێران خەریکی سەرکوتکردنی تورکمەنەکان بوو و بە بەراورد لەگەڵ سوپای عوسمانی لاوازتر بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کەمدا توانی بە هاوکاریی هەمزەئاغای مەنگوڕ و عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا پاش گرتنی شاری سابڵاغ هەتا نزیکەی ورمێ، هەروەها بەرەو تەورێز پێشڕەوی بکا. شێخ خۆی لە لای ورمێ بوو و شێخ عەبدولقادر چوو بۆ مەهاباد و میاندواو و تا بناو چووە پێشێ، بەڵام دوای ئەو کوشتارە وەحشییانەی وا لە خەڵکی میاندواوی کرد ئیتر خەڵکی بناو چوونە بەربەرەکانی کردنی و سوپاکەیان تێک شکاند. ڕووداوەکانی کوردستان ترسێکی زۆری خستە دڵی کاربەدەستانی ئێرانەوە، چونکە «ئەگەر تەورێز گیرابا، ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە ئێران گەورەترین شار، واتە پایتەختی دووهەمی ئێرانی لەدەست داوە. ئەگەر تەورێز گیرابا، دەتوانرا بگوترێ کە گیرانی تارانیش نزیک بۆتەوە».(٨) ترسی بزووتنەوەی کورد، تاران و کاربەدەستانی دەوڵەت و سوپای ئێرانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر کرد، ئەم پەشێوییە لە وەڵامی ناسرەدین شا لە ٤ی ذیقەعدەی ١٢٩٧ی هـ. ق دا کە داوا لە موخبیرەلدولە، وەزیری پۆست و تەلگراف دەکا سەر لە بەیانی ئەم تەلگرافە بۆ تەیموور پاشا خان سەرداری ماکۆ بنێرێ، بە جوانی دیارە کە دەڵێ: «شێخ یان کەسێکی دیکە کێیە کە ئاوا پڕوویی دەکا؟ بۆچی چوار کورد ئێوەیان تا ئەم ڕادەیە پەشۆکاندوە و زراویان بردوون کە بەم چەشنە قسە و تەلگراف عەرز دەکەن؟... نازانم چی بووە کە تا ئەم ڕادەیە بێغیرەت بوون؟ یانی چی؟ سوێند بە خودا، سوێند بە ڕووحی شای خوالێخۆشبوو ئەگەر ئاوڕ لە باوکی ئەم یاخیانە بەرنەدەن، و لەم چەشنە قسە بێمانایانە بکەن، وەکوو ژنان بجووڵێنەوە، هەمووتان ئاور دەدەم. ئێمە چاوەڕوانیی ئەوەمان لە ئێوە دەکرد و دەکەین کە هێرش بەرنە سەر مەملەکەتانی بیانی، ئاوریان تێبەردن، تاڵانیان بکەن و سەرکەون، نەک ئاوا لە دەست چوار کورد تووشی ترس بن و هەتا ئەم ڕادەیە زەلیل بکەون.»(٩)

بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە قۆناخی یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا سەرکەوت، عەبدولقادر حکوومەتێکی کاتیی پێک هێنا و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی حاکمەکانی هەڵبژارد و لەسەرکاری دانان. ئەمە لووتکەی سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین بوو، بەڵام ڕاپەڕینەکە نەیتوانی لەمە زۆرتر پەرە بگرێ. کوشتوبڕ و بێ ڕەحمیی هێزەکانی کورد لە دەوروبەری ورمێ بوو بە هۆی ڕق و تووڕەیی و نارەزایەتیی ناکوردەکان، لە لایەکی دیکەشەوە «فتوای غزا دژی شیعەکان و ڕاگەیاندنی شەڕی ئایینی کاریگەرییەکی زۆری لە ویلایەتی مراغە هەبوو، بوو بە هۆی کوشتارێکی زۆر لە نێوان سوننە و شیعەکان، لەم نێوانەدا زیانی ماڵیی و ڕووحی شیعەکان زۆرتر بوو، و شکۆ و گەورەیی، هەروەها توانایی سپای مریدەکانی شێخ، شاری تەورێزی تووشی ترس و خۆف کرد»(١٠)

دەوڵەت هێزێکی زۆری (کە بەشێکشیان لە کوردەکانی جەلالی و تورکەکانی ماکۆ بوون) بە سەرۆکایەتیی تێمورخا،ن سەرداری ماکۆ بۆ بەرەکانی شەڕ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا نارد و توانیی پاشەکشە بە هێزی ڕاپەرین بکا و هەتا سەرەتاکانی مانگی دیسامبری ۱۸۸۰ تەواوی ئەو ناوچانە کە کورد ڕزگاری کردبوون، بگرێتەوە.

ئەم ڕاپەرینە بەهۆی نەبوونی بەستێنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها سیاسی و فیکری و بە هۆی چەندبەرەکی و پرژوبڵاویی سیاسی، نەبوونی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی؛ ئاستی خوارەوەی ناسیۆنالیزمی کورد کە سەرچاوەی لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی - سیاسی خودی کوردستان دەگرت؛ لاوازیی سوپایی و هەڵە لە لێکدانەوەی ستراتێژی و تاکتیک، هەروەها دەوری نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان وەکوو ڕووسیە و بریتانیا تووشی شکست هات. ڕووسیە لەسەرەتاوە بە هۆی دیتنەوەی بەرژەوەندیی خۆی لەبەرامبەر بزووتنەوەی کورددا ڕاوستا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ یارمەتیی تارانی دا. بریتانیاش کە دەسەڵاتی بەسەر ئەستەنبووڵدا هەبوو و لەسەرەتادا بەرژەوەندیی خۆی لە لاوازکردنی تاران و ڕووسیەی هاوپەیمانیدا دەدی، کوردەکانی دژ بە تاران هان دەدا، بەڵام کاتێک هەستی بە گەڕانەوەی مەترسیی کورد دژ بە ئەستەنبووڵ کرد، دژ بە کورد جووڵایەوە.

پاش شکانی شۆڕش، بەشێک لە دەرەبەگ و سەرۆک هۆزە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا بەرەو باکووری کوردستان وەڕێ کەوتن، بەڵام تا ماوەیەک هەمزەئاغا درێژەی بە بەرەنگاربوونەوەی خۆی دا. «ئەو هۆزە کوردانە کە سەرۆکەکانیان ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە جێ هێشتبوو تووشی چەرمەسەری و چەوساندنەوەیەکی دڕندانە لە لایەن ئێرانییەکانەوە بوون. کاربەدەستانی ئێران لە ئەنجامی کوژاندنەوەی ڕاپەرینەکەدا کەوتنە قەڵاچۆکردنی کوردەکان و بێ ئەوەی گوێ بدەنە تەمەن، یان ژن و پیاو، هەزاران کەسیان دارکاری کرد و پتر لە دووسەد دێی کوردستانیان سووتاند»(۱۱) لە کاتی ڕاپەرینی شێخ عوبەیدوڵڵا و پەیوەستبوونی خەڵکی موکریان، ناسرەددین شا لە نامەیەکدا بۆ موشیرەلدەولە، سپاسالاری ئازەربایجان لە ڕێکەوتی ۱۲۹۷ی هـ.ق بە توندی باس لە سزادانی سەخت و تەواوی کوردەکانی ساباڵغ و موکریان و بە زنجیرکێشانی سەرۆکەکان و ناردنیان بۆ تاران دەکا.(۱۲) سوپای ئێرانیش بێبەزەییانە پاش سەرکەوتنیان، ئەم بڕیارەیان بەجێ گەیاند. ئەسکەندەر غوریانس، نووسەری کتێبی ڕاپەرینی شێخ عوبەیدوڵا لە سەردەمی ناسرەددین شادا، کە لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ڕووداوەکان لە ساباڵغ و گوندەکانی دەوروبەری بووە، لە ڕاپۆرتێک بۆ ناسرەددین شا دەنووسێ: «ئاوری تۆڵەستاندن تا ئەو ڕادەیە بەسەر سپادا زاڵە کە ئەوان بێ لەبەر چاوگرتنی ئابڕووی دەوڵەت دەیانەوێ تۆوی کوردەکان لە سەر زەوی پاک کەنەوە و هەر ئاوادانیک وێران بکەن».(۱۳)

هەرچەند بزووتنەوەی شێخ عوبەیدیللا بە ئاکام نەگەیشت. بەڵام ئەو ڕاپەرینە وەکوو هەنگاوێکی جیددی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد پێناسە دەکرێ.

**پەراوێزەکان**:

۱) George N. Curzon: Persia and Persian questiin, London 1892, p 53

٢) Major Henry Trotter

٣) W. jwaideh. Kurdish National Movment. Ist origins and development. New York 2006. P 77

٤) W. jwaideh. P 81

٥) Dr. James P.Cochran

٦) W. jwaideh. P 81

٧) W. jwaideh. P 82

٨) ن.ا. خەڵفین خەبات لە ڕێی کوردستاندا، لاپەڕەی ١٨٤، وەرگێڕ لە ڕووسیەوە جەلال تەقی، سلێمانی، چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧١.

٩) یوسف بیگ باباپور و مسعود غلامیه، فتنه شیخ عبیدالله کرد، گزارش وقایع حمله اکراد به صفحات آذربایجان در دوره قاجار ص ١٤٨، تهران ، کتابخانه، موزه و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی ١٣٩.

١٠) محمد امین زکی بێگ، زبده تاریخ کرد و کردستان، جلد اول ص ١٨٠، ترجمه یدالله روشن اردلان، انتشارات توس، ١٣٨١.

١١) ن.ا. خەڵفین، خەبات لە ڕێی کوردستاندا، لاپەڕەی ١٩١-١٩٠، وەرگێڕ لە ڕووسیەوە جەلال تەقی، سلێمانی ، چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧١.

١٢) ابراهیم صفائی، اسناد برگزیده دوره قاجار، سند چهارم، ص ١٢، انتشارات بابک، تهران ٢٥٣٥.

١٣) سید محمد صمدی، تاریخ مهاباد ص ٤١، انتشارات رهرو مهاباد، ١٣٧٣.

(لە ژمارەی ٧٢٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

### ٦

**(هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی کورد (بەشی کۆتایی))**

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللای شەمزینان (١٢٦٠ - ١٢٥٩)، واتە ١٨٨١ - ١٨٨٠ دژ بە ناسرهدین شای قاجار، پاش ڕاپەڕینی سوڵتانەکانی هەورامان دژ بە فەرهاد میرزا و ڕاپەڕینە خۆجێییەکانی دیکە وەکوو سەرلووتکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە یەک چوارەمی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا پێناسە دەکرێ.

شۆڕشی سوڵتانەکانی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنەیەک لە کاردانەوەی سیاسەتی ناوەندیکردنی دەسەڵات و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حکوومەتە خۆجێییەکانی کوردستان بوو. ناوچەی هەورامان سەر بە میرنشینی ئەردەڵان لە کاتی دەسەڵاتداریی ناسرەدین شادا چەندین شۆڕشی گەورەی بە خۆیەوە بینی. سیاسەتی لابردنی کاربەدەستانی خۆجێی و هەڵبژاردنی حاکمەکان لە دەرەوەی کوردستانەوە، گوشاری ماڵیاتی، زوڵم و زۆری بێپسانەوەی حکوومەتی قاجار، نەخشێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی هەوراماندا هەبوو. شۆڕشی هەورامان لە کاتی دەسەڵاتداریی ناسرەدین شا بۆ ماوەی چوار ساڵ (١٢٨٨ - ١٢٨٤ه. ق واتە١٨٧١ - ١٨٦٧ز) ئیدارەی ولایەتی کوردستانی(١) تووشی کێشە کرد، و پاش کۆتاییهاتن بە حکوومەتی ئەردەڵانەکان، ئەم ستەمکارییە نەک هەر کەمی نەکرد بەڵکوو چەند قاتیش زیادی کرد.

لە ساڵی ١٢٨٥ ه. ق (١٨٦٨ز) پاش مردنی غوڵامشا خان ئاخرین میری ئەردەڵان، ناسرەدین شا، مامی خۆی واتە فەرهاد میرزای معتمدالدولەی کرد بە حاکمی ئەم ناوچەیە و ئیدارەی ئەم ویلایەتە ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی. دیاریکردنی فەرهاد میرزا بە مانای کۆتاییهاتنی میرنشینی ئەردەڵان بوو.

کوژرانی حەسەن سوڵتانی هەورامی و گیرانی دوو براکەی - مستەفا سوڵتان و بارام بەگ - بە فەرمانی فەرهاد میرزا، ڕێخۆشکەری شۆڕشی نوێی هەورامان و هەڵبژاردنی ڕۆستەم سوڵتان، کوڕە گەورەکەی حەسەن سوڵتان وەک حاکمی هەورامان بوو. هێرشی هێزەکانی کورد بۆ سەر سوپای فەرهاد میرزا لە نزیکەی گوندی «هەنجمەنە» و کوژرانی ٣٦ کەس و بە دیلگرتنی ١٨ کەس و دەربازبوونی خودی فەرهاد میرزا بوو بە هۆی سەرشۆڕییەکی گەورە بۆ مامی ناسرەدین شا. نووسەری «حدیقەی ناصری» لە کتێبەکەیدا باسی «تلانەوەی فەرهاد میرزا لە ناڕەحەتی وەکوو مار بە دەوری خۆیدا» دەکا. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم شکستە فەرهاد میرزا داوای هێزی پشتیوانیی لە ناوەند کرد. ناسرەدین شا سێ فەوجی گەورەی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی هەورامان نارد، ئەوانیش پاش هێرشێکی بەرفراوان گوندی نەوسوود، ناوەندی هەورامانی لهۆن و دزڵی ناوەندی هەورامانی تەختیان داگیر کرد. سوپای ئێران لەسەر ڕێگایان تەواوی حاسڵاتی کشتوکاڵی ‹شامیان›یان سووتاند و «دزڵی»یان تاڵان کرد و ئاوریان تێبەردا. فەرهاد میرزا لە نامەکانیدا سەرکەوتنی خۆی لە هەورامان وەکوو گرتنی سباستیناپۆل لەقەڵەم دەدا و هەورامانییەکان وەکو «دێونژاد»، «بەدفەڕ» و «دڕندەی دەروون پیس» ناو دەبا.(٢)

لە ساڵەکانی پاش شکستی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدیللادا، کورد لە تەواوی کوردستان درێژەی بە خەباتی خۆی دژ بە دەسەڵاتدارەکانی ئێران و عوسمانی دا؛ وەکوو: شۆڕشی دەرسیم (١٨٩٢ - ١٨٩٣)، ڕاپەڕینی کورد و عەرەبەکان دژ بە دەسەڵاتی تورکەکان لە باشووری کوردستان (١٩٠٧ - ١٩٠٨)، شۆڕشی برایم پاشا سەرۆکی کۆنفیدڕاسیۆنی عەشیرەکان و فەرماندەی دوو تابووری (هەنگی) حەمیدیە (١٩٠٨ - ١٩٠٧)، شۆڕشی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی جەعفەرئاغا، محەمەدئاغا و بە تایبەتی سمایل ئاغای سمکۆ پاش کوژرانی جەعفەرئاغای هەرکی لە هاوینی ١٩٠٥ و هتد. لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨ - ١٩١٤ی ز دا ڕاپەڕینی کورد بە ڕێبەریی مەلا سەلیم لە بدلیس، شۆڕشی بارزان بە ڕێبەریی عەبدوسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩١٤دا، هەروەها ڕاپەڕینی

سلێمانی بە ڕێبەریی شێخ مەحموود لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، جێگایەکی تایبەتییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد هەیە.

ڕاپەڕینی خەڵکی بدلیس بە ڕێبەریی مەلا سەلیم لە نەورۆزی ساڵی ١٩١٤ دا دەستی پێکرد و توانی لە ماوەیەکی کەمدا بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش پەل باوێژێ. مەلا سەلیم کوردێکی زازا و لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا تەمەنی ٦٠ ساڵ بوو. گیرانی شێخ سەلیم لە لایەن سوپای عوسمانییەوە لە مارسی ١٩١٤دا ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەستپێکی پێشوەختی ئەم ڕاپەڕینە هەبوو. بە پێی تێلگرامی نهێنیی میخاییل نیکۆلایویچ گیرس(٣) باڵوێزی ڕووسیە لە ئەستەنبووڵ، ڕێکەوتی ١٢ی مارسی ١٩١٤، تورکەکان شێخ سەلیمیان لە ڕێگای بدلیس گرت، بەڵام نزیک بە ٧٠٠ کوردی چەکدار شێخیان لە دەستی تورکەکان ڕزگار کرد. دەستپێکی پێشوەختی ڕاپەڕینەکە بە باوەڕی یوسف کامیل بەدرخان، ئاکامێکی تاڵی بە دواوە بوو،(٤) بە هۆی هەڵەیەکی تاکتیکی لە شەڕ و نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان هێزەکانی ڕاپەڕیندا، تورکەکان توانیان لە ماوەیەکی کەمدا شاری بدلیس بگرنەوە. شێخ سەلیم و بەشێک لە ڕێبەرانی شۆڕش پەنایان بردە بەر کۆنسوولی ڕووسیە لە بدلیس. سەرکۆنسوولی بریتانیا لەم پێوەندییەدا نەبوونی هاوئاهەنگیی (کۆئۆردیناسیۆن) وەکوو هۆی زەبرخواردن و شکستی کوردەکان پێناسە دەکا.(٥) لە ٢٣ - ٢٢ی ئاوریلی ١٩١٤دا شێخ شههابەدین، شێخ سەعید، عەلی و براکەی شێخ محەممەد شیرین و ١٠ کەسی دیکە لە بدلیس لە سێدارە دران. پێنج مانگ پاش شکانی ڕاپەڕینەکە، هێزەکانی عوسمانی بە هۆی دەسپێکی شەڕی ڕووس و ئاڵمان و هاوپەیمانەکانی واتە عوسمانی، هێرشیان کردە سەر کۆنسوولخانەی ڕووسیە، و پاش گرتنی تەها سەلیم و هاوڕێیانی، دەستبەجێ لە سێدارەیان دان.

بەهاری ساڵی ١٩١٤ ڕاپەڕینی کوردەکانی باشووری کوردستانیش بە ڕێبەریی شێخ عەبدوسەلام بارزانی بوو بە هۆی رزگارکردنی مووسڵ و بەشێکی بەرچاو لە ویلایەتی بەغدا. ئەم ڕاپەڕینە لە لایەن تورکانەوە سەرکوت کرا و شێخ عبدالسلام بەو هیوایەی کە بتوانێ پشتیوانیی سمکۆ وەدەست بێنێ، چوو بۆ ورمێ و لەوێشەوە ڕەوانەی تفلیس بوو. بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ڕووسیی «قەفقاز» ڕێکەوتی ١٥ی ئاوریلی ١٩٠٤، شێخ عەبدوسەلام هەوڵی خۆشاردنەوەی لای مارشیمۆن دابوو.(٦) شێخ کاتی گەڕانەوەی لە پاییزی هەر ئەو ساڵەدا بۆ باکووری کوردستان، بە هۆی خەیانەتی سۆفی عەبدوڵڵای شکاکەوە گیرا و ڕادەستی عوسمانی کرا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٤دا شێخ و دوو هاوڕێی لە مووسڵ لە سێدارە دران.

لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا سمکۆ وەکوو سەرۆک عەشیرەی شکاک بە دەسەڵاتترین کەس لە ناوچەی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، هەروەها لە درێژایی سنووری ئێران و عوسمانی بوو. شکاکەکان کە نزیکەی ٢هەزار بنەماڵە دەبوون، بەگشتی دانیشتووی ناوچەی سۆما و برادۆست و ڕۆژئاوای سەڵماس و ورمێ بوون. هیچ کام لە تورک و ڕووسەکان بە پێی پێوەندیی ناڕاستەوخۆی سمکۆ لەگەڵ ئەوان، پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ناوچەی شکاکەکانیان داگیر نەکرد. بە ڕواڵەت سمکۆ تا پێش ساڵی ١٩١٣ هاوکاری ئازەرییەکانی لایەنگری عوسمانی و دوژمنی ڕووسەکان بووە. لە سەرەتاکانی شەڕی جیهانیی یەکەمدا سمکۆ بە ئاشکرا بۆ سوودی تورک و ئەڵمان و دژی ئێران شەڕی کرد.

ئەو وڵاتانە کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشدار بوون هەوڵیان دەدا کورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بێنن، سمکۆ کە سەرۆک عەشیرەی شکاک لە ناوچەی مەرگەوەڕ و برادۆست بوو هەمیشە لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆدا بوو. سمکۆ پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییەکانی نەتەوەیی کورد وەکوو شێخ مەحموود، عەبدوڕزاق بەدرخان و سەید تەها هەبوو، هەروەها بە هۆی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ خوشکی سەید تەها کە نەوە و جێگری شێخ عوبەیدیللا بوو، هاوکاری و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەو پێک هێنابوو. هەر چەند مێژووی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی سمکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتی پاش کوژرانی جەعفەرئاغای برای لە تەورێز بە دەست کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٠٥ی ز لە کاتی وتووێژدا، بەڵام نەخشی سەرەکیی ئەو لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هی ساڵەکانی پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانییە.

لە ساڵانی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە سوپای عوسمانی بەردەوام تووشی شکست دەبوو و هێزەکانی ئینگلیس لە سلێمانی و کەرکووک و مووسڵ نزیک دەبوونەوە، شێخ مەحموودی حەفید پاش زنجیرە وتووێژێک لەگەڵ ڕووس و ئینگلیسییەکان بەستێنی ڕاپەڕینی خۆش کرد و بوو بە تەنیا هێزی دەسەڵاتداری ئەم ناوچەیە.

## کۆبەند و کۆتایی

* دابەشکرانی کوردستان لە نێوان دوو ئیمپراتووریی عوسمانی و ئێران پاش شەڕی چاڵدران لە ساڵی ١٥١٤ زایینیدا و دیاریکردنی سنووری ئەم دوو وڵاتە بە پێی پەیماننامەی ساڵی ١٦٣٩، واتە ساڵێک پاش گرتنی شاری بەغدا لە لایەن سوڵتان مرادی چوارەمەوە، هەروەها دەوامی کێشەی سنووریی لە نێوان داگیرکەرانی خاکی کوردستاندا هەتا واژۆکردنی گرێبەستی ئەرزەڕۆم لە ساڵی ١٨٤٧دا بە بەشداریی ڕاستەوخۆی بریتانیا و ڕووسیە، بوو بە هۆی دوولەتبوونی نیشتمانی کوردان.

* سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی بەشێک لە خاکی کوردستان (لە عوسمانی) بە پێی پەیمانی سایکس پیکۆ پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە نێوان سێ دەوڵەتی تورکیە، عێراق و سووریەدا کێشەی نەتەوەیی کوردی ئاڵۆزتر کرد و چارەنووسی ئەو خەڵکەی بە چارەنووسی سیاسیی وڵاتە داگیرکەرەکانیەوە بەستەوە، بوو بە هۆی پێکهاتنی بەربەستێکی جیددی لە ڕەوتی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆی کوردستان.

* سنوور و کەوشەنی نیشتمانی کوردان بە تایبەتی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی تووشی ئاڵوگۆڕێکی گەورە هات. بە تورک و عەرەبکرانی بەشێک لە خاکی کوردستان، کۆچ و جێگۆڕکەپێکردنی بە زۆر، شەڕی بێ پسانەوە، کۆمەڵکوژی و سەرکوتکردنی بزووتنەکانی کورد و هتد، بوون بە هۆی زۆرتر شێواندنی سنوورەکانی کوردستان، تەنانەت لە چوارچێوەی وڵاتە داگیرکەرەکانیشدا.

* کوردستان بە هۆی جێگە و پێگەی جوغرافیایی - سیاسی کە دەگەڕێتەوە سەر سنووری بوونی ئەم وڵاتە لە نێوان چەندین دەوڵەتدا، هەبوونی نەوت و سامانی ژێرزەوی و کانزایی، شیاوبوونی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بازاڕی باش بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی وڵاتە بیانییەکان و هتد لە سەدەی ١٩ بەملاوە سەرنجی وڵاتە زلهێزەکانی بەرەو خۆی ڕاکێشا، بە تایبەتی پاش شەڕی یەکەمی

جیهانی کەوتە نێو بازنەی مامەڵە سیاسییە جیهانییەکانەوە.

* گەلی کورد پاش فارس، عەرەب و تورک، چوارەمین گەلی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەستپێکی سەدەی بیستەمدا وێڕای گۆڕان لە جۆغرافیایی سیاسیی جیهان و ناوچەدا، هەروەها سەرهەڵدانی دەیان دەوڵەتی نوێ لەسەر نەخشەی جیهان، گەلی کورد سەرەڕای خەباتێکی بێوچان و خوێناوی نەیتوانی بە مافی نەتەوەیی خۆی واتە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بگا.

* نەبوونی یەکیهتیی نەتەوەیی لە کوردستان، پێکنەهاتنی فدراسیۆنێکی بەهێز لە میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان لە ژێر ڕێبەرییەکی بەتوانا و کارزاندا بۆ هاوئاهەنگی و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە تەواوی کوردستان، شکڵنەگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بە هێزی فیئۆدالی، قەتیس مانەوە لە بەرژوەندیی تەسکی تاکەکەسی - عەشیرەییدا، شەڕی نیوخۆیی، کوشتن و تالانکردنی یەکتری، و بە قەوڵی میرشەرەفخان و سەیدای خانی، «ملهوڕی و لاساری و دەمارگرژی و مل - ئەستووری»،(٧) هەروەها لەبار نەبوونی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی، بوونە هۆی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد. بە قەولی مامۆستا هەژار لە پێشەکیی شەرفنامەدا، لەوە دەچێ قسەکەی مامۆستاکەی سوڵتان مراد دوور لە ڕاستی نەبووبێ کە دەڵێ: «کورد ئەووەتەی هەیە - لە وتەی شادە و ئیماندا نەبێ - یەکتریان نەگرتوە!».(٨)

* لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینیدا نفووزی ڕوو لە گەشەی سیستمی سەرمایەداری و هەڵوەشانەوەی سیستمی باوکسالار - عەشیرەیی لە کوردستان، کۆتاییهاتن بە حکوومەتە سەربەخۆ و نیوەسەربەخۆیەکان (میرنشینەکانی کورد)، هەروەها بە ناوەندیکردنی دەسەلات، جیاوازیدانان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری و فەرهەنگیدا، بوون بە هۆی سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرەنگاری و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی «نەتەوەیی» لە کوردستان.

## پەراوێزەکان:

١) ویلایەتی کوردستان بە پانتایی ٢٢٥٠ فرسەخی چوارگۆشە (١٣٥٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە)، لە سەردەمی ناسری بەولاوە بوو بە بەشێک لە بیست مەملەکەتی ئێران و ناوەندەکەی سنە بوو. لە سەردەمی ناسرهدین شادا بە کۆی کوردستان، کرماشان و هەمدان «ئەیالەتی مرکزیە» دەگوترا. لە کاتی قاجاردا بەشێک لە خاکی کوردستانی ئێران لە لایەن عوسمانییەکانەوە داگیر کرا و دوو ناوچەی لۆرستان و هەمدانیش لێ جیاکرایەوە. هەروەها لە کۆتایی دەسەلاتداریی قاجاردا ولایەتی گڕوس لە کوردستان جیاکرایەوە و حاکمێکی سەربەخۆ لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی بۆی دیاریکرا.

٢) عبدالله عطایی، افراسیاب جمالی، کامران حمانی، واکاوی زمینەها و علل شورش اورامان در عصر ناصری، ص ٩٥، تاریخهای محلی ایران، مقاله ٥، دوره ٣، سال سوم - شماره دوم - پیاپی ٦ بهار و تابستان ٩٤، پاییز ١٣٩٤، صفحه ٨٤ - ٩٧، دانشگاه پیام نور.

٣) Mikhail Nikolayevich Giers – Михаил Николаевич Гирс

٤) ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی کورد، مێژوو و نوێخوازی، لاپەڕەی ١٣٥.

٥) ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی... لاپەڕەی ١٣٩.

٦) ک. و. وێرتیایف و س. م. ئیوانف، ناسیۆنالیزمی... لاپەرەی ١٣٣.

٧) مامۆستا هەژار، پێشەکی وەرگێڕ بۆ شەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان، میرشەرەف خانی بدلیسی لاپەڕەی ٣٨، چاپی هەشتەم. پەخشانگای پاییز، تاران ١٣٩٣ی هەتاویی.

٨) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٣٩.

(لە ژمارەی ٧٢٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## «فاتێ ڕەش»ی شێرەژن

### پێشەکیی وەرگێڕ

فاتێ ڕەش، نازناوی «ئایشە خانم» کچی «حاجی عوسمان بەگ» خەڵکی «ئاندیرین» سەر بە پارێزگای قارەمان مەرعەش و سەرۆکی یەکێک لە گەورە عەشیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ئانۆتۆڵییە کە پاش گیران و زیندانیکرانی هاوسەر و سەرۆک عەشیرەکەی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆتە سەرۆک عەشیرە و بۆ دەربڕینی ئەمەگداری بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی و بە هیوای ئازادکردنی هاوسەرەکەی؛ لەگەڵ نزیکەی ٣٠٠ کوردی شەرڤان بەشداریی شەڕی کریمەی کردوە و ئازایەتییەکی بێوێنەی لەم شەڕدا نواندوە. سەرەڕای ئەوەی لە بەشێک لە کتێب و گۆڤارەکاندا بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی لە «پال مال گەزت» بڵاو بۆتەوە بە کورتی باس لە «فاتێ ڕەش» کراوە، بەڵام بە تەواوی بیۆگرافی و بەسەرهاتی ئەم خاتوونە دلێرە ڕوون نەکراوەتەوە. تورکەکان و تورکەمەنەکان حاشا لە کوردبوونی فاتێ ڕەش دەکەن و لە نیو کوردیشدا بە هۆی نەبوونی دەوڵەت و کیانی کورد لە لایەکەوە، و نەبوونی فەرهەنگی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسایەتییە مێژووییەکان لە لایەکی دیکەوە، لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لەم پێوەندییەدا نەکراوە.

بەشداریی ئەم ژنە شەرڤانە لە شەڕی کریمە لە پێناوی ئازادکردنی هاوسەرەکەیدا پیشاندەری کارەساتی مێژوویی گەلێکە، کە بێ ویست و ڕزامەندیی خۆی کراوە بە بەشدار و قوربانیی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان.

دابەشکرانی نیشتمانی کوردان لە نێوان ئێران و عوسمانی (ڕێکەوتی ٢٢ی ئاگۆستی ١٥١٤ی زایینی)، هەروەها دوژمنایەتیی بەردەوام و شەڕەکانی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە لە گەڵ یەکتر هەتا دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی، هۆی نەهامەتی و کارەساتی بێبڕانەوە بۆ گەلی کورد، خاپوور و وێران بوونی خاکی کوردستان و کوژرانی بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێتاوان بووە.

ئەم دەوڵەتانە هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوانەی کورد، هەوڵیان داوە لە هێزی چەکداری کورد دژ بەیەکتر یان دەوڵەتە دراوسێیەکان کەڵک وەربگرن. لە شەڕەکانی ئێران و عوسمانی لەگەڵ ڕووسیەی تێزاری، ڕووسەکان کەڵکیان لە هەستی نەتەوایەتیی کورد دژ بە عوسمانی و ئێران وەرگرتوە، و ئێرانی و تورکە عوسمانییەکانیش بە ورووژاندنی هەستی ئایینیی کوردەکان دژ بە ڕووسیە «مەسیحی و کافرەکان» ویستوویانە سەرۆک عەشیرە و ئەمیرەکانی کورد بۆ شەڕ لەگەڵ ڕووسەکان هان بدەن.

کوردەکان بۆ هەوەڵ کەڕەت لە کاتی شەڕی ئێران و ڕووس (١٨٠٤ - ١٨١٣ زایینی) ڕووبەڕووی ڕووسەکان بوونەتەوە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا قەرەباغ شوێنی ژیانی کوردان کەوتۆتە ژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی ئیمپراتۆریی ڕووسیە. لە شەڕی ڕووسیەی تێزاری لەگەڵ فەرانسە، بریتانیا، پاشایەتیی ساردنی و عوسمانی (١٨٥٣ هەتا ١٨٥٦ ز) کە لە مێژوودا وەکوو «شەڕی کریمە» پێناسە کراوە، لایەنەکانی شەڕ هەوڵێکی زۆریان داوە عەشیرەکانی کورد بەرەو خۆیان ڕابکێشن. لەم شەڕەدا تورکەکان سەرەڕای بەشداریی بەشێک لە کوردەکان، نەیانتوانیبوو پشتیوانیی هیچ کام لە ڕێبەرە ناسراوەکانی کورد وەدەست بێنن. لەم بەینەدا بەشێک لە عەشیرەکانی نزیک بە سنووری ڕووسیە وەکوو زیلان، حەیدەران و هتد پشتیوانییان لە تورکەکان کردبوو و ڕووسەکانیش توانیبوویان دوو لەشکەر لە کوردەکانی باشووری قەفقازی بۆ شەڕ پێک بێنن. بەپێی لاواز بوون و پاشەکشەی تورکەکان لە شەڕ، عەشیرە ناوبراوەکان پەیتا پەیتا لە پشتیوانیکردنی خۆیان لە تورکەکان پاشگەز بوونەوە و پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ ڕووسەکان پێکهێنابوو. پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان و شکستی تورکەکان لە ناوچەی بایزید (ژوئیەی ١٨٥٤ز)، کوردەکان ڕیزی سپای تورکیان لە تەواوی ئاستەکاندا بەجێ هێشت. دابەزینی شوێن و پێگەی سیاسی - نیزامیی عوسمانی ڕێخۆشکەری گەشە و پەرەسەندنی ڕاپەڕینی کوردەکانی باکوور بە سەرۆکایەتیی یەزدانشێر برازای بەدرخان بووە. لەماوەیەکی کورتدا ئەم ڕاپەڕینە بەشێکی بەرچاوی لە خاکی کوردستانی لەخۆ گرتۆتەوە و شاری بتلیس، سیرت، مووسڵ و ناوچەکانی باشوری گۆمی وان و هتد کەوتونەتە ژێر دەستەڵات و کۆنترۆڵی هێزی ڕاپەڕین. ئەم ڕاپەڕینە پاش گیرانی یەزدانشێر لە کاتی وتووێژ لەگەڵ تورکەکاندا، بەرەو کوژانەوە چووە.

کورتە لێکدانەوەیەکی ئەم ڕووداوانە پیشاندەری ئەم ڕاستییەن، هەتا کورد دەوڵەت و کیانی خۆی نەبێ، خەڵکەکەی بە هۆی جۆراوجۆر قوربانی شەڕ و ململانێ دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەبێ، نەتەوەی باڵادەستیش بۆ سەقامگیریی دەستەڵاتی خۆی هەوڵدەدات بە چەشنی جۆراوجۆر کورد و نەتەوەکانی دیکە بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی یان بێبەزەییانە سەرکوتیان بکا.

***

بابەتی «قەرە فاتمە» ڕێکەوتی ٨ی نوامبری ١٨٨٧ لە ڕۆژنامەی «پال مال» لە لەندەن چاپ و بڵاو بۆتەوە، بە داخەوە ناوی

نووسەرەکەی دیار نیە.

ئێستا بوونی قەرەفاتمە لە ئەستەمولّ سەرنجی خەڵکیی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. ژنە شەرڤانێکی بە شەوکەت لە کوردستانەوە کە بۆ سەردانێکی کورتخایەن هاتۆتە پایتەختی تورک (ی عوسمانی). مێژووی ئازایەتیی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەستپێکی شەڕێ کریمە، کە ئەو ڕێبەری ژمارەیەکی گەورە لە خۆبەخشەکانی کورد بوو، کەسێک کە بە ئازایەتییەکی بێوێنە شەڕی بۆ تورکیە کرد. دەوڵەتی عوسمانی بە لەبەرچاوگرتنی خزمەتەکانی، مانگانە ٥٠٠٠ قروشی وەک پارەی خانەنشینی بۆ بڕیەوە، بڕی پارەیەکی کەم کە ئیجازە دەدا بە ئاسوودەیی پێی بژی. ئەو کەسێکی بالاّبەرز، باریکەڵە، دەم و چاو ڕەشتاڵەی هەڵۆ ئاسایە، کۆڵمەکانی لە ڕەنگی پێستەیە و شوێنی برینی بەسەرەوە دیارە. بە جلوبەرگی نەتەوایەتیی خۆیەوە کە هی ڕەگەزی سەخت (پیاوان)ە، نەک ژن، بەڵکوو وەک پیاوێکی٤٠ ساڵە دەنوێنێ کە هەرگیز تەمەنی ٧٥ ساڵان بەخۆیەوە نابینێ. بە شێوەی قازاقەکان شمشیرێکی درێژ بە دەسکی سەنگدارەوە، بە شانیەوەیەتی؛ میداڵیاکانی سەر سینگی دەدرهوشێنەوە و بریقەیان دێ، و زێواری سەرقۆڵەکانی وا پیشان دەدەن کە دەبێ کاپیتانێکی سپای عوسمانی بێ. چاودێریی ئەم کەسایەتییە سەرنجراکێشە کە بە شەقامەکانی ئەستەمولدا تێدەپەڕێ، وەبیرهێنەری یەکێک لە دیمەنەکانی هێرشی سپایی ‹جەنەڕال لێسپیناس›ە لە دۆبرودیا کەمێک پێش گەیشتنی سپای هاوپەیمان بۆ کریمەیە. ڕۆژێک جەنەڕال کاتی جگەرەکێشان و قسەکردن لەگەڵ چەند کەس لە برادەرە ئەفسەرەکانیدا لە نێو خێوەتەکەی، دەنگی مۆسیقایەکی نامۆ، هەمەڕەنگی تێکەڵاو لە دەهۆڵ و کەرەنای و تەپڵۆکە و زریکەی قیژاندنی مرۆڤی لە دوورەوە ژنەفت. ئەم بەزمگێرییە سەیر وسەمەرەیە لە کوێوە دێ؟ تەواوی پیاوەکانی نێو خێوەتەکە کاتێک ئاوڕیان دایەوە بۆ ئەوەی گوێ بدەنێ و سەرچاوەی دەنگی ئەو مووزیکە دیاریی بکەن، دەستەیەکی نزیک بە ٣٠٠ پیاوی ئەسپ سواریان دی کە بە تەقڵەکوت لە گردێکەوە دێنە خوارێ و لەوان نزیک دەبنەوە. لە پێشیانەوە ژنێکی دەم و چاو ڕەشتاڵەی ئەندام توندوتۆڵ بوو، کە بریقە لە چاوانی دەهات. ئەمە دیمەنی شێرەژنێکی بە تەواوی مانا بوو. ئەو پاش دابەزینی لە زینی ئەسپەکەی، بە شان و شکۆوە سلاّوی سەربازیی لە جەنەڕال لێسپیناس کرد و بە یاریدەی وەرگێڕەکەی پێی ڕاگەیاند کە بۆ شەڕ لەگەڵ ڕووسەکان هاتووە و خۆی و کوردە دلێرەکانی سەرجەم لە خزمەتی ئەو دان. ئەو شەوە، لە نێو دەستەی سپایی سوارە فەرەنسییەکان جێگە و ڕێگە بە پیاوەکانی درا، بەلاّم ئەوان لەوەی بەو شێوازە حاوێنراونەتەوە ناڕازی بوون. ئەوان خوازیاری سەربەخۆیی خۆیان بوون، کە تەنانەت بەڕێوەبەر و ڕێبەرەکەشیان نەیدەتوانی لێیانی زەوت بکا. کەڕەی بەیانی هەموو چوونە سەرپشتی ئەسپەکانیان و بەسەر گردەکەدا سەرکەوتنەوە هەتا بەو موزیکە سەیر و و تیژ و ناسازە کە ئاگاکەرەوەی نزیکبوونەوەیان بوو، بەرەو پیری گزینگی بەربەیان بچن.

لە ژمارەی ٧٢٩ی"کوردستان"دا بلاّو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

----------------------------------------

# نیولیبڕاڵیزم لە ئاوێنەی مێژوودا

## پێناسە و بنەماکانی نیولیبڕاڵیزم

چەمکی نیولیبڕاڵیزم بە چەشنی جۆراوجۆر پێناسە کراوە. «دیوید هاروی»، بیرمەندی مارکسیست و مامۆستای جوغرافیا و مرۆڤناسیی زانستگای نیویۆرک، نیولیبراڵیزم وەکوو پرۆژەیەکی سیاسی - چینایەتیی کۆی سەرمایەداران پێناسە دەکا کە داسەپێنەری دەسەڵاتی سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵگەیە و هەوڵ دەدا هێز و توانای چینی کرێکار کۆنترۆڵ بکا. لە ڕوانگەی «ئەحمەدی سەیف»، ئابووریناس، مامۆستای خانەنشینی زانکۆی ستافۆردشر و مامۆستای ئێستای کۆلێژی ڕیجنتزی بریتانیا، نیولیبڕاڵیزم «کۆی سیاسەتگەلێکە کە تێ دەکۆشێ دەستوورەکانی بازار بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵ بکا. دەستووری بازاریش بریتین لە کالاکردنی هەموو ئەو شتانەی کە بۆ مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ واجب و پێویستن».

بە گشتی، بیرۆکەی نیولیبڕاڵیزم، بازار وەکو بنەمای سەرەکی و ناوەندیی کۆمەڵگەی مودێرنی سەرمایەداری پێناسە دەکا و لەم پێوەندییەدا پێویستە سیاسەتە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانی هەر وڵاتێک هەلومەرجی شیاو بۆ کارامەبوونی بازار و ئازادییە کارخولقێنەرەکان مسۆگەڕ بکا. لە ڕوانگەی نیولیبڕاڵەکانەوە ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە پێکهێنان و پاراستنی چوارچێوەیەکی شیاو بۆ کار و باری بازار و دەستەبەرکردنی مافی خاوەنداریەتی خۆیی(١). لەم ڕەوتەدا سەرەڕای پێویستیی بازار بە پشتیوانی دەوڵەت، ڕادەی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کار و باری بازار تا ئاستێکی زۆر، کەم دەکرێتەوە.
تایبەتمەندی نیولیبڕاڵیزم، بە ئابووریکردنی هەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤە. بە باوەڕی نیولیبڕاڵەکان بازار باشترین ڕێگا بۆ ڕێکخستنی تەواوی بوارەکانی ژیانە، بەڵام بازار هاوکات پێویستی بە پشتیوانیی یاسا و دەسەڵاتی دەوڵەتی هەیە. نیولیبڕاڵەکان بە پێچەوانەی لیبڕاڵە ئابوورییە کلاسیکەکان، لە لایەکەوە بازار شیاوی هەموو بوارێکی ژیان، و ژیانیش شیاوی بە ئابووریکردن دەزانن، لە لایەکی دیکەشەوە ڕکەبەری وەک دیاردەیەکی ئاسایی پێناسە دەکەن و پێیان وایە پێویستە ئەم دیاردەیە وەڕێ بخرێ، هان بدرێ و هاسانکاری و پشتیوانیی لێ بکرێ، هەروەها جاروبار یارمەتی دارایی پێ بکرێ. هەر لەبەر ئەوەیە کە نیولیبڕاڵەکان کێشەیەک لەوەدا نابینن کە بازارەکان جار و بار خەڵک بەرەو هەڵدێری هەرەسهێنان بکێشن، و دەوڵەت و هتد بێن و بازار بگەڕێننەوە سەر شوێن و پێگەی هەوەڵی خۆی.

هەرچەند پەرەگرتنی سیاسەتە ئابووریەکانی نیولیبڕاڵی لە هەموو جیهاندا یەکسان و هاوشکڵ نەبووە، بەڵام نیولیبڕاڵەکان خاوەن خاڵی هاوبەشیشن، بۆ وێنە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە:

- بازار باشترین و شیاوترین دەزگایە بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان لە ڕەوتی بەرهەمهێنان و دابەشیندا.
- کۆمەڵگە لە خەڵکێکی (بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری) ئازاد و خودموختارییەک پێک هاتووە کە ئەنگیزە و هاندەریان تەنیا بە پێی

بەرژەوندی و ڕەچاوکردنی ئابووری دیاری دەکرێ.

- «ڕکەبەری» بزوێنەری سەرەکیی بازار بۆ داهێنانی شتی نوێ و نوێکارییە.

توێژەران ٣ دەستە لە سیاسەتە ئابووریەکانی نیولیبراڵییان دیاری کردووە:

- ڕزگارکردنی ئابووری لە ڕێگای لابردنی کۆنترۆڵی نرخەکان و هەڵگرتنی چاودێری لەسەر بازارەکانی سەرمایە، هەروەها کەمکردنەوەی بەربەستە بازرگانییەکان.

- دابەزاندنی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووری و خۆییکردنی بنکە دەوڵەتییەکان، هەروەها ئەوانەی کە بە پێداگریی ماڵیاتی و ڕێگری لە دەرخستنی پارەیەکی زۆر و براندنەوەی کەمیی بودجە، پارێزەری سەقامگیریی گەورە ئابورییەکانن.

- لابردنی یارمەتیی دارایی دەوڵەت.

**لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، وێدەچێ نیولیبراڵەکان لە سەر سەر سێ خاڵ کۆک بن:**

١- بازرگانیی ئازادی شتومەک و خزمەتگوزاری.

٢- سووڕانی ئازادی سەرمایە.

٣- ئازادیی سەرمایەنانەوە.

لایەنگرانی نیولیبراڵیزم بە یارمەتی «سندووقی نێونەتەوەیی پارە» و «ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی» بەشێکی بەرچاو لە وڵاتەکانیان مەجبوور بە ملدان بەم چوارچێوەیە کردووە، واتە ئێستا زۆربەی دەوڵەتەکان بە چەشنێکی لاوەکی لەگەڵ پەرەسەندنی دەسەڵاتی بازار، دابەزینی بەرچاوی خەرج و مەخارجی گشتی و ڕێساکانی دەوڵەتی و ملدان بە بیری تاکایەتین، تەنانەت ئەگەر لەم پێوەندییەدا بە میلیۆن کەس دۆڕاوی ئەم چەشنە سیاسەتە بن. لەوەدەچێ بەڕێوەبردنی ئەم چەشنە جیهانبینیە ئابوورییە لە ساڵەکانی داهاتوودا جیاوازیی باکوور و باشوور و
نابەرامبەری جیهانیی گەلێک ئاڵۆزتر و خراپتر بکا.

نیولیبراڵیزم بە پێداگری کردن لەسەر عەقڵانییەتی ئابووری،(٢) تاکایەتی و بەرژەوندیی شەخسیی هەوڵ دەدا ڕێپیشاندەری هەموو کار و هەنگاوێکی نێو کۆمەڵگە بێ و بە دیاریکردنی ئامانجە ژێربێژانە، تاکخوازانە و خۆپەرەستانە، وەکوو ڕێپیشاندەری تەواوی ئاکارەکانی مرۆڤایەتی، خۆی وەکوو زانستێکی کۆمەڵایەتیی جیهانی (Global) کە توانای شیکردنەوەی هەموو ئاکارێکی مرۆڤی هەیە، پێناسە بکا. چڕبوونەوەی نیولیبراڵیزم لەسەر تاک بە مانای بە ناپێویست زانینی چەمکگەلێک وەکوو «بەرژەوندیی گشتی» و «کۆمەڵ» و سڕینەوەی ئەوان لە بیر و دەروونی کۆمەڵگە و یاسا دەوڵەتییەکانە. جێگای سەرسوورمان نییە کە نیولیبرالەکان خەڵک بە هۆی بێکاری و نابەرامبەری و هەژارییەوە سەرکۆنە دەکەن نەک سیستمی پێکهێنەر و سیاسەتەکانی نیولیبراڵی و پارێزکارانەی دەستەڵاتدارەکان.

بە پێچەوانەی بۆچوونی دوکترینی نیولیبراڵ کە باس لە سڕینەوەی ئایدیۆلۆژی لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکەن، جیهان شایەدی داسەپاندنی بیرو هزری نیولیبراڵی لە قۆناخی نوێی بە جیهانیبوونی سەرمایەداری واتە سەرهەڵدانی «ئابووریی جیهانی» و

یەکپارچەکردنی ئایدیۆلۆژیی لە تەواوی بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری، هەروەها کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و نیزامی مرۆڤە. ئازادیی بازار و ئاڵوگۆڕ(٣) بنەمای فیکری و کرداریی ئەم ئابووری جیهانیییەیە. لەم پێناوەدا پێویستە دەروازەی تەواوی وڵاتەکان بێ هیچ مەرجێک بۆ کەلوپەلی شیرکەتە بان نەتەوەییەکان بکرێتەوە و هیچ ئاستەنگییەک لە بەرامبەر هاوردەکردنی ئەواندا نەبێ. بەم پێیە «شەڕ»ێکی ڕاستەقینەی ئابووری بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپێنراوە.

بە جیهانیبوونی ئاڵوگۆڕ بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی بڕی نابەرانبەری لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا. بە پێی ڕاگەیاندنی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەگەشەکردن، وڵاتە هەژارەکان هەژارتر دەبن و هیچ پێوەندییەک لە نێوان پێداویستی و سەرمایەنانەوەدا نییە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ی زایینیدا ئاستی سەرمایەنانەوەی ڕاستەوخۆ لە ئەفریقایەک کە تەنانەت ژێرپێکهاتەیەکی جیددیشی لە هەموو ئاستەکاندا نییە، پتر لە سەدا ٢٧ دابەزیوە. ئەم سەرمایەنانەوەیە بەرانبەر بە ١,٢ میلیارد دۆلار واتە سەدا ٣ی تەواوی سەرمایەنانەوەی جیهان بووە. بە پێێ ئامارێک کە لە لایەن خانمی «بئاتریس مارە»، نوێنەری پێشووی پەرلەمانی فەرانسە لە کۆبوونەوەی «سیاتێلی ئەمریکا»، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٩٧دا، بڕی چوونەسەرەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ١٧کەرەت و قەبارەی بەرهەمهێنان تەنیا ٦ جار بووە. بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەی لێکدانەوەکانی داهاتوو و ئاگاداریی نێونەتەوەیی (CEPIT) لە پێوەندیی لەگەڵ تیۆری ئازادکردنی ئاڵوگۆڕ، «لە ساڵانی ١٩٩٥ - ١٩٨٠دا، نرخی نێونجی گەشەسەندنی ساڵانەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندنی ئەندامی «گات(٤)، لە ساڵی ١٩٨٦ بە زەحمەت زۆرتر لە نرخی گەشەسەندنی ئەو وڵاتانە بوو کە لەو ڕێکەوتەدا ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە نەبوون (٢,٢٪ لە بەرانبەر ٢,١٪).

**پەراوێزەکان:**

١- Private ownership مالکیت خصوصی

٢- مەبەست لە عەقڵانییەتی ئابووری (Economic rationality) هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی بەرژەوندیی ماددی تاک لە چوارچێوەی بایخدان بە دابینکردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری زۆرتر بۆ بەکارهێنەر و سوود و قازانجی زۆرتر بۆ بەرهەمهێنەرە.

٣- Exchange, مبادله

٤- گات کورتکراوەی "General Agreement on Tariffs and Trade" واتە ڕێکەوتنامەی گشتی تاریفە و بازرگانییە. ئەم بەڵگەنامەیە بریتیی لە ٣٨ ماددە و ٤ بەش کە لە ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٤٧ لە نێوان ٢٢ وڵاتی پێشکەوتوو و سەنعەتی لە شاری ژنێوی سویس واژوو کراوە. لە ساڵی ١٩٩٤ واتە کۆتایی ژیانی ئەم ڕێکەوتنامەیە، ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ١٢٣ وڵات. بە گشتی گات ڕێکەوتنێک بۆ دابەزاندنی تاریفەی گومرگیی، لابردنی ئاستەنگی و بەربەستەکانی بازرگانی ئازاد بوو و ئێستا وەکو ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی بوونی نییە و جیگای خۆی بە ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی داوە.

(لە ژمارەی ٧٣٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# نیولیبڕاڵیزم لە ئەزموونی زەمەندا

مێژووی سەرهەڵدانی نیولیبڕاڵیزم وەک ئایدیۆلۆژییەک دەگەڕێتەوە کۆتایی ساڵەکانی دەیەی ١٩٣٠، کاتێک لە پاریس، دەستەیەک لە ڕووناکبیرە لیبڕاڵەکان لە ساڵی ١٩٣٨دا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی مەترسییەکانی تەوایەتخوازیی "حیزبی نازی ئاڵمان" و بەرنامەدارشتنی کۆخوازانەی ئابووریی دەوڵەتی "کینزی" ئینگلیس و سیاسەتی نوێ ئەمریکا واتە "نیوودیل"ی فرانکلین ڕۆزوێڵت لێک بدەنەوە. ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە داهێنانی چەمکی نیولیبڕاڵیزم و گەڵاڵەکردنی بیرۆکەیەک بوو کە "گرنگیی دەوڵەت وەکو پارێزەی "بازاری ئازاد"ی لە پێوەندی لەگەڵ مسۆگەرکردنی ڕەوتی بەرێوەبەری قانوون دەدی.

بەشێک لە هۆیەکانی پێکهاتنی نیولیبڕاڵیزم پێوەندی بە ڕێبازی ئابووری ئوتریش (نەمسا)وە هەیە. بەپێی ئەم ڕێبازە "لابردنی هەر چەشنە نفووز و کۆنترۆڵێکی دەوڵەت بۆ دەرخستنی پارە و لە ڕاستیدا سەرجەمی بەشەکانی سیستمی ئابووری، تەنیا ڕێگای گەیشتن بە بازارێکی ڕاستەقینەی ئازادە". لەو کاتەدا ئابووری، ڕاستەوخۆ گرێدراوی دوو بۆچوونی لودویگ فۆن میزس(١٨٨١ - ١٩٧٣) و فردریش فۆن هایک (١٨٩٩ - ١٩٩٢) بوو، کە بە هۆی دارشتنی چوارچێوەی سەرەتایی ئایدیۆلۆژیی نیولیبڕالەکان وەک باوکی نیولیبڕاڵیزم پێناسە دەکرێن. لە ڕوانگەی فۆن میزس - دوە "خۆویستیی قانوون بنەمای کۆمەڵگەیە" و بۆ هایکیش "ئازادیی بازار سەرتر لە ئازادییەکانی دێموکراتیکە و تەنیا کاپیتالیزم توانای مسۆگەرکردنی دێموکرسی هەیە".

شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆچکردنی ئابووریناسەکانی ئوتریشی وەکوو فۆن میزس، فریتز مەکلاپ و مایکەڵ پۆلانی، بوو بە هۆی پەرەسەندنی بیری نیولیبڕاڵی لە تەواوی جیهان. پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ڕێکخراوە و ڕێبازە نیولیبڕاڵییەکان وەکو ئەنجوومەنی مۆنت پێلرین پێک هات، ئەم ڕێکخراوەیە لقە جۆراوجۆرەکانی نیولیبڕاڵیی وەکو کۆچەرە ئوتریشییەکان، ڕووناکبیرە بریتانیاییەکانی ڕیبازی ئابووری لەندەن و زانستگای مەنچستر، ئەمریکاییەکانی ڕێبازی شیکاگۆ، هەروەها میلتن فریدمن و ئاڵمانییەکانی ڕێبازی فرایبورگی لە دەوری یەک کۆکردەوە.

درەنگتر، ڕێکخراوەکانی ژووری بیرو هزری نیولیبڕاڵیزم وەک ئەنستیتوی کاروباری ئابووری لەساڵی ١٩٥٥ لە بریتانیا و ناوەندی کەلەپوور لە ساڵی ١٩٧٣ لە ئەمریکا دامەزران. ئەم ناوەندانە دژ بە سیاسەتی کینزی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کار و باری بازار بوون. داکەوتنی سیستمی "برێتۆن وودز" لەساڵی ١٩٧١ کە هاوکات لەگەڵ ڕاگرتنی قابلییەتی گۆڕانی دۆلار بە دراو لە ئەمریکا بوو، دەرفەتێکی باشی بۆ بردنە پێشەوەی پرۆژە سیاسییەکانی نیولیبڕاڵیی وەکوو "بەهرەبەریی، کەمترین ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت و بازارە ئازادەکان" پێک هێنا.

پرۆژەی نیولیبڕاڵیزم لە ڕاستیدا لە لایەن کۆی چینی سەرمایەدارەوە بۆ بووژاندنەوەی هێزی چینایەتی و بەرهەڵستکردنی هێزی چینی

کرێکار هاتە بەرهەم و هەوڵی ویشککردنی ئەمامی لە حاڵی گەشەسەندنی کۆمۆنیزمی دەدا. هێزەکانی چەپ لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینی سەدەی ڕابردوو، هاوکات لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە توانییان بەشێکی بەرچاو لە ویستەکانیان وەکوو "بەرگریی لە ژینگە، ئاسایش و سڵامەتی پیشەیی، پاراستنی مافی بەکارهێنەر و گەلێک شتی دیکە بەسەر سەرمایەدارەکاندا بسەپێنن، ئامانجی تەواوی ئەم بزووتنەوە و خەباتانە بە هێزترکردنی چینی کرێکار بوو. چینی دەستەڵاتداریش لەم بارودۆخە مەترسیدار و هەستیارەدا بۆ بەرهەڵستکردنی هێزی چینی کرێکار کەڵکی لە بیرۆکەی نیولیبراڵی وەرگرت. ئەم پرۆژەیە لە زۆربەی بوارەکاندا پرۆژەیەکی دژ بە شۆڕش و سەرکووتکەری بزووتنەوەکانی شۆڕشگێرانە لە وڵاتەکانی لە حاڵی گەشەسەندن وەک موزامبیک، ئانگۆلا و هتد بوو. تەنانەت دەستەیەک لە ئابووریناسەکانی شیلیا، بارهاتوو لە ژێر سەرپەرستی میلتن فریدمن لە زانستگای شیکاگۆ، پاش سالانی ١٩٧٣ یارمەتیدەری دیکتاتۆرێک وەک ئاگۆستیو پینۆشە، بە پێی بیرو هزری ئابووریی ئازاد بۆ خۆییکردنی ئابووری لە شیلیا بوون.

لە دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوو، بەشێک لە سیاسەتوانانی ڕاست وەکو مارگرت تاچێر لە بریتانیا و ڕۆناڵد ریگان لە ئامریکا، پاریزەرانی پرۆژەی ئابووری نیولیبراڵەکان بوون. تەنانەت دنگ شیائۆپینگ، ڕێبەری کۆماری گەلی چین لە ساڵی ١٩٧٨ هەنگاوگەلێکی گرینگی بۆ ئازادکردنی ئابووریی، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی ڕیساکانی کۆمۆنیستی لە چین هەڵ گرت. پاش ئەوەی کە تاچێر و ریگان بە دەستەڵات گەیشتن ڕەوتی دابەزینی بەرچاوی باجی دەوڵەمەندەکان، سەرکوتی یەکیەتی کرێکاران، لابردنی ڕێساکان، و ڕکەبەری لە خزمەتگوزاری گشتیی دەستی پێکرد. خۆییکردنی خزمەتگوزارییەکانی گشتی وەکوو وزە، ئاو، قەتار، ساغیەتی و سڵامەت، بارهێنان، ریگا و بان، هەروەها بەندیخانەکان یان بە وتەیەکی دیکە، ئەسپاردنی ئەوان بە بازار، ئەم دەرفەتەی بە بنگەکان دا هەتا بنکەکانی وەرگرتنی باج وەرێ بخەن. سیاسەتە نیولیبراڵییەکان لە ریگای سەندووقی نێونەتەوەیی پارە، بانگی جیهانی، پەیمانی ماستریخت و سازمانی بازرگانی جیهانییەوە، ناڕەزاییەکی زیاتری لەنێو بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی جیهان پێک هێنا. سەرنجڕاکێش، قەبووڵ وبەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی نیولیبراڵی لە لایەن حیزبگەلێک وەکوو کرێکار و دێموکراتەوە بوو کە سەردەمێک خۆیان لە بەرەی چەپدا دەدیتەوە.

لە کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە بریتانیا، بوو بە هۆی ئاوسانی ئابووری، دابەزینی بودجەی دەوڵەت و بەرزبوونەوەی خەرج و مەخارجی دەوڵەتی خۆشبژیویی کرێکار، هەروەها بێکاری بەرفراوان و مانگرتنی کرێکاریی و پەنابردنی دەوڵەتی حیزبی کرێکاری ئینگلیس بۆ سندووقی نێونەتەوەیی پارە و وەرگرتنی قەرز لە ساڵەکانی ٧٦ - ١٩٧٥. لەم پێوەندییدا دوو بەربژار بەرەورووی حیزبی کرێکار بووەوە: قوربانیکردنی بەرژوەندی دارایی دەوڵەتی بریتانیا واتە چاوپۆشی لە"لیرەی بە هێزی ستێرلینگ" لە جیهانی سەرمایەداریی ماڵیی، یاخود مل دانەواندن بۆ شەرت و مەرجەکانی سیاسەتی ڕەنج و سەختیی سندووقی نێونەتەوەیی پارە، واتە دابەزاندنی بودجە و خەرج و مەخارجی خۆشبژیویی. حیزبی کرێکاری بریتانیا بە هەڵبژاردنی خاڵی دووهەم لە کردەوەدا دژ بە بەرژوەندی ماددی پارێزەرانی نەریتی خۆی جووڵایەوە. ئەم سیاسەتە ناڕەزایەتی و کشانەوەی لایەنگرانی دێرینەی حیزبی کرێکار و لە ئاکامدا شکستی ئەوان لە ڕیفراندۆمی ١٩٧٩ و سەرکەوتنی مارگرت تاچێری لێ کەوتەوە.

تاچێر وەک نوێنەری نیولیبرالیزم هەموو هەوڵی خۆی تەرخانی لەنێو بردن و پاککردنەوەی تەواوی شوێنەوار و نیشانەکانی حکوومەتی ڕابردوو و جێگیرکردنی نیولیبرالیزم کرد و لە ماوەی دە ساڵدا بریتانیای کردە وڵاتێک بە داهاتی تا ڕادەیەک کەم و هێزێکی کرێکاری دەستەمۆ (بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئورووپا). تاچێر بە کردنەوەی درگا بۆ سەرمایەنانەوەی بیانی، بەرگری نەکردن لە بەرژوەندیی پیشەسازیی خۆماڵیی و ڕێدان بە ڕکەبەری و سەرمایەنانەوە لە پیشەسازیی بریتانیا، نەک هەوڵی بۆ دابەزاندن و لاوازکردنی زۆرتری یەکیەتییەکانی کرێکاری دا، بەڵکوو لە ماوەی چەند ساڵدا بەشێکی بەرچاوی سەنعەتی نەریتی بریتانیای وەکوو پیشەسازیی پۆڵای شێفیلد، کەشتیسازیی گلاسکۆ و سەنعەتی خۆماڵیی ماشێنسازی، لەنێو برد و بریتانیای کردە گۆڕەپانی چالاکی شیرکەتە ژاپۆنییەکان کە هەوڵیان دەدا دەستیان بە بازارەکانی ئورووپا بگا. ئەم شیرکەتانە کەڵکیان لە کرێکارانی دەرەوەی یەکیەتی کرێکاران وەردەگرت کە ملیان بە شێوەی کاری ژاپۆنی دابوو.

بریتانیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە خاوەنی کۆنترین حیزب و یەکیەتیی کرێکاران، هەروەها دەوڵەتی خۆشبژێوی ئورووپایی بووە، هەوەها پاش شەڕی دووهەمی جیهانی هەتا پێش دەیەی ١٩٦٠ نموونەیەکی باش لە دەسەڵاتی کرێکاریی لە ئورووپا بوو، و لە نێوان ساڵانی دوو شەڕی جیهانیدا لە سەدا ٧٠ی ڕێژەی دانیشتووانی چالاکی ئابووریی بریتانیا کرێکارانی جەستەیی پیشەسازیی، کانزایی و بیناسازیی بوون. لە هیچکام لە وڵاتە ئورووپاییەکاندا ئەم ڕێژەیە تەنانەت نەدەگەیشتە سەدا ٥٠ و لە ئەمریکا سەدا ٤٠ یش. وێدەچێ هۆی بەشێک لە دابەزینی گرنگی چینی کرێکار لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠ لە سەردەمی تاچێردا، پێوەندیی بە داکەوتنی ژمارەی ئەوان لە نێوان دانیشتووانی بریتانیا بووبێ. بریتانیا لە درێژایی چەند دەیەدا لە کۆمەڵگەیەکەوە کە زۆرترین ژماری چینی کرێکاری هەبوو، بوو بە کۆمەڵگایەک کە ڕادەی پرۆڵتاریای بە بەراورد لەگەڵ سوید، ئاڵمان، فەرانسە و ژاپۆن گەیشتە ئاستێکی نزمتر. مارگارێت تاچێر لە ڕێگای خۆیبکردنەوە، هەوڵی خۆی بۆ تێکشکاندنی هێزی یەکیەتیی کرێکاران دا. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٩٤دا، ڕێژەی کار لە بەشی دەوڵەتیی بریتانیا لە ٧ میلیۆنەوە بۆ ٥ میلیۆن دابەزی.

بۆ تاچێرێک کە باوەڕی بە بوونی دیاردەیەک بە ناوی کۆمەڵ نەبوو و تەنیا ژن و پیاوی جیاجیای دەدی، شۆڕاکانی شار (کە بە پێی ئامانجی سۆسیالیزمی شاری بەرێوە دەچوون)، بەربەستێک لە سەر ڕێگای سیاسەتەکانی نیولیبرالی ئەو بوون. بەم پێیە، بە کەمکردنەوەی بودجە و چاکسازیی لە کاروباری دارایی شارەوانییەکان و شۆڕای شار، هەروەها دانانی ماڵیاتی سەرانەی کۆنەپارێزانە لەجێی باجی ملک و ماڵ، دەستی بە سەرکوتکردنی شۆڕاکان کرد. خۆیبکردنی بەشەکانی ئابووری و پێشەسازیی وەکو پیشەسازیی هەوا - کەشی "فەزایی"، دەزگای هەوالگری (موخابەرات)، ڕێگای هەوایی بریتانیا، پیشەسازیی پۆڵا، کارەبا، گاز، نەوت، خەڵووز، ئاو، پاسی نێو شار، هێڵی ئاسن و گەلێک شیرکەتە بچووکە دەوڵەتییەکان، هەروەها قازانجی زۆری زەوییە ئازادکراوەکان بوو بە هۆی پڕبوونی خەزێنەی دەوڵەتی تاچێر.

سیاسەتەکانی نیولیبرالی بەگشتی، زۆرتر بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی نابەرامبەریی کۆمەڵایەتی هەتا گەشەسەندنی ئابووریی و کارامەیی. بۆ وێنە بە پێی ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەی ئیندیپێندتی بریتانیا، بەرهەمی ٤٥ ساڵ نیولیبرالیزم لە بریتانیا بریتی لە

هەژارییەكی بەربڵاوە لە نیوان منداڵانی بریتانیا تا ئەو ڕادەیەی كە نزیكەی سەدا ٤٥ ی منداڵان لە لەندەن، بیرمێنگهام و مەنچستر ژیانێكی هەژارانەیان هەیە، هەروەها ١٤ ملیۆن كەس لە بریتانیا تووشی هەژاری بوون كە بەرامبەر بە یەك لە پێنجی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم وڵاتەیە.

نموونەیەكی دیكەی نیولیبرالیزم، سیاسەتەكانی دەوڵەتی ڕیگانە. ڕێگان لە ساڵی ١٩٨٠ وەكوو نوێنەری حیزبی كۆماریخواز و نیولیبراڵەكان بوو بە سەرۆك كۆماری ئەمریكا. ڕێگان سیاسەتەكانی نیولیبراڵی بە بیانووی خەبات لەگەڵ ئاوسانی ئابووری لە هەموو ئەمریكادا بەڕێوە برد كە بریتیی بوون لە: دابەزاندنی پانتایی و نێوەڕۆكی چاودێری و كۆنترۆڵی دەوڵەتی فیدراڵ لەسەر گشت چالاكییە پیشەسازییەكان، چۆنیەتی شوێنی كار، چاودێری پزیشكی، پاراستنی مافی بەكارهێنەر و كەمكردنی بودجە، هەروەها لابردنی ڕێساكانی پێوەندییدار بە لایەنە داراییەكان، سەرمایەنانەوە و پێداچوونەوەیەكی بەرفراوان بۆ دیاریكردنی باج (ئەم دەرفەتەی بە زۆربەی شیركەتەكانی سەرمایەنانەوەی دا هەتا هیچ باجێك نەدەن)، هەروەها ڕادەستكردنی بێ بەند و بەستی داراییەكانی گشتی بە بەشی خۆیی. ڕێگان بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتی نیولیبراڵی پێویست بوو چۆك بە یەكیەتیی كرێكاران دادا. ڕێگان لە ڕێگای وروژاندنی یەكیەتیی كارگێرانی كۆنترۆڵی هەوایی بۆ مانگرتن و پاشان تۆڵە لێسەندنەوە لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەكەوە، هەروەها گواستنەوەی چالاكییە پیشەییەكانی خاوەن یەكیەتی لە ناوچەكانی باكووری ڕۆژهەڵات و باكوری ناوەندیی بۆ ئەیالەتەكانی باشوری ئەمریكا كە خاوەنی یەكیەتیی كرێكاری نەبوون و بە پیی یاسا پێویست نەبوو كرێكاران ئەندامی ئەم یەكیەتییانە بن، دەستەڵاتی یەكیەتیی كرێكارانی لاواز كرد.

كێوین فیلیپس توێژەری كۆماریخواز و یاریدەدەری پێشووی نیكسۆن سەرۆك كۆماری ئەمریكا لە كتێبی "سیاسەتی دەوڵەمەند و هەژار - ١٩٩٠" ئاكامەكانی سیاسەتی ڕێگان شی دەكاتەوە. ئەو باس لە چۆنیەتی گۆڕانكاری بەشینەوەی داهات لە ساڵانی ١٩٧٧ هەتا ١٩٨٨ بە پێی سیاسەتەكانی دوكترینی نیولیبراڵ دەكا. لە درێژایی دەیەی ١٩٨٠ مامناوەندی داهاتی لە سەدا ١٠ی بەشی سەرەوەی بنەماڵە ئەمریكاییەكان هەتا سەدا پێنج، و لە سەدا پێنجیان هەتا سەدا بیست و سێ بەرز بۆتەوە، بەڵام ئەم ڕادەیە لە سەدا یەكی هەرە خۆش شانسەكەیان بە هۆی سیاسەتەكانی ڕێگانەوە هەتا سەدا ٥٠ چۆتە سەرێ و داهاتی ئەوان لە ٢٧٠ هەزار دۆلار گەیشتۆتە ٤٠٥ هەزار دۆلار. بەڵام ئەمریكاییە هەژارەكان، واتە لە سەدا ٨٠ی بەشی خوارەوەی كۆمەڵگە، هەر كام بە چەشنێك شتێكیان لەدەست داوە، و ئەوانەی كە پاژێك لە هەرە خوارترین بەشی كۆمەڵگە بوون زۆرترینان لەدەست دا و داهاتی لە سەدا ١٠ی بەشی خوارەوەی ئەمریكا بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشت. بە پێی لێكدانەوەكانی فیلیپس (پێشتر)، ئەوان لە سەدا ١٥ی نزمە داهاتی خۆیان لەدەست دا: واتە خوارترین ئاستی داهاتی ساڵانەیان كە ٤،١١٣ دۆلار بوو گەیشتە ٣،٥٠٤ دۆلار . لە ساڵی ١٩٧٧، لە سەدا یەكی بەشی سەرەوەی بنەماڵە ئەمریكاییەكان مامناوەندی داهاتیان ٦٥ جار زۆرتر لەسەدا ١٠ی بەشی خوارەوەی بنەماڵە ئەمەریكاییەكان بووە.

بە پێی ڕاگەیاندنی ئیدارەی سەرژمێریی ئەمریكا سەبارەت بە میزانی هەژاری (ساڵی١٩٩٣)، جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەكان زۆرتر بووە. لە ساڵی ١٩٩٢ ٣٦،٩ ملیۆن كەس هەژار و دەس بە تاڵ بوون، ئەم ڕێژەیە ١،٢ ملیۆن لە ئاماری ساڵی ١٩٩١ و ٥،٤ میلیۆن

لە ئاماری ١٩٨٩ بەرزتر بوونەتەوە. پتر لە سەدا ٤٠ی دەستەنگەکانی ئەم وڵاتە منداڵەکان بوون. نرخی هەژاری لە نێو ئافریقاییە ئامریکاییەکان پتر لە لە سەدا ٣٣ و لە نێو سپانیاییەکاندا ٢٩,٣ بووە. نزیکەی سەدا ١١,٦ لە تەواوی سپی پێستەکان لە هەژاری و دەستەنگیدا دەژین. ڕێژەی بێ ماڵ و حاڵەکان لە ساڵی ١٩٩١ دا لە ئەمریکا ٦٠٠ هەزار کەس بووە و لەم ڕێژەیە نەود هەزار کەسیان منداڵ بوون.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا نابەرامبەریی داهات و سامان و سەروت گەلێک بەرز بۆتەوە، بۆ وێنە لە ساڵی ٢٠١١ شەش میراتبەری ئیمپراتۆری وال مارت خاوەنی نزیکەی ٧٠ میلیارد دۆلار بوون کە بەرامبەرە لەگەڵ سەدا ٣٠ی سامان و سەروەتی خوارترین بەشی کۆمەڵگای ئەمریکایی. لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا گەشەیەک لە خۆشبژێوویی باوی ئەمریکایی نەدیتراوە و داهاتی لەسەدا یەکی بەشی سەرەوەی دانیشتووانی ئەمریکا لە ماوەی ٤٠ حەوتوودا زۆرتر لە داهاتی یەک لە پێنجی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگە لە ساڵێک دایە. بە پێی ڕاپۆرتی بنکەی سلامەتی گشتیی زانستگەی ئەمریکا لە سەتا ٤٤ی منداڵانی ئەمریکایی ژێر ١٨ ساڵ (سەرەوەی ٣٠ میلیۆن) ژیانێکی هەژارانەیان هەیە. هێنری گۆنزالێس نوێنەرەی کۆنگرە و سەرۆکی کۆمیتەی کار وباری بانکی، ماڵی و شاریی کۆنگرە لە وتەیەکیدا ئاماژە دەکا کە "ئێمە کارێکمان کردووە ئەمریکاییەکان لە وڵاتی خۆیاندا ماڵ بە کۆڵ بن، ئێمە بنەماڵەگەلێک دەناسین کە لەم وڵاتەدا ئاوارەن، بەشێک لەوان لە ماشێن یان لە ژێر پردەکاندا دەخەون و ڕیزی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژیش پەرەدەسێنێ".

نمونەیەکی دیکە، بەڕێوەبردنی نیولیبراڵیزم لە کۆماری گەلی چینە. لە چین چاکسازییەکانی نیولیبراڵی بە سەرپەرەستی دەنگ شیاوپینگ توانی لە ماوەی چەند دەیە ئەم وڵاتە بکاتە یەکێک لە هێزە گرینگەکانی بازاری سەرمایەداری. هەبوونی کرێکاری هەرزان، ڕاکێشانی شیرکەتە بەرهەمهێنەرەکانی تایوانی، ژاپۆنی، کۆریایی و تەنانەت ئەمریکایی بۆ سەرمایەنانەوە لە چین، چاکسازیی خۆییکردن و گۆڕان و سپاردنی بەشێکی بەرچاو لەو شیرکەتە دەوڵەتییانەی کە پێشتر لەسەر بنەمای خاوەنداری هاوبەشایەتی دامەزرابوون، بە شیرکەتە خۆییەکان، بوو بە هۆی گەشەکردنی ئابووریی چین و دەوڵەمەند بوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین کە بەرپرسی ئەم شیرکەتانە بوون، بەڵام ئەم سیاسەتە هاوکات، بوو بە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕادەی نابەرامبەریی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی لە داهاتی چین و توێژەکانی جۆراوجۆر، سەرهەڵدانی گەندەڵیی ماڵی - سیاسیی، هێرشی خەڵکی گوند بۆ شارەکان (سەرەڕای نەبوونی مافی نیشتەجێبوونیان لە شارەکان) و سەرهەڵدانی دیاردەیەکی تازە بە ناوی کرێکاری گەڕۆک و گەشەکردنی کاری حەقدەستی و کۆبوونەوەی سەروت و سامان لە نێو دەستەیەکی تایبەت، و بەگشتی جەمسەریی بوونی کۆمەڵایەتی.

چەوساندنەوەی هێزی کار و بە تایبەتی ژنە کرێکارە لادێییەکانی کۆچەر، هەروەها ئاستی گەلێک نزمی حەقدەستی کرێکاران سەرچاوەیەکی دیکەی گردەکۆیی سەروەت و سامان لە چین بوو. بە وتەی پرۆفسۆر دوکتور "بینگ یان لی" سەرۆکی ئەنستیتوی ئابووری نانجین و مامۆستای ئەنستیتوی ئیداریی ئەیالەتی جیانگسۆ و زانستگای ناوەندی کارو باری ماڵیی و ئابووریی شاری پێکەن، دۆخی ژیانی کرێکاران لە دەیەکانی ڕابردوو لەژێر کاریگەی سیاسەتی نیولیبراڵی گەلێک خراپتر بووە. بە بەراوردی قەبارەی سەرمایەنانەوە

لە شیرکەتەکانی پلە یەک و دووی ئابووریدا، ئەمڕۆ سەدا ٥٢ ی ئابووری چین لە دەست بەشی خۆیی و سەدا ٤٨ ی لە دەست دەوڵەتدایە. ئابووری خۆیی لە سەدا ٦٣ی بەرهەمی ناساف(ناخالص)ی نەتەوەیی پێک دێنێ و ئەم ڕێژەیە بەرەو زیادکردن دەچێ. بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٥ی بەرنامەی گەشەسەندن و تەواوکاریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەدا ٥٩ی خاوەنداریەتیی لە دەست سەدا ٢٠ی توێژی سەرەوەی کۆمەڵگەی چینە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە تەنیا لە سەدا ٣ی خاوەنداریەتی بۆ سەدا ٢٠ی توێژی خوارەوەی کۆمەڵگە تەرخان کراوە. ئەم ڕێژەیە لە نێوان ئەواندا ٢١ بە یەکە. بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمیسیۆنی بەرنامەی تەواوکاریی لە پێوەندیی لەگەڵ دابەشکردنی داهات لە چین کە بۆ ئیدارەی ئاماری نەتەوەیی و ئاکادێمی زانستی کۆمەڵایەتی ئامادە کراوە لە سەدا ١٠ی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان کە بەرزترین ئاستی داهاتیان هەیە، خاوەنی سەدا ٤٥ی خاوەنداریەتی چینن، ئەمە لە حاڵێکدایە لە سەدا ١٠ی بنەماڵە هەژارەکان خاوەنی ١,٤٪ خاوەنداریەتیین و ئەم ڕێژەیە لە نێوان ئەواندا ٣٢ بە یەکە.

سیاسەتەکانی نیولیبراڵی ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەسەندنی ژیانی بەکارهێنەریی(مەسرەفی) بووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، چین بەکارهێنەری سەدا ٣٠ ی بەرهەمی خەڵووز، سەدا ٣٦ ی پۆڵا و سەدا ٥٥ ی سمیتی جیهان بووە و پاش ئەمریکا دووهەمین هاوردەکەری نەوتە. چاکسازییەکانی نیولیبراڵی چین لە کەمتر لە ١٠ ساڵدا بوو بە هۆی شێواندنی نەریتی دوچەرخە (پاسکیل) لێخورین و چوونەسەرەوەی میزانی ماشێن لێخورین، پیسبوونی لە ڕادەبەدەری ژینگەی چین و گەیاندنی ئەم وڵاتە بە پلەی شازدە لە نێوان بیست وڵاتێک کە پیسترین هەوای جیهانیان هەیە.

پاش چاکسازییەکانی بازاری ئازاد لە چین بە میلیۆن منداڵ بە هۆی هەژاریی دارایییەوە بۆ یارمەتیدانی بنەماڵە، خوێندنی مەدرەسەیان بەجێ هێشتووە و ملیان ناوەتە کاری هەرزان. کارخانە گەورەکانی پارچەچنین لە شانگهای، بێ هیچ چەشنە بەربەستێک دەتوانن کار بە منداڵانی ١٢ هەتا ١٥ ساڵ بکەن. لە ساڵانی ٩٢ و ٩٣ دا بە هۆی دابەزینی حەقدەست و نارەزایەتی کرێکاران، منداڵان جێگای ئەوانیان پڕکردۆتەوە.

(لە ژمارەی ٧٣٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

----------------------------------------------------

# کورد و ناسیۆنالیزم و ئاواتی بەدەوڵەتبوون

**دیمانە: عەلی بداغی**

**د.کامران ئەمینئاوە:** کێشەی سەرەکیی کورد نەبوونی ناسیۆنالیزمێکە کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە

"سەت ساڵ لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی تێپەڕی. ڕووداوێک کە بووە هۆی دروستبوونی چەندین وڵات لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان. ڕەوتێک کە دواتریش لەدایکبوونی کۆمەڵێک وڵاتی دیکەی لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی لێکەوتەوە. بەڵام کورد سەرەڕای خەباتی بەردەوامی بە درێژایی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش، ئەم ئاواتەی نەهاتووەتە دی، بۆ؟ هۆکارەکان چین؟ ئەم بابەتەمان لەگەڵ د.کامڕان ئەمینئاوە، نووسەر و توێژەری مێژووی کورد و ئێران تاوتوێ کردووە"

**عەلی بداغی:** یەکێک لە دەرەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی، هەڵوەشانی ئیمپڕاتووریەکان و بەهێزبوونی نەتەوەخوازی بوو، ئەوەش بوو کە بە دەیان وڵاتی نوێ هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، بۆ عەرەب لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا توانییان چەند وڵاتی نوێ دروست بکەن، لە باڵکان و ئوروپاش چەند وڵاتی نوێ دروست بوون، بەڵام بۆ کورد نەیتوانی لەو دەرفەتە کەلک وەرگرێ؟

**د.کامڕان ئەمینئاوە:** تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و دانوستانی وڵاتە زلهێزەکان هەر ئەو جۆرەی بۆخۆشتان لە پرسیارەکەدا ئاماژەتان پێ کرد، هەر چەند هۆی پێکهاتنی چەندین وڵاتی سەربەخۆی نوێ لە سەر نەخشەی جیهاندا بوو، بەڵام لە بۆ کورد، نەک ئاکامێکی باشی نەبوو، بەڵکوو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کرایە سێ کوت و چارەنووس و کێشەی کورد، هەروەها ڕەوتی خەباتی ئەوانی گەلێک ئاڵۆزتر کرد.

لەوە بەولا خەڵکی کورد تووشی شەڕ و خەباتێکی بێ پسانەوە لەگەڵ چوار دەوڵەت هات کە هەر کامیان سەر بە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوون و وێڕای تەواوی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکتری، زۆر بە هاسانی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان یەکیان دەگرتەوە. پێم وایە لەبەر ئەوەی بتوانین هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوونی کورد لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەک دەستنیشان بکەین، پێویستە بە کورتی، ئاوڕێک لەم شەڕە و ئاکامەکانی وەکوو گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم؛ هەروەها جێگە و پێگەی کورد لە ڕووداوەکاندا بدەینەوە.

دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاگۆستی ساڵی ١٩١٤ لە نێوان بەرەی ئوتریش (نەمسا) - ئاڵمان و پەیوەستبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەوان، لەگەڵ بەرەی ئینگلیس، فەڕانسە و ڕووسیە کە زۆرتر بەرهەمی گەورە قەیرانێکی مێژوویی و لە پێناوی دابەشکردنی کۆلۆنییەکان بۆ وەدەستهێنانی سوود و ئیمتیازێکی زۆرتر لە بازاڕە جیهانییەکان بوو، کوردستانیشی کردە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی ئەم دوو بەرەیە، بە تایبەتی پاش داگیرکرانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران لە لایەن بەشدارانی شەڕەوە لە سەرەتای نوامبری ساڵی ١٩١٤، کوردیش خوازیار و ناخوازیار تێکەڵاوی ئەم شەڕە بوو و وڵاتەکەشی تووشی خەسارێکی گەورەی مادی و ئینسانی هات.

دەوڵەتی عوسمانی بەپێی ئەوەی کە سیاسەتەکانی تەبایییەکی زۆری لەگەڵ بەرژەوەندیی ئاڵمان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات هەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە گرووپە دەست ڕاستییەکانی پان تورکیست و پان ئیسلامیست خوازیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی گەورەی تورک بوون و، پێشیان وابوو ئاڵمانییەکان لەم ڕەوتەدا پشتیوانییان لێ دەکەن، لە نوامبری ساڵی ١٩١٤ بە فەرمی تێکەڵاوی بەرەی ئوتریش و ئاڵمان بوو لەم شەڕەدا. سوڵتانی تورک لەبەر ئەوەی ڕەنگ و ڕووی ئایینی بە شەڕەکە بدا و پشتیوانیی موسڵمانەکانی کورد و عەرەبیش بەرەو خۆ ڕابکێشی، وێڕای فتوای جیهاد، ڕایگەیاند دەوڵەتەکانی ڕووسیە، بریتانیا و فەڕانسە هەوڵی کوژاندنەوەی ڕووناکیی ئاسمانی ئیسلام دەدەن، بەڵام ئاڵمان، ئوتریش و مەجارستان پشتیوانی ئیسلامن. ئەم «جیهادە پیرۆزە» و هەوڵەکانی تۆڕی سیخۆری تورک و ئاڵمانی، بوون بە هۆی وروژاندنی بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ڕووسەکان و، بەشداریی هاوبەشی تورک و کورد بۆ وێنە لە هێرشکردنە سەر یەکەکانی سپای ڕووس لە ورمێ، گرتنی سابڵاغ، مەراغە، تەورێز و خۆی و شارەکانی دیکە. بەڵام پاش سەرکەوتنی ڕووسەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ لە بەرەی شەڕەکانی دژ بە تورکەکاندا، تەواوی ئەو بەشانە دەکەونەوە دەستی ڕووسەکان و شەڕەکە تەنانەت ناوچەی وان، هەمەدان، کرماشان و زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران دەتەنێتەوە. پاش ئەم سەرکەوتنانەی کە ڕووسەکان بە تایبەتی لە کوردستاندا وەدەستی دەهێنن، لە مارسی ١٩١٥ ئینگلیس و ڕووسیەی تزاری گرێبەستێک بۆ دابەشکردنی خاکی ئێران لە نێو خۆیان واژۆ دەکەن.

**عەلی بداغی: بەدەر لە هەڵوێستی ڕەسمیی ئێران، هەڵوێستی کوردەکانی ئەم وڵاتە و عەشیرەتەکانی دیکەی کوردستان لە لایەنگریی بەرەکانی شەڕدا چ بوو؟**

**د.کامڕان ئەمینئاوە:** لەم کاتەدا هەرچەند ئێران بە فەرمی خۆی بێلایەن ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە کردەوەدا ڕووس و ئینگلیسییەکان لەلایەک و تورک و ئاڵمانییەکانیش لەلایەکی دیکەوە دژ بە یەک شەڕیان دەکرد و ئێران تووشی تاڵان و وێرانی و کوشتاری هەر دوو لایەنی شەڕ ببوو. ئێران تەنیا بە ڕواڵەت وڵاتێکی سەربەخۆ بوو، دەنا لێنین گوتەنی لەو سەردەمەدا نۆ لە دەی ئەم وڵاتە بە کۆلۆنی دەژمێردرا.

عەشیرەکانی کورد، بە تایبەتیی ئەوانەی لەسەر یان نیزیکەی سنووری ڕووسیە و عوسمانی بوون بە هۆی گۆڕانکاریی هێزەکانی ڕووسیە و عوسمانی، هاوپەیمانەکانی خۆیان دەگۆڕی. بۆ وێنە هەر وەکوو ئاماژەم پێکرد لە سەرەتای شەڕەکەدا عەشیرە کوردەکانی

ڕۆژهەڵاتی كوردستان زۆرتر پشتیوانییان لە عوسمانی دەكرد، بەڵام پاشەكشەی عوسمانی و پێشڕەوی ڕووسیە لە بەرەكانی شەڕدا، بوو بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی ئەم ناوچەیە و نیزیكبوونەوە و دەستپێكی پێوەندیی سەرۆك عەشیرە، بەگ، دەرەبەگ و شێخ و ئاغاكانی كوردستان لەگەڵ ڕووسەكان.

بەگشتی ڕووس و ئینگلیس لە ڕەوتی ئەو شەڕەدا وێڕای كەلك وەرگرتن لە كوردەكانی ئێران و عوسمانی، لەكردەوەدا هیچ پلان و بەرنامەیەكی ڕاستەقینەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی نەبوو، كوردیش لە باشترین حاڵەتدا بۆ ئەوان ڕۆڵی شەڕڤانێكی باش و بە جەرگی هەبوو.

**عەلی بداغی:** ئەدی ئەو هاوكێشە و هاوسەنگییە دوای كۆتاییهاتنی شەڕ چی لێ بەسەر هات؟

**د.كامران ئەمین‌ئاوە:** لە سەردەمی شەڕ و پاش تەواوبوونی شەڕی یەكەمی جیهانی وڵاتانی ڕووسیە، ئینگلیس و فەڕانسە بەپێی بەرژەندیی و هاوسەنگیی هێزەكانیان لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نیزیك، هەڵسوكەوت و مامەڵەیان لەگەڵ یەكتر و خەڵكی ئەو ناوچەیە و یەك لەوان كوردەكان دەكرد.

بۆ وێنە لە نێوان كۆبوونەوەی ئاشتیی پاریس لە ساڵی ١٩١٩ هەتا واژۆكردنی گرێبەستی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، بە پێی بەرژەوەندی و هاوسەنگیی هێزەكان، ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر لە هەڵوێستی ئەم وڵاتانە سەبارەت بە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵات و یەك لەوان كورد پێك دێ و پێم وایە خراپ نییە بە كورتی ئاماژەیان پێ بكەین.

كۆنفڕانسی ئاشتیی پاریس لە ژانویەی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٠ درێژەی هەبوو و دەوڵەتە سەركەوتووەكانی شەڕ بڕیاریان لە سەر داهاتووی پاش شەڕی یەكەمی جیهانی دەدا. لەم هەڵوێستانەدا بە چەشنێك چواردە خاڵی «وودرۆ ویلسۆن» سەرۆك كۆماری ئەمریكا لە بەرچاو گیرابوو. لە خاڵی ١٢ی ویلسۆندا سەرەڕای ئاماژەكردن بە سەربەخۆیی و دەستەڵاتداریی بەشە تورك نشینەكانی عوسمانی، باس لە پێدانی دەرفەتی پێویست بۆ ژیانێكی هێمنانە و بارودۆخی پێویست بۆ گەیشتنی نەتەوەكانی دیكە بە سەربەخۆیی دراوە. لەم كۆنفڕانسەدا ژێنڕاڵ شەریف پاشا كە لە ساڵی ١٩٠٩ەوە لە پاریس دەژیا، وەكوو نوێنەری كورد و، بۆغوس نۆبار پاشا، نوێنەری ئەرمەنییە تاراوگەنشینەكانی عوسمانی و ئاوتیس ئاهارۆنیان، نۆێنەری یەكەم كۆماری ئەرمەنستان بەشدار بوون. لەم كۆنفڕانسەدا لە بڕیارنامەی لێژنەی بریتانیا باس لە جیابوونەوەی ئەرمەنستان، سووریە، بێن چۆمان، كوردستان. فەلەستین و عەرەبستان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی كرابوو. پاش گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ ئاڵمان لە ژوئەنی ١٩١٩، ئەمریكا خۆی لەم ڕەوتە دەكێشێتە دواوە و لە كۆنفڕانسی سان ڕێمۆ (ئاوریل - مای ١٩٢٠) وڵاتە سەركەوتووەكانی شەڕ، شەرت و مەرجەكانی خۆیان بۆ ئاشتی لەگەڵ عوسمانییەكان دەدەنە ئەستەنبووڵ. دەوڵەتی تورك لە درێژایی ئەم ڕەوتەدا هەوڵی خۆی دەدا هەتا پانتایی ئەو ناوچانەی كە قەرار بوو لێی جیا كرێتەوە، كەم كاتەوە و هاوكات كوردەكان تووشی چەند بەرەكی بكا. لە نێو كوردەكانی عوسمانیدا «جەمعییەتی

تەعالی کوردستان» خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگای وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها هاوپەیمانی حیزبی حورییەت و ئیئتلاف بوو. هەڵبەت لە نێو ئەم ڕێکخراوەیەشدا دوو بەرەکی هەبوو و جەوانەکانی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون. لە کۆنگرەی ئەرزڕۆمیش لە ژوئەنی ١٩١٩ کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کورد، بڕیارنامەیەکیان سەبارەت بە هۆگریی خۆیان بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی تورک پەسەند کرد، هەڵبەت هاوکات ڕایانگەیاند ئەگەر کاربەدەستانی تورک بەڕێوەبردنی وڵاتی کوردانیان پێ نەسپێرن، دەست بە ڕاپەرین دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە کەمال ئاتاتورک هەوڵی دەدا لە ڕێگای پان ئیسلامیستییەوە دەرەبەگە کورد و شێخەکان و هتد بە دژی ئەرمەنییەکان هان بدا و لە شەڕی دژ بە ئەرمەن کەلکیان لێ وەربگرێ.

لەهەر حاڵدا لە پەیمانی سێور لە ئاگوستی ١٩٢٠ مافی بەشێک لە کوردان (تورکیە) وەکوو نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە فەرمی ناسێندرا و لە مادەی ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە ئاماژە بە مافی جیابوونەوەی دانیشتووانی کورد لە تورکیە بەپێی سەلماندنی ئەم ویستە لەلایەن خەڵکی کوردەوە کرا.

بەڵام لە ساڵی ١٩٢١ بەپێی سووربوونی تورکەکان لەسەر نەدانی ئەم مافە، وڵاتە سەرکەوتووەکان لە سەرەتا هەتا ئاستی مافی خودموختاری بۆ کورد پاشەکشە دەکەن، و بە پێی گرێبەستی لۆزان لە ٢٤ ژوویەی ساڵی ١٩٢٣ مافی دەستەڵاتداریی تورکەکان لەسەرتاسەری ئاناتۆلی مسۆگەر دەکرێ و مەسەلەی خودموختاری کوردەکانیش لەبیر دەچێتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دروشمی پان تورکیستەکانی کەماڵیست بۆ دروستکردنی یەک وڵات، یەک دەوڵەت، یەک ئایین، یەک نەتەوە و یەک زمان و سەرەتایەکی دیکە بۆ هەڵگیرسانەوەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، کە هەتا ئێستاش چارەسەر نەکراوە و هەر بەردەوامە.

خاڵێکیش کە پێم وایە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ڕۆڵی ڕووسیە پاش سەرکەوتنی باڵشویکەکان لە ساڵی ١٩١٧ و نیزیکبوونەوەی مسکۆ بە تورکیە و بەستنی پەیماننامەی دۆستی لە ساڵی ١٩٢١، هەروەها پاشەکشەکردنی فەڕانسە و ئینگلیس لە بەشێک لە داواخوازییەکانیان بۆ دیتنەوەی زمانی هاوبەش و سات و سەودا لەگەڵ تورکەکان بوو. بەم پێیە، سەرەڕای جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە وڵاتە ناتورکەکان لە ئیمپڕاتووریی عوسمانی، تورکەکان توانییان دەستەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستان و خۆرئاوای ئەرمەنستاندا مسۆگەر بکەن.

**عەلی بداغی: ئەدی کوردەکان بۆخۆیان لەو هاوکێشەیەدا چییان کرد، چۆن بەو قەدەرە ڕازی بوون؟**

**د.کامڕان ئەمینئاوە:** نەبوونی بەرنامە و هاوئاهەنگی لە نێوان جەمعییەت و کۆمیتە کوردستانییەکان، هەروەها لە نێوان عەشیرەکان و پێوەندییە لاوازەکانی ئەم ڕێکخراوانە لەگەڵ جەماوەری خەڵک و نەناسینی ئامانجی ڕاستەقینەی دەوڵەتەکانی ئینگلیس و فەڕانسە، هەروەها پەیمانشکێنی ئەم دەوڵەتانە، تەواوی هیواکانی کوردی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کرد بە هیچ و شۆڕشەکانی کورد یەک بە

دوای یەک لەلایەن سپای تورکەوە سەرکوت کران. خەباتی دژ بە ئیمپریالیستی تورکەکان کە بە ناوی شۆڕشی کەمالییەکان کەوتبووە سەر زمانی بەشێک لە کەسایەتییەکانی کورد، تا ڕادەیەک هیوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە چوارچێوەی خودموختاری لە تورکیە و پشتیوانی لە ئاتاتورک و سیاسەتەکانی پێک هێنابوو. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، تورکەکان سەرەڕای سەرکوتی کوردەکانی خۆیان، پشتیوانییان لە بزووتنەوەی کوردی باشوور دەکرد. بەگشتی کۆنفرانسی لۆزان و ئاکامەکانی وێڕای زەبرێکی حقووقی و مێژوویی لە بزووتنەوەی کورد، پیشاندەری ئەم ڕاستییەش بوو کە زلهێزەکانی جیهان و تورکیە هەر کامیان بە چەشنێک کەلکیان لە کورد بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان وەردەگرت. پێویستە لێرە جارێکی دیکە ئاماژە بەوەش بکەین، لە هیچ یەک لەم دانوستانانەدا کێشەی کوردی ڕۆژهەلات باس نەکرا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە وڵاتانی سەرکەوتوو لە شەڕدا دەیانویست وڵاتی ناتورکەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەتا ئەفریقا دابەش بکەن و هیچ بەرنامە و پلانێکیان بۆ کوردی ئێران نەبوو.

سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانی گەلی کورد وێڕای کاریگەریی نەرێنیی وڵاتە زلهێزەکان و لەبار نەبوونی بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی، هەر وەکوو لە ڕابردوشدا ئاماژەم پێ کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە هۆکارە نێوخۆییەکانەوە هەیە. کوردستان لە قۆناغی ناوبراودا سەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی ڕاپەڕینی گەلی کورد بە ڕێبەریی سەرۆک عەشیرە و شێخ و هتد دژ بە حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی بووە، بە هۆی نەبوونی یەکیەتی و تەبایی نەتەوەیی، شکڵ نەگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێزی فیۆدالی، پێک نەهاتنی فدراسیۆنێکی بەهێز لە میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکان لەژێر ڕێبەرییەکی بەتوانا و کارزاندا بۆ هاوئاهەنگی و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە تەواوی کوردستان، قەتیس مانەوە لە بەرژەوەندیی تەسکی تاکەکەسی - عەشیرەییدا، شەڕی نێوخۆیی، کوشتن و تاڵانکردنی یەکتری، هەروەها فاکتەری جوغرافیایی وەکوو پانتایی بەرچاوی خاکی کوردستان کە بەربەستێک بۆ پێوەندی لە نێوان ناوچەکانی کوردستان بووە، نەیتوانی بە ئاکامی دڵخوازی خۆی واتە پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کوردی بگا.

**عەلی بداغی: کەم نین کەسانی خاوەنڕا کە پێیان وایە نەبوونی ڕێبەرێکی کاریزما لەو سەردەمدا کوردی لەوە وەپاش دا؟**

**د.کامڕان ئەمینئاوە:** ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، بوونی ڕێبەرێکی کاریزما و توانا دەیتوانی فاکتەرێکی گرینگ و پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەیی، کۆکردنەوەی ڕێکخراوە، عەشیرە و هۆزەکانی کورد و بەتایبەتی ناسینی دەرفەتەکان و کەلک وەرگرتن لەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد بێ. لێرەدا توانایی ڕاکێشانی خەڵک، تێگەیشتن لە دەرفەتەکان و سنوور و بەرتەسکییەکانی بزووتنەوە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەرییەکی کاریزما بۆ بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکە و پێشڕەوی و پاشەکشەکردنی درووست و هەڵبژاردنی شێوەی خەباتە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەمە هەمیشە ناتوانێ فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێ و لەم نێوەدا زۆر فاکتەری نێوخۆیی وەکوو هاوسەنگی هێزەکانی دژبەر، ئاگایی نەتەوەیی و پشتیوانیی جەماوەر، لێکدانەوەی درووستی سیاسەتی زلهێزەکانی جیهانی، هەروەها بارودۆخی ناوچە و جیهان و ئەوەی گۆڕانکاری لە جوغرافیای سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵات تا چ ڕادەیەک لەگەڵ بەرژەوەندی و بەرنامەی زلهێزەکان دێتەوە، دەتوانێ کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەم ڕەوتەدا هەبێ. بە داخەوە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی واتە لە ساڵی ١٩١٧ هەتا کۆتایی کۆنفرانسی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣، کورد نەک یەکدەنگ نەبوو، بەڵکوو

بە هۆی ئاستی خوارەوەی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها فەرهەنگی سیاسی و ئایینی خۆی تووشی ناکۆکی و چەند بەرەکیی بەرچاویش بوو، هاوکات دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە شەڕ بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان لەم ناوچەیە و ململانێی سیاسی لەگەڵ مسکۆ کە هاوپەیمانی ئانکارا بوو، زۆر بە ئاسانی لە قەرارەکانی پەیمانی سێور پاشگەز بوونەوە و لە کۆتاییدا ئەم دوو دیاردەیەی دەرەکی و نێوخۆییە، لە دوو لاوە مۆری نەرێنیی خۆیان لە دادێی ژیانی سیاسی و چارەنووسی کورد دا و، نەک کێشەی کورد چارەسەر نەکرا بەڵکوو بارودۆخی کوردستان بە گشتی بەرەو خراپی و ئاڵۆزیی زۆرتریش چوو.

**عەلی بداغی:** لەگەڵ ئەوەشدا سەدەی بیستەم سەدەی شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. ئێوە پێتان وایە ئەم سەدەیە بۆ کورد پتر دەرفەت بوو یان هەڕەشە و مەترسی؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە:** لە ڕەوتی خەباتدا هیچ دەرفەتێک بێ هەڕەشە نییە، واتە ژیانی سیاسی بە چەشنێک یەکیەتی و ململانێی دژبەرانە، ئەوە نەک تەنیا یاسایەکی فەلسەفی، بەڵکوو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە ژیان و خەباتی نەتەوەکانیشدا. واتە گۆڕانکاریی لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵگە کاتێک دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەلومەرجێکی نوێدا دەخوڵقێنێ هاوکات هێزی نوێخوازیش بەرامبەری لەگەڵ هەڕەشەی دیار و نادیاری دوژمنانێک دەکا، کە دەیانەوێ پێشگیری لە پەرەسەندنی ئەم جوڵانەوەیە بکەن، جا کەلک وەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و یان لە نێوچوونی ئەم دەرفەتە بە هۆی سەرکەوتنی پیلانەکانی دوژمن، پێوەندیی بە بارودۆخی لەبار یان نالەباری نێوخۆیی و دەرەکی و هاوسەنگیی هێزەکان هەیە.

سەدەی بیستەم بە هۆی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، سەدەی دەرفەت و هاوکات هەڕەشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین ئاماژە بە دوو ڕووداوی گرینگ واتە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ۱۳۲۵ هەتاوی و ئازادکرانی کورتخایەنی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۵۷ی هەتاوی، هەروەها دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان پاش سەرکەوتنی کوودەتای ۲۳ی پووشپەڕی ۱۳۳۷ بە ڕێبەریی عەبدولکەریم قاسم هەتا ڕێکەوتننامەی ئەلجزایر لە ڕەشەمەی ۱۳۵۳ی هەتاوی بکەین. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە یەکێک لەم ڕووداوانە دەکەم؛ داگیرکرانی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و بریتانیا لە کۆتایی ئاگوستی ۱۹٤۱، بوو بە دەرفەتێک بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و ئازەری لە ئێراندا، هەروەها سەرهەڵدانی هەڕەشە و پیلانەکانی تاران و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بۆ لە نێوبردنی ئەوان.

گەڕانەوەی هێزەکانی سپای سوور بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت لە مای ۱۹٤٦، پاشەکشەی پەیتا پەیتای حکوومەتی ئازەربایجان، هێرشی سپاسی ئێران و گرتنەوەی تەورێز و هەڵاتنی ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات بۆ باکۆ، ناچالاکی، دەست لەسەردەستدانان و بێدەنگیی هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران وەکوو حیزبی توودەی ئێران، و لە کۆتاییدا خۆڕانەگری ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لێ کەوتەوە. بەڵام شکان و شکست لە ڕەوتی مێژوودا کاتییە و دەرفەتی

نۆی بۆ هێزی پێشکەوتنخواز بێگومان پێک دێتەوە.

**عەلی بداغی:** پێت وانییە کورد بۆ خۆی وەک کێشەکانی، وەک تایبەتمەندییەکانی، وەک ئەوەی ئێستا لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان دەیبینین، ئێستاش نەبووەتە خاوەن ناسیۆنالیزم و شوناسخوازییەک کە دەوڵەتی کوردیی لەسەر دابمەزرێ، کە هەڵگری پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوە بێ؟

**د.کامران ئەمینئاوە:** دەیوید مەک داوڵ لە کتێبی «مێژووی هاوچەرخی کورد» دوو بنەماڵەی سادات نەهری (یان شەمدینان) و بەدرخانەکان وەکوو دوو بەرەی بەرچاوی ناسیۆنالیزمی کورد لە چەشنی خودموختاری و جیاییخواز پێناسە دەکا و پێی وایە ئەم دوو لاگیرییە ئێستاش پێکهێنەری دەستەبەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردن. ئەگەر ئاورێک لە خەباتی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، بە چەشنێک ئەم دوو ڕەوتە بە درێژایی ژیانی سیاسی لە دوو سەدەی ڕابردوودا وەپاڵ یەک بوون، بەم جیاوازییەوە، کە ڕەوتی خودموختاری یان فێدراڵخوازی پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان هەتا ئەمڕۆ هێزی زاڵ لە بزووتنەوەی کورد بووە و لەم بەرەیەشدا بەشێک لە هێزە کوردییەکان هەر چەند دروشمی فێدرالیزمیان هەڵگرتووە، بەڵام لە پرۆگرامی خۆیاندا باس لە مافی چارەنووسی گەلان هەتا سەربەخۆیی دەکەن و بڕیاری کۆتایی بۆ گەلی کورد دادەنێن. من پێم وایە ئەگەر هێزێک مافی سەربەخۆیی بۆ کورد بە ڕەوا بزانێ، دەتوانی هەر یەک لەم حاڵەتانە وەکوو قۆناخێک بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی پێناسە بکا. بەڵام حاشاکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەوەی کە تاوانی جیاییخوازیمان لێ نەدەن، بە کارێکی شیاو نازانم. بێگومان هەڵبژاردنی هەر کام لەم ڕێبازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەگەڕێتەوە سەر جیاوازیی فیکری و شێوەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستا، بەڵام، ئەو خاڵەی پێویستە بۆ هێزێکی کورد جێگای سەرنجدان بێ «بەرژەوەندیی و ستراتێژی نەتەوەییە». واتە ناکرێ لە لایەکەوە حاشا لە «نەتەوە» و «مافی بە دەوڵەت بوونی کورد» بکرێ و لە لایەکی دیکەوە باس لە هەبوونی کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی گەورەی نێوەڕاست بکردرێ، یان ئەو هیوایە لە دڵ و مێشکی جەماوەر پێک بهێندرێ کە فێدرالیزم یان خودموختاری و هەبوونی مافی شارومەندی هێڵی ئاخرە. بە باوەڕی من، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کورد بە پێچەوانەی تەواوی ئەو پڕۆپاگەندە و «تاوان!»ی ناسیۆنالیست بوون کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکان و بەشێکی بەرچاو لە هێزە سەرانسەرییەکان بە بیر و ڕای جیاوازەوە وەپاڵی دراوە و دەدرێ، کەمایەسیی ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینەی مۆدێرن و ئەمڕۆیی لە نێو کورد دایە، ناسیۆنالیزمێک کە بتوانێ زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵای سەربەخۆیی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئێمە بیر و هزری ناسیۆنالیستیمان نییە و ناتوانین هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی بین. بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وڵاتێکی فرە حیزبی هەبوونی بیر و ڕای جیاوازە و، هەتا کاتێک زۆرینەی ئاڵاهەڵگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەسەر «ستراتێژییەکی نەتەوەیی» کۆک نەبن و بە یەک پلانی هاوبەش بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەڕۆن چەتوونە باس لە دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، تەنانەت لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بکردرێ؛ بەڵام پێویستە لەم پێناوەدا کاری فیکری و تەبلیغاتی بکردرێ و بیرەکە بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردی ڕاگوێزرێتەوە و بکرێتە بەشێک لە ڕەوانی خەڵک. لەبیرمان نەچێ پێکهاتنی بەشێک لە دەوڵەتە سەربەخۆکان نەک تەنیا بە هۆی شکڵگرتنی ناسیۆنالیزمێکی بەهێز، بەڵکوو بە پێی

ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی پاش شەڕ، یان شۆڕش و گۆڕانی حکوومەتی ناوەندی و هتد بووە.

**عەلی بداغی**: ئەم ناسیۆنالیزمەی جەنابت دەیفەرمووی لای کورد کاڵ و کەمڕەنگ بووە و وەک کەمایسییەک باست کرد چییە؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**: ئێمە دەبێ خوێندنەوەی خۆمان لە ناسیۆنالیزم بێ و نەکەوینە داوی شانتاژی ئەو ڕەگەزپەرستانەی کە بە بەدناوکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە، پاکانە بۆ شوینیزمی خۆیان و نەتەوەی باڵادەست دەکەن. ناسیۆنالیزم بۆ کورد بە مانای خەبات بۆ گەیشتن بە مافێکە کە لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەی بە زۆر لێی زەوت کراوە. پێویستە سنووری نێوان ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگی نەتەوەی حاکم و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەست ڕوون کرێتەوە. بە قەولی لازاریف «ناسیۆنالیزم بەشێکی گرینگ لە ژیانی مرۆڤایەتیی، لە قۆناخی گەشەسەندنی مێژوویی و ئەتنیکی ئەو لە سەردەمی نوێ و ئەمڕۆی دایە». ئاڵوگۆڕەکانی پێشکەوتنخوازانە لە کۆمەڵگەی کورد دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی سیاسەت و بیر و هزری ناسیۆنالیزمی کورد و پەرسەندن و گەشەکردنی بیری ناسیۆنالیستی لە پێناوی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین. بزووتنەوی نەتەوەیی کورد لە درێژایی خەباتی خۆی لە سەدەی ڕابردوودا لە سەر بناغەی دێموکراتیزم، ناسیۆنالیزم، هەروەها بیری چەپی سۆسیالیستی و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە و بێڕێزییەک بە نەتەوە دراوسێیەکان یان ئەوانەی کە لە کوردستان ژیاون و دەژین، بووە. بزووتنەوەی کورد جووڵانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد، و بێ دەستدرێژی بە خاکی نەتەوەیەکی دیکەیە. ئەوەیە نەتەوەی کورد شایانی پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی خۆیەتی.

**عەلی بداغی**: هەندێ بۆچوون هەیە دەڵێ کورد تا نەبێتە دەوڵەت نابێتە نەتەوە، لە بەرامبەریشدا ئەو ڕایە هەیە کە دەوڵەتە مۆدێرن و ئەمڕۆییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی درووست دەبن. ئێوە ڕاتان چییە؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**: وڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونانەی کە لەسەر چەمکی نەتەوە - دەوڵەت یان دەوڵەت - نەتەوە هەیە. هەر کام لەمانە دەتوانێ سووژەی لێکدانەوە و باسێکی دوور و درێژ بێ. بۆ ئێمەی کورد ئەوەی گرینگە، هەنگاو هەڵێنان بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە. کورد یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی جیهانە کە هەتا ئێستا مافی بەدەوڵەتبوونی لێ زەوت کراوە. دوا نموونەش پیلانەکانی پاش گشتپرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە سپتامبری ٢٠١٧ و هێرشی سپای عێراق، حەشدی شەعبی بە ڕێبەریی و یارمەتی ماڵی و سپایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، و بە هاوکاری و سازانی بەشێک لە هێزەکانی کوردستانی، هەروەها دژایەتیی زۆرینەی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم ڕاپرسییە بوو. بەڵام سەرەڕای ئەم دژایەتییەش، کورد سەلماندی ئەگەر بۆی هەڵکەوێ بێگومان واز لە مافی نەتەوەیی خۆی ناهێنێ و پشتیوانی و شادی و خۆشی کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پیشاندەری هەستی بەهێزی نەتەوەیی میللەتێکە کە بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی، خەباتێکی بێوچانی کردووە و هیچ کاتێک ملی بۆ سەرکوتکەران و داگیرکەرانی وڵاتەکەی شۆڕ نەکردۆتەوە. ئەوەی کە ئێمە بە کام پێناسە نەتەوەین، پێم وانییە گۆڕانکارییەک لە ئامانج و هەڵوێستەکانی مێژوویی ئێمە پێک بێنێ. هەر وەکو بۆخۆشتان

ئاگادارن، نەتەوە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە پێناسە کراوە و وێڕای پێناسەی فەڕانسەوی و ئەڵمانی یان پێناسەی بەرەی چەپ و ڕاست و هتد، دەتوانێ تەنیا «هەبوونی هەستی نەتەوەیی» پێناسەیەک بۆ نەتەوە بوون بێ. هەر وەکوو ئاگادارن پێناسەی فەڕانسەوی و ئاڵمانییەکان لە نەتەوە جیاوازە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندییەکانی شێوەی شکڵگرتنی دەوڵەت و نەتەوە لە هەر یەک لەم وڵاتانە.

**عەلی بداغی**: ئێستا کامیان لەگەڵ دۆخی کورد دەگونجێ؟ کێشەکانی بەردەم یەکبوونی کورد کامانەن؟

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**: بێ لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم پێناسانە و ئەوەی کە کامیان باش یان خراپە، یان کامیان لەگەڵ وەزعییەتی ئێمەی کورد دێتەوە، ئێمە لە ڕەوتی یەکیەتیی نەتەوەیی گەلێک کێشەمان چ لە ئاستی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە و چ لە ئاستی کوردستان بە گشتی هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە وەزعییەتی هەر بەشێکی کوردستان بدەینەوە شایەدی ناکۆکی، ناتەبایی و پاوانخوازی و پاشقولدانی یەکتری لە نێو هێزەکانی کوردستانین. نەبوونی بەرە یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە بتوانێ زۆرینەی هێزەکانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بە چەشنێکی ڕاستەقینە لە دەوری یەک کۆکاتەوە یەکێک لە کەمایەسی و کێشەکانی نێو بزووتنەوەی کوردە. لە ئاستی تەواوی کوردستانیش بێگومان ناکرێ کاتێک ئەم ئاڵۆزییانە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەم زەقییە هەیە، بتوانین چاوەڕەوانی ئەو بکەین، بەرە یان ڕێکخراوەیەک وەکوو چەترێک بۆ کۆکردنەوە و هێنانە ئارای دروشمی یەکگرتنەوەی کوردستان پێک بێ و ڕۆڵێکی بە هێز لەم پێناوەدا بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە پاوانخوازیی بەشێک لە هێزەکانی کوردستان و دەستێوەردان لەکار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان، پێوەندییەکان ئاڵۆزتر دەکا و ئەم هێزانە لە یەک دوورتر دەکاتەوە. مەسەلەیەکی دیکەش کە پێویستە لە ئاستی کوردستان و بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵات وەکوو خاڵێکی نەرێنی یان وەکوو کۆسپێک لەسەر یەکیەتیی نەتەوەیی سەرنجی بدرێتێ، مەترسی «ئیسلامی سیاسی» لەسەر چارەنووسی کورد و مەسەلەی نەتەوەیی، سێکۆلاریزم، دێموکراسی، مافی ژنان و هتد لە کۆمەڵگەی کوردی دایە. چارەنووسی مێژووی کورد بە چەشنێک شکڵی گرتووە کە ئەستەمە ئایین و ئیسلامی سیاسی نەک بتوانێ ڕۆڵ بۆ یەکخستنی هێزەکان و جەماوەری کورد بگێڕێ، بەڵکوو بە پێچەوانە هەتا ڕادەیەکی زۆر نەخشێکی نەرێنی و جیاکەرەوەی نەتەوەیی هەیە و دوژمنە بیانی و نێوخۆییەکان بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی کورد و یەکیەتیی نەتەوەیی کەلکی لێ وەردەگرن. بۆ وێنە ئێمە لە سەرەتای ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ شایەدی ڕۆڵی نەرێنی و دوژمنانەی مەکتەبی قورئان و لایەنگرانی ئاغای موفتیزادە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین.

کێشەیەکی دیکەش لە ڕەوتی «یەکگرتوویی نەتەوەیی» مانەوەی ئاسەواری بیر، داب و نەریتی عەشیرەیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت لە شێوەی حیزبایەتی دایە. هەر چەند لە پێوەندییە ئابوورییەکاندا تەنیا کاریکاتۆرێک لە سیستمی عەشیرەیی ماوە، بەڵام ئاسەواری فەرهەنگی و سیاسی ئەم سیستمە وەکوو باوکسالاری، زاڵبوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی و حیزبی، پێشێلکردنی مافی ژنان و مەسەلەی فرەژنی، بێ پرەنسیپی لە چالاکی سیاسی و هتد، ڕۆڵێکی نەرێنی و مەترسیدار لە کوردستاندا دەگێڕێ. بەم پێیە ئێمە بۆ گەیشتن بە یەکیەتیی نەتەوەیی ڕووبەڕووی گەلێک کێشە و کۆسپین و ئەرکی ڕووناکبیری کورد و ئەو ڕێکخراوانەی

خۆیان لە بەرەی ناسیۆنالیزم، سێکۆلاریزم، سۆسیال دیموکراسی، چەپی مارکسی و هتد دەبیننەوە هەنگاو هەڵێنان بۆ چارەسەرکردنی مەدەنی ئەم کێشانە و بردنە سەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان پێویستیمان بە یەکیەتی نەتەوەیی، پلورالیزمی سیاسی، ڕێزگرتن لە بیر و هزری یەکتری، خۆپاریزی لە پاوانخوازیی و دەستێوەردان لە کار و باری بەشەکانی دیکەی کوردستان و، ڕێز گرتن لە بریاری خەڵک هەیە هەتا هەنگاوی بە هێز بۆ چوون بەرەو داهاتوو و پێکهێنانی بەستێنێکی شیاو بۆ پێکهێنانی بەرەی نەتەوەیی و خەبات بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین هەڵێنین.

**عەلی بداغی:** **بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵێ سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتووە و جێی خۆی بە هەندێ پرەنسیپی وەک «مافی مرۆڤ» و «پێکەوە ژیان» و «هاوبەشیی وەک یەک» لە چوارچێوەی سنووره جوغرافیاییە سیاسییەکانی ئێستادا داوە، ئێوە لەگەڵ ئەوە کۆکن؟**

**د.کامران ئەمین‌ئاوە:** ئەگەر قەرار بێ بە وشەیەک وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە، نا لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم. بەڵام هۆی ئەم ناکۆکییە چییە؟ هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم کرد، پێم وایە پێناسەی هێزەکانی دژ بە ناسیۆنالیزمی کورد واتە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیەکی چەوساوە کە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی و ڕەوای خۆی خەبات دەکا، لە جێی خۆیدا نییە. بێگومان دەبێ ئەم مەسەلەیە شی کرێتەوە، بۆچی سەردەمی ناسیۆنالیزم بە تایبەتی بۆ کورد کۆتایی هاتووە و پێوەری ئەم چەشنە هەڵسەنگاندن و بریارانە چییە؟ کام یەک لە ویستە نەتەوەییەکانی کورد لە نێو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بێجگە لە ستاتوویەکی سەقامنەگرتوو لە باشووری کوردستان جێبەجێ کراوە، کە بڵێن تەنیا کێشەی «مافی مرۆڤمان» ماوە کە دەبێ چارەسەر بکرێ؟ چۆنە بۆ سکاتلەندی، یان کاتالۆنیایی و باسکە جیاییخوازەکانی ئیسپانیا، هەروەها فەرانسەوی و هۆلەندییەکانی بلژیک و خەڵکی کوبێک لە کانادا و تەنانەت بایەری ئەڵمان، ئەویش ڕاست لەنێو جەرگەی ئورووپا و کانادای پێشکەوتوودا کە پرەنسیپەکانی مافی شارومەندی، مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و هتد تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی دەستوور لەبەر چاو گیراوە و ستاتووی ئەوان بۆ بەراوەردکردن لەگەڵ حاڵ و وەزعی ئێمەی کورد نابێ، کێشەی نەتەوەیی بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە و خەباتی ئەوان بۆ جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەر بەردەوامە، بەڵام بۆ ئێمەی کورد کە تەواوی مافەکانی نەتەوەیی و شارومەندیی و هتدێکمان لێ زەوت کراوە کاتی تەواو بووە؟ پێم وایە پێویستە ئاورێک لە بارودۆخ و وەزعییەتی باشووری کوردستان و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ بەغدا و هەرەشە و هێرشەکانی سپای عێراق لە کاتی مالیکی و عیبادی بۆ کوردستان و مانەوەی گەلێک کێشەی دەستووری و هتد، ئەویش لە وڵاتێکدا بدەینەوە کە بە پێی یاسای بنەرەتیی عێراق، وەکوو وڵاتی عەرەب و کورد پێناسە کراوە، هەتا بۆمان دەرکەوێ کە کێشەی نەتەوەیی نەک لای ئێمە و نەک بەشێک وڵاتانی ئورووپایی هەتا گەیشتنی گەلانی ناوبراو بە کیان و دەوڵەتی خۆیان چارەسەر ناکرێ. هەر چۆن پێشتریش ئاماژەم کرد، ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی پێشکەوتنخواز، ئینسانی، بەرحەق و بە دوور لە هەر چەشنە هەڕەشە بۆ دراوسێیەکانی کوردستان و ئەو گەلانەیە کە لە خاکی کوردستان بە هێمنی لەگەڵ کورد دەژین. کێشەی گەلی کورد هەتا کاتێک بە مافی خۆی واتە درووستکردنی دەوڵەتی کوردی نەگا، بە یەکجاریی چارەسەر ناکرێ.

**عەلی بداغی:** ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ بەدەوڵەتبوون چین و کامانەن، لە حاڵێکدا هیچ حیزبێکی بەدەسەڵات و دەستڕۆیشتووی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان ئێستاش بە ڕەسمی داوای سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوونی نەکردووە و بە کردەوەش کاری بۆ نەکردووە!؟

**د.کامران ئەمینئاوە:** ئەگەر سەرنجێک بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سێ دەیەی ڕابردوو بدەین، دەبینین هیچ کاتێک مەسەلەی کورد سەرەڕای تەواوی کەم و کورتییەکانی هەتا ئەم ڕادەیە نەبۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و ئاوا گەشەی نەکردووە. سەرەڕای تەواوی ئەو کێشانەی کە لە نێو هێزەکانی کوردستانی هەیە، سەرەڕای تەواوی ئەم هەوراز و نشێوانە، شکست و پاشەکشە و ناکۆکی و هتدی نێوخۆمان، بەم باوەڕەم ئەمڕۆکە بزووتنەوەی کورد لە ئاستێکی بەرز دایە. کێشەی نەتەوەیی کورد وەکوو چوارەمین گەورە نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و گەورە نەتەوەی بێ دەوڵەت لە ئاستی جیهاندا، گەیشتۆتە قۆناخێک، کە ئیتر ناکرێ لە بیر و ڕای گشتیی جیهانی و مامەڵە نێونەتەوەییەکان و ململانێی هێزەکانی جیهانی و ناوچەییدا لەبەر چاو نەگیرێ. بێگومان ناسیۆنالیزمی کورد کەم کێشە نەبووە و نیە، بەڵام خەباتی هیچ نەتەوەیەکیش بێ لەمپەر و بێ کێشە نەبووە. ئەمڕۆکە ئاستی ئاگایی نەتەوەیی، ئاستی خوێندەواریی خەڵک و، توانایی کەلک وەرگرتن لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی مەدەنی بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی پێش کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نابێ. مانگرتنی ٢١ی خەرمانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوتکەی خەباتی مەدەنی نەک لە تەواوی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی ئێرانیش بوو. ئێمە لەم ساڵانەدا ئەویش لە کۆمەڵگەیەکی میلیتاریزەکراوی وەک کوردستان کە هەر چەشنە داکۆکییەک لە مافی ڕەوای کورد بە گولله و گرتن و ئەشکەنجە وڵام دەدرێتەوە، شایەدی چەشنە جووڵانەوەیەکی بەهێزی خەڵکی بووین، کە دەتوانێ وانەیەک بۆ گەلانی دیکەی ئێران و ناوچەش بێ. پێشتریش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەیی خۆیان لە کاتی شەهیدکردنی ئەمر شوانەی قادری لە پووشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، شەهیدکردنی ئەمر فەرزادی کەمانگەر و هاوڕییانی لە بانەمەڕی ١٣٨٩، بەسترانی دووکان و بازاڕەکانی کوردستان لە تەواوی ساڵەکانی پاش تێرۆری ئەمر دوکتور قاسملوو، پشتیوانیی جەماوەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گشتپرسیی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە پاییزی پارەکەدا، پشتیوانیی بەرفراوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆڕاگریی کۆبانی، بەهاناچوونی خەڵکی پارێزگای کرماشان لە کاتی بۆمەلەرزەکەدا، کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شەنگال و هتد بووین. ئەمانە ئەستێرەگەلێکی گەش لە ئاسمانی ڕەنگینی کوردستان و هیوادەری خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانیان لە دادێ دایە.

**عەلی بداغی:** ئەدی ڕاتان لەسەر دۆزی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان چییە؟ لەوێندەرێش ئایا چاخی نسکۆیە یان هەڕەتی هیوا؟

**د.کامران ئەمینئاوە:** لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم ڕەوتە بە چەشنێکی دیکە بەردەوامە و بەرەو پێشەوە دەچێ، کوردەکانی باشووری کوردستان سەرەڕای تەواوی کەمایەسی و کێشەکانیان ئەمڕۆ ستاتوویەکی حقووقیان هەیە، و ئەم حکوومەت و پەرلەمانە پڕ کێشە و ناکۆکە سەرەڕای تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە بە حەقیش لێی دەگیرێ، بناغەیەک بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە داهاتوو

دایە.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، کورد بۆتە فاکتەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی ئەم وڵاتە و حەماسەی کۆبانی یەکێک لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژووی جیهان لە بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەشترین و تاوانبارترین هێزی ڕەش و پاشکەوتوو و جینایەتکاری سەدەی ٢١ واتە داعش بوو. بەشداری بێوێنەی ژنە شەڕڤانەکانی کورد خوڵقێنەری جوانترین شێعر و چیرۆکە حەماسییەکان و بابەتێکی سەرنجڕاکێش بۆ تەواوی گەلانی جیهان بوو. کام گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ و پڕخوێنەری ڕۆژئاوایی و ئەمریکایی دەیتوانی خۆ لەم خەبات و خۆڕاگرییە بە شکۆیە بدزێتەوە و باسی ئەم حەماسەیە نەکا؟

لە باکووری کوردستانیش سەرەڕای سیاسەت و بیروبڕوای کۆنەپەرستانەی ئەردۆغان، گرتنی ئازادیخوازانی کورد وەکوو بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش و هاوڕێیانی، حیزبی دێموکراتیکی گەلانی تورکیە ڕۆڵێکی بەرچاو لە جووڵانەوەی مەدەنیی ئەم وڵاتە دەگێڕێ و پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەواوی ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێ لێی بگیرێ، جەمسەرێکی سیاسی لە خەباتی کوردی باکوورە. ئەمن لەسەر ئەم باوەڕەم حوکمی مێژوو بەرەو پێشەوە دەچێ و بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیش پێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی گۆڕانکاریی جیدی دەبن و هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ژێئۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نیزیکدا گرێدراوی مەسەلەی کوردە. ئەوەی کە ئێمە تا چ ڕادەیەک بتوانین کەڵک لەم دەرفەتانە بگرین، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک تێگەیشتنێکی درووست و ڕاستبینانەمان لە سیاسەتی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەیە و چۆن دەتوانین بە پێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆمان، هەنگاوی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئاواتە مێژینەکەمان، واتە مافی چارەی خۆنووسین هەتا سەربەخۆیی کوردستان هەڵێنینەوە. لەم ڕەوتەدا بە گشتی، بە داهاتووی کورد گەلێک گەشبینم و هیوادار.

**عەلی بداغی:** سپاس بۆ ئەوەی بەشداری ئەم وتووێژە بوون

**د.کامڕان ئەمینئاوە:** ئێوەش ماندوو نەبن

(لە ژمارەی ٧٣٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

--------------------------------------------

## هەلومەرجی ئێستا و شەڕی چەکداریی؟

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی هەڵبژاردنی شێوەی خەبات و بەکار هێنانی ئامرازی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیەتی. لەم ڕەوتەدا ناکرێ هیچ چەشنە شێوازێکی خەبات بە چەشنێکی ڕەها دیاریی بکرێ. بە پێی گۆڕانکاریی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەشنە ڕێبازێکی سیاسی دەتوانێ جێ خۆی بە چەشنێکی دیکە بدات و حیزبێکی شۆڕشگێر پێویستە بزانێ چ کاتێک بە شێوەیەکی ڕادیکال و چ کاتێک بە چەشنێکی مەدەنی یاخود ڕفۆرمیستی چالاکی بکات. واتە شێوەی خەبات و تاکتیکەکانی دەتوانێ توشی جێگۆڕکێ ببێ، بەڵام ستراتژی و ئامانجی سەرەکی لە جێی خۆیدا دەمێنێ و بە پێی وەزعییەتی بابەتی و زەینی، حیزبێکی شۆڕشگێر تاکتیکەکانی خۆی دەستنیشان دەکات. یەکێک لە شێوەکانی خەبات، شەڕی چەکدارییە، بەشێک لە حیزب و کەسایەتییەکانی کوردستان بایەخێکی زۆر بەم چەشنە چالاکییە دەدەن و جاروبار هەر چەشنە ڕەخنەگرتنیش لە بەکارهێنانی ناوەختی ئەم شێوازە دەکەوێتە بەر ڕەخنە و گازندەیەکی بێ پسانەوە و بوختان و تاوانی ترسەنۆکی، ڕفۆرمیست،خۆبەدەستەوەدەر، جاش، خۆفرۆش، لادەر و... وەپاڵ ئەوان دەدرێ.

لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا مەسەلەی دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئەگەر ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ بوونی لە نێو وڵات وەکو دەستپێکی خەباتی چەکداری پێناسە بکرێ)، دروست یان نادروست بوونی ئەم جموجوڵە یەکێک لە بابەتەکانی باس و لێکدانەوەی حیزب و کەسایەتییەکانی کوردستانی و ئێرانی لە تاراوگە، هەروەها نێوخۆی وڵات بووە. پاش چەندین ساڵ ڕاگرتنی شەڕی چەکداری، ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ نێو خۆی وڵات و لە کەمین کەوتنی بەردەوام، گیران، و گیانبەختکردنی پێشمەرگەکان لە بۆسەکان و بەندیخانەکانی حکوومەتی ئیسلامی، سەرنجی زۆر کەسی بەرەو ئەم مەسەلەیە ڕاکێشاوە. بە تایبەت ئەم پرسیارە دێتە پێش ئەم جموجوڵانە و لە دەستدانی دەیان پێشمەرگەی فیداکار، ئەویش کاتێک بزووتنەوەیەکی بە هێزی مەدەنی لە نێو خۆی وڵات لە حاڵی گەشەسەندایە، بڵێی لە جێ خۆیدابێ و زەبر لە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات نەدات و نەبێتە هۆی میلیتاریزە کردن و سەرکوتی هێزە مەدەنی و پێشکەوتنخوازەکانی نێو وڵات؟ یان ناردنەوەی پێشمەرگە و بوونی ئەوان لە نێو خۆی وڵات، سەرەڕای قوربانیدان و تەواوی کێشە و سەختیەکانی ئەم کار و چالاکییە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی خەڵک، و پاڵپشتێکی بە هێز بۆ جوڵانەوەی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی نێو وڵات؟ئایا دەتوانێ وەکو ماتۆڕێکی چکۆڵە ببێتە هۆی جووڵاندنی خەڵک بۆ شۆڕش و وەڕێخستنی ماتۆری گەورەی بزووتنەوەی جەماوەری؟

لەم بابەتەدا تێدەکۆشین تیشک بخەینە سەر ئەم باسە و تا ڕادەیەک لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی شی کەینەوە.

لە دوو سەدەی ڕابردوودا نەک لە کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیش جموجوڵ و ڕاپەرینی چەکداری دیتراوە. بۆ وێنە: بەشداری هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی سەتارخان و باقرخان لە بزووتنەوەی مەشروتە(١٢٨٧ - ١٢٨٥)، پێکهاتنی

هێزی نیزامی لە بزووتنەوەی جەنگەڵ و تەنانەت بەشداریی چەکدارە کوردەکان بە ڕێبەریی خاڵۆ قوربان لەم بزووتنەیەدا( ١٣٠٠ - ١٢٩٣)، پێکهاتنی هێزی فیدایی لە بزووتنەوەی ئازەربایجان بە ڕێبەریی فرقەی دیموکرات(٢٥ - ١٣٢٤)، ڕاپەرینی ئەفسەرانی خوراسان بە ڕێبەریی سەرگورد عەلی ئەکبەری ئەسکەندانی و سەرهەنگ عەبدولرەزا ئازەر (گەلاوێژی ١٣٢٤)، بزووتنەوەی چریکیی(موجاهید و فیدایی) لە دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ی هەتاویی سەدەی ڕابردوو، ڕاپەرینی ئەفسەرە شۆڕشگێرەکانی هێزی ئاسمانی لە شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ و پەیوەست بوونی خەڵک بەوان، بزووتنەوەی خەلکی عەرەب لە ئەهواز(جۆزەردانی ٥٨)، بزووتنەوەی خەڵکی موسڵمان لە تەورێز(ڕەشەمەی ٥٨)، ڕاپەرینی یەکیەتیی کومۆنیستەکانی ئێران لە ئامۆڵ(ڕێبەندانی ١٣٦٠)، تێرۆرەکانی گرووپی فورقان(١٣٥٨) و بە تایبەتی موجاهیدینی خەڵک پاش ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠، هەروەها عەمەلیاتی "فروغ جاودان"ی موجاهیدین لە گەلاوێژی١٣٦٧ نموونەگەلێک لەم جموجوڵ و خەباتی چەکداریلە نێو هێزەکانی دیکەی ئێرانە.

شەڕی چەکداریی لە کوردستان بە تایبەتی بە هۆی تایبەتمەندیی جوغرافیایی ئەم وڵاتە وەکو کوێستانی بوون، هەبوونی کێو، جەنگەڵ، دۆڵ، وگەلییە باریک و پڕ پێچاوپێچەکانی، هەروەها کەش و هەوای وشک،بەرگریی بەردەوامی خەڵک لە بەرامبەر هێرشی نەیارانی و هتدوەکو داب و نەریتێکی کۆن و گەلێک پیرۆزی لێ هاتووە. مێژووی کورد بە تایبەتی لە سەدەی ٦ و ٧ی زایینییەوە هەتا ئێستا پڕ لە فیداکاری، خۆڕاگری،لەخۆبردوویی و پاڵەوانییەتیی ڕۆڵەکانی کورد لەبەرامبەر دوژمنانی ئەم گەلەیە. لە چەند سەدەی ڕابردوودا چەندین ڕاپەرینیچەکداری بەڕێوە چوون کە وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بەوانە بکەین:ڕاپەرینی بەدرخان لە بۆتان(١٨٣٤ ز)، ڕاپەرینی یەزدانشێر(ساڵەکانی ١٨٥٥ - ١٨٤٤ز)، ڕاپەرینی شێخ عوبێدوللای نەهری(١٨٨٠ی ز)، ڕاپەرینی سمایل ئاغای سمکۆ(١٣٠٩ - ١٢٩٩)، دامەزراندنی کۆماری کوردستان(١٣٢٤) بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ١٣٤٧ بە ڕێبەریی کومیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەباتی چەکداریی بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە پاش هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەری ئێران بۆ کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و هتد.

بێگومان لە کۆمەڵگایەک کە ڕێژیمی سەرکوتکەر، ڕێ بە خەباتی مەدەنی نەدات وفەزای سیاسییقڕو قەپ بکرێ، بەکارهێنانی شێوەکانی توند و تیژیخەبات دەبێتە خاوەنی جێگە وپێگەیەکی تایبەت. سەرکەوتنی هەر چەشنە شێوەیەکی خەبات، ڕاپەرین و شۆڕشێک پێوەندیی بە زۆر فاکتەری نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی، هەروەها بارودۆخی سیاسی نیوکۆمەڵگا، ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و سیاسی، هاوسەنگی هێزەکانی دژبەر، ئاستی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک و خۆڕاگریی هێزەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەر لە بەرامبەر بزووتنەوەی خەڵک و هتد هەیە.لە مێژووی ئێراندا بەشێکی بەرچاو لە ڕاپەرینەکان بە هۆی نەبوونی بارودۆخی پێویستی سیاسی و کۆمەلایەتی، لاسەنگی هێزەکانی شۆڕشگێر و سەرکوتکەر ونەبوونی پشتیوانیی جەماوەر شکستیان هێناوە و نەیانتوانیوە گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئەرێنی لە کۆمەڵگادا پێک بهێنن.حەرەکەتە خۆویست و سکتاریستیەکانی ڕۆشنبیرە ئازادیخوازەکانی ئێرانسەرەڕای ئاوێتە بوونیان لە گەڵلەخۆبردوویی و فیدارکارییەکی زۆر، نەیتوانیوە بزووتنەوەی ئەوان بە ئاکامبگەیەنێ،بەلام هەر کات خەباتی چەکداریی لەسەر بەستێنی بزووتنەوەی جەماوەر شکڵیگرتبێ، ئەگەر بە ئامانجی خۆشی نەگەیشتبێ، کاریگەریەکی بە هێزی لەسەر ڕەوانی کۆمەڵگا داناوە. سەرکەوتنی شۆڕشی ڕیبەندانی ٥٧ی هەتاوی بە شوێن ڕاپەرینی هومافەرەکان و پەیوەست بوونی

ئەوان بەخەڵک ، گەیشتنی هێزە چەکدارەکانی سەتارخان و باقرخان بۆ تاران لە کاتی مەشروتە و کاریگەریی ئەوان لەسەرکەوتنی مەشروتەخوازەکان، پێوەندیی خۆڕاگریی و بەرگریی چەکداریی لە کوردستان لەگەڵ جەماوەری خەڵکی کورد سەرەرای پاشەکشە و شکستی نیزامیی هێزە کوردەکان، نموونەی بەرچاوی هاوئاهەنگیی بزووتنەوەی جەماوەری و خەباتی چەکدارییە. بەڵام ڕاپەرینی ئەفسەرانی خوراسان، بزووتنەوەی چریکی، ڕاپەرینی یەکیەتی کومۆنیستەکان لە ئامۆل، عەمەلیاتی "فروغ جاویدان" و هتد نموونەی بەرچاوی جموجۆڵێکی خۆویستانە، سەرنەکەوتوو و ناهاوئاهەنگ لەگەڵ باردوخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگانو ئاکامەکەیان شەهیدبوون و گیرانی دەیان شۆڕشگێری ئازادیخواز بووە کە خوازیاری گۆڕانگاریی جیددی لە کۆمەڵگادا بوون.

بۆ گەیشتن بە ئاکامی سەرکەوتوانە و وەدیهێنانی بەرنامە و ئامانجەکانی هەر ڕێکخراوەیەک، پیویستە ئەم خاڵانە لەبەر چاو بگیرێن: مەبەست لە ئەنجامی ئەو کار و چالاکییەی کە دەیکەن چیە و چ نەخشە ڕێگایەکی شیاویان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان هەیە؟ ئایا کادری پێویست و پەروەردەکراو، ڕێبەرییەکی کارا و شیاو، ئامرازی پێویست و توانایی ئەم کارەیان هەیە و هێزی شۆڕشگێر توانیویەتی سازماندەیی پێویستی بۆ بکات؟ بە بوونی زەبر و زونگ و دەسەڵاتی ڕێژیمی دیکتاتۆر تا چ ڕادەیەک خەڵکی بەرەو پیری ئەم چەشنە خەباتە دێن و پشتیوانیی لێ دەکەن؟ ئایا نەخشە ڕێگاکە، قازانج و زیانەکانی ئەو حەرەکەتەی کە قەرارەلە ئاکامی ئەو خەباتە چەکدارییەدا وەری کەوێ، هەروەها ئیمکاناتی خەبات بە باشی هەڵسەنگێندراوە و دەرفەتەکانی پێویست بۆ پاشەکشەیەکی ڕێکو پێک و کەم خەسار یان بێ خەسار لێکدراوەتەوە؟ لەبیرمان نەچێ "لێپرسینەوە لە خەڵکی سەرکەوتوو ناکرێ" بەڵام خۆ ئەوانی تووشی شکست دێن، دەکەونە بەر ڕەخنە وگازندەی یاران و نەیاران و بە قەوڵێک "سەرکەوتن هەزاران باوکی هەیە و شکست هەتیو و بێ دایک و باوکە".

بێ ئەوەی بمانەوێ باسی دروست یان نادروست بوونی شەڕی چەکداری بکەین پێویستە بە پێی ئاکامەکانی ئەم یەک دوو ساڵەی کە جموجوڵی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردۆتەوە، دەستکەوتەکان و زیانەکانی هەڵسەنگێنین و بزانین چ کاریگەریەکی لەسەر گەشەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و هەتا چ رادەیەک لە مەبەستەکانی نزیک بۆتەوە! بەم پێی پێویستە، ئێمە وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

١- ئایا ئەم جموجوڵانە بوونەتە هۆی پاشەکشەکردنی دوژمن و نزیککردنەوەی ئێمە لە مەبەستەکانی خۆمان؟

٢- لەم جموجوڵانەدا،خەساری گیانی و کوژراوی هێزەکانی سەرکوتکەر زۆرتر بووە یان ئی لایەنی پێشمەرگەکان؟ ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستن پیشانیان داوە کە بە دەیان پێشمەرگەی کورد بە هۆی لە کەمین کەوتن و گەمارۆدران، گیانی خۆیان بەخت کردوە و ئەگەر تەنانەت زەبرێکی زۆریش لە دوژمن درابێ بە پێی ئەوەی کە حکومەت هەزاران هێزی سەرکوتکەری هەیە، دەتوانێ بە هاسانی جێگەی کوژراوانی خۆی پڕکاتەوە، بەڵام بڵێی حیزبە کوردستانییەکان بەم سادەییە بتوانن جێی ئەم گیانبەختکردوانە پڕ کەنەوە؟

٣- ئایا چالاکیی پێشمەرگە و دەستکەوتەکانی ئەوندە بەرچاو بووە کە ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک و پەیوەست بوونیان بە هێزی پێشمەرگە یان بە پێچەوانە لە کەمین کەوتنی بەردەوام،شەهیدبوون و گیرانی پێشمەرگەکان کاریگەریەکی نەرێنی لە سەر رەوانی کۆمەڵگایەک بووە کە شایەدی شکست و زەبرخواردنی بەردەوامی هێزێکە کە لە رابردوودا وەکو پاڵەوانی رزگارکەر پێناسە دەکرا؟

٤- ئایا توانایی هێزی پێشمەرگە لەو ئاستەدا هەیە کە بتوانی ناوچەگەلێک رزگار بکات و دەستەڵاتی ئەو بەشە بە دەستەوە بگرێ و رایگرێ؟

٥- ئایا ئەم جموجۆڵانە بوونەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاگایی سیاسیی خەڵک و متمانەی زۆرتر بە حیزبە کوردستانیەکان؟

٦- ئایا کاتێک حیزبە کوردستانیەکان نەک ناوچەیەکی ئازادکراو بەڵکو پشت جەبهەیەکی جێ متمانە و ئیمکاناتی ماڵی و لۆجەستیکیشیان نیە، تا چ رادەیەک ئەم کار و چالاکیانە دەتوانێ بە قازانجی نەک بزووتنەوە، بەڵکوو خۆشیان تەواو بێ؟

٧- بڵێی کاتێک ئەم هەموو دەرفەتە میدیاییە بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵ خەڵک لە ریگای ئینترنێت، تەلەویزیون و هتد هەیە، پێویست بێ تەنیا لەبەر پیشاندانی حزوری حیزبێک، گیانی پێشمەرگەکان بکەوێتە مەترسییەوە؟ بڵێی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە پانتاییەکەی دەگاتە ١٦٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە،بوونی جاروباری پێشمەرگە لە چەند گوندێکی کوردستان و زەبرخواردنی بەردەوام و گەیشتنی خەبەری شکست و سەرکووتکرانیان بە جەماوەر، ببێتە هۆی راکێشانی خەڵک بۆ گۆڕەپانی خەبات و وروژاندنی هەستی نەتەوەیی ئەوان؟

٨- کاتێک باردۆخی پێویست بۆ جووڵانەوی چەکداری ئامادە نیە، رێژەی پێشمەرگە، و ئامرازی خەباتی نیزامی و تواناییەکان بۆ شەرێکی سەرکەوتوو بە هیچ جۆر بەرابەریی لەگەڵ ئیمکاناتی دوژمن ناکات، و باردۆخەکە گەلێک نابەرامبەرە، بڵێی دەس بۆ چەک بردن نەبێتە هۆی بردنی هێزی شۆڕشگێر بۆ نێو مەیدانێک کە رێژیمی دیکتاتۆر دەستی باڵای تێدا هەیە و بە هەبوونی تەواوی دەرفەتە سوپایی (نیزامی)یەکان، توانای سەرکوتکردنی یەکجار بەرزترە؟ ئایا لەم حاڵەتەدا، ئەم جۆرە حەرەکەتە چەکدارییە نابێتە هۆی ئەوە نەک پێشمەرگەکان بەڵکوو خەڵکی ئاساییش تووشی چەرمەسەریی و ئازار و زیانێکی زۆر بێ؟ و هتد.

**ئاکامگیری.**

حیزبێکی بەرپرس و بە ئەزموونی سیاسی، بە پێی هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و وەزعیەتی سیاسیی کۆمەڵگا، هاوسەنگیی هێزەکانی دژبەر و چۆنیەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی جەماوەر دەبێ توانایی کەڵک وەرگرتنی شیاو و دروستی لە تەواوی شێوەکانی خەباتی

ئاشتیخوازانە و ڕادیکال، واتە شەڕی چەکداریی و ڕاپەڕین و هتد هەبێ و لە کاتی پێویستدا بتوانێ شێوازی دروستی خەبات وا هەڵبژێرێ کە بە کەمترین خەسار زۆرترین زەبر لە دوژمن بدات و لە مەبەست و ئاکامەکانی خۆێ نزیک بێتەوە. بێگومان خەباتی چەکداریی پێویستی بە بیرێکی گەلێک وردتر و هەبوونی دەرفەتەکانی پێش و پاشی بەرەی شەڕ و بارودۆخێکی شیاو هەیەو تەنیا کاتێک لە جێی خۆیدایە کە بتوانێ لەسەر بەستێنی شۆڕشێکی جەماوەریی و لە کاتی پێویستدا بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری بێتە ئاراوە. هێنانە مەیدانی هێزی پێشمەرگە لە کاتێکدا بارودۆخی پێویست تەیارنییە و هاوسەنگیی هێزەکانی شەڕ لە قازانجی هێزی سەرکوتکەردایە، چ لەباری نیزامی و چ لەباری ڕووحی و ڕەوانییەوە بە زیانی هێزی شۆڕشگێر و خەڵک تەواو دەبێ. زەبرخواردنی بەردەوامی پێشمەرگە، گیران و شەهیدبوونیان چ لەباری ئینسانیی و چ لەباری کاریگەریی ڕەوانییەوە کۆمەڵگاو حیزب تووشی خەسار و کارەسات دەکات.

خەڵک حەقی خۆیانە ئەم پرسیارانە ئاراستەی ئەم چەشنە ڕێکخراوانە بکەن:هۆی چیە تەنیا پێشمەرگەیە کە بەردەوام دەکەوێتە کەمینی دوژمن و هیچ دەستکەوتێکی نیزامی و سیاسی نەسیبی هێزی پێشمەرگە نابێ؟ ئایا باشتر نییە حیزبەکانی کوردستانی زۆرتر بایەخ بە پەروەردەکردنی سیاسی و نیزامیی پێشمەرگە و ئامادەکردنیان بۆ ڕۆژێک بدەن کە بارودۆخی پێویست لە کۆمەڵگا پێک دێ و ئەوان بتوانن وەکو کادرێکی سیاسی بەشداری لە خەباتی جەماوەریدا بکەن. بڵێی باشتر نەبێ لەم بارودۆخەدا کە خەباتی مەدەنی لە حاڵی گەشەسەندایە هێزی خۆمان بۆ کۆکردنەوە و پەرەپێدان بە خەباتی ئاشتیخوازانەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی بخەینە گەڕ؟ مانگرتنی ٢١ی خەرمانان نموونەیەکی باش بوو لە خەباتی مەدەنی و جەماوەریی کوردستان و نیشانەی ئەو پەڕی وشیاریی و ئاگایی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ نموونەیەک باش نەک بۆ تەواوی ئێران بەڵکوو بۆ تەواوی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بێ. حیزبێکی بە ئەزموون نابێ بە حەرەکەتێکی کاڵ و ناسەرکەوتووی نیزامیی خۆی، زەبر لە بزووتنەوەی لە حاڵی گەشەسەندنی خەڵک بدات و ڕێخۆشکەری سەرکوتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی نێو کۆمەڵگا و میلیتاریزە کردنی وڵاتبێ. لە لایەکی دیکەشەوە تێچووی ئەم چەشنە خەباتە رادیکالە، لەدەستدانی دەیان پێشمەرگەی ئازایە کە سەرمایەی ئەم کۆمەڵگایەن و دەتوانن لە داهاتوی کوردستاندا ئەگەر بە باشی پەروەردە بکرێن، نەخش و ڕۆڵێکی باش و چارەسازیان هەبێ! بێگومان خەباتی سیاسی لە کۆمەڵگایەکی نادێموکراتیکدا هەمێشە لەگەڵ گرتن و ئەشکەنجە و شەهیدبوونی ئازادیخوازان ڕوبەڕوویە، بەڵام حیزبێکی سیاسی پێویستە زۆر ورد و بەرپرسانە لەگەڵ گیانی ئەندامەکانی خۆی و خەڵکی ئاسایی بجووڵێتەوە و شێوەیەک هەڵبژێرێ کە بە کەمترین خەسار بە زۆرترین ئاکام بگات!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩ و ٢٠٢٠

-------------------------------------------------

# گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم

## پێناسە، مێژوو و ئەزموونەکانی

### (بەشی یەکەم)

«یەکیەتیی ئەوانەی کە لەمەڕ بیرکردنەوە تووشی ڕەنج و مەینەتن لەگەڵ ئەوانەی کە بەهۆی ڕەنج و مەینەتیان بیر دەکەنەوە، مەرجی گۆڕانکاریی جیهانە.»

مارکس

مرۆڤ بە درێژایی ژیانی خۆی و بە تایبەتی لەکاتی پێکهاتنی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە بە ئاواتی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دادپەروەر و ژیانێکی ئاشتیخوازانە بووە و لەم پێناوەدا گەلێک خەباتی کردووە و قوربانیی داوە. بیر و هزری سۆسیالیستی کە زۆربەی ئاواتە لەمێژینەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ ئاکامی سروشتیی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ڕادەی گەشەسەندنی شێوەی بەرهەمهێنانیەتی. بیری سۆسیالیستی بەپێی بارودۆخی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە واتە بارودۆخی نەگەیشتووی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ڕادەی نزمی ئاگایی چینایەتیی نوێنەرانی فیکریی زەحمەتکێشان کاڵ و نەگەیشتوو بوو و زۆرتر ڕەنگ و ڕووی خەیاڵی بەخۆیەوە گرتبوو.

ئەم بیرۆکەیە پاشتر لەلایەن بیرمەندە بەناوبانگەکانی چەپ وەک مارکس و ئێنگڵس بە چەشنێکی زانستی گەشەی سەند و تیۆریزە کرا و بە شوێن شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیە بە ڕێبەرایەتیی لێنین(ساڵی ١٩١٧ی زایینی)، پێکهاتنی وڵاتە سۆسیالیستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٤٦) و دامەزرانی کۆماری گەلی چین بە ڕێبەرایەتیی مائۆتسە دۆن (یەکی ئۆکتۆبری ١٩٤٩) و هتد... تێ کۆشراوە بە شێوە جۆراوجۆرەکان ڕێگەی گەیشتن بە دادپەروەریی سۆسیالیستی تاقی بکرێتەوە و ڕەنگ و ڕووی ڕاستی پێ بدرێ.

بنەمای سەرەکیی تەواوی ئەم هەوڵانە گەیشتن بە ئازادیی مرۆڤ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و زاڵکردنی سەروەریی چینی کرێکار و تەواوی زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە بووە. بەڵام ئەم ڕەوتە بە هۆی نوێبوون و نەبوونی ئەزموونێکی مێژوویی، سەرەڕای

ئەوەی دەستکەوتێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی بوو، بە هۆگەلی جۆراوجۆر بە ئاواتەکانی نەگەیشت و تووشی شکستێکی مێژوویی هات. بەم پێیە پێویستە هێزی چەپ پێداچوونەوەیەکی جیدی بەسەر مێژوو، بیر و هزر و ڕوانگەی گشتی و فەلسەفەی خۆی بکاتەوە و پاش خەسارناسی ڕابردووی خۆی، بەرەو پێری داهاتوو بڕوا.

پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، قەیرانی فیکری و ڕێکخراوەیی زۆرینەی حیزبە کلاسیکەکانی چەپی جیهانی لەخۆ گرتەوە و مەدینەی فازیلەی ئەوان لە ماوەیەکی کورتخایەندا بوو بە بەشێک لە مێژووی سەدەی ٢٠ی زایینی. بەشێک لەوانەی کە سیستمی یەکیەتیی سۆڤیەتییان بە سەرمایەداری دەوڵەتی ناو دەبرد پێیان وایە کە سیستمی سۆسیالیستی لەم کۆمەڵگەیەدا هەر بوونی نەبووە هەتا شکستی خواردبێ، بەشێکیش لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەم کۆمەڵگەیە بە ڕاستی سۆسیالیستی بووە و بە ئاکام نەگەیشتنی ئەم ئەزموونە لە ڕاستیدا شکستی سۆسیالیزمە، بەشێکیش پێداگری لەسەر بیروباوەڕی پێشووی خۆیان واتە پشتیوانی لە سیستمی سۆڤیەتی و سۆسیالیزمی بە ڕاستی ئارایی(١) دەکەن و سەرەڕای قبووڵی ڕەخنەگەلێک، ڕووخانی ئەم سیستمە وەکوو ئاکامی فیت و پیلانی دوژمنانی سۆسیالیزم، ئەمپریالیزم و خۆفرۆشانی نێو ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست دەزانن.

لە لایەکی دیکەشەوە، بەرەی هێزە جۆراوجۆرەکانی دژ بە سۆسیالیزم کەوتوونەتە گەڕ و چەمکی سۆسیالیزم و تەنانەت تەواوی مێژووی خەباتی چەپەکان و دەسکەوتەکانیان لە بەرەی خەباتی دژ بە سەرمایەداری بە چەشنی جۆراوجۆر بێبایەخ لە قەڵەم دەدەن و ڕووخانی سۆسیالیزمی بە ڕاستی ئارایی لە سۆڤییەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی وەکوو شکستهێنانی یەکجاری نەک هەر ئەم سیستمە بەڵکوو بیروهزری چەپی سۆسیالیستی پێناسە دەکەن.

لێرەدا گەلێک پرسیار لە پێوەندیی لەگەڵ چەمکی سۆسیالیزم، هۆیەکانی شکستی ئەم ئەزموونە لە زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کە وەکوو بەرەی سۆسیالیستی پێناسە دەکران دێتە ئاراوە کە پێویستە وڵام بدرێنەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا گەلێک کتێب و بابەتی جۆراوجۆر لە لایەن یاران و نەیارانی سۆسیالیزم لە تەواوی جیهاندا نووسراون و ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لێک دراوەتەوە. لێرەدا نووسەر تێدەکۆشی پاش پێداچوونەوەیەک بەسەر مێژوو و بەشێک لە چەمکە سەرەکییەکانی سۆسیالیزم، ئاوڕێک لەم بیروهزر و هۆیەکانی شکستهێنانی ئەزموونی سۆسیالیستی، هەروەها پێوەندیی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتیی کورد بداتەوە.

## چەمکی سۆسیالیزم لە ڕوانگەی مێژووییەوە

لە هەوەڵ دەیەکانی سەدەی نۆزدەی زایینی بیری سۆسیالیستی بە چەشنێکی ڕەخنەگرانە و خەیاڵی لە ئورووپا سەری هەڵدا. نوێنەرانی فیکریی ئەم بیرۆکەیە بریتی بوون لە سەن سیمۆن و شارل فووریە لە فەڕانسە و ڕابێرت ئوون لە بریتانیا. دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی ڕەخنەگرانە و خەیاڵیی ڕەخنەگری سیستمی سەرمایەداری خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتیی ئەم نیزامە بوون و «هێرشیان کردبووە سەر بنەمای کۆمەڵگەی ئارایی و بەم پێیە بنچینەیەکی گەلێک بە نرخیان بۆ ڕوونکردنەوەی بیری کرێکاران پێک

هێنا»(بوو)... داهێنەرانی ئەم سیستمانە (سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی) هەرچەند دژایەتیی نێوان چینەکان و کاریگەریی فاکتەرگەلی وێرانکەری نێو کۆمەڵگەی دەسەڵاتداریان دەدی، بەڵام لە بەرەی پرۆلتاریادا توانایی لێکدانەوەی هیچ چەشنە کردەوەیەکی سەربەخۆی مێژوویی و هیچ چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی کە تایبەتمەند بە پرۆلتاریا بێ، نەدەدی».(٢)

ئەم بیرمەندانە متمانەیان بە چینی کرێکار و دەوری مێژوویی ئەم چینە و پێداویستیی خەباتی سیاسی و شۆڕشی کرێکاری نەبوو. بە باوەڕی ئەوان چینی کرێکار توانای ڕزگارکردنی خۆی نەبوو، پێویست بوو هێزێک لە دەرەوەی ڕیزی پرۆلتاریا ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرێ. بە باوەڕی ئەوان، زانایانی ئاشتیدەرەوە و خێرخواز پێکهێنەری ئەم هێزە بوون و ئەوان دەیانتوانی بە یاریدەی ئامۆژگاریی ئاکاری و نیشاندانی نموونەگەلێکی دیاریکراو بەم ئاواتە بگەن. ئەوان هەر چەشنە هەنگاوێکی سیاسی و بە تایبەتی هەر چەشنە تێکۆشانێکی شۆڕشگێڕانەیان ڕەد دەکردەوە و دەیانویست و هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە بە ئامانجەکانیان بگەن و شوێنگرەکانیان تەنانەت لە بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاریدا ڕادەوەستان. «بۆ وێنە شوێنگرانی ئوون لە بریتانیا دژایەتییان لەگەڵ چارتیستەکان و شوێنکەوتووەکانی فووریە لە فەڕانسە، دژایەتییان لەگەڵ ڕیفۆرمیستەکان دەکرد.».(٣)

سۆسیالیستە خەیاڵییەکان بە ڕەدکردنەوەی خەباتی سیاسی و چینایەتی، هەروەها پەنابردن بە خۆشخوویی و ئاکارباشیی بۆرژۆواکان، بە تایبەتی کاتێک بزووتنەوەی کرێکاری و زەحمەتکێشان گەشەی دەسەند، دەکەوتنە بەرەی کۆنەپەرستەکانەوە، بە قەولی مارکس و ئێنگڵس لە مانیفێستدا «گرنگی سۆسیالیزم و کۆمۆنیسمی ڕەخنەگرانە - خەیاڵی پێوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانی مێژوو» هەبوو. «سۆسیالیزمی خەیاڵی نەیدەتوانی نە نێوەرۆکی کۆیلەتیی مزبەری(٤) لە بارودۆخی سەرمایەداری شی بکاتەوە، نە یاسای گۆڕانکارییەکانی بدۆزێتەوە و نە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە دەتوانێ داهێنەری کۆمەڵگەیەکی تازە بێ، ببینێتەوە».(٥)

بەم حاڵەش ئەم بیرمەندانە بە پێی قۆناغێکی مێژوویی نوێنەری ویست و ئاواتەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بە چەشنێکی کاڵ و نەگەیشتوو بوون، لە نووسراوەکانیان بایەخێکی بەرچاویان بە گرنگیی خاوەنداریەتیی کۆیی، سەرچاوەی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی تاک، دارشتنی بەرنامە بۆ ئابووریی وڵات، لە نێوبردنی جیاوازیی شار و گوند و هتددا بوو و ئامۆژگارییەکانیان وەکوو یەکێک لە سەرچاوەکانی سەرەتایی مارکسیزم پێناسە دەکرێ. لێنین لە سێ سەرچاوە و سێ پاژی مارکسیزم سەبارەت بە ئامۆژگارییەکانی مارکس دەبێژێ: «ئەم بارهێنانە میراتبەری بەنرخی باشترین بیرۆکەیەکە کە مرۆڤ لە سەدەی نۆزدەدا لە چەشنی فەلسەفەی ئاڵمان، زانستی ئابووریی بریتانیا و سۆسیالیزمی فەڕانسە پێکی هێناوە.(٦)

هەتا نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٩ی زایینی چەمکی سۆسیالیزم و سۆسیالیست لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا زۆرتر بۆ بزووتنەوەی بۆرژوایی بەکار دەهێندرا. لە بەشی ٣ی مانفێستی حیزبی کۆمۆنیست - مارکس و ئێنگڵس، لە ژێر دێڕی «نووسراوە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییەکان» تێروتەسەڵ ڕەخنە لە سۆسیالیزمەکانی فیۆداڵی، مەسیحی، وردەبۆرژوایی، ئاڵمانی یان «ڕاستی»، خۆپارێز یان بۆرژوایی دەگیرێ. ئێنگڵس لەو پێشەکییانەی کە بۆ چاپی ئینگلیسیی مانیفێست لە ساڵی ١٨٨٨ و چاپی نوێ ئاڵمانییەکەی لە ساڵی

١٨٩٠ نووسیوە، لەم پێوەندییەدا ئاماژە دەکا و دەڵێ: ... «بەم حاڵە، کاتێک ئەم نامیلەکەیە (مانیفێست) بڵاو کرایەوە، ئێمە نەماندەتوانی ناوی بنێین مانیفێستی سۆسیالیستی. لە ساڵی ١٨٤٧ ناوی سۆسیالیست بە دوو چەشنە کەس دەگوترا: لە لایەکەوە بە لایەنگرانی مەکتەبە جۆراوجۆرە خەیاڵییەکان و بە تایبەتی شوێنکەوتووەکانی ئوون لە ئینگلیس و شوێنگرانی فووریە لە فەڕانسە دەگوترا کە هەردووکیان لەو کاتەدا گرووپگەلێکی تەریک لەکار دەرهاتبوون و پەیتاپەیتا بەرەو لە نێوچوون دەچوون و، لە لایەکی دیکەوە بە سێحربازە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی دەگوترا کە دەیانویست تەواوی بەڵا کۆمەڵایەتییەکان بە کەلکوەرگرتن لە ئیکسیر و پینەوپەڕۆکردن لە نێوبەرن، بەبێ ئەوەی کەمترین پێوەندییەکی بە سەرمایە و سوودەوە هەبێ. ئەمانە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا کەسانێک لە دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بوون کە زۆرتر لە چینە «خوێندەوارەکان» یاریدەیان وەردەگرت. بە پێچەوانە، ئەو بەشە لە چینی کرێکار کە بڕوایان بە کەموکووڕی گۆڕانکارییەکانی تەنیا سیاسی هەبوو و خوازیاری سەرلەنوێ درووستکردنەوەی بنەڕەتیی کۆمەڵگە بوون، ناوی خۆیان کۆمۆنیست نابوو... لە ساڵی ١٨٤٧ سۆسیالیزم، بزووتنەوەی بۆرژوایی و کۆمۆنیزم، بزووتنەوەی کرێکاری بوو».(٧)

مارکس و ئێنگڵس بەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ساڵەکانی دوو دەیەی پاش نووسینی مانیفێست، باس لەوەی دەکەن کە بەشێکی بەرچاو لە مانیفێست بەڕۆژ نییە و ئیتر بۆ ئەو کاتە کارایی نەماوە. لە پێشەکی بۆ چاپی ئاڵمانی مانیفێست لە ساڵی ١٨٧٢ لەبارەی بەشی ٣ و ٤ی مانیفێستدا هاتووە:... «هەروەها ئەوە خۆبەخۆ ئاشکرایە کە ڕەخنە لە بابەتی سۆسیالیستەکان بۆ ئەمڕۆ ناتەواوە، لەبەر ئەوەی کە تەنیا تا ساڵی ١٨٤٧ لەخۆ دەگرێتەوە. هەر بەم چەشنەش ئاشکرایە کە خاڵە پێوەندیدارەکان لەگەڵ هەڵوێستگرتنی کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن (بەشی چوارەم) سەرەڕای ئەوەی کە ئەمڕۆش لە هێڵە سەرەکییەکانی هەر ڕاستە، بەڵام لە ڕوانگەی بەکارهێنانی لە کردەوەدا کۆن بووە، لەبەر ئەوەی کە بارودۆخی سیاسی بە یەکجاری گۆڕاوە و ڕەوتی مێژوو، زۆرینەی ئەو حیزبانەی کە لەوێدا باسیان لێکراوە لەنێو بردووە.»(٨)

ئێنگڵس بە تایبەتی لە کتێبی «ڕەوتی تەواوکاری سۆسیالیزم - خەیاڵی و زانستی، وێڕای هەڵسەنگاندنی سۆسیالیزمی خەیاڵیی سەدەی هەژدە بە نوێنەرایەتیی سن سیمۆن و فووریە لە فەڕانسە و ئوون لە ئینگلیس و هتد، باس لە سۆسیالیزمی تازە یان ئەمڕۆیی، هەروەها زانستی دەکا». «ئێنگڵس ئاماژە بەوەی دەکا کە سۆسیالیزم دوو قۆناغی سەرەکی تەواوکاریی تێپەڕ کردووە. بۆ هەوەڵین جار لە هەیبەتی پێش زانستی، ئیدەئالیستی و ناپرۆلتاری سەری هەڵداوە، پاشان، بەپێی پەرەگرتنی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێداگری لەسەر ئاکامەکانی خۆی دەکا و لە قاڵبی مارکسیزمدا سەر هەڵدەدا...(٩) « ئێنگڵس دەبێژێ: «جەوهەری سۆسیالیزمی نوێ ئاکامی ڕاستەوخۆی ناسینی دوو ڕاستییە: یەکیان دژبەرەکیی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، دژبەرەکیی خاوەندارەکان و هەژارەکان، سەرمایەدارەکان و کرێکارە مزبەرەکان؛ ئەوی دیکەش بێسەرەوبەرەیی بەرهەمهێنانە».(١٠)

«(هەروەها) لەوەبەولاوە سۆسیالیزم ئیتر دۆزینەوەیەکی بەهەڵکەوتی ئەم یاخود ئەو مێشکە بیرمەندە یان ئەو بلیمەتە نەبوو، بەڵکوو ئاکامێکی بەناچاری خەباتی دوو چینی پرۆلتاریا و بۆرژوازی بوو کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا پێک هاتن و

گەشەیان کرد. ئەرکی سۆسیالیزم ئیتر ڕێکوپێککردنی نیزامێکی کۆمەڵایەتی بەلانی کەم تەواو نەبوو، بەڵکوو بریتی بوو لە لێکدانەوەی ڕەوتی مێژوویی و ئابووری کە بەناچار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم چینانە و پێکدادانیان، هەروەها دۆزینەوەی ئامرازی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە لەو بارودۆخە ئابوورییەدا کە لەم ڕێگایەوە پێک هاتبوون. بەڵام سۆسیالیزمی پێشوو هەر ئەوەندە لەگەڵ تێگەیشتنی ماتریالیستی ناکۆک بوو کە سروشتناسی ماتریالیستە فەڕانسەوییەکان لەگەڵ دیالێکتیک و زانستە سروشتییە تازەکان.

هەرچەند سۆسیالیزمی پێشوو ڕەخنەی لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئارایی و ئاکامەکانی دەگرت، بەڵام، توانای شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەوەی نەبوو و لە ئاکامدا، هەروەها توانای چارەسەرکردنیشی نەبوو؛ تەنیا دەیتوانی ئەو وەکوو شتێکی خراپ و نادرووست بە هەژمار بێنێ.

سۆسیالیزمەکەی پێشوو، هەرچەند چەوساندنەوەی چینی کرێکاری کە بەشی جیانەکراوەی شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوو بە توندی ئیدانە دەکرد، هەر بەو ڕادەیەش لە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی و چلونایەتیی پێکهاتنی ئەم چەوساندنەوەیە بێدەسەڵات بوو. لە ڕاستیدا، مەسەلە ئەوە بوو کە پێویست بوو:

١) شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە لایەکەوە لە پێوەندییەکی مێژوویی و پێداویستی پێکهاتنی لە قۆناغێکی مێژووییدا لێک بدرێتەوە؛ لە لایەکی دیکەوە، هەروەها تایبەتمەندییە ناوەکییەکەی کە شاراوە بوو ئاشکرا بکرێ و، ئەم بایەخدانە لە ڕێگەی دۆزینەوەی زێدەبایی وەدی هات...

ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ دوو دۆزینەوەی گەورە: تێگەیشتنی ماتریالیستیی مێژوو و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە پێی زێدەبایی قەرزداری مارکسین. بە پێی ئەم دوو دۆزینەوەیە، سۆسیالیزم کرا بە زانست...». (١١)

**سەرچاوەکان**:


١- لەم بابەتەدا ئارایی هاوڕیزی وشەی «موجود»ی فارسییە.

٢- مانیفست حزب کمونیست. ک. مارکس و ف. انگلس، ترجمە م. پورهرمزان صص. ٥٥ - ٥٦، انتشارات حزب تودە ایران، چاپ دوم ١٣٨٥.

٣- سەرچاوەی سەرێ. ل ٥٦.

٤- کرێگرتە، مزبەر، مزیار (بە فارسی: مزدبگیر).

٥- سە منبع و سە جزء مارکسیسم، و. ای. لنین، ترجمە م. پورهرمزان ص ٤، انتشارات حزب تودە ایران

٦- سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ٣.

٧- مانیفست حزب کمونیست. ص ٩ و ١١.

٨- سەرچاوەی سەرێ، لاپەڕەی ٢.

٩- تکامل سوسیالیسم از تخیل به علم، ف. انگلس، ترجمه گروه کادرها، ص ١٤، انتشارات کمونیسم، ١٣٥١، بازنویسی یاشار آذری ١٣٨٣، نشر کارگری سوسیالیستی.

١٠- سوسیالیسم تخیلی و علمی. ف. انگلس، ترجمەی مسعود صابری، ص ٦١ تهران، نشر پرسو ١٣٨٥.

١١- سەرچاوەکەی سەرێ لاپەڕەکانی ٩١ - ٩٠.

(لە ژمارەی ٧٤١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٩

---

## کورتەیەک سەبارەت بە شێوازەکانی بینای سۆسیالیزم

**(٢)**

لە مێژووی بیر و هزری سۆسیالیستیدا، هەر لە سەدەی ١٩- وە هەتا ئێستا، بە گشتی سێ شێوازی جیاوازی سۆسیالیزم بینراوە.(١)

یەکەم شێواز لەسەر بنەمای ئاریکاری، هاوبەشی و خاوەنکاربوونی زەحمەتکێشان لە گەلەکۆمەکان، مانەوەی بازار و ڕکەبەری و خۆبەڕێوەبەرایەتییە. لەم حاڵەتەدا نرخەکان ئیتر نرخی بازاری سەرمایەداری نین و قازانجێک بۆ خاوەنکارەکان پێکناهێنن. ئەم شێوازە تا ڕادەیەکی زۆر هاوئاهەنگیی هەیە لەگەڵ تێورییەکانی پرۆدۆن، و سۆسیالیزمی خۆبەڕێوەبەرێتیی یوگسلاوی تا ڕادەیەک بەلانیکەم لە ڕوانگەی تیورییەوە لەژێر کاریگەری ئەم بیرۆکەیەدایە. ڕەوتی بەڕێوەبەرێتی لە یوگسلاوی تا ڕووخانی دەستەڵات لەم وڵاتەدا چەند قۆناغێکی تێپەرکرد:

«لە یەکەمین قۆناغی خۆبەڕێوەبەریی سۆسیالیستی (١٩٦٥ - ١٩٥٠) لە یوگسلاوی، بەرنامەڕێژی لە ڕێگای سنووقی کۆمەڵایەتی و لە ژێر کۆنترۆڵی حیزب - دەوڵەتدا بەڕێوە دەچوو، لە حاڵێکدا بەرنامەکانی کورتخایەن و بەڕێوەبردنی خۆجێی کارخانەکان لە ڕێگەی خۆبەڕێوبەرێتییەوە بوو. بەشی سەرەکی «زێدەبایی» ئەوان پاش پێدانی مووچەکان و خەرج و مەخارجی بەرهەمهێنان دەدرا بە

سندووقی کۆمەڵایەتی.

لە قۆناغی دووهەم واتە ساڵانی ١٩٧١ - ١٩٦٥دا، دابەزینی بەرنامەدانان و زیادکردنی مافی ناکۆجێ (ناسەنترالیزە)ی بریاردان لە ئاستی کارخانەکاندا پەسەند کرا. هاوڕێ لەگەڵ بازار و سیستمی بانکی بۆ هاوئاهەنگی و دیاریکردنی شێوەکانی تەرخانکردنی سەرمایە (سەرمایەدانان)، بانکەکانیش لە ڕێگەی هورمی بانکییەوە کە بەپێی پێوەرەکانی سوودهێنەری بازار بوو، پشتیوانییان لەم سەرمایەدانانە دەکرد. ئەم ڕەوتە بوو بە هۆی چوونەسەرێی کۆگاکراوی خۆیی، نابەرانبەری و بێکاری.

لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠دا بەشێک لە مارکسیستەکانی یوگسلاوی خۆبەڕێوەبەریی لە ئاستی خۆجێیی و نیشتمانی، هەروەها نادروستبوونی زاڵبوونی هاوبەشیی بازار و دەوڵەتیان هێنا ئاراوە. بەڵام لە کۆنگرەی خۆبەڕێوەبەرایەتیدا بەجێی لێکدانەوە و قسەکردن لەسەر ئەم پێشنیارە، دەستەڵاتدارنی یوگسلاوی وێڕای ڕەدکردنەوەی ڕەخنەکان و سەرکوتکردنی ڕەخنەگرەکان، دەستیان بە ڕیزێک چاکسازی لەسەرەوە کرد. سەرەرای ئەوەی کە یوگسلاوی لە دەیەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ تووشی قەیران هات، بەڵام ئەوان بە رەدکردنەوەی سۆسیالیزمی دەوڵەتی و سوسیالیزمی بازار و پێداگری لەسەر ڕەوت و ئامرازی «کۆمەڵایەتیکردن» (لەژێر کۆنترۆڵی فرەلایەنەی کۆمەڵایەتی) بازار و دەوڵەت، شێوازێکی دیموکراتیکی خۆبەڕێوەبەریان تاقی کردوە کە دەیتوانی وانەیەک بێت بۆ چەپەکان.»(٢)

شێوازی دووهەم، مودێلی بەرنامەدارشتنە کە نموونەکەی لە نووسراوەکانی سنسیموون و پاشان بیرمەندەکانی کۆمۆنیست وەکوو مارکس و ئێنگلسدا دەبینرێ. لەم حاڵەتەدا ئامرازی بەرهەمهێنەر لە ژێر خاوەنداریەتی کۆمەڵایەتی دایە و یەکەکانی بەرهەمهێنەر ئیتر سەودا و مامەڵەی بەرهەمەکانیان ناکەن لەم حاڵەتەدا بازارێک نامێنی و ڕێکخراوەیەکی ناوەندی لە چەشنی بەرێوبەریی ئیداری جێگیری بازار دەبێ. سیستمی سۆڤییەتی ڕەنگ و ڕووی ڕاستیی بەم شێوازە بەخشی. لەبەشەکانی دیکەدا زۆرتر باسی ئەم شێوازە دەکەین.

شێوازی سێهەم، سۆسیالیزمی دەوڵەتی لەگەڵ بازار بەپێی بیرۆکەکانی لوبی بلانکییە. لێرەدا دامودەزگاکانی دەوڵەتی کەڵک لە ئامرازی بەرهەمهێنەر وەردەگرن، بەرهەم قازانجی هەیە و دابەشکردنیان بە چەشنێکی دیکەیە. بازار و ڕکەبەری بە چەشنێکی بەرچاو دەمێنێتەوە و دەوڵەت کەم و زۆر پێڕەوی بنەما لیبراڵییەکانە. ئەم شێوازە تا ڕادەیەک بە پێکهێنانی بەشی گشتی، لە بەشێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە.

بە گوێرەی باوەڕی زۆرینەی مارکسیستەکان تەنیا شێوازی دووهەم مارکسیستییە و ئەم شێوازە کۆمۆنیزم لە ڕیفۆرمیزم جیا دەکاتەوە. تۆنی ئاندرێ ئانی لە نامیلکەیەک بە ناوی «لە سۆسیالیزمەوە تا سۆسیالیزمێکی دیکە» باسی هەبوونی هەر سێ شیوازەکان لە نووسراوەکانی مارکس و ئێنگلس بۆ قۆناغە جۆراوجۆرەکانی بینای کۆمۆنیزم دەکا. بە باوەڕی ئەو، مارکس و ئێنگلس بۆ دووهەمین دەورەی پاش بەدەسەڵات گەیشتنی پرۆلتاریا (سەردەمی تێپەرین) سۆسیالیزمی بازاڕیان نزیک بە شێوازی سێهەم لێکداوەتەوە و تەنیا

بۆ دەورەی دووهەم واتە سۆسیالیزم بە مانای تایبەتی ئەم وشەیە، تێپەڕین بە شێوازی بەرنامەڕێژی تەواویان پەسەند كردوە، واتە كاتێک بازار هەڵدەوشێتەوە.

سۆسیالیزمی دەوڵەتی بازار لە پێوەندی لەگەڵ كاتێک لە دەورەی تێپەڕینە، كە ئابووریی تێكەڵاو، واتە نیوە سۆسیالیستی - نیوە سەرمایەدارییە و پاش سەركەوتنی دیموكراسی، جارێ خاوەندارێتی بۆرژوایی لەنێو نەچووە و خاوەندارێتیی دەوڵەتی سۆسیالیستی بەرەبەرە لەحاڵی جێگیربوون دایە. لەسەرەتادا دەوڵەتی سۆسیالیستی تەنیا هورمی بانكی، كە لە ژێر ئیرادەی بانكی میللی دایە، دەخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، ئەم بانكە تەنیا خاوەن بەهرەی ماف و سەربەشی تەواوی ئامرازەكانی كرین و فرۆشتن و بەشێک لە كارخانەكانە. بە پێی نامەیەكی ئێنگلس بۆ ماركس، تێپەڕین لە سێ شكڵ دایە:

دەوڵەتی پرۆڵتاریا خاوەندارێتیی بەشێک لە بنكە سەرمایەدارییەكان هەڵدەوەشێنێتەوە و پێداگری لەسەر هەنگاوگەلێكی دیكە بۆ دابەزاندنی خاوەندارێتیی سەرمایەداری بە تایبەت ماڵیاتی پلەبەپلەیی، ماڵیاتی میرات و لابردنی مافی میراتبردن لە نێوان خزم و كەسەكاندا (برا، نەوە و كەسانی دیكە) دەكا. هەروەها (دەوڵەت) بە پێی ئەو داهاتانە دەتوانێ بنكەگەلێک بكڕێ یان دروست بكا. بەم هەنگاوانە پەیتا پەیتا لە سۆسیالیزم نزیک دەبێتەوە. بەم پێیە دەكرێ سۆسیالیزمی بازار تەنیا وەكو تێپەڕینێک بۆ سۆسیالیزمی بەرنامەڕێژ واتە یەكەمین فاز یان فازی سەرەتایی كۆمەڵگەی كۆمۆنیستی پێناسە بكرێ.

لە درێژەدا سۆسیالیسمی بەرنامەڕێژ بازاڕ لەنێو دەبا و ڕێكخستنێكی وریایانە دەكاتە جێگری. بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە كۆمەڵگە ببێتە خاوەنداری تەواوی ئامرازەكانی بەرهەمهێنەر و بەرهەم ڕاستەوخۆ كۆیی بكرێ. تۆنی ئاندرە ئانی لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم قۆناغەدا باسی چەند كێشەیەكی مەترسیدار وەكوو كێشەی سەربەخۆیی ڕێژەیی یەكەكانی بەهەمهێنەر و بەشداریی ڕاستەقینەی زەحمەتكێشان لە داڕشتنی بەرنامە و بەڕێوەبەرایەتی یەكەكانی بەرهەمهێنان دەكا كە بەدوور لە چاوی ماركس و ئێنگلسیش نەبووە. ماركس و ئێنگلس بۆخۆشیان ئاگاداری ئەم كێشەیە بوون. ئێنگلس بەم بۆنەیەوە لە بنەماكانی كۆمۆنیسمدا دەبێژێ: "مەسەلەی هاوبەشیی بەرهەم ناتوانێ لەلایەن خەڵكەوە بەوجۆرەی كە ئەمڕۆ هەن، مسۆگەر بكرێ..."

بەم پێیە، سۆسیالیزمی بەرنامەڕێژ (ئەو سۆسیالیزمەی كە باكۆنین وەكوو چەشنێک لە دەستەڵاتداریی زانایان و كارناسەكان پێناسەی دەكرد، مەترسییەكە بۆ حەواڵەكردنی بابەتەكە بۆ زەمەنێكی دووردەست، واتە كاتێكە كە دابەشكردنی كار بەیەكجاری لابرابێت.

لە بنەماكانی كۆمۆنیزمدا دەخوێنینەوە «ڕاهێنان و پەروەردەكردن پێویستە بەخێرایی لاوەكان ئامادەی ڕاگوازتنەوە لە بەشێكەوە بۆ بەشێكی دیكەی سەنعەت بەپێی پێداویستییەكانی كۆمەڵگە و مەیلە تایبەتمەندییەكانیان بكا».(٣) هەروەها ماركس و ئێنگلس لە «ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی»»شدا پاش باسكردن لە دابەشكردنی كار و بەسترانەوەی مرۆڤ بەكارەكەی و ئەوەی كە مرۆڤ ئەگەر نایەوێ داهاتەكەی لە دەست بدات دەبێ خەریكی هەر ئەوكارە بێ كە بژیوی پێ بەستراوەیە، دەنووسن «... (مرۆڤ) لە كۆمەڵگایەكی

کۆمۆنیستیدا کە هیچ کەس خاوەنی بوارێکی تایبەتی لە چالاکی نییە، دەتوانێ لەهەر ڕشتەیەکدا کە بیەوێ سەرکەوتوو بێ، کۆمەڵگە بەرهەمهێنانی گشتیی ڕێکوپێک دەکا و بەم چەشنە ئەو دەرفەتەم بۆ دەرەخسێنێ کە ئەمڕۆ کارێک و سبەینێ کارێکی دیکە بکەم، بەیانی خەریکی ڕاوکردن بم، پاشنیوەڕۆ خەریکی ماسیگرتن، ئێوارێش ئاژەڵداری بکەم، هەروەها لەبەر ئەوەی کە زەینیشم هەیە، دوای خواردنی نانی شەوێ خەریکی ڕەخنەنووسین بم، تەواوی ئەمانەش بێ ئەوەیە کە ببم بە ڕاوچی، ماسیگر یا ڕەخنەنووس.»(٤)

لێرەدایە ئەم بابەتە تا ڕادەیەکی زۆر خەیاڵی دێتە بەرچاو، چۆن ئەستەمە کرێکارێک لە وەزعییەتێکی چەند پیشەییدا بتوانێ بەپێی ویست و ئیرادەی خۆی کارەکەی بگۆڕێ بێ ئەوەی کە بەستراوە بەکارێکی تایبەتیش بێ، یان ئەم توانایەی بێ کە هاوکات پسپۆڕی چەند بوار بێ، واتە ئەگەر ئەم کارانەی کە مارکس و ئێنگلس باسی دەکەن تەنانەت بۆ ئەوڕۆی لەبەرچاوبگرین بەبەراورد لەگەڵ کاتی نووسینی ئایدیۆلۆژیی ئەڵمانی گەلێک فەنیتر و پسپۆڕانەتر بووە و ئەستەمە کەسێک کە لە لایەن بنکەیەکی گەورەی ماسی فرۆشتنەوە بۆ ماسیگرتن نێردراوە توانای کاری دیکەی لە درێژایی ڕۆژەکەدا بێ. بۆ ساتێک لەبەر چاوبگرین لە بارودۆخی ئێستا یا داهاتوودا کەسێک بەیانی کاری پزیشکی بکا، پاش نیوەڕۆ خەریکی بەڕێوبەرایەتیی بنکەیەکی پیشەیی بێ، ئێوارێ بیەوێ بێژەری تەلەویزیۆن و شەوانەش خەریکی مێژوونووسین بێ؟

بێگوومان جیهانی ئەمڕۆ بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی مارکس و ئێنگلس زۆر گۆڕدراوە و ئاڵوگۆڕە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان ئەرکی تازە و لێکدانەوەی تازە دەخاتە بەردەم چەپەکان. ئێنگلس لە «ئانتیدۆرینگ»دا بە درووستی ئاماژە بەم خاڵە دەکا کە «تا چ ڕادەیەک جیهانی ئەمڕۆ جارێ گەنجە و تا چ ڕادەیەک گاڵتەجارە کە ئێمە بایەخێکی ڕەها بە تێروانینی ئێستای خۆمان بدەین». بەم پێیە پێویستە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان بە پێی ڕاستییەکانی ژیانی ئەمڕۆیی پێداچوونەوەیەک بەسەر لێکدانەوەکانی پێشوو و ئەو کۆمەڵگەیەدا بکەن کە دیانەوێ پێکی بێنن و لە ڕەوتی تەواوکاریی بیری مارکسیستی بە شێوەیەکی ڕاستبینانە بە ئاکامێکی زانستی بگەن.

**سەرچاوەکان**:


١- از یک سوسیالیسم تا سوسیالیسم دیگر، تونی آندره آنی، برگردان ب. کیوان، سایت نگرش.

٢- مسئلەی گذار از سرمایەداری (٥) گفتوگوی سعید رهنما با کاترین سامری، نقد اقتصاد سیاسی.

٣- اصول کمونیسم. ف. انگلس، ترجمە هوشمند، ص ١٤، تهران ١٣٣١، چاپ چهارم، تکثیر حجت برزگر سال ٢٠٠٠.

٤- ایدولوژی آلمانی. ک. مارکس، ف. انگلس، ترجمە زوبین قهرمان. ١٣٥٩ ص ٤٢، تایپ و ویرایش غلامرضا پرتوی.


(لە ژمارەی ٧٤٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

## سۆسیالیزم لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە

**(٣)**

لە ئەدەبیاتی چەپدا، سۆسیالیزم وەکوو قۆناغی یەکەمی فۆڕماسیۆنی کۆمۆنیزم پێناسە دەکرێ. مێژووی ئەم چەشنە پێناسەیە زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر لێدوانەکانی ئینتێرناسیۆنالی دووهەم و سێهەم و کۆمۆنیستەکانی پاش مارکس. بە تایبەتی لێنین لە بەشی ٥ی کتێبی «دەوڵەت و شۆڕش»دا، لە ژێر سەردێڕی «بنەما ئابوورییەکانی لەنێوچوونی دەوڵەت» چەمکی سۆسیالیزمی وەکوو فازی یەکەمی کۆمۆنیزم و کاتی تێپەڕین لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم بەکار هێناوە و بەپێی لێکدانەوەکانی مارکس لە کتێبی «هەڵسەنگاندنی بەرنامەی گووتا»دا، ئەم چەمکە و تایبەتمەندییەکانی زۆرتر شیکردۆتەوە.(١)

مارکس لە «هەڵسەنگاندنی بەرنامەی گووتا»دا هیچ کاتێک وشەی «سۆسیالیزمی» لە پێوەندی لەگەڵ قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگەی داهاتوو یان خولی تێپەڕین لە کۆمۆنیزم بەکار نەهێناوە. مارکس لەم بابەتەدا وێڕای لێکدانەوەی بەرنامەی حیزبی کرێکارانی ئاڵمان و ڕەخنە لە پێشنیارەکانی لاسال لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی سەرەتایی کۆمۆنیزم دەبێژێ:

«ئێمە لەگەڵ چەشنە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا سەروکارمان نییە کە بەپێی بنەمایەکی تایبەتمەند بە خۆی گەشە و پەرەی سەندبێ، بەڵکوو سەروکارمان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکە کە تازە لە ناخی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە سەری هەڵداوە، بەم پێیە لە تەواوی بوارەکانی ئابووری، ئاکاری و فیکریدا؛ هێشتا مۆرک و نیشانی ئەو کۆنە کۆمەڵگەیەی پێوە دیارە کە لە ناخییەوە سەری هەڵداوە.»(٢)

مارکس ئەم کۆمەڵگەیە وکوو قۆناغی سەرەتایی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی، واتە کۆمەڵگەیەک پێناسە دەکا کە «پاش ئێشی درێژخایەنی زاوزێ لەنێو کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە سەر هەڵدەدا(٣)... و جارێ ناتوانێ بەتەواوەتی دادپەروەری و بەرامبەری پێک بێنێ. بە باوەڕی مارکس «لە نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی خولی تێپەڕبوونی شۆڕشگێڕانە لە هەوەڵییەوە بۆ دووهەمی هەیە. بەپێی ئەم خولە، خولێکی تێپەڕینی سیاسیش هەیە کە دەوڵەتەکەی ناتوانێ شتێک بێ بێجگە لە دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانەی پرۆلتاریا.»(٤)

لێنین لە کتێبی «دەوڵەت و شۆڕش»دا، پاش ئاماژە بە لێکدانەوەکانی مارکس لەم کتێبەدا، دەڵێ: «بەم پێیە یەکەمین فازی کۆمۆنیزم ناتوانێ دادپەروەری و بەرامبەری مسۆگەر بکا: جیاوازی لە سەروەت و سامان لە چەشنی جیاوازیگەلی نادادپەروەرانە دەمێنێتەوە، بەڵام چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان نەگونجاوە، لەبەر ئەوەی وێچوونی خاوەندارییەتی ئامرازی بەرهەمهێنەر

واتە کارخانەکان، ماشێنەکان، زەوی و هتد، نامێنێ. مارکس وێڕای ڕەدکردنەوەی فورمووڵی ناڕوونی وردەبۆرژواییانەی لاسال لەبارەی «بەرامبەری» و «دادپەروەری» بە مانای گشتی، ڕەوتی گۆڕانکاریی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی شی دەکاتەوە و نیشان دەدا کە ئەم کۆمەڵگەیە ناچارە لەسەرەتادا تەنیا «ناعەدالەتی»یەک لەنێو بەرێ کە خاوەندارییەتی تاکەکەسی سەرچاوەیەتی و ناتوانێ جێبەجێ بێعەدالەتییەکی دیکە لەنێو بەرێ، کە بە هۆی بەشینەوەی شتومەکی مەسرەفی و «بەپێی میزانی کارە» (نە بەپێی پێداویستییەکان).(٥)... مارکس نەک هەر نابەرامبەری بە ناچاری مرۆڤەکان لە وردترین حاڵەتدا لەبەر چاو دەگرێ بەڵکوو سەرنج دەداتە ئەم خاڵەش کە تەنیا بە گواستنەوەی ئامرازی بەرهەمهێنەر بە خاوەندارییەتی گشتیی تەواوی کۆمەڵگە (یان بەو چەشنەی کە باوە - «سۆسیالیزم»)، کەمایەسی بەشینەوە و نابەرامبەری «مافی بۆرژوایی» لەنێو ناچێ و دەسەڵاتداری بە هۆی ئەوەی کە داهاتەکان «بەپێی کار» دابەش دەکرێن، درێژەی دەبێ».(٦)

لێنین لە کتێبی «نەخۆشیی منداڵانەی چەپڕەوی لە کۆمۆنیزمدا» کە ساڵی ١٩٢٠ واتە ٣ ساڵ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبر نووسیویەتی، ئاماژە دەکا و دەڵێ: «ئێمە ئێستا لە ڕووسیە (لەم سێهەمین ساڵی پاش ڕووخانی بۆرژوازیدا) هەنگاوە سەرەتاییەکانمان بۆ تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم واتە هەوەڵ قۆناغی کۆمۆنیزم هەڵدەگرین. لێرەدا جارێ چینەکان ماونەتەوە و لە هەر جێگایەکی دیکەش کە پرۆلتاریا دەستەڵات وەدەست بێنێ، ساڵیانێک هەر دەمێننەوە، تەنیا لە بریتانیا کە وەرزێریان نییە (بەڵام بەهەرحاڵ وردەخاوەنداریان! هەیە) لەوە دەچێ ئەم ماوەیە کورتتر بێ. لەنێوبردنی چینەکان تەنیا بە مانای ڕەواندنی خاوەندارەکان و سەرمایەدارەکان نییە - ئێمە ئەم کارەمان بە هاسانی ئەنجام دا، ئەمە بە مانای لەنێوبردنی وردەبەرهەمهێنەرەکانی شتومەکیش هەیە، بەڵام ناکرێ ئەمانە بڕەوێندرێن، دەکرێ (و پێویستە) ئەوان باش بکرێنەوە و سەرلەنوێ پەروەردە بکرێنەوە - بەڵام تەنیا لە ڕێگەی کاری ڕێکخستنێکی زۆر درێژخایەن، بە ئەسپایی و پارێزەوە.»(٧)

«ئێمە دەتوانین و (دەبێ) بینای سۆسیالیزم بە کەلکوەرگرتن هەر لەو کەرەستە ئینسانییانە دەست پێبکەین کە سەرمایەداری وەکوو میرات بۆی بەجێ هێشتووین، نەک لەگەڵ کەرەستەیەکی ئینسانی خەیاڵی و کەرەستەگەلێک کە بۆخۆمان بە شێوەیەکی تایبەتمەند پێکمان هێنابێ. ئەم کارە بێگومان گەلێک» دژوارە» بەڵام هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی دیکە لەگەڵ ئەم ئەرکە ئەوەندە ناجیدییە کە تەنانەت بایەخی قسەلێکردنیشی نییە».(٨)

بەپێی لێکدانەوەی بیرمەندە سەرەکییەکانی کۆمۆنیست، لە قۆناغی یەکەمی کۆمۆنیزم واتە لە سۆسیالیزمدا دادپەروەری و بەرامبەری بە چەشنێکی تەواو مسۆگەر ناکرێ. خاوەندارییەتی تەواوگەلی (کۆمەڵایەتی) ئامرازی بەرهەمهێنەر لە هەموو بوارەکانی ئابووری، هەروەها یەکیەتیی کاری جەستەیی و فیکری و جیاوازی شار و گوندەکان بەیەکجاری چارەسەر ناکرێ. خاوەندارییەتی بە دوو چەشنی دەوڵەتی یان تەواوگەلی، هەروەها گرووپی یان گەلەکۆمە دەبێ. سەرەڕای لەنێوچوونی چینە دژبەرەکان جارێ چین و توێژی جیاواز لە کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە و بنەمای بەشینەوە بەپێی میزانی کارکردنە، نەک پێداویستییەکانی ژیان. لە لایەکی دیکەشەوە بەشێک لە چەمکە ئابوورییەکان کە پێوەندییان بە ئاستی بەرهەمهێنان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وەکوو شتومەک، قازانج، نرخ و هتد هەیە،

جارێ دەمێننەوە و کارتێکەرییان لە سەر پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەبێ، واتە بەرهەمەکان لە چەشنی شتومەک کڕین و فرۆش دەکرێن و بۆ بەڕێوەبەری ئابووری لە ئامرازێک وەکوو نرخ، سوود و دەست قەرز و هتد کەلک وەردەگیرێ، هەروەها پاشماوەی بیر و خوو و فاکتەری ڕۆحی و ئاکاری کۆمەڵگەی کۆن دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری و سەرلەنوێ سازبوونەوەی ئەم فاکتەرانە ناتوانێ بەپێی ئاهەنگ و خێرایی پێکهاتەی بنەما مادی و پێوەندییە تازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە بچێتە پێشەوە.(٩)

لەم فازەدا دەوڵەت بە ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست تەواوی کاروبارەکانی ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵگە، هەروەها میزانی کار و مەسرەف بە وردی کۆنترۆڵ دەکا. بە وتەی لێنین «تەنیا پێویستە ئەم کارە لە بێدەستەلاتکردنی سەرمایەدارەکان و کۆنترۆڵی سەرمایەدارەکان لە لایەن کرێکارەکانەوە دەست پێبکا و ئەم کۆنترۆڵە دەبێ لە لایەن دەوڵەتی کرێکارە چەکدارەکانەوە بێ، نە لەلایەن بۆرۆکراتەکانەوە.»(١٠)

دیکتاتۆریی پرۆلتاریا واتە هێزی دەوڵەتی کرێکاری، نێوەرۆکی سەرەکیی ئەم قۆناغە پێک دەهێنێ و پرۆلتاریا لە دەستەلاتی دەوڵەتی خۆی بۆ تێکشکاندنی خۆڕاگریی سەرمایەدار و خاوەندارەکان، هەروەها پیلانی دوژمنە دەرەکی و ژوورەکییەکان کەلک وەردەگرێ و (دیکتاتۆریی پرۆلتاریا) ئامرازی سەرەکیی سیاسی بۆ سەرکەوتنی فازی سۆسیالیزم و تێپەڕبوون بە قۆناغی دووهەم واتە کۆمۆنیزمە. بە وتەی مارکس «دیکتاتۆریی پرۆلتاریا ئاکامی بەناچاری خەباتی چینایەتییە و... دەوڵەتی کاتیی تێپەڕین... شتێک بێجگە لە دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانەی پرۆلتاریا ناتوانێ بێ.» بە باوەڕی لێنین «دیکتاتۆریی پرۆلتاریا لێبڕاوانەترین و کۆڵنەدەرترین خەباتی چینی نوێ دژ بە دوژمنێکی بەهێزتر واتە بۆرژوازییە کە خۆڕاگریی ئەو پاش ڕووخانی (جارێ لە وڵاتێکدا) دە بەرامبەر بووە و ئەم توانایییە نەک هەر بەهۆی هێزی سەرمایەی نێونەتەوەیی و هێز و پتەوبوونی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بۆرژوازی، بەڵکوو ئاکامی هێزی ڕاهاتوویی و هێزی وردە بەرهەمەکانیشە...(١١) «دووپاتی دەکەمەوە: ئەزموونی دیکتاتۆریی سەرکەوتووی پرۆلتاریا لە ڕووسیە بۆ ئەو کەسانەی کە توانای بیرکردنەوەیان نییە یا بۆ ئەو کەسانەی کە جارێ لەسەر ئەم مەسەلەیە ورد نەبوونەتەوە، بە ئاشکرا نیشان دەدا کە ناوەندییەتی بێ ئەملاوئەولا و دیسیپلینی گەلێک پتەوی پرۆلتاریا، یەکێک لە شەرتە سەرەکییەکانی زاڵبوون بەسەر بۆرژوازی دایە... (١٢) دیکتاتۆریی پرۆلتاریا خەباتێکی سەخت، خوێناوی و بەبێ خوێنڕێژی، تێکەڵ بە توندوتیژی یان ئاشتیخوازانە، نیزامی و ئابووری، هەروەها ڕاهێنانە و بەڕێوەبەریی دژ بە هێز و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کۆنە. هێزی ڕاهاتووی بە میلیۆن و دەیان میلیۆن ئینسان، یەکێک لە سامدارترین هێزەکانە.»(١٣)

هەر لەم پێوەندییەدا نیکۆلای بوخارین، سەرنووسەری ڕۆژنامەی پراودا کە بۆخۆشی لە ساڵی ١٩٣٨ وەکوو هەزاران کۆمۆنیست و ئازادیخوازی ئەو وڵاتە بە تاوانی خەیانەت کوژرا، لە ئەلفوبێی کۆمۆنیزمدا دەنووسێ: «ئێستا ئەرکی دەسەڵاتی کرێکاری بریتییە لە تێکشکاندنی بێبەزەییانەی ئەم خۆڕاگرییە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەم خۆڕاگرییە بە دڵنیایی گەلێک بەهێز دەبێ، حکوومەتی پرۆلتاریاش دەبێ دیکتاتۆریی کرێکاران بێ. لە ژێرسەردێڕی دیکتاتۆری چەشنە حکوومەتێکی لێبڕاو و پێداگر لە سەرکوتکردنی دوژمنەکان فام دەکرێ. ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە لەم بارودۆخەدا قسەیەک لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکان ناتوانێ

بێتە گۆڕێ. دیکتاتۆریی پرۆلتاریا سەری سازانی لەگەڵ ئازادیی بۆرژواییدا نییە. ئەم دیکتاتۆرییە بە تایبەتی لەبەر ئەم هۆیە پێویستە ئازادیی بۆرژوایی لەو بستێنێ و دەست و پێی ببەستێ و دەرفەتی هەر چەشنە خەباتی لەگەڵ پرۆلتاریای شۆڕشگێڕ لێ بستێنێتەوە، هەرچەند خۆڕاگریی بۆرژوازی بەرزتر بێ، هەرچی بێهیواتر هێزەکانی خۆی کۆ کاتەوە، هەرچەند مەترسیدارتر بێ، هەر بەو ڕادەیەش دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەبێ توندتر و بێبەزەییتر بێ، تەنانەت دیکتاتۆری لە بوارگەلێکی تایبەتیدا نابێ خۆی لە تیرۆریش بپارێزێ.»(١٤) مارکس گوتەنی ئەم دیکتاتۆرییە تێپەڕینێکە بۆ لەنێوچوونی چینەکان، هەروەها لە پێناوی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی بێ چین.(١٥)

بەم پێیە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا قۆناغێکی پێویست بۆ تێکشکاندنی ماشێنی دەوڵەتی سەرمایەداری، لەنێوبردنی دیکتاتۆریی چینە چەوسێنەرەکان و جیاوازیی چینایەتی بەگشتییە. کاتێک دەوڵەتی کرێکاری بە ئامانجەکانی گەیشت، ئیتر نێوەرۆکی دیکتاتۆریی پرۆلتاریاش دەگۆڕدرێ و بارودۆخی لەبار بۆ لەنێوچوونی دەوڵەت پێک دێ. ئێنگڵس لە «ئانتی دۆرینگ»دا لەم پێوەندییەدا دەبێژێ: «پرۆلتاریا دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەست دەگرێ و لە سەرەتادا دەوڵەت دەکاتە خاوەنداری ئامرازی بەرهەمهێنەر. بەڵام بەم کارە پرۆلتاریا خۆیشی وەکوو پرۆلتاریا لەنێو دەبا و، لەم ڕێگایەوە تەواوی جیاوازی و ناتەبایەکانی چینایەتی و لەگەڵ ئەویش، دەوڵەتیش خۆی وەکوو دەوڵەت لەنێو دەبا.»(١٦)

پێویستە ئاماژە بەم خاڵە گرینگە بکردرێ کە بەشێکی زۆر لە کۆمۆنیستەکانی پاش مارکس و ئێنگڵس و بە تایبەتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لە ڕووسیە، دیکتاتۆریی پرۆلتاریا وەکوو قۆناغی تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم پێناسە دەکەن نەک وەکوو فازی هەوەڵی فورماسیۆنی دوو قۆناغەی کۆمۆنیزم. (بۆ وێنە بڕوانە ئەلفوبێی مارکسیزم لاپەڕەی ١٨٣ ئێرنێست مێندل، بە فارسی و هتد).

**سەرچاوەکان**:


١- دولت و انقلاب، و. ای. لنین، ترجمەی م. پورهرمزان و ع. بیات، ص ١٠٦، انتشارات حزب تودەی ایران، چاپ سوم ١٣٨٧.

٢- نقد برنامه گوتا، پیشگفتار و یازده نامه از انگلس و یادداشتهای لنین، مترجم ع. م، ص ١٦، تکثیر از حجت برزگر، ٢٠٠١.

٣- سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ١٦.

٤- سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ٢٣.

٥- دولت و انقلاب، و. ای. لنین، ص ١٠٨.

٦- سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ١٠٩.

٧- بیماری کودکی»چپگرایی» در کمونیسم، لنین، ترجمه از م. پورهرمزان، ص ٤١، چاپ ششم ١٣٨٧، انتشارات حزب توده ایران.

٨- سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ٤٨.

٩- بە پێی لێکدانەوەی بیرمەندانی کۆمۆنیزم، لە قۆناغی سەرەوەی فۆرماسیۆنی کۆمۆنیزمدا دادپەروەری، بەرامبەری، دیموکراسی و ئازادی لە ئاستی هەرە بەرزی خۆی مسۆگەر دەکرێ. تایبەتمەندییەکانی قۆناغی دوووهەمی کۆمۆنیزم بریتین لە:

- کۆمۆنیزم قۆناغی هەرە بەرزی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و هێزە بەرهەمهێنەرەکانە. بنەمای بەشینەوەی ئەم فۆرماسیۆنە بەگوێرەی «لە هەرکەس بە پێی توانایی و بە هەرکەس بەپێی پێداویستییەکانی» یەتی.

- نێوەرۆکی کار دەگۆڕێ، کار نە ئەرک بەڵکوو پێداویستییەکی حەیاتییە.

- شکڵی دوو خاوەندارییەتی دەوڵەتی و گەلەکۆمە لەنێو دەچێ و تەنیا خاوەندارییەتی کۆمەڵایەتیی تەواوگەلی واتە کۆمۆنیستی، بوونی دەبێ.

- جیاوازیی چینایەتیی نێوان کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیرەکان نامێنێ.

- جیاوازیی شار و دێ لەنێو دەچێ.

- خۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتیی کۆمۆنیستی جێگیری دەوڵەت دەبێ. لەنێوچوونی دەوڵەت بەمانای لەنێوچوونی ڕێکخراوە و دەزگاکانی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە نییە. و هتد...

١٠- دولت و انقلاب، و. ای. لنین، ص ١١٢.

١١- بیماری کودکی»چپگرایی» در کمونیسم، لنین، ص ١٤.

١٢- سەرچاوەی سەرەوە، لاپەڕەی ١٥

١٣٠ سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٤٢

١٤- دیکتاتوری پرولتاریا، قسمتی از کتاب «الفبای کمونیزم» نوشتەی «بوخارین» و «پرئوبراژنسکی»- باز تکثیر نشرکارگری- سوسیالیستی.

١٥ نامەی مارکس بە ویدمیر مارسی ١٨٥٢، در بارەی دیکتاتوری پرولتاریا، مارکس، انگلس و لنین منبع روزنامە ژنمین ژیبائو، ٢٢ فوریەی ١٩٧٥، و مجلەی خونچی شمارە ٣ سال ١٩٧٥، انتشارات سازمان چریکهای فدائی خلق ایران.

١٦ آنتی دورینگ. ف. انگلس، ص ٢٣٦، ناشر و مترجم فارسی نامعلوم. بازنویسی حجت برزگر.

(لە ژمارەی ٧٤٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## سەرکەوتنی سۆسیالیزم تەنیا لە یەک وڵاتدا

(٤)

مارکس و ئێنگڵس بەپێی بارودۆخی جیهانی، ئاستی گەشەسەندنی ئابووریی سەرمایەداری لەسەر بنەمای ڕکەبەریی ئازاد و هەوڵ و هەنگاوە هاوبەشەکەیان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرێکاری لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە شۆڕشی کرێکاری و پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ تەنیا لە وڵاتێک مسۆگەر ناکرێ، هەرچەند هاوکات لەسەر ئەو باوەڕەش بوون کە «هەرچەند خەباتی دژەبۆرژوازیی پرۆلتاریا لەسەرەتادا لە باری نێوەرۆکەوە نیشتمانی نییە، لە باری شکڵەوە نیشتمانییە و دەبێ بێگومان پرۆلتاریای هەر وڵاتێک لە سەرەتادا کاری خۆی لەگەڵ بۆرژوازیی وڵاتەکەی خۆی یەکسەرە بکا.»(١)

ئێنگڵس لە بنەماکانی کۆمۆنیزمدا لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا کە ئایا وێچوونی سەرهەڵدانی شۆڕش (شۆڕشی پرۆلتاریا) لە وڵاتێکدا هەیە؟ وڵامەکەی نەرێنییە و دەڵێ: «...شۆڕشی کۆمۆنیستی تەنیا شۆڕشێکی نیشتمانی نییە و هاوکات لە تەواوی وڵاتەکانی خاوەن شارستانییەت یانی بە لانیکەم لە بریتانیا و ئەمریکا، فەڕانسە و ئاڵمان ڕوو دەدا. شۆڕش بەپێی ئەوەی کە، ئەم یان ئەو وڵاتە خاوەنی سەنعەتێکی پێشکەوتووتر، سەروەت و سامانی زۆرتر و کۆمەڵێکی زۆرتر لە هێزەکانی بەرهەمهێنەری بێ، خێراتر یاخود خاوتر دەبێ، بەم پێیە ئەم شۆڕشە لە ئاڵمان خاوتر و لە بریتانیا خێراتر و هاسانتر ڕوو دەدا. هەروەها کاردانەوەیەکی گەورەی لەسەر تەواوی وڵاتەکانی جیهان دەبێ و شێوەی تەواوکاریی ئەوان بەیەکجاری دەگۆڕێ و خێراییەکی لەڕادە بەدەر بەوان دەبەخشێ. ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی جیهانییە و پێویستە بەستێنێکی جیهانی بێ.»(٢) لێنین بەپێی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی جیهانی و تیۆریزەکردنی نێوەرۆک و تایبەتمەندییەکانی ئیمپریالیزم بەم باوەڕە گەیشت کە وێچوونی سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە سەرەتادا لە چەند وڵات و تەنانەت لە وڵاتێکدا (بەستراوە بە پشتیوانیی جیهانیی پرۆلتاریا) هەیە»(٣) بەڵام پاش ساڵێک واتە لە ١٩١٦ لێنین «وێچوونی سەرکەوتنی سۆسیالیزم هاوکات لە چەند وڵاتی ڕەد کردەوە».(٤) پاش مردنی لێنین، ستالین و بوخارین لە ساڵی ١٩٢٦ بیرۆکەی سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە وڵاتێک و تەنیا بە پاڵدانەوە بە هێزی پرۆلتاریای خۆییان گەڵاڵە کرد. (پڕاودا: ١٦ی نوامبر١٩٢٦) لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا ترۆتسکی لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە وڵاتێک، بەستراوە بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە چەند وڵاتێکی دیکەی سەرمایەدارییە و لە نەبوونی ئەم مەرجە سۆسیالیزم ناتوانێ لە وڵاتێکدا سەرکەوێ.

ترۆتسکی وێڕای بە زیانزانینی ئەم بۆچوونەی ستالین دەڵێ: «بیرۆکەی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا بە ناچار دەبێتە هۆی بە کەمزانینی ئەو کێشانەی کە جارێ دەبێ بەسەریاندا زاڵ بین، هەروەها بەرزنرخاندنی دەستکەوتەکانمان. هیچ وتەیەک دژەسۆسیالیستیتر و دژبە شۆڕشتر لە وتەکانی ستالین نییە کە بەپێی ئەو «لە سەتا ٩٠ی سۆسیالیزم ئێستا لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا وەدی هاتووە.»(٥)...

«بەجێگای ئیدیعای ودەیهاتنی سەتا ٩٠ی سۆسیالیزم، پێویستە بەوان بڵێین کە شێوەی ئابووریی ئێمە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیمان زۆر زۆر بە سەرمایەداری - ئەویش سەرمایەدارییەکی پاشکەوتوو - نیزیکترە هەتا بە سۆسیالیزم. بەوان بڵێین، تەنیا کاتێک لە پێناوی دروستکردنی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە هەنگاو دەنێین کە پرۆلتاریای هەرە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەستەڵاتیان بەدەستەوە گرتبێ، پێویستە دەستبەجێ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تێ بکۆشین.»(٦)

پێشتریش لە ساڵی ١٩٠٦دا ترۆتسکی ئاماژەی کردبوو کە «بێ پشتیوانیی ڕاستەوخۆی دەوڵەتیی پرۆلتاریای ئورووپا، چینی کرێکاری ڕووسیە توانای نییە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و دەسەڵاتی کاتیی خۆی بکاتە دیکتاتۆریی سەقامگرتووی سۆسیالیستی. تەنانەت بۆ ساتێکیش ناکرێ گومان لەم مەسەلەیە بکردرێ. بەڵام لە لایەکی دیکەوە جێگای هیچ دڕدۆنگی نییە کە شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕۆژئاوا ئەم دەرفەتە بە ئێمە دەدا کە ڕاستەوخۆ دەستەڵاتی کاتیی چینی کرێکار بکەینە دیکتاتۆریی سۆسیالیستی.(٧)

بەڵام «لە چین، پاش شۆڕشی گەلی لە ساڵی ١٩٤٩دا، هەڵبژاردنی بینای سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا بە پێچەوانەی ڕووسیە هچ کێشە و باسێکی لێ نەکەوتەوە، چاوەڕەوانی ئەوەش نەکرا کە سەرکەوتنی شۆڕش بەستراوە بە پاڵپشتیی شۆڕشی کرێکاری لە ژاپۆن یاخود ئەمریکا بێ و؛ ئەوان یاریدەی چینییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر پاشکەوتوویی وڵاتەکەیان بدەن. بەم پێیە کۆمۆنیزم لە چین تووشی دڕدۆنگییەکانی ڕووسیە لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش نەهات و مائۆئیزم بەبێ سێودووکردن پێداویستی و توانایی سازکردنی سۆسیالیزمی لە وڵاتێکی پاشکەوتوو لەسەر بنەمای»شۆڕشی بێوچانی پتەوترکردنی قۆناغەکان و بەپێی چاکسازیکردنی زەوەی بەڵام بە ڕێبەری پرۆلتاریای ڕاگەیاند.»(٨)

### ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی

کاتێک بە شوێن ڕووداوەکانی ١٩ هەتا ٢١ی ئاگۆستی ١٩٩١ و گەڕاندنەوەی گۆرباچۆڤ لە کریمەوە بۆ مۆسکۆ،(٩) دەستووری هەڵوەشاندنەوەی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ٢٩ ئاگۆستی ١٩٩١ واژۆ کرا، جارێ زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاتە کە هیچ ڕۆڵێکیان لەم ڕووداوانەدا نەبوو و لە ساڵی ١٩٩٠ لە یەکێک لە ئازادترین ڕاپرسییەکانی مێژووی سۆڤیەتدا دەنگیان بە مانەوەی کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی دابوو، نەیاندەزانی ئەم حەرەکەتە ڕێخۆشکەری نەک هەر هەڵوەشانەوەی حیزبی کۆمۆنیست وەکوو ئاڵقەی سەرەکیی یەکیەتی و بوونی ئەم وڵاتە، بەڵکوو هەڵوەشانەوەی یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی جیهان دەبێ کە یەک لە شەشی پانتایی جیهانی لەخۆ گرتبوو. خەڵکی سۆڤییەت لەوپەڕی پاسیڤیزمدا سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد، خەڵکێک کە وا ڕاهاتبوون ڕێبەران و دەستەڵاتدارانی وڵات بەرنامەیان بۆ دابڕێژن و ئەوان تەنیا ئەنجامدەری بن.

لە درێژەی ئەم کاتەدا کە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیست و یەکیەتیی سۆڤییەت دیاری دەکرا، هیچ بزووتنەوەیەکی جەماوەری چ بۆ ڕووخاندنی چ بۆ بەرگری لەم ڕەوتە وەڕێ نەکەوت. بوونی مەودایەکی گەورە لە نێوان خەڵک و حیزب و ناکارامەیی یەکیەتی و شوراکان، خەڵکی بەتەواوی پاسیڤ کردبوو. ئەم جەماوەرە کە تەنیا پێویست بوو بۆ بەشداری لە ڕیزێک لە خۆپیشاندانە فەرمییەکان وەک جێژنی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان، سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧ی ئۆکتۆبر، جێژنی جیهانیی کرێکاران لە یەکی ئەیار و

سەركەوتنی هێزی سوور و تێكشكاندنی فاشیزمی هیتلێری لە ٩ی ئەیار بێتە سەر شەقامەكان و پاش خۆپیشاندان و خواردنەوە و سەماكردن و هتد تا خۆپیشاندانەكەی دیكە خەریكی كاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆی بێتەوە، بەرەبەرە پاش هەڵوشانەوەی یەكیەتیی سۆڤییەتی لە ٢٥ دێسامبری ١٩٩١ و هێرشی تانك و هێزەكانی نیزامیی سەر بە یەلتسین بۆ سەر پارلمانی ڕووسیە لە ٤ی ئۆكتۆبری ١٩٩٣ و كوژرانی لاوانی ١٦ هەتا ١٩ ساڵە لەدەرەوی پارلمان، زانییان ئەوە چ ڕوو دەدا و چ چارەنووسێك چاوەڕەوانیان دەكا.

ئەگەر پرسترۆیكا (لە ئاوریلی ١٩٨٥ـەوە) لەسەرەتادا بە دروشمی چاكسازییەوە بوو بە هۆی پێكهاتنی تامەزرۆیی و ورووژاندنی خەڵك، لە درێژخایەندا نەیتوانی متمانە و بیروڕای خەڵكی بە چەشنێكی جیدی بۆ بەشداری لە چارەنووسی خۆی بكێشێتە نێو گۆڕەپانی سیاسەت و ڕێخۆشكەری چاكسازیی شۆڕش و پێشگیری لە ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە بێ.

لە ماوەی ٦ ساڵی پرسترۆیكادا زۆرینەی خەڵك بوون بە بینەری پڕ تاقەتی وتار خوێندنەوەكانی چەند سەعاتەی گۆرباچۆف كە بەردەوام باسی ناكۆكییەكان و كەمایەسییەكانی كۆمەڵگەی سۆڤییەتی دەكرد و هیوای گۆڕانكاریی جیدی لە سیستمی سۆسیالیستیی سۆڤییەتی بە خەڵك دەدا. كەم نەبوون ئەوانەی كە بە پێی وتەی ماركس كە دەڵێ هەر شۆڕشێك بەردەوام ڕەخنە لە خۆی دەگرێ و دەست بە چاكسازی دەكا، پێیان وابوو پرسترۆیكا و گلاسنۆست دەتوانێ ئەم ئەركە بە ڕێبەریی گۆرباچۆف و هاوڕێیانی وەدی بێنێ. بەڵام هەرجار كە باس لە كادرسازیی تازە و ڕاهێنانی كادرەكانی حیزب بە بیری نوێ دەكرا خۆبەخۆ ئەم پرسیارە دەهاتە پێش، بڵێی لە حیزب و دەوڵەتێكدا كە بۆرۆكراسی و گەندەڵی سەقامگیر بووە و، ماسی لە هەموو سەرێكیەوە گەنیوە كادری نوێ پەروەردە بكرێ؟

كەم نین ئەوانەی كە وەك پرۆفسۆر گرهارد گرین، پسپۆڕی ئاڵمانی - شارەزای مێژووی ڕووسیە و یەكیەتیی سۆڤیەتی - پێیان وایە گۆرباچۆڤ لەساڵی ١٩٨٤ـەوە بە چەشنێكی سیستماتیك و بەردەوام بۆ هەڵوەشاندنی حیزبی كۆمۆنیستی سۆڤییەتی وەكوو بناغەی سەرەكی یەكیەتیی سۆڤییەت تێكۆشاوە و پەیتا پەیتا دەستەڵاتی ڕێكخراوە بڕیاردەرەكانی حیزبی كەم كردووەتەوە تا دەستەڵات بكەوێتە دەست سەرۆك كۆماری سۆڤییەت. كاتێك سەیری بەشێك لە ڕووداوەكانی ئەو كاتە بكەین دەبینین قسەكانی گرین زۆریش دوور لە ڕاستی نین. لە ژوئەنی ١٩٨٨ هەتا مارسی ١٩٨٩، یانی كاتێك كە هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنگرەی گەلی یەكیەتیی سۆڤییەتی دەستی پێكرد، هەنگاوگەلی پێویست لەلایەن گۆرباچۆڤ و هاوبیرانیەوە بۆ لاوازكردنی حیزب بە خێرایی دەستی پێكرد، لە ژوئیەی ١٩٨٨دا، لە یەكەمین پلینۆمی كۆمیتەی ناوەندی پاش كۆنفرانسی ١٩ی حیزب، لایەنگرانی گۆرباچۆڤ بانگهێشتنی ئەندامەكانی سادەی حیزبیان بۆ تێكشكاندنی دەستەڵاتی دەزگاكانی حیزبی دەكرد. لە دێسامبردا گۆرباچۆڤ ڕێژەی دەزگاكانی خۆجێی كەم كردەوە و ئەوانی گەیاندە ٩٠٠ هەزار و ئەو ڕێبەرانەی كە لەگەڵی هاوڕێ نەبوون لە دەفتەری سیاسی دوور كردەوە. لە بڕیارەكانی پلینۆمی كۆمیتەی ناوەندی لە سێپتامبردا ئاندرێ گرۆمیكۆ، یەكێك لە كۆنە سیاسییەكانی حیزبی بە یەكجاری لە دەفتەری سیاسی لابرد و؛ ئیگۆر لیگاچۆڤ كە بەرپرسی بەشی ئایدۆلۆژی بوو كرا بە بەرپرسی بەشی كشتوكاڵ. چرنیایف تلۆنی كە بەهۆی ئەوەوە، گۆرباچۆڤ و ڕاوێژكارەكانی دەزگای كۆمیتەی ناوەندیی حیزبیان لەنێو برد ئاماژەی كردووە كە گۆرباچۆڤ لابردنی نیوەی دەزگاكان و چرنیایف دوو

لە سێی هەموویانی پێشنیار کردبوو و ئەوان لە سەر ژمارەیەکی دڵخواز لە نێوان نیوە و دوو لە سێ ڕێککەوتن. پاشان کاتێک گۆرباچۆڤ پێشنیاری لابردنی تەواوی بنکەکانی ئابووری و حکوومەتی داوە، دەڵێ: «ئێمە پاش لابردنی ماف و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی بنکە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەوان تەنیا وەکوو بنکەیەکی ئایدۆلۆژیک ڕادەگرین...»

گۆرباچۆڤ چەند ساڵ پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتیی سۆڤییەتی، لە زانستگایەکی تورکیەدا بەئاشکرا ئاماژەی بەم خاڵە کرد کە ئەو هەر لە زووەوە خوازیاری ڕووخاندنی سۆسیالیزم بووە!؟

ئەگەر ئەم بیرۆکەیەش وەکوو هۆیەک بۆ ڕووخانی سیستمی سۆڤییەتی لەبەرچاو بگرین، دیسان ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە بۆچی، چ لە نێو حیزب و چ لە نێو یەکیەتیی کرێکاران و وەرزێران و شۆڕاکاندا هیچ هێزێکی بەرهەڵستکار و هیچ میکانیزمێکی یاسایی بۆ پێشگرتن لەم ڕەوتە نەبوو و کارەکان بە دەست کەسانێک گەیشتە ئەنجام کە بڕیار بوو سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی لەو قەیرانە دەربهێنن و درێژەدەری شۆڕشی ئۆکتۆبر بن؟

پاش ڕووخانی سۆڤییەت، زۆرینەی ئەندامانی پۆلیتبۆرۆی حیزبی کۆمۆنیست کە هاوکات سەرۆک حیزبی کۆمارەکانی سۆڤییەتیش بوون بێجگە لە گۆرباچۆڤ کە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بۆ ڕووسیە لە ساڵی ١٩٩٦ کەمتر لە سەتا یەکی دەنگەکانی هێناوە، بوون بە کاربەدەست و سەرۆک کۆماری وڵاتانی پێشووی سۆڤییەتی: وەکوو حەیدەر عەلییێف لە ئازەربایجان، نەزەربایێف لە کازاخستان و ئێدوارد شوارنادزە لە گورجستان و هتد.

سەرچاوەکان:


١- مانیفست حزب کمونیست. ص ٣٥.

٢- اصول کمونیسم.، ص ١٢.

٣- دربارەی شعار کشورهای متحد اروپا. و. ای لنین ٢٢ اوت سال ١٩١٥، شماره ٤٤ روزنامه سوسیال دمکرات، منتخب آثار، جلد اول، بخش دوم ص ٤٨٦/٤٨٧. ترجمه م. پورهرمزان.

٤- منتخب آثار لنین، جلد اول، بخش دوم ص ٦٨٥. ترجمه م. پورهرمزان.

٥- بین‌الملل سوم پس از لنین، لئون تروتسکی، ترجمه م. آگاه، ص ١٠٥ نشر کارگری سوسیالیستی.

٦- سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ١٠٦.

٧- نتایج و چشم‌اندازها (نخستین طرح جامع تئوری و انقلاب مدوام)لئون تروتسکی ص ٨٨، نشر کارگری سوسیالیستی.

٨- بازنگری مسئلەی گذار سوسیالیستی، سمیر امین. برگردان ب. کیوان، سایت نگرش.

٩- لە ئاگۆستی ١٩٩١ کاتێک گۆرباچۆڤ بۆ پشوودان لە کریمە بوو، بەشێک لە ڕێبەریی سۆڤییەت بۆ پێشگیری لە قەیرانی زۆرتر و بەدەستگرتنەوەی کۆنترۆڵی ڕووداوەکان کۆمیتەی نیشتمانی (حکوومی) بۆ حاڵەتی نائاساییان پێک هێنا. ئەم هەنگاوە بوو بە هۆی

سەرهەڵدانی ڕیزێک لەو ڕووداوانەی کە لە کۆتاییدا بە پێچەوانەی ویستی پێکهێنەرانی ئەم کۆمیتەیە، ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لێکەوتەوە.

(لە ژمارەی ٧٤٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩١ی فێبریوێری ٢٠١٩

-------------------------------------------------

## ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی

**(٥)**

لێکدانەوەی هەمەلایەنەی هۆیەکانی ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتی کارێکی هاسان نییە و پێویستی بە کار و لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی باسی بەشێک لەو خاڵە گرینگانە بکەین کە لە ئاکامدا هۆی ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی لە یەکیەتیی سۆڤییەت وەکوو یەکەمین ئەزموونی شۆڕشی سۆسیالیستی لە جیهان بوون.

ئەگەر مارکس ڕەنگ و ڕووی زانستی دایە سۆسیالیزمی خەیاڵی، شۆڕشی ئۆکتۆبر ئەم بیرۆکەیەی کرد بە ڕاستییەک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕەوتێک کە پێچەوانەی مێژووی سەدان ساڵ دەسەڵاتداری چینی چەوسێنەر لە جیهاندا بوو. شۆڕشی ئۆکتۆبر و دەسەڵاتی سۆڤییەتی سەرەڕای تەواوی کێشەکان، لادان و بەلارێداڕۆیشتنەکانی، خاوەنی جەوهەری سۆسیالیزم بەو چەشنە بوو کە مارکس پێناسەی کردبوو. کۆمەڵگەیەک کە خاوەنداریيەتی بۆرژوایی واتە «بازاڕی ئازاد» و دەوڵەتی کاپیتالیستی ڕووخاند و خاوەنداریيەتی کۆیی، بەرنامەڕێژی ناوەندی و دەوڵەتی کرێکاری دابین کرد. هەروەها ڕادەیەکی بەرچاو لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هێمنایەتی، چاودێری دەرمانی و تەندروستی، کار، ماڵ، دەرفەتی دەرسخوێندن و هتدی بۆ تەواوی شارۆمەندان و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کارخانە و مەزراکان مسۆگەر کرد و بوو بە یەکێک لە بەهێزترین و گەورەترین وڵاتانی سەنعەتی - سپایی لە جیهاندا.

بەم حاڵەش یەکیەتیی سۆڤییەتی بەبێ هیچ چەشنە شۆڕشێکی نێوخۆیی، بە شوێن نەخۆشییەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی قەیرانێکی گەورە و لەمێژینەی حیزبی بوو، پاش ٧٣ ساڵ دەسەڵاتداری، تووشی شکست هات. لێنین کاتی خۆی بە جوانی ئاماژەی بەم خاڵە کردبوو کە حیزبێکی دەسەڵاتدار هەمیشە لە مەترسیی نفوزی خەڵکی گەندەڵ و هەلپەرست دایە. ئەم مەترسییە

بۆ حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤییەتی کە بێ هیچ ڕکابەری و ململانێیەک لەگەڵ هێزێکی سیاسیی دیکە، بۆ ماوەی پتر لە ٧٠ ساڵ تەنیا دەسەڵاتدار بوو، هەڕەشەیەکی گەلێک جیدی و پڕمانا بوو و لە ئاکامدا شکستی یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیستی سەدەی بیستەمی لێ کەوتەوە. هۆیەکانی ئەم شکستە لە لایەن پسپۆڕان و توێژەرانی کۆمۆنیست و ناکۆمۆنیست بە چەشنی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و هەرکام لە ڕوانگەی خۆیانەوە بە ئاکامی جۆراوجۆر گەیشتوون، لێرەدا هەوڵ دەدرێ هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، خاڵەگرینگەکان و هۆیە ڕێخۆشکەرەکانی ئەم شکستە بەپێی پێداچوونەوەیەک لەسەر مێژوو و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی لە کاتی بەئەنجام گەیشتنی شۆڕشی ئۆکتۆبرەوە لە ساڵی ١٩١٧ هەتا ڕووخانی لە ساڵی ١٩٩١ تا ئەو جێگایەی کە دەگونجێ، شی بکرێتەوە.

یەکەمین شۆڕشی کرێکاری لە جیهاندا بە پێچەوانەی ئەو پێشبینییانەی کە دامەزرێنەرانی بیری کۆمۆنیزم کردبوویان، نەک لە وڵاتێکی پێشکەوتووی سەرمایەداری بە ئاستی بەرزی هێزەکانی بەرهەمهێنەر و ئاگایی سیاسیی چینی کرێکار، بەڵکوو لە وڵاتێک بەئەنجام گەیشت کە بە قەولی لێنین لاوازترین ئالْقەی جیهانی سەرمایەداری و لەباری ئابوورییەوە گەلێک لە وڵاتە سەرمایەدارییەکانی هاوکات دواکەوتووتر بوو. ڕێبەرانی شۆڕش پێویست بوو بۆ دابینکردنی سیستمی سۆسیالیستی پێش هەموو شتێک، گەلێک کەمایەسیی ئابووری و کۆمەڵایەتی قەرەبوو بکەنەوە و هاوکات لەبەرامبەر پیلان و هێرشی هێزەکانی سەر بە حکوومەتی پێشووی تێزار و هێرشی بەردەوامی وڵاتە سەرمایەدارییەکان خۆ ڕابگرن. ئەمەش لە حاڵەتێکدا بوو کە بە پێچەوانەی پێشبینییەکانیان نەک هەر هاوکات هیچ شۆڕشێکی سەرکەوتوو لە ئورووپا و ئەمریکا ڕووی نەدا، بەڵکوو دەوڵەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو تەنیا و بە کۆڵێک کێشەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لەبەرامبەر گوشارە ئابووری و نیزامییەکانی وڵاتە ئەمپریالیستییەکان مایەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە هیچ ئەزموونێکی سەلمێندراو بۆ داڕشتنی بنەماکانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی نەبوو و کۆمۆنیستەکانی ڕووس بۆ هەوەڵ کەڕەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەرکی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دوور لە زوڵم و زۆری چینایەتییان وەئەستۆ گرتبوو، دەبوو پێ بە پێی ڕووداوەکان لە کردەوەدا ڕەنگی ڕاستی بە بیرۆکەی سۆسیالیزم بدەن و بە ئەنجامی بگەیەنن.

لە سەرەتادا دەسەڵاتدارانی تازەی ڕووسیە سەرەڕای میللی کردنی بانکەکان، ڕێ و بان، نەوت، کڕین و فرۆشی دانەوێڵە و پیشەسازیی نیزامی، لە بوارەکانی دیکەوە بە پارێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بەشی خۆیی دەکرد، بەڵام پاش هێرشی نیزامی و داگیرکرانی بەشێک لە ڕووسیە لە لایەن چەندین وڵاتی سەرمایەداری و دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆیی، بەرنامەی کۆمۆنیزمی جەنگی (١٩٢١ - ١٩١٨) و چاودێری دەوڵەت بەسەر تەواوی سەرچاوەکانی ئابووری و ئینسانی دەستی پێکرد. ئەمە هەرچەند لە کاتی شەڕدا بۆ پاراستنی شۆڕش پێویست بوو و لە کورتخایەندا یاریدەی چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی دا، بەڵام هاوکات کاردانەوەی نەرێنی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبوو و قەیرانی ئابووری و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی لێ کەوتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە لێنین بەرنامەی ئابووریی نوێ واتە «نێپ» (NEP)ی داڕشت کە پاش مردنیشی (٢١ی ژانویەی ١٩٢٤) هەتا ١٩٢٨ درێژەی پێدرا. ئەم بەرنامەیە وەکوو تێکەڵاوێک لە سۆسیالیزم و ئابووریی ئازاد، بووە هۆی باشترکردنی ئاستی

ئابووریی کۆمەڵگە، بردنەسەرەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و پێکهێنانی وەرزێری خۆشبژێو. لە دەیەی ١٩٢٠ وەرزێران کە سەتا ٨٠ی حەشیمەتی کۆمەڵگەیان پێک هێنابوو، گەورەترین چینی کۆمەڵایەتی بوون کە بەرژوەندییان بە تایبەتی لە بەشی خۆییدا بوو.

کاتێک لێنین لە ساڵی ١٩٢٤دا کۆچی دوایی کرد، شۆڕش ئیتر دەستەڵاتی دەوڵەتی بەدەست هێنابوو و لە شەڕی دژ بە هێرشی سپای وڵاتانی ئەمپریالیستی و دوژمنی نێوخۆییدا سەرکەوتبوو؛ پیشەسازییە گرینگەکانی میللی کردبوو؛ دابەشکردنی زەوی لە نێو وەرزێران و جووتیاران دەست پێکرابوو کە گیانێکی تازەی بە بەرهەمهێنانی پیشەیی و خواردەمەنی بەخشیبوو. زۆربەی ڕێبەرە بەناوبانگەکانی کۆمۆنیست لەسەر ئەم باوەڕە بوون کە بێ سەرکەوتنی شۆڕش لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتێکی پاشکەوتووی وەرزێری وەکوو ڕووسیەدا نییە. شکانی ڕاپەرینی کرێکارانی ئاڵمان لە ١٩٢٣دا نیشانی دا کە جارێ ئاسۆیەک بۆ سەرکەوتنی هیچ شۆڕشێک لە ئورووپادا نییە کە بتوانێ پاڵپشتی شۆڕشی ڕووسیە بێ.

لەم پێوەندییەدا سێ بەرنامە بۆ درێژە پێدان بە بینای سۆسیالیزم لە لایەن ترۆتسکی، بوخارین و ستالین پێشنیار کرا:

* ترۆتسکی لایەنگری ڕەوتی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە نێوخۆی وڵات و هەوڵی ڕێخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە دەرەوەی وڵات بوو. لە باری سیاسەتی نێوخۆییەوە خوازیاری گەشەکردنی سەنعەت، گەلەکۆمەکان و مێکانیزاسیۆنی کشتوکاڵ و پێشکەوتنی بەرنامەڕێژیی ئابووری بوو. بە باوەڕی ترۆتسکی شۆڕشی نێونەتەوەیی تەنیا ڕێگە و هیوای ڕزگاربوونی ڕووسیە لە بێکەلکیی بۆرۆکراتیک و لەدەسچوونی تامەزرۆیی بوو. بەرنامەی ترۆتسکی و ئوپۆزیسیۆنی چەپ لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبدا سەرکەوتنی وەدەس نەهێنا.

نیکۆلای بوخارین خوازیاری درێژەپێدانی سیاسەتی نێپ وەکوو ڕێگەی گەیشتن بە سۆسیالیزم بوو. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە لێنین نێپ (سیاسەتی نوێی ئابووری)ی وەکوو پاشەکشەیەکی کاتی پێناسە کردبوو. بە باوەڕی بوخارین، دەبوو ئیزنی دروستکردنی بنکەکانی خۆیی بە کۆلاکەکان(*) بدرێ. بوخارین دژی خێرا سەنعەتیکردن و کۆییکردنی کشتوکاڵ و هەرچەشنە گوشار خستنەسەر وەرزێران بوو. دروشمی بوخارین بۆ وەرزێران «خۆتان دەوڵەمەند بکەن» بوو. بوخارین خوازیاری وەدەسهێنانی پشتیوانیی گرووپە ناکۆمۆنیستەکانی دەرەوەی وڵات بوو. کۆنگرەی ١٥ی حیزب لە ١٩٢٧ بە پەسەندکردنی سیاسەتی بردنەسەرەوەی ئاستی کۆلێکتیڤیزاسیۆن واتە کۆخوازی لە کشتوکاڵدا، بیرۆکەکانی بوخارین و باڵی ڕاستی ڕەت کردەوە.

* ئەخشەڕێگای سێهەم ئەوەی ستالین بوو کە لە ئەنجامدا پاش ململانێ لەگەڵ دوو بەرنامەی سەرەوە، سەرکەوتنی وەدەست هێنا. ڕێگای چارەسەرکردنی ستالین چواربەشی لەخۆ دەگرتەوە: ١) ئەگەری سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا هەیە. ٢) بە مەرجی خێرا سەنعەتیبوون، سۆسیالیزم دەتوانێ بەبێ سەرهەڵدانی شۆڕش لە ڕۆژئاوا و یارمەتیی هێزە ناکۆمۆنیستەکان سەر بکەوێ. ٣) بردنەسەرەوەی داهاتی کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەکردنی سەنعەتە، بۆ خێرا سەنعەتیکردنی وڵات پێویست بە

پەرەپێدانی مەزرا کۆییەکان هەیە. ٤) بۆ هاوئاهەنگی پێشکەوتنی سەنعەتی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ پێویست بە بەرنامەڕێژی خۆجێییە.

ساڵی ١٩٢٨ سەرەتای دەستپێکی بەرنامەداڕشتنی کۆجێیی بە بیانووی «مەترسی هێرشی دەرەکی ئەمپریالیستەکان» و بە ناوی «گەشەسەندنی خێرای سەنعەتی» بوو. ئەم بەرنامەیە هەرچەند هۆی گەشەکردنی خێرا و بەرچاوی بەرهەمهێنانی سەنعەتی و کشتوکاڵ بوو، بەڵام هاوکات گەلێک کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی لێ کەوتەوە. بۆ وێنە کۆییکردنی بەشی کشتوکاڵ و بردنەسەرەوەی ڕادەی خاوەندارییەتی گشتی لەم بوارەدا لە سەتا ٣,٣ بە ٩٨,٥ لە مەودایەکی کورتخایەنی ١٠ ساڵەدا، بوو بە هۆی خۆڕاگری ئەو وەرزێرانەی کە بەهۆی سیاسەتی «نێپ»ەوە کرابوونە چینێکی خۆشبژیو. دەوڵەتیش ئەم خۆڕاگرییەی بە سەرکوت و کۆمەڵکوژی، هەروەها سیاسەتی توند و بێبەزەیانەی کۆییکردنی بەشی کشتوکاڵ وەڵام دایەوە.

لەم دەورەیەدا تێرۆر، کوشتن و لە بەندیخانەخستنی ناڕازییەکان، بیرجیاوازان و تەنانەت بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت و کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی جیهان بە تایبەتی یوونانی و ئێرانییەکان گەیشتە لووتکەی خۆی. سوڵتانزادە، نیکبین، شەرقی، زەرە، ئیحسانوڵڵاخان و سەدان کۆمۆنیستی دیکەی ئێرانی گیانی خۆیان لە سۆڤییەت لەدەست دا یان ڕەوانەی سیبریا و ئوردووگاکانی ماگادان و هتد کران تا لە ژێر گوشار و ئەشکەنجە و سەرما و برسیەتیدا گیانیان بە تاوانی «دژبە گەل بوون» لەدەست بدەن. هەروەها لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا پاشتر کەسانێک وەکوو نیکۆلای ئیوانوڤیچ واویلۆڤ زانا و بلیمەتی بێوێنەی ڕووس، ناسراوە لە ئاستی جیهاندا، کە پسپۆڕی کشتوکاڵ و ژنێتیکناس بوو بەهۆی کەلکوەرگرتن لە شێوەی ژنێتیکی مێندڵ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کشتوکاڵ، گیرا و لە بەندیخانەی شاری ڕاستۆڤ نیزیکی دۆن، پاش بێڕێزی و ئەشکەنجەیەکی زۆر، کوژرا. هەڵوێستی ستالین و ڕێبەرایەتیی حیزب بە نیسبەت وەرزێران، لە ئاکامدا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی کشتوکاڵ و مردنی سەدان هەزار کەس بەهۆی برسیەتی و قات و قڕی.

لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی گەشەسەندنی خێرای سەنعەتی، سنووری نێوان پێکهاتە و ئەرکی حیزب و دەوڵەتی تێکدا و کەسانی ناپسپۆڕ ئەرکی جێبەجێ کردنی زۆربەی کارەکانیان لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت بەدەستەوە گرت. ئەم ئاکارە لە داهاتوودا کاریگەریی نەرێنیی خۆی لە تەواوی ڕەوتی دابینکردنی سۆسیالیزم و قەیرانەکانی ئەم وڵاتە پیشان دا.

* بە ڕووسی kynak، مەبەست لە کۆڵاک وەرزێرە دەوڵەمەندەکان یان سەرمایەداری گوندە

(لە ژمارەی ٧٤٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

# درێژەی ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی

**(٦)**

پاش مردنی ستالین، کۆنگرەی ٢٠ی حیزبی کۆمۆنیست تیشکی خستە سەر کێشە ئابووری و سیاسییەکان و ڕەخنەی توندی لە ستالین و سیاسەتەکانی ئەو کاتە گرت و بەرنامەی"گەشەسەندنی خێرای مەسرەف (بەکارهێنان)ی سۆسیالیزمی پێشکەوتوو"ی پەسەند کرد. چاکسازی لە بواری سەنعەتی و کشتوکاڵ و خێراکردنەوەی ڕەوتی پێشکەوتنی زانستی و فەنی بوو بە بەشێک لە بەرنامەکانی داهاتووی حیزب. لە کۆنگرەکەدا تەواوی نەهامەتییەکان لە چوارچێوەی ڕەخنەگرتن لە ستالیندا قەتیس مایەوە و خەسارناسیی پێویست بۆ دیتنەوەی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، تێکەڵبوونی سنووری کاری حیزبی و دەوڵەتی، هەروەها سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بۆرۆکراسیی نێوحیزبی نەکرا. مانەوە و چارەسەرنەکرانی ئەم کێشانەش کاریگەریی نەرێنیی خۆی لە سەر ڕووداوەکانی داهاتووی حیزب و کۆمەڵگە هەبوو.

بەرنامەی "گەشەکردنی خێرای مەسرەف" لەسەرەتادا هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕادەی چوونەسەرەوەی بەرهەمهێنان لە بواری مەسرەفدا نەبوو. زیادکردنی مووچە نەیتوانی ببێتە هۆی بردنەسەرەوەی ئاستی چاکبژیویی کۆمەڵایەتیی خەڵکی زەحمەتکێش و تەنیا چوونەسەرەوەی میزانی پاشەکەوتکردنی بێکەلکی پارەی لێ کەوتەوە. ئەم مەسەلەیە نەک هەر نەبوو بە پاڵنەری ئەرێنی بۆ کاری زۆرتر و باشتری زەحمەتکێشان، بەڵکوو ڕێخۆشکەری پەرەسەندنی بازاڕی ڕەش بۆ شتومەکە مەسرەفییەکانی ئارایی، گەندەڵی و بەرتیلخۆریی دەمودەزگا دەوڵەتییەکان و بە تایبەتی بەرپرسانی بەشینەوەی شتومەکە مەسرەفییەکان بوو. داهاتی بەستراوە بە چالاکیی نابەرهەمهێنەر بەخێرایی زیادی کرد و بوو بە هۆی پەرەسەندنی چینە مشەخۆرەکانی نێو کۆمەڵگە و دەمودەزگا دەوڵەتییەکان، کە لە دەرەوەی بنەواشەکانی سۆسیالیستی زێدەمووچەیان لە ڕێگای بەرتیل وەرگرتن و پارتیبازی مسۆگەر دەکرد.

لەمەش زیانبارتر سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئاستی مووچەکان لە کۆمەڵگە بوو. ئەم هاوتەرازکردنە لەگەڵ هەوڵی پێکهێنانی پاڵنەری مادی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێناندا تەبایی نەبوو و کاریگەریی نەرێنیی خۆی لەنێو خەڵکی هەبوو. ئەم خاڵانەی کە باس کران پەیتا پەیتا بنەمای قەیرانێکی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتییان ساز کرد.

سەرەڕای تەواوی ئەم کەمایەسییانەش، دەسکەوتەکانی بەرنامەی گەشەکردنی خێرای مەسرەف بە تایبەتی لە بواری زانستی، نیزامی و سەنعەتی، هەروەها بردنەسەرەوەی ئاستی خۆشبژیویی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ئەو کاتە لە ئاستێکی بەرزدا بوو. ناردنی یەکەمین سەتەلایتی فەزایی (سپۆتنیک) بۆ ئاسمان لە ئۆکتۆبری ١٩٥٧ توانایی ئەم وڵاتەی لە بواری زانست و تەکنیک پیشان دا. دەستکەوتەکانی بەرنامەی گەشەکردنی خێرای مەسرەف و دەوامی ئەم سیاسەتە و خۆشبینیی لە ڕادەبەدەر و دوور

لە ڕاستیی ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست بوو بە هۆی قووڵتربوونی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان.

یەکەمین نیشانەی ئەم ناڕاستبینییە لە کۆنگرەی ٢١ی حیزب لە ساڵی ١٩٥٩ سەری هەڵدا. کۆنگرە، پێشکەوتەکانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستیی پاش شۆڕشی ئۆکتوبر بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ئەو کاتەی گەلێک بەرز نرخاند و، گەیشتە ئەو ئاکامەی کە سۆسیالیزم لە یەکیەتیی سۆڤییەت بەیەکجاری سەرکەوتووە.

لە کۆنگرەی ٢٢ لە ئۆکتۆبری ١٩٦١ باس لە هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی بینای کۆمۆنیزم هاتە گۆڕێ، هەروەها کۆمیتەی ناوەندی ڕاسپێردرا کە هێز و توانای حیزب و گەل بۆ پێکهێنانی بنەما مادییەکانی کۆمۆنیزم بخاتە گەڕ. ئەم بەرنامەیە لە ڕاستییەکانی ژیان و وەزعییەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی سۆڤیەت دوور بوو. لە باری ئابوورییەوە بەرنامەی "سۆسیالیزمی پێشکەوتوو" کە لەسەر بنەمای "گەشەکردنی خێرای مەسرەف" و دەستپێکی قۆناغی بینای کۆمۆنیزم داڕێژرابوو، بوو بە هۆی گۆڕانگاری لە بەرنامەداڕشتنی ئابووری. لەم بەرنامەیەدا زۆرتر پێداگری لە بردنەسەرەوەی مووچە و ئاستی خۆشبژێویی مادیی گەل کرابوو؛ هەتا بردنەسەرەوەی بەرهەمهێنان.

ڕاگەیاندنی دەوڵەتی تەواوگەلی و حاشاکردن لە هەبوونی چین و توێژی جیاواز وەکوو کرێکار، وەرزێر و ڕووناکبیر، لەبەرچاو نەگرتنی ئەو ڕاستییە کە جیاوازیی شار و دێ و کاری جەستەیی و فیکری و تەواوی بەستێنەکانی بنەمایی بۆ دستپێکی کۆمۆنیزم جارێ چارەسەر نەکراون، بوو بە هۆی سیاسەتێک کە سنووری نێوان کاری حیزب و دەوڵەتی زۆرتر تێک دا، بۆرۆکراسی پەرەی زۆرتری گرت و بەرژەوەندیی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان کەوتنە ژێر سێبەری بەرژەوەندیی دامودەزگا دەوڵەتییەکان و، خەڵک و دەستەڵاتی زۆرتر لەیەک دوور کردەوە.

ئەم ڕەوتە، کە لە کاتی هاتنە سەرکاری خرۆشچۆڤەوە دەستی پێکردبوو هەتا مردنی لیۆنید برێژنێڤ لە ساڵی ١٩٨٢ درێژەی هەبوو. پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بکرێ کە هەتا لەسەرکار لابرانی خرۆشچۆڤ لە ساڵی ١٩٦٤ سێ ڕەوت لە حیزبی کۆمۆنیستدا پێکهاتبوو:

* گرووپێکی حیزبیی دژبە ستالین کە خوازیاری ڕزگارکردنی هەرچی زۆرتری کۆمەڵگە لە کۆنترۆلی دەوڵەت بوو.
* ڕەوتێکی نیۆستالینی کە سیاسەتەکانی خرۆشچۆڤی وەکوو هۆی لاوازکردنی مەترسیداری دەوڵەت ئیدانە دەکرد و خوازیاری وەگەڕخستنی سەرلەنوێی سیاسەتەکانی ستالین بوو.
* گرووپێکی پارێزکار بە ڕێبەریی برێژنێڤ کە گۆڕانکارییەکی سەرەکیی زیاتر لەوەی هەبوو، نەدەویست. زۆرینەی پارێزکاران بە سەرۆکایەتیی برێژنێڤ وێڕای سازان لەگەڵ نیۆستالینەکان بۆ ماوەی دوو دەیە، دەستەڵاتداریی سۆڤیەت بوون.

کێشە و ململانێی ئەم ڕەوتانە بە چەشنی جۆراوجۆر تا کۆتایی حکوومەتی سۆسیالیستی هەر درێژەی بوو. لەم دەورەیەدا بزووتنەوەی چاکسازی بەزەحمەت خۆیەکی نیشان دەدا تاوەکوو لە ساڵی ١٩٨٥ پاش مردنی ئاندرۆپۆڤ و بە دەستەڵات گەیشتنی گۆرباچۆڤ ڕەوتی

پرێسترۆیکا دەستی پێکرد.

سەرەڕای سیاسەتە ناکارامەکانی خرۆشچۆڤ و خۆپاراستنی برێژنێف لەوەی خۆ لە کێشەکانی وڵات بدا، ئابووریی سۆڤییەت ڕووی لە گەشەکردن بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٧٥ پێوەری بەرهەمهێنانی سەنعەتی لە سۆڤیەت بەپێی ئاماری خۆیان هەتا ٩،٨٥ و بەپێی ئاماری سی ئای ئەی (CIA) هەتا ٦،٧٧ کەڕەت زیادی کردبوو. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەم پێوەرە (نیشانەیە) لە ئەمریکا ٢،٦٢ بوو. لە دەیەی ١٩٨٠ یەکیەتیی سۆڤییەت سەدا ٧،٢ی شتومەکەکانی سەنعەتی جیهانی بەرهەم دەهێنا، بەم حاڵەش لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ و دەستپێکی دەیەی ١٩٨٠ نیشانەکانی قەیران بەهۆی کێشەکانی سیاسەتدانان، بەتایبەتی گواستنەوەی سەرمایەگوزاری لە سەنعەتە گەورەکانەوە بۆ شتومەکی مەسرەفی، هاوتەرازکردنی مووچەکان، سەرنجنەدان بە مەسەلەی بەرنامەڕێژی و پاڵنەری، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاشکراتر دەبوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ - ١٩٧٩ بەرهەمهێنانی شتومەکی سەنعەتی هەتا سەدا ٤٠ دابەزی و ڕادەی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ تەنانەت نەگەیشتە ڕادەی ساڵی ١٩٧٨یش و... لە ساڵانی کۆتایی حکوومەتی برێژنێف گەلێک کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها سیاسی و ئایدۆلۆژیک لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون.

لە سەرەتای دەیەی هەشتا ڕێبەرایەتیی حیزب لە هەوڵی دیتنەوەی نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بوو، یۆری ئاندرۆپۆڤ سکرتێری تازەی حیزب ١٠ ڕۆژ پاش کۆچی دوایی برێژنێف، بە ڕاشکاوی وێڕای هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنی جیدی لە سیاسەتەکانی پێشووی حیزب، پێشنیارەکانی خۆی بۆ چاکسازی لە تەواوی بوارەکانی نێوخۆیی و دەرەکی ئاراستەی حیزب کرد. دەورانی ١٥ مانگەی ڕێبەریی ئاندرۆپۆڤ هەرچەند کەم بوو، بەڵام لە باری چۆنیەتییەوە گەلێک بەنرخ و ڕێخۆشکەری ڕەوتی چاکسازی بوو. ئاندرۆپۆڤ لە ڕاستیدا یەکەمین کەسایەتیی سیاسی بوو کە توانی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەی کە هۆی لاوازکردن و گۆڕانی قەوارەی سۆسیالیستی و بەربەستێک بۆ پێشکەوتن لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، دیاری بکا و هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ لەنێو بردنی گەندەڵی بە تایبەت لە ئاستی ڕیبەرایەتیی حیزب و دەوڵەتدا هەڵێنێ.

ئاندرۆپۆڤ سیاسەتی هاوتەرازکردنی مووچەکانی وەکوو یەکێک لە هۆیەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی پێناسە کرد و پێداگریی لەسەر ئەم خاڵە کرد کە پێویستە ئاستی خۆشبژیویی خەڵک بەپێی میزانی کاریان بێ. ئەو هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی کتوپڕ و خێرای لە ڕەوتی ئەنجامدانی بەشینەوەی کۆمۆنیستیدا ئیدانە کرد و چوونەسەرەوەی ئاستی مەسرەفی خەڵکی بەبێ بردنەسەرەوەی ڕاندمانی کار، وەک لادان لە بنەماکانی سۆسیالیزم لە قەڵەم دا. ئاندرۆپۆڤ باسی لە پێشێلکردنی دێموکراسیی شۆڕایی و پێداویستی باشترکردنی دێموکراسی کرد و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆسیالیزم نەیتوانیوە تەواوی ناکۆکی و جیاوازییەکانی کۆمەڵگە لەنێو ببا. سیاسەتەکانی ئاندرۆپۆڤ بوو بە پێکهێنەری بنەمای سیاسەتی حیزب و دوو ساڵ پاش مردنی، لە کۆنگرەی ٢٧ (ساڵی ١٩٨٦) دا، ناوی پرسترۆیکای بەخۆیەوە گرت. بەرنامەی ٥ ساڵەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ٢٧ لەسەر چەند دروشمی سەرەکی داڕێژرا:

* ناکۆجێیی کردنی بەرنامەدانانی ئابووری

* مۆدێرنیزەکردنی ڕەوتی بەرهەمهێنان
* پێکهێنان و پاڵنەری مادی بۆ بردنەسەرەوەی ڕاندمانی کار
* پەرەپێدان بە دێموکراسی سۆسیالیستی لە ئاستی کۆمەڵگەدا

لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا ئاڵوگۆڕی جیدی لەبواری جۆرواجۆردا کرا: بەشێکی زۆر لە بەرنامەڕێژییەکانی دەوڵەت درا بە بنکە ئابوورییەکان، بەڕێوەبەرانی کارخانەکان ئیتر بە دەنگدانی کرێکاران هەڵدەبژێردران، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ئاشکرا باسی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دەکرا. ڕەوتی خێراکردنی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری - پیشەیی بۆ باشترکردنی ئاستی خۆشبژیویی خەڵک دەستی پێکرد.

بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەم کارانە ئیتر زۆر درەنگ بوو، ئەم چاکسازییە بە دێرهاتێکی ٣٠ ساڵەوە دەستی پێ کردبوو، گەندەڵی و بۆرۆکراسی تەواوی پێکهاتەی حیزب و دەوڵەتی لەخۆ گرتبوو و بەشێکی زۆر لە دەستەڵاتداران بەرژەوەندیان ئیتر نەک لە ڕەوتی چاکسازی، بەڵکوو لە فەوتانی سیستمی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئاراییدا بوو.

ئەم ئامانجە پاش ململانێی دوو هێڵی سەرەکی لە نێو حیزب، پاش کوودەتای نمایشی ئاگۆستی ١٩٩١ لەبەرژەوەندیی خوازیارانی گۆڕینی سیستمی سۆڤییەتدا شکایەوە. یەکیەتیی سۆڤییەت بە هەموو دەستکەوت و باری ئەرێنی و نەرێنییەکانیەوە لە بێدەنگییەکی سەیر و بێوێنەی خەڵکی ئەم وڵاتەدا بە مێژوو سپێردرا، بەڵام بێگومان ئەزموونەکانی ئەرێنی و نەرێنی ئەم وڵاتە و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەڵاتی ئورووپا وانەیەکە بۆ هەنگاوەکانی دادیی سۆسیالیستەکان و ئازادیخوازانی چەپی جیهان. ئەگەر ئێمە سۆسیالیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی دێموکراتیک لەبەرچاو بگرین، دەبێ ئەم ڕاستییەش ببینین کە هیچ خەباتێک بەبێ هەوراز و نشێو، سەرکەوتن و تێکشکان نابێ. تەنیا پێویستە ئێمە لە ڕابردوودا نەمێنینەوە و هەنگاوەکانمان بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی جیهانی و نێوخۆیی هەڵگرینەوە و بە خوێندنەوەیەکی تازە بەرەوپیری داهاتوو بچین.

(لە ژمارەی ٧٤٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

-----------------------------------------------

# هەڵسەنگاندنی سۆسیالیزم

**(٧)**

((تا چ ڕادەیەک جیهانی ئەمڕۆ جاریٚ جەوانە و تا چ ڕادەیەک گاڵتەجارە کە ئێمە بایەخێکی ڕەها بۆ تێڕوانینی ئێستای خۆمان بدەین.)) ئێنگلس، ئانتی دۆرینگ

لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیروهزری سۆسیالیستییەوە هەتا ئێستا پێناسەیەکی پەسەندکراوی گشتی بۆ ئەم چەمکە بەدەستەوە نەدراوە، ئەوەی وا لە سەرەوەدا باسمان کرد کورتە مێژوو و ئەزموونی بیری چەپیی کۆمۆنیستەکان بوو. دەکریٚ تەنیا ئاماژە بەم دیاردەیە بکریٚ. لە کاتی مارکسەوە خاوەندارییەتیی گشتیی ئامرازی بەرهەمهێنەر وەکوو مەرجی سەرەکیی سۆسیالیزم لەبەرچاو گیراوە و ئەم تێگەیشتنە بەهۆی ئەوەی کە بەشینەوەی دادپەروەرانەی داهات تەنیا لە چوارچێوەی خاوەندارییەتیی گشتی یان کۆمەڵایەتیدا وەدی دیٚ، بیری زاڵ لە نێو سۆسیالیستەکان بووە.

ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی ئەم پرسیارەی هێناوەتە گۆڕیٚ: بڵێی سۆسیالیزم نەخشەڕێگایەکی دروست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤایەتی بیٚ؟ کاتێک ئێمە پاش پتر لە دوو دەیە سەیری ڕووداوەکانی جیهان و بە تایبەتی بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی بەناو جیهانی سێهەم، هەروەها «بەراوردێک لە نێوان وڵاتە سۆسیالیستییەکانی ئێستا لەگەڵ دراوسیٚ سەرمایەدارییەکانیان بکەین، وێناچیٚ ئاکامەکە زۆریش بە زیانی وڵاتە سۆسیالیستییەکان تەواو بیٚ. بۆ وێنە پێوەری هەژاری و پاشکەوتوویی لە «هێند» گەلێک بەرزتر لە «چین»ە و برسیەتی بۆ چینییەکان بە پێچەوانەی هەزاران و میلیۆنان کەس لە خەڵکی هێند کە کێشەی ڕۆژانەیانە، لە مێژە ئیتر بە مێژوو ئەسپێردراوە.»(١) تەنانەت بارودۆخی ژیان لە کووبا پاش ڕووخانی پاڵپشتە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ڕۆژئاوای ئورووپا و یەکیەتیی سۆڤییەت، سەرەڕای قەیران و کێشەی جیدی ئابووری، ئەگەر باشتر لە وڵاتەکانی دیکەی ئەمریکای لاتین نەبیٚ، خراپتر نییە. یان کاتێک شایەدی هەڵوەشاندنەوەی یاسای پێشگیریی فرەژنی و کڕین و فرۆشی ژنان و ئازادکردنی ئەم کارە لە وڵاتێک وەکوو کۆماری ئینگووش لە ڕووسیەین، دەبینین کە کۆمۆنیستەکان چ کەسانێکیان کۆنترۆڵ کردبوو!

بەم حاڵەش پرسیار ئەوەیە:

ئایا ئەم شێوە ژیانە و ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان هەر ئەوەیە کە بیرمەندانی سەرەتایی و سەرەکیی کۆمۆنیست وادەی وەدیهاتنیان دابوو؟ بڵێی مرۆڤی سەدەی ٢١ بە پێی ئەزموونی یەکیەتیی سۆڤییەت، چین و هتد ئامادەی

قەبووڵی سیستمێكی بەستراوەی تاك حیزبی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیی حیزبێكی چەپ یان هەر چەشنە بیروهزرێكی فەلسەفی یان ئایینی بێ؟ بڵێی پاش ئەم هەموو ئاڵوگۆڕە بەرچاوەی كە لە سیستمی سەرمایەداری و شێوەی بەڕێوەبەری و خزمەتگوزاریی كۆمەڵگە، بەتایبەت لە ڕۆژئاوای ئورووپادا كراوە، ئەگەری شۆڕشێكی كرێكاری و دابینكردنی دیكتاتۆریی پرۆلتاریا بە چەشنی كلاسیك مابێ؟ بڵێی پرۆلتاریا هەر ئەو تایبەتمەندییانەی كاتی ماركسی مابێ و تەنیا چینی بەڕاستی شۆڕشگێڕ لە پێناوی ڕێبەرایەتیی خەڵك بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم بێ و لەم پێناوەدا تەنیا زنجیرەكانی دەستی خۆی لە دەست بدا؟ یان كاتێك بە باوەڕی ماركس و ئێنگلس سۆسیالیزم تەنیا لە وڵاتێك وەدی دێ كە گەشەسەندنی ئابووریی بە ئاستێكی وەها بەرز گەیشتبێ كە بتوانێ ببێ چەوساندنەوەش، سامان و سەروەتی پێویست و شیاو بۆ بەڕێوەبردنی كۆمەڵگە مسۆگەر بكا، ئەگەری سەركەوتنی سۆسیالیزم لە وڵاتێك و بەتایبەتی لە وڵاتێكی وەدواكەوتوو و هەژاری جیهانی سێهەم هەبێ؟ بڵێی كۆمەڵگەی داهاتوو بەبێ دێموكراسی و پلۆرالیزمی سیاسی، هەروەها مافی گۆڕینی دەستەڵات بە دەنگی خەڵك، بتوانێ باس لە دێموكراسی و ئازادی و كەرامەتی ئینسانی بكا؟ ئێمە دەبێ ڕوونی بكەینەوە لایەنگری كام سۆسیالیزمین و ئەم سۆسیالیزمە دەبێ چ تایبەتمەندییەكی هەبێ كە سۆڤیەت و چین و هتد نەیانبووە؟

ئەگەر جارێ واز لە قۆناغی بەرزتری كۆمۆنیزم بهێنین كە بەڵێنی گەیشتن بە وڵاتێكی خەیاڵیی بێكێشە، بێ چین و توێژی جیاواز و هەرچەشنە ئایدۆلۆژییەكی سیاسی، بێدەوڵەت و دوور لە هەرچەشنە نامرۆڤایەتی و بەشینەوەی داهاتەكان نە بەپێی كار، بەڵكوو بەپێی پێداویستیی دەدا، باشتر دەبێ تیشك بخەینە سەر چۆنیەتی و تایبەتمەندیی بنەما و قەوارەی كۆمەڵگەی مەبەستمان!

پێویستە ڕوون بكرێتەوە ئەگەر بڕیارە بناغەی كۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەسەر خاوەندارییەتیی كۆمەڵایەتی بێ، چوارچێوە و سنووری ئەم چەشنە خاوەندارییەتییە تا كوێیە؟ بڵێی پێویست بێ وەكوو سۆڤییەت تەواوی دامودەزگا سەنعەتی و دووكانە بچووك و گەورەكان و هتد كۆمەڵایەتی بكرێن و خاوەندارییەتیی خۆیی لە تەواوی ئاستەكاندا لەنێو ببرێ؟ لە كۆمەڵگەی جێ مەبەستدا شێوەی بەشداریی زەحمەتكێشان لە داڕشتنی بەرنامە و بەڕێوەبردنی یەكەی بەرهەمهێنەر بە چ چەشنێكە و كێشەی سەربەخۆیی ڕێژەیی یەكەكانی بەرهەمهێنەر چۆن چارەسەر دەكرێ؟ پێوەندیی دێموكراسی، ئازادی، جیابیری، دەنگدانی خەڵك و پلۆرالیزمی سیاسی و هتد لە وڵاتێك كە دەسەڵات تەنیا بە دەست نوێنەری زەحمەتكێشان واتە دیكتاتۆریی پرۆلتاریاوەیە، لەگەڵ ئەو هێز و ڕێكخراوانەی كە قبووڵیان نییە چۆن دەبێ؟ بڵێی بۆ دووپات نەبوونەوەی كارەساتەكانی كاتی ستالین، مائۆ و پۆل پۆت بۆ دابینكردنی سۆسیالیزم مل بە ڕێگای شیكردنەوە و ڕكابەریی ئاشتیخوازانە بدرێ و یاسا ئەو مافە بە خەڵك بدا كە خاوەنداری چارەنووسی خۆیان بن و، هێزی پێشڕەوی خەڵك لەجیاتی ئەوان بڕیار نەدا؟

بێگومان داڕشتنی نەخشەڕێگایەك بۆ داهاتوو لە ئێستاوە دەتوانێ ڕەنگ و ڕووی خەیاڵی بەخۆیەوە بگرێ، بەڵام لانیكەم پێویستە خاڵە گرنگەكانی بینای سۆسیالیزمی داهاتوو شی بكرێتەوە، لەم ڕەوتەدا پێویستە لە ئەزموونی وڵاتانی سۆسیالیستی وەكوو سۆڤییەت و هاوپەیمانانی لە ڕۆژئاوای ئورووپا یان چین و كووبا و هتد كەڵك وەر بگیرێ. نكۆڵی لە سۆسیالیستی بوونی ئەم وڵاتانە هیچ یاریدەیەك بە خەسارناسیی نەهامەتییەكان و هەڵەكانی شێوازی دابینكردنی سۆسیالیزم نادا، ئەویش لە حاڵێكدا كە ڕەخنەگرەكان

نە مۆدێلێکی جێمتمانەیان وەکوو جێگر هەیە و نە چەمکی سەرمایەداریی دەوڵەتی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەو وڵاتانەدا دێتەوە.

خاوەنداریەتیی کۆمەڵایەتی (دەوڵەتی) و گەلەکۆمە هەر ئەو جۆرەی کە بیرمەندانی سەرەکیی کۆمۆنیست گەڵاڵەیان کردبوو بنەما و جەوهەری ئابووری و سیاسیی ئەو کۆمەڵگەگەلەیان پێکهێنابوو و شتێک بە ناوی چینی سەرمایەدار و فئۆدال بوونی نەمابوو، لێرەدا دەکرێ باس لە سۆسیالیزمی دەوڵەتی لە چەشنی بەرنامەدانانی ناوەندی و نادێموکراتیک بکرێ تا سەرمایەداریی دەوڵەتی.

دەوڵەت هەر ئەو جۆرەی کە مارکس و ئێنگلس لە ئایدۆلۆژیی ئاڵمانیدا باسی دەکەن شێوازێکە، کە لە ڕێگای ئەوەوە، کەسانێک یان چینێکی دەستەڵاتدار بەرژەوندیی خۆی ڕادەگەیەنێ و دایدەسپێنێ. لە نەبوونی چینە دژبەرەکان ئەستەمە کاتێک بناغەی ئابووری و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتیی کۆیین، باس لە سەرمایەداریی دەوڵەتی بکرێ. چەمکی سەرمایەداریی دەوڵەتی و سۆسیال ئەمپریالیزم زۆرتر پاش مردنی ستالین و جیابوونەوەی چین لە بەرەی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ سیاسەتەکانی مۆسکۆ بەتایبەتی پاش کۆنگرەی ٢١ و ٢٢ پەرەی سەند. بێگومان ئەوەی لە یەکیەتیی سۆڤییەت بەتایبەت هەتا ١٩٣٠ و لە چین تا ساڵانی دەیەی ١٩٦٠ تا ڕادەیەک پێوەندییە ئابوورییەکانی سەرمایەداری لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا مابوونەوە، هیچ ناتەباییەکی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کاتی تێپەڕیندا نییە، بەڵام پەرەدانی ئەم دیاردەیە بۆ سەر هەموو شێوەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی سۆسیالیستیی دوور لە ڕاستییەکانی ئەو وڵاتانەیە. مائۆ کاتی خۆی لە کورتەباسێکی ڕێکەوتی ٩ی ژوییەی ١٩٥٣دا ئاماژە بە سەرمایەداریی دەوڵەتی لە چین دەکا و دەڵێ: «ئابووریی سەرمایەداریی ئێستای چین لەو چەشنە ئابووریی سەرمایەدارییەیە کە بەشی سەرەکیی لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتیی گەل دایە و، بە چەشنی جۆراوجۆر پێوەندی لەگەڵ ئابووریی دەوڵەتیی سۆسیالیستی هەیە و؛ لەژێر چاودێریی کرێکاران دایە. ئەمە، چەشنە ئابوورییەکی سەرمایەداریی نوێ و تایبەتمەندە، یانی چەشنێکی نوێی ئابووریی سەرمایەدارییە. بوونی زۆرتر بۆ قازانجی سەرمایەدارەکان نییە، بەڵکوو بۆ مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی جەماوەر و دەوڵەتە. ڕاستە کە بەشێک لە قازانجی بەرهەمی کرێکاران دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەکانەوە، بەڵام ئەمە تەنیا بەشێکی بچووک لە قازانجەکەیە، واتە لە نیزیکەی یەک لە چواریەتی. سێ لە چوارەکەی دیکەی بۆ بەرهەمێنانی کرێکاران (بەشێوەی سندووقی خۆشبژێوی (رفاه)، بۆ دەوڵەت (بەشێوەی ماڵیاتی داهات) و بۆ پەرەسەندنی توانای بەرهەمهێنان (بەشێکی کەم لەو قازانجە بە سەرمایەدارەکان دەدرێ) تەرخان دەکرێ. بەم پێیە ئابووریی سەرمایەداریی دەوڵەتیی نوێ تا ڕادەیەکی زۆر تایبەتمەندیی سۆسیالیستی بەخۆی گرتووە و قازانجی بۆ کرێکاران و دەوڵەت بووە.»(٢)

بێگومان نەبوونی ئەزموون و تەنیا پشت بەستن بەو خاڵە گشتییانەی کە مارکس و ئێنگلس گەڵاڵەیان کردبوو، نەیدەتوانی ڕێخۆشکەر یان تەنیا ڕێنومای پێکهێنانی بینای سۆسیالیزم لەم وڵاتانە بە ئاستی جیاوازیی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە بێ، ئەویش لە حاڵەتێکدا کە پێویست بوو پەیتا پەیتا لە وڵاتگەلێکی پاشکەوتووی فئۆداڵی - سەرمایەداری کە لە بارودۆخێکی زۆر خراپی ئابووریی پاش شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم و خۆڕاگری و هێرشی وڵاتە سەرمایەدارییەکانی جیهانی سەریان هەڵدا، کۆمەڵگەیەک پێک بێ کە پێچەوانەی ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتی و بەبێ پاڵپشتی ئەزموونێکی سەلمێندراو بوون.

زۆربەی ئەم وڵاتانە تێکۆشاون تا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە دیکتاتۆری پرۆلتاریا و بنەماکانی سەرەکیی کۆمۆنیزم دابین بکەن. ئەم ڕەوتە بە تایبەت بەهۆی تێڕوانینی ڕێبەرانی کۆمۆنیست لە دیکتاتۆری پرۆلتاریا دوور لە توندوتیژی و کوشتن و گرتنی نەک هەر نەیارانی سۆسیالیزم بەڵکوو کۆمۆنیستەکانی خۆییش نەبوو. تیرۆری سوور لە کاتی لینین، کوشتاری بەکۆمەڵ لە کاتی ستالین، سەرکوتکردنی جیابیران و تەنانەت کۆمۆنیستەکان لە شۆڕشی فەرهەنگیی چین و کۆمەڵکوژی لە کامبۆجیا بە ڕێبەریی پۆل پۆت و هتد، نموونەگەلێک لە شێوەی دابینکردنی دەسەڵاتی کرێکاری بوون و ئەمانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسیی ڕاستەقینە، بەبێ ئازادیی بیر و ڕای جیاواز، بەبێ هاوبەشیی خەڵک و کۆنتڕۆڵی دەستەڵاتداران لە خوارەوە و لە ڕێگای یەکیەتی و شۆڕاکانەوە ئاکامێکی باشتری نابێ.

لە لایەکی دیکەشەوە کاتێک بەرنامەدانان لە چەشنی ئابووریی دێموکراتیکی بەشداریکەرانە نەبێ و ژیانی ئابووریی ئینسان واتە بەرهەمهێنان، بەشینەوە و بەکارهێنان و هتد لە ڕێگای ئیرادەی سەربەخۆی مرۆڤەکانەوە ڕێکوپێک نەکرێ، ئەم کۆمەڵگەیە ئاکامێکی باشتر لە سۆڤیەتی ڕابردووی نابێ. بەپێی وتەکانی مارکس، بەرنامە لە ئابووریی سۆسیالیستیدا دەبێ لە ڕێگای بەشداریکردن و ئاوەزمەندیی کۆیی مرۆڤەکان و ڕەوتی بەرهەمهێنان لەژێر کۆنتڕۆڵی هاوبەشدا بێ. سۆسیالیزم کاتێک مانای دەبێ کە خەڵکی کۆنتڕۆڵیان بەسەر ژیانی خۆیاندا هەبێ و بتوانن بە شێوەیەکی ئاگایانە بڕیار لەسەر شێوەی ژیان و بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگە بدەن.

بێگومان ئەم کێشانە تەنیا ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە دەستەڵاتدار مرۆڤێکی باش یان خراپ، شۆڕشگێڕ یان ناشۆڕشگێڕە، بەڵکوو پێوەندی لەگەڵ بەشێک لە چەمکە بنەڕەتییەکانی سۆسیالیزم و شێوەی بەکارهێنانیان هەیە.

لێرەدا هەروەها پێویستە پێداچوونەوەیەکی جیدی بەسەر چەمکی دیکتاتۆری پرۆلتاریا و ڕەوتی تێپەڕین لە سۆسیالیزم بکرێتەوە. بەکارهێنانی وشەی دیکتاتۆری تەنانەت ئەگەر بە مانای دیکتاتۆری زۆرینە بەسەر کەمینەشدا بێ، کاردانەوەیەکی نەرێنی لە کۆمەڵگە دەبێ. پێناسەکردنی حکوومەتی کرێکاری وەکوو دەسەڵاتی بە زەبر و زۆری چینایەتی لە ئاکامدا بە دیکتاتۆری دەگا و، دەسەڵاتی حیزبایەتی جێگای هاوبەشیی خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیان دەگرێتەوە. وێدەچێ بەکار هێنانی دێموکراسیی سۆسیالیستی چەمکێکی شیاوتر بێ.

بەڵام بایەخدارتر لە هەمووی ئەوانەش خوێندنەوەی تازە لە بارودۆخی ئێستای جیهان، باری نەرێنی و ئەرێنیی دێموکراسی بۆرژوایی، شێوەی تێپەڕین بۆ سۆسیالیزم، پێگە و جێگەی تەواوی چین و توێژەکان لە خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەروەها کەلکوەرگرتن لە ئامرازەکانی ئینسانی بۆ دابینکردنی سیستمێکی مرۆڤانە بەپێی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بەگشتییە. ناکرێ بە کەلکوەرگرتن لە ئامراز و شێوازی نائینسانی، کۆمەڵگەیەکی ئینسانی و دادپەروەرانە پێک بێنین و بۆ سازکردنی کۆمەڵگەیەکی تازە بنەماکانی کۆمەڵگە بە یەکجاری و کتوپڕ هەڵوشێنینەوە. ئەم وتەیەی کائوتسکی دوور لە ڕاستی نییە کە دەبێژێ: «ئاڵوگۆڕی سۆسیالیستی وەکوو سەرلەنوێ سازکردنەوەی ماڵێکە کە تێیدا دەژین، ناکرێ تەواوی ئەم ماڵە بەیەکجاری خاپوور بکرێ،

پێویستە پەیتا پەیتا، بەش بە بەشی ئەو ماڵە سەرلەنوێ ساز بکرێتەوە، ئەگەر تەواوی دیوارەکان بەیەکجاری برووخێنی، میچەکەی بەسەرتدا دەڕووخێ».

**سەرچاوەکان**:


١) آیا سوسیالیسم هنوز راه چارەای برای جهان سوم است؟ کارلوس م. ویلاس، برگردان ناصر زرافشان (نقل از کتاب آینده سوسیالیسم، مجموعە مقالات).

٢) منتخب آثار مائو جلد ٥. لاپەڕەی ٨٦، انتشارات زبانهای خارجی در پکن، ١٩٧٧.


(لە ژمارەی ٧٤٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٩

---------------------------------------------

## گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم

## کورد و سۆسیالیزم

### (٨) کۆتایی

لە ئێستادا سەرمایەداری، مێژوویەکی ٥٠٠ ساڵەی هەیە و سەرەڕای تەواوی قەیران و کەمایەسییەکانی، جارێ لە حاڵی گەشەکردن دایە، توانایی زۆری ماڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەیە و خاوەنداری هێزێکی گەورەی نیزامییە. هەر بەم پێیەش پێویستە سۆسیالیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی جیهانی لە بەرامبەر سەرمایەی جیهانی لەبەر چاوبگیرێ، کە بەئاکام گەیشتنی پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەیە و لەم ڕەوتەدا دەبێ پەیتا پەیتا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداریدا پاشەکشە بە سەرمایەداری بکرێ. ئەگەر وێچوونی ئاڵوگۆڕی ڕادیکال بە شێوەی شۆڕش، لانیکەم لە وڵاتەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین هەبێ، ئەم دەرفەتە بۆ وێنە لە وڵاتە سەنعەتی و پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری لە ئاستێکی نزم یان دەکرێ بڵێین سفر دایە. ئەمڕۆ کێ دەتوانێ فیکری شۆڕشێکی سۆسیالیستی و کرێکاری بۆ وێنە لە ئەمریکا یان ئاڵمان و فەڕانسە بکا. وڵاتگەلێک کە خاوەنداری دەوڵەتی بەهێز، سەنعەتی و سپای بەهێزی نیزامی و دەزگای ڕاگەیاندنی گشتین، خەڵکەکەشیان بە تایبەتی لە ئورووپادا بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ

حیزبەکان و دەستەڵات هەڵسوکەوت دەکەن.

لە لایەکی دیکەشەوە، لەم وڵاتانە کاتێک دەرفەتی ئاسایی بۆ خەباتی ئاشتیخوازانە، ڕێکخستنی حیزب و یەکیەتییەکان و تەنانەت ناردنی نوێنەر بۆ پارلمان و بەشداری لە دەستەڵات هەیە، چ پێویستییەک بۆ پەنابردن بە شێوەی زەبروزەنگی سیاسی بۆ پێکهێنانی سۆسیالیزم دەبێ! دیموکراسی بۆرژوایی - لیبرالی، کاریگەری هێزە چەپەکان، سەوز و...، هەروەها ئاستی ڕووناکبیری کۆمەڵگە ڕێخۆشکەری چالاکی و خەباتی ئاشتیخوازانە و مەدەنییە.

بێگومان توانایی هێزی چەپ لە ئورووپا بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکا یان کانادا گەلێک بەرزترە. لێرەدا چەپ مێژینە و کاریگەرییەکی بەهێزی لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا هەبووە و هەیە، بەڵام لە جێگایەک وەک ئەمریکا ئێستاش کە ساڵیانی ساڵ بەسەر کاتی مەککارتیزمدا تێپەڕ بووە، زۆرینەی خەڵک کۆمۆنیزم هاوڕیزی تێرۆریزم لە قەڵەم دەدەن.

چەپ پێویستە بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی تێ بکۆشێ تا بتوانێ نەخشێکی بەرچاو بەرامبەر بە سەرمایەداریی جیهانی بگێڕێ. لەم پێناوەدا پێکهێنانی ڕێکخراوە و دامودەزگا مەدەنی و چینایەتییەکان، کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی پارلمانی و بەشداری لە کابینەکانی دەوڵەت، ڕێکخستنی مانگرتن و خۆپێشاندانەکان بۆ پاشەکشەکردن بە دەسەڵات، نەخشێکی بەرچاوی لە گۆڕانکارییەکانی وڵات و وەدەستهێنانی دەرفەت و سەربەشایەتیی زۆرتر لە بەرژەوەندیی زەحمەتکێشان گێڕاوە و دەگێڕێ. لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە وەبیر بێنینەوە کە ئێنگلس لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە «تووی کۆمەڵگەی داهاتوو لە سەرەتادا لە بارودۆخی سەرمایەداریدا دەڕوێ» و، ئەگەر دروشمی «لە هەر کەس بەپێی توانایی و بە هەر کەس بەپێی پێداویستییەکانی» لەبەرچاو بگرین، هەموو دەتوانین ببینین کە لە زۆربەی وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ئورووپای ئێستادا خەڵکێک کە بێکارن نە بەپێی کارەکەیان، بەڵکوو بە پێی پێداویستیی تاک یان بنەماڵەیان یارمەتی لە ڕێکخراوەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی (ئیدارەی سۆسیال) وەردەگرن، کە سەر بە دەوڵەتە. ئەمە و زۆر دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، تەنانەت پێکهاتنی دەوڵەتەکانی «رفاە» ئاکامی خەباتی بێوچانی چەپەکانە. هاوکات پێویستە پێداگری لەسەر ئەم خاڵە بکرێ کە مەبەست نە چاکسازیی سەرمایەداری، بەڵکوو پاشەکشەی بەردەوام بە دەستەڵاتی سەرمایەداری تا پێکهاتنی بەدیلێکی بەهێزی سۆسیالیستی لە ئاستی هەر وڵاتێکی سەرمایەداری بۆ وەدەستگرتنی دەستەڵاتە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک لەبارەی چارەنووسی سیاسیی ئەو وڵاتانەی کە وەکوو ئێران لەژێر دەستەڵاتی حکوومەتێکی دیکتاتۆری دان دێتە پێش، بڵێی لەم چەشنە وڵاتانەدا ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی ئاشتیخوازانە هەبێ؟

وڵامی ئەرێنی پێدان لەم کاتەدا دوور لە ڕاستییە، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵات لەم چەشنە وڵاتانەدا بە هۆی دامودەزگای سەرکوتکەر و پەنابردن بە هەموو شێوەیەکی نائینسانی بۆ لەنێو بردنی هەر چەشنە بەرهەڵست و ڕەخنەگرێک، ڕێگە بە

هیچ چەشنە خەباتێکی مەدەنی تەنانەت بە هێزەکانی خۆییش نادا. لە نەبوونی میکانیزمێکی یاسایی بۆ خەباتێکی ئاشتیخوازانە، لە نەبوونی دەرفەتی یاسایی بۆ چالاکیی هێزە جیابیرەکان، لە نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و زاڵبوونی دەسەڵاتی ئایینی و دژ بە تەواوی ڕاسپاردەکانی مافی مرۆڤ، ئەستەمە باس لە گۆڕانکاریی ئاشتیخوازانەی دەستەڵات بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم وڵاتانە جارێ ڕێگایەکی دوور و درێژیان لەبەرە هەتا پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی بێتە نێو دەستووری کاریانەوە، تەنانەت ئەگەر هێزێکی چەپ و سۆسیالیستیش بە دەستەڵات بگا ناتوانێ ئەزموونی ناسەرکەوتووی وڵاتە سۆسیالیستییەکان دووپات بکاتەوە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئاستی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ڕێگای زەبروزەنگ و بە چەشنێکی خۆویستانە سۆسیالیزم دابین بکا. ئەم ڕەوتە دەبێ وەکوو ڕەوتێکی درێژخایەن لەبەر چاوبگیرێ و پەیتا پەیتا ئاڵوگۆڕی پێویست لە هەموو بوارەکاندا پێک بێ.

## کورد و سۆسیالیزم

کۆمەڵگەی کوردستان لە هەر چوار بەشی خۆیدا بەپێی شێوەی بەرهەمهێنان، ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی، خاوەنی چین و توێژی جۆراوجۆر، هەروەها حیزب و ڕێکخراوەی ڕەنگاوڕەنگ بە بیر و کردەوەی جیاوازەوەیە. بێگومان ئەوە لە هیچ کوردێکی نیشتمانپەروەر شاراوە نییە کە کورد هاوکات لەگەڵ کێشەی چینایەتی، بەهۆی دابەشبوونی وڵاتەکەیەوە کێشەی نەتەوایەتیشی هەیە، پێویستە هاوئاهەنگییەکی ژیرانە لە نێوان شێوەی خەباتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێک بێنێ.

لە لایەکەوە بەهۆی کێشەی نەبوونی دیموکراسی، ئازادی، بێکاری، بێماڵی، گرانی و هەموو ئەو خاڵانەی کە دەگەڕێتەوە سەر بژیوی ڕۆژانە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە چوارچێوەی مافی شارۆمەندیدا هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و دابەشبوونی وڵاتەکەی نەک هەر لە ئاستی ناوچە بەڵکوو تەنانەت لە ئاستی ئەو وڵاتانەی کە بەشێک لە حەشیمەتەکەیان پێک دێنێ، کێشەی نەتەوایەتیشی هەیە. تەنانەت شێواندنی سنووری جوغرافیایی کوردستان، سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی بەشێک لە خاکی نیشتمانەکەی، گۆڕینی ناو یان لکاندنی بەشێک لە زەوییەکەی بە زەوی نەتەوە دراوسێیەکانی و پێکهێنانی پارێزگایەکی تازە، کێشەکەی تا ڕادەیەک ئاڵۆزتریش کردووە و، بۆتە بەستێنێک بۆ کێشەی زەوی لەگەڵ نەتەوە دراوسێیەکان لە داهێدا.

لەم بارودۆخەدا هەڵبژاردنی شێوەی خەبات و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دوو کێشەیە لە پێوەندی لەگەڵ لێکدانەوەی ئێمە لە بارودۆخی جیهان، ناوچە و خۆجێیی بەپێی هاوسەنگیی هێزە دژبەرەکان، ڕادەی ئاگاداریی نەتەوەیی، کاریگەری و توانای ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ ڕێکخستنی خەباتی خەڵکی بەپێی بەرنامە و هەڵبژاردنی دروشمی شیاو دایە.

لەم پێناوەدا شێوەی بۆچوون و ڕوانگەی حیزبەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی، لێکیان جیا دەکاتەوە. لێرەدا دوو حاڵەت لە پێوەندیی چەپی سۆسیالیستیی کورد دێتە گۆڕێ:

ئەگەر حیزبێکی سۆسیالیست پێی وابێ کورد بەشێکی جیانەکراو، لە خەڵکی ئەو وڵاتەیە وا ئێستا بە شێوەی فەرمی بەشێک لەوە و تەنیا دابینکردنی سۆسیالیزم کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکا و، «بە لەنێو بردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤێکی دیکە، چەوساندنەوەی نەتەوەیەک بە دەستی نەتەوەیەکی دیکەش لەبەین دەچێ»(١) بێگومان ستراتیژیی حیزبەکەش گەیشتن بە سۆسیالیزم هەر لەو وڵاتە دەبێ و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەییش بەستراوە بە دابینکردنی سۆسیالیزم دەمێنێتەوە و، وەکوو کێشەیەکی سەرەکی، پێناسە ناکرێ.

بەلام کاتێک حیزبێکی چەپی کوردستانی سەرەڕای باوەڕمەندی بە سۆسیالیزم باوەڕی بە نەتەوەبوونی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس تا ئاستی جیابوونەوە بێ، ناتوانێ چارەنووسی گەلەکەی حەواڵە بە کاتی دابین بوونی سۆسیالیزم وەکوو ئاواتێک کە جارێ کاتی وەدیهاتنی دیار نییە، بکا.

بەم پێیە، دەبێ لێک بدرێتەوە کام یەک لەم کێشانە بۆ کورد سەرەکی و کامیان لاوەکین و بەرژەوەندیی کورد لە چی دایە؟ ستراتیژیی چەپی کورستانی چییە و چ شتێک ئەوان لە هێزەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟ ئایا ڕێبازەکەی تەنیا لە چوارچێوەی بەرگری لە مافی چین و توێژی زەحمەتکێشی کۆمەڵگە قەتیس دەمێنێتەوە یان تێدەکۆشێ بە بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و ڕێنوێنی و هاندانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئاواتە مێژینەکانی، واتە دابینکردنی زێد و سەروەریی کورد ئەرکی نەتەوایەتیی خۆی بەجێ بێنێ؟

لەم بەینەدا دروشمی ڕزگاری نەتەوەیی هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ دابینکردنی سۆسیالیزم وەکوو سیستمێکی دادپەروەرانە و ئینسانی لە کۆمەڵگەی داهاتوو نییە و دەکرێ دروشمی «گەیشتن بە سۆسیالیزم لە کوردستانێکی سەربەخۆ» ستراتیژیی ئەم حیزبە بێ.

لەم ڕەوتەدا ئەگەر چەپی کوردستانی، وڵاتەکەی خۆی وەکوو وڵاتێکی کۆلۆنی کراو پێناسە بکا، دەکرێ ئەو وتەیەی ئێنگلس لە پێشەکی بۆ چاپی ئیتالیایی مانیفێست لە ساڵی ١٨٩٣دا وەکوو نەخشەڕێگایەک لەبەرچاو بگیرێ کە دەڵێ: «بەبێ وەدیهاتنی سەربەخۆیی و یەکیەتیی هەر نەتەوەیەک، نە ئەگەری یەکیەتیی نێونەتەوەیی پرۆلتاریا هەیە و نە هاوکاریی ئاشتیخوازانە و ئاگایانەی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش»(٢) لەکردن دێ.

بێگومان بوونی چەپ بە ئاڵاهەڵگری مافی دیاریکردنی چارەنووس هەتا گەیشتن بە سەربەخۆیی و دەوڵەت و کیانی کورد بەمانای ئەوە نییە کە ئەم هێزە خۆ لە کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵک دوور دەکاتەوە و بەبێ یەک و دوو کردن، دەیەوێ لە جیهانی ئاڵۆزی ئێستادا کتوپڕ بە سەربەخۆیی بگا. چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەربەخۆیی ڕێگەیەکی ساف و بێلەمپەر نییە و لە کورتخایەندا وەدی نایە و، پێویستە بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە بارودۆخی ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکرێ تا خەڵکی بە ئاستێک لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بەڵام ئەرکی هێزێکی چەپ، بردنی ئەم دروشمە بۆ نێوخەڵک و چەسپاندن و جێگیرکردنی ئەم بیرۆکەیە لە ڕەوانی کۆمەڵگە دایە هەتا کاتی پێویست خەڵک لەبەرامبەر

ئەرکی مێژوویی خۆی بێهەڵوێست نەمێنێ و ئامادەی هەر چەشنە رووداو و بارودۆخێکی پێشبینی نەکراو لەم پێوەندییەدا بێ. لە پرۆگرامی حیزبێکی چەپی کوردستانی مەسەلەی سەربەخۆیی وەکوو هەڵبژاردەیەکی مێژوویی دەبێ رەنگدانەوەی بێ و بۆ دیتنەوەی رێگای گەیشتن بەم ئاواتە نەخشەرێگایەکی دروست و زانستی مسۆگەر بکرێ. ئەرکی کوردی سۆسیالیست، گرێدانی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی بەیەکەوە، هەروەها بەرگری کردنە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد تا ئاستی جیایی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

**سەرچاوە**:

١) مانیفست حزب کمونیست. ص ٤٤.

٢) سەرچاوەکەی سەرێ لاپەڕەی ٢٢، ئێنگلس ئەم پاراگرافەی لە پێوەندی لەگەڵ ئیتالیادا هێناوەتەوە، کە لەژێر فەرمانی ئوتریش و ئاڵمان کە ناڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی ڕووسیەی تزارییدا بوو و پاش شۆڕشی ١٨ی مارسی ١٨٤٨ لەم حاڵەتە ڕزگاربیان بوو.

(لە ژمارەی ٧٤٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٩

---

## کورد لە ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

هەڵوێست و ئەرکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و حیزبە کوردستانییەکان بە تایبەتی، دوای ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو پرسیارانەیە کە دەبێ لە ئێستاوە بیری لێ بکرێتەوە و وڵامی بۆ بدۆزرێتەوە. حکوومەتی ئیسلامیی ئێران وەک هەر دەستەڵاتێکی سەرەڕۆ ناتوانێ هەتاهەتایە بمێنێتەوە و زوو یان درەنگ کۆتایی بە دەستەڵاتی نگریسی دێ، بەڵام هەڵوێستی کورد وەکوو نەتەوەیەکی زوڵملێکراو کە پاش هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامی، چوار دەیەیە بەردەوام بۆ گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکانی خەبات دەکا و گەلێک قوربانیی داوە، بەرامبەر بە دەوڵەتی داهاتوو چۆن دەبێ؟ ئایا کورد دەسبەجێ دەبێ داوای جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا؟ یاخود شانبەشانی هێزە سەرانسەری و ناوچەییەکانی ئێران بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ تێبکۆشێ؟

بێگومان هەڵوێست گرتنی حیزبێکی بەئەزموون لە جیهانی سیاسەتدا لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی جیهانی، ناوچەیی و نێوخۆیی، بە

گوێڕەی هاوسەنگیی هێزە سیاسی_سپاییەکان و، ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی و سیاسیی خەڵک، ڕادەی ڕێکخستنی جەماوەر لە ڕێکخراوە سیاسی، کولتووری و پیشەییەکاندا، هەروەها ئامادەبوونی ئەوان بۆ خەباتی سیاسی لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا دەبێ. حیزبێکی تێکۆشەر و پێشکەوتنخواز بەپێی ستراتێژیی نەتەوەیی و پەسەندکردنی تاکتیکی شیاو بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی، دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ لە ڕەوتی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە بگێڕێ. لەوە دەچێ هەر لە ئێستاوە نەکرێ بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ هەڵوێستی داهاتوو بدرێ و نوسخەی بۆ بپێچرێتەوە، بەڵام هەموو هێزێکی سیاسی پێویستە بۆ کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوە لەناکاوەکانی کۆمەڵگە، پلانی «A» و «B»ی هەبێ.

لە وڵاتێکی فرەئەتنیکیدا کە جارێ کێشەی نەتەوەیی چارەسەر نەکراوە، ئەرکی سەرەکیی حیزبێکی نەتەوەیی، خەبات لە پێناوی گەیشتن بە کیان، دەوڵەت و سەروەریی نەتەوەییە. لەم ڕەوتەدا هەبوونی ستراتێژییەکی ڕوونی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گرینگ لە هەڵوێست گرتن و هەڵبژاردنی شێوەی خەبات دەگێڕێ. بێگومان حیزبێکی نەتەوەیی ناتوانێ لەمەڕ کێشەکانی نێو کۆمەڵگە وەکوو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بێکاری، گرانی، زوڵم و زۆری چینایەتی و چەوسانەوەی خەڵک و هتد بێهەڵوێست بمێنێتەوە، بەڵام ئەرکی سەرەکیی ئەم حیزبە، وێڕای خەبات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ڕێکخستنی خەڵک و بردنەسەرێی ئاگایی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی، واتە سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگارکردنی نیشتمانی خۆی لە دەست حکوومەتی داگیرکەرە. هەر بەم جۆرە کە بۆ حیزبێکی چەپی سۆسیالیستی یان مارکسی، گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی ئامانجی سەرەکییە، بۆ حیزبێکی نەتەوەییش، ئازادکردنی نیشتمانی داگیرکراو و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکییە.

### فاکتەرەکانی هەڵوێست گرتن

هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا، ئەستەمە لە ئێستاوە بە چەشنێکی یەکلاکەرەوە باس لە هەڵوێستی پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و پێشبینیی وردی ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو بکرێ. مێژوو بەپێی ئەزموون پڕ لە هەوراز و نشێو، پێشڕەوی و پاشەکشە کردنە و لەسەر هێڵێکی ڕاست ناجووڵێتەوە. بەم حاڵەش لەوە دەچێ بکرێ بەپێی لێکدانەوەیەکی ڕاستبینانە لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و بەرزبوونەوەی ئەوپەڕی جیاوازیی چینایەتی، وەزعی خراپی ژیانی ئابووریی خەڵک، پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی ئینسانی، ناڕەزایەتیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران، کێشە لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و هتد باس لە تەواو بوونی کاتە خۆشەکانی دەستەڵاتدارانی حکوومەتی سەرەڕۆ و تیئۆکراتی ئێران و بەرەو هەڵدێرچوونی ژیانی سیاسیی ئەم ڕێژیمە بکرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا، پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستاوە خۆیان بۆ بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە ئامادە بکەن و بە لێکدانەوەی بارودۆخی ئێران، ناوچە و جیهان، هەروەها ئەگەرە جۆراوجۆرەکان، هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، داڕشتنی بەرنامە و سیاسەتێکی هاوبەش، هەروەها ڕێکخستنی سپایەکی

نەتەوەیی بدەن. بە گشتی بۆ هەڵوێست گرتنێکی شیاو، پێویستە ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕ توانای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و لەبەرچاو گرتنی خاڵەکانی خوارەوەی هەبێ:

**بارودۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتی. هەروەها ئابووری و فەرهەنگیی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی**

لێرەدا پێویستە ئاست و دۆخی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە لە ئێران، جێگە و پێگەی هێزی دەستەلاتدار لە وڵات، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی دەوڵەت و ململانێی باڵەکانی نێو حکوومەت، خۆڕێکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هاوسەنگیی هێزە پێشکەوتنخواز و دواکەوتوو و کۆنەپەرستەکان لە ئاستی ئێران و کوردستان، هەروەها ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بە چەشنێکی ڕاستەقینە لێک بدرێتەوە. لەم ڕەوتەدا یەکێک لە ئەرکەکان، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ئاستی ئێران و کوردستان، دارشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، ئازادی و پێکهاتنی بەستێنێکی شیاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و، یەک لەوان کێشەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی مەدەنی و لە ڕێگای دانوستان و وتووێژە.

**سیاسەت و هەڵوێستی زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هتد**

هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و هێزە خۆجێییەکان، هەروەها ململانێی ئەو هێزانە پێکەوە و ناسین و جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن، ڕادەی پشتیوانیی ڕاستەقینەی ئەو هێزانە و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی جیهانی لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لە هەڵوێست گرتنی هێزێکی تێکۆشەردا بگێڕێ. بۆ وێنە لێکنەدانەوەی دروستی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی هێزەکانی جیهانی لە کاتی گشتپرسیی سەربەخۆیی لە ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٧، پشتیوانی نەکردنی زلهێزەکانی جیهانی و ناوچە لە دەنگدانی زۆرینەی خەڵکی باشووری کوردستان هاوکات لەگەڵ ناتەبایی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا، زەبرێکی کاری لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازانەی کوردستان دا و، تەنانەت لە هێرشی هێزەکانی سەر بە بەغدا و ئێران بۆ کەرکووک و خانەقین و هتد لە ئۆکتۆبری هەر ئەو ساڵەدا، کورد بێ پشتیوان مایەوە و کۆنترۆڵی پتر لە سەتا ٥٠ی خاکی نیشتمانەکەشی لەدەست دا. بەم پێیە ناسینی بارودۆخی جیهانی و ناوچە و، خوێندنەوەی دروستی ژێئۆپۆلیتیکی جیهان بۆ گرتنی بەشێکی بەرچاو لە هەڵوێستەکانی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە.

**وەزعییەت و جێگە و پێگەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان**

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی هەر بزووتنەوەیەک و بە تایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان و هەبوونی تەبایی نەتەوەییە. کاتێک حیزبە کوردستانییەکان نەتوانن بە زمانێکی هاوبەش بگەن و بەرەیەکی ڕاستەقینە و کارا دروست بکەن، هەروەها بەرژەوەندیی نەتەوەیی فیدای بەرژەوەندیی حیزبی، عەشیرەیی و تاکەکەسی بکەن، نەک هەر ئەگەری شەڕ و پێکدادانی

نێوخۆیی بەرز دەبێتەوە، بەڵکوو بەستێنێکی شیاو بۆ پیلانگێڕی هێزەکانی کۆنەپەرست و سەرکوتکەر پێکدێ و زەبرێکی گەورە لە متمانە و ورەی خەڵک دەدرێ. شەڕی نێوخۆیی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە (١٩٨٤ هەتا١٩٩١ز.)، شەڕی نێوان دوو باڵەکەی حیزبی دێموکرات پاش کۆنگرەی هەشتەم (١٩٨٨ - ١٩٩٣)، شەڕەکانی پارتی و یەکیەتی (١٩٩٧ - ١٩٩٤)، کوشتاری شیووعییەکانی عێراقی بە دەست هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی لە پشت ئاشان (١٩٨٣ز)، پێکدادانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان (١٩٩٤)، هەروەها تێکهەڵچوونەکانی پارتی و پ. ک. ک (١٩٩٧) و هتد وەکوو ئەزموونێکی تاڵ، بەڵام هاوکات وەک وانەیەکی گەورە بۆ داهاتووی کوردستان دەمێنێتەوە. پێویستە هەر لە ئێستاوە هێزەکانی کوردستانی خۆڕاهێنانی دێموکراسی و کاری هاوبەش بکەن هەتا ئەم چەشنە کارەساتانە دووپات نەبنەوە. لەم پێوەندییەدا، پێکهێنانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» هەنگاوێکی باشە، بەڵام بەس و تەواو نییە و، پێویستیە پەرەی پێبدرێ و ببێتە بەستێنێک بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەزموونی پتر لە دوو دەیە دەستەڵاتداریی هێزەکانی هەرێمی کوردستان و نەبوونی یەکیەتییەکی ڕاستەقینە لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا، هەروەها ناتەبایی هێزە سەرەکییەکان هەتا ئێستا زەبرێکی گەورەی لە متمانەی خەڵکی باشووری کوردستان داوە و، حکوومەتی بەغدا قازانجێکی زۆری لەم ناتەباییە بردووە. کارەساتی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی کەرکووک وێڕای پیلانی حکوومەتەکانی بەغدا و تاران، هاوکات بەرهەمی ناتەبایی نەتەوەیی و هاوکاریی بەشێک لە هێزەکانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی بەغدا بوو.

لە ساڵانی پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، بە هۆی دابڕان، دەرکران و جیابوونەوەکانی فراکسیۆن و ئەندامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، گەلێک حیزب و گرووپ و تاقمی جۆراوجۆری سیاسی هاتوونەتە نێو گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە. ئەمڕۆ دوو حیزبی دێموکرات و سێ کۆمەڵە بەهۆی مێژووی خەباتیان، بوونەتە بەشێکی ڕاستەقینە لە ئەندێشە و بیروهزری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان ناکرێ نکۆڵی لە ڕێکخراوەکانی دیکە وەک پژاک و هتد بکرێ کە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریان هەڵداوە. لەو نێوەدا ئەوەی ڕەنگ و ڕووی کوردستانی بوون بە هێزێک دەدا، نەک هەبوونی پاشکۆی کوردستانی، پێشمەرگە و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی، بەڵکوو سنووری چالاکی، ستراتێژی و هەڵوێستی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و گەیشتن بە کیان و سەروەریی کوردە. ئەوانەی کە بە جلوبەرگی کوردی نکۆڵی لە بەدەوڵەت بوونی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەکەن و پێیان وایە سەردەمی ناسیۆنالیزم کۆتایی هاتووە یاخود خۆیان لە بەرەی بەناو «ئێرانییە سۆسیالیستەکان» یان «چەپەکانی کوردستان» دژ بە «بۆرژوا - ناسیۆنالیستەکانی کورددا! دەبیننەوە، لە کردەوەدا خۆیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دوور دەخەنەوە، و بەگوێرەی هەبوونی بیروهزری پۆلپۆتی و پاوانخوازانە دەکەونە نێو بەرەیەک کە دەتوانێ لە داهاتوودا خوڵقێنەری کارەساتێکی نێوخۆیی بێ. بەکارهێنانی دەستەواژەی بۆرژوا - ناسیۆنالیست بۆ ئەو ڕێکخراوە کوردستانییانەی ئێران کە لایەنگری بیری سۆسیالیستین و بەرنامەکانیشیان لە پێوەندی لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادی، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و هتد دایە، شتێک نییە بێجگە لە چەواشەکارییەکی مەبەستدار. هێزەکانی «بۆرژوا - ناسیۆنالیستی!؟» کورد

بە پێی پانتایی چالاکیی سیاسییان لە جوغرافیای سیاسیی کوردستان، وێڕای لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران بە گشتی، بۆ خۆشبژیوی، پێکهێنانی ژیانێکی هێمنانە، دادپەروەرانە، بەختەوەرانە و شارستانیانە، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی تێدەکۆشن.

بەپێی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەستەمە تاقمگەلێکی سەرلێشێواو لە باری بیروهزری سیاسییەوە، بەبێ هاوکاری و پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی بتوانن ڕۆڵێک لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕن و بە یارمەتیی «پرۆلتاریای کورد» توانای لادانی «بەرەی بۆرژوا ناسیۆنالیزم»! کوردیان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا هەبێ و ببن بە ئاڵتێرناتیوێکی بەهێزی «چەپ»! لە کوردستان و، پاش دامەزراندنی سۆسیالیزمی خەیاڵییان کێشەی نەتەوەکان لە ئێران و یەک لەوان کورد چارەسەر بکەن؟

لە هەر حاڵدا، پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و کرانەوەی فەزای سیاسی لە ئێران و کوردستان، جێ بۆ کار و چالاکیی حیزب و گرووپە جۆراوجۆرەکان دەکرێتەوە. ئەو شتەی لێرە گرینگە، هاوتەبایی هێزە کوردستانییەکان، هەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو و بەهێزی کوردستانی، پێکهێنانی سپایەکی نەتەوەیی لە پێشمەرگەکانی ئەم ڕێکخراوانە و لەژێر فەرمانی کومیتەیەکی هاوبەش، نەک حیزبێکی تایبەتییە. پێویستە ئەم هێزە سپاییە پاش پێکهاتنی حکوومەتی کورد لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی پێشمەرگە، هەتا ڕێگە بە ئاژاوەگێڕی و شەڕفرۆشیی هیچ حیزب و تاقمەیەک و کەلکوەرگرتن لە هێزی چەکدار دژ بە حیزب و هێزەکانی گەورە و بچووکی سیاسی بە بیروڕای جیاوازەوە نەدرێ و بارودۆخێکی باش و شیاو بۆ چالاکی و ململانێی سیاسی و مەدەنیی تەواوی هێزەکان مسۆگەر بکرێ و، بەربەستێکی قانوونی بۆ هەر چەشنە دەستدرێژی و شەڕێکی نێوخۆیی پێک بێ. لەم حاڵەتەدا قانوون دەبێ دەستنیشانکەری سنوور و پانتایی چالاکیی سیاسیی تەواوی ڕێکخراوە و کەسایەتییەکان بێ، نەک هێزی چەکداریی حیزبێکی سیاسی!

لەم پێناوەدا پێویستە هەر لە ئێستاوە خۆڕاهێنانی دێموکراسی و حاوانەوە لەگەڵ یەکتری بکەین. لەوە دەچێ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوان، کۆنگرە یان پارلمانی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات بە بەشداریی تەواوی حیزب و کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کورد هەوڵێکی بەرپرسانە و ڕاستبینانە بۆ گەڵاڵەکردنی یەک بەرنامە و سیاسەتی هاوئاهەنگ و گشتی بێ.

لێرەدا پێویستە وێڕای پێشوازی کردن لە بەشداریی لقی کوردستانیی حیزبێکی سەرانسەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و هاوکاری لەگەڵ بەرەی کوردستانی، ئاماژە بە جیاوازییەکی هەستیار لە نێوان ئەوان و حیزبە کوردستانییەکان بکەین.

خەباتی ڕێکخراوەیەکی کوردستانی هەر بەپێی نێو و نێوەرۆکی بەرنامەکەی، ناوچەیەکی جوغرافیایی بەناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەم چەشنە حیزبانە وێڕای خەبات بۆ هێنانە سەر کاری دەوڵەتێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز لە ئێران، بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەرەورووی ڕووداوەکان، دانوستان و وتوویژ و خەباتی سیاسی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دەچن، بەڵام ڕێکخراوەیەکی

ئێرانی وێڕای هەبوونی لقی خۆی لە کوردستان، کێشەی نەتەوەیی تەنیا وەکوو بەشێک لە مەسەلەکانی ئەو وڵاتە لەبەرچاو دەگرێ. زۆر جار بە پێی زاڵبوونی بیری چینایەتی یان هەر بیروهزرێکی دیکە، چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە پلەی چەندەمی بەرنامەکەیدا دادەنێ. واتە بۆ وێنە بۆ حیزبێکی سەرانسەریی چەپ گەیشتن بە سۆسیالیزم، لەنێو بردنی جیاوازیی چینایەتی، دامەزراندنی حکوومەتێکی کرێکاری و هتد ئەرکی سەرەکییە و پاشان دەکرێ لەم چەشنە حکوومەتەدا ئاوڕێک لە کێشەی نەتەوەییش بدرێتەوە. بۆ لقی کوردستانیی ئەم حیزبانە تەنانەت ئەگەر هەست و سۆزێکی بەهێزی نەتەوەییشیان هەبێ، سیاسەتیان لە کوردستان شوێنکەوتنی سیاسەتی گشتیی حیزبەکەیانە بە گشتی و ناتوانن بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتە گشتییە بجووڵێنەوە.

### هەڵبژاردنی شێوەی خەبات و دروشمی سیاسی

پێویستە بۆ هەڵبژاردنی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات و هەڵگرتنی دروشم، چەند فاکتەری سەرەکی وەکوو هاوسەنگی و وەزعییەتی هێزەکانی خۆیی و دوژمن، شیاو بوونی بارودۆخی جیهان و نێوخۆیی و، بە تایبەتی ئامانجی سەرەکی و ئامادەبوونی بارودۆخ بۆ گەیشتن بە خاڵی مەبەست بەدروستی لێک بدرێتەوە. لێنین گوتەنی: «خەڵک دەبێ بتوانێ بە پێستی خۆی هەست بە ڕاست و دروست بوونی ئەو دروشمانەی بکا» کە هاتوونەتە ئاراوە. لەبەرچاو نەگرتنی ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە و جیهان، هەروەها هەڵنەسەنگاندنی هاوسەنگیی هێزەکان، دەتوانێ هۆی هەڵبژاردنی پێشوەخت، ناوەخت، یان نادروستی شێوەیەکی خەبات و دروشمێک بێ، کە شکستی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی ئەزموون، پێویستە کاتێک دوژمن بەهێزە و هێزی پێشکەوتنخواز لاوازە، حیزبێک یان ڕێبەرانی بزووتنەوەیەک پارێز لە جووڵانەوەیەکی ڕادیکال بکەن و، کاتێک هاوسەنگیی هێزەکان بە پێچەوانە بێ، بە پێی ستراتێژی و شیاوبوونی بارودۆخ، تاکتیکێک هەڵبژێرن کە ئەگەری سەرکەوتن و پێگەیشتن بە ئامانجەکان لە ئاستێکی بەرزدا بێ. سەرکەوتنی هەر خەباتێک ئاکامی هاوسەنگیی هێزەکانی دژبەر و ئامادەبوونی ڕێکخراوەیی، لێکدانەوە و جیاکردنەوەی بەرەی دۆست لە دوژمن، پێکهێنانی یەکیەتیی هێزەکانی پێشکەوتنخواز، کۆکردنەوە و ڕاکێشانی زۆرینەی خەڵک بۆ گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و؛ هاوکات دوورپارێزیی لە هەر چەشنە سێکتاریزم و ڤۆلونتاریزمی ماڵوێرانکەرە. هێزێکی سیاسی دەبێ توانای کەلکوەرگرتنی دروست و بەجێی لە هەر پێشهاتێکی لە ناکاو و گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەبێ و، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ئەزموون و خۆڕێکخستن و ئامادەبوونی ڕێکخراوەیی، ڕادەی نفووزی لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەروەها توانای ناسین و لێکدانەوەی ڕاستبینانەی ڕووداوەکان. لێرەدا بێگومان ئەزموون و ئاگایی ڕێبەرایەتیی حیزب یا بزووتنەوەیەک دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێ و پێشگیری لە جووڵانەوەیەکی ناوەخت بکا. پێویستە لە تەواوی قۆناخەکاندا بایەخ بە پێوەندیی ڕاستەوخۆی ڕێبەریی حیزب یا بزووتنەوەیەک لەگەڵ خەڵک و پێکهێنانی متمانەی ئەوان بدرێ و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ڕێکخراوە سیاسی، کولتووری و پیشەییەکان و هتددا ڕێک بخرێن. حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی بە نوێنەری بزووتنەوەیەک دەزانێ و دەبێ دەنگی ئاشکرا و ڕوونی ویستی سەرەکیی کۆمەڵگەکەی بێ، دەبێ خۆی لە پۆپۆلیزم بپارێزێ و نەبێتە پاشکۆی جەماوەر و بە پێی لێکدانەوەیەکی دروست و شارەزایانە، شێوەی خەبات هەڵبژێرێ و لێنین گوتەنی بزانێ «لە کوێ بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوت بکا و لە کوێ بە شێوەیەکی ڕیفۆرمیستی.»

بە داخەوە نەک لە ئێـران، بەڵکـوو لە زۆربەی وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بەهـۆی نەبـوونی سیسـتمێکی دیمـوکراتیکەوە، ڕادەی ئەزموونی کار و چالاکیی مەدەنی و سیاسی گەلێک نزمە. لە سەدەی ڕابـردوودا چـوار بەشی کوردسـتان بە پێـی بـارودۆخی سیاسیی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بـووە زۆرتـر تووشی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ حکوومەتەکـانی ناوەنـدی بـووە و دەرفەتـی کـاری سیاسی و مەدەنیی بۆ هێزە پێشکەوتنخوازەکان نەڕەخساوە. تەنـانەت هەرێمی کوردستانیش لە تەواوی ئەم ساڵانەی کە پێـک هـاتووە بە چەشنی جۆراوجۆر لەژێر مەترسیی هەڕەشە، پیلان و هێرشی سپای عێراقی بە هاوکـاریی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دروستکراوی ئێران، هەروەها داعش بووە. لە باکووری کوردستانیش، سەرەڕای هەبـوونی دیموکراسییەکی ناسەقامگرتوو هەزاران ئەنـدامی «حیزبـی دیموکراتیکی گەلان» و هێزەکانی چەپ و دیموکرات کە دەیانەوێ لە ڕێگای ئاشتیخوازانە و مەدەنی گۆڕانکاری لە سیستمی کۆمەڵگەدا پێک بێنن، گیراون و لە بەندیخانەکان دان.

لە ئەگەری ڕووخـانی حکـوومەتی ئیسـلامیدا دەبـێ ئێمەی کـورد ئەوە لەبەرچـاو بگـرین نیازمـان بە بـوونی ڕاسـتەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و کەلکـوەرگرتن لە تەواوی شـێوەکانی قـانوونی و مەدەنـی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و بڕینـی قۆنـاغ بە قۆنـاغی بەربەسـتەکانی سـەر ڕێگـای جـووڵانەوەی کورد هەیە. ئەمە کـارێکی دژوارە و بەشـێکی دەگەڕێـتەوە سـەر هەڵسوکەوتی دەوڵەتـی تـازە پێکهاتووی داهاتوو لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی و ئاستی ویستەکانی ئێمە.

لە ئێرانی داهاتوودا هێزێکی سیاسیی کوردستانی دەبێ ستراتێژییەکی ڕوونی نەتەوەیی هەبێ و کێشەی کوردیش هەتا پێکهاتنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەیەکجـاری چارەسـەر نـاکرێ. بەڵام لە نەبـوونی بـارودۆخی پێویست بـۆ گەیشـتن بەم ئـاواتە لە کورتخایەنـدا، چارە چییە؟ بێشک هیچ دەوڵەتێکی تەنانەت دیموکراتیکیش خوازیاری لەت لەت بوونی ئێرانی داهاتوو نییە و، ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بە چەپ و ڕاستییەوە هەڵویسـتی خۆیـان لەم پێوەنـدییەدا ڕوون کـردۆتەوە. پێشـتریش ئـامـاژەی پـێ کـرا، ڕێـگەی گەیشـتن بە سەربەخۆیی ڕێگایەکی ڕێک و ڕاست نییە و بە پێی بارودۆخ دەبێ ئەم ڕێگـایە قۆنـاغ بە قۆنـاغ ببـڕدرێ. بەم پێیە سـەرەڕای هەبـوونی ستراتێژی بۆ دامەزراندنی کەیان و دەوڵەتی کورد، پێویستە ئێمە پێشوازی لە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی بکەیـن کە ببێتە هـۆی دیسـنترالیزەکردنی ئێـران لە چەشـنی فێـدراڵ یـاخود کۆنفێـدراڵ و، تێبکۆشـین وێـڕای بردنەسـەرەوەی ئـاگـایی نەتەوەیـی لە تەواوی شێوەکانی خەباتی مەدەنی و قانوونی بۆ چەسپاندنی ئەم مافە کەلک وەربگرین. خەڵکی کورد دەبـێ بە پێـی هەست و ئەزموونی خـۆی بەم ئاسـتە لە ئـاگـایی نەوەتەوەیـی بگـات کە بەرژوەنـدیی خـۆی لە مـانەوە لە چوارچێـوەی ئێـران یـان لە جیـابوونەوە لە جوغرافیـای سیاسیی ئێـران و پێکهێنـانی دەوڵەتـی سـەربەخـۆی کـورددا ببینـێ و ئەم هەنگـاوەش هاوتەبـایی لەگەڵ بـارودۆخی جیهـانی و نـاوچەیی هەبێ.

پێویستە ئێمە ئەم ڕاستیەش لەبەر چاو بگرین، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی موکریـان و ئەردەڵان قەتـیس نـامێنێتەوە و پانتاییەک لە سنووری ئازەربایجانەوە هەتا سنووری خوزستان لەخۆ دەگرێ، بەم هۆیەش، هێـزە کوردسـتانیییەکان بـۆ پێشوازیی تەواو چین و توێژەکانی کوردستان لەم ویستە نەتەوەییە، پێویستییان بە زەمەن و دەرفەتی شیاو بۆ پەرەپێدان و سەقامگرتووکردنی بیری

نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازانە لە بیر و هزری کۆمەڵگە هەیە.

پێویستە هەروەها ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش، واتە چۆنیەتیی ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بکەین. ئایا ئەم حکوومەتە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و مەدەنی، بەپێی کوودەتایەکی نێوخۆیی، شۆڕشی گەلانی ئێران یاخود هێرشی هێزەکانی بیانی لە چەشنی عێراق دەڕووخێ و شەڕێکی نێوخۆیی لێ دەکەوێتەوە؟ لە هەر یەک لەم حاڵەتانەدا دەکرێ بەپێی وەزع و بارودۆخێک کە پێک دێ، هەروەها شێوەی هەڵسوکەوتی وڵاتانی زلهێز و ناوچە، ویست، هەڵوێست، تاکتیک و شێوەی خەباتی هێزێکی شۆڕشگێڕ بگۆڕدرێ.

بێشک ئەگەر پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی دێموکراتیک - فێدراڵ یاخود کۆنفێدراڵ یان هەر چەشنە سیستمێکی ناکۆجێیی بێتە سەرکار و، نەتەوەکان بەپێی جوغرافیای سیاسیی وڵاتەکەیان لە چوارچێوەی ئێراندا مافی بەرامبەریان هەبێ، هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ دەستەڵات جیاوازی دەبێ لەگەڵ حکوومەتێکی سەرەڕۆی تازە، تەنانەت ئەگەر بە بیری چەپ یان هەرچەشنە بیروهزرێکی بەناو دێموکراتیکیشەوە بێ. هەبوونی دێموکراسی ڕێخۆشکەرەی خەباتێکی ئەمرۆیی و مەدەنییە، بەڵام سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەوڵەت دەبێتە هۆی ڕادیکاڵیزە بوونی شێوەی خەباتی هێزێکی سیاسی.

## ئاکامگیری

* حکوومەتی سەرەڕۆی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانی ڕووبەڕووی قەیرانێکی هەمەلایەنە بۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە لە ئێستاوە ناکرێ بە وردی پێشبینیی تەواوی ڕووداو و پێشهاتەکانی داهاتووی ئێران بکرێ، ئەگەری ئاڵوگۆڕێکی جیدی لەم وڵاتە بە بەراورد لەگەڵ تەواوی ساڵەکانی دەستەڵاتداریی حکوومەتی ئیسلامی بەهۆی گوشاری نێوخۆیی و دەرەکی لە هەر کاتێکی دیکە بەهێزترە. بەم پێیە، پێویستە هێزەکانی کوردستانی لە ئێستاوە خۆیان ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە ڕووداو و ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی کوتوپڕ لە ئێران بکەن. بێگومان ناکرێ کات و شێوەی ڕووخانی ئەم حکوومەتە بە وردی دیاری بکرێ، بەڵام ئاواتی هێزێکی بەرپرسی سیاسی، ئاڵوگۆڕی دەستەڵات بە کەمترین خەرج و زۆرترین دەسکەوت بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ هێرشی سپایی یان خۆتێهەڵقوتاندن و دەستێوەردانی وڵاتێکی بیانییە. وێڕای ئەوەش زۆر جار پێشهاتەکانی نێونەتەوەیی لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خەڵک و هێزە سیاسییەکانە. بەم پێیە پێویستە ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە هەبوونی بەرنامە و پلانی «A» و «B» و هتد بەرەو پیری ڕووداوەکان بچن و لەبەرامبەر ڕووداوە چاوەڕەواننەکراوەکاندا خافڵگیر نەبن و بەپێی دەرفەت و شیاوبوونی بارودۆخی نێوخۆیی و جیهانی ئامادەی هەر چەشنە مانۆڕێکی سیاسی و هەڵگرتنی دروشمی شیاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی و دامەزراندنی کەیان و سەرەوەریی کورد بن.

* پێکهێنانی بەرە یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی وەکوو نوێنەری زۆرینەی حیزب و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها گەڵاڵەکردنی بەرنامەیەکی هاوبەش و پێکهێنانی سپایەکی نەتەوەیی دەتوانێ ڕۆڵێکی بەرچاو لە هەموو بوارێکی خەباتی سیاسیی

ئێستا و دادێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە ئاستی نێوخۆیی لە کوردستان وەکوو دڵخۆشی و بەرزکردنەوەی وره و متمانەی خەڵک، و چ لە ئاستی ئێران لە ڕەوتی پێکهێنانی بەرەیەکی گشتی لەگەڵ هێزەکانی پێشکەوتنخواز و وتوویژ و دانوستان لەگەڵ دەستەڵاتی داهاتووی ئێران بگێڕێ.

* نوێنەرانی سیاسیی کورد بەپێی وەزعییەتی سیاسیی ئێران و جیهان، شیاوبوونی بارودۆخی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و ڕادەی ئاگایی خەڵک و ڕێکخستنی جەماوەر لە حیزب و یەکیەتییە سیاسی، فەرهەنگی و پیشەییەکاندا، هەروەها هاوسەنگیی هێزەکانی دژبەر و هتد وێڕای هەبوونی ستراتێژییەکی ڕوونی نەتەوەیی، باشترە دروشمێک هەڵبژێرن کە دەرفەتی هاتنەدیی زیاتر و ڕاستبینانەترە و خەڵکی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ لە ئامانجە سەرەکییەکەی نیزیکتر دەکاتەوە. لەم پێناوەدا هەبوونی دێموکراسی لە ئێران و کوردستان ڕێخۆشکەری پێکهاتنی بەستێنێکی شیاو بۆ کار و چالاکیی سیاسی، مەدەنی و ئاشتیخوازانەیە. هێزێکی پێشکەوتنخوازی کوردستانی نیازی بە کات و زەمەنی پێویست بۆ کار و چالاکییەکی کارا بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و ڕێکخستنی خەڵک لە تەواوی کوردستان لە ماکۆوە هەتا دێهلۆڕان هەیە. لە کوردستانی ئازادکراودا پێویستە لە جیاتی چەکداربوونی ئەندامەکانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، سپایەکی نەتەوەیی لەژێر ڕێبەرایەتیی وەزارتی پێشمەرگەدا پێک بێ و، چوارچێوەی کار و چالاکیی پێشمەرگە بەپێی یاسای وڵات بێ، نەک ویستی حیزب و ڕێکخراوەیەکی دیاریکراو.

(لە ژمارەی ٧٤٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## دێموکراسی و چەشنەکانی

### پێناسە و دێموکراسی لە ڕەوتی مێژوودا

**(١)**

یەکێک لەو چەمکانەی بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبیسترێ، وشەی دێموکراسی و ئازادییە. تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش کاتێک باسی دەسەڵات و شێوەی فەرمانڕەواییان دەکەن، هەوڵ دەدەن خۆیان بە دێموکرات و خاوەنی دێموکراسی بناسێنن. بۆ وێنە لەکاتێکدا لە ئێران چوار دەیەیە ئیزنی هەناسەکێشانێکی ئازاد بە هیچ تاکێکی ئازادیخواز نادرێ و لە دوایین بڕیاری کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٨دا ئەم دەوڵەتە وەکوو پێشێلکەری مافی مرۆڤ، ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، کۆبوونەوە و

خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە، سانسۆڕی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن، هەروەها پێشێلکردنی مافی کەمینە نەتەوەیی وئایینییەکان وەکوو عەرەب، بەلووچ، کورد، ئازەری، بەهایی، تازە مەسیحییەکان (ئەوانەی بە تازەیی هاتوونە سەر ئایینی مەسیحییەت)، سوننە و یارسانەکان و هتد مەحکووم کراوە(١) و، ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون ساڵی ٢٠١٨ی سەبارەت بە گیرانی پتر لە ٧ هەزار خۆپیشاندەر، خوێندکار، ڕۆژنامەوان، کرێکار، چالاکانی بواری ژینگە و مافی ژنان و هتد بە ساڵی شەرم و سەرشۆڕی بۆ ئێران لە مێژوودا ناو بردوە(٢) و، بەپێی ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٧ زیاتر لە ١٣٠٠ حاڵەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامییەوە ڕووی داوە و، لە ماوەی ئەم ساڵەدا ٢٤٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کوژراو و بریندار بوون، لانیکەم ٦٤١ کەس بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی گیراون و لانیکەم ٤٩ زیندانی لە کوردستان ئێعدام کراون کە شەش کەس لەوان زیندانیی سیاسی بوون(٣). هەروەها لە کاتێکدا کە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بنکەی سەربەخۆی "بێرتلیزمەن"ی(٤) ئاڵمان، ئێران لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٥ هەتا ٢٠١٧، لە باری چۆنیەتیی دێموکراسییەوە لە نێو ١٢٩ وڵاتی جیهاندا پلەی ١١٨ی هەیە(٥) و، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی گۆڤاری ئێکۆنۆمیست لە نێو ١٦٧ وڵاتدا پلەی ١٥٠ی هەیە،(٦) یان بەپێی ڕاپۆرتی "کۆڕی جیهانیی ئابووری" لە ساڵی ٢٠١٨ لە بواری کەلێنی ڕەگەزیدا لە نێوان ١٤٩ وڵاتدا لە پلەی ١٤٢دایە،(٧) ڕواڵەتێکی دێموکراتیک بە خۆیەوە دەگرێ، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و پارلمانی بەڕێوە دەبا! بەڵام هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەیەکدا کە زۆرینەی خەڵک یەخسیری کەمینەیەکی تۆتالیتێر و سەرەڕۆن و، مافی بڕیاردانی ڕاستەقینەیان بۆ بەربژێر بوون و هەڵبژاردنی کەسێک، بێجگە لە دەستنیشانکراوەکانی ویلایەتی فەقیە نییە، گاڵتەکردنە بە دێموکراسی. بەو حاڵەش بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی ئەو وڵاتە خۆیان وەکوو نموونەیەک لە دێموکراسیی ڕاستەقینە واتە "دێموکراسیی ئیسلامی"! ڕادەنێن و، تەنانەت وڵاتانی ئورووپایی لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بە خەوشدارکردنی دێموکراسی و مافی مرۆڤ تاوانبار دەکرێن!

دێموکراسی چییە و بۆچی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، بەبێ دێموکراسی ناتوانێ مانای هەبێ؟ بڵێی هەر کەس خۆی بە دێموکرات و هەر سیستمێک خۆی بە خاوەنی دێموکراسی ناساند، لە باری نێوەرۆکیشەوە شایانی ئەم ئاوڵناوە بێ؟ بڵێی دێموکراسی بتوانێ وڵامدەری هەموو کێشەکانی کۆمەڵگە بۆ وێنە نابەرامبەریی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مسۆگەرکردنی دادپەروەری و کەمکردنەوەی کەلێنی چینایەتی بێ، هەروەها کێشەی نەتەوەیی بۆ چارەسەر بکرێ؟ بڵێی بۆ ئێمەی کورد و بە گشتی بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی هەبوونی دێموکراسی بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی نەتەوەیی خاڵێکی گرینگ و پێویست بێ؟ یان تەنیا هەبوونی هێزی چەکدار و هاوسەنگیی هێزە دژبەرەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕەوتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەندا قسەی ئاخر دەکات؟ بڵێی کەسێک یان حیزب و ڕێکخراوەیەک کاتێک بۆخۆی پێشێلکەری دێموکراسیی نێوخۆییە، بتوانێ ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی خەباتی نەتەوەیی - ڕزگاریخوازانە بێ و وەکوو هێزێکی دێموکرات و دێموکراسیخواز پێناسە بکرێ؟ و هتد. ئەم بابەتە، تێدەکۆشێ بەکورتی تیشک بخاتە سەر پێناسە، مێژوو، چەشن و پێداویستیی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و ئەمرۆیی.

## پێناسەی دێموکراسی

دێموکراسی تێکەڵاوێکە لە دوو وشەی یوونانیی "دێموس"(٨) بە مانای خەڵک یان گەل و، "کراتۆس"(٩) بە مانای حکوومەت یان

فەرمانڕەوایی کردنی خەڵک. مەبەست لە خەڵک زۆرتر کۆی شارۆمەندانە. بە گشتی، دیموکراسی لە ڕۆژی سەرهەڵدانی ئەم چەمکەوە هەتا ئێستا مانا و پێناسەیەکی هاوبەشی نەبووە و زۆربەی فیلسووف و سیاسەتوانەکان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە دیموکراسییان پێناسە کردوە و لەوە دەچێ نیزیک بە ٢٠٠ پێناسەی جۆراوجۆری هەبێ. دیموکراسی یان بە وتەیەکی دیکە خەڵک سالاری ٢٤٠٠ ساڵ لەمەو پێش لە یوونانی کۆنەوە دەستی پێکرد. زۆربەی خەڵک، دیموکراسی وەکوو حکوومەتی گەل یان خەڵک پێناسە دەکەن و لەم نێوەدا سەرەکیترین مەبەست و ئامانجی خەڵک بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی دیموکرات واتە پارێزگاری و پاراستنی "ماف"، "بەرژەوەندی" و "خۆشبژیوی" لەبیر دەچێتەوە.

ئەفلاتوون، دیموکراسی وەکوو فۆرمێک لە حکوومەتێکی"دڵڕفێن، بێسەروبەرە و ڕەنگاوڕەنگ کە یەکسانی هەم لە نێوان ئەوانەی بەرامبەرن و هەم ئەوانەی نابەرامبەرن دابین دەکا، دەناسێنێ. لە ڕوانگەی ئەرەستۆوە دیموکراسی، دەسەڵاتی هەمووان لەسەر هەر کەس و، هەر کەسیش بە چەشنێکی بگۆڕ لە سەر هەموو کەسە. "ئەسپینۆزا"ش وەکوو یەکەمین بیرمەندی دیموکراسیی ئازادیخوازانە (لیبراڵ)، پێی وایە دیموکراسی باشترین شکڵی حکوومەت بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی بیروهزر، فەلسەفە، چاکی و باشیی(١٠) ڕاستەقینەیە.

ژان ژاک ڕۆسۆ، دیموکراسی وەکوو هێمای ئیرادەی زۆرینە پێناسە دەکا و بە باوەڕی ئابراهام لینکۆڵن دیموکراسی "دەسەڵاتی خەڵک بۆ خەڵک و بە دەستی خەڵکە". لە ڕوانگەی لینینەوە دیموکراسی شتێک نییە بێجگە لە فۆرمێک لە دەوڵەت و، دەوڵەتی پاش شۆڕشی سۆسیالیستی، کامڵترین چەشنی دیموکراسییە! لە ڕوانگەی "ئیزایا بێرلین"یش دیموکراسی سیستمێکە دەرفەتی هەڵبژاردن لە نێو بەدیلە جۆراوجۆرەکان بە خەڵک دەدا. لەوە دەچێ دیموکراسی وەکوو سیستمێکی حکوومەتی پێناسە بکرێ کە بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان دەستەڵاتداران و خەڵک پێک هاتووە.

جین شارپ حکوومەتی خەڵک سالار یان دیموکراتیک بە حکوومەتێک دەزانێ کە تەواوی شارۆمەندان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (لە ڕێگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خۆیان) وێڕای بەشداریی لە دەسەڵات چاودێری لە چۆنیەتیی کارەکانی دەوڵەت دەکەن و لە ڕاستیدا لەم چەشنە حکوومەتانەدا ئەوە خەڵکن کە حکوومەت بەسەر یاسادانەر و دەوڵەتدا دەکەن. خەڵک سالاری یان دیموکراسیش کۆی ئەو بنەواشە (پرەنسیپ) و مێتۆدانەیە، بەرگری لە ئازادیی مرۆڤ دەکا. خەڵک سالاری جێگیرکردنی ئازادی لەسەر بنەمای حکوومەتی زۆرینە و پاراستنی مافی تاک و کەمینەیە، هەروەها وێڕای ڕێزگرتن لە ویستی زۆرینە، سەرسەختانە بەرگری لە مافە بنەڕەتییەکانی تاک و گرووپە کەمینەکان دەکا. دیموکراسی، پێش ئەوەی چەشنە شێوەیەکی حکوومەت بێ، چەشنە شێوەیەکی ژیانە. واتە مانای دیموکراسی ڕیشەی لە باوەڕ و بۆچوونی خەڵکی کۆمەڵگەدا هەیە و لە کۆمەڵگەیەکدا شکڵ دەگرێ کە خەڵک لە بواری کۆمەڵایەتیدا خاوەنی فەرهەنگی "قبووڵکردنی بوونی یەکێکی دیکە" و لە بواری سیاسیدا ئامادەی قبووڵی بیروڕا و بۆچوونی جۆراوجۆر بن. بنەمای ئەخلاقیی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای مسۆگەرکردنی ئازادیی تاک و پێشگیری لە پێشێلکردنی ئازادی و مافی کەسانی دیکەدایە. خەڵکی ئەم چەشنە کۆمەڵگەیە بەختەوەری و پێشکەوتنی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ پێشکەوتن و چاکسازیی کۆمەڵگەدا دەبینن.

## دیموکراسی لە ڕەوتی مێژوودا

یەکەمین شکڵی ناسراوی دیموکراسی لە یوونانی کەونارادا دیتراوە. سەرهەڵدانی هەوەڵین ڕێکخراوە دیموکراتیکەکانی دەوڵەت - شارەکانی یوونان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٥٠٨ - ٥٠٧ هەتا ٣٣٨ی پێش زایین. ئاتێن، دەوڵەت - شاری هەرە گەورەی یوونانی، خاوەنی بەهێزترین حکوومەتی دیموکراتیکی سەردەمی خۆی بووە و تەنیا سیستمێک بووە کە گەلێک کتێب و نووسراوەی باشی لە دوای خۆی لەمەڕ شێوەی دەسەڵاتداری و بیروڕای جۆراوجۆر، هەروەها لە بارەی دیموکراسی بەجێ هێشتوە. گۆڕانکاریی سیاسیی ئاتێن لە ئاریستۆکراسیی خاوەن زەوییەوە بۆ دیموکراسی، لە سەرەتاکانی سەدەی شەشی پێش زایین لە پێوەندی لەگەڵ چاکسازییەکانی سۆلۆن ڕێبەری هەڵبژێردراوی ئاتێن لە ساڵی ٥٩٤ی پێش زایین دەستی پێکردوە.

لە یوونان بێجگە لە ئاریستۆکراتەکان، بە دانیشتووانی ئازادی ناوچەی "ئاتیکا"شیان دەگوت "دێموس". زۆربەی دێموسەکان لە جووتیار، کاسبکار، دەریاوان و کرێکارە مزبەرەکان پێکهاتبوون، بەڵام، لە نێو ئەواندا جەماعەتێکی دەوڵەمەندیش وەکوو بازرگانان، خاوەن کەشتییەکان و خاوەن کۆیلەکانیش هەبوون. تەواوی دێموسەکان بە هەژار و دەوڵەمەندەوە مافی بەشداری لە کار و باری حکوومەتی ئاتێنیان نەبوو و ئەم مافە تەنیا بۆ نەجیبزادەکان پارێزراو بوو. لە سەرەتای سەدەی شەشی پێش زایین، شەڕ و کێشەی خوێناوی لە نێوان دێموس و نەجیبزادەکان سەری هەڵدا. لە سالی ٥٩٤ پێش زایین سۆلۆن لە دایکبووی بنەماڵەیەکی ئاریستۆکرات — دێموس، بوو بە دەسەڵاتداری ئاتێن.

سۆلۆن تەواوی قەرزەکانی هەڵوەشاندەوە و، وێڕای ئازادکردنی ئەو کەسانەی کە بەهۆی قەرزداربوونیان تووشی کۆیلەتی ببوون، ئەم کارەی بۆ هەمیشە قەدەغە کرد (هەڵبەت چاکسازیی سۆلۆن گۆڕانێکی لە وەزعی ئەو کۆیلانەی لە وڵاتەکانی دیکەوە بۆ ئاتێن هێنابوویان، پیک نەهێنا و ئەوان هەر بە کۆیلەیی مانەوە)، پاشان بەپێی ئەو یاسا بنەڕەتییەی کە پەسەند کرا، شارۆمەندەکانی ئاتێن بەپێی پانتایی زەوی یا داهاتیان، بە چوار چین دابەش دەکران و ئیتر مەرجی ئەندامبوون لە نێو چینی بژاردە، نەک نەجیبزادە بوون، بەڵکوو هەبوونی ملک و سەروەت بوو. لە کاتی سۆلۆندا شووڕایەکی هەڵبژاردە لە ٤٠٠ کەس، بە ناوی "ئەنجومەنی گەل" ڕۆڵێکی تایبەتی لە کاروباری دەوڵەتدا دەگێڕا.

چاکسازییەکانی سۆلۆن بوو بە هۆی دابەشبوونی دانیشتووانی ئاتێن بە دوو دەستە: خەڵکی ئاتێن و کۆیلەکان. خەڵکی ئاتێن، خەڵکێکی ئازاد بوون، مافی ڕاگرتنی کۆیلە، سەروەت و سامانیان هەبوو و بەشدارییان لە ئەنجومەنی گەل دەکرد و هەرە دەوڵەمەندەکانیان دەبوون بە خاوەنی پلە و پایەی بەرزی دەوڵەتی، بەڵام کۆیلەکان هیچ مافێکیان نەبوو و بە بەشێک لە دارایی خاوەندارەکانیان دادەنران.

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی "لویس هێنری مۆرگان" لەبەرامبەر ٩٠ هەزار شارۆمەندی ئاتێنیدا، ٣٦٥ هەزار کۆیلە دانیشتووی ئەم شارە بوون.(١١)

چاکسازییەکانی سۆلۆن، دەوڵەتی ئاتێنی کردە دەوڵەتێکی دیموکراتیکی گشتی و پاش ئەو کلیستن (٥١٠ - ٥٠٩ پێش زایین) وێڕای درێژە پێدان بە چاکسازییەکانی سۆلۆن، بوو بە هۆی هەرچی زۆرتر دیموکراتیک بوونی دەوڵەتی ئاتێن.

لووتکەی دیموکراسیی ئاتێن دەگەڕێتەوە کاتی دەسەڵاتداریی پریکلیس. بەپێی چاکسازییەکانی پریکلیس مافی خەڵک لە هەڵبژاردندا زۆرتر کرا و هەڵبژاردنی قورعەیی(١٢) کرا بە باو. پێدانی پارە بە هەژاران لەم سەردەمەدا دەرفەتی بۆ بەشداریی ئەوان لە کاروباری کۆمەڵگەدا پێکهێنا. ئەنجومەنی گەل وەکوو بەرزترین شوێنی بڕیاردان لە سیاسەتی نێوخۆیی و بیانی، چاودێری بەسەر تەواوی کارەکانی دەوڵەتدا دەکرد. ئەم ئەنجومەنە هەر ١٠ ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەی هەبوو و هەر شارومەندێکی ئاتێنی خاوەن مافی قسەکردن و پێشنیاردەربڕین یان گەڵاڵەکردنی یاسای هەبوو. چاکسازییەکانی پریکلیس سەرچاوەی ئازادیی مافی دەنگدانی گشتی و بەشداریی تەواوی خەڵک (بێجگە لە ژنان، بێگانە، کۆیلە و ئەوانەی تەمەنیان ژێر سی ساڵ بوو) لە تەواوی کاروباری دەوڵەتدا بوو. توێژینەوەکانی فرێدریش ئەنگڵس لە کتێبی "سەرچاوەی بنەماڵە و دەوڵەت" بەپێی لێکۆڵینەوەکانی لویس هێنری مۆرگان، خەڵکناس و دێرینناسی ئەمریکایی لە کتێبی "کۆمەڵگەی دێرین" باسی شۆڕایەکی سەرەتایی لە نێوان سوورپێستەکانی باکووری ئەمریکا دەکا کە دەکرێ وەکوو دیموکراسیی خانەدانی پێناسە بکرێ. شووڕای ڕیش سپییەکان و سەردارەکانی سپا بەڕێوەبەری خێڵ یاخود یەکیەتیی خێڵەکان بوون. نموونەی ئەم حاڵەتە لە نێوان تیرەی ئێیرۆکی سوورپێستەکانی ئەمریکایی لە ڕۆژئاوای چۆمی میسیسیپی دیتراوە. تەواوی ئەندامەکانی ئەم تایفەیە ئازاد بوون و دەبوو بەرگری لە ئازادیی یەکتری بکەن. لە ڕوانگەی ئیمتیاز و مافە کەسییەکان یەکسان بووە و سەرۆکەکانی کاتی ئاشتی(١٣) و سەرۆکەکانی دیکەی ئەم تایفەیە سەرتر لەوانی دیکە نەبوون.(١٤) ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە مافی زەوتکردنی پلە و پایەی سەرۆکی کاتی ئاشتی و شەڕیان هەبووە و کۆبوونەوەکانی شۆڕا لە نێو کۆی گشتیی خەڵکدا بەڕێوە چووە. هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە خاوەن مافی بەشداری و قسە و باس بووە، تەنانەت ژنانیش لە ڕێگای نوێنەرانی خۆیان بیروڕای خۆیان ڕاگەیاندوە و بڕیاری کۆتایی، بەپێی دەنگدانی گشتی بووە.(١٥)

"تێکچوونی سیستمی فیۆدالی و سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسیی بۆرژوازیی. "دیموکراسیی بۆرژوازیی لە ئورووپا لە حاڵەتی سەرەتایی خۆیدا لە نێو شارە ئازادەکان کە سیستمی هاوپیشەیی و شۆڕای شارەدارییەکان هەتا ڕادەیەک دەستەڵاتی فیۆداڵەکانیان بەرتەسک کردبوو سەری هەڵدا. بۆرژوازی توانی پێوەندیی خۆی لەگەڵ خەڵک بەهێز بکا و ئەوان بە شوێن خۆیەوە ڕابکێشێ، هەتا لە ئاکامدا بتوانێ دەسەڵات لە دەستی فیۆداڵەکان دەربێنێ".(١٦)

شۆڕشەکانی دژ بە سیستمی فیۆدالی، ئاڵاهەڵگری دروشمی ئازادی، بەرابەری و مافی خاوەنداریەتی بوون. یاسا بنەڕەتییەکانی ئەم شۆڕشانە بەپێی پێداویستیی خەباتی دژ بە سیستمی فیۆدالی و هاوئاهەنگی لە کار و خەباتی تەواوی شارۆمەندان، نێوەرۆکێکی دیموکراتیکیان هەبوو. بەڵام ئەو یاسایانەی لە کردەوەدا بەڕێوە دەچوون و، لە ڕاستیدا بەتەواوی جیاواز بوون و چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و ژنان مافی دەنگدانیان لێ زەوت کرابوو. بەم پێیە لە درێژایی سەدەی نۆزدەدا وەدەستهێنانی دیموکراسیی سیاسی، ئامانج و بەرنامەی سیاسیی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوو. بەرە بەرە خەباتی بەردەوامی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگە

توانی دیموکراسیی سیاسی بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنێ و مافی کۆمەڵایەتی وەدەست بێنێ و ببێتە هۆی پەسەندکرانی مافی دەنگدانی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە و بەربژێر بوونیان بۆ پارلمان و هتد. لە سەدەی بیستەمدا خەباتی بێوچانی هێزە چەپ و کرێکارییەکان لە ئوروپا بوو بە هۆی پاشەکشەی سەرمایەداری و مسۆگەرکردنی گەلێک مافی بەرچاو بۆ تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وەکوو مافی بێکاری، بەرگری لە ژینگە، ئاسایش و سلامەتیی پیشەیی، سلامەتیی ژنانی دووگیان، پاراستنی مافی بەکارهێنەر، پێکهاتنی یەکیەتیی پیشەیی و هتد. دیموکراسیی بۆرژوایی دەستکەوتێکی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتییە کە توانی "مافی بەرامبەر" و ئازادیی تاکەکەسی دابین بکا، بەڵام نەیتوانی بەرامبەری (یەکسانی) پێک بێنێ، بە واتایەک "مافی یەکسان" بەبێ یەکسانی.

لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە هەتا ئێستا دیموکراسیی بۆرژوایی لە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان، لە قاڵبی نیولیبڕالی و لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی سیستمی سەرمایەداریدا گەڵاڵە و تیۆریزە کراوە. دیموکراسی لەسەر بنەمای بیروهزری نیولیبڕالی یان ڕاستی نوێ، لە ڕێبازی سیاسیی ڕابێرت نۆزیک(١٧) و فریدریک ڤۆن هایک(١٨) سەرچاوەی گرتوە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ژیانی سیاسی وەکوو ژیانی ئابووری لەسەر بنەمای ئازادی یان توانایی تاک بۆ داهێنانی شتی نوێ دابین کراوە. هایک دیموکراسی وەکوو بیرۆکەیەک لە پێوەندی لەگەڵ شێوەی دیاریکردنی ئەو شتانەی پێناسە دەکا کە دەبێ قانوونی بن و لەم ڕەوتەدا دیموکراسی وەکوو ئامانج نابینێ. بە باوەڕی هایک دیموکراسی ئامرازێکی قازانجخوازانە بۆ یاریدەدان بە مسۆگەرکردنی هەرە بەرزترین ئامانجی سیاسی، واتە ئازادییە. دیموکراسیی قانوونی دەبێ ئازادی بکاتە تەوەری کاری خۆی و یاسادانەران نابێ دەست لە دەسەڵاتداریی قانوون وەردەن. هایک دیموکراسیی جەماوەری وەکوو مەترسییەک بۆ ڕووتێکردن لە سەرەڕۆیی و ڕاگوێزتنی دەسەڵاتی زۆرینە بۆ دەسەڵاتی کارگێڕانی دەوڵەت لە قەڵەم دەدا. دیموکراسیی نیولیبڕال، دیموکراسییەکی ڕواڵەتی و لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی و هەڵبژاردنی دەورەیییە و مانایەکی بەرتەسک و فەرمی لە ئەزموونی دیموکراتیک پێشکەش دەکا. بازاڕی ئازاد و دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری ئەوان وەکوو "پاژنەی ئاشیل" و پێوەری هەڵسەنگاندنی دیموکراسی لە لایەن نیولیبڕالەکانەوەیە. بە باوەڕی میلتۆن فریدمەن(١٩) ئابووریناس، ئامارزان و نووسەری ئەمریکایی لە کتێبی "سەرمایەداری و ئازادی"دا، بەو پێیە کە قازانجخوازی، نێوەرۆکی دیموکراسییە، کاتێک دەوڵەتێک سیاسەتەکەی دژ بە بازاڕ بێ، نادیموکراتیکە و پشتیوانیی خەڵکی ئاگاش لەو دەوڵەتە بێبایخە.

لە ڕوانگەی دیموکراسیی نیولیبڕالی، بازاڕ سەرتر لە هەموو شتێکە و نیولیبڕالەکان دیموکراسی، وەک هاوتەرازی بازاڕی ئازاد پێناسە دەکەن و لە کاتی لێکدانەوەی بارودۆخی وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات و ڕووسیە وێڕای زاڵبوونی دەسەڵاتی مافیا و گەنگێستەرە ئابوورییەکان بەسەر ژیانی خەڵک، ئەو کۆمەڵگەیانە وەکوو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک پێناسە دەکەن و تەنانەت دیکتاتۆرێکی وەکوو ژێنڕاڵ پینۆشەش لە سالوادۆر ئالێندەیەک زۆر بە دیموکراتیکتر دەزانن کە بەپێی ڕێفراندۆمیکی ئازاد هەڵبژێردرابوو و لە لایەن کوودەتاچییە پاشکەوتووخوازەکان کوژرا و وڵاتی شیلی کرا بە گۆمی خوێن.

نیولیبڕالەکان، ئازادی و دیموکراسی تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ بازاڕدا پێناسە دەکەن و بایەخی پێ دەدەن. بە باوەڕی فریدمەن"بە

پێی ئازادیی بەکارهێنەر لە بازاڕی ئازاددا، هەر کەس دەتوانێ دەنگ بەو شتە بدات کە دەیەوێ، بەڵێ! دەکرێ ئاوا بێژی، تاک دەتوانێ دەنگ بە ڕەنگی ئەو کراواتەی بدا کە گەرەکیەتی."ئەم چەشنە دێموکراسییە لە کردەوەدا دێموکراسیی بەکارهێنەرە و بە وتەی دەیوید کۆرتێن(٢٠) ئابووریناسی ئەمریکایی، دیموکراسیی بەکارهێنەر یانی" لە ڕەواڵی ئاسایی بازاڕدا ئێوە بە دۆلاری خۆتانەوە دەنگبدەن" و لەگەڵ "برسی ڕاگرتنی ئابووریی سەرمایەداری" بتوانن "بازاڕێک بە فیکر و بە ئاوەز پەروەردە بکەن". لەم چەشنە دێموکراسییەدا لۆژیکی "یەک دۆلار، یەک دەنگ" زاڵە و ئەو کەسانەی کە خاوەنی زۆرترین سەرمایەی ئابوورین، مەیل و پاڵنەرێکی کەمتریان بۆ چاکسازیی یاخود گۆڕانکاریی لەو سیستمی ئابوورییە هەیە کە کارەکەی لە بەرژەوەندیی ئەواندایە، نیولیبرالەکان پەرەسەندنی بیرو هزری دادخوازانە بە سەرچاوە و هۆی تەواوی چارەڕەشی و شەرمەزارییەکانی کۆمەڵگە لەقەڵەم دەدەن.(٢١)

بەڵام ئەمڕۆ فۆکایاما پاش تێپەڕینی ئەم ساڵانە بە تەواوی باوەڕی خۆی بە داهاتووی سەرمایەداری لەدەست داوە و لە بابەتێک لە نیوستەیتمەن(٢٢) لە ١٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ دەبێژێ: "ئەو شتەی من ئەو کات (١٩٩٢) گوتم، ئەوەبوو کە یەکێک لە کێشەکانی دێموکراسیی مودێڕن ئەوەیە کە ئاشتی و کامەرانی دابین دەکا بەڵام خەڵک شتێکی لەمە زیاتریان دەوێ. دێموکراسییە لیبرالییەکان تەنانەت هەوڵ نادەن پێناسەیەک بۆ ژیانێکی باش بخەنە ڕوو. قورسایی ئەم ئەرکە کەوتۆتە سەر شانی کەسانێک کە هەست بە ناموبوون لە گەڵ خۆیان و بێئامانجی دەکەن و هەر لەبەر ئەوەشە کە پەیوەستبوونیان بە گرووپە شوناسخوازەکان، هەستی کۆمەڵ بوونیان دەداتێ."

ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو تەنانەت لە نێو لێکۆڵەرە ڕاستەکان (سەر بەدەست ڕاستییەکان) بۆتە هۆی ڕەتکردنەوەی هەتاهەتایی بوونی لیبڕال - دێموکراسیی و بەشێکی زۆریان پێیان وایە لیبڕال - دێموکراسی لە سەروبەندی هەرەسهێنان و لەنێوچوون دایە. لایەنگرانی سەرمایەداری پێشبینییان دەکرد، سەرکەوتنی لیبڕالیزم دەبێتە هۆی مسۆگەر کردنی ئاشتی و سەرکەوتن لە داهاتوودا. ئابووریناسەکان باسیان لە قازانجی ئاشتی دەکرد و پێیان وابوو پاش تەواوبوونی شەڕی سارد لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتی، دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان دەتوانن بودجەیەکی زۆر بۆ دروستکردنی قوتابخانە، نەخۆشخانە، ماڵ و تەواوی پێداویستییەکانی دیکەی ژیانێکی ئەمڕۆیی تەرخان بکەن و، لەم ڕەوتەدا زوویە شۆڕەکاتەکان دەژێنەوە، ڕادەی بەرهەمهێنان بەرز دەبێتەوە و مرۆڤ لێرە بەدواوە هەتا کۆتایی ژیانی، بەختەوەرانە دەژی. هەرچەند ٢٦ ساڵ لە ژیانی پیاو یان ژنێکدا ماوەیەکی زۆرە، بەڵام لە پێوەری مێژوودا تەنیا کاتێکی تیژتێپەڕە. وەک دەبینین لەم ماوە کورتەی مێژوودا، هەموو شتێک گۆڕاوە و بەو چەشنەی هێگڵ پێشبینیی کردبوو، هەموو شتێک بووە بە دژی خۆی و، ئەمڕۆ ئیتر پێشبینییە گەنیوەکانی ئەو کاتی نیولیبڕالەکان داریان لەسەر بەردیان نەماوە.

فۆکۆیاما لە وڵامی پرسیارێکدا لەمەڕ سەرلەنوێ بووژانەوەی چەپی سۆسیالیستی لە ئەمریکا و ئینگلستان دەڵێ: "هەموو شتێک پێوەندی بەوە هەیە کە مەبەستی ئێوە لە سۆسیالیزم چ بێ؟ پێم وانییە خاوەندارێتی ئامرازی بەرهەمهێنان بێجگە لە بوارگەلێکی وەکوو خزمەتگوزاریی گشتیدا، بمێنێ، بەڵام ئەگەر مەبەستتان بەرنامەکانی سەرلەنوێ دابەشکردنەوە لە پێناوی قەرەبوو کردنەوەی لاسەنگیی گەورە لە داهات و سەروەتدا بێ، بەڵێ، پێم وایە سوسیاڵیزم نەک تەنیا دەتوانێ، بەڵکوو دەبێ بگەڕێتەوە." بە باوەڕی

فۆکۆیاما ئاکامی ئەو سەردەمە درێژخایەنەی لەگەڵ هاتنی ڕیگان و تاچێر دەستی پێکرد لەگەڵ سەرجەمی ئەو ئایدیا تایبەتییانەی سەبارەت بە قازانجەکانی بازاڕی ڕێکوپێککراو سەریان هەڵدا، لە زۆربەی بوارەکاندا کارەسات خوڵقێن بووە".(٢٣)

پاش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاری لە سەدەی هەژدەی زایینی و بە تایبەتی شۆڕشی کۆمۆنی پاریس لە مارسی ١٨٧١، هەروەها دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ لە ڕووسیەی تزاری و بە دەسەڵاتگەیشتنی باڵشویکەکان، چەمکی دیموکراسیی سۆسیالیستی وەکوو بەدیلێک بەرامبەر بە دیموکراسیی بۆرژوایی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خۆی دەنواند. لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکان دیموکراسیی سۆسیالیستی بریتییە لە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا، واتە دیموکراسی بۆ زۆرینەی خەڵک و ئامادەکردنی بارودۆخی پێویست بۆ حکوومەتی ڕاستەقینەی خەڵک بەسەر خەڵکدا و بەڕێوەبردنی دیموکراسی بە چەشنێکی بەرفراوان لە قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکدا. بەم پێیە دیموکراتیکترین شکڵی کۆماری بۆرژوازی شتێک نییە جگە لە دیکتاتۆریی کەمینەی چەوسێنەر بەسەر زۆرینەی زەحمەتکێش و هەژاردا. دەوڵەتی بۆرژوازی هەرچەند دیموکراتیکیش بێ، دیسان شایانی ڕووخاندنە و "دەوڵەتی سۆسیالیستی، چەشنی هەرەکامڵی دیموکراسییە".(٢٤)

ناوەرۆکی دیموکراسیی سۆسیالیستی بە پێی نووسراوەکانی مارکس لە بارەی کۆمۆنی پاریس بریتییە لە لەنێوبردنی دەوڵەتی بۆرژوازی، دەزگای بۆرۆکراتیک و سەرکوتکەر، ڕێکخراوە سەرەڕۆ و ستەمگەرەکان، هەروەها گۆڕانی ئەوان، بە چەشنە دەسەڵاتێکی نوێ کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ویستی خەڵکی زەحمەتکێش و نوێنەری ڕەوتە جۆراوجۆرە سیاسییەکان واتە ژاکوبێنەکان، بلانکیستەکان، پرۆدۆنیستەکان و گرووپە جۆراوجۆرە سیاسییەکان بێ.(٢٥)

ئەنگڵس لە پێشەکی بۆ کتێبی "شەڕی نێوخۆیی لە فەڕانسە - مارکس" لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی ٧٢ ڕۆژەی کۆمۆنی پاریسدا "هەڵبژاردنی تەواوی کاربەدەستانی دەزگا ئیداری، دادوەری و پەروەردەییەکان بە پێی دەنگی گشتی و وەرگرتنەوەی ئەم بەرپرسایەتیانە لە هەر کاتێکی دڵخوازدا، بە یەکێک لە دوو ئامرازی کارامەی دەوڵەتی کۆمۆن پاریس بۆ پێشگیری لە گۆڕانی دەوڵەت و ئەندامەکانی لە خزمەتگوزارییەوە بە خوداکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا"(٢٦) پێناسە دەکا و ڕوو بەو سۆسیال دیموکراتانەی کە بە بیستنی وشەی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن دەڵێ: "ئەگەر بەڕێزان پێیان خۆشە بزانن ئەم دیکتاتۆرییە چییە؟ باشترە سەیرێکی کۆمۆنی پاریس بکەن، ئەو کات دەبینن کە ئەمە هەمان دیکتاتۆریی پرۆلتاریایە". دیکتاتۆریی پرۆلتاریا لە ڕوانگەی مارکس و ئەنگڵسەوە بە مانای دەستەڵاتداریی سیاسیی چینی کرێکار واتە دیموکراسیی ڕاستەقینەیە. بە گشتی بە باوەڕی مارکس و ئەنگڵس و لێنین دیموکراسیی ڕاستەقینە واتە ئازادی و بەرابەری، تەنیا پاش لەنێو بردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی و لە ڕێگای شۆڕا یان دیموکراسیی کرێکارییەوە مسۆگەر دەبێ. لەم ڕەوتەدا ئەرکی دەوڵەتی کرێکاری، تێکشکاندنی خۆڕاگریی سەرمایەدارەکان و خاوەن زەوییەکان، هەروەها پیلانی دوژمنە دەرەکی و نێوخۆییەکانە. بە باوەڕی لێنین "دیکتاتۆریی پرۆلتاریا لێبڕاوترین و کۆڵنەدەرترین خەباتی چینی نوێ دژ بە دوژمنێکی بەهێزتر واتە بۆرژوازی و(٢٧)" خەباتێکی سەخت، خوێناوی و بێ خوێنڕێژی، تێکەڵ بە توندوتیژی یان ئاشتیخوازانە، نیزامی و ئابووری، هەروەها ڕاهێنەرانە و بەڕێوەبەرانە دژ بە هێز و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کۆنە."مارکس گوتەنی ئەم دیکتاتۆرییە تێپەڕینێکە بۆ لەنێوچوونی چینەکان و گەیشتن بەکۆمەڵگەیەکی بێ چین.(٢٨)

بەڕێوەبردنی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا بۆ ماوەی پتر لە ٧ دەیە لە یەکیەتیی سۆڤییەتی و پتر لە ٤ دەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، بە هۆی نەبوونی پلۆرالیزمی سیاسی و میکانیزمێک بۆ پاراستنی مافی کەمینە، پێشێلکردنی دێموکراسی و خنکاندنی دەنگی ئازاد و بیروهزری جیاواز، ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستیی ئارایی لێ کەوتەوە.

"زۆربەی ئەم وڵاتانە تێکۆشاون تا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دابین بکەن. ئەم ڕەوتە بە تایبەت بە هۆی تێڕوانینی ڕێبەرانی کۆمۆنیست لە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا، نەک هەر لە توندوتیژی و کوشتن و گرتنی نەیارانی سۆسیالیزم بە دوور نەبووە بەڵکوو خودی کۆمۆنیستەکانیشی نەبواردوە. تێرۆری سوور لە سەردەمی لێنین، کوشتاری بەکۆمەڵ لە سەردەمی ستالین، سەرکوتکردنی بیرجیاوازن و تەنانەت کۆمۆنیستان لە شۆڕشی فەرهەنگیی چین، کۆمەڵکوژی لە کامبۆچیا بە ڕێبەریی پۆلپۆت و هتد، نموونەگەلێک لە شێوەی دابینکردنی دەسەڵاتی کرێکاری بوون و ئەمانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسیی ڕاستەقینە، بەبێ ئازادیی بیروڕای جیاواز، بەبێ هاوبەشیی خەڵک و کۆنترۆڵی دەسەڵاتداران لە خوارەوە و لە ڕێگای یەکیەتی و شۆڕاکانەوە ئاکامێکی باشتری نابێ.

لە لایەکی دیکەشەوە کاتێک بەرنامەدانان لە چەشنی ئابووریی دێموکراتیکی بەشداریکەرانە نەبێ و ژیانی ئابووریی ئینسان واتە بەرهەمهێنان، بەشینەوە (دابەشکردن) و بەکارهێنان و هتد لە ڕێگای ئیرادەی سەربەخۆی مرۆڤەکانەوە ڕێکوپێک نەکرێ، ئەم کۆمەڵگەیە ئاکامێکی باشتر لە سۆڤیەتی ڕابردووی نابێ. بەپێی وتەکانی مارکس، لە ئابووریی سۆسیالیستیدا بەرنامە دانان دەبێ لە ڕێگای بەشدارکردن و ئاوەزمەندیی کۆیی مرۆڤەکان و ڕەوتی بەرهەمهێنان لەژێر کۆنترۆڵی هاوبەشدا بێ. سۆسیالیزم کاتێک مانای دەبێ کە خەڵکی کۆنترۆڵیان لەسەر ژیانی خۆیان هەبێ و بتوانن بە شێوەیەکی ئاگایانە بڕیار لەسەر شێوەی ژیان و بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵگە بدەن."(٢٩)

**سەرچاوەکان:**


١) http://www.bbc.com/persian/iran-46602255

٢) عفو بین‌الملل: ٢٠١٨ سال شرم برای ایران در تاریخ،

https://womww.dw.c/fa-ir/ عفو بین‌الملل ٢٠١٨سال شرم برای ایران در تاریخ - a-47210856

٣) ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارەی ٧٤٧، لاپەڕەی ٤، ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٨، ٤ی ئاوریلی ٢٠١٩

٤) Bertelsmann SE & Co. KgaA

٥) https://www.radiozamaneh.com/387527

٦) https://fa.euronews.com/2018/02/01/economist-intelligence-unit-published-the-democracy-index-2017-iran-afghanistan-low-place

٧) https://www.radiozamaneh.com/425018

٨) Demos

٩) Kratos

١٠) Virtue

١١) فردریک انگلس، منشاء خانواده، مالکیت خصوصی و دولت، ترجمه مسعود احمدزاده، ص ١٦٦، اسفندماه ١٣٥.

١٢) تیروپشکی

١٣) Sachem

١٤) فردریک انگلس، منشاء خانواده، مالکیت خصوصی و دولت، ترجمه مسعود احمدزاده، ص ١٢٥، اسفندماه ١٣٥.

١٥) سەرچاوەی سەرێ، لاپەڕەی ١٣.

١٦) ا. طبری، دمکراسی و سیر تاریخی آن، نوشتەهای فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، انتشارات حزب توده ایران ١٣٨٦، ص ٢٠١- ١٩٢

١٧) Robert Nozik

١٨) Friedrich Von Hayek

١٩) Milton Friedman

٢٠) David Korten

٢١) خسرو صادقی بروجنی، نولیبرال‌ها دروغ می‌گویند؛ نولیبرالیسم و دموکراسی. http://www.khosrosadeghy.com/?p=153

٢٢) New Statesman

٢٣) الن وودز، نگرش جدید فوکویاما: «سوسیالیسم باید بازگردد» ترجمەی نیکزاد زنگنە" اخبار روز: www.akhbar-rooz.com سەشنبە ٢٧ آذر ١٣٩٧ - ١٨ دسامبر ٢٠١٨

٢٤) و ای. لنین، دولت و انقلاب، ترجمه محمد پورهرمزان و علی بیات، چاپ سوم، ١٣٨٧، انتشارات حزب توده ایران، ص ٢٤

٢٥) میشل لووی، انسان‌گرایی مارکسیستی و دموکراسی سوسیالیستی، ترجمەی آرمان پایدار، دسامبر ٢٠١٨

٢٦) مارکس، جنگ داخلی در فرانسه، ١٨٧١، مقدمه فردریش انگلس بر چاپ آلمانی ١٨٩١، ص ٤٥، ترجمه باقر پرهام، نشر مرکز، چاپ اول ١٣٨.

٢٧) لنین، بیماری کودکی"چپ‌گرایی" در کمونیسم، ترجمه محمد پورهرمزان، ص ١٤ چاپ ششم ١٣٨٧، انتشارات حزب توده ایران

٢٨) نامەی مارکس به ویدمیر مارسی ١٨٥٢، در باره دیکتاتوری پرولتاریا، مارکس، انگلس و لنین. منبع روزنامه ژنمین ژیبائو، ٢٢ فوریەی ١٩٧٥، و مجلەی خونچی شماره ٣ سال ١٩٧٥، انتشارات سازمان چریکهای فدائی خلق ایران

٢٩) کامران ئەمین‌ئاوە، گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم، بەشی ٧ هەڵسەنگاندنی سۆسیالیزم، "کوردستان"ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارەی ٧٤٧، لاپەرەی ٩، ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٨، ٤ی ئاوریلی ٢٠١٩.


(لە ژمارەی ٧٥١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩

# دێموکراسی و چەشنەکانی

## دێموکراسی لە ڕوانگەی فیلسووف و سیاسەتوانەکانەوە

(٢)

ئەفلاتوون لە کتێبی هەشتەمی کۆماردا، دێموکراسی وەکوو ڕێکخراوەیەکی بەڕێوەبەر و چەشنێک لە یاسای بنەڕەتی پێناسە دەکا. ئەو پێی وابوو "پاش سەرکەوتنی هەژارەکان، بەرپرسە دەوڵەتییەکان بەپێی دەنگدان هەڵدەبژێردرێن و حکوومەتی دێموکراسی پێک دێنن، جار و بار ئەم کارە بە زۆری چەک یان بە هۆی پاشەکشە پێکردنی دەستەڵاتدارانی پێشوو بەهۆی ترسەوەیە.

بە باوەڕی ئەفلاتوون، ئازاد بوونی هەموو کەس تایبەتمەندیی دێموکراسییە. دەوڵەت، ئازادیی ئاکار و ئاخاوتن بۆ هەموو کەس دابین دەکا و هەر کەس مافی هەیە هەر چی پێی خۆشە بیکا. لە وڵاتێکدا ئازادیی تەواو دابینکرابێ، بێگومان هەر کەس ژیانی خۆیی بە مەیل و سەلیقەی خۆی سامان دەدا؛ واتە لەوێدا سەلیقە جۆراوجۆرەکان خۆیان دەنوێنن. بەم پێیە دێموکراسی یەکێک لە جوانترین حکوومەتەکانە، چونکە وەکوو جلوبەرگێکی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ نەخش و نیگار وایە کە تەواوی نیشانە و تایبەتمەندییەکانی ئینسانی تێدا دەبینرێ. بەم پێیە، زۆربەی خەڵک بۆ وێنە ژنان و منداڵان بە گوێرەی ئاستی تێگەیشتنیان چێژ لەم دیمەنە ڕەنگاوڕەنگ و دڵڕفێنە وەردەگرن و، لە ڕاستیدا دێموکراسی وەکوو جوانترین حکوومەتەکان پێناسە دەکەن. دووهەمین نیشانەی تایبەت بە دێموکراسی، دیتنەوەی حکوومەتی دڵخواز لەودایە. سێهەمین تایبەتمەندیی دێموکراسی بێسەروبەرەیی ڕەهایە، چونکە لە لایەکەوە هیچ کەس ناچار ناکرێ ئەرکێکی سیاسی وەئەستۆ بگرێ، تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامدانیدا لە هەموو کەسیش شارەزاتر بێ. لە لایەکی دیکەوە هیچ کەسێک مەجبوور نییە مل بۆ حوکمێک بدا کە بە مەیلی ئەو نییە. واتە نە کەسێک بە ئەرکی خۆی دەزانێ وەکوو خەڵکی دیکە بۆ مەیدانی شەڕ بچێ یان ئەگەر گرێبەستی ئاشتی بەسترا، پێی پابەند بێ. (...) دوایین تایبەتمەندیی دێموکراسی، ئازادڕەوشتی لە ڕاهێنان و پەروەردەکردنی لاوان و بەکەمزانینی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدایە. لەم حاڵەتەدا بایەخ بەوەی نادا کە بەربژێری حکوومەت چۆن پەروەردە کراوە و چ کار و پیشەیەکی هەبووە، هەر ئەوەندە بەسە ئیدیعای خۆشەویستیی نەتەوەکەی بکا. بەم پێیە دێموکراسی شکڵێک لە حکوومەتێکی "دڵڕفێن، بێسەروبەرە و ڕەنگاوڕەنگە، کە یەکسانی هەم لە نێوان ئەوانەی بەرامبەرن و هەم ئەوانەی نابەرامبەرن دابین دەکا".

بە باوەڕی ئەفلاتوون، دێموکراسی بەهۆی زێدەڕۆیی لە ئازادی بەرەو توونابوون دەڕوا. هەروەها زێدەڕۆیی لە ئازادی دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی دێموکراسی و پێداویستی بە دەستەڵاتدارێکی سەرەڕۆ.

بەگشتی "ئەفلاتوون دژایەتییەکی توندی لەگەڵ دیموکراسیی ئاتینی هەیە، ئەو دیموکراسییەی لە ساڵی ٣٩٩ پ. ز. بڕیاری کوشتنی مامۆستاکەی واتە سوقراتی دا. دیموکراسی بۆ ئەفلاتوون زۆرتر سیستمێکە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی بگۆڕی جەماوەری خەڵک، نەک تێگەیشتن، هەروەها هۆی بەلاڕێداچوونی لاوانە. ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا لە قاڵبی وتووێژی خۆی و سوقرات، بە زمانی مامۆستاکەی دیموکراسی وەکوو یەکێک لە خراپترین ڕێژیمەکان پێناسە دەکا. ئەفلاتوون هەروەها لە نامیلکەی پیاوی دەوڵەت (دولتمرد)دا، دیموکراسی وەکوو باشترین نموونەی ڕێژیمێکی بێقانوون پێناسە دەکا کە توانای بەجێهێنانی هیچ کارێکی گەورەی بە باش و خراپەوە نییە."

ئەفلاتوون بەشداریی خەڵکی هەژار لە پارلماندا وەکوو کێشە و عەیبێک دەبینێ و پێی وایە هەژاران بەپێی هەژاریی فەرهەنگی، لە بڕیاردانا تووشی هەڵە دەبن. هێرۆدۆت مێژوونووسی یوونانیش لەم پێوەندییەدا پێی وایە "ئەگەرچی لە دیموکراسیدا هەموو کەس لە بەرامبەر یاسادا، یەکسانن، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە بە ئاسانی دەتوانێ ببێتە مۆبوکراسی یان حکوومەتی نەزان و نالێهاتووەکان و، بە دڵنیاییەوە حکوومەتی زانا و کەسە لێهاتووەکان، باشترە لە حکوومەتی نەزانەکان."

ئەرەستوو، دیموکراسی بە "دەستەڵاتی هەمووان لەسەر هەر کەس و هەر کەسیش بە چەشنێکی بگۆڕ لە سەر هەمووان" دەزانێ. دیموکراسی، چەشنە ڕێژێمێکە کە زۆربەی خەڵک لەوێدا بۆ بەرژوەندیی خۆیان حکوومەت دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە چونکە زۆرینەی خەڵک فەقیر و هەژارن و تەنیا چەند کەسێک خاوەنی ماڵ و سامانن، ئەم دیموکراسییە، حکوومەتی هەژارانە.

ئەرەستوو لە کتێبی "سیاسەت" دا باس لە ٣ حکوومەتی پاشایەتی، ئاریستۆکراسی و کۆماری دەکا. حکوومەتی پاشایەتی، حکوومەتێکە بەرژوەندیی گشتی لەبەرچاو بگرێ و لەژێر فەرمانی تاکە کەسێکدا بێ. ئاریستۆکراسی حکوومەتی گرووپێک لە باشترین کەسەکانە و ئامانجی مسۆگەرکردنی باشترین شتەکان بۆ وڵات و دانیشتوانیەتی. بەڵام حکوومەتێک کە گرینگی بە خێر و قازانجی هەمووان بدا و بە دەستی زۆرینە بەڕێوە بچێ، هەر دەبێ هەڵگری ئەو ناوە بێ کە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر هەموو حکوومەتەکانە، ئەویش "پۆلیتییە" (کۆمارە). بە باوەڕی ئەرەستوو ئەم سێ چەشنە حکوومەتە جاروبار بە لاڕێدا دەڕۆن و، حکوومەتی پاشایەتی دەبێتە حکوومەتێکی ستەمکار. ئاریستۆکراسی دەبێتە ئۆلیگارشی و، کۆماری دەبێتە دیموکراسی. ئۆلیگارشی تەنیا بەرژوەندیی دەوڵەمەندەکان و دیموکراسیش تەنیا بەرژوەندیی هەژاران لەبەرچاو دەگرێ و هیچ کام لەم حکوومەتانە بۆ بەرژوەندیی گشتی تێ ناکۆشن. بە باوەڕی ئەرەستوو دیموکراسی حکوومەتێکە کە بە دەستی هەژاران بەڕێوە دەچێ.

ئەرەستوو لە کتێبی سیاسەتدا باس لە ٥ چەشنی دیموکراسی دەکا: چەشنی یەکەمی دیموکراسی لە هەموو چەشنەکانی دیکە لە بنەمای یەکسانی نیزیکترە و یاسا، هەژاران سەرتر لە دەوڵەمەندەکان نابینێ و هیچ کامیان بەسەر یەکدا زاڵ ناکا، بەڵکوو هەموویان یەکسان و هاوسەنگ دەبینێ. لە چەشنی دووهەمی دیموکراسیدا هەبوونی ڕادەیەکی دیاریکراوی سەروەت و سامان هەرچەند کەمیش بێ، شەرتی وەدەستهێنانی پلە و پایەی دەوڵەتییە. لە چەشنی سێهەمدا هەر شارۆمەندێک کە عەیبێک لە ڕەچەڵەکیدا نەبێ، دەتوانێ بە

حکوومەت بگا، بەڵام یاسا باڵاترین داوەرە. لە چەشنی چوارەمدا هەر کەس شارۆمەند بێ، مافی وەرگرتنی پلە و پایەی هەیە، بەڵام دیسان یاسا بەسەر تەواوی کاروبارەکاندا زاڵە. لە چەشنی پێنجەمدا هەر ئەو ڕێسایانەی (چەشنی چوارەم) لە جێگەی خۆیان دان، بەڵام لە جێگەی یاسا، کۆمەڵانی خەڵکی ئاسایی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و یاسا بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێتەوە. بە باوەڕی ئەرەستوو زۆربەی ڕێژیمەکان دێموکراتیک یان ئۆلیگارشین و هەر کام لەوان سنوورێکی تەسکی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەم پێیە باشترین ڕێژیم دەکرێ خاوەنی تێکەڵاوێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بێ. لە ڕاستیدا پێناسەی ئەرەستوو پێوەندی بە ئەزموونی دێموکراسی لە ئاتێن، واتە ٤٠٠ ساڵ پێش زایینەوە هەیە. لە دێموکراسیی ئاتێنیدا دەبوو شارۆمەندان بە نۆبە بەشداریی پارلمانی گەل یان خەڵک بن. مەبەست لە دێموکراسی یان حکوومەتی خەڵک "سەرچاوەگرتنی دەسەڵات" نەک لە دەرەوە، بەڵکوو لە خودی خەڵکەوەیە. لە یوونان ئەندامەکانی پارلمانی خەڵک لە ٣ هەزار یوونانی پێک هاتبوون- ژنان و کۆیلەکانی تێدا نەبوون-، کە هەر سێ مانگ جارێک دەگۆڕدران. نێوەرۆکی دێموکراسیی ئاتێنی نەک ئازادیی بیروهزری تاک، بەڵکوو بەرگریی بێ ئەملاولا لە حکوومەتی خەڵک لە ڕێگای بڕیاردانی خەڵک لە پارلمان بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە سوقرات بە هۆی ڕەخنەگرتن لە دێموکراسی، ناچار بە خواردنی ژەهر کرا.

لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، مۆنتسکیۆ هەوەڵ بیرمەندە وێڕای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان، ڕاپەڕاندن (بەڕێوەبردن) و دادوەری وەکوو بنەمای سەرەکیی دێموکراسی، دژایەتیی لەگەڵ هەر چەشنە شکڵێک لە کۆمار دەکا. مۆنتسکیۆ پێی وابوو کۆمار دەتوانێ هۆیەک بێ بۆ زیان گەیاندن بە دەسەڵاتی بێ ئەملاولای دێموکراسی.

لە ڕوانگەی مۆنتسکیۆوە دەسەڵاتی کۆی میللەت، شێوەی حکوومەتی دێموکراسی لە جمهووریەتدایە، لە دێموکراسیدا میللەت لە لایەکەوە دەسەڵاتدار و لە لایەکی دیکەوە فەرمانبەرە. میللەت ناتوانێ دەسەڵاتدار بێ، مەگەر لە ڕێگای دەنگی خۆیەوە کە بریتییە لە ئیرادەی میللەت. بەم پێیە ئیرادەی میللەت هەر خودی میللەتە و لەم چەشنە حکوومەتانەدا، ئەو یاسایانەی کە مافی دەنگدان دابین دەکەن بنەمای کار و لە ڕاستیدا یاسا بنەڕەتیی ئەوانن. مۆنتسکیۆ "تەقوا" (مانەوە بەپاکی) بە مەرجی سەرەکی بۆ حکوومەتێکی کۆماری و دێموکراسی دەزانێ و هەوڵی ئەوانەی کە دەیانویست لە سەدەی ١٧ی زایینی دێموکراسی لە بریتانیادا دابین بکەن، بەهۆی نەبوونی تەقوا، بە کارێکی بێهوودە لە قەڵەم دەدا. مەبەستی مۆنتسکیۆ لە "تەقوا" وڵاتپارێزی، هۆگری بە یەکسانی و هۆگری بە کۆمارە. هۆگری بە کۆمار لە دێموکراسیدا، هەر ئەو خۆشەویستییەی دێموکراسییە و خۆشەویستیی دێموکراسی هەمان خۆشەویستیی بەرامبەری و یەکسانیە. لە ڕوانگەی مۆنتسکیۆوە گەندەڵیی هەر حکوومەتێک زۆربەی کات لەگەڵ بەلاڕێداچوونی بنەماکانیەوە دەست پێدەکا و بنەماکانی دێموکراسی لە دوو حاڵەتدا بە لاڕێدا دەچن. یەکەم، کاتێک کە ڕۆحی بەرابەری لەنێو بچێ و، دووهەم، ئەو کاتەی ڕۆحی بەرابەری تووشی زێدەڕۆیی بێ و هەر کەس بیەوێ لەگەڵ بەرپرسان و پیاوانی سەرەوەی دەوڵەت و گەورە گەورەکان کە بەڕێوەبەری وڵاتن، وەک یەک (یەکسان) بن. حاڵەتی یەکەم، حکوومەت بەرەو حکوومەتێکی ئاریستۆکراتی و دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ پەلکێش دەکا و، ئەوەکەی دیکە دیسان بەرەو سەرەڕۆییەکی توندتر دەکێشرێ و ئەم سەرەڕۆییە لەنێو ناچێ مەگەر بە سەرکەوتنی دوژمنە بیانییەکان.

ژان ژاک ڕۆسۆ پێی وایە لە جیهاندا هیچ کاتێک حکوومەتی دێموکراسی بە مانای ڕاستەقینەی خۆی نەبووە و ناشبێ، لەبەر ئەوەی ئەمە بە پێچەوانەی سیستمی ئاساییە کە زۆرینەی خەڵکی میللەتێک فەرمان بدا و کەمینە فەرمانبەر بێ. هەروەها ناکرێ خەڵکی، ڕۆژانە بۆ ڕاوێژکردن و بڕیاردان پێکەوە کۆ ببنەوە و ئەگەر بیانەوێ بەم مەبەستەش کۆمیسیۆنەکان هەڵبژێرن، ئیدی شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەگۆڕدرێ. ڕۆسو بۆ هەبوونی دێموکراسی ئەم هەلومەرجانە بە پێویست دەزانێ:

١- هەبوونی وڵاتێکی چکۆلە کە حکوومەت بتوانێ لەوێدا خەڵکی بە هاسانی کۆکاتەوە و هەموو یەکتری بە باشی بناسن.
٢- عادەت، داب و نەریتی زۆر سادە بۆ پێشگری لە سەرهەڵدانی ئەو مەسەلە ئاڵۆزانەی کە پێویستیان بە باس و لێکدانەوەی دوور و درێژ هەیە.
٣- هەتا ئەو جێگایەی دەکرێ یەکسانی لە پلە و پایە و داراییدا هەبێ، چونکە بەرابەری لە ماف و دەسەڵاتدا دەوامێکی وەهای نابێ.
٤- نەبوون یان هەبوونی کەمێک ناز و نیعمەتی ژیان. چونکە ناز و نیعمەت یان ئاکامی سەروەتە، یان ورووژێنەری کۆکرکردنەوەی سەروەت. نازو نیعمەت دەوڵەمەند و فەقیر تووشی گەندەڵی دەکا، دەوڵەمەند لەبەر هەبوونی ئەو ناز و نیعمەتە و، فەقیریش بەهۆی حەسرەتی نەبوونی ئەو ناز و نێعمەتە. ناز و نیعمەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ نیشتمانی خۆی بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی خۆی و خۆپەرستی بفرۆشێ. ناز و نیعمەت پێش بە مل ڕاکێشانی خەڵک لە دەوڵەت دەگرێ و بەشێک لەوان دەکاتە کۆیلەی کەسانی دیکە و دەیانکاتە گوێڕایەڵی بیروڕای باو و ڕێوشوێنی سەردەم.

ڕۆسۆ بەبێ هێنانی ناوی مۆنتسکیۆ ڕەخنەی لێ دەگرێ و دەڵێ "بەم هۆیەوە یەکێک لە نووسەرە بەناوبانگەکان، "تەقوا" بە بنەمای حکوومەتی کۆماری دەزانێ. لەبەر ئەوەی، هیچ یەک لە مەرجەکانی سەرەوە بێتەقوا وەدی نایەن. بەڵام ئەم نووسەرە گەورەیە بیرێکی تەواو ڕوونی نییە. ئەو لەوە نەگەیشتووە، کە دەستەڵاتی حاکمانی سەرەوەی حکوومەت لە هەموو جێیەک هاوچەشنە. هەر وڵاتێک لەسەر بنەمایەکی دروست پێکهاتبێ، بناغەکەی لە سەر تەقوا دانراوە. بەڵام شکڵی حکوومەت کەم و زۆر دەست لەم پرەنسیپە وەردەدا. بەگشتی ڕۆسۆ بۆچوونێکی ئەرێنی لەسەر دێموکراسی نییە و وتەی یەکێک لە پیاوانی پایەبەرز و پەرێزخاوێنی لەهێستان (پۆلۆنیا) بەرامبەر بە پارلمانی شۆڕای وڵات دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: "ئازادیم بە تەواوی مەترسییەکانیەوە گەلێک پێ خۆشترە لە کۆیلەتییەکی تێکەڵ بە ئاسوودەیی". ئەگەر لە جیهاندا میللەتێک لە خوداکان و فریشتەکان دروست بوایە، من حکوومەتی دێموکراسیم هەڵ دەبژارد. حکوومەتێک بەم کامڵی و باشییە بە کەلکی ئادەمیزاد نایە.

دوو بیرمەندی گەورەی سەدەی ١٩ واتە مارکس و ئینگێلس لە بابەتەکانی خۆیاندا کەمتاکورتێک باسی دێموکراسییان کردوە. بیروباوەڕی مارکس لە بارەی دێموکراسییەوە بەگوێرەی نووسراوەکانی گۆڕانی زۆر بەسەردا هاتوە. مارکس لە سەرەتادا لەژێر کاریگەریی ڕۆسۆ لەسەر دێموکراسیی ڕاستەوخۆ، هەروەها ڕەتکردنەوەی خاڵی "نوێنەرایەتی" پێداگری کردوە. پاشان سیستمی کۆمۆنی لەژێر کارتێکەریی کۆمۆنی پاریس و هەڵبژاردنی نوێنەران بەپێی مافی بانگهێشتن و گۆڕین، لە سیستمی پارلمانی بە بەرزتر

نرخاندوە. بەڵام پاش شکانی کۆمۆنی پاریس زۆر جار پێداگری لەسەر پێویستیی دیموکراسیی پارلمان دەکا."

بەپێی ڕوانگەی مارکس و ئینگێلس لە مانیفێستی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٨٤٧ز. گەیشتنی پرۆلتاریا بە پلەی چینی دەستەڵاتدار و وەدەست هێنانی دیموکراسی، هەوەڵین هەنگاوی شۆڕشی کرێکارییە. ئەوان پێیان وابوو کاتێک پرۆلتاریا لە ڕێگای شۆڕشەوە دەبێتە چینی دەستەڵاتدار، لەو کۆمەڵگەیەی کە جێگری کۆمەڵگەی کۆنی بۆرژوازی بووە، گەشەسەندنی ئازادیی هەر کەسێک شەرتی گەشەسەندنی ئازادیی هەمووانە.

بەگشتی بە باوەڕی دامەزرێنەرانی مارکسیزم، دیموکراسیی ڕاستەقینە کاتێکە، دیکتاتۆریی پرۆلتاریا واتە دەستەڵاتی زۆرینەی کۆمەڵگە بەسەر کەمینەدا زاڵ بێ و تێکشکاندنی دەوڵەتی بۆرژوازی، سەرەتای ئەم ڕەوتەیە. مارکس و ئینگێلس لە مانیفێست و زۆر نووسراوەی دیکەدا، وێڕای گرینگی دان بە بەکارهێنانی زەبر و زۆر بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی بۆرژوازی، ئاڵوگۆڕی ئاشتیخوازانەی دەوڵەت لە وڵاتێکی دیموکراتیکیش بەهۆی دیموکراسیی بۆرژوازییەوە بە دوور لە ڕاستی نازانن.

"مارکس لە ساڵی ١٨٧٢ پاش کۆنگرەی لاهە" گەیشتنی ئاشتیخوازانەی کرێکاران بە ئامانجەکانیان لە بریتانیا، ئەمریکا و هۆڵەند ڕەت ناکاتەوە."مارکس لە ساڵی ١٨٧٨ دەبێژێ:" ئەگەر بۆ وێنە لە ئینگلیس، یان وڵاتە یەکگرتووەکاندا، چینی کرێکار لە بارودۆخێکدا بێ، بتوانێ دەنگی زۆرینە لە پارلمان و کۆنگەرەدا بێنێتەوە، دەتوانێ لە ڕێگای قانوونییەوە، خۆی لە بەربەستی یاسا و ئەو دەزگایانەی کە پێشگری پێشکەوتنیانە، ڕزگار بکا.

لە پێشەکیی بەرنامەی حیزبی کرێکارانی فەڕانسە کە لە ساڵی ١٨٨٠ لەژێر کاریگەریی مارکسدا نووسرابوو، باس لە بەکارهێنانی تەواوی ئامرازەکان و یەک لەوان ڕاپرسیی گشتی لە لایەن پرۆلتاریاوە دەکرێ، واتە ئامرازێک کە پێشتر بۆ فریوکاری بەکار دەهات بکرێتە ئامرازێک بۆ ڕزگاری. ئینگێلس چەند ساڵ پاش نووسرانی مانیفێست، سەرکەوتن لە ڕاپرسی گشتی و دیموکراسی وەکوو یەکێک لە ئەرکە پڕبایەخەکانی خەباتی پرۆلتاریا پێناسە دەکا. "هەروەها لە بابەتی" ڕەخنە لە گەڵاڵەی بەرنامەی سۆسیال - دیموکراتیک لە ساڵی ١٨٩١ زایینی، لە کۆمارە دیموکراتیکەکانی فەڕانسە، ئەمریکا و ڕێژیمە پاشایەتییەکانی وەکوو بریتانیا، گۆڕانی کۆمەڵگەی کۆن بۆ نوێ، کاتێک دەستەڵاتی تەواو بە پشتیوانیی زۆرینەی گەل لە دەستی نوێنەرانی خەڵکدا بێ، بە دوور لە ڕاستی نازانێ.
کائۆتێسکی یەکێک لە ڕێبەرانی ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم، وێڕای هەبوونی دیموکراسی وەکوو مەرجێک بۆ خەباتی چینایەتیی پرۆلتێری لە چەشنی خەباتی جەماوەری ئاماژە دەکا: ئەگەر (لە کۆمەڵگەدا) دیموکراسیی بێ شەرت و مەرج و دیموکراسیی ڕەسەنیش نەبێ، لانی کەمێک لە دیموکراسی بۆ ڕێکخستن و ڕۆشنگەری لەنێو جەماوەردا پێویستە. کائۆتێسکی، دیموکراسی وەکوو سەروەریی زۆرینە پێناسە دەکا و هاوکات ئەمەی قبووڵ نییە کە کەمینە بێ پارێزگار دەمێنێتەوە. بە باوەڕی کائۆتێسکی دیموکراسی، دەستەڵاتداریی زۆرینەیە، بەڵام زۆرینە تووشی گۆڕانکاری دێ و هیچ ڕێژیمێک لە دیموکراسیدا ناتوانێ حکوومەتێکی هەتاهەتایی بێ. تەنانەت هاوسەنگیی هێزی چینەکان بەتایبەتی لە سەردەمی سەرمایەداریدا شتێکی نەگۆڕ نییە. هێزی حیزبەکانیش گەلێک خێراتر

لە هێزی چینەکان تووشی ئاڵوگۆڕ دێ و، ئەمە حیزبەکانن لە دیموکراسیدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ململانێ دەکەن. چینێک دەتوانێ سەروەر بێ، بەڵام ناتوانێ حکوومەت بکا، چونکە چین جەماوەرێکی بێشکڵە و ئەمە تەنیا ڕێکخراوەیە دەتوانێ حکوومەت بکا. لە دیموکراسیدا ئەمە حیزبەکانن حکوومەت دەکەن. بەڵام حیزبێک ناکرێ وەکوو هاوسەنگی چینێک لەبەرچاو بگیرێ. لە پێوەندی لەگەڵ دیکتاتۆریی پرۆلتاریا کائۆتێسکی پێی وایە مەبەستی مارکس لە دیکتاتۆری نەک شکڵی حکوومەتی، بەڵکوو وەزعێکە کە دەکرێ لە هەر شوێنێکدا پرۆلتاریا دەستەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێ و، کاتێک مەبەست لە دیکتاتۆری، نەک وەزعێکی سەروەری بەڵکوو چەشنە شکڵێکی حکوومەتی بێ، ئەو کاتە دەکرێ باس لە دیکتاتۆریی کەسێک یان ڕێکخراوەیەک بکرێ، واتە نەک دیکتاتۆریی پرۆلتاریا بەڵکوو دیکتاتۆریی حیزبی پرۆلتێری. بە باوەڕی کائۆتێسکی، دیکتاتۆریی پرۆلتاریا دەتوانێ تەنیا دەستەڵاتداریی پرۆلتاریا لەسەر بناغەی دیموکراسی بێ. بۆچوونی کائۆتێسکی لە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ لێنین هەبوو و ڕەخنەی توندی لە شێوەی دامەزراندنی کۆماری شۆڕایی سۆڤیەت دەگرت.

لێنین کائۆتێسکی بە چەواشەکاری لە بیروڕای مارکس و ئینگێلس و بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ دیکتاتۆریی پرۆلتاریا تاوانبار دەکا. بە باوەڕی لێنین "هەتا کاتێک چینی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەدا هەبێ، تەنیا دەکرێ باس لە دیموکراسیی چینایەتی بکرێ، نەک ڕەسەن. ئەوەی لە مێژوودا پێشینەی هەیە ئەوە دیموکراسیی بۆرژوازییە کە جێگرەوەی فیۆدالیزم و، دیموکراسیی پرۆلتێرییە کە جێگیرەوەی دیموکراسیی بۆرژوازییە. دیموکراسیی بۆرژوازی وێڕای ئەوەی بە بەراوەرد لەگەڵ سیستەمەکانی سەدەکانی نێوەڕاست دەستکەوتێکی گەورەی مێژووییە، بەڵام هەمیشە دیموکراسیییەکی تەسک، کلک و گوێکراو، ساختەکار و خەڵک خەڵەتێن دەمێنێتەوە. بۆ دەوڵەمەندەکان حوکمی بەهەشتی بەرینی هەیە و بۆ هەژاران حوکمی داو و فریو. حکوومەتی شۆڕایی وەکوو چەشنێک لە دیموکراسیی پرۆلتێری، وەها بۆتە هۆی گەشەکردن و پەرەسەندنی دیموکراسیی زۆرینەی بەرچاوی خەڵک واتە چەوساوە و زەحمەتکێشان، کە هەتا ئێستا نموونەی لە جیهاندا نەدیتراوە. لێنین، فۆڕمی سیاسیی "دەوڵەت" ئەویش پاش شۆڕشی سۆسیالیستی وەکوو کامڵترین چەشنی دیموکراسی پێناسە دەکا و دەڵێ: "دیموکراسیش دەوڵەتە و بەم پێیە کاتێک دەوڵەت لەنێو دەچێ، کۆتایی بە دیموکراسیش دێ. واتە دەوڵەت و دیموکراسی شانبەشانی یەک دێن و پێکەوەش لەنێو دەچن.

دیکتاتۆریی پرۆلتاریا لەگەڵ پەرەسەندنی بەرچاوی دیموکراسی، ئەویش بۆ یەکەم جار بۆ هەژاران و خەڵکی، نەک بۆ دەوڵەمەندەکان دەبێتە هۆی زەوتکردنی یەک زەنجیرە ئازادی لە ستەمکار و چەوسێنەر و سەرمایەدارەکان. "دەبێ ئێمە ئەوان سەرکوت بکەین هەتا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بەندی کۆیلەتی و بەکرێگیراویی ئازاد بکرێ. دەبێ خۆڕاگریی ئەوان بە زەبر و زۆر تێک بشکێندرێ و، بێگومان لەو جێیەی سەرکوت و بەکارهێنانی زۆر هەیە، ئازادی و دیموکراسی لێ نییە. لێنین ئاماژە بە وتەیەکی ئینگێلس دەکا" هەتا کاتێک پرۆلتاریا پێویستی بە دەوڵەت هەیە، داواکارییەکەی نەک بۆ ئازادی بەڵکوو بۆ سەرکوتی دوژمنەکانیەتی و، کاتێکیش بکرێ باس لە ئازادی بکرێ، ئیتر دەوڵەت بە مانای ڕاستەقینەی خۆی نەماوە. دیموکراسی بۆ زۆرینەی خەڵک لە لایەک و سەرکوتی بە زەبر و زۆری چەوسێنەران و ئەوانەی کە ستەم لە خەڵکی دەکەن، یانی بێبەشکردنی ئەوان لە دیموکراسی لە لایەکی دیکەوە - ئەوەیە گۆڕانکاریی دیموکراسی لە سەردەمی تێپەڕین لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم. کاتێکیش لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستیدا

چینێک نامێنێ واتە پێوەندیی ئەندامەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ ئامرازی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنان جیاوازییەکی نامێنێ" دەوڵەت لەنێو دەچێ و دەکرێ باس لە ئازادی بکرێ. تەنیا لەم سەردەمەدایە کە دێموکراسی لە ڕاستیدا بەتەواوی و بەبێ هیچ ئاوارتەیەک مسۆگەر دەکرێ و دێموکراسی ڕێگای تووناببوون دەگرێتە بەر.

افلاطون، جمهوری، ترجمه محمد حسن لطفی، ص ٤٢٦، چاپ خوشه، چاپ اول شهریورماه ١٣٥٣، تهران

سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٤٢٩

سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٤٣٧

سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٤٣٨

ارسطو، سیاست، ترجمه دکتر عمید عنایت، شرکت سهامی کتابهای جیبی، چاپ دوم ، ص ١١٩، ١٣٤٩، تهران

سەرچاوەی سەرێ، لاپەڕەی ١٢.

سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ١٦٦.

آرلینه و. ساکسون هاوس، ارسطو، ترجمه مراد فرهادپور، دایرەالمعارف دموکراسی، جلد اول، ص ١٣٧ - ١٣٦ کتابخانه تخصیصی.

وزارت امور خارجه، تهران ١٣٨٣

نشریه فلسفی - اجتماعی خرمگس، دفتر ششم، پیرامون دمکراسی، آگوست ٢٠١٦.

منتسیکو، روح‌القوانین، ترجمه علی اکبر مهتدی، ص ٩٤ چاپ ششم، انتشارات امیرکبیر ١٣٤٩.

سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ١٠٩.

سەرچاوەی سەرێ ل ١١١.

سەرچاوەی سەرێ ل ٥�

سەرچاوەی سەرێ ل ١٤٣.

سەرچاوەی سەرێ ل ١٤٤.

سەرچاوەی سەرێ ل ٢٣٥.

سەرچاوەی سەرێ ل ٢٣٧.

ژان ژاک روسو، قرارداد اجتماعی یا اصول حقوق سیاسی، ص ٨١ مترجم: منوچهر کیا، انتشارات گنجینه - ناصر خسرو بهمن ٦٦.

سەرچاوەی سەرێ ل ٨٢.

Luxury

سەرچاوەی سەرێ ل ٨٣.

سەرچاوەی سەرێ ل ٨٣.

سعید رهنما، "دمکراسی شورایی" در مقابل "دمکراسی پارلمانی"، نشر سایت نقد اقتصاد سیاسی، ژانویه ٢٠١٨.

کارل مارکس و فردریش انگلس، مانیفست حزب کمونیست، ص ٤٥ ترجمه محمد پورهرمزان، انتشارات حزب توده ایران، چاپ دوم ١٣٨٥.

سەرچاوەی سەرێ ل ٤٧.

سعید رهنما، "دمکراسی شورایی" در مقابل "دمکراسی پارلمانی"، نشر سایت نقد اقتصاد سیاسی، ژانویه ۲۰۱۸.

مارکس، انگلس، لنین، در بارەی انقلاب اجتماعی، ص ٥٠ - ٤٩ ترجمه محمد پورهرمزان، انتشارات حزب توده ایران، تهران ۱۳۵۸.

کارل کائوتسکی، دیکتاتوری پرولتاریا، ص ۲۲، ترجمه منوچهر صالحی، نشر اینترنتی پژوهش ۱۳۹۰.

سەرچاوەی سەرێ ل ۲۸.

سەرچاوەی سەرێ ل ۲۸.

سەرچاوەی سەرێ ل ۲۹.

سەرچاوەی سەرێ ل ٣٤.

سەرچاوەی سەرێ ل ٣٦.

سەرچاوەی سەرێ ل ٤٥.

ولادیمیر ایلیچ لنین، انقلاب پرولتری و کائوتسکی مرتد، ص ۲۸، ترجمه محمد پورهرمزان، انتشارات حزب توده ایران.

سەرچاوەی سەرێ ل ۲۹.

سەرچاوەی سەرێ ل ۳۵.

و. ای. لنین، دولت و انقلاب، صص ۲٥ - ٢٤ ترجمه محمد پورهرمزان و علی بیات، چاپ سوم، ۱۳۸۷، انتشارات حزب توده ایران.

سەرچاوەی سەرێ ل ۱۰۳.

سەرچاوەی سەرێ.

سەرچاوەی سەرێ ل ۱۰۳.

سەرچاوەی سەرێ ل ۱۰٤ - ۱۰۳.

(لە ژمارەی ۷٥۲ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۲ی جوونی ۲۰۱۹

------------------------------------------

# دیموکراسی و چەشنەکانی

## تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی

(۳)

لە چەند دەیەی ڕابردوودا دیموکراسی وەکوو دیارەیەکی سیاسی - مێژوویی، زۆربەی وڵاتانی جیهانی تەنیوەتەوە و سەرەڕای هەوراز و نەشێو لە ڕەوتی پەرەئەستاندن و گەشەکردنیدا، بۆتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکاری دەوڵەت و هێزە سیاسییەکانی جیهان. "لاچوونی حکوومەتە سەرەڕۆکانی پورتۆغاڵ، سپانیا و یوونان لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ۱۹۷۰ و دروستبوونی شەپۆلی دیکەی دیموکراسی لە سەرەتا و نێوەڕاستەکانی دەیەی ۱۹۸۰ لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا، هەروەها ئاسیا وەکوو کوریای باکوور، تایلەند و فیلیپین، هەروەها ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتی و دەوڵەتانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، و گۆڕانکاریی لە بەشێک لە وڵاتانی بیابانی ئەفریقا لە دەیەی ۱۹۸۰ و سەرەتای ۱۹۹۰ سیمای جیهانی تووشی گۆڕانێکی بەرچاو کرد. ساڵی ۱۹۷۰ زایینی، زۆرینەی وڵاتانی جیهان لە ژێر حوکمی حکوومەتە سەرەڕۆکاندا بوون، بەڵام بەپێی ئامارێک، هەتا ساڵی ۱۹۹۵ لە ۱۹۱ وڵاتی جیهان، ۱۱٤ یان خاوەنی سێ شەرت و تایبەتمەندیی دیموکراسی بوون" واتە: هەبوونی ڕکەبەری و ڕێفراندۆمی بە ئینساف بۆ وەدەستهێنانی پلە و پایەی دەوڵەتیی بێ بەکارهێنانی زەبر و زۆر یان قرتاندن، هەروەها بێ بەشکردنی هیچ گرووپێک لە کۆمەڵگە و هەبوونی ئازادیی مەدەنی و سیاسیی بۆ زەمانەتکردنی سڵامەتیی ڕکەبەری سیاسیی. لەم چەشنە دیموکراسییەدا دەستەڵاتدارانی وڵات وڵامدەر و بەرپرسیارن بەرامبەر بە هاووڵاتییان و، خەڵک بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژاردەی خۆیانەوە حکوومەت دەکەن.

لێرەدا جیاوازیی حکوومەتێکی دیموکراتیک لە ڕێژیمەکانی دیکە لە شێوەی ڕاگوێزتنی دەستەڵات، بەرپرسیارییەتی و وڵامدانەوەی ڕێبەرانی وڵات بەپێی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتەکەیە، کە لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە پەسەندکراوە. یاسای بنەڕەتی لێرەدا ئامرازێکە کە چوارچێوەی دەستەڵاتی حکوومەت دیاریی دەکا و پێش بە سەرەڕۆیی حکوومەت دەگرێ. واتە حکوومەتێک کە لەسەر بنەمای قانوونی بنەڕەتی پێکهاتبێ، حکوومەتێکە کە لە ڕێگای قانوونەوە هەم لە بواری دەستەڵاتی خۆی و هەم لە شێوەی بەڕێوەبردنی قانوونەکاندا، مەیدانی لێ سنووردار دەکرێ. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەر سیستمێکی خەڵکسالاردا - بێجگە لە بریتانیا، ئیسرائیل و زێلاندی نوێ - قانوونی بنەڕەتی وەک بەڵگەیەکی دارێژراو هەیە. لە سیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی وەکوو ئاڵمان و ئامریکا، دەستەڵاتی دادوەری مافی پێداچوونەوەی دادگەریانەی هەیە و بەپێی ئەو دەستەڵاتەی کە هەیەتی دەتوانێ ئەو یاسایانەی لە لایەن دەستەڵاتی یاسادانانەوە (مقننه) پەسندکراوە بەڵام لە دژایەتی لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵاتەکەدایە، هەڵوەشێنێتەوە.

هاوکات لە حکوومەتێکی دیموکراتدا هاووڵاتیش خۆی پابەند بە ڕەعایەتی قانوون و قاعیدە دابینکراوەکانی وڵاتەکەی دەزانێ. بە گشتیی هاووڵاتیان لە دیموکراسییەکاندا خاڵێکی گرینگ و دیارن. هەر چەند تەواوی ڕێژیمەکان لە دەستەڵاتداران و خەڵک پێک دێن، بەڵام تەنیا لە دیموکراسییەکاندا مافی شارۆمەندان لەبەر چاو دەگیرێ و بەرابەریی سیاسیی تەواوی شارۆمەندان وەکوو خاڵێکی گرینگ لە ژیانی کۆمەڵگەدا مسۆگەر دەکرێ.

بەرابەریی سیاسی، حقووقی و ئاکاری(ئەخلاقی)ی تەواویی شارۆمەندان یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی دیموکراسییە. واتە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا شارۆمەندی پلەی یەک و دوو نییە و، هەر کەس بە یەک کەس دەژمێردرێ، نەک زۆرتر. بەرابەریی سیاسی لێرەدا بریتییە لە مافی هەر شارۆمەندێک بۆ بەربژێر بوون و دەنگدان. واتە کەس مافی زۆرتر لە دەنگێکی نییە و ڕێژەی دانیشتووانی ناوەندەکانی هەڵبژاردنیش بەلانیکەم دەبێ وەکوو یەک بن هەتا قورسایی هەر دەنگێک لە هەر کامیاندا کەم و زۆر بەرامبەر بمێنێتەوە.

بەرابەریی حقووقی بریتییە لە هەبوونی مافی پشتیوانی لێکران لە لایەن قانوونەوە، هەروەها زەوتنەکرانی مافی هیچ کەس بە هۆکاری ڕەگەزی، قەومی، جنسی و یان جۆری ڕەچەڵەک، بیر و باوەڕ و ئەندامەتیی گرووپێک یان هەبوونی کار و پیشەیەک.

بەرابەریی ئەخلاقیش بەو مانایەیە هەر شارۆمەندێک (لە زۆربەی بوارەکاندا تەنانەت ناشارۆمەندانیش) پێویستە مافی لۆمەکردن و ڕێزگیرانی بەرابەریان لە لایەن قانوون و سیاسەتەکانی حکوومەتەوە هەبێ. هەروەها دەرفەتی بەرابەریان بۆ کار و پیشە، دەرس خوێندن، نیشتەجێبوون، مافە سیاسییەکانیان و کەڵکوەرگرتن لە سوود و قازانجی کۆمەڵایەتی و، بەشداری لە ڕکابەرییان بۆ مسۆگەر بکرێ.

ناکۆکیی سەلیقەکان لەسەر شێوە و سنووردارکردنی ڕکەبەری، سەرچاوەی زۆرترین جیاوازی لە نێو چەشنە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسییەکان دایە. لەوەدەچێ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم وەکوو پێوەرێکی گرینگ بۆ سڵامەتیی دیموکراسی پێناسە بکرێ. واتە پێویستە بەڕێوەبردنی گشتپرسی بە شێوەیەکی سالم و دادپەروەرانە بێ و، بژاردنی دەنگەکان بە چەشنێکی بێلایەنانە و دروست بێ. ڕێفراندۆم تەوەرەی سەرەکیی دیموکراسییە و بە چەشنێکی نۆرەیی بەڕێوە دەچێ و، شارۆمەندان ڕێیان پێ دەدرێ تەنیا بەو بەربژێرانە دەنگ بدەن کە حیزبەکان دەستنیشانیان کردوون. ئەم حاڵەتە لە قۆناخە سەرەتاییەکانی ڕەوتی تێپەڕین بۆ دیموکراسی دەبێتە هۆی سەرلێشێوایی لە نێو کۆمەڵگەدا. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، لە نێوان دوو خولی هەڵبژاردندا شارۆمەندان لە ڕێگەی یەکیەتی، کۆمەڵە و بزووتنەوە مەدەنی و گرووپە خۆجێییەکان، هەروەها کۆبوونەوەی مووەکەلەکان و هتد پێویستە بەشداری لە سیاسەتە گشتییەکانی وڵاتدا بکەن.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی دەستەڵاتی زۆرینە وێڕای پاراستنی مافی کەمینەیە. واتە حکوومەتی خەلکساڵار بۆی

نییە هەر کارێک بە دڵی خۆیەتی بیکا و بە پێی قانوون ناتوانێ مافی کەمینە پێشێل بکات. ئەگەر ئەم خاڵە گرینگە جێبەجێ نەکرێ حکوومەتی دیمۆکراتیک دەبێتە چەشنێک لە حکوومەتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر. لە حکوومەتێکی دیموکراتیکدا دەسەڵاتی زۆرینە کاتێک ڕێ پێدراوە:

* تەواوی شارۆمەندان مافی بەرابەریان هەبێ،
* زۆرینە تەنیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و سنووردار مافی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی حکوومەتیی هەبێ،
* هەروەها بۆ کەمینەش لە خولی دادێی هەڵبژاردندا شانس و دەرفەتی بوون بە زۆرینە بدرێ.

لەوەدەچێ زەوتکردنی بوارگەلێک لە مافی زۆرینە بەپێی قانوونی بنەڕەتیی وڵات، شێوازێک بێ بۆ پاراستنی مافی کەمینە لە وڵاتە فرە ئەتنیکییەکاندا. بۆ وێنە لە ڕێگای:

* جاڕنامەی مافی شارۆمەندان بۆ پابەندبوونی زۆرینەی حاکم بەو قانوونانەی لە پارلەمانە ناوچەییەکاندا (کۆنفێدرالیزم) پەسەندکراون،
* مسۆگەرکردنی مافی خودموختاری بۆ دەوڵەتە خۆجێیی یان ناوچەییەکان لە بەرامبەر ویستەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا (فیدراڵیزم)،
* پێکهاتنی بەرەی بەرفراوانی تەوای حیزبەکان لە دەوڵەتدا (مەشروتیەت)،

یان

* وتوویژ بۆ گرێبەستی دوولایەنە لە نێوان گرووپە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە وەکوو خاوەنکاران و کرێکاران (نئوکۆرپۆراتیزم.)

وادێتە بەرچاو باشترین شێوەی پاراستنی مافی کەمینە، چالاکیی بەردەوام و ڕۆژانەی یەکیەتییە خاوەن بەرژوەند و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بێ. سەربەخۆیی دەزگای دادوەری، پاراستنی مافی مرۆڤ، مسۆگەرکردنی ئازادیی بیروڕا، ئایین، چاپەمەنی، ڕاگەیەنە گشتییەکان، پاراستنی مافی ژنان و منداڵان، مافی خوێندن بە بەلاش، پارێزگاری لە هەرێمی خۆیی، مافی پێکهێنانی حیزب، یەکیەتی و ئەنجومەنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، مافی پێکهێنانی متینگ و خۆپیشاندان، مافی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات و هتد لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی دێموکراسین.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکرێ، دێموکراسی سەرەڕای مسۆگەرکردنی بەرابەری لە ئازادیدا، ناتوانێ پێکهێنەری دادپەروەریی ئابووریی بێ و جیاوازیی چینایەتی لە نێو ببا. بەڵام دەتوانێ بە هۆی یاساوە ڕێخۆشکەر بێ بۆ پێکهاتن و تێکۆشانی ڕێکخراوە و بزووتنەوە مەدەنی، سیاسی و پیشەییەکان، هەروەها خەباتی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بۆ چەسپاندنی ئاشتیخوازانەی

ویست و ئاواتەکانیان لە یاسای بنەڕەتیی وڵات و گۆڕانکاری لە سیستمی دەستەڵاتدا. بەگشتی هەبوونی دێموکراسی لە وڵاتێکدا بە مانای چارەسەرکردنی کێشەی چینایەتی و باشتربوونی وەزعییەتی ژیانی ئابووریی خەڵک نییە و ئەم خاڵە ناتوانێ وەکو پێوەر یان تایبەتمەندیی دێموکراسی پێناسە بکرێ.

(لە ژمارەی ٧٥٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## دێموکراسی و چەشنەکانی

## چەشنەکانی دێموکراسی

(٤)

(کۆتایی)

چەشنی دێموکراسی لە هەر وڵاتێک پێوەندیی هەیە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری، هەروەها پێکهاتەی سیاسی و شێوەی بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە. بەپێی پێوەر و پێوانەی جیاواز، چەشنەکانی دێموکراسی وەکو دێموکراسیی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان نوێنەرایەتی، دێموکراسیی فرەئەتنیکی، لیبراڵ، کۆمەڵایەتی، سەنعەتی، پیشەسازیی و هتد دیاریی دەکرێ. لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر سێ چەشنی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ، دێموکراسیی نوێنەرایەتی و بە تایبەتیی دێموکراسیی فرەئەتنیکی. بەو پێیە کە کوردستان لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە و لە سەر خاکی کوردستانیش نەتەوە و گرووپی ئایینیی جۆراوجۆر دەژین، لەوە دەچی لە قۆناخێک لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە کیان و دەوڵەتی کورد، دێموکراسیی فرەئەتنیکی و ئەزموونی شێوەی بەڕێوەبردنی ئەم چەشنە دێموکراسییە لە کوردستانی سەربەخۆدا بۆ ئێمە گرینگییەکی زیاتری هەبێ.

### دێموکراسیی ڕاستەوخۆ

مەبەست لە دێموکراسیی ڕاستەوخۆ شێوەی بەڕێوەبردنی ئەو سیستمە سیاسیانەیە کە شارۆمەندان بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ و بێ هەڵبژاردنی نوێنەرێک بەشداری لە ڕەوتی دیاریکردنی یاساکانی وڵاتدا دەکەن. نموونەی مێژوویی ئەم چەشنە دێموکراسییە لە

یوونانی کۆن لە نێوان ساڵەکانی ٥٠٧ ی پێش زایین هەتا ٣٢٢ پێش زایین دیتراوە. لە ئاتێن خەڵک، ڕاستەوخۆ لە ڕێگای بەشداری لە ئەنجومەنی ئەو وڵاتەدا، ڕۆڵیان لە دیاری و پەسەندکردنی یاساکان، سیاسەتە نێوخۆیی و بیانییەکان، دادوەری، شەڕ و ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی دیکە و هتد دەکرد. ئەفلاتوون وەکوو ڕەخنەگری سەرسەختی ئەم چەشنە دێموکراسییە پێی وابوو بە جێگای پسپۆڕانی سیاسی، کەسانێک سەبارەت بە ژیانی سیاسی و هتدی وڵات بڕیار دەدەن کە هیچ تێگەیشتنێکیان لەم بوارانەدا نییە و بە جێگای پشتبەستن بە عەقڵ، لە ژێر کاریگەریی هەستدا، جەماعەتی فریودەر و هەڵخەڵەتێنەر کەڵکیان لێ وەردەگرن. بەشێکش لە توێژەران پێیان وابووە ئەم چەشنە دێموکراسییە تەنیا لە وڵاتێکی چکۆڵە و کەم حەشیمەتدا دەتوانێ بەڕێوە بچێ. لە سەدەی هەژدەدا ژان ژاک ڕۆسۆ لایەنگری پێکهێنانی دەستەڵاتدارەتیی خەڵک لە چەشنی ئەوەی ئاتێن و دەنگدانی تەواوی شارۆمەندە نێرینەکان لە دیاریکردنی یاساکان لە پارلەمان، بەڵام بێ بەشداریی ئەوان لە بواری بەڕێوەبردنی کارەکاندا بوو. ئەو لە سەر ئەم باوەڕەش بوو، کە ئەم چەشنە سیستەمە تەنیا لە دەوڵەت - شارێکی زۆر چکۆڵەدا وەدی دێ.

## دێموکراسیی نوێنەرایەتی یان ناڕاستەوخۆ

دێموکراسیی نوێنەرایەتی یان ناڕاستەوخۆ باوترین چەشنی دێموکراسی لە جیهانی ئەمڕۆدایە. خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەر، ناڕاستەوخۆ بەشداری لە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەکەن. لە زۆربەی ئەم کۆمەڵگەیانەدا حیزبەکانن کە نوێنەرانی خۆیان بۆ بەشداری لە پارلەمان و بە دەستەوەگرتنی دەستەڵاتی سیاسی بەربژێر دەکەن و خەڵک لە نێو ئەواندا، نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن. لەم چەشنە وڵاتانەدا خەڵک لە ڕێگای ڕێکخراوە مەدەنییەکان، یەکیەتییە پیشەییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکان بەشداری لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا دەکەن. بە پێی ئەم دێموکراسییە، هەڵبژێردراوەکانی خەڵک پێویستە پارێزەری بەرژەوەندی، ئاوات و ویستی شارۆمەندە ئازادەکان بن. بەو پێیە کە بەربژێری ڕەوتی هەڵبژاردن پێویستی بە پارە، کاتی ئازاد و شیاو بۆ پێڕاگەیشتن بە کارو بارەکانی هەیە، بەکردەوە تەنیا کەسێک ئەو دەرفەتەی بۆ دەرەخسێ کە ئەندامی حیزبێکی خاوەن پارە و ڕێکخراوەیەکی بە هێز بێ کە ئەندام و کارگێڕی مزبەر و کارا، ئۆرگانی بە هێزی ڕاگەیاندن و هتدی هەبێ. بەم پێیە، شارۆمەندان نوێنەرانی خۆیان لە نێو ئەو بەربژێرانەی هەڵدەبژێرن کە پێشتر لە لایەن حیزبەکانەوە دیاریکراون. یەکێک لە خاڵە پێویستەکانی بەربژێر لەم چەشنە دێموکراسییەدا هەبوونی سیمایەکی شیاو و توانایە کە بەباشی بۆ ئەم چەشنە کاروبارە پەروەردە و ئامادە کرابێ. لە وڵاتێکی سەرمایەداریدا بە هۆی بوونی چین و توێژی جۆراوجۆر و ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەر کەسێک توانای گەیشتنی بەم پلەیەی نییە و ئەم دەرفەتە بە کردەوە لە دەست گرووپێکی باش پەروەردەکراو و ڕۆشنبیردا قەتیس دەمێنێتەوە. بێگومان ئەگەر تاکێکی سەربەخۆی ناحیزبی بەربژێری پارلمان و سەرۆککۆماریی بێ، بە هۆی نەبوونی دەرفەتی ماڵی و ئینسانی بۆ بانگەشەکردن و هتد ئەگەری سەرکەوتنی ئەگەر نەڵێین نزیک بە سیفر، لە نزمترین ئاست دایە.

## دێموکراسی فرەنەتنیکی

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کەمتر وڵاتێک دەبیندرێ کە پێکهاتەیەکی یەک ئەتنیکی هەبێ. لە قاڕڕەی ئورووپا بەپێی پێوەری ئەتنیکی

نزیک بە ٩٠ گەل دانیشتووی ٣٦ وڵاتن، واتە ژمارەی گەلە ئوروپاییەکان نزیک بە دوو جار زۆرتر لە ژمارەی وڵاتەکانە. بەم پێیە زۆربەی ئەم وڵاتانە بە چەشنێک تووشی کێشە جۆراوجۆرە ئەتنیکیەکانن.(١) ئەم حاڵەتە لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و دوور گەلێک ئاڵۆزتریشە. لە نیوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدە زۆربەی زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی لە سەر ئەم باوەڕە بوون دابەشبوونی کۆمەڵگە بە گرووپە جۆراوجۆرە ئەتنیکییەکان بەربەستێکی گەورە بۆ گەیشتن و جێبەجێکردنی دیموکراسییەکی سەقامگرتوویە. جان ستوارت میل بیرمەندی سیاسی لە ساڵی ١٨٦١ز. پێی وابوو «لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا ئەگەری پێکهێنانی ڕێکخراوە ئازادەکان تا ڕادەیەک کەمە، بە تایبەتی کاتێک ئەم گرووپە ئەتنیکییانە پێکەوە جیاوازیی زمانییشیان هەبێ.(...) ڕووداو، کردەوە و سیاسەتی وەکیەک(هاوشێوە) بە چەشنی جۆراوجۆر کاریگەرییان لەسەر ئەوان هەیە و، هەر نەتەوەیەک زۆرتر ترسی لە زیان پێگەیشتن بە هۆی نەتەوەیەکی دیکەوە هەیە هەتا حوکمڕانی گشتی، واتە دەوڵەت.»(٢) بە پێی بیرۆکەی ستوارت میل بڕیاردانی دێموکراتیک تەنیا لە حالەتێکدا دەتوانێ کارامە بێ، کە ئەو جیاوازییانەی قەرارە لە ناو بچن، زۆر نەبن. بەم پێیە ئەگەر بۆ دێموکراسی، کۆمەڵگەیەکی تەواو هاوچەشنیش زۆر پێویست نەبێ، بەڵام لانیکەمێک لە یەکیەتی و تەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێویستە.

هەتا ئێستا چوار شێواز بۆ چارەسەرکردن و لەنێوبردنی جیاوازیی قەومی دیتراوە: کوشتاری قەومی و دەرکردن واتە سڕینەوەی قەوم یان نەتەوەیەک، پارچەپارچەکردنی وڵات وەکوو ئاکامی شەڕ و گشتپرسی یان هەوڵدان بۆ ئەنتگراسیۆن. ئەم حاڵەتانە دەتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان ببنە هۆی کۆمەڵکوژی، تواندنەوەی کەمینەکان، یان هەڵوەشانەوەی وڵاتێکی چەند ئەتنیکی. دێموکراسی فرەئەتنیکی هەوڵ و شێوازێکە بۆ پێکهێنانی بارودۆخێکی شیاو بۆ پێکەوەژیانی گرووپە جۆراوجۆرە ئەتنیکی، فەرهەنگی و ئایینیەکان، بێ هەڵوەشانەوەی ستروکتوری جوغرافیای سیاسی و تێکچوونی یەکپارچەیی ئەرزیی ئەو وڵاتانە.

لەم چەشنە سیستەمە سیاسییەدا چەند گرووپی ئەتنیکی، هەروەها ئایینی یان فەرهەنگی بەشداری لە دەستەڵات و بڕیارە سیاسییەکانی وڵاتدا دەکەن. تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە دێموکراسییە بریتین لە:

* بەشداریی نوێنەرانی سەرەکی ئەتنیکەکان لە ڕەوتی بڕیاردان،
* هەبوونی ڕادەیەکی زۆر لە مافی خودموختاریی نێوخۆیی،
* دابەشکردنی دەستەڵات بە پێی گرینگیی گرووپەکان،
* هەروەها مافی ڤێتۆکردن لە لایەن کەمینەکانەوە.

لەم دێموکراسییەدا، لەوەدەچێ شێوەی بڕیاردان بە تایبەتی لە بواری بەڕێوەبردندا شکڵی جۆراوجۆری ڕێکخراوەیی هەبێ. باوترین چەشن، پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەرفراوانی هاوپەیمان لە دێموکراسیی پارلمانی وەکو بێلژیک، مالێزی و دەستەڵاتی بەڕێوەبردنی حەوت کەسی لە سویس دایە. لە سویس ئەم ٧ کەسە نوێنەری تەواوی گرووپە ئایینی و زمانییەکان، هەروەها چوار حیزبی سەرەکیی ئەو وڵاتەن. سەرۆک کۆمار بە نۆرە لێیان هەڵ دەبژێردرێ و سەرۆکایەتیی بەڕێوەبەرییەکە لە نێو حەوت ئەندامی شووڕای فیدراڵیدا

دەسووڕێتەوە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرنگایەتیی دەستەڵاتی بەڕێوەبەریی و ڕێبەریی کاریزماتیک. لەوەدچێ زۆر جار سویسییەکان تەنانەت زانیارییەکی وردیان سەبارەت بە سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان نەبێ. سیستمی سیاسیی سویس لە چەشنی کۆنفیدراڵ و ناکۆجێیە و شارۆمەندی لە سەرەتادا لە کۆمۆن، پاشان کانتۆن و لە کۆتاییدا لە حکوومەتی ناوەندی یان فیدراڵ لە بێرن سەرچاوە دەگرێ. واتە کاتێک لە سویسییەک پرسیار بکرێ خەڵکی کوێیە، لە سەرەتادا بۆ وێنە دەڵێ خەڵکی کۆمۆنی فراوئنکاپلێن، پاشان خەڵکی کانتۆنی بێرن و لە کۆتاییدا خەڵکی سویسە. سویس وڵاتێکی پلورالیستییە و چوار زمانی ئاڵمانی، فەرانسەیی، ئیتالیایی و ڕۆمانیایی زمانە فەرمییەکانی ئەم وڵاتەن و بە پێی ماددەی ٧٠ی قانوونی فیدراڵ - ئاڵمانی، فەرانسەیی و ئیتالیایی هاوکات زمانی فەرمی و ئیداریی دەوڵەتی فیدراڵن و تەواوی یاسا و ڕێساکان بەم زمانانە چاپ و بڵاو دەبنەوە.

پێکهێنانی هاوپەیمانی لە سیستمی سەرۆک کۆماریدا هەرچەند تا ڕادەیەک لە سیستمی پارلەمانی چەتوونترە، بەڵام ئەگەری دابینکردنی هەیە. بۆ وێنە لە لوبنان پلە و پایەکانی دەستەڵات لە نێوان گرووپە نەتەوەیی و ئایینیەکان دابەش کراوە. سەرۆک کۆمار بۆ مسیحییە مارۆنیەکان، سەرۆک وەزیری بۆ موسڵمانە سوننەکان و سەرۆکی پارلەمان بۆ موسڵمانە شیعەکان لەبەرچاو گیراوە.

لە دێموکراسیی فرەئەتنیکیدا، پەسەندکردنی بڕیارە گشتییەکان لە لایەن نوێنەرانی گرووپە جۆراوجۆرە ئەتنیکی و ئایینیەکانەوە بە ئاکام دەگا، بەڵام بڕیاردان لە کاروباری نێوخۆیی هەر ناوچەیەکی ئەتنیکی لە دەستەڵاتی نەتەوەکانی ئەو ناوچانەدایە. ئەگەر چڕ بوونەوەی گرووپە ئەتنیکییەکان باری جوگرافیایی هەبێ، لەوانەیە خودموختاریی ئەوان لە شێوەی فیدراڵیدا جێبەجێ ببێ، کە لەودا سنوورەکانی فیدراڵ لە گەڵ سنوورە ئەتنیکییەکان پێ بە پێی یەکترن و لە ئاکامدا یەکەی ئەرزی(بەشەخاک)ی دیاریکراو بۆ هەر پێکهاتەیەکی ئیتنیکی، بە تەواوی وەک یەک یا زۆرهاوشێوەی یەکتر دەبن. وەکو سویس کە زۆربەی کانتۆنەکانی یەک زمانین، یان ئەیالەتی کوبێک لە کەنادا کە زۆربەی دانیشتووانی فەرانسەیی زمانن. لە کاتی تێکەڵبوونی ئەتنیکەکان لە باری جوگرافیاییەوە خودموختاری شکڵی نائەرزی بە خۆیەوە دەگرێ. بۆ وێنە بە پێی یاسای بنەڕەتیی ساڵی ١٩٦٠ی قیبرس، دوو پارلەمانی هاوبەشی جیا بۆ یوونانیەکان و تورکەکانی ئەم وڵاتە پێکهاتوون کە دەستەڵاتی یاسادانانی تایبەتییان لە بواری ئایینی، فەرهەنگی و پەروەردەکردن هەیە. دەنگدەرانی یوونانی و تورک جیا لە یەک، دەنگ بە پارلەمانی خۆیان دەدەن.

لە دێموکراسیی فرەئەتنیکی هاوڕێژەیی پێوەرێکی سەرەتایی بۆ نوێنەرایەتی سیاسی، وەدەستهێنانی پلە و پایەی فەرمی و دیاریکردنی سەرچاوە میللییەکانە و دابەشکردنی پلەکانی پارلەمان و دەوڵەت دەتوانێ بە پێی ڕێژەی دانیشتووان و گرینگی تاقمە ئەتنیکییەکان بێ. کەڵک وەرگرتن لە سیستمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، گشتیترین و شیاوترین شێوەی دیاریکردنی نوێنەرایەتی ئەم گرووپانە لە پارلەماندایە، ئەم حاڵەتە بۆ وێنە لە سویس و بلژیکدا دەبیندرێ.

شێوەکانی نیوەهاوڕێژەیی دەتوانێ مافی نوێنەرایەتی کەمینەکان مسۆگەر کات (بۆ وێنە لە لوبنان). لەو وڵاتانەی کە گرووپە ئەتنیکییەکان لە ناوچەیەکی تایبەتی جوگرافیاییدا جێگیرن(وەکوو کانادا) سیستمی یەکەکانی هەڵبژاردنی نوێنەر لەوەدەچێ

هاوڕێژەییەکی شیاو پێک بێنێ. لەبەرچاوگرتنی ژمارییەکی دیاریکراو لە کورسییەکانی پارلەمان بۆ گرووپە ئەتنیکییەکان بە پێی ڕێککەوتنێکی نافەرمی (بۆ وێنە لە مالیزی) شێوەیەکی دیکە بۆ دابینکردنی مافی کەمینەکانە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم چەشنە دێموکراسییە، مافی ڤێتۆکردن لە لایەن کەمینەکانەوەیە و ئەم حاڵەتە لە پێوەندی لەگەڵ بابەتە گرینگ و بنەڕەتییەکان وەکو بڕیاردان سەبارەت بە سیستمی هەڵبژاردن، پەسەندکردنی قانوونی باجدان، سیستمی شارەدارییەکان و هتد دەبیندرێ و زۆرتر بە پێی ڕێککەوتنی نافەرمیی گرووپە ئەتنیکییەکانە نەک ڕێسا فەرمی و قانوونیەکان یاخود یاسای بنەڕەتی وڵات.

وێڕای لەبەر چاوگرتنی ئەم تایبەتمەندییانەی دێموکراسیی فرەئەتنیکی، لەوەدەچێ مەترسی سەرکوتکردنی تەواوی گەل و کەمینەکانی دیکە لە لایەن گەلێکی دیکەوە هەرچەند بە ئەندازەی دەوڵەتێکی یەک نەتەوەییش نەبێ کە لەسەر بنەمای قەومییەتەوە پێک هاتبێ، بەڵام وەکوو ئەگەرێک بە تەواییش ڕەت ناکرێتەوە و تەنانەت ئەم مەترسییە هەیە کە چەند گرووپی ئەتنیکی پاش بە دەستەوەگرتنی دەستەڵات دەست بکەن بە چەوساندەوەی گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکە. سەرەڕای ئەوەش تایبەتمەندیی ئەم چەشنە دەوڵەتانە قبووڵکردن و بە فەرمی ناسینی جیاوازیی ئەتنیکیی گرووپە قەومی و نەتەوەییەکان و بەشداریی ئەوان لە چارەنووسی سیاسی خۆیان و گشت کۆمەڵگەدایە.

لەوەدەچێ لە وڵاتە فرە ئەتنیکییەکاندا ناتەبایی و جیاوازیی فەرهەنگی، ئایینی، قەومی، زمانی، ئایدیۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها کێشە لە ڕەوتی هەڵبژاردن و دەنگدان بەستێنێک بۆ پێکهاتنی زۆرینەیەکی سەرکەوتوو و کەمینەیەکی هەمیشە دۆڕاو، هەروەها ڕێخۆشکەری سەرەڕۆیی زۆرینە، لێکدابڕان و تەنانەت شەڕی نیوخۆیی بێ. لەم حاڵەتەدا چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگای سازان و وتوویژ هەتا گەیشتن بە ڕێککەوتن و خۆپارێزی لە بڕیاردان بەپێی دەنگی زۆرینەیە، دەتوانێ شێوازێکی شیاو بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی ڕووداوە ناخوازیارەکان بێ. تەنانەت لە پارلەمان و شووڕای فیدراڵی ئاڵمانیش (نوێنەرایەتیی ئەیالەتەکان لە ئاستی فیدراڵدا) وەکو وڵاتێکی یەک نەتەوەیی، زۆر جار کێشەی نێوان دوو حیزبی ئۆپۆزیسیۆنی زۆرینە لە ڕێگای سازان و پێکهاتنەوە چارەسەر دەکرێ.

سەرەڕای ئەوە کە دێموکراسیی فرەئەتنیکی، شێوازێکی مەدەنی بۆ چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشە نەتەوەییەکانە، بەڵام ئەستەمە بۆ وێنە کێشەی کورد هەتا دەستەبەرنەبوونی مافی چارەی خۆنووسین و پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئەم چەشنە دێموکراسییەدا بە یەکجاریی چارەسەر بکرێ. بەڵام دابینکردنی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە دەتوانی بارودۆخی پێویست و یاسایی بۆ کار و چالاکیی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە بیرو ڕای جۆراوجۆرەوە، گشتپرسییەکی دێموکراتیک و دەنگدانی ئازادانەی خەڵک بۆ مانەوە یان نەمانەوەی ئەوان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا. پێک بێنێ. واتە بڕیاری کۆتایی بدرێتە دەست خەڵک هەتا ئەوان بە پێی ئاگایی و بەرژوەندی نەتەوەیی خۆیان دەنگ بە دادێی ژیانی سیاسی خۆیان و وڵاتەکەیان بدەن. بۆ وێنە لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی

سکاتلەند لە ١٨ی سپتامبری ٢٠١٤ کە بە پێی ڕێککەوتنی دەوڵەتی سکاتلەند و بریتانیا بەڕێوەچوو، لە سەتا ٥٥ی خەڵکی سکاتلەند بە پێچەوانەی ئەو شتەی چاوەڕەوانی دەکرا، دەنگیان بە جیانەبوونەوە لە بریتانیا دا، و حیزبی نەتەوەیی سکاتلەندیش وێڕای قبووڵی ئاکامی ڕێفراندۆمەکە درێژە بە چالاکیی خۆی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەدا. لە ٢٨ مارسی ٢٠١٧ پارلەمانی سکاتلەند دەنگی ئەرێنی بە جیابوونەوە لە بریتانیا داوەتەوە. لێرەدایە کە ناسیۆنالیزم و دێموکراسی پێوەندییەکی بە هێزیان بۆ چارەسەریی کێشەکان هەیە و بە پێی وتەی گیا نۆدیا وەزیری پێشووی پەروەردە لە گورجستان» بیرو هزری ناسیۆنالیزم بێ دێموکراسی وەدی نایە - لە ڕاستیدا بە خەیاڵیشدا نایە، و دێموکراسی هیچ کاتێک ناتوانێ بێ ناسیۆنالیزم بوونی هەبێ. ئەم دووانە بە چەشنێکی گەلێک ئاڵۆز لێکئالاون و ناتوانن بێ یەکتری بژین، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێکەوەژیانیان تا ڕادەیەکی زۆر لە گرژییەکی هەمیشەیی دایە.»(٣)

زۆر جار تێکەڵاوبوونی نەتەوەکان لە بواری جوگرافیایی وەکو هۆیەک بۆ پێکەوە ژیانی بە ناچاری نەتەوە و گەلە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەک و پارێزکردن لە هەوڵ و چالاکی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێ. لە نێو تاقمێک لە حیزب و کەسایەتییەکانی کوردیش هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد تەنانەت لە چوارچێوەی فیدراڵیزمی جوغرافیایی و دیاریکردنی سنووری نیشتمانیی کورد وەکوو ڕێخۆشکەری شەڕی نیونەتەوەیی گەلە دراوسییەکان پێناسە دەکرێ و باس لە تەواوبوونی کاتی دەوڵەتسازی و ناسیۆنالیزمی کورد لە سەدەی ٢١ و چارەسەریی کێشەی کورد و گەلانی دیکە لە چوارچێوەی مافی شارۆمەندیدا دەکرێ.

جان ستوارت میل لە کتێبی «حکوومەتی هەڵبژاردە» پێی وابوو گەلەکانی مەجارستان وەکو مەجار، سلۆواک، کروات، سێرب، ڕۆمانیایی و (لە ناوچەگەلێک) ژێرمەنەکان لە باری جوگرافیاییەوە وەها لێکگرێدراون کە هیچ ئەگەرێک بۆ جیاکردنەوەی ناوچەی ئەوان، هەروەها هیچ ڕێگایەک بێجگە لە پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و پەیرەوی کردنیان لە ماف و یاساکانی بەرامبەر نییە» بەڵام ئەمڕۆکە، هەرکام لەم نەتەوانە سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی کەمیان وەکوو کەمینە لە چوارچێوەی چەند وڵاتیشدا دەژین، دوڵەت و کیانی نەتەوەیی خۆیان پێک هێناوە. مەجارستان بە پێی پەیمانی ئاشتی تریانۆن لە ساڵی ١٩٢٠ لە سەتا ٧١ی زەوی و سەتا ٥٨ی دانیشتووانی خۆی لەدەست دا. مەجارستان ئەمڕۆ لە باکوورەوە لەگەڵ سلۆواکی، لە ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ڕۆمانی، لەباشورەوە لەگەڵ سێربستان و کرواسی، لە باشوری ڕۆژئاوا لەگەڵ سلۆوانی و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ ئوتریش، هەروەها لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئۆکرائین هاوسنوورە.

جوغرافیایی سیاسی وڵاتەکان لە دوو سەدەی ڕابردوودا بە پێچەوانەی ویست و خواستی نەتەوە باڵادەست و حکوومەتە سەرەڕۆکان زۆرتر بە پێی ئاڵوگۆڕە سیاسیی جیهانی و ناوچەییەکان بە تەواویی گۆڕدراوە. « لە ساڵی شۆڕشی فەڕانسە (١٧٨٩) لە هەموو جیهاندا ٢٣ دەوڵەت هەبوو. لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤) ژمارەی دەوڵەتانی قارەی ئەفریقا نەدەگەیشتە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک، هەمووی ئەم قاڕەیە موستەعمەرەی وڵاتانی بەریتانیا، پورتەقاڵ، بلژیک، فەرانسە و و هولەند و... بوون؛ ئێستا ژمارەی وڵاتانی ئەم قاڕەیە پتر لە ٥٠ وڵاتە. لە کاتی دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ ژمارەی

ئەو وڵاتانەی بوون بە ئەندام لەو ڕێکخراوە ئەدەگەیشتە ٦٠ وڵات لە دەیەی ٥٠، ٦٠ و ٧٠ی زایینی پتر لە سەد وڵاتی تازە هاتنە سەر نەخشەی جوگرافیا، ئێستا ١٩٧ وڵات لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی کورسین. داگیرکەرانی ئەو وڵاتانە ناچار بوون لە ئاست ئیرادەی نەتەوە سەربەخۆخوازەکان هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە بکەن. داگیرکەرانی کوردستان نە لە بریتانیا، نە لە فەڕانسە، نە لە ئامریکا و نە یەکیەتی سۆڤییەت بە هێزتر نین کە ناچار کران هیندوستان، ئەلجەزایر، ڤێتنام و ئەفغانستان بەجێ بێڵێ.(٥) پچڕاندنی ئەو پەتە(بەندە) سیاسییانەی کە خاکی نەتەوەیەک بە پێچەوانەی ویستی خۆی بە نەتەوەیەکی دیکە دەلکێنێ مافێکی ڕەوا و ئینسانیە. ئەم پێداویستیە بە شێوەیەکی جوان لە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ز گەڵاڵە کراوە» کاتێک لە ڕەوتی ڕووداوەکانی مرۆڤایەتی، نەتەوەیەک بۆ وەدەستهێنانی شوێنی جیا و بەرابەری خۆی لە نێوان هێزەکانی گوێ زەوی، کە بە پێی یاساکانی سروشت و سرشتی خودا ڕێگەی‌پێدراوە ناچار بە پچڕاندنی ئەو پەتە سیاسییانەی دەبێ کە ئەوانی بە نەتەوەیەکی دیکە لکاندوە، پێویستە ئەوان بە پێی ڕێزلێنانی شیاو لە بیرو ڕای مرۆڤەکان ئاماژە بەو هۆیانەی بکەن کە ناچاریان بە جیابوونەوە دەکا». بەم پێیە مافی بە دەوڵەتبوون مافێکی ڕەوا و ئینسانیە، بەڵام پێویستە هۆی جیابوونەوەکە، شی بکرێتەوە و بڕیاری کۆتایی بە پێی دێموکراسی نەک بە ڕێکخراوەیەکی تایبەتیی بەڵکوو بە خەڵک بسپێردرێ.

## کۆتایی

پرۆفسۆر سامویل هانتینگتۆن ڕاوێژکاری سیاسەتی بیانی و مامۆستای دەوڵەتیی زانستگای هاروارد لە بابەتێک بە ناوی «هەوراز و نشێوی شەپۆلەکانی دێموکراسی» لە ساڵی ١٩٩١ باس لە سێ شەپۆلی دێموکراسی سازی لە جیهان دەکا. دەستپێکی یەکەم بەرزەشەپۆلی دێموکراسی لە ساڵەکانی ١٨٢٠ی ز بە پێی پەرەگرتنی پانتایی مافی دەنگدان بۆ بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. ئەم شەپۆلە نزیک بە سەدەیەکی خایاند و هەتا ساڵی ١٩٢٦ز هۆی سەرهەڵدانی ٢٩ حکوومەتی خەلکسالار بووە. بەدەستەڵات گەیشتنی موسولینی لە ساڵی ١٩٢٢ لە ئیتالیا سەرەتای دەستپێکی شەپۆلێکی پێچەوانە و دابەزینی ژماری حکوومەتە خەڵکسالارەکان بە ١٢ وڵات لە ساڵی ١٩٤٢ بووە.

سەرکەوتنی وڵاتانی هاوپەیمان (متفقین) لە شەڕی دووهەمی جیهانی دەستپێکەری شەپۆلی دووهەمی دێموکراسی بووە، شەپۆلێک کە دەچوو ژماری حکوومەتە خەلکسالارەکان لە ساڵی ١٩٦٢ بە ٣٦ وڵات بگەیەنێ. ڕەوتێکی پێچەوانە کە لە ساڵی ١٩٦٠ دەستی پێکرد و هەتا ١٩٧٥ دەوامی بوو، هۆی دابەزینی حکوومەتە دیموکراتەکان بە ٣٠ی وڵات بوو. شەپۆلی سێهەم لە ساڵەکانی ١٩٨٠-١٩٧٠ هاوکاتە لەگەڵ دامەزرانی حکوومەتە دێموکراتیکەکان لە یوونان، سپانیا و پورتۆغاڵ، وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین، هەروەها کۆرەی باشوور، تایلەند و فلیپین لە ئاسیا و پاشان ڕووخانی یەکیەتی سۆڤییەتی و بەرەی هاوپەیمانی لە ڕۆژهەڵاتی ئوورووپا و سەرهەڵدانی چەندین وڵاتی سەربەخۆی تازە لە سەر نەخشەی جیهاندا. هەرچەند پێش ساڵی ١٩٩٠ بەلانیکەم دوو خەڵکسالاریی شەپۆلی سیهەمی واتە سوودان و نیجێریە ڕۆتی پێچەوانەی خۆیان بەرەو دیکتاتۆری تەواو کردبووە، بەڵام بەلانیکەم لە نیوان ساڵەکانی ١٩٧٤ هەتا ١٩٩٠ ٣٠ وڵات ڕەوتی چوونە نیو دێموکراسیان تێپەراند و بە پێی ئامارێک، هەتا ساڵی ١٩٩٥ لە ١٩١ وڵاتی جیهان، ١١٤یان خاوەنی

تایبەتمەندییەکانی دێموکراسی بوون.

گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەم وێڕای گەلێک بەربەست و کۆسپ لە بەرامبەر بە دێموکراسی پێشاندەری جیهانیبوونی هەرچی زۆرتری ئەم ڕەوتەیە و ئیتر ناکرێ بێ دابینکردنی دێموکراسییەکی سەقامگرتوو کێشە سەرەکییەکانی ولاتێک و یەک لەوان کێشەی ئەتنیکی بە چەشنێکی مەدەنی چارەسەر بکرێ. بە پێی ئامارەکان، کێشە و شەڕی نێوخۆیی وڵاتەکان گەلێک زۆرتر لە کێشە و شەڕی نێوان دەوڵەتەکانە و تەنیا لە ساڵی ٢٠١٣ لە ٤١٤ کێشەی جیهانی، ٧٧ی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە و قەیرانی نێوان دەوڵەتەکان و ٣٣٧ی کێشە نێوخۆییەکان بووە و ئەم کێشانە تەواوی گۆیّ زەوی لە ناوچەکانی ئاسیاوە هەتا قاڕەی ئەمریکا تەنیوەتەوە.(٦)

کێشەی کوردیش یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستانە و هەتا چارەسەرنەبوونی یەکجاریی ئەم کێشەیە و نەگەیشتنی ئەوان بە مافی چارەی خۆنووسین بەردەوام دەمێنێتەوە. نەبوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە بەربەستێکی سەرەکی بۆ چارەسەریی ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردە. لەسەر کاربوونی دەوڵەتە سەرەڕۆکان ئیزنی چالاکییەکەی یاسایی بە حیزبە کوردستانیەکان نەداوە و سەرکوت، گرتن و کووشتنی ئازادیخوازانی کورد بەردەوام سیاسەتی سەرەکی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووە. لەم ڕەوتەدا حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانیش بێ لەبەرچاوگرتنی دروشمی کاتی یان درێژخایەن بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی خەڵکو ڕێکخستنیان لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرە سیاسیی و مەدەنیەکان، پێویستیان بە بارودۆخێکی ئازاد و دێموکرات هەیە تا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی گەڵەکەیان هەبێ.

نەبوونی ئازادی، دێموکراسی و میکانیزمی قانوونی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی نەتەوەیی، هەروەها درێژەپێدانی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی ناوەندی، تەنیا هۆی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە و ڕادیکاڵیزەبوونی هەر چی زۆرتری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد بووە. گۆڕانی سیستمی دەستەڵات لە وڵاتە داگیرکەرەکان و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکرات کە باوەڕی بە فرەنەتەوەیی بوونی وڵاتەکان و هەبوونی کێشەی نەتەوەیی بێ، دەتوانێ بەستێنێکی شیاو بۆ خەباتی ئاشتیخوازانە حیزبە کوردستانیەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پێک بێنێ.

**سەرچاوەکان**:


١) پروفسور دکتر هانس پترنویهولد، حق تعیین سرنوشت خلقها یا صیانت از اقلیتها، دمکراسی و انتگراسیون؟ ص ١٣٨، پروفسور دکتر کریستیان پان، سازمانیابی سیاسی اقلیتهای ملی بەمثابە پیش‌شرط مشارکت دمکراتیک، ص ١٩٤ ترجمە ناصر ایرانپور، بازاندیشی در برخی مفاهیم کلیدی فلسفەی سیاسی، جلد اول، نشر روشنفگری،
آلمان ١٣٩٥.

٢) جان استوارت میل، حکومت انتخابی، ص ٣١٤، ترجمە علی رامین، کتابخانە الکترونیکی امین، ١٣٩٦.

٣) وەرگیراو لە : جامعه مدنی، گفتارها، زمینەها و تجربەها، کاظم علمداری، ص ١١٤، توانا، آموزشکده آنلاین برای جامعه مدنی، ٢٠١٥.

٤) جان استوارت میل، حکومت انتخابی ص ٣١٨، ترجمه علی رامین، کتابخانه الکترونیکی امین ١٣٩٦.

٥) سمایل بازیار، ڕۆژی گەشبینی بە داهاتووی خەباتی شوناسخوازیی کورد، کوردستان و کورد ئورگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ژمارەی ٧٤٠، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٧.

٦) وەرگێراو لە صلح، عدالت و دموکراسی در جوامع چند قومیتی: دموکراسی توافقی با تاکید بر مقایسه تطبیقی کشورهای بوسنی هرزگوین و عراق، ستار عزیزی.

(لە ژمارەی ٧٥٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

-------------------------------------------------

## حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان

سەدەی ٢٠ی زایینی سەدەی ململانێ و کێشەی توندی سیاسی لە ئاستی جیهان، لەنێو چوونی ئیمپراتورییەکان، تێکچوونی سنوورە فەرمییەکانی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە. هەرچەند شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هۆی سەرهەڵدان و دامەزرانی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکانی ئەمڕۆیی بوو، بەڵام سەرەڕای جێ باسبوونی کێشەی کورد لە ئاستی جیهاندا، مخابن بۆ کورد ئاکامێکی ئەرێنی واتە بە دەوڵەتبوونی بەدوادا نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، ڕووداوەکانی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ئاستی بزووتنەوەی کوردی گەیاندە قۆناخێکی بەرزتر و، دامەزرانی حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگ و شکڵێکی نوێ و ئەورۆیی بە خەباتی گەلی کورد دا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لە نێو جەماوەی خەڵک و کۆکردنەوەی ئەوان بۆ خەباتێکی ئەمڕۆیانە لە پێناوی گەیشتن بە مافی نەتەوەیی گێڕا. دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویی لەژێر ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە هەرە دەسکەوتە پیرۆزەکانی ئەم خەباتە و جێگای شانازییەکی مێژوویی بۆ گەلی کورد بە گشتیی و، حیزبی پێشەوا بە تایبەتییە.

ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستان سەرەڕای ڕووخاندنی لە لایەن هێزەکانی سەرکوتکەری تاران ئاواتی مێژینەی کوردی هێنایە دی و، هەتا هەتایە ئەم ڕووداوە مێژووییە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردستاندا دەدرۆشێتەوە. دەربڕینی ئاوات و

هیواکانی کورد واتە سەربەخۆیی کوردستان لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بەجوانی لە شێعری "بژی دێموکرات"ی شاعیری ئەمری کورد "هێمن" دا ڕەنگ دەداتەوە:

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات
حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو، شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دێموکرات بژی دێموکرات

(ڕەشەمەی ١٣٢٤)

ئەم خۆشییە لە ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شێعری "ڕۆژی خۆشی"ی هێمن بەوپەڕی خۆی دەگات:

ڕۆژی جێژن و خۆشییە، تێپەر بوو ڕۆژی دەرد و خەم
هات شنەی ڕەحمەت بە جارێک ڕای ڕفاند و بردی تەم

دێ لە هەر لایک قاقای پێکەنینی کیژ و کوڕ
دێ لە هەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم

گەرچی زستانە بەفر داپۆشی ئەورۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەملێوە وەکوو باخی ئیرەم

جێژنی ئیستقلالی کوردستانە، ڕۆژی شادییە
جێژنە پیرۆزە لە لاوی هاووڵاتیی خۆم دەکەم

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

ئەمر سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)یش هەستی خۆی لە پەسنی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان وەکوو نزیک کەرەوەی ڕێگەی دووری کورد بەم چەشنە دەردەبڕێ:

هاتە دەر ئەورۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد
گەینە ئاوات و مەرامی خۆ هەمووی ڕەنجووری کورد

بێکەس و بێ دەر بوو ئەمما تۆ گەیشتی، بوویە کەس
هەر بژی بۆ لاگریی مە، ئەی ڕەئیس جمهووری کورد

زۆر لەمێژ بوو کورد دەڕۆیشتن، نەگەینە ئارەزوو
تۆ نزیکت کردەوە بۆ ئێمە ڕێگەی دووری کورد

ئاوەدان و گوڵستان و بێ خەزانت کردەوە
بەو چلەی زستان و ڕێبەندانە خوار و ژووری کورد

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

سەبارەت بە شێوەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی بە دۆست و دوژمنییەوە گەلێک کتێب و بابەت نووسراوە و، تیشک خراوەتە سەر گۆشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی. دوژمنان و نەیارانی کورد دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و بە تایبەتی حیزبی دێمۆکرات وەکو بەرهەمی سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و هاتنی هێزی سپای سوور بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە قەڵەم دەدەن و بەستێنی مێژوویی خەباتی گەلی کورد کەم ڕەنگ دەکەنەوە یاخود چاوپۆشی و حاشای لێ دەکەن. بێگومان هاتنی سپای یەکیەتیی سۆڤییەت و ئینگلیس بۆ ئێران و ڕووخان و دەرکردنی ڕەزاشا بوو بە هۆی کرانەوەی فەزای سیاسی نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ تەواوی خەڵکی ئێران و سەرهەڵدانی دەیان گرووپ و حیزبی سیاسی بە ڕاست و چەپیەوە. لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا ئازادیخوازانی خەڵکی کوردیش توانیان لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرن و لەسەرەتادا کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان لەسەر قەوارەی ئەو، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک بێنن.

هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی (ئاگوستی ١٩٤١) بۆ ئێران، تەسلیم بوونی سپای ئێران لە شەڕێکی سێ ڕۆژە و هەڵاتنی ئەفسەر و سەربازەکان و هەڵوەشانەوەی ئەم پێکهاتە سەرکووتکەرە لە پانتایی خاکی ئەم وڵاتەدا، دەست لەکار کێشانی ڕەزاشا لە ٢٥ی خەرمانان و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی موریس و پاشان ژوهانسبورگ، بوو بە هۆی تێکشکانی فەزای سەرەڕۆیی پاشایەتی، سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و نیزامی، بێدەسەلاتیی تاران و گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە چنمانی هێزەکانی سیاسی لە ئێراندا. لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی بەرچاو لە هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران هاتنە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی ئەم وڵاتە و دەسیان بە کار و چالاکیی سیاسی کرد. پێکهاتنی حیزب، سندیکا، ئازادی ڕۆژنامەنووسی و هتد، بوو بە هۆی بەشداریی تەواوی چین و توێژەکان لە ڕەوتی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی ئێراندا.

دەرچوون و نەبوونی سپای ئێران لە ئازەربایجان، کوردستان و خوزستان بەستێنی شیاوی بۆ کار و چالاکی هێزە نەتەوەییەکان و سەرهەڵدانەوەی بیری سەربەخۆیخوازیی لەم بەشانەدا ساز کرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(١) لە ٢٣ی ئەیاری ساڵی ١٣٢٢ بە بیروهزری سەربەخویخوازیی و چەپ لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە زۆربەیان مەهابادی بوون پێک هات و "لە هاوینی ١٩٤٤دا پانتایی چالاکیی ئەم ڕێکخراوە نەهێنییە لە ماکۆوە هەتا کرماشانی لەخۆ گرت"(٢) و توانی خەڵکێکی زۆر لە ئازادیخوازانی کورد بەرەو خۆی ڕابکێشێ و ببێتە هۆی پەرە و گەشەسەندنی بیروهزری ناسیۆنالیستی و دادپەروەرانە لەنێو جەماوەری خەڵکی کورد. لە ساڵانی پاش ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا کوردستان لە کردەوەدا لەژێر کۆنترۆلی کوردی ڕۆژهەڵات بوو. خاتوون ئەن لەمبتۆن کە لە لایەن باڵوێزی ئینگلیس لە ساڵی ١٩٤٤ سەفەری بۆ کوردستان کردبوو لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا باسی بوونی کوردە چەکدارەکان و نەبوونی ژاندارمە و پۆلیسی ئێران لە شار و گوندەکانی نێوان تەورێز و مەهاباد و تین و گوڕی سەربەخۆیخوازیی و هەستی بە هێزی نەتەوەیی کوردەکان دەکا.(٣) بە باوەڕی سێر ڕ. بوڵلارد، باڵوێزی بریتانیا لە تاران، قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە کوردستان" بووە.(٤)

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر قەوارە و بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف و پاشگەزبوونەوەی کاتیی لە چەند خاڵێک وەکو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی تەواوی کوردستان بەپێی ئاڵوگۆڕی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە پێک هات و، توانی بیروڕای بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ئاغاوات، سەرۆک عەشیرە، وردەبۆرژوازی و هتد- یەوە بە تایبەت لە موکریان بەرەوخۆ ڕابکێشێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو مانگ و چەند ڕۆژێک پاش دامەزرانی حکوومەتی ئازەربایجان سەرەڕای هاودەنگ نەبوونی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت کە دەیانویست کوردستان وەکوو بەشێک لە حکوومەتی ئازەربایجان بە مافی نەتەوەیەکی کەمینە بێ، بەپێی هەبوونی ستراتێژیی نەتەوەیی و هەلومەرجی ڕەخساو وەکوو: کەلک وەرگرتن لە دژبەریی حکومەتە زلهێزەکانی جیهانی واتە یەکیەتیی سۆڤییەتی و جیهانی ڕۆژئاوا، لاواز بوون و ناسەقامگیریی حکوومەتی ناوەندی و سپای ئێران، بە هێزبوونی بەرەی چەپ و ئازادیخواز لە گشت ئێران، دامەزرانی حکوومەتی میلیی ئازەربایجان لە ٢١ سەرماوەز، کۆکردنەوەی بەشێکی بەرچاو لە ئاغا و عەشیرەکان، و پشتبەستن بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەم بوێرییە مێژووییەی بوو لە هەوەڵین دەرفەت و بێ فەوتاندنی کات، لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە چوارچرای مەهاباد بە بەشداربوونی خەڵکێکی بەرچاو، دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیەنێ. ئەمە بۆخۆی سەلمێنەری هەبوونی هەست و ستراتێژی نەتەوەیی هەروەها بوێری ڕێبەریی ئەم حیزبە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە کاتی شیاو و لە پێناوی بە دەوڵەتبوونی کوردستانە.

لە بەشێک لە بەڵگە و نووسراوەکانی ڕابرت ڕۆسۆ، جێگیری کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز و لێکۆڵینەکانی تورەج ئەتابکی و پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی و هتد ئاماژە بە شێوەی هەڵسوکەوت و بیروڕای نوێنەرانی سیاسیی سۆڤییەت و فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ دێموکراتەکانی کوردستان کراوە. بۆ وێنە:

* ڕابرت ڕۆسۆ لە ڕاپۆرتێکدا بەم چەشنە باسی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میر جەعفەر پیشەوەری، سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان و بیروڕای ئەو سەبارەت بە قازی محەممەد وکوردستان دەکا: "... " لەهەر حاڵدا پیشەوەری لەو چاوپێکەوتنەی ئەم دوایەدا گوتی، بە

ڕای ئەو قازی "پیاوێکی باشە"، دەربارەی مەسەلەی 'کوردەکانی ئازەربایجان'یش ڕاوێژی لەگەڵ کردوە. سەرەڕای ئەوەش بە مەرجی "نەهێنی مانەوە" ئەم خاڵەشی پێ زیاد کرد، جارێ پێیوانییە کوردەکان توانایی بەڕێوەبردنی کارو باری خۆیان هەبێ و، دەیەوێ بە جێگای مەجلیسی میللی تەنیا ئەنجومەنێکی میللی لەژێر چاوەدێریی حکوومەتی تەورێز و، پێنج کورسی لە مەجلیسی ئازەربایجانیان پێ بدا." لە ڕاپۆرتێکی دیکەش ڕۆسۆ دەنووسێ: "بە هۆی ئیدیعای حوکمڕەوایی کوردەکان بۆ تەواوی ناوچە سنوورییەکان لە مەهابادوە هەتا ماکۆ، هەروەها میاندواو، ورمێ و خۆی، ناکۆکی لە نێوان کورد و ئازەربایجانییە خودموختاریخوازەکان پەرەی گرتوە. ئازەبایجانییەکان دەیانەوێ خودموختاریی کوردەکان لە ژێر فەرمانی حکوومەتی تەورێز و لە چوارچێوەی ناوچەی مەهابادا قەتیس بمێنێتەوە."(٥)

* تورەج ئەتابکی لە کتێبی "ئازەربایجان لە ئێرانی هاوچەرخدا" سەبارەت بە هەڵسوکەوتی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لەگەڵ شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەورێز ئاوا باس دەکا: "هەوەڵین هەنگاوێک کە کوردە دێموکراتەکان بۆ دەربڕینی "برایەتی"یان لەگەڵ دێموکراتە ئازەربایجانییە هاوبیرەکانیان هەڵگرت ناردنی شاندێک بۆ بەشداری لە جێژنی "تێکەڵبوونی" حیزبی تودە لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو کە لە سێ سپتامبری ١٩٤٥(١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤) لە تەورێز بەڕێوە دەچوو. هەر لەو ڕۆژەدا شاندێکی دیکەشیان بە جیا بۆ بەشداری لە کردنەوەی فەرمیی مەجلیسی میللی ئازەربایجان نارد، شاندی کورد بە نارەحەتییەوە تێگەیشت لەگەڵ ئەوان نەک وەکوو شاندی ئەیالەتێکی دۆست و دراوسێ بەڵکوو وەکو نوێنەرانی بەشێک لە ئازەربایجان هەڵسوکەوت دەکرێ. دێموکراتەکانی کوردستان کە لەم کارەی دێموکراتەکانی ئازەربایجان ناڕازی بوون، دەستبەجێ پاش گەڕانەوەی شاندی کورد بۆ مەهاباد بەرەیەکی نوێ و بەهێزیان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خودموختاری کوردستان وەڕێ خست. بەم چەشنە، لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦(٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویی) بناغەی حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە چەشنێکی فەرمی دارێشترا.(٦)

* بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی نووسەر و توێژەری ئازەربایجان لە کتێبی "ئازەربایجانی ئێران، دەستپێکی شەڕی سارد"، ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات لە ١٦ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ واتە ٤ ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە بابەتێک بە ناوی "ویستەکانی خەڵکی ئازەربایجان" لە ١٢ خاڵدا ویستە سەرەکییەکانی کۆنگرەی میلیی ئازەربایجانیان گەڵاڵە کردبوو. لە سەرەتای ئەم بابەتەدا هۆیەکانی گۆڕانی بیروباوەڕی ئەوان لە خودموختارییەوە بۆ سەربەخۆیی ئازەربایجانی ئێران و دامەزرانی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان شرۆڤە کراوە. لە خاڵی ١٢ی ئەم بەڵگەنامەیەدا باس لە لکاندنی بەشی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کورستان بە ناوی کوردستانی باکوور بەم کۆمارە بەم چەشنە گەڵاڵە کراوە: "ئەم نەخشەیە (سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە) کوردستانی باکووریش لەخۆ دەگرێ. سنوورەکەی لە کاتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستانی باکوور دیاریی دەکرێ."

حەسەنلی هەروەها ئاماژە دەکا: لە سەرەتادا باقرۆڤ و پیشەوەری دژی خودموختاریی کوردستان بوون و پێیانوابوو کوردەکان دەبێ لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا خودموختار بن. بەڵام دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنێو ئێراندا بەشێک لە نەخشە ستراتیژییەکانیان لەم وڵاتە بوو. باقرۆڤ هەوڵی دەدا بە چەشنێک ئەم مەسەلەیە کۆنترۆڵ بکا. لە ٢٩ ژانویە لە تەورێزەوە ئیبراهیمۆڤ و حەسەنۆڤ لە

نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ دەنووسن: هاوکاریی نێوان کورد و ئازەرییەکان گەلێک ئاڵۆز بووە... زۆربەی سەرانی کورد باسی ئازادیی کوردەکان و پێکهێنانی کوردستانی گەورە دەکەن. لە ڕاستیدا ئەم کەسانە لایەنگری سیستمی فئێودالیسم و درێژەپێدانی ئەون. پاش ئەم نامەیە، بە فەرمانی باقرۆڤ "ناسر داداشۆڤ"، ئەندامی پێشووی وەزارتی نێوخۆ (کشور) لەژێر عینوانی نوێنەری بازرگانی و "مەلیک ئەسلانۆڤ" بە ناوی سەرپەرەستی نەخۆشخانەی سۆڤییەت دەنێردرێنە مەهاباد تا بارودۆخەکە کۆنترۆل بکەن.(٧)

ڕاگەیاندنی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بوو بە هۆی تێکچوونی چنمانی سیایی و سیاسیی وڵاتانی داگیرکەری ئێران و؛ کوردستان و ئازەربایجان بوون بە خاڵی دەستپێکی شەڕی سارد. بەڵام یەکیەتیی سۆڤییەت سەرەڕای پشتیوانی قورس و قایمی خۆی لە ئازەربایجان بەردەوام بە دڕدۆنگییەوە سەیری حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانی دەکرد کە زۆربەی ڕێبەرانی نەک کۆمۆنیست بەڵکوو کەسایەتیی ئایینی، ئاغا و سەرۆک عەشیرە واتە "دەرەبەگ و نوێنەرانی چینی چەوسێنەری کۆمەڵگە" بوون و، سەرۆک کۆمارەکەی سەرەڕای ئەوەی لایەنگر و دۆستی ئەوان بوو، بەڵام هاوکات سیاسەتێکی ڕاستبینانەی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتەکانی تاران و تەورێز، هەروەها ئەمریکا و سۆڤییەت بەڕێوە دەبرد و دەیویست هاوسەنگییەکی ڕاستبینانە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کورد لەگەڵ ئەم لایەنانە پێک بهێنێ و لەم پێوەندییەدا نەک دژایەتییەکی توندوتیژی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا نەدەکرد بەڵکوو بە پێی ڕاپۆرتەکانی جێگیری کونسوولی ئەمریکا خوازیاری هاوکاریی ئەوان بۆ دابینکردنی دێموکراسی ڕۆژئاوایی و گۆڕینی چەشنی دەسەڵات لە ئێران بوو.

لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی دوهێر، جێگری کونسوولی ئەمریکا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٤٦(٦ی ئەیاری ١٣٢٥) باسی دیداری لەگەڵ قازی محەممەد و پێشوازیی پێشەوا لە بەکارهێنانی نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و، پێشوازیی کوردەکان لە خۆتێهەڵقورتانی ئەمریکا لەم ڕەوتەدا کراوە. دوهێر لە ڕاپۆرتێکی دیکەش لە پازدەی ژانویە، واتە ١٥ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی دیسان ئاماژە بە ئەم مەسەلەیە دەکا و دەنووسێ: کوردەکان لە هۆگریی ئەمریکاییەکان لە کاروباری خۆیان پێشوازی دەکەن. ئەوپەڕی دڵخوازیی کوردەکان دێموکراسی لە چەشنی ئەمریکییە. دوهێر هەروەها لە ڕاپۆرتێک لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ کە بۆ جۆرج وی ئالێن، باڵوێزی ئەمریکا لە تارانی ناردوە، لە پێوەندی لەگەڵ بەشکبوونی بەرپرسانی سۆڤییەت لە قازی محەممەد دەنووسێ: بەرپرسانی سۆڤییەت ئێستاکە بە هەڵسوکەوتی قازی محەممەد لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی زۆر گوماناوین و تەواوی ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سۆڤییەتەکان لە پشتگیریی خۆیان لە قازی پاشگەز بوونەتەوە و ڕوویان لە زێرۆبەگ کردوە.(٨)

پێشەوا لە بازنەی ململانێی وڵاتە زلهێزەکاندا سەرەڕای ئەوەی کە زۆرتر بەرەو سۆڤییەت دەشکاوە، بەڵام بەهۆی ڕاستبینیی سیاسی و قەتیس نەبوونی لە چوارچێوەیەکی تەسکی ئایدۆلۆژیک، هەوڵی دەدا لە هەر دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕێگای پێوەندیی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاواش کە کاریگەریی بەرچاویان لە تەواوی ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتی ئێران هەبوو، کەلک وەربگرێ. تەنانەت ئەم حاڵەتە لە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوڵەتی تارانیش خۆی دەنواند و سیاسەتەکانی لە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ

لەگەڵ هاوسەنگی هێزەکان لە ئاست ئێران و جیهاندا بوو. بە گشت دەتوانین بڵێین قازی محەممەد وەکو ڕێبەری حیزبی دامەزرێنەری یەکەمین کۆماری کوردستان کەسایەتیەکی ڕاستبین و پراگماتیست بوو. ئێمە ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە لە گەڵ حکوومەتی تاران لە سێ قۆناخدا بە پێی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بە جووانی دەبینین:

لە ٢٥ی گەلاوێژەوە هەتا ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ وە هەتا ٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی

لە ٣١ی بانەمەڕەوە هەتا هێرشی سپای ئێران لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ هەتاوی بۆ ئازەربایجان و کوردستان

لە قۆناخی یەکەمدا ڕێبەریی کورد سەرەڕای ئەوەی نزیک بە پتر لە چوار ساڵ دەسەڵاتی ناوچەکەی بە دەست بوو، بە پێی هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی هێزە جیهانی و نێوخۆییەکان، هەروەها دڕدۆنگی لە پشتیوانیی سەتاوسەتی یەکیەتیی سۆڤییەت یاخود وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەربەخۆیی کورد،، لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئۆکتۆبری ١٩٤٥ مەهاباد، خەزەلوەری ١٣٢٤) هەروەها لە یەکەمین پرۆگرامی حیزب لە دێسامبری (سەرماوەز) ئەو ساڵەدا باسی پارێزگاری لە مافەکانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، واتە خودموختاریی نێوخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران دەکا. پێشەوا قازی محەممەد هەروەها لە "گفتوگۆ" لەگەڵ "خاوەنانی چەند ڕۆژنامەی تاران" کە لە ژمارەکانی یەک و دووی کوردستان لە ٢٠ و ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە کەمتر لە دوو حەوتوو پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو بۆتەوە باس لە جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتی ئێران و خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێرانی کردوە.

پێشەوا لە وڵامی ئەم پرسیارە:

لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەریی جەنابت جوێ بوونەوە و ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ؛ ئایا ڕاستە؟

ئاوا وڵام دەداتەوە:

* خەیر ڕاست نییە؛ لەبەر ئەوەی ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین و، خودموختاریشمان وەگیر کەوتوە.

هەر لەم وتووێژەدا لە وڵامی پرسیاری "مەرامی فیرقەی دێموکراتی کوردستان چییە؟" پێشەوا دەڵێ:

* میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسووڕاندن و پێکهێنانی کاروباری جێگەی خود ئازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا بژی. بەڵام، پاشان بە پێی شیاوبوونی بارودۆخ و، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی حکوومەتی ئازەربایجان لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤ و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەم حکوومەتە، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووی ڕێبەندان بە پێچەوانەی ویستی فرقە و سۆڤییەت دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێ. لەم پێوەندییەدا پێشەوا قازی محەممەد لە "نطق"ی خۆی کە لە ژمارەی ١٠، ڕێکەوتی ١٥ی

ڕێبەندانی ١٣٢٤ و ژمارەی ١١ لە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە "کوردستان" وەکوو بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە لەژێر سەردێڕی "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان" بڵاو بۆتەوە، وێڕای ئاماژەکردن بە مێژووی کوردستان و کۆبوونەوەی کوردان لە ژێر عینوانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" باسی وەدەستهێنانی "ئیستقلال و ئازادیی کورد" بەهۆی پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەکا و دەڵێ:

(...) میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندی لە ڕێدا بوو دەستەودایرەی دیکتاتۆری بێوچان کارشکێنیی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوەستان، ئیختلافاتی عەشایر بۆ داخڵیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، ئەمما ئەوانە هیچکامێکیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن، بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادیی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا...

پێشەوا قازی محەممەد نیزیکەی دوو مانگ پاش چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران و گۆڕانی بارودۆخی نێوخۆیی و دەرەکی بەپێی وەزعییەتی تازەی سیاسیی ئێران لە "نطق" یخۆی لە ڕۆژی ٣١ بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بەرامبەر تەواوی سەران و سەرکردە و ژێنراڵەکانی کۆمار، کە لە ژمارەی ٥٠ی کوردستان بە کوردی و لە ژمارەی ٥١ بە فارسی بڵاو بۆتەوە وێڕای باسێکی دووروودرێژ لە پێوەندی لەگەڵ زوڵم و زۆری پەهلەوییەکان و سەرەڕای ئەوەی کە "ئاماژە بە سەربەخۆیی تام و تەمامی" کورد دەکا، هاوکات ئاماژە بەمەش دەکا ئەگەر ئازادی لە سەرانسەری وڵاتدا دابین بێ، هیچ بەربەستێک بۆ ژیانێکی برایانە لە چوارچێوەی ئێراندا نابینێ و لە ئەسڵدا ئەگەر سەرنجی قسەکانی بدەین بەپێی ئەو نموونانەی کە دێهێنێتەوە دەتوانین باس لەوە بکەین، پێشەوا قازی محەممەد وەکو یەکەم کەسایەتی سیاسیی لە مێژووی کوردستاندا باس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵ و کۆنفدراڵ بێ هێنانی ئەم چەمکانە بەڵام نموونەکانی دەکا. پێشەوا لە بەشێک لە "نطق"ی خۆی ئاوا دەبێژێ:

... ئەگەر بێتوو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێ چ مانعێک هەیە ئەوەی لە ئێرانێدا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری. بزانن شۆڕەوی چل پەنجا میللەتن عەداڵەت کردوونیە برا، ئەمریکا چلوچەند جمهووری، سویس دوو - سێیەکن [وەک] یەک ڕووح و گیان پێکەوە دەژین...

لە بەهاری ١٣٢٥، بە تایبەتی پاش ڕێکەوتنەکانی سۆڤییەت و ڕۆژئاوا و چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت لە پێوەندی لەگەڵ تاران دێ و گوشاری ڕێبەریی سۆڤییەت بە تایبەتی لەسەر فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بۆ پاشەکشە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" توندتر دەبێ.

ڕێکەوتی ٥ی پووشەڕ بە بانگهێشتنی "قوام السلطنە"، پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی وەزیری شەڕی کۆماری کوردستان و شاندێک لە وەزیرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بۆ تاران دەچێ و ماوەی نزیک بە ٢٥ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لەم سەفەرەدا پێشەوا بەپێی وتووێژەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی "رهبر" و "ایران ما" لەگەڵ "قوام"، "مظفر فیروز" و سەرلەشکەر "ارفع" دیدار و وتووێژی بووە. لە قسەکانی پێشەوا تا ڕادەیەکی زۆر هیوایەکی تایبەتی بە "قوام السلطنە" بۆ ڕێکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تاران و کوردستان دەبیندرێ. وتووێژەکەی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەی "رهبر" لە لایەن نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی

کراوەتە کوردی و لە ژمارەی ٦٩ی کوردستاندا بلاو بۆتەوە.

پێشەوا لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "رهبر" دەربارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ "مظفر فیروز" و "قوام السلطنه" دەڵێ:

* "دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر، ملاقاتم کردوە، ئەزەری ئاغای سەرۆک وەزیرم تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاک نییەتی دیوە... من ئاتیبیەیەکی زۆر چاک تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دیموکراسی بە هەموو ئێراندا بلاو بکاتەوە". هەروەها لە وڵامی پرسیارێک دەربارەی پێوەندییە "معنوی"یەکانی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان ئاماژە دەکا: "هەردووک لامان بۆ ئامانجێک کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەڕاستیی ئێرانە کاردەکەین".(٩)

تاران وێڕای ڕواڵەتکاریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان، پەیتا پەیتا لەباری سیاسی و نیزامییەوە خۆی بەهێزتر و ئامادەی هێرشێکی گەورە بۆ ئەم دوو ناوچەیەی دەکرد. لە کردەوەدا ئەم چاوپێکەوتن و وتوویژانە نەیدەتوانی ئاکامێکی ئەرێنی بەشوێنەوە بێ و "قوام"یش کەسێک نەبوو بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بهێنێ. لەم ڕەوتەدا شکستهێنانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی سۆڤییەت لە بەرامبەر ئەمریکا و بریتانیا و دانوستانی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ لە ئێراندا، پاشگەزبوونەوەی حکوومەتی ئازەربایجان لەژێر گوشاری مۆسکۆ و خۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکوومەتە پاش دانوستانی یەک لایەنەی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بەبێ ئەوەی کە ڕێبەری کۆماری کوردستان ئاگادار کرابێتەوە، بوو بە هۆی شکانەوەی هاوسەنگیی سیاسی و نیزامیی هێزەکان بە قازانجی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوایی و ئێران و بێ پشتیوان مانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ئازەری لە ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێراندا. حکوومەتی تاران پاش بێلایەن کردنی مۆسکۆ و بەرەوخۆ ڕاکێشانی بیروڕای جیهانی تەنانەت لە ئاست شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەروەها پشتیوانیی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویی واتە ساڵڕۆژی دامەزرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان هێرشێکی بەرفراوانی لە تەواوی بەرەکانەوە کردە سەر ئازەربایجان و کوردستان.

مخابن پاشەکشەی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و بەشوێن ئەودا کۆماری کوردستان، خۆبەدەستەوەدان و بەرەنگار نەبوونەوەیان لە بەرامبەر سپای ئێران، هەروەها نەبوونی هیچ چەشنە پشتیوانییەکی سیاسی و نیزامی لە لایەن سۆڤییەت و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئازەربایجان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد و گرتن و دوورکردنەوەی ئازادیخوازانی کوردستانی بە شوێنەوە بوو.

## کۆتایی

بێگومان بیرویادی کۆماری کوردستان وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان و شانازییەکی گەورە لە مێژووی کورد و کوردستان دەمێنێتەوە. ڕێبەریی کورد لە سەردەمێکی گەلێک ئاڵۆزی جیهانی و ناوچەییدا توانی بۆ هەووەڵین کەرەت لە مێژووی خۆیدا شێوەی دەسەڵاتداری

ئەزموون بکات و ئەم شانازییە بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببەخشی هەتا لە ڕەوتی بە دەوڵەت بوونی کورددا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێ. حکوومەتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئازەربایجان لەباری ئاستی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی، هەروەها ئیمکاناتی ماددی و پشتیوانی تەسکی یەکیەتی سۆڤییەت گەڵێک لاوازتر بوو، بەڵام وێرای ئەوەش توانی هەنگاوی مێژوویی بۆ بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی خەڵک بگرێتە بەر. گۆڕانی سیستمی پەروەردە و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و بەشداری کوڕ و کچی تەمەن ٦ هەتا ١٤ لە قوتابخانەکان، دامەزرانی مەدرەسەی شەوانە بۆ گەورەساڵان، چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی کوردی، دامەزرانی یەکەمین تئاتری کوردی، بەشداریی ژنان بۆ یەکەمجار لە کارە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە (سپای میللی{ بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان، ناردنی لاوانی کورد بۆ خوێندن لە ئاستی باڵا بۆ باکۆ، مامەڵەی ڕاستەوخۆی بازرگانی و فرۆشی توتوتن لە ڕێگای درووست کردنی "شرکت ترقی" بە یەکیەتیی سۆڤییەت و هتد لە کارە بەنرخەکانی حکوومەتی ساوای کورد لەم ماوە کورتەدایە. هەرچەند بە پێی پیلانی دوژمنانی ژوورەکی و دەرەکی و پشتیوانی نەکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆماری کوردستان ڕووخێندرا و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تووشی لە سێ دارەدان، زیندان و هەڵاتن و هتد بوون، بەڵام ئەزموونێکی بە نرخیان لە خۆ بە جێ هێشت، لە هەمووشیان گرینکتر ئەوە ڕاستییەیە کە کێشەی نەتەوەیی کورد بێ سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کورد چارەسەر ناکرێ و ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد دەبێ ستراتێژی نەتەوەیی، توانایی هەڵسەنگاندنی بارودۆخ، ڕێکخستنی خەڵک لە دەوری دروشمی شیاو، پەرەپێدان بە ئاگایی و هەستی نەتەوەیی و لە کاتی شیاودا بوێری هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست و ڕاستبینانەی بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی بێ.

١) لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیاری ساڵی ١٣٢٢ی هەتاویی لە مەغارەکێو "قەڵای سارم" لە نزیکی شاری مەهاباد یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵە بە بەشداری ٢٥ کەس بەڕێوە چوو و دامەرانی ئەم حیزبە ڕاگەیەندرا.

٢) ئۆلگا ئیوانۆونا ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران(١٩٣٧ - ١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسکۆ ١٩٨٨، بە ڕووسی.

٣) Fo371/401173/13978 نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن. ک. س. لەمبتۆن. ئاتاشە (ڕاسپێراوی) چاپەمەنیی باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران ١٣ی سێپتامبری ١٩٤٤، پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕووس. سەرچاوە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) لاپەڕەی ٦٧، ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥.

٤) سێر ڕ.بوللارد، "لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، ٢٩ی سێپتامبری ١٩٤٤ لە پێوەندی بە کوردستانەوە دەنووسێ" کوردی ناوچەی ڕووس لە ئێران، بە ئاشکرا چەکیان هەڵگرتووە و لە سەربەخۆیی دەدوێن.[...] لە مەڕ مەهابادیشەوە ڕاستە و وا دیارە قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بێ لە کوردستان" سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ٧١.

٥) کردها و فرقە دمکرات آذربایجان، گزارشهایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥،ص ص٤١ - ٣٩ و ٩٤ مترجم کاوە بیات، تهران.

٦) تورج اتابکی، آذربایجان در ایران معاصر، ص ١٦١، ترجمە محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦.

٧) جمیل حسنلی، آذربایجان ایران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤ - ٢٦١، ترجمە منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس.

٨) کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران، صص ٥٤ ، ٥٣ و ٧٨ و ٩٤.

٩) کوردستان، ژمارەی ٦٩، ساڵی یەکەم، ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥

***

## سەرچاوەکان:

### بە کوردی:


١- ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٥-١٣٢٤ هەتاویی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بنکەی ژین، ٢٠٠٧

٢- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥

٣- کامران ئەمین ئاوە، بیری چەپ و دۆزی سەربەخویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠١٧

http://www.kurdistanukurd.com/files/birawarichapp.pdf


### بە فارسی:


١- یرواند آبراهامیان، ایران در بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، تهران ١٣٩٤

٢- کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣ - اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران،

٣- تورج اتابکی، آذربایجان در ایران محاصر، ترجمه محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦.

٤- پروفسور جمیل حسنلی، آذربایجان ایران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤ - ٢٦١، ترجمه منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس.

٥- علی گلاویژ، یادی از جنبش دوم بهمن، نشریه سیاسی تئوریک "دنیا"، دی ماه ١٣٥٦، شماره ١٠، سال چهارم

٦- کامران امین آوه، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر ڕوشنگری، آلمان ١٣٩٥


### بە ڕووسی:


١- میکائیل سیمۆنۆیچ لازاریف، کوردستان و کێشەی کورد(١٩٤٥ - ١٩٢٣)، مۆسکۆ، دەزگای وێژەی ڕۆژهەڵات ٢٠٠٥.

٢- ئۆلگا ئیوانۆونا ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران(١٩٣٧ - ١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسکۆ ١٩٨٨.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## شەڕی ناگۆرنی قەرەباغ (قەرەباغی کوێستانی) هیچ شانسێک بۆ بووژاندنەوەی دادگەریی مێژوویی بە دەست کوردەوە ناهێڵێ!

### نووسەر: ستانسیلاڤ میخایلۆویچ ئیوانۆڤ / وەرگێڕ لە ڕووسییەوە

ئەو کوردانەی سۆڤییەت کە لە کۆتایی ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی سەدەی ڕابردوو بە زۆر لە "ناگۆرنی قەرەباغ" ەوە بۆ وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست (کازاخستان، ئوزبەکستان، قرقیزیا) دوورخرابوونەوە، (بەردەوام) خوازیاری دادگەریی بوون و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هیوای گەڕانەوە بۆ زێدی مێژووییان لەدەست نەدا.

ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە، کوردەکان بە چەشنێکی فەرمی وەکو یەکێک لە گەلە ڕەسەنەکانی ڕووسیە پێناسە کرابوون و چەندین سەدە لە باشووری قەفقاز ژیابوون. هەرێمی کوردستان کە ناوەندی بەڕێوبەرایەتییەکەی شاروچکەی آبدالیار (دواتر کرایە لاچین) بوو، لە ساڵی ١٩٢٣ زایینی لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤییەتی سۆسیالیستی و لە سەر سنووری کۆماری ئەرمەنستانی یەکیەتیی سۆڤییەتی سۆسیالیستی پێکهێندرا.

ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو وەک "کوردستانی سوور" بەناوبانگ بوو و، ڕۆڵی لە بەرزبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی - ڕزگاریخوازیی کورد لە تورکیە و ئێران، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی فەرانسە (سووریە) و بریتانیای گەورە (عێراق) هەبوو. یەکێک لە هۆیەکانی دروستکردنی کوردستانی خودموختار لەم ناوچەیە، هەوڵی حکوومەتی سۆڤییەتی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەرزیی ئەرمەنستان - ئازەربایجان، لە ڕێگای پێدانی چەند ناوچەی کێشە لەسەر بە لایەنی "سێهەم" و دروستکردنی "ناوچەی ناوبڕە" لە نیوان ئەرمەنستان و هەرێمی خودموختاری ناگۆرنی قەرەباغی ئازەربایجان بوو. ناوی کوردستان ئیتر لە ساڵی ١٩٢١ وە، واتە دوو ساڵ پێش دامەزراندنی فەرمیی هەرێمی کوردستان بەکاردەبرا. کوردە موسڵمانەکان بە گشتیی بە چەشنێکی چڕ لە هەرێمی کوردستان دەژیان، هوسی حوسێنعەلی ئوغلی حاجیێڤ یەکەم سەرۆکی کومیتەی بەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان بوو. ئەو هەرێمە ناوچەکانی (دایرەی) قەرەقشلاق، کەڵبەجار، قۆتورلو، قوباتلی، کورد - حاجی و موڕادخانلی لە خۆی دەگرت. ڕێژەی دانیشتووانی ئەو هەرێمە ٥١،٢ هەزار کەس بوو و، کوردەکان ٣٧،٤٧٠ کەس (٧٣،١%)، تورکەکان ١٣،٥٢٠ کەس (٢٦،٣%) و ئەرمەنییەکان ٢٥٦ کەس(٠،٥%) لەم دانیشتووانەیان پێک دەهێنا. لە تەواوی ناوچەکان بێجگە لە تورکزمانەکانی قوباتلی، کورد زۆرینەی دانیشتووانی پێک دەهێنا. بە پێی زانیارییەکانی ساڵی ١٩٢٥، هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە ٦ ناوچە و ٣٣٠ ئاوایی کە لە نێو ٦٣ شووڕای دێدا یەکیان گرتبوو. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم خەڵکە بە ڕادەیەکی زۆر خەسڵەتی عەشیرەیی خۆیانی پاراستبوو،

شێوەی ژیانی بەشێک لە کوردەکان لە چەشنی نیوەکۆچەریی بوو، بەشێکی زۆریش لە ئەشکەوت و خێوەتەکاندا دەژیان.

بە هۆی دروستکرانی فێرگە و خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها فێرگە پیشەیی نێونجییەکان لە لایەن حکوومەتی سۆڤییەتەوە، دەیان کورد دەرفەتی خوێندن لە زانستگاکانی یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستیان وەدەست هێنا، ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکرایەوە و ڕادیۆی خۆجیی دەستی بەکار کرد. لەو سەردەمەدا لەو کۆمارانەی سۆڤییەت وەک ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان و تورکمەنستان کە خەڵکی کوردی تێدا دەژیا، ناوەندەکانی کولتووری کوردی و فێرگە و فێرکاریی بە زاراوەکانی زمانی کوردی سازکرا. ئەو بارودۆخ و ڕەوشەی دەرفەتی گەشەسەندنی بە کورد وەکوو گرووپێکی ئەتنیکی لەساڵە سەرەتاییەکانی حکوومەتی سۆڤییەتدا بوو، لە ساڵانی دەیەی ۱۹۳۰دا گۆڕا. کاربەدەستانی کۆمارەکان دەستیان بە سیاسەتی تواندنەوەی ئیجباریی گەلە کەمینەکان کرد. لە کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤییەتی سۆسیالیستیدا ڕێبازی بە تورک کردنی کوردان دەستی پێ کرد. لەو کاتە بەدواوە کۆتایی ناوی بنەماڵەتی خێزانێکی زۆری کورد پاشگری "ئوغلی"، "ئیڤ"، "ئۆڤ"، "یان"، "شویلی"، "دزی" و لەم چەشنەی بەخۆیەوە گرت. هەر بە هەمان شێوە، مانەوەی هەرێمی کوردستانیش ئیتر زۆری نەخایاند و بە پێی بڕیاری شەشەمین کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی ئازەربایجان لە ٨ ئاوریلی ۱۹۲۹ ئەم هەرێمە هەڵوەشێندرا. وێرای ئەوەش کوردستانی خودموختار لە یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی لە ساڵانی ۱۹۲۹ - ۱۹۲۳ چووە نێو مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بڕگەیەکی گرینگی یادەوەری مێژوویی کوردی پێک هێنا.

## کوردستانی سوور

لە ساڵانی ٤٠ - ۱۹۳۰ کوردەکانی سۆڤییەت هاوچارەنووسی زۆربەی گەلە سەرکوتکراوەکانی تر بوون. بەشێکی زۆریان کە بە گشتی موسلمان بوون لە شوێنی ژیانی هەمیشەییان بۆ ناوچەگەلێک لە کازاخستان، ئوزبەکستان و قرقیزیا دوور خرانەوە کە بۆ ژین شوێنێکی گونجاو نەبوون. تەنیا دانیشتووانی کوردی ئیزیدی لە ئەرمەنستان و گورجستان، هەروەها کۆمەڵگەی کوردەکانی تورکمەنستان لە شوێنی خۆیان مانەوە.

کاربەدەستانی سۆڤییەت ئەگەری هەڵوێستی لایەنگری کردن لە تورکیە و ئێرانیان لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕێکی نوێ یان تێکهەڵچوونی چەکداری لە لای باشووری(سۆڤییەت) یان وەکو بیانوو بۆ دوورخستنەوەی کوردان بۆ قەفقاز دەهێناوە. ستالینیستەکان مێژوویان باش نەدەزانی، کاتی شەڕی ڕووس و تورکەکان، تابوورەکانی کورد لە ژێر ڕێبەرایەتیی ژنراڵی کورد عەلی ئەشرەف ئاغای شەمسەدین و پاڵەوانییەکی بێوێنەیان لە خەبات لەگەڵ تورکەکان پیشان دابوو. کوردە گیانبەدەربردووەکان وێرای دوورکردنەوەی بە زۆر و سەرکوت کرانیان لە سەردەمی یەکیەتیی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، ئازایانە دژ بە داگیرکەرانی هیتلێریی لە ساڵانی شەڕی گەورەی نیشتمانی بەشدارییان کرد و، سێ لەوان عینوانی بەرزی قارەمانی یەکیەتی سۆڤییەتیان پێ بەخشراو و هەزاران کەس لەوان بە پێدانی پلە و مێدالیا خەڵات کران.

باوەڕی پێدانەوە بەو کوردە ئازار پێگەیشتوو و بێتاوانانەی کە پاش مردنی ستالین لە ساڵەکانی دەیەی ٥٠ی سەدەی ڕابردوو دەستی پێ کرد، بەداخەوە نەبوو بە هۆی بووژاندنەوەی دادگەرییەکی مێژوویی. کاربەدەستانی کۆماری سۆڤییەتی ئیزنی گەڕانەوە بۆ

ماڵ و زێدیان بە زۆرینەی کوردەکان نەدا. هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی کوردە دوورخراوەکان لە کازاخستان، ئوزبەکستان و قرقیزیستان دەژین و، تەنیا کوردە ئیزیدییەکان توانیویانە لە ئەرمەنستان و گورجستان بمێننەوە. پتر لە سەد هەزار کوردی باوەڕپێدراوە هاتنە ڕووسیە و بوون بە شارومەندی تەواو مافی فدراسیۆنی ڕووسیە.

کاربەدەستەکانی ئازەربایجانی سۆڤییەتی بە چەشنی جۆراوجۆر دژایەتییان لەگەڵ گەڕانەوەی کوردەکان بۆ لاچین و ناوچەکانی نزیک بە ناگۆرنی قەرباغ کرد و، پاش هەڵوەشانی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤییەتی سۆسیالیستی، ناسیۆنالیزم بوو بە بەشێک لە سیاسەتی حکوومەتیی دەوڵەتی نوێی ئازەربایجان. کوردەکانی ئازەربایجان لەو سەردەمەدا ئیتر بەڕاستی ئاسیمیلە ببوون و باکو ڕێی نەدا کوردە دەرکراوەکانی پێشووی کوردستانی سوور بگەڕێنەوە بۆ ناگۆرنی قەرباغ.

کاربەدەستانی کۆماری خۆ بە ناگۆرنی قەرەباغ (ئارساخ) ناسێنراو و حکوومەتی ئەرمەنستانیش سەبارەت بە کوردە باوەڕپێدراوەکانی لاچین هەتا رادەیەکی زۆر هەر ئەو هەڵوێستەیان هەبوو. ئەوان پێیان وایە، کوردەکان بە هۆی باوەڕی ئیسلامییان لە کێشەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان ئەگەری ئەوەیان هەیە ببن بە ستوونی پێنجەم.

هەوڵی تازەی حکوومەتی ئازەربایجان بۆ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی خۆی لە ناگۆرنی قەرەباغ هیچ هیوایەک بۆ کوردە میراتبەرەکانی کوردستانی سوور ناهێڵێ بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای گۆڕی پێشینیان و زێدی خۆیان. لە بارودۆخی خراپتربوونی ڕەوشی ناوچە و خۆتێوەردانی تورکیە لەم کێشەیەدا شانسی کوردەکانی لاچین بۆ بووژاندنەوەی دادگەرییەکی مێژوویی دەگاتە سیفر.

سەرچاوە:

Война за Нагорный Карабах не оставляет шансов курдам ،Иванов Станислав Михайлович
восстановить историческую справедливость
/https://riataza.com

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

--------------------------------------------------------




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٠ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠٢٠ زایینی